حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان

# درکپێکردنی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا

تێزێکە

**نالی ادهم غریب**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی
بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

**سەرپەرشت:**

**پ.د. کاروان عمر قادر**

(٢٧٢٣)ی کوردی (٢٠٢٣)زاینی

ئەم تێزە بە ناونیشانی (**درکپێکردنی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا**)، بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

**پ.د. کاروان عمر قادر**

**سەرپەرشت**

ڕۆژ: ١ / ٨ / ٢٠٢٣

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**پ.ی.د. محمد عمر عول**

**سەرۆکی بەشی زمانی کوردی**

ڕۆژ: ٢٨ / ٨ / ٢٠٢٣

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.ی.د. لیلی جلیل عباس
ئەندام
ڕۆژ: ٢٨/ ٩ / ٢٠٢٣

ناو: پ.د. بکر عمر علی
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ٢٨/ ٩ / ٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. ئازاد احمد محمود
ئەندام
ڕۆژ: ٢٨/ ٩ / ٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. محمد عمر عول
ئەندام
ڕۆژ: ٢٨/ ٩ / ٢٠٢٣

ناو: پ.د. کاروان عمر قادر
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ٢٨/ ٩ / ٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. نەوزاد انوەر عمر
ئەندام
ڕۆژ: ٢٨/ ٩ / ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕۆژ: ٨ / ١٠ / ٢٠٢٣

**پێشکەشە بە:**

- دایک و باوکی خۆشەویستم (پرشنگ جەمیل) و (ئەدهەم غەریب)، کە هەردەم هێزیان پێبەخشیوم، کە بەردەوام پشتگیریی ڕۆحی و سۆزداری و دارایی خۆیان پێشکەشکردووم، هەمیشە جێی شانازیم بوون، لە دڵەوە ئەم کارەیان پێشکەشدەکەم...

- خوشک و براکانم...

- هاوسەرەکەم (ڕۆزە شەفیق)، کە بەشێکی کاتەکانی خۆی پێبەخشیم...

- (باسنێ)...

## سوپاس و پێزانین

- سوپاسی بێپایان و تایبەتم بۆ بەڕێز، پرۆفیسۆر (د. کاروان عومەر قادر)، کە ئەم کارەی کرد بە ئەزمونێکی لەبیرنەکراو بۆ من... وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان دایەوە. بە سەبرەوە چاوەڕێی تەواوبوونی هەر بابەتێکی توێژینەوەکەیان دەکرد.

سوپاس بۆ ڕێنماییە ئەرێنییەکانت، پشتگیری و هاندانی بەردەوامتان...

سوپاس بۆ فێرکردنەکانت لە بەکالۆریۆسەوە تا ئێستا...

# هێما و کورتکراوەکان

| ئاماژەکەی | هێما |
|---|---|
| هەر بونیادنانێک | C |
| فۆڕمی جوتکراو/ بەکارهێنراو | F*i* |
| واتای جوتکراو/ واتای بەکارهێنراو | S*i* |
| ڕێزمانی بونیادنان | C×G |
| جوتکردن | < > |
| ڕێزمانی بونیادنانی بەجەستەکراو | ECG |
| ڕێزمانی بونیادنانی بنچینەیی | RCG |
| ڕێزمانی بونیادنانی گۆڵدبێرگ | GCG |
| نیشانەی فۆنێمی | / / |
| بونیادی فۆنەتیکی | [ ] |
| مۆرفۆلۆژیی بونیادنان | C×M |
| کردار | V |
| ناو | N |
| پەیوەندیی هاوتایی/سیستماتیکیی نێوان فۆڕم و واتا | ⟷ |
| نابونیادی | * |
| دەربڕاوی ئەگەریی | ? |
| یان | / |
| پاشگر | (....–) |
| پێشگر | (–....) |
| دەقی وەرگیراو بەبێ دەستکاری | " " |
| وەرگیراو بە داڕشتنەوە/ دەربڕاوی ڕوونکردنەوە | ( ) |
| هەمبەر | ≈ |
| ئەگەر | ⇐ |

| | |
|---|---|
| یەکسانە | = |
| یەکسان نییە | ≠ |
| دەبێت بە | ↑↓ |
| کەرەستەی گۆڕاو | X |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | **ب** |
| Objectivism | بابەتێتی |
| Syntactic Context | بارودۆخی سینتاکسی |
| Radical | بنچینەیی |
| Usage-Based | بنەمایی بەکارهێنان |
| Constructionalization | بە بونیادکردن |
| Embodied | بەجەستەکراو |
| Embodiment | بەجەستەکردن |
| Conceptualization | بەچەمککردن |
| Reconceptualization | بەچەمککردنەوە |
| Grammaticalization | بەڕێزمانیکردن |
| Grammatical Uses | بەکارهێنانی ڕێزمانی |
| Symbolize | بەهێماییکراو |
| Construction | بونیادنان |
| Grammatical Constructions | بونیادنانە ڕێزمانییەکان |
| Micro-Construction | بونیادنانی بچوک |
| Macro-Construction | بونیادنانی گەورە |
| Ditransitive Construction | بونیادی دوو بەرکاری |
| Conceptual Space | بۆشایی چەمکی |
| Phonological Space | بۆشایی فۆنۆلۆژییانە |
| | **پ** |
| Grammatical Pragmatics | پراگماتیکی ڕێزمانی |
| Informative | پڕزانیاری |
| Meaning full | پڕ واتایی |
| Evolution | پەرەسەندن |
| Closed-Class | پۆلی داخراو |
| Opened-Class | پۆلی کراوە |
| Taxonomy | پۆلێنکردنی زانستییانە |
| Predicate Meaning of Words | پێشبینی واتایی وشەکان |
| Compositionality | پێکهاتەیی/دارشتەیی |

| | |
|---|---|
| Process | پێواژۆ |
| Parameter | پێوانە |
| ت | |
| Mono Morphic | تاک مۆرفیمی |
| Idiosyncratic | تایبەتمەندیی تاکەکەسی |
| Container | تیاهەڵگر |
| Derivational Theory of Complexity | تیۆری وەرگیراو لە ئاڵۆزی |
| Symbolic Thesis | تێزی هێمایی |
| ج | |
| Pole | جەمسەر |
| Dynamic | جوڵاو |
| Static | جێگیر |
| چ | |
| Concept | چەمک |
| Conceptual | چەمکی |
| Marked Concept | چەمکی دیاریکراو |
| Frame | چوارچێوە |
| Schematic Frame | چوارچێوەی وێنایی |
| خ | |
| Subjectivism | خودێتی |
| د | |
| Structure | دارشتە |
| Conceptual Structure | دارشتەی چەمکییانە |
| Semantic Structure | دارشتەی سیمانتیکییانە |
| Phonological Structure | دارشتەی فۆنۆلۆژییانە |
| Derivational | دارێژراویی |
| Save/Store | داکردن |
| Replicator | دووبارەکردنەوە |
| Bipolar | دوو سەرە |
| Semantic Specifications | دیاریکردنە سیمانتیکییەکان |
| Fixed Expression | دەربڕاوی ئامادە |

| | |
|---|---|
| Idiomatic | دەربڕاوی ئیدیۆمی |
| Set | دەستە |
| پ | |
| Constructional Approach to Grammar | ڕێبازە بونیادییەکانی لێکۆڵینەوەی ڕێزمان |
| Mental Grammar | ڕێزمانی ئاوەزیی |
| Construction Grammar | ڕێزمانی بونیادنان |
| Cognitive Grammar | ڕێزمانی درکپێکردن |
| ز | |
| Typology of Linguistics | زمانەوانیی جۆرناسی |
| ش | |
| Prototype | شاوەچە |
| Pattern | شێواز |
| Grammatical Patterns | شێوازە ڕێزمانییەکان |
| ف | |
| Form-Meaning | فۆرم-واتا/کردە |
| Unsupervised Learning | فێربوونی بێ سەرپەرشتانە |
| Supervised Learning | فێربوونی سەرپەرشتانە |
| ک | |
| Knowledge of Language | کۆزانیاریی زمانی |
| Symbolic Assemblies | کۆکراوە هێماییەکان |
| گ | |
| Cognitive Assumption | گریمانەی درکپێکردن |
| Generalization | گشتاندن |
| Transmission | گواستنەوە |
| Package | گورزە |
| Variable | گۆڕاو |
| Viewpoint | گۆشەنیگا |
| ل | |
| Imitation | لاساییکردنەوە |
| م | |
| Schematic Domain | مەودایەکی وێنایی |

| | |
|---|---|
| ن | |
| None-Construct | نابونیادنراو |
| None-Compositionality | نادارِشتەیی |
| None-Derivational | نادارِێژراویی |
| Passive | نادیار |
| None-Modular | ناسەربەخۆیانە |
| Schematization | نەخشاندن |
| Meaning Map | نەخشەی واتایی |
| Representation | نواندن |
| هـ | |
| Simulation | هاوشێوەکردن |
| Mental Simulation | هاوشێوەکردنە ئاوەزییەکان |
| Diversity | هەمەجۆری |
| Grammatical Diversity | هەمەجۆریی ڕێزمانی |
| Variation | هەمەچەشن |
| و | |
| Encyclopedic Meaning | واتای ئینسکلۆپیدی |
| Constructional Specific Meaning | واتای تایبەتی بونیادیی |
| Combining Meaning | واتای تێکەڵاو |
| Sub Meaning | وەچە واتا |
| Sub Structure | وەچە دارِشتە |
| Abstract Schema | وێنای ئەبستراکت |
| Schema | وێنای وێنەیی |
| Embodied Schema | وێنای وێنەیی بەجەستەکراو |
| ی | |
| Grammatical Rules | یاسا ڕێزمانییەکان |

## پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **٠) پێشەکی** | **١ - ٤** |
| ١/٠)ناونیشان و بواری تێزەکە | ١ |
| ٢/٠) کەرەستەی تێزەکە | ١ |
| ٣/٠) گرنگیی تێزەکە | ١ |
| ٤/٠) ڕێبازی بەکارهێنراوی تێزەکە | ١ |
| ٥/٠) سنوری تێزەکە | ٢ |
| ٦/٠) پرسیارەکانی تێزەکە | ٢ |
| ٧/٠) بەشەکانی تێزەکە | ٢ - ٤ |
| **١) بەشی یەکەم/ ڕێزمانی کوردی لە نێوان درکپێکردن و بونیادناندا** | **٥ - ٧٦** |
| ١/١) ڕێزمانی درکپێکردنی زمانی کوردی | ٧ - ٢٦ |
| ٢/١) ڕێزمانی بونیادنانی زمانی کوردی | ٢٧ - ٥١ |
| ٣/١) مۆدێلە درکپێکردنەکانی ڕێزمانی بونیادنان | ٥١ - ٧٦ |
| ٣/١-١) مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنان | ٥٢ - ٥٧ |
| ٣/١-٢) مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنانی بنچینەیی | ٥٧ - ٦١ |
| ٣/١-٣) مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنانی بەجەستەکراو | ٦٢ - ٦٨ |
| ٣/١-٤) مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنانی گۆڵدبێرگ | ٦٩ - ٧٦ |
| **٢) بەشی دووەم/ پێواژۆ درکپێکراوەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا** | **٧٨ – ١٥٤** |
| ١/٢) پێواژۆ درکپێکراوە فۆنۆلۆژییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا | ٧٩ – ١٠٨ |
| ٢/٢) پێواژۆ درکپێکراوە مۆرفۆلۆژییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا | ١٠٨ - ١٣٠ |
| ٢/٢-١) پێواژۆ داڕێژراوەکانی مۆرفۆلۆژیی بونیادنان لە زمانی کوردییدا | ١٠٨ - ١١٨ |
| ٢/٢-٢) پێواژۆ لێکدراوەکانی مۆرفۆلۆژیی بونیادنان لە زمانی کوردییدا | ١١٨ - ١٣٠ |
| ٣/٢) پێواژۆ درکپێکراوە ڕێزمانییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا | ١٣٠ - ١٥٤ |

| | |
|---|---|
| **٣) بەشی سێیەم/ پێواژۆ ئینسکلۆپیدییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە دەربڕاوە ئاڵۆزەکانی زمانی کوردییدا** | **١٥٦ – ٢٠٣** |
| **١/٣)** پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا | **١٥٦ – ١٧٩** |
| **٢/٣)** پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکانی زمانی کوردی لە ڕێزمانی بونیادناندا | **١٨٠ – ١٩٠** |
| **٣/٣)** پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی ڕێزمانی بونیادنانەوە | **١٩٠ – ٢٠٣** |
| **ئەنجامەکان** | **٢٠٥ – ٢٠٦** |
| **لیستی سەرچاوەکان** | **٢٠٨ – ٢٢٠** |
| **الملخص** | **٢٢١ – ٢٢٢** |
| **Abstract** | **٢٢٣ – ٢٢٤** |

# پێڕستی هێڵکاری و وێنە و خشتە و نەخشەکان

## پێڕستی هێڵکارییەکان


| ژمارە | ناونیشانی هێڵکاری | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | **هێڵکارییەکانی بەشی یەکەم** | |
| ١ | پەیوەندیی فەرهەنگ و ڕێزمان و سەرجەم داڕشتە زمانییەکان | ٨ |
| ٢ | داڕشتەکانی /هەڵ-/ لە ڕێزمانی درکپێکردندا | ١٣ |
| ٣ | بونیادی ڕێزمانی (وەستاو و جوڵاو)ی ڕێزمانی درکپێکردن | ١٥ |
| ٤ | نەخشەی ئاوەزیی پەسنکردنی تایبەتی بە ئاوەڵناو | ١٦ |
| ٥ | لێکدانەوە باوەکانی هێمای زمانی | ٣٢ |
| ٦ | داڕشتەی هێمای زمانی لە بونیادنانێکدا | ٣٢ |
| ٧ | پێواژۆی فێربوونی زمان | ٤٠ |
| ٨ | بارودۆخەکانی بونیادنان و نواندنەوەی بارودۆخەکان | ٤٨ |
| ٩ | چوارچێوەی سیمانتیکی بەشداربووە پەیوەندیدارەکانی بونیادنانی نموونەکانی (٥٦) | ٧٤ |
| | **هێڵکارییەکانی بەشی دووەم** | |
| ١ | /پ/ و بونیادنانە جیاوازەکانی | ١٠٣ |
| ٢ | ئەندامە هاوپۆلەکانی خێزانە فۆنیمێک | ١٠٧ |
| ٣ | بەرهەمهێنان لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا | ١٢٣ |
| ٤ | پێواژۆی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە مۆرفۆلۆژیی بونیادنانی کوردیدا | ١٢٤ |
| | **هێڵکارییەکانی بەشی سێیەم** | |
| ١ | پەیوەندیی ئینسکلۆپیدی و بونیادنان | ١٦٠ |
| ٢ | پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی (دابەزین) لە ڕێزمانی بونیادناندا | ١٦١ |
| ٣ | بۆشایی چەمکی و نەخشەی سیمانتیکیی (تۆپین) لە زمانی کوردییدا | ١٧٥ |
| ٤ | ڕووودانی پێواژۆ درکپێکراوەکانی نێوان (بونیادی بچوک، بە بونیادکراو، بونیادنان) | ١٧٨ |
| ٥ | هاوتایی نێوان فۆڕم-واتای نموونەی (٣٢) | ١٨٨ |
| ٦ | هاوتاییەکانی نێوان فۆڕم-واتای نموونەی (٣٣- ج) | ١٨٨ |

## پێڕستی وێنەکان


| وێنەکانی بەشی یەکەم | | |
|---|---|---|
| ژمارە | ناونیشانی وێنە | لاپەڕە |
| ١ | بەشداری و مەبەستەکانی (شوێن) لە ئاخاوتندا | ٢٥ |
| ٢ | ئامادەنەبوونی (شوێن) لە ئاخاوتندا | ٢٥ |


## پێڕستی خشتەکان


| خشتەکانی بەشی یەکەم | | |
|---|---|---|
| ژمارە | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
| ١ | بونیادی هێمایی (مۆبایل) لە ڕێزمانی بونیادنانداندا | ٣٣ |
| **بەشی دووەم** | | |
| ١ | زانیارییە تۆمارکراوەکانی تاقیکاریی لایەنە دەنگییەکانی قوتابیانی قوتابخانە گشتییەکان | ٨٧ – ٨٨ |
| ٢ | زانیارییە تۆمارکراوەکانی تاقیکاریی لایەنە دەنگییەکانی قوتابیانی قوتابخانە تایبەتییەکان | ٩٠ – ٩١ |
| ٣ | بونیادنانە جیاوازەکانی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان | ١١٩ |
| ٤ | پێواژۆ ڕێزمانییە بونیادنراوەکانی کرداری (خواردن) | ١٤٦ |
| ٥ | بونیادی (هۆکار-جوڵە)ی ڕێزمانی بونیادنان لە دەربڕاوەکاندا | ١٥٢ |
| **بەشی سێیەم** | | |
| ١ | تۆڕی واتایی وشەی (سەر) لە ڕێزمانی بونیادنانی زمانی کوردییدا | ١٦٣ |


## پێڕستی نەخشەکان


| نەخشەکانی بەشی دووەم | | |
|---|---|---|
| ژمارە | ناونیشانی نەخشە | لاپەڕە |
| ١ | فۆڕمی نەخشەیی و واتای نەخشەیی لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا | ١١٤ |
| ٢ | فۆڕمی نەخشەیی و واتای نەخشەیی (/-یار/) لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا | ١١٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | گۆڕان و داهێنان لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا لەسەر بنەمای فۆڕمی نەخشەیی و واتای نەخشەیی | ١١٥ |
| ٤ | فۆڕمی نەخشەیی و وێنەی نەخشەیی پێشگری (/نە.../) | ١١٦ |
| ٥ | فۆڕمی نەخشەیی و وێنەی نەخشەیی پاشگری (/...وو/) | ١١٦ |
| ٦ | داهێنانی وشەی لێکدراوی نوێ لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا | ١٢٥ |


## پێڕستی چارتەکان


| چارتەکانی بەشی سێیەم | | |
|---|---|---|
| **ژمارە** | **ناونیشانی چارت** | **لاپەڕە** |
| ١ | بەراوردی ڕێژەی زانیاریی هاتوو لە دەربڕاوێکی ئاسایی و داڕشتە مۆرفۆسینتاکسییەکانی نموونەکانی (٢٩)دا | ١٨٣ |
| ٢ | بەراوردی ڕێژەی زانیاریی هاتوو و هاوتایی و هاوواتایی لە دەربڕاوێکی ئاسایی و داڕشتە مۆرفۆسینتاکسییەکانی نموونەکانی (٣٢ و ٣٣)دا | ١٨٧ |
| ٣ | ڕێژەی بونیادنراو لە نموونەکانی (٣٩)دا | ١٩٦ |
| ٤ | ڕێژەی واتای وەرگیراو لە ئیدیۆمی (ئەڵقە لە گوێ) بۆ نموونەکانی (٤٤) | ٢٠٢ |

# پێشەکی

## پێشەکی:

### ١/٠) ناونیشان و بواری تێزەکە:

ناونیشانی تێزەکە تایبەت و تەرخانە بۆ: (درکپێکردنی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا)، کە هەوڵێکە لە پێناو شرۆڤە و لێکدانەوەی زمان و ڕێزمانی کوردی، لە ڕوانگەی یەکێک لە نوێترین ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی ڕێزمانییەوە، کە بە (ڕێزمانی بونیادنان) لە چێوەی زانستی زمانی درکپێکردندا، ناسراوە.

### ٢/٠) کەرەستەی تێزەکە:

سەرجەمی نموونە و کەرەستەکانی ئەم تێزە، لە ئاخێوەرانی ڕەسەنی (زمانی کوردی-زاری ناوەڕاست-شێوەزاری سلێمانی) و ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرە جیاوازەکان(لە ڕووی تەمەن و ڕەگەز و بارودۆخی کۆمەڵایەتی)یەوە وەرگیراوە. بە مەبەستی پاسادانی نموونە وەرگیراوە کوردییەکان و هاوتاکردنیان بە بەرانبەرەکانیان لە زمانی ئینگلیزیدا، لە هەندێک باردا، نموونەی دەربڕاو و ڕستەی زمانی ئینگلیزیش هێنراونەتەوە.

### ٣/٠) گرنگیی تێزەکە:

ڕێزمانی بونیادنان هەر فۆڕمێکی دیاریکراو بە واتایەکی تایبەت و دیاریکراوەوە پەیوەست و جوتدەکات، کە ئەمەیش ناودەنێت پێواژۆ بونیادییەکانی زمان و سەرجەمی زمانیش بەم جۆرە کاردەکات. ڕوانینیش لە ڕێزمان، وەک لە خۆگری سەرجەمی کۆزانیارییە زمانییەکانی ئاخێوەران، لێکدانەوەی زمان و ڕێزمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی ئەم سەرنجە نوێیەی زمانەوانیدا، دەبێتە هەوڵێک، کە چیتر ڕێزمان لە سنوری بەرتەسکی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و لێکدانەوە تەکنیکییە ڕێزمانییەکاندا نەهێڵرێتەوە، کە ئەمانەیش وەک گرنگیی تێزەکە لێکدەدرێنەوە.

### ٤/٠) ڕێبازی بەکارهێنراوی تێزەکە:

وەک پێویستی و مەرجی بنەڕەتی لە قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردندا، لەم توێژینەوەیەشدا پەیڕەویی لە ڕێبازی (شیکاریی درکپێکراوانە) کراوە، کە ئەمیش خۆی لە شیکردنەوەی بنەماکانی ڕێزمانی بونیادنان و پاشان خستنەڕووی ڕەهەندی درکپێکراوی ڕێزمانەکە لە زمانی کوردییدا دەبینێتەوە. بە مەبەستی شرۆڤەیەکی ورد بە تایبەتێتیی گشتاندنەوە، هەرکام لە ڕێبازەکانی کارەکی و ئاماری لە تێزەکەدا بەکارهێنراون و سودیانلێوەرگیراوە، کە ئەمانیش خۆیان لە وەرگرتنی نموونەی دەنگی و شیکردنەوەی نموونە و دەربڕاوە کارەکییەکان بە شێوازی چارت و ئاماریدا دەبیننەوە.

## ٥/٠) سنوری تێزەکە:

بەپێی پێویستییەکانی ڕێزمانی بونیادنان و لە ڕوانگەی ئەو شرۆڤە و لێکدانەوانەی، کە بۆ زمان و ڕێزمان پێشکەشیاندەکات، سنوری تێزەکە سەرجەم بوارە بەکارهێنراوە زمانییەکانی گرتووەتەوە، هەر لە فۆنۆلۆژییەوە تاوەکو پراگماتیک و ئەمەیش لەسەربنەمای پێویستییەکانی تیۆری بنەمایی بەکارهێنان و سروشتی ڕێزمانی بونیادنان، کە سەرجەمیان بە یەک ئاست دەبینێت.

## ٦/٠) پرسیارەکانی تێزەکە:

هەرکام لەگریمانەکانی: (ئایا ڕێزمان تەنها وەک پێکبەستێکی بەش و پێکهاتە زمانییەکانی دیکە دەردەکەوێت؟، ئایا کۆزانیارییە زمانییەکانی ئاخێوەران، لە ئاوەزیاندا دابەش و جیاکراونەتەوە؟، واتا چۆن لەناو فۆرمدا شکاوەتەوە؟، پێواژۆکانی فێربوونی زمان بریتین: لە وەرگرتنی هێمایەک وەک گشت و بوونی بە سەرپەرشت بۆ هەموو هێما هاوشێوە و نزیکەکانی؟ یاخود وەرگرتنی یەک بەیەکی هێماکانە، بە بونیادە جیاوازەکانیانەوە؟)، بوون بە پرسیار و بەدواداچوونەکانی تێزەکە و لە تەواوی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵی وەڵامدانەوە و خستنەڕووی بڕواکانی ڕێزمانی بونیادنان دراوە، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە.

## ٧/٠) بەشەکانی تێزەکە:

جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، پوختەی تێزەکە بە زمانەکانی (عەرەبی و ئینگلیزی)، تێزەکە لە سێ بەش و چەند پار و وەچەپارێک پێکهاتووە، کە سەرجەمیان بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیزبەند و دابەش و جیاکراونەتەوە:

- **بەشی یەکەم بە ناونیشانی: (ڕێزمانی کوردی لە نێوان درکپێکردن و بونیادناندا)**

لەم بەشەدا تیشکخراوەتەسەر لێکدانەوەکانی هەرکام لە ڕێزمانی درکپێکردن و ڕێزمانی بونیادنان. شرۆڤە درکپێکراوییەکانیان بۆ ڕستە و دەربڕاوەکانی ئاخێوەران، لە ڕەهەندی تیۆری و کارەکیشەوە، پێشکەشکراوە. بۆ ئەمەیش بەشەکە کراوە بە سێ پارەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە جیاکراونەتەوە:

**پاری یەکەم** (ڕێزمانی درکپێکردنی زمانی کوردی)، لەم پارەدا لێکدانەوەکانی ڕێزمانی درکپێکردن، کە مۆدێلێکە و لەلایەن زانا (ڕۆناڵد لانگەکەر)ەوە پێشنیازکراوە، خراوەتەڕوو.

**پاری دووەم** (ڕێزمانی بونیادنانی زمانی کوردی)، ئەم پارە تایبەت و تەرخانە بە بنەما تیۆری و لێکدانەوە بەراییەکانی ڕێزمانی بونیادنان. هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕادە و ڕێژەی پەیوەستی و دوورکەوتنەوەی لە لێکدانەوە پێشینە و باوەکان بۆ ڕێزمانی زمان.

**پاری سێیەم** (مۆدێلەکانی ڕێزمانی بونیادنان)، کە تێیدا چوار مۆدێلی سەرەکی لە ڕێزمانەکە خراونەتەڕوو، پاشان وردەکاری و تایبەتێتییەکانی هەر وەشانێکیان باسکراوە.

– **بەشی دووەم، کە ناونیشانی: (پێواژۆ درکپێکراوەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا)**ی هەڵگرتووە، بۆ نواندنی خاسیەتی بونیادی هەرکام لە پێواژۆ (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی و ڕێزمان)ییەکان لە ڕێزمانی بونیادناندا تەرخانکراوە. چۆن ڕوودەدەن؟ بۆچی بەو جۆرەن؟ چۆن بونیادەکانیان دەسازێنرێت؟... هەر بۆیە بەشەکە کراوە بە سێ پارەوە و پارەکانیش بەم ناونیشانانەی خوارەوە هاتوون:

**پاری یەکەم** (پێواژۆ درکپێکراوە فۆنۆلۆژییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا)، هەوڵدراوە لایەنە دەنگی و تایبەتمەندییە دەنگییەکانی زمانی کوردی و قۆناغ و ڕواڵەتەکانی فێربوونی فۆنیمەکان و پاشانیش هەنگاوەکانی بەفۆنکردنیان لەلای منداڵ و ئاخێوەری زمانی کوردی، لە ڕوانگەی بڕواکانی ڕێزمانی بونیادنانەوە شیبکرێنەوە.

**پاری دووەم**: (پێواژۆ درکپێکراوە مۆرفۆلۆژییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا)، لە سەرەتادا تەواوی کردە مۆرفۆلۆژییەکان وەک ڕەهەندێکی درکپێکراوی بونیادنراو لەلای ئاخێوەران ناسێنراوە، پاشانیش هەرکام لە داڕشتە داڕێژراویی و لێکدراوییەکان بۆ نواندنی ڕاستییە بونیادییەکانی ڕێزمانی بونیادنان بە نموونە هێنراونەتەوە.

**پاری سێیەم**: (پێواژۆ درکپێکراوە ڕێزمانییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا)، لە م پارەدا ڕێزمان وەک ڕووتەختێک بۆ نمایشی جوتکردنە جیاواز و هەمەچەشنەکانی هێما زمانییەکان خراوەتەڕوو.

– **(پێواژۆ ئینسکلۆپیدییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە دەربڕاوە ئاڵۆزەکانی زمانی کوردییدا)، ناونیشانی کۆتا بەشی تێزەکەیە**، کە تێیدا واتای زمانی بە تایبەتێتیی ئینسکلۆپیدییەوە خراوەتەڕوو. ڕوانینی ئینسکلۆپیدی لە ڕێزمانی بونیادناندا، نموونەی کارەکی بۆ هێنراوەتەوە. بەمەبەستی شرۆڤەکردنی ئینسکلۆپیدیایش، هەرکام لە داڕشتە ئاڵۆزەکانی وەک (مۆرفۆسینتاکس و ئیدیۆم)، بە نموونە وەرگیراون. ئەم بەشەیش کراوە بە سێ پارەوە:

**پاری یەکەم**: (پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا)، لەم پارەدا خاسیەتی ئینسکلۆپیدی بۆ هێما زمانییە هاتووەکان لە بونیادەکاندا، بە شیکردنەوە و نموونەی کارەکییەوە، ڕوونکراونەتەوە.

**پاری دووەم**: (پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکانی زمانی کوردی لە ڕێزمانی بونیادناندا)، کە لەم پارەدا مۆرفۆسینتاکس وەک داڕشتەیەکی تایبەتی بونیادی پێشکەشکراوە.

**پاری سێیەم**: (پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی ڕێزمانی بونیادنانەوە)، ئەم پارە ئیدیۆمەکان وەک باشترین نموونەی نواندنە زمانییەکان، کە لەسەر بنەمای جوتکردنە فۆرم–واتاییەکان سازکراون، دەخاتەڕوو.

لە کۆتاییشدا دیارترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە لەچەند خاڵێکدا چنراون.

# بەشی یەکەم

## ڕێزمانی کوردی لە نێوان درکپێکردن و بونیادناندا

## ١) ڕێزمانی کوردی لەنێوان درکپێکردن و بونیادناندا

سروشت و چۆنییەتیی سەرچاوەکانی زانین، قاڵب و چوارچێوەی ئەو کۆزانیارییانە دەکێشن، کە دواتر پێکدەهێنرێن. لێکدانەوە زمانەوانییەکان، بۆ ڕوونکردنەوەی سەرچاوەکانی زانینی زمانین، کە دواتر کۆزانیاریی زمانی دەنەخشێنن. لە زانستی زمانی درکپێکردندا (زمان، مێشک و ئەزمونە فیزیکی و کۆمەڵایەتییەکان و ئەو پەیوەندییەی، کە لەنێوانیاندا دروستدەبێت....)، کۆزانیاریی زمانی دەنوێنن. لەمڕوانگەیەوە کۆزانیاریی زمانی تەنها بە پشتبەستن و گەڕانەوە بۆ ئەو کۆزانیارییانە لێکدەدرێتەوە، کە ئاخێوەران لە ژیانیاندا ئەزمونیانکردووە.

ئەم ئایدیایە بەسەر تەواوی بەش و پنت و بوارە لێکدانەوەییە جیاوازەکانی قوتابخانەکەدا دەچەسپێت، چ ڕێبازە جیاوازەکانی ڕێزمانی درکپێکردن بێت، یاخود تیۆرییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن. بۆ ئەمەیش لە قوتابخانەکەدا  هەرکام لە چەمک، پێواژۆکانی درکپێکردن، بنەمایی بەکارهێنان، بە کۆمەڵێک ڕێباز و تیۆریی تایبەتمەندەوە، بەردەوام جەختیان لەسەر دەکرێتەوە. دیارترین بابەتێک، کە وەک ڕوانینی بنەڕەتیی قوتابخانەکە دەردەکەوێت، ئەوەیە، کە بیرۆکەی هەرکام لە یەکە فەرهەنگییەکان، پۆلە وشەییەکان و بونیادنانە ڕێزمانییەکانیش، وەک پۆلی چەمکی و داڕشتەی چەمکییانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، کە ئەمانەیش زیاتر ڕەنگدانەوەی پێواژۆ درکپێکردنە گشتییەکانن، وەک لەوەی تەنها پەیوەست و پەیوەندیداری بنەڕەتە زمانەوانییەکانبن.


لەمڕوانگانەوە زمان دەبێتە باشترین نموونە و بەڵگەی نوێنەری کاتیگۆری و پۆلێنبەندییە درکپێکراوەکانی مرۆڤ و کار و کاردانەوەیشیان لەسەر یەکتر و ڕەنگدانەوەیان لە داڕشتە زمانییەکانی ئاخێوەراندا دەبێت. هاوڕایی زمانەوانانی زانستی زمانی درکپێکردن سەبارەت بە بیرۆکەی (زمان ئاوەزییانە و لە ڕێگەی پێواژۆ و داڕشتە درکپێکراوە گشتییەکانەوە مامەڵەدەکرێت)، وا دەکات، کە لە شرۆڤەی لق و بوارە پەیوەندیدارەکانی ئەم قوتابخانەیەدا، هەمیشە لایەنە درکپێکراوەکانی دیکەی، کە ڕۆڵیان لە نەخشاندنی نەخشە زمانییەکاندا هەیە، لەبەرچاوبگیرێت. بەمشێوەیە، گریمانەی درکپێکردن وێنە باڵاکەی قوتابخانەکە دەکێشێت. هەرکام لە لقەکانی (سیمانتیکی درکپێکردن و ڕێزمانی درکپێکردن) لە قوتابخانەکەدا، وەک لەخۆگری خاسیەت و وردەکارییەکانی گریمانەکانی درکپێکردن دەردەکەون. لەلایەکەوە سیمانتیکی درکپێکردن لێکۆڵینەوە لە لایەنە واتاییە بەجەستەکراو و چەمکییانەکەی ناو مێشکی مرۆڤ دەکات. لەم لقەدا لێکۆڵینەوەی واتا، سەرنجەکان بەرەو چەمک دەبات، کە ئەمیش(چەمک)، داڕشتەی واتای و کۆزانیاری و دونیابینی ئاخێوەران لەخۆدەگرێت و لە دواتریشدا داڕشتەی چەمکی پێکدەهێنرێت. "داڕشتەی چەمکی، پرواتایە. کە ئەمیش گەشەپێدراوی ئەزمونە جەستەییەکانمانن و پێش بەچەمککردنەکان بەریانکەوتووین". (Lakoff, Georg. 1987: 267). لەمڕوانینەوە، سیمانتیک وەک داڕشتەیەکی ئەرکدار و نوێنەری پێواژۆ هەمانکاتییەکانی بیر و پەیوەندیکردنە، کە

سەرجەمیان لەلایەن ئاوەزەوە جێبەجێدەکرێن و مرۆڤی درکپێکەر(Cognizer)یش، لە ڕوانگەی درکپێکردنە پێشینەکانییەوە، دەرفەت بۆ ڕوودانی هەموو ئەمانە دەڕەخسێنێت. لە لایەکی دیکەیشەوە، ڕێبازە درکپێکردنەکانی لێکۆڵینەوەی ڕێزمان، بە مۆدێلەکانی (ڕێزمانی درکپێکردن، ڕێزمانی بونیادنان و ڕێزمانی وشەیی)یشەوە، بوارەکانی لێکۆڵینەوە لە بنەما درکپێکراوە ڕێزمانییەکانی ئاخێوەران دەخەنەڕوو، کە سەرجەم شرۆڤەکانیش لە ڕوانگەیەکی ئاوەزیی درکپێکراوەوە پێشکەشدەکرێن و لە کۆتایدا نەخشە ئاوەزییە درکپێکراوەکەی ئاخێوەران دەنوێنن.

## ١/١) ڕێزمانی درکپێکردنی زمانی کوردی

لە زانستی زمانی درکپێکردندا، ڕێزمان وەک کۆمەڵێک یاسای فەرمی و دیاریکراو نابینرێت و پێکنەهاتووە. ئەم سەرنجە لە تەواوی گریمانەکارییەکانی لێکدانەوە ڕێزمانییەکانی قوتابخانەکەدا(کە ڕێزمانی درکپێکردن نوێنەرایەتی دەکات)، پاڵپشتی دەکرێت. لەبری ئەمە، ڕێزمان وەک ئەنجامی بەدەستهاتوو لە سەرچاوە درکپێکراوەکانی مرۆڤەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لەمڕوانگەیەوە، ڕێزمانی زمان، زیاتر لەوەی پێدەکرێت، کە تەنها گوزارشت لەچەند یاسا و دەستورێکی دیاریکراو بکات. "ڕێبازی درکپێکردنی ڕێزمان Cognitive Approach to Grammar، تیشکدەخاتەسەر ئەوەی، کە زمان وەک ئامرازێک بۆ پێواژۆی بەچەمککردن دەبینرێت. بەمپێیە زمان وەک گەنجینەیەکی پڕ زانیاریی و واتایی دەبێت". (Radden, G. and Dirven, R., 2007: VII). ڕێزمانیش، کە یەکێکە لە ئاستە درکپێکراوەکانی ناو زمان، هەمان ڕاستی دەیگرێتەوە. لەڕوانگەی پرواتایی ڕێزمانی زمانەوە، خودی ڕێزمانیش لە ڕەهەندێکی واتاییەوە دەخرێتەڕوو. هەر بۆیە ڕێزمانی درکپێکردنیش وەک بەش و بوار و کێڵگەیەکی سەربەخۆ و جیا لە سیمانتیکی درکپێکردن نابینرێت، چونکە خودی ڕێزمان، داڕشتە ڕێزمانییەکان، بونیادی پێکهێنەرە ڕێزمانییەکان، وردەکارییە سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی و پێڕەوەکانیان...، سەرجەمیان لە بنەڕەتێکی درکپێکراو و ئەزمونکراوی بەچەمککراوەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، لەبەرئەوەی هەر خودی ڕێزمانی درکپێکردن، ئەو هەوڵە سەرپێدەخات، کە زمان و داڕشتە زمانییەکان وەک بەرهەمهاتووی زانین و درکپێکردن و بەرکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان بناسێنرێن. بەمشێوەیە، خودی لایەنە ڕێزمانییەکان واتادارن. ئەم لقەی ڕێبازی لێکۆڵینەوە لە ڕێزمانی زماندا، بۆیەکەمجار لەلایەن (ڕۆناڵد لانگەکەرRonald Langacker)ەوە پێشنیازکرا. "کە بەگشتی دەیویست ئەو بنەمایانە دیارییکات، کە هاریکارن لە بونیادنانی داڕشتە ڕێزمانییەکاندا، پاشان بەستنەوەی ئەو بنەمایانە بەلایەنە گشتییەکانی زانینەوە". (Evans, V. and Green, M., 2006: 49). ئەمەیش بەو مانایە دێت، کە ڕێزمان وەک وەچەبەشێکی زمان و گرتنەوەی تەنها مۆرفۆلۆژی و سینتاکس بەکارناهێنرێت، بەڵکو وەک دامەزراوەیەکی فراوانتر دەبینرێت، کە تەواوی پێکهاتە زمانییەکان(هەر لە دەنگ و مۆرفیم و واتا و...هتد)، دەگرێتەوە. سەرجەمی

ئەم ڕوانینە لە ژێر ناونیشانی (پەیامداری هەمەکی/گشتاندن)دا دەخرێتەڕوو[١]. ئەم ڕوانینەیش لە ڕێزمان، لەپێناو بەستنەوە و پەیوەستێتی تەواوی سەرچاوە درکپێکراوەکانی ئاخێوەرە لە زماندا (هەر لە دەنگەوە تاوەکو تەواوی دابەشکارییە باوەکانی دیکەی ئاست و پێکهاتە زمانییەکان)، چونکە ڕێزمان لەخۆگر و نوێنەری سەرجەم توانا درکپێکراوەکانی ئاخێوەرانە. بۆئەوەی تەواوی ڕێزمانی زمانیش لە پەیوەندیی گشتاندندا بنوێنرێت، لانگەکەر ڕێزمانی زمان، وەک دەرکەوتەیەکی هێمایی دەخاتەڕوو.[٢] هێڵکاریی (١)، پەیوەندییە بەردەوام و پەیوەستییەکانی ڕێزمان و فەرهەنگ و دەرکەوتە هەمەڕەنگەکانی دیکەیان دەنوێنێت.




**هێڵکاریی (١)**

**پەیوەندیی فەرهەنگ و ڕێزمان و سەرجەم داڕشتە زمانییەکان**

---

[١]- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم پەیوەندییە، بڕوانە: **ا**- قادر، کاروان عومەر (٢٠١٢: ٨٦-٩٤). **B**- Lakoff, 1991: 53-62.

[٢]- ڕۆناڵد لانگەکەر وەک یەکەم زانای زمانەوانی، بەدیاریکراویی لە ساڵانی (١٩٨٧ و ١٩٩١) و لە بەرهەمەکانی دواتریشیدا، گریمانەی درکپێکراوی ڕێزمان پێشنیازدەکات و هەر خۆیشی بنەڕەت و بنەما و تیۆرییەکانی دادەڕێژێت. سەرەتاکانی ئەم ڕوانینە لە ڕێزمان، بۆ کارێکی لانگەکەر دەگەڕێتەوە بەناونیشانی (Space Grammar)، "کە بەدیاریکراویی ڕێبازێکە دەربارەی پەیوەندییەکانی داڕشتەی سیمانتیکی و هێز/بڕشتییە ڕێزمانییەکان. ئەم بوارە سەرەتا بەسەر داڕشتە ناوییەکان و پاشان بونیادە سست/ناچالاکەکانی زمانی ئینگلیزیدا جێبەجێکراوە". (Langacker, R., 1982: 22). لە Space Grammarدا، لانگەکەر ئەو بۆچوونەی پێشنیازکردووە، کە سینتاکس سەربەخۆ نییە، بەڵکو لەبری ئەمە هێما و فۆڕمەکان لەگەڵ مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگدا، لە پەیوەندییەکی بەردەوامدان. فەرهەنگ و دەرکەوتنە ڕێزمانییەکان لەبارەی داڕشتە هێماییەکانەوە لە پەیوەندیدان. بەهیچ شێوەیەک ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمای جیاکاریی و گشتێتیی یەکێکیان و لێکدانەوەیان بەجیا لەوەی دیکەیان، پێکنەهاتووە. ڕوونکردنەوەی ئەم بیرە، لە هێڵکاریی (١)دا نەخشێنراوە. ڕێزمانی زمان، ڕەنگدەرەوەی کۆزانیارییە زمانییە باوەکانە و سەرجەمی یەکە زمانییەکانیش لەخۆیدەگرێت/تێیدایە، لەگەڵ ئەمەیشدا "یەکە سینتاکسییەکان دوو سەرەن، لەگەڵ هەرکام لە جەمسەری سیمانتیکی و جەمسەری فۆنۆلۆژیدا. ڕێزمان بەهێمایکردنێکی باو/تقلیدی داڕشتە واتاییەکانە" (سەرچاوەی پێشوو، ٢٣).

ئاستە زمانییەکان(بە یەکە و پێکهێنەرەکانییەوە) وەک کەرەستەی نواندنی پەیوەندی و پەیوەستێتی هەرکام لە فەرهەنگ و سینتاکس دەردەکەون. بەو واتایەی، کە ئەم ڕاستییە لە ئاستە زمانییەکاندا، دەتوانرێت لە هەرکام لە ئاستەکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا بنوێنرێت. بۆنموونە دەنگێک لە پاش چەندینجار لە بەکارهێنان و ئەزمونکردن و یاریکردن و مامەڵەپێکردنی جیاوازەوە، پاشان ئاخێوەران دەتوانن بەکارهێنانی دروستیان دەربارەی هەبێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە فۆنێمەکان بەهۆی بەکارهێنانەوە، شارەزایی دەربارەیان پێکدەهێنرێت. بۆنموونە دەشێت منداڵێک لە قۆناغەکانی سەرەتای زمانپژانیدا، فۆنێمێکی وەک /ڕ/ی بە دروستی بۆ دەرنەبڕدرێت (دەشێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە چەند ئەندامێک لە هەمانکاتدا لە بەرهەمهێنانی ئەم فۆنێمەدا بەشدارن. بۆنموونە لە کاتی بەرهەمهێنانیدا، سەری زمان دێتە پێشەوە و لە بەشی سەرەوەی ناو دەم دەدات، هەروەها دەبێت ئاخێوەر چەندجار ئەم جوڵانەوەیە بە سەری زمانی بکات و چەند لەرانەوە دروستببێت، تاوەکو ئەم دەنگە بونیاددەنرێت، ئەمەیش وای لێدەکات، کە بەبەراورد بە /ب/ فۆنێمێک بێت، کە بونیادنانی پێویستی بە ڕاهاتن و کاتی زیاتربێت، هەرچەندە یەکێک لە فۆنێمە چالاکەکانی زمان و فۆنۆلۆژیی کوردیش بێت)[١]، پاش چەندین ڕاستکردنەوە و بەکارهێنانی جیاوازی فۆنێمی /ڕ/ لە شوێن و کاتی جیاوازی مۆرفێمەکاندا، ئەوکات بەهاوکاری ئەو فەرهەنگە کەمە و ئەزمونەکانی لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی زمانەکەیدا، ڕاستکردنەوەی تایبەتی بۆ فۆنێمەکە بهێنێتەئاراوە. هەمان ئەم ئەزمون و بەکارهێنانەی فۆنێمەکە، بەهەمان تایبەتێتییەوە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بەشداریدەکاتەوە. لەکاتێکدا هێما مۆرفۆلۆژییەکان(کەرەستە و یەکە مۆرفۆلۆژییەکان)، لە فەرهەنگدا تۆمارن، لەسەرەتاوە ئاخێوەر شارەزایی دەربارەی بەکارهێنانی هەموو چەمکە درکپێکراوەکانی پێکهێنەری یەک مۆرفێمی نییە. لە هەنگاوی دووەمی هێڵکاریی (١)دا، داڕشتە و دەرکەوتنە هێماییەکان، جارێکیتر بەهۆی پەیوەستێتی فەرهەنگ و ڕێزمانەوە ئەگەری ڕوودانیان دەبێت. ئەگەر لە داڕشتنی وشە مۆرفۆلۆژییەکان بڕوانرێت، بەڕوونی هەست بەو یەکێتییە دەکرێت. ناساندنی مۆرفۆلۆژی لە ڕێزمانی درکپێکردندا بە "لێکۆڵینەوەیە لە چۆنییەتی بونیادنانی وشەکان لە (فۆڕم-واتا)ی یەکەکانەوە". (Hamawand, Z., 2011: 2)، بۆخۆی باشترین نموونەی داڕشتە مۆرفۆلۆژییەکانە لە ڕەهەندی دەرکەوتنە هێماییەکان لە ڕێزماندا. بۆنموونە ئاخێوەران لە داڕشتنی قاڵبێکی مۆرفۆلۆژیی وەک (ئاسنگەر)دا، کە داڕشتەیەکی هاوبەشی نێوان هەرکام لە مۆرفێمەکانی (ئاسن، وەک مادە/شت و /-گەر/، وەک ڕووبەرێک بۆ ناوی پیشە)یە، یەکەیەکی نوێی لە فۆڕم-واتا داڕشتووە. هەروەها لە دەرکەوتنە هێماییەکان لە پەیوەست بە سینتاکسەوە، خۆی

---

[١] - بۆ ئەم مەبەستە و زانیاریی ورد سەبارەت بە پێواژۆکانی دەنگ دروستکردن و سروشت و تایبەتێتیی دەنگەکان و چۆنییەتی درکاندنیان لە دەنگسازیی کوردیدا، بڕوانە: ١- مەحویی، محەمەد، (١) و (٢)، ٢٠٠٨. ٢- وەیس، غازی فاتیح، ١٩٨٤: ٥١. ٣- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵا، ٢٠١٤: ٢٦.

له بەکارهێنانی درکپێکردنێکی دروستی (ئاسنگەر)دا دەبینێتەوە، کە وەک یەکێتییەکی هاوپەیوەندیداری سەرجەم ئاستەکان، لەڕوانگەی چۆنییەتی بەکارهێنانەکەی لە دارشتە سینتاکسییەکاندا، نواندنی دەبێت. "ڕێزمان و فەرهەنگ لەکۆکردنەوە و پێکهێنانی دارشتە هێماییەکاندا، لەسەر بنەمای زنجیرەیەک پەیوەندیی بەردەوام و لەیەکنەپچڕاو پێکهاتوون(وەک یەک دەرکەوتە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت). بونیادنانەکان، کۆکراوە هێماییەکانن. مەبەست لە شیکردنەوە ڕێزمانییەکانیش، پەسنکردن و ڕوونکردنەوەیەکی ورد و دیاریکراوی ئەو کۆکراوانەن". (Langacker, 2013: 161). لەمڕوانگەیەوە ڕێزمان لە کۆمەڵێک یەکە پێکهاتووە، کە سەرجەمیان دووانەی (فۆرم-واتا)ن. مۆرفێم و وشە و بونیادە ڕێزمانییەکانیش، سەرجەمیان کۆکراوەی هێمان. زاراوەی کۆکراوەی هێمایی لەلایەن لانگەکەرەوە بۆ سەرجەم یەکە ڕێزمانییەکان بەکاردەهێنرێت، ئیدی یەکەکان (فۆنێم، مۆرفێم، وشە و ڕستە.... بونیادە مۆرفۆلۆژی یان سینتاکسییەکان.. هتد)بن، کۆکراوەی هێماییین، کە لە دووانەی (فۆرم-واتا) پێکهاتوون. مرۆڤ لەهەرکام لە بارەکانی (قسەکردن، گوێگرتن)دا، پێکەوە وەک هێمایەک وەریگرتوون و کۆیکردوونەتەوە، کە ئەم وەرگرتن و کۆکردنەوەیەش، لە بەرکارهێنان و بەرکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانییەوە، بەدەستیهێناون. دواتریش سەرجەم ئەم لایەنانە دەبن بە ئەزمونێکی بەجەستەکراو[١] و پاشان لەبەکارهێنانە زمانییەکانی دیکەدا بونیاددەنرێنەوە. "فەرهەنگ و ڕێزمان لەیەک جودا نین و ئاوێتەی یەکترین، لە پەیوەندییەکی تۆڕبەندییانەی درکپێکراودا، هەروەک (ڕێزمانی درکپێکردن) و (ڕێزمانی بونیادنان)ی قوتابخانەی (زانستی زمانی درکپێکردن) پێشنیازیانکردووە و سەلماندویانە". (قادر، ٢٠١٩: ٣٥). لەبەرئەوەی لە ڕێبازە درکپێکردنەکانی ڕێزماندا، ڕێزمان وەک بەرئەنجامی بەچەمککراو خراوەتەڕوو؛ لەهەمانکاتدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان دارشتە ڕێزمانییەکان و یەکە فەرهەنگییەکانیشدا ناکرێت و لەپەیوەندییەکی بەردەوامی یەک مۆدێلیدان. "ناساندنی ڕاستێنراوی ڕێزمانی درکپێکردن بۆ فەرهەنگ ئەوەیە، کە لە کۆمەڵێک دەربڕاوی دیاریکراو/ئامادە/زانراو لە زماندا پێکهاتووە". (Langacker, 2008: 16). مەبەست لە دیاریکراو، تەنها ئەو یەکانەن، کە ئاخێوەر ئەزمون و بەرجەستەکردنی لەبارەیانەوە هەبووە[٢]. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو لایەنە تیۆرییانەی ڕێزمانی درکپێکردن، با لە نموونەکانی (١) بڕوانین:

١) ا- /د/
(+ نەبزوێن
+ گڕ
+ دانی
+ وەستاو ....)

[١]- ئەم بوارە لە ڕێزمانی بونیادناندا زیاتر و وردتر ڕەنگدەداتەوە. بۆ زانیاریی تەواو دەربارەی ڕێزمانی بونیادنان، بڕوانە: پاری دووەمی ئەم بەشە لا(٢٧ - ٥١).

[٢]- زانیاریی تەواو سەبارەت بە فەرهەنگ بەپێی سەرنج و ڕوانینە جیاوازەکانی قوتابخانە زمانەوانییەکان و قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردنیش، لە (ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم، ٢٠١٩: ٣-٥٦)دا دەبینرێتەوە.

ب- دەنوک
پ- ئەوە دانایە (بەرانبەر بە کوڕێک، کە ناوی دانا بێت) و (وەک پەسنکردنێک بۆ کەسێکی لێهاتوو).
ت- دانی خێری پێدا نانێت. (پەسەندیناکات).

لەئەنجامی ڕوودانی دووبارەبوونەوە و بەرکەوتن، ئاخێوەر شێوازێک فێردەبێت، ئەو شێوازەیش گشتاندنی پێدەکات و لەکۆتایدا دارشتەکان پێکدەهێنێت و هێماکان بە فۆرم و واتاکانییانەوە کۆدەکاتەوە. لەنموونەکانەوە، ئاخێوەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە فۆنێم و مۆرفیم و وشە و ڕستە و دەربڕاوە دووبارەبووەکان، کە گوێی لێیان دەبێت، هاوکات لەگەڵ بوارێکی واتایی پەیوەندیدار بەو یەکانەوە، گرێیاندەدات و لە هێمایەکدا کۆیاندەکاتەوە، هەربۆیە دواتر بەکارهێنانی دروستی دەربارەی هەموویان دەبێتەوە. سەرجەم یەکەکان و ئەو بوارە واتاییەیش، کە پێیانەوە پەیوەستە، کۆکراوە هێماییەکان دەنوێنن. کەواتە لەم ڕێبازەدا تەنها فۆڕمەکان هێما نین، بەڵکو بوارە واتاییەکانیشیان پەیکاڵدەبێت و پێکەوە هێمای ڕێزمانی پێکدەهێنن. کەواتە /د/، تەنها نوێنەرایەتی فۆڕمی /د/ ناکات، بەڵکو هاوتا لەگەڵ بوارە واتاییەکەیدا، لەبەکارهێنانی زمانیدا کۆدەکرێتەوە. لانگەکەر (Langacker, 1987: 76). سەرجەمی ئەم لایەنانەی، کە دەربارەی فۆنێم و فۆن و فۆنۆلۆژین، ناودەنێت (بۆشایی فۆنۆلۆژییانە)، کە مەبەست لێی "زنجیرە و مەودا دیاریکراوەکانی توانا دەنگییەکانمانە. توانای مامەڵەکردنمانە لەگەڵ دەنگەکان و دەنگەکانی ئاخاوتنە وەک بارودۆخی تایبەتی". بەم واتایە، لە هەر بارودۆخێکی تایبەتیدا، توانا و ئەزمونی بەکارهێنان و چۆنییەتی بەکارهێنان و مامەڵەکردنی دەنگەکان، تەنها فۆڕمەکەی ناگرێتەوە، بەڵکو مەودای توانا دەنگییەکان، هەم ئەزمونکردنی فۆڕمی دەنگەکان و هەمیش تەواوی ئەو بەرکەوتنانە دەگرێتەوە، کە کەسی بەکارهێنەر لەگەڵ دەنگەکاندا(بە فۆڕم و ناوەڕۆکەکەیەوە)، هەیەتی. بەهەمانشێوە نموونەی (١-ب)، کە خاوەندارێتی لە ناوەڕۆکێکی چەمکییانەی تایبەت بە (دەنوک) دەکات. هەروەها ئاخێوەران بەکارهێنانیان دەربارەی (١-پ)، بەپێی ئەو مەبەستەی، کە لە پرۆسەی بەچەمککردنی هەمانکاتیدا دەیانەوێت، دەیگەیەنن. هەرچەندە هەمان فۆڕمە، بەڵام بە دوو پرۆسەی بەچەمککردنی جیاواز بەکارهێنراوە. لەکاتێکدا نموونەی (١-ت)، لە دارشتەیەکی هێمایی سەرتاپاییدا، میتافۆرییانە بەکارهێنراوە و ئەو هێمایانەی لەگەڵ بوارێکی واتاییدا جوتکردووە و دارشتەیەکی هێمایی بەچەمککردوە. "وشە و دارشتە ڕێزمانییەکانی زمان، ڕەنگدانەوەی ئەزمونە فیزیکی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە داهێنراوەکانی مرۆڤە". (Radden and Dirven. 2007: XI). ئەزمونە تایبەتییەکەی مرۆڤی کورد لەنموونەی (١-ت)دا وایکردووە، کە دارشتە و قاڵبێکی ڕێزمانیی تایبەت پێکبهێنێت، کە یەکەکانی وەک (دان، خێر، پێدانان) لەگەڵ بوار/ڕووبەرێکی واتایدا لەیەک هێمادا کۆبکاتەوە، کە ڕەنگدانەوەی ئەزمون و بەچەمککراوەکانی بێت. بەوشێوەیە سەرجەمی بەکاربردنەکانی /د/ لە نموونەکانی (١)دا، وەک یەک دارشتە نوێنراون، کە بەرئەنجامی ئەزمونە بەچەمککراوەکەی بەکارهێنەر بووە. لەمڕوانگانەوەبوو، کە (تایلۆرTaylor) زمانی لەسۆنگەی ڕێزمانی درکپێکردنەوە لێکدەدایەوە. "هەر دەربڕاوێکی زمانی (لاگر،

وشە، فریز، ڕستە و تەنانەت دەقێکیش، خاوەنی سێ جۆر دارشتەن: ا- دارشتەی فۆنۆلۆژییانە، ب- دارشتەی سیمانتیکی، پ- پەیوەندییە هێماییەکان لەنێوان هەردوو دارشتەکەی پێشتردا". (Hussen, R. Q., 2013: 8). بەمەبەستی ئەزمونبەندکردنی ئەو لایەنانە، با لە هێڵکاریی ژمارە (٢) و ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی نموونەکانی (٢) بڕوانین.

٢) ا- هەڵخستن (لە[جلەکانم هەڵخست]دا).

ب- هەڵچوون (لە[شیرەکە هەڵچوو] و[پیاوەکە هەڵچوو]دا).

پ- هەڵدڕین (لە[سکیان هەڵدڕیوە]/ [نەشتەرگەرییەکە تەنها بە هەڵدڕین دەکرێت]دا).


ت- هەڵدێران (لە[سەیارەکەی هەڵدێرا]دا).

ج- هەڵدان (لە[تۆپەکەم بۆ هەڵدەرە خوارەوە]دا، ئەگەر (تۆپەکە) لەسەربان بێت و قسەکەر لە باخچەی خانوەکەبێت)).

چ- هەڵگرتن (لە[ئەو فایلەم بۆ هەڵبگرە] و[ئەو پارەیەم بۆ هەڵبگرە(بیشارەوە)]دا).

ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (٢) بدرێت، بە ئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت، کە یەکە زمانییەکان(لێرەدا پێشگری/هەڵ-/ بەنموونە هێنراوەتەوە) و پەیوەندییە هێماییەکانی بەکارهێنان، هەردوو دارشتە فۆنۆلۆژی و سیمانتیکییەکەی بەیەکەوە بەستووەتەوە. پەیوەندییە هێماییەکان، دونیای بەچەمککراو(کە وەستاوەتە سەر چەندین لایەنی دیکەی نازمانی)ی ئاخێوەران دەنەخشێنن. بۆنموونە لە (٢-ا)دا، /هەڵ-/، ئاراستەی سەرەوەی هەیە، لەکاتێکدا لە (٢-پ)دا ئاراستەیەکی ئاسۆیی ڕێک دەگەیەنێت. کەچی لە (٢-ت، ج، چ)دا، ئەو ئاراستەیەی، کە /هەڵ-/ دەیگەیەنێت، تەواو پێچەوانەی ئاراستە دیاریکراوەکانی (٢- ا، ب)یە، بەڵام پەیوەندییە هێماییەکان لەنێوان دارشتەی فۆنۆلۆژیی /هەڵ-/ و دارشتەی سیمانتیکیی /هەڵ-/دا، سەرجەمی ئەو ئاراستە جیاوازانە دەنوێنن، کە لەنموونەکانی (٢)دا خرانەڕوو. بەمپێیە پەیوەندیی هێمایی(کە ئەمیش وەستاوەتە سەر بنەمایی بەکارهێنان)، واتا بە یەکە زمانییەکان دەبەخشن. دەشێت چەندین نموونەی دیکەی /هەڵ-/، کە هەرکامیان ئاراستەیەکی جیاواز بگەیەنن، لە (هەڵکەندن، هەڵپاچین، هەڵنان...)دا درکپێبکرێت. لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییانەیە، کە (Fatah, A. H., 2012: 16) پشتگیریی لە گریمانەی پڕواتایی هەر یەکەیەکی زمانی دەکات "هەر دارشتەیەکی زمانی، لە (مۆرفیمەکان، وشە و ڕستەکان) ، سەرجەمیان پڕواتایین". بۆنموونە هەرکام لە لاگر(پێشگر و پاشگر)ەکانی ڕێزمانی کوردی، نوێنەرایەتی نواندنی واتایەکی تایبەت بەخۆیان و ئەو بوارە درکپێکراوە دەکەن، کە ئاخێوەر لە ساتی بەکارهێنانیدا، بەچەمکیکردووە. ئەگەر لە نموونەکانەوە لە /هەڵ-/ بڕوانرێت، دەبینرێت، کە واتای (جوڵانی شتێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە) بە سەرجەمی ئەو هێمایانەی دیکە دەبەخشێت، کە بەشێک لە بونیادەکانیان پێکدەهێنێت. لەم ڕوانینەوە، هەرکام لە لاگرەکانیش خاوەندارییی لە بوارێکی تایبەتی (فۆرم-واتا) پێکەوە دەکەن، کە ئەمەیش تەواو پێچەوانەی سەرنجی زمانەوانی بەرهەمهێنانە سەبارەت بە لاگرەکانی زمان. "کە مەیلێکی دیاریان هەیە بۆ ئەوەی، پاشگرەکان یەکەی بێ واتای

زمانەوانین، تەنها لە داڕشتنی وشەی نوێدا بەشدارن". (Hamawand, 2008: 4). لە کاتێکدا، کە هەرکام لە لاگرەکان، خاوەنی واتایەکی هەستپێکراوی تایبەتین، کە بۆخۆیان خاوەنداریی لە بنەڕەتە سیمانتیکییەکەیان دەکەن.




**هێڵکاریی (٢)**

**داڕشتەکانی /هەڵ-/ لە ڕێزمانی درکپێکردندا(بە دەستکارییەوە لە Langacker, 1987: 77ەوە وەرگیراوە)**

سەرجەمی هێڵکارییەکە، نەریتی زمانەوانی لە سێ ئاستدا دەخاتەڕوو:

-بۆشایی[١] سیمانتیکی،

- بۆشایی فۆنۆلۆژی،

- بۆشایی هێمایی.

کەواتە لە ڕێزمانی درکپێکردندا، سێ جۆر داڕشتە دەخرێنەڕوو، (سیمانتیکی، فۆنۆلۆژی و هێمایی)، کە هیچکام لەم داڕشتانە جیا لەوی دیکە و سەربەخۆ نین. بۆنموونە داڕشتەی هێمایی، هەرکام لە داڕشتەکانی سیمانتیکی و فۆنۆلۆژی یەکدەخات. بەمشێوەیە داڕشتەی هێمایی دووسەرەیە، کە لە هەرکام لە جەمسەرەکانی سیمانتیکی و فۆنۆلۆژی و یەکیەتی نێوانیان پێکهاتووە[٢].

---

١ - مەبەستی لانگەکەر لە (بۆشایی) دانانییەتی لەبری (X)، کە دیارە ڕووبەرێکە بۆ ڕوودانی هەر ئەگەر و هاتوویەک.

٢- زانیاریی ورد و تەواو سەبارەت بە جەمسەرە فۆنۆلۆژی و سیمانتیکییەکانی ڕێزمانی درکپێکردن لە Langacker, 1987:328-368دا، دەبینرێتەوە.

لەسەربنەمای ئەم ڕاستییانە، هەرکام لە (تێزی هێمایی) و (تێزی بنەمایی بەکارهێنان) و هەروەها ڕەهەندی (هەڵهێنجان)[1] زۆرترین جەختیان لەسەر دەکرێتەوە و تەنانەت سەرجەمی شرۆڤەکانی ڕێزمانی درکپێکردن لە گۆشەنیگا و بە پەیڕەویی ئەم سێ لایەنە قاڵبدەگرن. هەردوو تێزەکە (هێمایی و بنەمایی بەکارهێنان)، بەشێوەیەکی گشتاندن، دەتوانن هەموو ئەو مەبەستە درکپێکراوانەی، کە لە ڕێزمانی درکپێکردندا ڕەنگدەدەنەوە، بنوێنن. "لە هەر یەکەیەکی هێمایدا، هەرکام لە گرنگییەکانی فۆنۆلۆژی و سیمانتیک، بەشدارن، ئەمە بڕوای بنەڕەت و جێگیری ڕێزمانی درکپێکردنە. فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس، هەر هەموویان لەڕوانگەی زاراوەی (یەکە هێماییەکانەوە) دەخرێنەڕوو. هیچکامیان لە پێکهاتەی جیادا خۆیان ڕێکناخەن، بەڵکو بەبەردەوامی و بەپێی پێوانەکان[2] دەگۆڕێن". (Langacker, 1991: 290). پێوانەکان لە ڕێزمانی درکپێکردندا لەسەر چەندین لایەن و هۆکاری بەچەمککردن دەوەستن. بۆنموونە ئەو گۆشەنیگایەی، کە قسەکەر لێیەوە لە شتێک، دیاردەیەک یاخود ڕووداوێک دەدوێت، کە بەهۆیەوە بونیادی ڕێزمانی دەربڕاوەکانی پێکدەهێنێت. دەشێت لە ڕوانگەیەکی جێگیر لە دیمەنی گوڵێک بڕوانرێت، وەک لە نموونەی (٣)دا خراوەتەڕوو. یاخود لە پەیپێبردنێکی جوڵاوەوە لەهەمان دیمەن بڕوانرێت وەک لەنموونەی (٤)دا خراوەتەڕوو. ئەم دوو پەیپێبردنە جیاوازەیش، گوزارشت لە دوو بەچەمککردنی جیاوازی ڕێزمانی دەکەن، کە لە کۆتایدا دارشتەی ڕێزمانی دەربڕاوەکان جیاوازدەکەن.

٣)- گوڵەکە بە دیوارەکەوەیە.


٤)- گوڵەکە بەدیوارەکەدا هەڵزنیوە.

ئاخێوەری نموونەی (٣) ڕوانینێکی وەستاوی دەربارەی دیمەنی گوڵەکە هەبووە، کە ئەمەیش چەمکەکانی (خودێتی) و (بابەتێتی) لە دارشتن و بەچەمککردنەکاندا دەهێنێتەناوەوە. بەو واتایەی لە نموونەی (٣)دا، سەربار بە یەکە و بونیادە سینتاکسییەکە، ڕوانگەی بابەتێتیی، بەچەمککراوی ناو دارشتە ڕێزمانییەکەیە و دیمەنەکەیش هەر ئەوە دەگەیەنێت. "دارشتە و گەردانکردنە ڕێزمانییەکان بەیەکەوە لە لێکدانەوە و پێکهێنانی شارەزایی ڕۆڵدەبینن و لە کایە جیاوازەکاندا بەکاردەهێنرێن و بەچەمککردنیش بەهۆی ڕێکخستنی دروستەی واتاوە، مەودای بابەتەکان لەخۆدەگرێت". (نەبی، ڕێبوار

[1]- سەبارەت بە هەڵهێنجان، بڕوانە: غەریب، نالی ئەدهەم، ٢٠١٦: ٥٥-٦٣.

[2] – پارامێتەر بە واتای بگۆڕەکان، چەسپاوەکان، ئاماژەکانیش دێت. ئەوەی گرنگە لە زانستی زمانی درکپێکردندا، زاراوەی پارامێتەر، بە واتای ئەو پێوانانە دێت، کە ئاست و سەرنج و لایەنی درکپێکردنی ئاخێوەرانیان ئاڕاستەدەکەن. بۆنموونە ئەو شوێنەی ئاخێوەری تێدا وەستاوە، دەبێتە پێوانە(Parameter)یێک، کە لێیەوە دەست بە قسەکردن دەکات. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی زاراوەکە و بەکارهێنانە جیاوازەکانی لە قوتابخانە و لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا، بڕوانە: **١**- قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠٠٩: ٣٦ -٣٧. **٢**- مەحویی و هاوکارانی، ٢٠١٠: ١٦–٢٠. **٣**- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠٢٠: ٧ – ٣٢.

ئەحمەد، ٢٠١٥: ٢٠). لەکاتێکدا ئاخێوەری نموونەی (٤) پەیپێبردنێکی جوڵاوی سەبارەت بە دیمەنی گوڵەکە هەبووە و ئەمەیش درکپێکردنێکی ڕێزمانی لە ئاوەزیدا ئەفراندووە، کە هەرکام لە بابەتێتی(گوڵ، دیوار)ەکەی تێکەڵ بە خودێتی(ڕەهەندی جوڵاوی) خۆی کردووە و دەربڕاوێکی لە چەشنی (٤)ی دەربڕیوە. شرۆڤەی نموونەکان لەهێڵکارییەکانی (٣)دا بەشێوەی نەخشەی ئاوەزیی لە ڕێزمانی درکپێکردندا دەخرێنەڕوو:




هێڵکاریی ئاوەزیی سەبارەت
به ڕوانینی وەستاوی نموونەی (٣)

هێڵکاریی ئاوەزیی سەبارەت
به ڕوانینی جوڵاوی نموونەی (٤)

**هێڵکاریی (٣)**

**بونیادی ڕێزمانی (وەستاو و جوڵاو)ی ڕێزمانی درکپێکردن**


لەسەر بنەمای شرۆڤە و شیکردنەوەکانی ڕێزمانی درکپێکردن و لە ڕوانگەی ئاخاوتنی خودێتی و بابەتییەوە، سەرجەمی ئەو زیادکردنانەی(بەتایبەتی دەربڕاوە هەستدەربڕەکان)، دەتوانرێت وەک بەشێک لە ناواخنی ڕێزمانی درکپێکردن لێیانبڕوانرێت. بۆنموونە لەوکاتەیدا، کە قسەکەر گوزارشت لە دیمەنەکان دەکات:

٥)- یەک خوێندکار هاتووەتەوە.

لەنموونەی (٥)دا قسەکەر تەنها گوزارشتی لە بابەتێتی کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ دەربڕاوێکی هەستدەربڕ لە داڕشتەکەیدا بەشداریپێبکات. لە کاتێکدا نموونەی (٦)، ئاڕاستەیەکی جیاوازتر دەگرێت و گوزارشتی هەستدەربڕی قسەکەر، ئاماژە بە ئامادەیی خودێتی لە داڕشتە ڕێزمانییەکەدا دەکات:

٦)- یەک خوێندکاری زیرەک هاتووەتەوە.

بەمجۆرە کاتێک لە هێڵکارییەکی ئاوەزیدا نموونەی (٥) بنوێنرێت، هەمان هێڵکاری ئاوەزیی نموونەی (٣) دەینوێنێت. بەڵام بەهۆی بەشداریی ئاوەڵناو و پەسنکردنی تایبەتی لە نموونەی (٦)دا، نەخشە ئاوەزییەکەی وەک هێڵکاریی (٤) دەردەچێت.




**هێڵکاریی (٤)**

**نەخشەی ئاوەزیی پەسنکردنی تایبەتی بە ئاوەڵناو**

ئاخێوەر لە نموونەی (٦)دا، تەنها گوزارشتی لە یەک لایەنی ڕوون و دیاریکراو نەکردووە، بەڵکو ئاوەڵناوی (زیرەک)، هەموو ئەو خاسیەت و ئەدگار و تایبەتێتییانە دەگرێتەوە(لە نموونەی: خوێندنەوە، فەرمیبوون، ئامادەبوون، هەوڵدان، پلان و بەرنامەی خوێندن...هتد)، کە لەکۆتایدا ئەو پەسنکردنەیان بە خوێندکار بەخشیوە. لە نەخشە ئاوەزییەکەدا، ئاخێوەر وەک بازنەیەک خراوەتەڕوو، کە گوزارشتی لە بابەتێک کردووە، خاڵەکانی دەوری بازنەی دووەم، ئاماژە بە هەموو ئەو خاسیەت و تایبەتێتییانە دەدات، کە وەک بەشێک بۆ خوێندکار دەگەڕێنەوە و ئاوەڵناوی (زیرەک) لەبری هەموویان هاتووە. لەسەربنەمای ئەو ڕاستییانەی سەرەوەیە، کە (قادر، ٢٠١٢: ٩٥) پێیوایە "هەر بونیادێکی ڕێزمانی، بەپێی ئەو مەودایەی هەیەتی، خزمەتی دیاریکردنی لایەنە جیاوازەکانی وێنەیەکی(دیمەنێکی) زانراو دەکەن". بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی بیری ڕێزمانی (وەستاو و جوڵاو) لە ڕێزمانی درکپێکردندا، پەیوەست بە ئاوەڵناوەکانەوە، نموونەی (٧) دەهێنرێتەوە.

٧)- سروشتێکی جوانمان هەیە.

دارشتەی ڕێزمانی نموونەی (٧)، لە چەشنی ڕێزمانی جوڵاوە. هۆکاری ئەمەیش ئەوەیە، کە ئاوەڵناوی (جوان) لەبری چەندین دارشتەی ڕێزمانی وەستاو لە چەشنی دارشتەکانی نموونەکانی (٨) هێنراوەتەوە.

٨) ا- سروشتێکی باراناویمان هەیە.

ب- کۆمەڵێک ڕووبار و تاڤگەمان هەیە.

پ- سروشتێکی شاخاویمان هەیە.

ت- سروشتەکەمان لە چوارەوەرزەکە پێکهاتووە.

ئەو دارشتە ڕێزمانییانەی، کە ئاوەڵناو بەشداری لە پێکهاتنیاندا دەکات، بە دارشتەی ڕێزمانی خودێتی دادەنرێن، کە لە کۆتایشدا دارشتەیەکی ڕێزمانی جوڵاو پێکدەهێنن، کە گوزارشت لە چەندین دارشتەی ڕێزمانی وەستاو دەکەن. تێگەیشتنەکانی هەرکام لە خودی ئاخێوەر و گوێگریش، هەر لە سۆنگەی درکپێکردنیانە بە سەرجەم زانیارییە زمانی و جیهانی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و کلتورییەکان. لەمڕوانگەیەوە، کە لانگەکەر لە (Rudzka-ostyn, B. 1988: 6)دا دەڵێت: "ڕێزمانی درکپێکردن بە ڕوانینی

تاکگەراییانە/خودێتی بۆ واتا، قایلدەبێت". دەتوانرێت شیکردنەوەکانی سەرەوە لە نموونەکانی (٩)دا بنوێنرێن:

٩) ا- ئەوە خانوە.

ب- ئەوە خانویەکی سپییە.

پ- ئەوە خانویەکی سپیی خۆشە.

نموونەکان ڕەنگدەرەوەی هەستە کەسی و خواستە تایبەتییەکانی ئاخێوەرانن. لە بەراوردکردنیشیاندا ئەوە دەردەکەوێت، کە (٩- پ) زیاتر و زۆرتر ڕەنگدانەوەی بەشدارییپێکردنی سەرنجی کەسی و خودێتیی ئاخێوەری تێدا دەردەکەوێت. بۆنموونە لە (٩- ا)دا، لەبەرئەوەی هیچ ئاوەڵناوێک بەشداری لە دارشتەکەیدا نەکردووە، بۆیە (٩- ا) گوزارشتێکی تەواو بابەتییانەیە. لەکاتێکدا بابەتیبوون لە (٩- ب)دا، یەکسانە بە ئاستی بەشدارییپێکردنی خودێتی(ئەوەیش بەهۆی بەشدارییپێکردنی ئاوەڵناوێک لە دارشتەکەیدا)، لە کاتێکدا لە (٩- پ)دا، خودێتییەکە زیاترە لە بابەتێتی. (سپی بوونی خانو) لە (٩- ب)دا، دۆخێکی بابەتی و خودێتیش دەسازێنێت، بەڵام هێشتایش ئەو پانتاییە ڕەخساوە بۆ ئاخێوەر، کە خودێتی تێدا بنوێنێت، بەوەی، کە (٩- ا و ب)، بەبێ بەکارهێنانی ئاوەڵناو، هاوواتا دەبن، بەڵام بەهۆی بەشدارییپێکردنی ئاوەڵناوی (سپی) لە (٩- ب)دا، ئاخێوەر خودێتی تێدا چەسپاندووە.

گریمانەی (ئاوەڵناوەکان هەڵگری خاسیەتی خودێتین)، لە ڕاستینەی خاسیەتی ڕێژەییبوونی خودی ئاوەڵناوەکانەوە دێت، کە ئەم خاسیەتە ئازادییەک بە بەکارهێنەران دەبەخشێت، تاوەکو چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. هەر ئەمەیش وادەکات، کە ئەو دارشتە ڕێزمانییانەی، کە ئاوەڵناو بەشداری لە دارشتنیاندا دەکەن، بە دارشتەی ڕێزمانیی خودێتی دابنرێن. بۆنموونە ئەگەر لە بەکارهێنانە جیاوازەکان(بەپێی بەشە ئاخاوتنەکان/کاتیگۆرییەکان)ی یەک وشەی وەک (جوان)، بڕوانرێت، زیاتر مەبەستەکە ڕووندەکرێتەوە:

١٠) ا- جوان دوێنێ لە بازاڕ بوو.

ب- ماڵەکە جوان پاککەرەوە.

لە نموونەکانی (١٠)دا، (جوان)، بەکارهێنانی جیاوازی هەبووە. لە (١٠- ب)دا، سەرنجی خودیی بەشداری لە دارشتە ڕێزمانی و ڕەهەندە واتاییەکەشیدا کردووە. بەو واتایەی لە (١٠- ا)دا، ئەو کەسەی، کە بینراوە، پەیوەندی بە سەرنجی خودی ئاخێوەرەوە نەبووە، لە کاتێکدا لە (١٠- ب)دا، دارشتنی ئەو دەربڕاوە و مەبەستە واتاییەکەشی، گوزارشتی لە خودێتی و مەبەستی تایبەتی ئاخێوەر کردووە. نموونەکانی (١٠)، بەکارهێنانی وشەیەک بوو لە بەشە ئاخاوتنی جیاوازدا، لە کاتێکدا تەنانەت لە یەک ئاوەڵناویشدا و لە هەمان بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناویدا، بەڵام بە بەکارهێنانی جیاواز، ڕاستیی خودێتی دەردەکەوێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستە، نموونەکانی (١١) دەهێنرێنەوە:

١١) ا- سەیوان هاوڕێیەکی کۆنمە.
ب- خانویەکی کۆنە.

دروستی بەکارهێنانی (کۆن) لە نموونەکانی (١١)دا، بۆ مەبەستە تایبەتی و ڕاستینە ڕێژەییەکەی ئاوەڵناوەکان دەگەڕێتەوە، کە لە کاتی هاتن و بەشدارییان لە داڕشتەکاندا، دەتوانرێت بە داڕشتەی ڕێزمانی خودێتی دابنرێن. لەبەرئەوەی ئاخێوەر و گوێگری نموونەکانی (١١)، بە ڕوونی هەست بە جیاوازییە واتاییەکەی (کۆن) دەکەن، بەجۆرێک، کە لە (کۆن)ی (١١- ا)دا، بەهای ئەرێنی پێ بەخشراوە، لە کاتێکدا (کۆن)ی (١١- ب)، بەها و سەرنجێکی نەرێنییانەی لەخۆگرتووە. بەهەمانشێوە کۆمەڵێک سەرنج و واتای جیاواز لە ئاوەڵناوی (باش)ی نموونەکانی (١٢)دا جێگیرن:
١٢) ا- پیاوی باش،
ب- ئەم مستیلەیە پارەیەکی باش دەکات. (پارەی زۆر).
پ- مامۆستای باش، (زیرەک و لێهاتوو).
ت- لێدانێکی باشی خوارد. (زۆر خراپ).

ڕوانگەی جیاواز و مەبەستە تایبەتییەکانی ئاوەڵناوەکان، وادەکەن، جێپەنجە و کەسایەتیی ئاخێوەر لە دیاریکردنی یەکێک لەو واتایانەدا، ڕۆڵێکی دیار و تاکگەراییەکی کەسی و زمانی بە ئاخێوەران ببەخشن، کە سەرجەمی ئەمانە بەسەر ئاوەڵناوەکاندا جێگیردەبن. بەمشێوەیە ئاوەڵناوەکان پانتایی نمایشی تاکگەرایی بۆ ئاخێوەران دەڕەخسێنن.
سەرجەمی ئەم زانیارییانە لە هێما زمانییەکان دا(بەپێی ڕێزمانی درکپێکردن، کە سەرجەمی ڕێزمان خۆی لە پرۆسەیەکی هێمایدا دەنوێنێت)، دەگەیەنرێن. بەمشێوەیە ڕێزمان بەشێکی دانەبڕاوە لە پێڕەوی درکپێکردن و زانینمان، ئەمانیش(درکپێکردن و زانینەکان)، ڕەنگدانەوەی بەرکەوتن و کارلێکە کۆمەڵایەتی و دەروونی و کلتوری و...هتد و وەرگرتنی هەڵسوکەوت و کردەکانە. "دەربڕاوە زمانییەکان بەهێماییکراون، یاخود هێماکان لە بری بەچەمککردن دەوەستن". (Taylor, J.R. 2002: 20). سەرجەم نموونەکانی (٨) هێمایەکن، کە لەبری ئەو ڕوانگە بەچەمککراوە دەوەستن، کە ئاخێوەر درکپێکردوون. بەهەمانشێوە نموونەی (٧)یش، لە پێواژۆیەکی بەچەمککراوی درکپێکراودا، گوزارشت لە چەندین پێواژۆی ئاوەزیی و داڕشتەی ڕێزمانی و پلەی درکپێکراوی دیکە دەکات، کە سەرجەمیان لە ڕێزمانی درکپێکردندا، هێمایەکن. داڕشتنی هێماکان، پەیوەندیی بەچەند ڕەهەندێکی درکپێکراوەوە هەیە. هەر لە بنەڕەتەوە ئاخێوەر باری سەرنج و ڕوانین و ئاستی درکپێکردنی خۆی تێکەڵ بە زانیارییە زمانی و ڕێزمانییەکانی دەکات و تەواوی داڕشتەیەکی ڕێزمانی لەپێناویاندا پێکدەهێنێت. هەروەک لە نموونەی (٧)دا خرایەڕوو، کە چۆن ئاخێوەر داڕشتەیەکی لە چەشنی ڕێزمانی جوڵاو (Dynamic Grammar)ی بارگاوی بە ڕوانین و پلە درکپێکراوەکەی خۆی، داڕشتووە. "ڕێزمان (بەهەمانشێوەی فەرهەنگ)،

لەخۆگری وێنایە". (Langacker, 1987: 39). دارشتەی ڕێزمانی نموونەکانی (٣، ٤)، وەک گوزارشتکەری وێنایەکی دیاریکراو لە (گوڵ، دیوار) و بەستنەوەکانی ئەم دووانە پێکەوە، ڕۆڵدەگێرێت. سەرجەمی دارشتنەکەیش وەک هێمایەک خزمەت بە بەشێکی وێنایەکی دیاریکراو دەکات و لە پێناویدا پێکهێنراوە. سەرجەمی هێماکە و ئەو وێنایەیشی، کە دەیگەیەنێت، بە (دووانەی فۆرم–واتا Form-Meaning)، دادەنرێت، کە ڕێزمانی درکپێکردن زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەوەی، کە یەکە و هێما ڕێزمانییەکان، بە دووانەی فۆرم–واتا دادەنێت و هەر دوو جەمسەر (فۆرم–واتا)، لە (هێما)یەکدا دەگەیەنرێن. لەپێش ئەمەیش، تەواوی یەکە زمانییەکان بە دووانەی (فۆرم–واتا) دانراون و بەهەمان خاسیەت، لە دارشتە ڕێزمانییەکانیشدا بەشداریدەکەنەوە.

کەواتە لە ڕێزمانی درکپێکردندا، سەرجەمی یەکە و دانە زمانییەکان، هێمایەکن (هێما، بەتایبەتێتی دووانەی فۆرم–واتا). ئەم هێمایانە خاوەنی جەمسەرەکانی (فۆنۆلۆژی، سیمانتیکی)ن و لە دارشتە ڕێزمانییەکاندا (بەپێی ڕێزمانی درکپێکردن و بەدیاریکراویش تێزی بنەمایی بەکارهێنان)، هەروەها لە ڕوانگەی پەیوەندییە هێماییەکانی ئەو جەمسەرانەوە، وەک یەک هێما(هێمایەکی خاوەن دووانەی فۆرم–واتا)ی ئاماژەکەر بە وێنایەک دەردەکەون. بەواتایەکی دیکە هەر یەکەیەکی زمانی، چ مۆرفیمێک، یاخود دانەیەکی فەرهەنگی یان دارشتەیەکی فراوانتری ڕێزمانی بێت، سەرجەمیان یەکەیەک/دانەیەک/پێکهاتەیەکی هێمایی پەیوەندیدارن بە فۆرمێکی دیاریکراو و واتایەکی دیاریکراوی بەچەمککراوەوە. بەمەبەستی پاسادانی سەرنجی دووانەی فۆرم–واتا، باشترین نموونە دەربڕاوە نارێزمانییەکانی ئاخێوەرانە، چونکە تەنها ڕێگە بەو دارشتە ڕێزمانییانە دەدرێت، کە پەیرەوی لە دووانەی فۆرم–واتا دەکەن. هەربۆیە نموونەیەکی لە چەشنی (١٣)، بە دەربڕاوێکی دروست لە زمانی کوردیدا دانانرێت:

١٣)- * کارەباکەی خوارد.

هۆکاری نادروستیی نموونەی (١٣)، بۆ دروستنەکردنی هیچ وێنا و بەچەمککراوێکە و بریندارکردنی دووانەی فۆرم–واتایە، لە ڕێزمانی درکپێکردنی زمانی کوردیدا. هەرچەندە لەڕووی تەنها (فۆرم)ەوە، نموونەی (١٣)، جیاوازیی لەگەڵ نموونەی (١٤)دا نییە:

١٤)- شوتییەکەی خوارد.

بەڵام نموونەی (١٤)، هەرکام لە جەمسەرەکانی (فۆنۆلۆژی، سیمانتیکی)، هەروەها پەیوەندییە هێماییەکانی نێوان (شوتی) و (خواردن)یشی کۆکردووەتەوە لە هێمایەک(واتە نموونەی ١٤)دا، دایڕشتونەتەوە. بەمشێوەیە "هەموو یان تەنها ئەو ڕستە ڕێزمانییانەی، کە پەیرەویی لە دووانەی فۆرم–واتا دەکەن، ڕێگە بە بوونیان دەدرێت". (Langacker, 1991: 532). بنەمای بەکارهێنانی ڕستەکانیش، ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە کام ڕستە ڕێگەی پێدەدرێت و کام ڕستەیش (هەرچەندە ڕێزمانی و فۆرمیش بێت)،

ڕێگە بە بوونی نادرێت، چونکە بنەمای بەکارهێنانەکەی، پەیڕەویی دووانەی فۆڕم-واتای بەزاندووە. لەڕاستیدا دەکرێت سەلماندنی کارکردن و هاتنی دووانەی فۆڕم-واتا، بەشێوەیەکی نموونەیی لەسەر لاگرە مۆرفۆلۆژییەکان، لە ڕێزمانی درکپێکردندا، باشترین ڕەنگدانەوەیان هەبێت، چونکە تەنها و تەنها بە گریمانەی دووانەی(فۆڕم-واتا)، بەهایەکی زمانی_ڕێزمانی لەسەر لاگرەکان دەبینرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەگەر هاتو مامەڵەی تاکلایەنانەی (تەنها فۆڕم) یاخود (تەنها واتا)، لەگەڵ ئەم لاگرانەدا بکرێت، هەرگیز مەبەستە بەچەمککراوەکەی ئاخێوەران لە پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکاندا بەدینایەن. ئەگەر بە نموونە لە لاگرەکانی (/-ستان، -گەر، -ەوان، دا-، ڕا-/) بڕوانرێت، بە ڕوونی هەست بەو گۆڕانە چەمکییەی سەر ئەو بەشە مۆرفۆلۆژییەی دیکە دەکرێت، کە ئەم لاگرانە بەشدارییی لە پێکهێنانیادا دەکەن. لەکاتێکدا ئەگەرهاتو تەنها فۆڕمیان بەهەندوەربگیرێت، هەرگیز ئەو گۆڕانە ڕووینەدەدا، ئەگەر ڕویشیبدایە، ئەوا دەبەسترایەوە بە بەشە بنەڕەتییەکەی داڕشتەکەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەوە کارکردنی دووانەی (فۆڕم-واتا)ی لاگرەکانە پێکەوە، کە بەهایەکی چەمکییانە و واتاییانە لەسەر داڕشتە مۆرفۆلۆژییەکان دەهێننەئاراوە، چونکە کاتێک لاگرێک دەخرێتەسەر بەشێک، زیادکردنەکە (فۆڕمی_واتایی) دەبێت، کە ئەمەیش نموونەیترین نموونەی هاتنی (فۆڕم-واتا)یە لە داڕشتەکاندا. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنانە، با لەنموونەکانی (١٥) بڕوانرێت:

١٥) ا- (گۆڕ- گۆڕستان)، (گوڵ- گوڵستان)، (گەندەڵ- گەندەڵستان...)

ب- (ئاسن- ئاسنگەر)، (جادو- جادوگەر)، (نوێ- نوێگەر...)

پ- (دار- دارەوان)، (شاخ- شاخەوان)، (باخ- باخەوان...)

ت- (ڕشتن- داڕشتن)، (کردن- داکردن)، (هێنان- داهێنان...)

ج- (خستن- ڕاخستن)، (کردن- ڕاکردن)، (هێنان- ڕاهێنان...)

لە نموونەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە لاگرەکان و کاریگەرە چەمکییانەکەیان، لە ڕوانگەی دووانەی (فۆڕم-واتا)وە بووە لەسەر داڕشتەکان. هەربۆیە ئەو چەمکەی، کە (گۆڕ) هەیەتی، تەواو جیاوازە لەو ناوەڕۆکە چەمکییەی، کە (گۆڕستان) ئاماژەیپێدەدات. زیاتر لەمەیش، لاگرەکان بە سروشتی کارکردنی دووانەی (فۆڕم-واتا)، دەتوانن ئاماژەی مێتافۆرییانە بە داڕشتەکان ببەخشن. وەکچۆن لە هەندێک بەکارهێنانی (گوڵستان، گەندەڵستان، تاریکستان..)دا دەبینرێت، بەهەمانشێوە هاتنی فۆڕمێکی وەک /-گەر/، کە لەگەڵ خۆیدا ڕەهەندی واتایش بەشدارییپێدەکات، وایکردووە، کە (جادو)، هەم فۆڕمی، هەم واتایش، بگۆڕێت بە (جادوگەر). هەر بەوشێوەیەش ناوی (ئاسن)ی (فۆڕمی و واتای) گۆڕیوە بۆ ناوی (کەس و پیشە)، کە دەتوانرێت بواری واتایی (دروستکەری ناوی کەس و پیشە) بە /-گەر/ ببەخشرێت. وەکچۆن بواری واتایی (داهێنان) لە (١٥-ت)دا، بەهۆی زیادکردنی فۆڕمی پێشگری /دا-/وە، تەواو جیاوازە لە (هێنان). ئەم داڕشتە ڕێزمانییانە، لە پرۆسەیەکی ڕێزمانیدا فۆڕم وەردەگرن، کە لەگەڵیشیدا

بواره واتاییەکەی هاوپێچە و هەردووکیان پێکەوە وەک هێمایەک بەرانبەر یەکەیەکی چەمکی دەوەستنەوە. هەروەکچۆن (خستن، کردن، هێنان)، لە نموونەکانی (١٥- ج)دا، وەک هێمایەکی دوو سەرەی (فۆرم) و (واتا)، ئاماژە بە چەمکێکی تایبەت دەدەن، لە کاتێکدا و بەهۆی زیادکردنی وەچەدارشتەی /ڕا-/وە بۆ سەریان، بونیادێکی چەمکییانەی دیکە بە (فۆرم و واتا)وە، بە دارشتەکە دەبەخشن و (ڕاخستن، ڕاکردن، ڕاهێنان)، دادەڕێژن. (Langacker, 2008:161)، ئەم بونیادانە بە "کۆکردنەوەی دارشتە هێماییەکان" ناودەبات. بەم سروشتەی ڕوانینی ڕێزمانی درکپێکردن، هەموو زمان بەسەرجەم دارشتە و پێکهاتە و وەچەپێکهاتەکانیشییەوە، وەک (پرواتا) دادەنرێن.

بونیادی تەواوی ئەو زانینە زمانی و شارەزاییانەی، کە دەربارەی یەکبەیەکی نموونەکان و درکپێکردنیان و بەکارهێنانەوەیان لەڕوانگەی (بنەمایی بەکارهێنان)ەوە دەبێت، کە بە گرنگترین تیۆریی لە ڕێزمانی درکپێکردندا دادەنرێت و تەنانەت پێکهێنان و فێربوونە بنەڕەتییەکانی زمانیش، هەر بەهۆی بنەمای بەکارهێنانەوەیە. "بەپێی ئەم ڕێبازە، بنەمای کۆزانیاریی وشەیی و تەنانەت کۆزانیاریی زمانیش، بریتییە لە کۆزانیاریی بەکارهێنانی ڕاستەقینەی وشەکانی زمان و خودی زمان". (ئیبراهیم، ٢٠١٩: ٨٤). بنەمایی بەکارهێنان، وەک پانتاییەک بۆ تەواوی جەمسەرە پێکهێنەرەکانی زمان بەهەموو دانە و یەکە و دارشتەکانییەوە دەردەکەوێت و لەقاڵبیان دەدات. بەو واتایەی بنەمایی بەکارهێنان، بەشدارییپێکردنی کۆزانیارییە زمانی و نازمانییەکانە لە تەواوی دارشتەکاندا. ئەمەش هەمان ئەو فەلسەفەیەیە، کە زانستی زمانی درکپێکردن و بەدیاریکراویش ڕێزمانی درکپێکردنی لەسەر دامەزراوە. لەڕاستیدا بنەمایی بەکارهێنان، ڕۆڵی کۆکردنەوە هێماییەکان و پەیوەندییە هێماییەکان لەنێوان جەمسەرە فۆنۆلۆژی و سیمانتیکییەکاندا دەگێڕێت. نموونەی (٤)، نیشاندەرەی وێنەیەکی ئاوەزیی جوڵاوە، وەک لە هێڵکاریی (٣)دا خراوەتەڕوو. ئەم وێنە ئاوەزییە لەلایەن بەچەمککردن(بەچەمککردن بەو تایبەتێتییانەی، کە سیمانتیکی درکپێکردن پێشنیازیکردوون)[١]ەوە هاندراوە، کە لە کۆتایدا دارشتەیەکی ڕێزمانی لە چەشنی نموونەی (٤)ی بەکارهێناوە. لەمڕوانگەیەوەیە، کە دەوترێت، بنەمایی بەکارهێنان نمایشی سەرجەم ڕووگەکانی ڕێزمانی درکپێکردنە و ڕۆڵی پەیوەندییە هێماییەکانی ناو تێزی هێمایی جێبەجێدەکات. زیاتر لەمەش تەنانەت لە ڕوانگەی بنەمایی بەکارهێنانەوە، پەیوەندییەکان و بارودۆخ و مەبەست و بیرۆکەکانی قسەکەر و گوێگر و پەیوەندیی هەردووکیان بە هێما زمانی و دارشتە ڕێزمانییەکانەوە بەدیدەکرێن و بەڕوونی لە هەڵبژاردنی یەکە زمانی و دارشتە ڕێزمانییەکاندا ڕەنگدەدەنەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بیرە، نموونەکانی (١٦) دەهێنرێنەوە:

١٦) ا- هێشتا نەگەیشتوون.

ب- کەی دەگەن؟/بۆ ناگەن؟

---

[١]- سەبارەت بە (چەمک و چەمکییانە و بەچەمککردن لە زمانی کوردیدا)، بڕوانە: قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٧ .

پ- وا دەگەن.

ت- هەر دەگەن

ج- هاکا گەیشتن.

چ- تۆزێکیان ماوە بگەن.

هەڵبژاردنی یەکە زمانییەکانی (هێشتا، کەی، بۆ، وا، هەر، هاکا، تۆزێک)، لەنموونەکانی (١٦)دا، گوزارشتن لە چەندین ڕوانگەی جیاواز. قسەکەر بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخ و پەیوەندییەکانی نێوان خۆی و گوێگر، هەروەها ئەو پێویستییەی، کە ڕەچاویکردووە و پێویستییەکەش سەپاندویەتی، کە ئەو یەکانە هەڵبژێرێت، دارشتە ڕێزمانییەکانی پێکهێناوە. بۆنموونە لە (١٦-ا)دا، هەڵبژاردنی ئامرازی (هێشتا)، قاڵبێکی ڕێزمانی دارشتووە، کە جیاوازە لە (١٦-ب، پ، ت، ج، چ)؛ ئەمەش ئاماژەیە بۆ لەبەرچاوگرتنی خواستی قسەکەر لە دەربراوەکەیدا، کە هێمایەکی دەروونی لە چەشنی (بێزاربوون، بێتاقەتی)یشی تێدا هاوپێچە. هەمان ڕاستی سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئامرازەکانی (کەی، بۆ) لە نموونەی (١٦-ب)دا. لە کاتێکدا هەڵبژاردنی (وا، هەر، هاکا، تۆزێک)، بێگومان دارشتەیەکی ڕێزمانی جیاوازیان سەپاندووە، کە ئەمانیش ئاماژە بە خواستی تایبەتی قسەکەر دەکەن، لەپێناو پاراستی پەیوەندیی خۆی و گوێگر لەو بارودۆخەدا و هێمایەکی دەروونی(ئومێد، دڵخۆشی، چاوەڕوانی دڵخۆشکەر)یشیان تێدا دەبینرێتەوە. هەر بۆیە هەرکام لە (وا، هەر، هاکا، تۆزێک)، زیاتر ئاراستەکەیان بۆ دەرەوەی قسەکەرە و ڕوویان لە گوێگرە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەو ئامرازانەی، کە قسەکەر بەکاریهێناون، لە سەرچاوەیەک(قسەکەر)، کە نادیاریی پێدەبەخشێت، بۆ ئامانجێکە(گوێگر)، کە دیاریکراویی پێدەبەخشن، دەربراوە. کەواتە بەچەمککردنەکەی ئاخێوەر، وێنایەکی ئاوەزیی بونیادناوە، کە لەشێوەی نەخشەیەکی خزمەتکار بە خواست و ویستەکانی گوێگردا دەردەکەوێت. ئەم ڕوانین و سەرنجانە دەربارەی ڕێزمان لە گۆشەنیگای درکپێکردنەوە، وایاندەکرد، کە گریمانەی "ڕێزمان بریتییە لە بنەمایی بەکارهێنان. کۆزانیاریی زمانی، لەسەر بنەمای بەکارهێنانی ڕاستی وەستاوە، کە هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەزمونە بەردەوام جوڵاو و گەشەکردووەکەی ئاخێوەران"، (Hamawand, Z., 2011: 16)، وەک یەکێک لە بنەڕەتیترین بانگەشە و گریمانەکانی ڕێزمانی درکپێکردن لە شرۆڤەکردنی ڕێزمانی زماندا بخرێتەڕوو.

شیکاری نموونەکان و نەخشەڕێژکردنی دارشتە زمانییەکانیان، پەیوەستە بەچەندین لایەنی دیکەوە، کە ڕێزمانی درکپێکردن وەک دەستپێک لە ڕوانینە ڕێزمانییەکاندا بەهەندیانوەردەگرێت. بۆنموونە ناکرێت لایەنی دەروونی و کلتوری و پەیوەندییەکانی ئاخێوەران و گوێگران، لە دارشتە ڕێزمانییەکاندا نەبینرێتەوە و هەستیانپێنەکرێت! ئەو فۆرمە زمانییانەی، کە لەبەردەستدان و گونجاو و پێویستی بارودۆخی تیاوتراون، لە ڕوانگەی بنەمایی بەکارهێنانەوە، جڵەودەکرێن، کە ئەمیش(بنەمایی بەکارهێنان)، دەرخەری توانای بەکارهێنانی زمانییە. "توانای بەکارهێنانی زمان، لە ژێر کاریگەریی

هۆکارە دەرەکییەکانی وەک (هیلاکی، نەخۆشی، گرنگینەدان، کارلێکنەکردنی ئاخێوەر و ...هتد)دا، دەگۆڕێت". (ئیبراهیم، ٢٠١٩: ٨٨). هەر بۆیە نموونەکانی (١٦)، شێلگیرانە بواری (گرنگیدان و گرنگینەدان)یان تێدا بەشدارە. بەشە کردارییەکەی نموونەکانی (١٦-ب، پ، ت)، کە (دەگەن)ە، هیچ جیاوازییەکی فۆڕمی و داڕشتەییان لەنێوانیاندا نییە، لە کاتێکدا بەڕوونی هەست بە جیاوازی ئەو ڕەهەندە دەروونییە دەکرێت، کە لەلایەن ئاخێوەرانی دەربڕی ئەو نموونانەوە بەکاربراوە. سەرجەمی ئەو جیاوازییانەیش خۆیان لەهەڵبژاردنی ئامڕازە زمانەوانییەکانی (کەی، وا، هەر)دا دەبیننەوە. هەڵبژاردنی ئامڕازەکان، لەژێر خواستی ئاخێوەردایە، کە ئەم خواستەیش بارگاوییە بە لایەنە درکپێکراوەکانی خۆی. ڕۆناڵد لانگەکەر لە (Rudzka-ostyn, 5)دا دەڵێت: "ڕێزمانی زمان لیستێک لە پێدراو/کەرەستە هێمایییەکان دەخاتە بەردەست ئاخێوەران. بەکارهێنانی ئەم پێدراو/کەرەستانە، بۆ داڕشتە و هەڵسەنگاندن و گونجاویی دەربڕاوەکانی، کۆمەڵێک کردەن، کە خودی ئاخێوەر دەیانکات، نەوەک ڕێزمان، کە ئەمەیش بەهۆی لێهاتوویییە گشتییەکانییەوە، لە پۆلێنکردن و چارەسەرکردندا، بەکاریاندەبات". هەموو ئەو لایەنانەی دیکە، کە ئاخێوەر دەیانکات، لە ڕوانگەی بنەمایی بەکارهێنانەوە(کە پەیوەستە بە هەڵسوکەوتی خودی ئاخێوەرەوە)، ڕێگە بەڕوودانیان دەدرێت. هەڵسوکەوت و مامەڵەی ئاخێوەر، چ لە هەڵبژاردنی یەکەکاندا بێت، چ لەو قاڵب و داڕشتە ڕێزمانییانەدابێت، کە نەخشەیان دەکێشێت، خۆی دەبینێتەوە. هاوکات هەردوو لایان(یەکەکان و داڕشتە ڕێزمانییەکان)یش، لە هاوبەشی و پەیوەندییەکی بەردەوامدان و لە تێزێکی هێماییدا هەموویان وەک هێما دەنوێنرێن. کەواتە لە ڕێزمانی درکپێکردندا، واتا لەو کەسانە دانابڕێت، کە پێکیدەهێنن. بە دەربڕاوێکی دیکە، داڕشتە ڕێزمانییەکان، کە وەک هێمایەک پێشنازکراون، ئاماژە بە واتایەک دەدەن، کە ئەو واتایە لەلایەن کەسێکەوە بونیادنراوە و جیاوازنییە لێی. بۆنموونە واتاکان تەنها پەیوەست نین بە سیما واتاییەکانی یەکە فەرهەنگییەکانەوە، بەڵکو پەیوەستن بە بەکارهێنەری هێماکان لە داڕشتە هێمایییەکاندا. هەربۆیە(Langacker, 1991:532)، زاراوەی (Schematization) بۆ هەموو ڕێزمان لە ڕێزمانی درکپێکردندا بەکاردەهێنێت و "ئەوە مۆدێلی بنەمایی بەکارهێنانە، کە تێیدا یاسا ڕێزمانییەکان، کە تەنها ڕۆڵیان نەخشەدارکردن و نەخشەڕێژیی دەربڕاوەکانە"[١]. بەو واتایەی، کە لە هەڵسوکەوتەکانی ئاخێوەراندا، یاساکان وەک ڕێککارییەک ڕۆڵدەبینن، نەوەک بڕیاردەری سەرەتا و کۆتایی ڕێزمان و واتایش بن. لەم ڕوانگەیەوە ئەو وشە و یەکانەی، کە لەلایەن ئاخێوەرانەوە هەڵدەبژێررێن، تەنها ناوەڕۆکە واتاییەکانیان ناگرێتەوە، بگرە زیاتر لەمەش، ئاماژە بە چەندین لایەنی دیکەی وەک (تاکگەرایی، کەسایەتی، تەنانەت شێوازی قسەکەر و قسەکردنیش...) دەکەن.

تیۆری بنەمایی بەکارهێنان، سنورێکی مەودا فراوان بە ڕێزمانی دەربڕاوەکان دەبەخشێت، کە ڕێزمان تەنها لە یاسا و ڕێسا زمانی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان پێکنەهاتووە، بەڵکو ئەم لایەنانە، هەنگاوی

---


[١]- هەروەها سەبارەت بە (ڕێزمان و یاسا ڕێزمانییەکان، کە تەنها ئەرکیان نەخشاندنە)، بڕوانە: **A**- Langacker, 1991: 532-535. **B**- Rudzka-ostyn, B. 1988: 148.

دووەمی نەخشەکێشانە ڕێزمانییەکانن، هەربۆیە پێویستە لە شرۆڤە ڕێزمانییەکانی ڕێزمانی درکپێکردندا، ڕەهەندە پراگماتیکییەکەی ڕێزمان بەهەند وەربگیرێت، کە دەتوانرێت بە (پراگماتیکی ڕێزمانی)، ئاماژەپێبدرێت. بەو واتایەی، کە پراگماتیک و دەوروبەر و بارودۆخەکان، چۆن دەبن بە تێکردەی ڕێزمانی و ئەمەیش لە پێناو گەیاندنی مەبەستی دروستی ئاخێوەراندا ئەنجامدەدرێت. هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هیچ دارشتەیەکی ڕێزمانی پچڕاو و دابڕاو نییە لەو هێڵەگرێدەر و پەیوەستییە پراگماتیکییەی، کە ئاخێوەری تێدایە. دەکرێت زیاتر لەمەیش بڕۆین، کە ئاخێوەران زیاد لە یاسا و وشەکان، گرنگی زیاتر بە شوێن و کاتی قسەکردن و خۆیان دەدەن و لەبەرچاویدەگرن. بۆنموونە ئەگەر ئاخێوەرێک ویستی بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ شوێنێکی دیاریکراو بگەیەنێت، هەمیشە لایەنی بایۆلۆژی و فیزیکی..هتد و سەرجەمی ڕەهەندە پەیوەندیدارە پراگماتیکییەکان لەبەرچاودەگرێت و پاشان دارشتە ڕێزمانییەکانی خۆی لەسەر بونیاددەنێت. ئەمەش پەیوەستێتی و پەیوەندیی بەردەوامی هەرکام لە فەرهەنگ و ڕێزمان(ڕێزمانی درکپێکردن) لەبەرچاودەگرێت و ئەو یەکە و دارشتە ڕێزمانییانە هەڵدەبژێرێت، کە باشترین هاوتای مەبەستە پراگماتیکی و ویستە ئامانجدارەکەی خۆیان بێت. لەمڕوانگەیەوە نموونەکانی(١٧) لە ئاخێوەر دەبیسترێن:

١٧) ا- نایەمەوە. (نەگەڕانەوە بۆ شوێنێک، کە گوێگرانی لێبووە/لێیە، قسەکەری لێبێت، یاخود نا. پێشتر شوێنی ئەو بووە و جارێکیتر بۆی ناچێتەوە).


ب- ناچمەوە. (ئەگەر ئاخێوەر مەبەستی گەڕانەوەبێت بۆ هەر شوێنێکی دیکە، جگە لەو شوێنەی، کە قسەکەی تێداکردووە و گوێگر/گوێگرانیشی لێ نییە. مەرجنییە پێشتر شوێنی ئەو بووبێت).

لە دارشتە ڕێزمانییەکانی نموونەکانی (١٧)دا، ڕەهەندی پراگماتیکی، بەڕوونی لە ناوەڕۆکی یەکە و دارشتە ڕێزمانییەکاندا دەبینرێت. بەو واتایەی، ئامادەیی گوێگران/ئەوکەسانەی قسەیان بۆ دەکرێت، بەڕوونی لە ناوەڕۆکە چەمکییانەکەی هەرکام لە (نایەم، ناچم)دا بوونیان هەیە، هەربۆیە کاتێک ئاخێوەر نموونەیەکی وەک (١٧- ا) دەردەبڕێت، چەند بەچەمککردنێکی جیاواز، بەشداری لە بونیادی دارشتە ڕێزمانییەکەیدا دەکات. بۆنموونە (گەڕانەوە بۆ شوێنێک، کە گوێگرانی لێیە، دەشێت ئاخێوەری لێبێت، یاخود نا). لە کاتێکدا لە نموونەی (١٧- ب)دا، ئاخێوەر تەواو دڵنیایە لەوەی، ئەو شوێنەی، کە بۆی ناگەڕێتەوە، نەخۆی لێیە، نە گوێگرانیش. بەمشێوەیە لەهەرکام لە بارە جیاوازەکانی بەچەمککردنی (نایەمەوە)دا، (شوێن)، هاوتا و هاوپێچ و ئامادەی یەکێک لە قسەکەر و گوێگرە، بەڵام لە (ناچمەوە)دا، (شوێن)، وەک جەمسەرێکی سەربەخۆ و جیاواز لەهەرکام لە ئاخێوەر و گوێگر بوونی هەیە. ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنانەی بەچەمککردنی نموونەکانی (١٧)، لە وێنەکانی (١ و ٢)دا دەخرێنەڕوو.




**وێنەی (١)**

**بەشداریی و مەبەستەکانی (شوێن) لە ئاخاوتندا**




**وێنەی (٢)**

**ئامادەنەبوونی (شوێن) لە ئاخاوتندا**

زیاد لەمەیش، ئەگەر هاتو نموونەکانی (١٧)، لەڕێی پەیوەندیی تەلەفۆنییەوە ئەنجامبدرێن، ئاماژە بە بەچەمککردنی جیاوازی ئاخێوەر دەکەن، سەبارەت بە هەرکام لە (گوێگران و شوێنیش). بەوپێیە، دارشتەی ڕێزمانی نموونەکانی (١٧)، هەر هەمان دارشتە دەبێت، لەکاتێکدا گوزارشت و ئاماژە بە ناوەڕۆکی چەمکییانەی جیاوازدەکەن. بۆنموونە لە (نایەمەوە)ی نموونەکانی (١٧)دا، دەشێت گوێگر لە نزیکی ئاخێوەرەوە بێت، لەکاتێکدا ئەگەر بە پەیوەندیی تەلەفۆنی ئەو نموونەیە دەرببڕێت، دوورییەکی جیاوازتر پەیپێدەبرێت. لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە و لە پەیوەندیی تەلەفۆنیدا، لە هەرکام لە (نایەمەوە) و (ناچمەوە)دا، هەمیشە گوێگر لەو شوێنەیە، کە ئاخێوەر بۆی ناگەڕێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایانە، (Hamawand, 2008: 8)، ئەوە دەخاتەڕوو، کە "نەخشەکێشانێکی ڕاستەوخۆ لە دارشتەی درکپێکردنەوە بۆ دارشتەی سینتاکسی هەیە".

وەک لە نموونەکاندا دەردەکەوێت، ئامادەیی لایەنی پراگماتیکی، ڕۆڵێکی سەرەکی لە سروشت و چۆنییەتی دارشتە ڕێزمانییەکاندا هەیە و هەر ئەمەش پێیدەوترێت (بەچەمککردنی ڕێزمان) و سەرجەمی ڕێزمانی درکپێکردنی لەسەر بونیادنراوە، تا ئەو ڕادەیەی، کە ڕەهەندە پراگماتیکییەکان (سەرەڕای

ڕێزماندروستی)بڕیاری ڕاستی یان هەڵەیی دەربڕاوەکان دەدەن. بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی بیری پراگماتیکی ڕێزمانی، با لە نموونەکانی (١٨ و ١٩) بڕوانین:

١٨) ا- جگەرەکێشان لێرەدا قەدەغەیە.

ب- * جگەرەکێشان لەوێدا قەدەغەیە.

١٩) ا- تکایە خۆڵ لێرەدا مەڕێژن.

ب- * تکایە خۆڵ لەوێدا مەڕێژن.

هەڵبژاردنی ئامرازە زمانییەکانی (لێرە، لەوێ)، جیاوازییەکی پراگماتیکی و ڕێزمانی گرنگ(تا ڕادەی بڕیاردانی بە ڕاستی و هەڵەیی دەربڕاوەکان)، بەدەردەخەن، چونکە هاوپێچکردنی شوێنی ئاخێوەر لە (١٨-ا و ١٩-ا)دا، نیشانەی دەربڕاوێکی ڕاستی زمان و ڕێزمانی کوردیین. بەهەمانشێوە، هاوپێچکردنی شوێنی هەڵە لە (١٨-ب و ١٩-ب)دا، هێمای ناڕاستی بە دەربڕاوەکان بەخشیوە. هەموو ئەمانەیش ئاماژە بە بوونێکی شاراوەی کەسی قسەکەر/ڕیکلامکەر دەکەن لە نموونە و دەربڕاوەکانیاندا، کە هەر ئەو بوونەیش داڕشتە ڕێزمانییەکانی نموونەکانی (١٨ و ١٩)یان پێکهێناوە، تا ئەو ڕادەیەی، کە ئەگەر قسەکەر خاوەنی شوێنێک نەبوو، ناتوانێت هیچ کردەیەک لە بەرانبەر قەدەغەبکات. بەهەندوەرگرتنی هەموو ئەم لایەنانە لە شرۆڤەکردنی ڕێزماندا، وایدەکرد، کە تەواوی ڕێزمان، وەک ڕێبازێکی بنەمایی بەکارهێنان سەیربکرێت، کە ئەمەش سروشتێکی درکپێکردنانەی بە ڕێزمان بەخشیوە. ئەم ڕوانگەیە لە لێکدانەوە و شرۆڤە ڕێزمانییەکان، سەلمێنەری ئەوەن، کە ئێمە بەهۆی دەربڕاوەکانمان و ئەو داڕشتە ڕێزمانییانەی، کە دایاندەڕێژین، ئاماژە بە کۆزانیارییە زمانییەکانمان دەدەین، کە لە سەرچاوەکانی زانینمانەوە بەدەستمانهێناون.

## ١/ ٢) ڕێزمانی بونیادنانی زمانی کوردی

بەهەندوەرگرتنی تەواوی ئەو لایەنانەی، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕۆڵیان لە بونیادنان و داڕشتنی بونیادە زمانییەکاندا هەیە، واتای ڕوانینێکی سەرتاپاگیر لە زماندا دەگەیەنێت. پێکهاتە زمانییەکان لە بچوکترین یەکەوە، تاوەکو ئاست و پێکهێنەرە فراوانەکانی دیکە(بەپێی دابەشکارییە باوەکان)[١]، سەرجەمیان بۆ کارلێک و کاریگەری و کاردانەوەی (ئەزمونە جەستەیی و ئاوەزییەکان)ی ئاخێوەران لەگەڵ شت و کەس و ڕووداوەکاندا دەگەڕێتەوە. ئەزمونە جەستەییەکان وەک کارلێکە هەستی و کۆمەڵایەتییەکانی ئاخێوەران، هەروەها ئەزمونە ئاوەزییەکانیش، وەک نواندنە ئاوەزی و مامەڵە هۆشەکییەکانی ئاخێوەران لەگەڵ یەکەمیاندا، بەدیاردەکەون. بەمشێوەیە زمان "لەشێوەی زانیاریی ئابستراکت لە ئەقڵدا هەڵدەگیرێت، بەڵام بۆئەوەی ئەوە ڕووبدات، دەبێت ئەو زمانە لە جیهانی دەرەوەدا، وەکو ڕەفتاری کردەنی ئەزمونبکرێت و بەکاربهێنرێت". (ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ٢٠). لەمڕوانگەیەوە، بەردەوام بۆچوونی ئەرکی بۆ زمان، جەختی لەسەر دەکرێتەوە، کە گریمانەی بەجێهێنانی ئەرک و کردە، هەم بەهۆی زمانەوە، هەمیش لە بونیادە زمانییەکاندا، دەکاتە بنەمای لێکدانەوە زمانییەکان. لەم پێناوەشدا تەواوی یەکە و پێکهێنەرەکانی زمان، وەک هێمایەک دادەنرێن و لە کۆتایشدا سەرجەمی زمان بە پێواژۆیەکی هێمایی دەنوێنرێت. هێمایش هەرکام لە دیوەکانی (فۆڕم-واتا) لە نەخشەکێشانێکدا دەگەیەنێت و خودی هێماکە، سەرجەمی بوارە پەیوەستە باوەکانی وەک (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس و فۆڕمە فەرهەنگییەکان لە پەیوەستییەکی بەردەوام و دانەبڕاو بە هەرکام لە سیمانتیک و پڕاگماتیک و بارودۆخەکانی ئاخاوتنەوە(بە وردەکارییەکانی هەرکامیانەوە))، پێناسەدەکات. فێربوونی هێماکەش، لە ئەنجامدا ئاماژە بە فێربوونی هەرکام لە لایەنە پێکهێنەرەکانی خودی هێماکە دەدات، کە ئەم فێربوونەش، لە بارودۆخێکی ئاخاوتنی و ڕاستییەکی پڕاگماتیکیی هێماکەوە دێت. لە ئێستای لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا (بە گشتی دونیای زانست و لێکۆڵینەوەکان، پەیڕەوی لە شێوازی کارکردنی نێوزانستی/ زانستە ئاوێتەبووەکان Interdisciplinary) دەکرێت. زانستی زمانی درکپێکردنیش وەک ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی چەند لایەنی لە زمان دەردەکەوێت و چەندین تیۆری لە لقەکانی (ڕێزمانی درکپێکردن و سیمانتیکی درکپێکردن) لەخۆدەگرێت. ڕیزمانی بونیادنانیش، بەیەکێک لە تیۆرییەکانی لێکدانەوە زمانییەکانی قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردن دادەنرێت، کە ڕوانینێکی جیاواز لە ڕێزمان پێشکەشدەکات و لێکدانەوە و شرۆڤەکانی بۆ ڕێزمان، لەبەر ڕۆشنایی و لە ڕوانگەی فەلسەفە و بیرە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەکەوە بۆ ڕێزمان، درێژەپێدەدات.

---

[١]- بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە دابەشکارییە باو و کلاسیکییەکانی پێکهاتە و ئاستە زمانەوانییەکان، بڕوانە: ١- ئەمین، وریا عومەر، ٢٠١١. ٢- محێدین، بازیان یونس، ٢٠١٣. 3- Aitchison J., 1999.

لەم لایەنەوە، ڕێزمانی بونیادنان، جیاواز لە تەواوی مۆدێلە ڕێزمانییەکانی دیکە، ڕوانینێکی هێمایی بۆ سینتاکس و سیمانتیکی زمان، هەروەها هێماگەراییانە بۆ سەرجەمی ڕێزمان پێشنیازدەکات. هێما و هێماگەرایش، بەو خاسیەت و ئەدگارە تایبەتییانەوە، کە هێمایەک بە تەواوی پێکهێنەرەکانییەوە دەیگەیەنێت. وەک سەرەتا و بنەمایەکی پێشەکییانە دەربارەی ئەم جۆرە لە شیکردنەوەی ڕێزمانی زمان، کە بە ڕێزمانی بونیادنان(Construction Grammar) ناسراوە و کورتکراوەکەی دەبێت بە (C×G)، ئەوە دەخرێتەڕوو، کە زاراوەی بونیادنان گوزارشت لە هاوپەیوەندییەک لە نێوان (فۆڕم-واتا)ی سەرجەمی زمان و تەواوی پێکهاتە پەیوەندیدارەکانی زماندا دەکات. "لەم سەرنجەوە، هەرکام لە فۆڕمی زمانی و واتای زمانی، وەک دوو ئاستی پشتبەستوو بەیەکتر، دەرناکەون، بەڵکو بەشێوەیەکی جیانەکراوە، پێکەوە گرێدراون. لە ڕێزمانی بونیادناندا، جوتەکانی (فۆڕم-واتا)، نەک هەر بنەمای وشەن، بەڵکو سەرجەمی کۆزانیاریی زمانەوانی، لەو پەیوەندییە هێماییەدا، داکراون". (Wasserscheidt P., 2019: 95). مەبەستیش لە پەیوەندییە هێماییەکە، نواندنی هەرکام لە (فۆڕم) و (واتا)ی زمانییە لە هێمایەکدا؛ نەک فۆڕم بۆخۆی بەجیا و (واتا)یش وەک بەشێکی سەربەخۆ و هەرکامیشیان خاوەنی تایبەتێتیی خۆیانبن، بەڵکو فۆڕمە زمانییەکان، لە هەر ئاستێکی نواندندا بن (دەربڕین، نوسین)، ڕاستەوخۆ ئاماژە بە زانینە (واتاییەکە)ی خودی فۆڕمەکانیش دەدەن و هەردووکیان پێکەوە لە هێمایەکدا دەنوێنرێن.

لە ڕاستیدا ئەم هاوپەیوەندییە هێماییەی (فۆڕم و واتا)، تەنها لە وشەکانی زماندا نابینرێتەوە، بەڵکو سەرجەمی یەکە زمانییەکانی زمانیش دەگرێتەوە. بەمپێیە یەکە و سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکانی وەک (فۆن، ئاواز)، هەروەها یەکە مۆرفۆلۆژییەکانی وەک (مۆرفێم)ەکان و یەکەیەکی سینتاکسی وەک (ڕستە)یش، هێمایەکن، کە لەخۆیاندا گوزارشت لە یەکێتییەکی هاوپەیوەندیداری (فۆڕم-واتا)ی خودی یەکەکە دەکەن و لە بەکارهێنانیشیاندا، ئاماژە بە سەرجەمی کۆزانیارییە زمانییەکانی یەکەکان دەکرێت. "لە ڕێزمانی بونیادناندا، هەموو بیرۆکەکان بە دەوری ئەو خاڵەدا دەسوڕێنەوە، کە فۆڕمی زمانی، پەیوەستییەکی ڕاستەوخۆ و ناچاریی و دەورەدراوی بە ناوەڕۆکە واتاییەکەی و کردەی پەیوەندیکردنەکەیەوە هەیە. هەروەها ئەم ڕوانینەش دەبێت وەک بنەما بۆ هەر تیۆرییەکی پەسنی و شیکاری بونیادی زمانەوانی بەکاربهێنرێت". (Fried M., لە Kiss T. and Alexiadou A., 2015: 974). فێربوونی هێماکانیش، هەر بەپێی هەمان تایبەتێتییە، چ لە قۆناغی فێربوونی زمانی یەکەمدا بێت، یاخود لە قۆناغەکانی فێربوونی زمانەکانی دووەم و سێیەم و ...هتدا بێت. بەو واتایەی مرۆڤ بەسەرجەمی کۆزانیاریی یەکەکانەوە، فێریاندەبێت. هەربۆیە کاتێک فێرخوازێکی زمانی ئینگلیزی (وەک زمانی دووەم)، فۆڕمی وشەیەک نەناسێتەوە، بێگومان واتاکەیشی نازانێت. بەهەمانشێوە کاتێک گرفت لە گۆکردنی یەکێک لە دەنگەکانی زمانەکەدا هەبێت(وەک لایەنی فۆڕمی)، بۆنموونە دەنگەکانی /ذ، ث/، ڕاستەوخۆ بەواتای گرفت دێت لە کۆزانیارییە زمانییەکانی قسەکەرەکەدا، هەروەها گرفت لە تەواوی هێماکەدا دەهێنێتەئاراوە و بارودۆخی هەڵەتێگەیشتن و تەنانەت تێنەگەیشتنیش دروستدەبێت. پێچەوانەکەیشی ڕاستە، بەو واتایەی کاتێک، کە

واتای وشەیەکی ئینگلیزی نازانرێت، بەشێکی گرفتەکە بۆ نەناسینەوە و کورتهێنان لە کۆزانیارییە زمانییە فۆرمییەکەی یەکەکە دەگەڕێتەوە. سەرجەمی ئەمانەیش وەک چنراوێکی تۆڕبەندییانەی هێماکان دەردەکەون، کە قسەکەر لە زانینە زمانییەکانیدا بونیادیان دەنێت. لەم ڕوانینەوە بۆچوونی بەرهەمهێنان و پێواژۆکانی بەرهەمهێنان و یاساکانی گواستنەوە و ئاستەکانی قووڵ و ڕووکەش و هەنگاوە تەکنیکییەکانی بەرهەمهێنانی دەربڕاوەکان، بەرپەرچدەدرێنەوە. هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئاخێوەران هەمیشە دەست بۆ خودی سەرچاوەکان (هێماکان بە تەواوی زانیارییەکانیانەوە) دەبەن و بەکاریاندەهێنن و پێویستناکات بۆ هەر دەربڕاوێک هەنگاوەکانی بەرهەمهێنان جێبەجێبکەنەوە، لەبری ئەمە، بونیادنانی یەکەیەکی جێگیر و ئامادە و فێربوو لە فەرهەنگدا هەیە و ئاخێوەران مامەڵەی پێوەدەکەن. کە لە ڕاستیدا ئەم ڕوانینە لە زمان و پێواژۆ زمانییەکان، بنەڕەتی لێکدانەوە و ناوەندی گریمانەکانی ڕێزمانی بونیادنان پێکدەهێنێت، بەوەی، کە زمان وەک گشتێکی کۆکراوە لە فۆڕمەکان و بەکارهێنانەکان دادەنرێت و ئاخێوەرانیش هەر بەمجۆرە فێریدەبن و دواتریش بەکاریدەهێننەوە، کە فێربوونەکەیشیان، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک کردەی گواستراوەی کلتوری_زمانییە و لە نێوان ئاخێوەرانی کۆمەڵێکدا دەگوێزرێتەوە.

زاراوەی بونیادنان (Construction) لە زمانەوانیدا، ئامادەیی و بەکارهێنانێکی بەرچاوی هەیە و داهێنانی ئەم زاراوەیە بۆ ئەم ڕێبازەی لێکۆڵینەوە لە ڕێزمان (ڕێزمانی بونیادنان) ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەڕای زانا (گۆڵدبێرگ) "لە ڕێزمانی باویشدا گرنگی بە وردەکارییەکانی بونیادنانە تایبەتییەکان دراوە و لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ڕێزمانی گوێزانەوەیشدا، بونیادنانەکان ڕۆڵی ناوەندیی خۆیان پاراست و یاسا تایبەتییەکانی بونیادنان بوون بە نۆرم".(Goldberg A., 1995: 1). بەمشێوەیە بەکارهێنانی خودی زاراوەکە لە سەرەتادا، بۆ ئاماژەدان بووە بە هەموو ئەو بونیادنان/خستنەتەکیەکانەی، کە لە ڕێزمانی زماندا بوونیان هەبوو. کەواتە بونیادنان وەک تەرزێک، پەیوەندیدارە بە ڕێزمانەوە، بەڵام لە زانستی زمانی درکپێکردندا، مۆدێلێکی تایبەتی ڕێزمانی دەگرێتەوە و لەسەر ئەو بیرۆکەیە وەستاوە، کە یەکەی بنەڕەتی لە ڕێزماندا (بونیادنانە ڕێزمانییەکان)ن، وەک لەوەی تەنها یەکە سینتاکسییە یەکگرتوو و سەربەخۆکان و ئەو یاسایانەبن، کە یەکەکان لە تەنیشت یەکەوە دادەنێن(Schönefeld D., 2006: 2)[١]. کەواتە بونیادنان، ئەو ڕێبازانەی لێکۆڵینەوەی زمان دەگرێتەوە، کە جەختدەکەنەوە لە سەر ڕۆڵی ڕێزمان لە زماندا، بەڵام بە جیاوازیی بنەڕەتی. "زاراوەی (بونیادی)، کۆمەڵێک مەبەست دەگرێتەوە. هۆهاندەری

---

[١]- لە زمانەوانیی کوردیدا، بۆ یەکەمجار زاراوەی (بونیادنان) و (ڕێزمانی بونیادنان)، بە پاشخانە درکپێکراوەکەی و لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، بەرانبەر بە(Construction) و (Construction Grammar)، لەلایەن (پ.د. کاروان عومەر قادر)ەوە، پێشنیازکرا و لە (غەریب، نالی ئەدهەم ٢٠١٦: ٤٦)دا ئاماژەپێدراوە و لە (قادر، کاروان عومەر)دا و لە باسێکیدا بەناونیشانی (تەنینی وشەیی لە ڕێزمانی وشەییدا، ٢٠١٩)، وەک یەکێک لە ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی درکپێکردنانەی زمان، خراوەتەڕوو.

بنەڕەتی ئەم زاراوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕێبازی بونیادی/بونیادنان، گرنگی بە ڕۆڵی بونیادنانە ڕێزمانییەکان دەدات، بە لێکنزیککردنەوە/پێکەوەبەستنی فۆڕم و کردە پێکەوە". (Goldberg A., 2006: 1).

سەرەتای بیری ڕێزمانی بونیادنان لە چەند کارێکی زانایان (چارلس فیلمۆر، جۆرج لاکۆف، پاوڵ کەی...)، سەبارەت بە خستنەڕووی چۆنییەتی کاری خۆکارییانە و توانا درکپێکراوەکانی ئاوەزی مرۆڤ لە ڕێزماندا، دەبینرێتەوە. یەکەمین کارێکیش لەم بوارەدا ئەنجامدرابێت، بۆ زانا (چارلس فیلمۆر) دەگەڕێتەوە، کە لە سەرەتاکانی (١٩٨٠)دا و لەگەڵ یەکێک لە خوێندکارەکانی لە زانکۆی کالیفۆڕنیا، بیرۆکەی ڕێزمانی بونیادنانیان خستەڕوو. سەرجەمی کاری زانایان لەو پێناوەدابوو، کە دەیانویست بونیادی هەرکام لە ئیدیۆمەکان و دەربڕاوە ئامادەکانی زمانی مرۆڤ شیبکەنەوە. "بەگشتی سەرهەڵدان و گەشەپێدانی ڕێزمانی بونیادنان، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ١٩٨٠ و نیوەی یەکەمی ١٩٩٠". (Fried M. and Östman J., 2004: 1-10). لەڕاستیدا بنەڕەتەکانی ئەم مۆدێلە لە شیکردنەوەی ڕێزمانی، دەگەڕێتەوە بۆ چەند کارێکی پێشتر سەبارەت بە لێکدانەوەی ڕێزمان و زمان، بەتایبەتی دیارترین سەرنجی زانا (فیلمۆر) دەربارەی دیاردە ڕێزمانییەکان، کە بە (ڕێزمانی بار و حاڵەت) ناسراوە[١].

یەکێکی دیکە لەو بوارە ڕێزمانییانەی، کە وەک سەرەتای دەرکەوتنی بیری بونیادنان لە ڕێزماندا دەبینرێت و هێڵێکی دیاری سەرەتاکانی بونیادنان لە ڕێزماندا دەنەخشێنێت، بابەتی (ڕێزمانی پەیوەندیدار Relational Grammar) بوو، کە ئەمیش لە ساڵانی ١٩٧٥ بەدواوە، لە کاری زانایان ( Paul Postal) و (David Perlmutter)دا دەرکەوت و هەوڵیاندەدا، کە پەیوەندییەک لە نێوان ڕێسا و یاسا گشتییە ڕێزمانییەکان، لەگەڵ خواستە ڕێزمانی و سینتاکسییەکانی ئاخێوەری تاکدا دروستبکەن[٢]. هەروەها کارەکانی زانا (جۆرج لاکۆف) سەبارەت بە (سیمانتیکی درکپێکردن)، لە ساڵی ١٩٧٠دا، بە هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی بیری بونیادنان لە ڕێزماندا دادەنرێت و بەدیاریکراوی لە بابەتی ڕێزمانی گشتێتی (Gestalt Grammar)دا، کە تێیدا لاکۆف بۆ یەکەمینجار ڕێبازی ئەزمونی لە ڕێزماندا هێنایەکایەوە، کە چۆن ئاخێوەران بەهۆی ئەزمون (Experiential)ەوە، دەتوانن بونیادی ڕستەکانیان بنێن. لەمڕوانگەیەوە لاکۆف گریمانەی ئەوەی دەکرد، کە سەرچاوەی واتای دەربڕاوە زمانییەکان، لە واتای بەشە پێکهێنەرەکانی ئەو دەربڕاوەوە نایەت. لەبری ئەمە پێیوابوو، کە بونیادنانەکان بۆخۆیان واتادار و هەڵگری واتان. ئەو واتایەی، کە دەربڕاوەکان هەیانە، پێواژۆ بونیادنانەکە پێکیهێناوە، کە ئەمەیش بۆخۆی سروشتی و ئەزمونی و ئۆتۆماتیکییە. بەو واتایەی، کە سروشت و چۆنییەتی و چییەتی بونیادنان، بنەڕەتی یەکەمی پێبەخشینی واتایە بە دەربڕاوەکان. بەمەبەستی ئەزمونبەندکردنی ئەم ڕوانینە و جێگیرکردنی لە زمان و لێکدانەوە ڕێزمانییەکاندا، زانایان لە ئیدیۆمەکانی زمانەوە

---

[١] - بڕوانە: **١-** مەحویی، محەمەد، ٢٠٠٩: ٢٤٧–٢٥٨. **٢-** سەعید، یوسف شەریف، ٢٠٠٩.

[٢] – زانیاریی ورد و تەواو دەربارەی ڕێزمانی پەیوەندیدار، لە: **A-** Perlmutter D. M., 1983. **B-** Perlmutter D. M., 1980. **C-** Kracht M., 2002: 251-286.، دا دەبینرێتەوە.


دەستیانپێکرد. هەربۆیە سەرەتای بیری بونیادنان لە شرۆڤەی ئیدیۆمەکانەوە دەستپێدەکات. "زیادەڕەوی نابێت ئەگەر وادابنرێت، کە ڕێزمانی بونیادنان لە سۆنگەی گرنگیپێدان و دیاریکردنی شوێن و پێگەی ئیدیۆمەکان لە کۆزانیاریی ئاخێوەراندا لەناو ڕێزمانی زمانەکەیاندا دەستپێدەکات". ( Croft W. and Cruse A., 2004: 225). بەمشێوەیە ڕوانینەکان لە بونیاد و سروشت و تایبەتێتیی ئیدیۆمەکانی زمان، سەرنج و لێکدانەوە ڕێزمانییەکانی زانایانی قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردنی بەرەو مۆدێلێکی دیکەی ڕێزمانی برد، کە بە ڕێزمانی بونیادنان ناسراوە. دواتریش ئەم لێکدانەوانە لە ئیدیۆمەکانەوە پەڕییەوە بۆ سەرجەم بونیادنانە ڕێزمانی و زمانییەکانی دیکەی ئاخێوەران، لەڕاستیدا ئەمەش بۆچوون و سەرنجێکی نوێبوو لە زمانەوانیدا و تاوەکو ئێستایش، بەشرۆڤە و لێکدانەوەی جیاواز، بیری ڕێزمانی بونیادنان بۆ لێکدانەوەی زمان، لە گۆشەنیگای ڕێزمانێکی نوێباوەوە، کاری لەسەر دەکرێت. سەرجەمی ئەم کارانەیش، هەوڵدانبوون لەپێناو زیادکردن و بەشداریپێکردنی لایەنە سیمانتیکییەکان لە شیکردنەوە ڕێزمانییەکاندا. بەو واتایەی، هەوڵدانبوو، تا وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، کە چۆن سیمانتیک کاریگەری و بەشداریدەکات لە ڕێکخستنی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان و ئاڕاستەکردنی بارودۆخە ڕێزمانییەکاندا؟ کە دواتریش ئەم ڕوانینە زیاتر دەکشێت و تەنانەت خودی ڕێزمانیش دەخاتە ژێر یاساکانی بەکارهێنان و بارودۆخەکانی ئاخاوتنەوە و ئیدی سەرەتای لێکدانەوەکانی ڕێزمانی بونیادنان، لێرەوە دێتەئاراوە[١].

لە ڕێزمانی بونیادناندا، پێکەوە هاتنی (فۆڕم-واتا)کان لە سەرجەمی پێواژۆ زمانییەکاندا (فێربوونی زمانی یەکەم، بەکارهێنانی زمانی، فێربوونی زمانی دووەم)، بە زاراوەی بونیادنانەوە بەستراونەتەوە. سەرجەمی ئەم ڕوانینانەش لە زمان و ڕێزمانی زماندا، لە بیرۆکەی پەیوەستی و پەیوەندیداری (ڕێزمان و فەرهەنگ)ەوە سەرچاوەدەگرێت. هەر بۆیە لە ڕوانینی زانا (Goldberg لە Hoffman T. and Trousdale G., 2013: 26دا) وەوە، "ئامانجی ڕێزمانی بونیادنان، گەشەپێدانی تیۆرییەکی زمانییە، کە سەرجەمی کۆزانیاریی زمانی لەخۆبگرێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی یاسابەندیی و ڕێکخراوەییەکەی. لە هەمانکاتدا ڕەفتاری زمانی، وەک کردەیەکی داهێنەرانە و دووبارە و بەردەوام دەناسێنێت". بەمشێوەیە لە ڕێزمانی بونیادناندا، کۆکردنەوەی کۆزانیاریی زمانییە، ئەمەش بەهۆی جوتکردنی (فۆڕم-واتا)وە دەبێت لە سەرجەم یەکە زمانییەکاندا. لە کاتێکدا لە ڕوانینە باوەکاندا، جەمسەرەکانی (فۆڕم-واتا، کە بە زاراوەکانی (هێما و هێمابۆکراو)دەخرانەڕوو)، بە یەکە مۆرفۆلۆژی و هێما هەبووەکانی ناو فەرهەنگەوە دەبەسترانەوە. "هێمای زمانی بریتییە لە ڕۆنانێک، کە دوو دیو یان دوو ڕووی هەیە، دیوێکی پێکهاتووە لە ڕیزە دەنگێک، کە بەر گوێ دەکەوێت(دەبیسترێت). دیوەکەی تریش بریتییە لە بیرێک، کە بەرانبەر

---

١- زانیاریی ورد و تەواو سەبارەت بە ڕەهەندە مێژووییەکەی ڕێزمانی بونیادنان لە ڕێبازی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا، لە: **A-** Fried and Östman, 2004 و **B-** Croft and Cruse, 2004: 225-290. دا دەبینرێتەوە.


ڕیزە دەنگەکە دێت و لە مێشکی مرۆڤدا هەڵگیراوە. هەردوو دیوی هێماکە بەهۆی کاری تێکەڵکردنەوە بەیەکترەوە لکاون". (فەتاح، محەمەد مەعروف، ٢٠١١: ٤٤). کۆکراوەی ئەم ڕوانینە لە هێڵکاریی (٥)دا خراوەتەڕوو. بەڵام لە ڕێزمانی بونیادناندا، پەیوەستیی فۆڕم-واتا، تەنها وشەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ڕستەکانیش، وەک هێمایەک خاوەنی تایبەتێتیی(جوتەی فۆڕم-واتا)ن.




**هێڵکاریی (٥)**

**لێکدانەوە باوەکانی هێمای زمانی**

بەڵام لە ڕێزمانی بونیادناندا، بە ڕوانینێکی گشتگیر و سەرتاپایی لە هێمای زمانی دەڕوانرێت و سەرجەمی کۆزانیارییەکان دەربارەی یەک بەیەکی هێماکان لە نواندنێکدا دەخاتەڕوو. ڕوونکردنەوەی زیاتری سەرنجی بونیادنان سەبارەت بە هێمای زمانی، لە هێڵکاریی (٦)دا خراوەتەڕوو.




**هێڵکاریی (٦)**

**داڕشتەی هێمای زمانی لە بونیادنانێکدا** (Croft and Cruse, 2004: 258).

لە کاتێکدا گریمانەی هێمایی لە زماندا بنەڕەتێکی باو و ڕۆیشتووی هەیە، هەر بۆیە ڕوانینی ڕێزمانی بونیادنانیش دەربارەی جوتکردنی فۆڕم و واتا لە هێماکاندا، لەگەڵ زۆرێک لە ڕوانینە باوەکاندا بۆ

هێما، هاوتایە. تەنانەت ڕەگ و سەرچاوەی ئەم بۆچوونە هێماییە، لەناو ڕوانینەکانی (دیسۆسێر)دا بۆ زمان دەبینرێتەوە.[1]

بە سەرجەمی ئەو زانینانەی، کە ئاخێوەرێک دەربارەی زمانەکەی خۆی دەیزانێت، دەوترێت کۆزانیاریی زمانی. ڕێزمانی بونیادنان، ئەو ڕێبازە لێکۆڵینەوە ڕێزمانییەیە، کە دەربارەی کۆزانیاریی زمانی، هێنراوەتەئاراوە. بەو واتایەی، کە کۆزانیاریی زمانی، لە بونیادنانەکاندا دەبینرێتەوە. ئەمیش(بونیادنان)، وەک هێمایەک دادەنرێت، کە تێیدا زانیاریی دەربارەی دەنگەکان، خستنەپاڵیەکی دەنگ و چۆنییەتی گۆکردنیان...زانینی وشە و جۆرە جیاوازەکانی و چۆنییەتی خستنەپاڵیەکی وشەکان و چۆنییەتی دەستپێک و کۆتایهێنان پێیان، زانین دەربارەی ئەو واتایانەی، کە زیاترن لە وتراوەکان، زانین و ئاشنایی دەربارەی دەربڕاوە هونەرییەکان(کە مەبەست لە دەربڕاوە مێتافۆڕی و مێتۆنیمی و ئیدیۆمییەکانی زمانە)...هتد، لەخۆدەگرێت. تەنانەت لە ڕێزمانی بونیادناناندا، شێلگیرانەتر لە هێماکان دەڕوانرێت، تا ئەو ڕادەیەی، کە لقێک جیاکراوەتەوە و ناونراوە(ڕێزمانی بونیادنانی بنەمایی هێما Sign-based construction grammar)، کە لە ڕاستیدا هێماکان، تەنها وەک جوتکردنی (فۆڕم–واتا) نابینێت، بەڵکو بوارێکی فراوانتر دەگرێتەوە و پێویستە هەرکام لەم پێنج زانیارییە لەخۆبگرێت:

- فۆنۆلۆژی(فۆڕم)
- دروستەی ئارگومێنت[2](لیستێک لە ئارگومێنتی دەربڕاوی فەرهەنگی)،
- سینتاکس(کاتیگۆری و بە بەرهەمی)
- سیمانتیک (ناوەڕۆک و چوارچێوە)
- دەوروبەر (بابەت و سەرنج). (Boas H, and Sag I., 2012: 40-41).

لەڕوانگەی ئەم زانیارییە کۆکراوانەی هێماکان لە ڕێزمانی بونیادناندا، خشتە (١)، نواندنی هێمای زمانیی (موبایل)ە لە ڕێزمانی بونیادنانی زمانی کوردیدا.

| |
|---|
| فۆنۆلۆژی /Mobayl/ |
| مۆرفۆلۆژی /X/، ناو |
| سینتاکس [موبایلێکم کڕی] |
| سیمانتیک (چوارچێوەی واتایی /موبایل/) |
| دەوروبەر (لەسەر موبایل کوژراوە) |

**خشتەی (١)**

**بونیادی هێمایی (موبایل) لە ڕێزمانی بونیادناندا**

---

[1]- بڕوانە: Hoffman T., 2013: 19-26.

[2]- بڕوانە: مەحویی و هاوکارانی، ٢٠١٠: ٧٥–١٠٧.

کەواتە "ڕێبازە بونیادییەکانی لێکۆڵینەوەی ڕێزمان، یەکەی بنەڕەتی بۆ کۆزانیاریی زمانی وەردەگرێت. بە مەبەستی پێکەوەبەستنی جوتەی (فۆڕم–واتا)، ناونراون: بونیادنان". (Östman and Fried, 2005: 153). لە ڕاستیدا مەبەست لە جوتکردنی فۆڕم–واتا، تەنها فۆڕم و ناوەڕۆکی یەکە زمانییەکان نییە، بەڵکو پێکەوەبەستنی دوولایەنە، بەمجۆرە:

– لایەنی یەکەم (فۆڕم–واتا)ی هێماکان لە (سەرنجە باو و ڕۆیشتووەکەدا)،

– لایەنی دووەم (هاوتاکردنی لایەنی یەکەم، لەگەڵ بارودۆخی درکپێکردن و بەکارهێناندا)، کە ئەمەش بە فێربوون دەبێت و لە پاری یەکەمی ئەم بەشەدا، یەکێک لە گرنگترین تیۆرییەکان، کە بە تیۆریی (بنەمایی بەکارهێنان) ناوبرا، جەختی لەسەر دەکاتەوە. بەو واتایەی، کە بنەمای بونیادنانەکان لە ڕێزماندا، تیۆریی (بنەمایی بەکارهێنان) دایدەڕێژێت. بەمشێوەیە بونیادنانی ڕێزمانی، لە ڕێزمانی بونیادناندا، هەنگاوی دواتری تیۆری بنەمایی بەکارهێنانە، کە زیاتر جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمان لە بارودۆخەکاندا دەکاتەوە. تەنانەت زمانەوانی وەک (تۆماسیلۆ)، گرنگی بە دەسەلات و ڕۆڵی دووەم(بارودۆخەکان)، دەدات، لە ئاڕاستەکردنی زماندا، کە ئەمەش بنەمای تیۆریی بنەمایی بەکارهێنانە. بەجۆرێک ئەم تیۆرییە لە هەردوو ڕێزمانی درکپێکردن و ڕێزمانی بونیادناندا ئامادەیی هەیە، کە هەندێکجار ڕێزمانی درکپێکردن، وەک وەچە مەودایەکی ڕێزمانی بونیادنان دابنرێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو مەبەستە درکپێکراوە هەڵهێنجراوانە دەگەڕێتەوە، کە لە ڕێزمانی درکپێکردندا و لە پەیوەست بە ڕستە و دەربڕاوەکانی ئاخێوەرەوە، دەخرێنەڕوو، کە لەڕاستیدا ئەمەش بەهۆی بەکارهێنان و لێکدانەوەی ڕێزمانی، زیاد لە ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکانەوە، سەرهەڵدەدات. لەمڕوانگەیەوە ئەوە دەخرێتەڕوو، کە یاساکانی خستنەتەکیەکە سینتاکسییەکان، ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بە لێکدانەوە و بارودۆخەکانی بەکارهێنانەوە. کەواتە نەک ڕێزمان پەیوەستدەبێت بە بەکارهێنانەوە(وەک لە ڕێزمانی درکپێکردندا ئاماژەپێدرا)، بەڵکو خودی یاسا ڕێزمانییەکان(بونیادنانەکان)، پەیوەستدەکرێنەوە بە شرۆڤە و لێکدانەوەکانی ئاخێوەران و بارودۆخەکانی بەکارهێنانی یاسا ڕێزمانییەکانەوە. بەمشێوەیە ڕێزمانی بونیادنان، هەنگاوی دواتری ڕێزمانی درکپێکردنە و هەرجۆرە لێکدانەوەیەکی مەبەستی ئاخێوەران لە ڕەهەند و ڕوانگەی ڕێزمانییەوە، لەژێر چەتری ڕێزمانی بونیادناندا خۆی دەبینێتەوە[١].

هەمیشە ئاخێوەران بۆ گفتوگۆکردن، سود لە هەمان هێمای زمانی و هەمان یاسا ڕێزمانییەکانی زمان(بەپێی بارودۆخە هاوشێوە و جیاوازەکان)، وەردەگرن. تاوەکو لە کۆتایدا وەک جۆرێک، یان شێواز(نمط)ێکی ئاخاوتن لە ئاوەزی ئاخێوەراندا تۆماردەبێت و دواتریش دەگوازرێتەوە و پاشان ئەو شێوازەی ئاخاوتن، یاخود ئەو بونیادە ڕێزمانییانە، بۆ ئەو بارودۆخانە بەکاردەهێنرێنەوە. بەکارهێنان و شارەزاییەکان دەربارەی یەکە زمانییەکان و بونیادە ڕێزمانییەکانیش، لەسەربنەمای چەمکی

---

[١]- بڕوانە: Croft & Cruse, 2004: 278-283- .

دووبارەکردنەوە وەستاوە. بەو واتایەی، کە ئاخێوەران و بەکارهێنەرانی زمانێکی دیاریکراو، بەهۆی ئەزمونکردن و شارەزاییەکانیانەوە(کە بەهۆی دووبارەکردنەوەوە بەدەستیانهێناوە)، بونیادە زمانییەکانیان دەخەملێنن. بۆنموونە بەکارهێنانی یەکە زمانییەکانی وەک (کاژێر، ئاڵنگاری، گەنگەشە، ڕیفراندۆم، ٣١ی ئاب، زۆنی زەرد، هەفتەبازاڕ، هەرزان بازاڕ...)، کە لە ئێستادا و بەهۆی دووبارەکردنەوە و ڕاهاتنە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکانەوە لەگەڵیاندا، بوون بە بەشێک لە میمەی[1] ئاخێوەرانی باشوری کوردستان و لە ئاوەزەکاندا دێن و دەچن. لەکاتێکدا مەرجیش نییە، هەمیشە یەکە زمانییەکان بەهەمانشێوە و هەمان بونیادەوە لە میمەکاندا بگەڕێن، بەڵکو دەشێت لە ئاوەز و بارودۆخێکی کلتوری و کۆمەڵایەتیدا، گۆڕانی بونیادییان تیادا ڕووبدات و لە پێواژۆ گواستنەوەکاندا، بەجۆری دیکە دووبارە بکرێنەوە. بە واتایەکی دیکە، دەشێت چەمکی دووبارەبوونەوە، هەمیشە بەوجۆرەی، کە هەبووە و یەکەمجار ڕوویداوە، نەمێنێتەوە، گۆڕانکارییەکان چ بەسەر تاک_هێمایەکدا بێن، یاخود شێوازێکی ڕێزمانی بگرێتەوە. بۆنموونە بەکارهێنانی یەکە زمانییەکانی وەک (پێشمەرگە، ڕاپەڕین، شەڕی ناوخۆ، فلتەر، ئیمۆجی، گوند(لە بونیادەکانی: گوندی ئەڵمانی، گوندی ئیتاڵی)دا، خۆپیشاندان....)، لە ئاوەز و بارودۆخە کلتوری و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵی کوردیدا، واتای جیاواز لەخۆدەگرن و هەر بەهۆی ئەو گۆڕانە واتاییانەشەوە، دەشێت ببن بە بنەمای چەندین میمەی دیکە لە زمانی کوردیدا. یاخود ئەو شێوازە ڕێزمانییانەی، کە بەهۆی کاریگەریی ڕێزمانی عەرەبییەوە(دەشێت کاریگەرییەکە پەیوەندی بەو زمانە ڕیکلامییەوە هەبێت، کە بەهۆی زمانی عەرەبییەوە هاتووەتە ناو زمان و ڕێزمان و ئاخاوتنی کوردییەوە)، لە ئێستادا وەک شێوازێکی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا جێی خۆیان کردووەتەوە و وەک میمەیەکی عەرەبی و لە پێواژۆیەکی میمەتیکییانەدا، ئێستا بوون بە شێوازێکی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا و پاشانیش وەک میمە لە زمانەکەدا بەردەوام دەبن. نموونەکانی (٢٠)، ئەو شێوازە ڕێزمانییانەی زمانی عەرەبی لەناو ڕێزمانی کوردیدا دەنوێنن:

٢٠) ا- خاچی سور (صليب الأحمر)، مانگی دەستکرد (قمر الصناعي)،

ب- هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی ...... (يقوم بتنفيذ...)،

پ- پێشانگای شکار، بۆ بەکرێدانی ئۆتۆمبێل و .... (معرض شكار، لأيجار السيارات و...)

لە ئێستادا و بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەمان بونیاد و شێوازە ڕێزمانییەکانی نموونەکانی (٢٠)ەوە، وەک بەشێک لە میمەی زمانی کوردی دەردەکەون و ئاخێوەرانیش بەهۆی زۆر دووبارەکردنەوە و ڕاهاتن لەگەڵیاندا، لەبارودۆخە جیاوازەکاندا بونیادیان دەنێنەوە و لە ئاوەزێکەوە بۆ ئاوەزێکی دیکە دەگوازرێتەوە. لێرەوە خودی بونیادە ڕێزمانییەکان، کە پێشتریش لەگەڵ بارودۆخەکاندا جوتکراون،

[1] - Meme: زاراوەیەکە، لە بواری کلتوری و پەرەسەندن و گواستنەوەی کلتور و بوارە ناجێنەتیکییەکاندا بەکاردەهێنرێت، کە زیاتر پەیوەستدەبێتەوە بە ڕاهاتن و گونجان لەگەڵ هەر بەکارهێنانێکدا.

جارێکیتر هەڵگری واتا دەبن و بەو شێوازەیاندا دەناسرێنەوە. ئیدی بونیادنانە ڕێزمانییەکان بەشێک لە یادەوەریی و ڕاهاتنە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکانی ئاخێوەرانی سەر بە زمانێکی دیاریکراو پێکدەهێنن و پێیاندەوترێت (میمە Meme). بنەڕەتی میمە لە ژیاری مرۆڤدا، پەیوەندیی بە لێکدانەوەکانی تیۆریی (پەرەسەندن)ی زانا (چارلس داروین)ەوە هەیە. لە بنەڕەتدا بیری تیۆرییەکە پەیوەستە بە زانستی بایۆلۆژیا و جینات و چۆنییەتی پەرەسەندنی جیناتی جەستەی گیاندارەکانەوە. بیرۆکەی تیۆرییەکە دەربارەی پەرەسەندنە کلتوری و ژیارییەکانە، کە لێکدانەوەکانی هەم پەیوەستە بە ڕابردوو، هەمیش بە ئێستای ئەو بوارەوەی، کە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت. ئەوەی پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەبێت، خۆی لە ڕەهەندە مێژووییەکەی دیاردەیەک لە ڕابردوودا دەبینێتەوە، هەروەها ئەوەیشی پەیوەندی بە ئێستاوە هەبێت، گرنگی بە پێواژۆی (لاسایکردنەوە)ی ئەو دیاردەیە لە ئێستادا دەدات، کە وەک ئانالۆژیا و بەکارهێنانەوەیەکی دووبارەی دیاردەکە لەلایەن مرۆڤەوە دەردەکەوێت. میمە، لەو خاڵەدا پەیوەندیی بە پەرەسەندنەوە هەیە، کە هۆکاری گوێزەرەوە کلتورییەکانی ناو ئاگایی و درکپێکردنی مرۆڤە. یەکەی بنەڕەتی و بونیادین. بە واتایەکی دیکە، پێکهاتەی کلتورییە، کە لە ڕێگەی لاسایکردنەوەوە، ئیدی لاسایکردنەوەکە بە ڕەفتار بێت، یاخود وتە و دەربڕین و جوڵە و ....هتد، لە ئاگایی بەکۆمەڵدا دێت و دەچێت و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە(بە شێوازی نا_جێنەتیکی) دەگوازرێتەوە. کەواتە میمە، بیرۆکە و ڕەفتار و شێوازێکی تایبەت و دیاریکراوە. بەهۆی لاسایکردنەوەوە، بەردەوامی و دووبارەیی لەناو کلتورێکدا پێدەبەخشرێت و سەرجەمی پێواژۆکە بە (پێواژۆ میمەتیکییەکانMemetic Processes) ناودەبرێت و وەک دیاردەیەکی کلتوری و دەرکەوتووی ناو کلتورێک، بەدیاردەکەوێت. کەواتە میمە بوارێکی کلتوری و سیستەمێکی ڕەفتاری و بیرکردنەوەیە، کە بەهۆی لاسایی و دووبارەکردنەوە، یاخود هەر ڕێگایەکەی دیکەی نا_بۆماوەییەوە، لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێتەوە. زاراوەی میمە، بە مەبەستی شرۆڤەکردنی دیاردەی (دووبارەکردنەوە) و (گواستنەوە)، لە کلتور و ژیانی مرۆیدا، بۆ یەکەمجار لەلایەن زانا (Dawkins R., 1989: 192) ەوە بەکارهێنرا. "نموونەکان بۆ میمە، وەک ئاواز، بیرۆکەکان، دەستەواژەکان، جلوبەرگ، کەلوپەلی خواردن، نەخشاندنی تاقی ماڵ و خانوەکان. وەک چۆن جینەکان بەهۆی تۆو و هێلکەکانەوە، لەنێوان جەستەکاندا دەگوازرێنەوە، میمەکانیش بەهۆی بازدانیان لە ئاوەزێکەوە بۆ ئاوەزێکی دیکە، بڵاودەبنەوە و دەگوێزرێنەوە، ئەمەش لە ڕێگای کردەیەکەوە، کە بە دەربڕینێکی فراوان دەکرێت بە (پێواژۆی لاسایکردنەوە) ناوببرێت". ڕەفتارە زمانییەکانی ئاخێوەران، وەک جۆرێک لە پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی پێواژۆی لاسایکردنەوە دەبینرێن، کە لاسایکردنەوەی قۆناغەکانی فێربوونە زمانییەکەیە و لە بارودۆخەکانی ئاخاوتندا وەرگیراون. "ئەوەی پەیوەندی بە زمانەوە هەبێت، تیۆرییەکە پشتگیری لە جێگرەوە و گەشەپێدان دەکات بە دوو ڕێگا:

– هەمان ناوەڕۆک لە فۆڕمی جیاوازدا

- هەمان فۆرم، بە ناوەڕۆکی جیاوازەوە". (He Z., 2008: 71).

مەبەست لە هەمان ناوەڕۆک لە فۆڕمی جیاوازدا، ئەو بونیادە جیاواز و سەربەخۆیانە دەگرێتەوە، کە سەرجەمیان مەبەستیان لە یەک ناوەڕۆک/بەکارهێنانە. لەکاتێکدا پێچەوانەکەیشی (هەمان فۆرم، بە ناوەڕۆکی جیاوازەوە)، هەر دەبێت بە یەکێک لە ڕێگاکانی گەشەپێدان و جێگرەوە لە زماندا. نموونەکانی (٢١)، ئاماژە بە یەک ناوەڕۆک دەدەن لە فۆڕمی جیاوازدا:

٢١) ا- شەکەت و ماندوم.

ب- خوێنم بوو بە ئاو.

پ- نان لە قوڕگی شێردایە.

لەکاتێکدا دەشێت هەمان فۆڕمی زمانی، بەڵام ئاماژە بە ناوەڕۆکی جیاواز بدات، کە ئەمەیش دەوەستێتەوە سەر ئاستی درکپێکراو و بونیادنراوی ئاخێوەران، بۆنموونە:

٢٢)- دەعوەتەکەی چەورە.

دەربڕاوی (٢٢)، دەتوانرێت بەچەندین ناوەڕۆکی جیاوازەوە بەکارهێنانی هەبێت. دەشێت مەبەستەکانی (٢٣)، ئەو ناوەڕۆکە جیاوازانەبن، کە (٢٢) دەیانگرێتەوە:

٢٣) ا- بۆ ماڵی خەسوی دەڕوات.

ب- سودێکی مادی دەستدەکەوێت.

پ- خواردنێکی چەور دەخوات.

نموونەکانی (٢٣)، وەک جێگرەوە بۆ (٢٢)، دەردەکەون. ئەمەیش هێزی پەرەسەندنی بە (٢٢) بەخشیوە. بەم تایبەتمەندێتییانەوە، دەربڕاوەکان لە ئاوەزەکاندان، پاشان دەگوازرێنەوە. سەرجەمی تایبەتمەندێتییەکانیش، بە هەردووجۆرەکەیەوە(هەمان ناوەڕۆک بە فۆڕمی جیاواز) یان (هەمان فۆرم، بە ناوەڕۆکی جیاواز)، ئاماژە بە پەرەسەندن و گواستنەوە ئاوەزییەکانی هەم یەکە زمانییەکان و هەمیش قاڵب و شێوازە ڕێزمانییەکانی هەرکام لە (٢١، ٢٢ و ٢٣) دەدەن. هەمان ناوەڕۆک و فۆڕمی جیاواز، یاخود هەمان فۆڕم و ناوەڕۆکی جیاواز، دەبن بەو هەنگاوانەی، کە ڕێزمانی بونیادنان بە خواستن لە تیۆری بایۆلۆژیی (پەرەسەندن) دەیخوازێت و بینای گریمانە و سەرنج و بەڵگەکانیشی لەسەر بونیاددەنێت.

لە سەرەتاکانی ئەم پارەیشدا ئەوە خرایەڕوو، کە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بیری ڕێزمانی بونیادنان، لە گۆشەنیگای لێکدانەوەکانەوە دەربارەی ئیدیۆمەکانی زمان، سەریهەڵدا، کە ئیدیۆمەکان وەک باشترین دیاردەی (زمانی_کلتوری) بۆ مرۆڤ دەردەکەون، کە خاوەنی هەردوو ڕەهەندە مێژوویی و ئێستاییەکەی تیۆریی پەرەسەندنن. بەو واتایەی، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، ئەویش بەهۆی ڕووداو یاخود بەکارهێنانی زمانی هونەری و لەناویدا بەکارهێنانی مێتافۆڕییانەی زمانەوە، بونیادنراون. پاشان

لە ئێستایشدا بەهەمان بونیادنانەوە، لە بارودۆخە دیاریکراو و پێویستییەکاندا، ئاخێوەران لاسایی هەمان بونیاد دەکەنەوە و هێما زمانییەکە(ئیدیۆمەکە، بە فۆرم و ناوەڕۆکەکەیەوە)، بەکاردەهێننەوە. کەواتە بەهۆی میمەکانەوە، کە لە ئاوەزدا جێگیربوون و لە قوتابخانەی درکپێکردندا، سەرجەمی ئاوەز وەک یەک گورزە دەنوێنرێت، دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان بەکاردەهێننەوە و وەک باشترین نموونەی بونیادنانێکی ڕێزمانییانەی پەیڕەوکراو لە (جوتکردنی فۆرم-واتا/بەکارهێنان) لە زماندا، ئامادەییان هەیە و لەبەردەستی ئاخێوەراندان و لە کات و سات و شوێنی تایبەتی خۆیاندا بەکاردەهێنرێن، کە ئەم بەکارهێنانە، باشترین گوزارشتە لە باوەڕی (جوتکردنی فۆرم-واتا) و ناونانی بە (بونیادنان). لەمڕوانگەیەوە زانستی زمانی درکپێکردن و بەدیاریکراویش ڕێزمانی بونیادنان، باشترین لێکدانەوە بۆ بەکارهێنانە ئیدیۆمییەکانی زمانی مرۆڤ پێشکەشدەکەن. نموونەکانی (٢٤)، بە هەمان بونیادەوە گوازراونەتەوە و لە میمەدا تۆمارن. لە کاتێکدا نموونەکانی (٢٥)، هەردووجۆرە بازدانەکە دەنوێنن، بەو واتایەی، کە (٢٥-ا)، ئاماژە بە گواستنەوە واتاییەکەی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکە دەدات، بە هەمان شێوە و هەمان بونیادنانەوە، لەکاتێکدا (٢٥-ب)، میمەیەکی گۆڕاوە و بازدانێکی گۆڕاوی ئیدیۆمەکە دەنوێنێت:

٢٤) ا- ئاسنی سارد دەکوتێ.

ب- جام، کە پڕبوو، لێیدەڕژێت.

٢٥) ا- بە ئارەقی ناوچەوانی پەیدایکردووە.

ب- بە ئارەقی ناوگەڵی پەیدایکردووە.

پ- ئاگربڕ.

ت- ئاگربەست.

ج- ئەڵقە لەگوێ.


چ- مەسینە هەڵگر.

نموونە ئیدیۆمییەکانی (٢٥) هەردوو جۆرە بازدانەکە دەخەنەڕوو. بەو واتایەی، کە (٢٥-ا)، یەکەم جۆری بازدانە ئیدیۆمییەکە لە میمەکاندا دەخاتەڕوو، بەوەی، (کە کەسێک بەهۆی زۆر کارکردن و ماندووبوونی خۆیەوە، دەستکەوتێکی مادی بەدەستهێناوە)، لە کاتێکدا هەر (٢٥-ا)، وەک بونیادێکی گۆڕاوی ناو میمە لە (٢٥-ب)دا و لە پێواژۆیەکی میمەتیکییانەدا، بازدانێکی گۆڕاوی هەیە و سەرجەمی بونیادنانەکەی، لە ئێستای بەکارهێنانی ئاخێوەرانی کوردیدا، گۆڕیوە، کە (هەر لە سەرەتاوە واتای ئیدیۆمەکەی لە درکپێکردنێکی ئەرێنییەوە گۆڕیوە بۆ پێچەوانەکەی. ئەمەش بووەتە بنەمای بەخشینی بونیادنانێکی جیاوازی ئیدیۆمەکە و لە (٢٥ب)دا بەکارهێنراوەتەوە). بەهەمانشێوە نموونەی (٢٥-پ) ، وەک بونیادێک لە دوو بارودۆخی جیاوازدا بەکاردەهێنرێت، هەم "قسەکردن بەجۆرێکی وەها، کە شتێکی خراپ لە خۆت دووربخەیتەوە. دەستپێشکەری بۆ وەستاندنی تەشەنەی خراپە، پێش ئەوەی

بتگاتێ". (شەریف، عەبدولوەهاب کانەبی، ٢٠٠٥: ١٨)، دەگەیەنێت، هەمیش بە واتای (دابڕینی شوێنێک/زەوییەکی ئاگرگرتوو لە شوێنێک/زەوییەکی نزیکی خۆی، بۆئەوەی ئاگر ئەویش نەگرێتەوە). بەڵام هەمان بونیاد لە (٢٥-ت)دا، بازدان و گۆڕانێکی جیاوازتر دەنوێنێت، بەوەی، کە مەبەست لە کۆتاییهاتنی جەنگ و ناخۆشییە و بەهۆشییەوە گەیشتنە بەرێکەوتن. (٢٥-ج)، جگە لە واتا تایبەتییەکەی خۆی، بووەتە بنەما بۆ بونیادنانی ئیدیۆمێکی دیکەی وەک (٢٥-چ) و گۆڕانێکی میمەتیکی بەسەردا هاتووە و لە کاتی بازدانی لە نێوان ئاوەزەکاندا، بونیادنانەکەی گۆڕاوە و درکپێکردنێکی جیاواز دەگەیەنێت. بەمشێوەیە هەرکام لە نموونەکانی (٢٥)، بونیادنراوێکی گۆڕاو دەنوێنن، بێگومان، کە دەوترێت بونیادنراو، مەبەست لەو بونیادنانەیە(هەم فۆڕم، هەم واتا/بەکارهێنان)، کە ڕێزمانی بونیادنان پێشنیازی کردووە.

لێکۆڵینەوەی زمان و بەستنەوەی بە میمەکانەوە، سەرنجێکی نوێیە لە لێکدانەوەی زمان لە ڕوانگەی پاشماوە و یادگارە کلتوری و زمانییەکانەوە. هەروەها تێگەیشتن و لێکدانەوە درکپێکراوە هەمیشە زیندو و جوڵاوەکانی ژیانمان سەبارەت بە زمان و پەرەسەندنە زمانییەکان و لێکدانەوەی زمان لە سۆنگەی پەیوەندیی کلتوری_کۆمەڵایەتییەکاندا، دەگۆڕێت. بۆنموونە ئاخێوەرانی زمان، بونیادنانە ئیدیۆمییە ئامادە و جێگیر و بەنۆرم بووەکان، وەک فۆڕمێک، بە بارودۆخێکی دیاریکراوی بەکارهێنانەوە، بەکاریاندەهێننەوە. پێشتریش ئەوە خرایەڕوو، کە لێکدانەوەکانی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان، بوون بە دەستپێکی لێکۆڵینەوەی بونیادنراو لە ڕێزمانی زماندا. پاشان ئەم بیرە فراوانکرا و سەرجەمی ڕێزمانی زمانی گرتەوە و لە ئێستای ڕێزمانی بونیادناندا، ڕێزمان و وەرگرتنی ڕێزمان و تەواوی وردەکارییە ڕێزمانییەکان، بەهۆی میمەوە و بەشێوازێکی کلتوری و خۆکرد، بۆ ئاخێوەران دەگوازرێنەوە، ئاخێوەرانیش هەرکام لە (فۆڕم-واتا/بەکارهێنان)ەکانی، بە جوتکراوی وەرگرتووە و بەهۆی دووبارە بەکارهێنانەوەی بونیادنانەکانەوە، فێریاندەبن و ئەمەش پێواژۆی زمانپژانە لەلای منداڵ. "میمە لە زمانە سروشتییەکاندا، لە سێ سەرچاوەوە دێت:

- پێڕەوەکانی گەیاندنی پەروەردە و کۆزانیاریی،
- بەکارهێنانی ئیدیۆمیی وشە و فرێزەکان،
- گۆڕانە لەناکاو و لەخۆوەکان، لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا".(He Z., 2008: 72). هێڵکاریی (٧)، چۆنییەتی زمانپژانی منداڵ لەڕوانگەی بونیادنانەوە ڕووندەکاتەوە، هەروەها بەکارهێنانی ڕۆژانەی نموونەکانی (٢٦)، ئاماژەیەکی ڕوون و دیارن، لە بەکارهێنانێکی دووبارە و فێربوونێکی لە چەشنی (کلتوری_زمانی)، لەلایەن ئاخێوەرانەوە، هەمیشەیش دەربڕاو(وەک فۆڕم، لە دابەشکارییە باوەکەدا) و بارودۆخی پێویستی تیاگوتراو(وەک ناوەڕۆکی خودی دەربڕاوەکە و ناوەڕۆکی بارودۆخی تیاگوتراو)، دەبن بە بونیادنانێک و گشت پێواژۆکە پێکەوە فێردەبێت و لە دوایشدا و پێکەوە و لە بارودۆخێکی تایبەتدا(بەکارهێنان) دەریاندەبڕێتەوە.




**هێڵکاریی (٧)**

**پێواژۆی فێربوونی زمان**

٢٦) ا- چەپڵە بە دەستێک لێنادرێت.

ب- لە کانییەک ئاوت خواردەوە، بەردی تێ فڕێ مەدە.

پ- ئاشی نەزانە و خوا دەیگێڕێت.

ئەم بونیادنانانە لە بەکارهێنانی تایبەتەوە وەردەگیرێن و لە ئاوەز و یادگەی ئاخێوەراندا دادەکرێن و بەشێوەیەکی هەمەکییانە فێریاندەبن. پاشان وەک بەشێک لە میمە، لەلای ئاخێوەران دەمێنێتەوە و دواتریش سەرجەمی بونیادەکە بەپێی پێویستییەکانی، بەکاردەهێنرێتەوە. منداڵ لە قۆناغەکانی سەرەتای زمانپژانیدا، درکپێکردن و ئاگایی سەبارەت بە بونیادنانی نموونەکانی (٢٦) نییە و نابێت، هەرچەندە زانیاریی زمانیشی سەبارەت بە (چەپڵە، یەک، دەست، لێدان) هەبێت، بەڵام ئەزمونی بونیادنراوی منداڵ، ڕێگری لە بونیادنانی (٢٦-ا) دەکات. بە هەمانشێوە، کە بەکارهێنانە زمانییەکەی، لە شێوەی (٢٦-ب)دا، دەوەستێتە سەر ئەو شارەزاییە زمانییەی، کە بەهۆی بەکارهێنانەوە بەدەستدەهێنرێت. هەر بەوشێوەیەیش، (٢٦-پ)، وەک بونیادنراوێک لەلای ئاخێوەران دەردەکەوێت، کە بونیادنانیشی پەیوەستدەبێتەوە بەو جوتکردنە فۆڕم-بەکارهێنانەی، کە ڕێزمانی بونیادنان پێشنیازیدەکات و بەهەمان بونیادیشەوە، لە بارودۆخەکاندا بەکاردەهێنرێنەوە. بەمشێوەیە دەتوانرێت هەر سێ سەرچاوەکەی میمە لە نموونەکانی (٢٦) و هێڵکاریی (٧)دا ببینرێتەوە.

له ڕوانگەیەکی دیکەوە، نموونەی جۆرێک لە بونیادی ڕستەی زمانی کوردی دەهێنرێتەوە، کە بە بونیادی ڕێزمانی ڕستەی لە چەشنی ویست و ئارەزوو ناسراون. ئەم شێوازە لە بونیادی ڕستەکانی زمانی کوردی، زیاتر وەک ئەو ڕستانەی زمانی ئینگلیزین[١]، کە کرداری یارمەتیدەریان تێدایە، واتە ئامرازە ویست و ئارەزووەکان/ئامرازە سەرپشکییەکان لە ناو ڕستەی زمانی کوردیدا وەک ئامرازێکی یارمەتیدەرن بۆ کرداری سەرەکی ڕستەکە[٢]. ئەوەی لەم جۆرە ڕستانەدا جێی سەرنجە، ئەگەر هاتوو کرداری سەرەکی ڕستەکە بە هەر کات و مود و ڕێژەیەک بگۆڕدرێت، ئەو خاسیەتە سەرپشکییانەی خۆی هەر دەپارێزێت و ئەمەش خاسیەتێکە ئاخێوەری کورد هەمەکییانە بە شێوەی میمە لە پێواژۆی

---

[١]- بۆنموونە بونیادێکی ڕێزمانی لە چەشنی (has, …ing, …s)، لە زمانی ئینگلیزیدا، شێوازێک/بونیادنانێکی دیاریکراو دەگەیەنن، سەرەڕای ئەو پارچانەی دیکەی، کە دەلکێن بەم بونیادنانانەوە/بەچاوپۆشین لە یەکە و هێماکانی دیکەی هاتوو لەگەڵ ئەم بونیادانەدا، واتایەک دەگەیەنن، کە هەموو قسەپێکەرێکی زمانی ئینگلیزی شارەزایی و زانینی دەربارەی فۆرم و واتا و ئەو بوارە واتاییە هەیە، کە ئەم بونیادانە دەیگەیەنن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستەی سەرەوە، با لە نموونەکانی (٢٧) لە زمانی ئینگلیزیدا بڕوانین:

27) A- I am do**ing** my homework.
B- He studd**ed** Kurdish language.
C- She **has** so many talents.

هەرکام لە بونیادەکانی نموونەکانی (٢٧)، بۆخۆیان هەڵگری واتا و مەبەستێکی تایبەت و دیاریکراون، کە هەمیشە لە ئاوەز و مەودای درکپێکردنی قسەپێکەرانی زمانی ئینگلیزیدا وەک بونیادێکی جێگیر، خاوەنی واتای تەواوی خۆیانن. بۆنموونە لە (27 A)دا، پاشگری (…ing)، وەک بونیادی بەردەوامی لە سەرجەم بونیادنانەکانی ڕێزمانی ئینگلیزیدا واتای خۆی دەگەیەنێت. تەنانەت ئەگەر کاتی ڕستەکە لە بەردەوامی سادەوە بگۆڕرێت بۆ هەر کاتێکی دیکەیش، هێشتا وەک بونیادێکی بەردەوامی دەردەکەوێت. نموونەکانی (٢٨)، بەکارهێنانە جیاوازەکانی بونیادی (…ing) لە زمانی ئینگلیزیدا دەنوێنن:

28) A- I have been waiting every night.
B- I will be watching your competition.

لە بەکارهێنانە جیاوازەکانی (…ing)دا بۆ کاتە جیاوازەکانیش، وەک بونیادێکی بەردەوامی، هەڵگری واتا دەبێت. بەهەمانشێوە (…ed)، لەنموونەی (27 B)دا، بونیادی ڕابردوو لە ڕێزمانی ئینگلیزیدا دەگەیەنێت و (has)یش، واتای خاوەنداریی بۆ ئەو یەکەیەی، کە لە تەنیشتییەوە هاتووە، دەگەیەنێت. هەروەک چۆن لە ڕێزمانی فارسیشدا بونیادەکانی (خواه، ...را)، بۆخۆیان واتا و مەبەستی تایبەت لە توانستی درکپێکردنی قسەپێکەرانی زمانی فارسیدا دەگەیەنن، کە (خواه)، ئاماژە بە کاتی ئایندە دەدات و (...را)یش، نیشانەی (بەرکار)ی بەو کەرەستەیە دەبەخشێت، کە پێوەی دەلکێت. بەمشێوەیە بونیادنانەکانیش واتا دەگەیەنن، ئیدی ئەو واتایە ناوەڕۆکێکی سیمانتیکی بێت، یاخود ناوەڕۆکێکی زانیاری. کەواتە لە بونیادناندا بە سەرنجێکی واتادارەوە لە خودی یاسا ڕێزمانییەکان دەڕوانرێت. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی سروشتی کارکردنی هەرکام لە ئامرازەکانی (…ing)ی ئینگلیزی و (...را)ی فارسی، بڕوانە: ١- خانلری، پرویز ناتل، ١٣٩٥: ٣٨٤- ٤٠٠. ٢- مشكوة الديني، مهدی، ١٣٩٦ :١٨٩- ١٩٧. 190 - 171 :3- Declerck R., 2006

[٢] - زانیاریی زیاتر دەربارەی مامەڵە و ڕەفتاری ئەم جۆرە لە کردارەکانی زمانی کوردیدا، لە: - بۆمبا، ڕووناک مەحمود(٢٠٠١)دا دەبینرێتەوە.

زمانپژاندنیدا وەریگرتووە و بە دووبارەکراوەیی بەکاریاندەهێنێتەوە وەک داکراوێکی ئاوەزی لێهاتووە.
بۆ نموونە:
٢٩)ا- خۆزگە/ کاشکی/ شەڵڵا/ بریا برۆیشتایە.
ب- خۆزگە/ کاشکی/ شەڵڵا/ بریا نەڕۆیشتایە.
پ- خۆزگە/ کاشکی/ شەڵڵا/ بریا دەڕۆیشت.
ت- خۆزگە/ کاشکی/ شەڵڵا/ بریا نەدەڕۆیشتین.
ج- خۆزگە/ کاشکی/ شەڵڵا/ بریا برۆیشتمایە.......هتد.

لە نموونەکانی (٢٩)دا، تێبینی جۆر و شێوازی ڕێزمانی ڕستەکان بەجۆرێکە، کە کات و ڕێژەکانیان، بەشێوازی فێربوونی کلتورییانەیە و وردەکارییە ڕێزمانییەکانیان بەلای ئاخێوەرانەوە وەک قاڵب و شێوازێکی جێگیر و ئامادە لە زمان و ڕێزمانەکەیاندا وەردەگیرێت. "بەپێچەوانەی سەرنجە باوەکانی یاسا زمانەوانییەکانەوە، کە تەنها وەک ڕێکارییەکی جەبری بۆ تێکەڵکردن و پێکەوەدانانی هێماکان بەکاردەهێنرێن و خۆیان بەشداریی هیچ واتایەک ناکەن، کاتیگۆری و بونیادنانە زمانییەکان، بۆخۆیان هێمای زمانیی واتادارن، چونکە وەک شێوازێک دەردەکەون، کە هێمای زمانییان تێدا بەکاردەهێنرێت بۆ پەیوەندیکردن". (Tomasello M., 2003: 99). ئەو جیاوازییانەی، کە بەهۆی بونیادە ڕێزمانییە جیاوازەکانەوە دێنەئاراوە، ڕەنگدانەوەی ئەزمونە گشتی و دووبارەبووەکانی ژیانمانن، کە وەک شێوازێکی دیاریکراوی بونیادنانێک، شارەزایمان دەربارەیان پەیداکردووە. بۆنموونە هێمانی (Boy، پسر، ولد، کوڕ)، سەرجەمیان بەرانبەر یەک وێنای ئاوەزی لە ئاوەزی مرۆڤەکاندا دەوەستنەوە و یەک وێنەی چەمکییان هەیە. لە کاتێکدا جیاوازییە ڕێزمانییەکان بەهۆکاری ئەزمونە دووبارە و گشتی و گوازراوەکان(لە ئاوەزێکەوە بۆ ئاوەزی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵ)ی ئاخێوەرانی زمانێکەوە لەگەڵ بونیادنانەکاندا دروستدەبن. هەر ئەمەیش وایکردووە، کە ئاخێوەرانی زمانی کوردی(بەهۆی دووبارەبوونەوەی ئەزمونەکانیان لەگەڵ بونیادە ڕێزمانییەکاندا)، شارەزاییان دەربارەی بونیادێکی وەک (X + مۆرفێمی بچووککردنەوە) پەیداکردووە و هەر ئەم بونیادەیش بۆخۆی هەڵگری واتا دەبێت. "وەک وشەکانی زمان، ڕێزمانی زمانیش پڕواتایە". (Radden G. and Dirven R., 2007: XI). نموونەکانی (٣٠)، ئاماژە بە بونیادی (X + م. بچووککردنەوە) لە ڕێزمانی بونیادنانی زمانی کوردیدا دەدەن:
٣٠) ا- N+ م. بچووککردنەوە، (دەریاچە، باخچە، بوکەڵە، مێروولە...)
ب- A+ م. بچووککردنەوە، (ڕەشکەڵە، نەرمۆڵە، جوانکیلە...)

بەمشێوەیە ئەم بونیادنانە فراواندەکرێت و بەسەر تەواوی داڕشتە ڕێزمانییەکاندا جێبەجێدەکرێت و بونیادێکی تایبەتی ڕێزمانی پێکدەهێنێت، کە ئەمەش گوزارشت و ئاماژە بە فێربوونی ئاخێوەران دەدات لەگەڵ بونیادەکاندا. کەواتە دروستی بونیادە ڕێزمانییەکان، بۆ فێربوون و ئەزمونکردنی پێشینەی

ئاخێوەران دەگەڕێتەوە، لەگەڵ واتادارێی بونیادەکاندا، ئەگەر نا، هیچ بەربەستێکی ڕێزمانی نییە، کە ڕێگە بە (*زەریاچە) نەدات، جگە لە بونیادنان(بەهۆی جوتکردنی فۆڕم–واتا/بەکارهێنانی یەکەکان)ەوە، کە یەکەیەکی وەک (*زەریاچە)، پەیڕەوی لە بونیادنانێکی (تەنها لایەنی فۆڕم)ی ( N+ م. بچوککردنەوە)، کردووە. لە کاتێکدا هەرکام لە (*زەریاچە، *ڕوبارچە، *شاخچە)، پەیڕەوییان لە بونیادنانی جوتکردنی (فۆڕم–واتا)، بەهۆی بەکارهێنانەوە، نەکردووە، هەربۆیە ڕێگە بەم شێوازانە نادرێت. لەمڕوانگەیەوەیە، کە ڕێزمانی بونیادنان، ئەوە دەسەلمێنێت، کە ڕێزمانی زمان بەهۆی بەکارهێنانەوە دەخەملێت، نەوەک سروشتی و خۆڕسکی بێت، ئەگەر نا، ڕێگە بە (*زەریاچە، *ڕوبارچە، *شاخچە)یش، دەدرا. بەمشێوەیە، بونیادنانەکان بۆخۆیان پڕواتان، تەنها و تەنها کاتێک بەهۆی جوتکردنی (فۆڕم–واتا)، لە بەکارهێناندا بونیادنرابن. پاشان ئەم بونیادە دەبێت بە شێوازێک و ئاخێوەران فێری واتادارێی شێوازەکە دەبن و لە پێواژۆیەکی بەرهەمداری دووبارەبووەوەدا، بونیادەکە بە بوونی یەکەی جیاواز، بۆ گوزارشت لە بارودۆخی جیاواز، لە بەکارهێنانی جیاوازدا، بەکاردەهێننەوە، هەربۆیە بونیادنان بە واتای فێربوونی جوتکردنی (فۆڕم–واتا/کردە)، پێکەوە دەبێت. لەمڕوانگەیەوە و بەلای زانا (Croft W., 2022:9) وە، "لە شیکاری زمانیدا، پۆلەکانی وشە، بە بەستەر و ناوەڕۆکە سیمانتیکییەکانیانەوە ناناسرێن، بەڵکو لەبری ئەمە، بەهۆی هاتن و ڕوودانیان لە بونیادنانەکاندا پێناسەدەکرێن". بە واتایەکی دیکە، چۆنییەتی ڕوودان و هاتنی وشەکانە لە ڕۆڵێکی تایبەتی بونیادناندا. دەتوانرێت هەر لەم ڕوانگەیەوە، نموونەکانی (٣٠)، لەلایەن ئاخێوەری کوردەوە، ئانالۆژییانە بەکاربهێنرێنەوە. هەرچەندە دەبێت ئەوە بخرێتەڕوو، کە مەبەست لەو ئانالۆژییە زمانییە نییە، کە پەیوەستە بە وردەکارییە تەکنیکییەکانی سینتاکس و ڕێزمانی باو و بەرهەمهێنانەوە، کە بە ڕێژەیەکی زیاتر گرنگی بە بەرهەمهێنانەوەی یەکە فەرهەنگییەکان و نەریتی دووبارە بەکارهێنانەوەی یاسا ڕێزمانییەکان بۆ سەرلەنوێ دروستکردنی یەکەی نوێ لە زماندا دەدات. "وشەدروستکردن لەسەر نموونەی چاولێکراو یان ئانالۆژی(چوونیەکی/چوون ئەوی)، وەستاوە و بە ئانالۆژی بەرێوەدەڕوات". (مەحویی، محەمەد، ٢٠١٠: ٥٢). ئەگەر ئەم بۆچوونە وەک پێوەرێک بۆ نموونەکانی (٣٠)، بەهەندوەربگیرێت، ئەوا دەبوو ڕێگە بە هەریەک لە (*زەریاچە، *ڕووبارچە، *شاخچە)یش بدرایە. لەکاتێکدا ئانالۆژی لە واتا درکپێکراوییەکەی زانستی زمانی درکپێکردن و بە دیاریکراویش لە ڕێزمانی بونیادناندا، لە پێواژۆیەکی ئاوەزییانەی درکپێکراوی بونیادنراوەوە سەرچاوە دەگرێت و پەیوەستە بەو بونیادانەوە، کە ئاخێوەران ئەزمون و شارەزاییان دەربارەیان هەیە. بەمشێوەیە "ئانالۆژی پێواژۆیەکی درکپێکراوی گشتییە، بە مەبەستی گواستنەوەی کۆزانیارییەکی دیاریکراو". (Blevins J. P. and Blevins J., 2009: 2). گواستنەوەکەیش بەو تایبەتێتییانەوە دەبێت، کە ڕێزمانی بونیادنان پێشنیازیاندەکات.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت، کە بونیادنانەکان، لەبەرئەوەی گرنگییەکی زۆر بە بارودۆخی بەکارهێنان و گشتاندنی ئەم بەکارهێنانە و پاشخانی ئەزمونی و کلتوری و کۆمەڵایەتی دەدەن(تا ئەو

ڕادەیەی، کە خودی بونیادەکان، لەسەربنەمای ئەمانە داڕێژراون و هاتوونەتەئاراوە و جێگیربوون)، هەر بۆیە تایبەتن بە زمانە دیاریکراوەکانەوە. بەو واتایەی بونیادێکی ڕێزمانی زمانی کوردی، تایبەتە بە خودی زمانەکە و بۆ زمانەکانی دیکەیش هەر بەهەمانشێوەیە[١]. بەڵام ئەم ڕوانینە هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە بونیادە ڕێزمانییەکان لە ڕێزمانی بونیادناندا، پڕواتان و وەک ڕەهەندێکی واتایی لە زمانەکاندا ڕۆڵدەگێڕن. بەمشێوەیە بڕوای بنەڕەتی ڕێزمانی بونیادنان، لەسەر ئەوە وەستاوە، کە (یاسا ڕێزمانییەکان)، کە لە ڕێزمانی بونیادناندا، بە بونیادنانەکان، دادەنرێن، واتا دەگەیەنن. لە کاتێکدا و لەسەرجەمی لێکدانەوە باوەکانی ڕێزماندا، واتاکان بەهۆی یەکەی فەرهەنگی یاخود وشەکانەوە و بە هاوکاریی یاسا ڕێزمانییەکان، دەگەیەنران، کە یاسا ڕێزمانی و سینتاکسییەکان بەمەبەستی شێوازبەندیی زنجیرە هێماییەکان بەشێوەی تاکتیکی بەکاردەهێنرێن، بۆنموونە پاشگر و پێشگرەکان لە بونیادە مۆرفۆلۆژییەکاندا، یاخود داڕشتە سینتاکسییەکانی لە چەشنی سەرەوڕیزبوون و پارامێتەر، لە کاتێکدا لە ڕێزمانی بونیادناندا، ئەم یاسا ڕێزمانییانە شێوازێکن، کە گوزارشتی واتایی دەگەیەنن، ئەمەیش بەرەو سەرنجێکمان دەبات، کە بەهۆیەوە "ڕێزمان وەک بەشێکی نەرم و کشاو( Flexibility of Grammar)(هەتاوەکو خودی یاسا ڕێزمانییەکانیش، پڕواتا دەربکەون)، وێنا بکەین". ( Matsumoto Y., 2021: 105 - 108). لەڕاستیدا ئەم ڕوانینە لە ڕێزمان، تەواو جیاوازە لە بۆچوونە باوەکان و بەدیاریکراویش سەرنجەکانی قوتابخانە شێوازبەندەکان لەسەر ڕێزمان، لەبەرئەوەی جگە لە ڕۆڵە ڕێزمانییەکان، هیچ واتا و مەودایەکی دیکە بۆ یاسا ڕێزمانییەکان ناهێڵنەوە. "یاسا سینتاکسییەکان تەنها یەک کار دەکەن، زنجیرەی هێماکان دیاریدەکەن، کە وەک یەکەیەک بۆ مەبەستێکی سینتاکسی ڕۆڵدەگێڕن، بەبێ ئەوەی توانایان هەبێت هیچ ناوەڕۆکێکی چەمکی بۆ ئەو ناوەڕۆکانە زیادبکەن، کە وشەکان دەیگەیەنن. لە کاتێکدا ئەگەر واتای خودی ڕستەکان(ئەو چەمکانەی، کە وشەکان دەیگەیەنن)، لە بونیادنانەکانەوە نەهاتبێت، چ واتایەک، یاخود چ ڕۆڵ و ئەرکێک بۆ بونیادنانەکان دەمێنێتەوە". (Boas and Sag, 40). لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەئاراوە، کە ئایا بونیادنانەکان هیچ بەشدارییەکی واتایی لە ڕێزمان و ڕێزمانێکی بونیادنراوی جێگیر و گشتگیر و دووبارە و وەرگیراودا ناکەن؟

لە ڕاستیدا ئاخێوەران یەکەکان/هێماکان لە بارودۆخی ئاخاوتندا(کە لەگەڵ کردەکاندا جوتکراون)، بەکاردەهێنن و هێمای گەورەتریان لێپێکدەهێنن. سەرجەمی پێواژۆکە لە بنەڕەتەوە، تا کۆتایی، بە بونیادنان دادەنرێت. با سەرنج لە بەکارهێنانە جیاوازەکانی هێمایەکی وەک (دوو) لە نموونەکانی (٣١)دا بدەین:

(٣١) ا- دووپشک، دووجا... (مۆرفۆلۆژی)

---

[١]- درێژەی ئەم ڕوانینەی ڕێزمانی بونیادنان سەبارەت بە زمانەکان و هەمەجۆریی بونیادە زمانییەکان، لە پاری سێیەمی ئەم بەشەدا دەخرێتەڕوو. بڕوانە لا(٥٧ – ٦١).

ب- دوو کوڕ، دوو هێلکە... (سینتاکس)

پ- دووزمان، دوودڵ، دووفاقی،

ت- دەستی دوو (مۆرفۆلۆژی و سینتاکس، بەڵام یەک فۆڕمی خاوەن بەکارهێنانێکی تایبەت، کە دەکاتە بونیادنان)

ج- دووبارە

لە نموونەکانەوە ئەوە دەبینرێت، کە هێمای (دوو)، لە بونیادنانە جیاوازەکاندا و بەهۆی جیاوازیی بونیادنانەکانەوە، واتای جیاوازی گەیاندووە، کە ئەمەیش دەبێتە باشترین خاڵی سەلمێنەری پڕواتایی بونیادنانەکان. بەجۆرێک لە (٣١-ا)دا، بەهۆی بونیادێکی مۆرفۆلۆژییانەی لە چەشنی (دوو+N)، (دوو) ئاماژەبەند و گوزارشتکەری ناوەڕۆکێکی چەمکییە، لە کاتێکدا هەمان هێما لە (٣١-ب)دا، بەهۆی بونیادنانێکی سینتاکسییانەی لە چەشنی (NP... دوو+N)یەوە، مەبەست لە زیاد لە دانەیەکە و کەچی لە بونیادنانێکی جیاوازی وەک (٣١-پ)دا، بەهۆی بونیادە پێکهێنەرەکەیەوە، واتایەکی خوازەییانەی گەیاندووە، لە کاتێکدا هیچ جیاوازییەکی دارشتەیی لەنێوان (٣١-ا و ب) و (٣١-پ)دا نییە. جیاوازیی بونیادنانی (دوو) لە (٣١-ت)دا، واتایەکی تەواو جیاوازی پێبەخشیوە، کە تێیدا مەبەست لە بەکارهێنانەوەی (کەرەستە/ئامێر/کچێک)ە و لە ئێستادا وەک ئیدیۆمێکیش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت و ناوەڕۆکە چەمکییەکەی تەواو جیاوازە لە هاتنی هەمان هێمای (دوو) لە بونیادنانەکانی دیکەدا. لەکاتێکدا هاتنی (دوو)لە (٣١-ج)دا، لەسەر دوو ئاست بونیاددەنرێت، جارێک وەک بونیادەکانی (٣١-ا) و جارێکیش چەمکێکی جیاوازتر دەگەیەنێت(بێگومان بەهۆی بونیادە جیاوازەکەیەوە)، کە مانای (تکرار) و زیاد لە جارێک و وەک جەختکردنەوەیش لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دێت و ئاماژە بە ژمارە نادات. کەواتە گەیاندنی چەمکە مەبەستدارە درکپێکراوەکەی ئاخێوەران، لە چەندین ڕووەوە بەکۆددەکرێت. ئەوەی پەیوەندیی بە ڕێزمانی بونیادنانەوە هەبێت، ئەو ئاستەی بەکۆدکردنە، کە بەهۆی بونیادە ڕێزمانییەکانەوە دەگەیەنرێت. بۆنموونە لە ڕێزمانی بونیادنانی زمانی کوردیدا، دارشتە و بونیادێکی وەک ( X + ڕەگی کار + نیشانەی نادیاری)، وەک لە کردارە بکەرنادیارەکانی (خورا، هێنرا، بینرا)دا دەبینرێت، بۆخۆی و سەربەست و جیا لەو یەکانەی، کە لە بونیادەکەدا دێن، هەڵگری واتایەکە و بەبێ هیچ وشەیەکیش، بەتەنها ئەو شێوازە ڕێزمانییە، زانیاریی واتایی تێدایە. هەروەک چۆن بونیادی (X + ستان)، لەخۆیدا هەڵگری زانیارییە و دەبێت بە بونیادنانێک و بەهۆیەوە ئاستی خەملێنراو و بەکۆدکراو لە ئاوەزدا بە (کوردستان، گۆڕستان، گەندەڵستان، گوڵستان...)، دەدات و هەریەک لە (* خانوستان، پیاوستان، پێڵاوستان..)، بەهۆی ناتەواویی لە بونیادنانەکانیاندا(جوتنەکردنی فۆڕم- واتا/کردە)پێکەوە، ڕێگەیان پێنەدراوە. بەهەمانشێوە بونیادی ڕستەکانی زمانی کوردی، کە خۆی لە سادەترین بونیادی وەک (بکەر + کردار) و (بکەر + بەرکار + کردار)دا دەبینێتەوە، بوون بە شێواز و

هەڵگری واتایەکی دیاریکراو. لەمڕوانگەیەوە (Goldberg, 1995: 1-6)، ئەوە دەخاتەڕوو، کە "بونیادنانە ڕێزمانییەکان، ڕۆڵێکی گرنگ و نێوەندی لە دروستکردنی پەیوەندیی نێوان فۆڕم–واتا لە ڕستە سادەکاندا دەبینن. کەواتە شێوازە ڕێزمانییەکان، دەچوێنرێن بە واتا. بەمشێوەیە خودی بونیادنانەکان، سەربەست و سەربەخۆ لە وشەکانیان، گرنگی بە واتا دەدەن". کەواتە بەچاوپۆشین لە خودی یەکە پێکهێنەرەکان، بونیادنان، تەنها ڕێگە بەو بونیادانە دەدات، کە بەکاریشدەهێنرێن، چونکە بونیادنان بەهۆی بەکارهێنانەوە خەملّیوە. لەوکاتەیدا، کە هیچ جیاوازییەکی فۆڕمی لەنێوان (پیاوستان) و (گوڵستان)دا نییە، جگە لە بەکارهێنان. لەمڕوانگەیەوەیە، کە (گوڵستان) بونیادنانێکی دروست و واتادارە، لە کاتێکدا (پیاوستان)، بەهۆی بەکارنەهێنانەوە، نادروست و بێ واتایە. بەمشێوەیە بەرپەرچی ئەو بیرە ڕێزمانییە باوە دەدرێتەوە، کە وایدادەنا "ڕستەکان واتایان هەیە، بەڵام شێوازە ڕێزمانییەکان، نەخێر". (Michaelis L. A., 2006: 73)، لەکاتێکدا ئەوە تەنها شێوازە ڕێزمانییەکان/بونیادنانەکان بوون، جیاوازییان دەخستە نێوان نموونەکانەوە، ئەگینا هیچ هۆکارێک بۆ دروستکردنی جیاوازیی لەنێوان (دەرگاوان) و (پەنجەرەوان)دا نییە، جگە لە بەکارهێنان و پاشان بوونیان بە شێواز و بونیادنانێکی ڕێزمانی، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بیرە سەبارەت بە بونیادنانی ڕستە سادەکانی ڕێزمانی کوردی لە ڕوانگەی ڕێزمانی بونیادنانەوە، نموونەکانی (٣٢) دەهێنرێنەوە:

٣٢) ا– بونیادی (Y + X)، (بکەر + کردار) (سەیوان هات).

ب– بونیادی (Z + Y + X)، (بکەر + بەرکار + کردار) (سەیوان نان دەخوات).

لێکدانەوە ڕێزمانییەکانی نموونەکانی (٣٢)، لەیەکەم هەنگاودا لەسەر بونیادی ڕستەکان شیدەکرێنەوە. بەو واتایەی بونیادی (Y + X)ی نموونەی (٣٢– ا)، بونیادنانێکی تایبەت و شێوازێکی ڕێزمانیی گشتێنراو و دووبارە و بەرهەمدارە لە بونیادنانی چەندان ڕستەی دیکەی زمانی کوردیدا، کە بە چاوپۆشین لە یەکە و وشە پێکهێنەر و بەشدارەکانی خودی بونیادەکان، ڕاستەوخۆ واتای جیاوازی لە نێوان (٣٢– ا) و (٣٢– ب)دا، دەردەکەوێت. بەهەمانشێوە بونیادی نموونەی (٣٢– ب)، واتایەکی تایبەت و دیاریکراو دەگەیەنێت، هەر ئەم واتایەش کۆمەڵێک یاسای ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا پێ جێبەجێدەکرێت و دەیسەپێنێت. بونیادی نموونەی (٣٢– ب)، ئەوە دەسەلمێنێت، کە کرداری بونیادەکە دەبێت لە چەشنی (تێپەڕ) بێت و بەهۆی بونیادی نموونەی (٣٢– ا)یشەوە، کرداری (تێنەپەڕ) دەسەپێنرێت. هەموو ئاخێوەرێکی زمانی کوردی، هەست بە جیاوازیی واتایی دەکات لەنێوان ئەو بونیادانەی، کە لە (٣٢)دا خرانەڕوو، لەگەڵ ئەو بونیادانەی، کە لە (٣٣)دا هێنراونەتەوە:

٣٣) (بکەر**X** + بەرکار١ + کردار**Y** + بەرکار٢) Obj2 **V** + Ver **Z** + Obj1 **Y** + Sub **X**

ا– کوڕەکە پارەکەی دا بە هەژارەکە.

ب– لە ڕۆژدا حەزم بە وەرزش هەیە.

پ– لەسەربان تۆپەکەم دۆزییەوە.

ت- کارەکەیان شێرانە ئەنجامدا.


بەمشێوەیە خودی بونیادنانەکان، ڕەهەندێکی واتایی لە ڕێزماندا دەگەیەنن و وەک کۆکردنەوەی سەرجەمی ئاگایی زمانی و شارەزایی لە بەکارهێنان و دەوروبەر و ڕوانینەکانی خۆی لەسەر ڕستەکاندا، ڕەنگدەداتەوە. تەنانەت بونیادنان و قاڵبەکانی بونیادنان لە ڕێزمانی کوردییدا بەجۆرێک وەک شێوازێکی جێگیر و ئامادە لە ئاگایی و کۆزانیاریی زمانیی ئاخێوەری کورددا ڕۆڵیان هەیە، تەنانەت لە نموونەیەکی وەک (٣٣-ب)شدا، هەرچەندە بکەری ڕستەکە دەرنەبڕاوە و لە بونیادەکەدا نەهاتووە و چەند ئاڵوگۆڕێک لە شێوەی جێگۆڕکێی یەکەکانی بەشداری (٣٣-ب، پ، ت)دا هەن، بەڵام بەهۆی شارەزایی ئاخێوەران لە توانستی درکپێکراوی خۆیانەوە، کە هەموو دەربڕاوەکانیان لەسەر بنەمای کۆکەرەوە هێماییەکان و بونیادنانە ڕێزمانییەکان دادەڕێژن، بۆیە هیچ گرفتێکی زانیاری لە بونیادەکەدا دروستنەبووە. هۆکاری ئەمەش بۆ زانیاریی ئاخێوەران دەگەڕێتەوە سەبارەت بە بونیادنانەکان و جێکەوتەی جێگیری یەکە هێماییەکان، کە ئاوێتەکراوی جوتکردنی فۆڕم-واتا/کردەن پێکەوە، هەر ئەم ڕێپێدانەیش وایکردووە، چەندین جۆری ئاڵوگۆڕ و پاش و پێشخستن و باسمەند و سەرتۆپکردن لە زمان و تەنانەت ڕێزمانیشدا، ڕوودانیان وەک بەشێک لە زانینە زمانی و ڕێزمانییەکەی ئاخێوەران لێکبدرێتەوە[١]، هەربۆیە دەرنەبڕینی بکەر لە (٣٣-ب)دا، هیچ گرفتێکی دروستنەکردووە و بونیادەکە پێشتر داکراوە و بووە بە شێوازێکی ڕێزمانی و بونیادنانێکی تایبەتی لە ڕێزمانی کوردییدا. لەمڕوانگەیەوە ئەوە دەخرێتەڕوو، کە ئەو بونیادە ڕێزمانییانەی، بەهۆی بەکارهێنانیانەوە وەک شێوازێکیان لێهاتووە، ئیدی بۆخۆیان دەبن بە تیاهەڵگرێک و مانا دەبەخشن بەو یەکانەی، کە لە ناویاندان. هەروەک شێوازە جیاوازەکانی مادەیەکی شل لە دەفری جیاوازدا، یاخود چەندین مادەی شلی جیاواز لە یەک شێوە دەفردا، کە بەبێ گرنگیدان بە خودی مادەکان، شێوە و قاڵبی دەفرەکە، بوون و دەرکەوتنیان دەسەلمێنێت.

بەمشێوەیە پێشکەشکردنی ڕێزمان لە گۆشەنیگای بونیادنانەوە، خۆی لە خۆیدا بە واتای کۆپەیوەندی و کارلێک و کاریگەریی تەواوی هەرکام لە پراگماتیک و ڕێزمانە(لە دابەشکارییە باوەکەدا)، لەسەر یەکتر. بەو واتایەی، کە پراگماتیک چۆن ڕۆڵی لە بونیادنانە ڕێزمانییەکانی زماندا هەیە، کە ئەمیش خۆی لە دەوروبەر و بەکارهێناندا دەبینێتەوە. پاشان هەمان ئەو بونیادە ڕێزمانییانەی، کە بەهۆی بەکارهێنانەوە ڕێکخراون، بەهۆی بەکارهێنانیانەوە، دەبنەوە بە گوزارشتکەر و نوێنەرەوەی هەمان ئەو بارودۆخەی، کە بوونەتە هۆی بونیادنانی قاڵبە ڕێزمانییەکە. بەو واتایەی، کە بارودۆخ و بەکارهێنان، لە هەنگاوی یەکەمدا بونیادە ڕێزمانییەکان دادەڕێژن، پاشان خودی بونیادەکانیش لەهەمان بارودۆخ و بەکارهێناندا، بەکاردەهێنرێنەوە. هێڵکاریی (٨)، بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی سەرەتا و دەستپێکی

---

[١]- بڕوانە: **١**- عەلی، بەکر عومەر،١٩٩٢. **٢**- قادر، کاروان عومەر، ٢٠٠٨.

بونیادنان و پاشان نواندنەوەی هۆکاری بونیادنانەکان بەهۆی خودی بونیادەکانەوە، هێنراوەتەوە. ئەویش بەوجۆرەیە، کە لەیەکەم هەنگاودا، جوتکردنی فۆرم-واتا، بونیادنان بەدوای خۆیدا دەهێنێت، پاشانیش بونیادنانەکان، دەبن بە باشترین نوێنەر و شانۆی نمایشی ئەو کۆزانیارییە زمانییەی، کە ئاخێوەران دەیانەوێت بیگەیەنن(ئەمەیش بەهۆی ئەوەی، کە بنەڕەتی بونیادەکان خۆیان لە زۆرترین مەودای زانیارییەوە هاتوون، هەر بۆیە لە کاتی بەکارهێنانەوەیاندا، دەبنەوە بە هۆکاری نواندنەوەی کۆزانیارییە پێکهێنەرەکان).




**هێلکاریی (٨)**

**بارودۆخەکانی بونیادنان و نواندنەوەی بارودۆخەکان**

هەربۆیە کاتێک ئاخێوەرێک نموونەکانی لە چەشنی (٣٤)، بەکاردەهێنێت، ڕاستەوخۆ بونیادێکی چنیوە و ئاماژە بەو کۆزانیارییانە دەدات، کە لە بنەڕەتەوە لێوەی پێکهاتووە:

٣٤)ا- ڕادوێ، جلوبەرگی بالە، جلوبەرگی مارکە،...

ب- بە ژەهری مارەوە دەخورێت.

هەرکام لە نموونەکانی (٣٤)، وەک کۆزانینێکی زمانی بۆ ئاخێوەران دەردەکەوێت. هۆکاری ئەمەش لەوەوە دێت، کە بنەڕەتی دارشتنەکانی (٣٤-ا)، لە جوتکردنەکانی هەرکام لە فۆرم-واتاوە هاتوون و بونیادنراون، پاشانیش، کە بەکاردەهێنرێنەوە، ئاماژە بە هەمان بنەڕەت دەدەنەوە. ئیدی کۆزانینە زمانییەکە، لە فۆنەتیکی دەربڕینی (ڕادوێ)وە دەستپێدەکات، تاوەکو تێگەیشتنە واتاییەکان لە هەرکام لە (بالە، مارکە)ی جلوبەرگ. هەروەک چۆن تێگەیشتنمان لە (٣٤-ب)، لە بونیادێکی خوازەیی و زمانێکی هێماییە و بۆخۆی گوازرشتە لە کۆزانیارییەکی فراوانی بونیادنراو و وەک یەک هێمای زمانی لە بارودۆخێکی تایبەتیدا بۆ پەسنی کەسێکی تایبەت بەکاردەهێنرێت.

لە سەرەتاکانی خستنەڕووی بیری بونیادنان لە ڕێزماندا، هەوڵەکان لەپێناوی ئاماژەدان بوو بە ڕەهەندی سیمانتیکی لە دارشتە ڕێزمانییەکاندا، پاشان ڕوانینەکە فراوانکرا بەوەی، کە چۆن واتای ئینسکلۆپیدی[١]بەشداری لە دارشتە ڕێزمانییەکاندا هەیە و ئەمەش بە بونیادنانە ڕێزمانییەکان دادەنرێت.

---

[١]- سەبارەت بە واتای ئینسکلۆپیدی، بڕوانە: ١- قادر، ٢٠١٧، ٢- حسێن، شیلان عومەر، ٢٠٢١، ٣- نەبی، ڕێبوار ئەحمەد، ٢٠١٥، ٤- غەریب، نالی ئەدهەم، ٢٠١٦.

لەمڕوانگەیەوە، واتای هەموو، لە واتای ئاماژەداری بەشە پێکهێنەرەکانییەوە نەهاتووە(واتای گشت، شوێنکەوتەی واتای بەشەکان نییە)، بەشەکان لە ڕوانگەی خۆیان و گشتیشەوە دەناسێنرێن(کە ئەمە سەرنجە باوەکەیە)، بەڵام گشت، تەنها و تەنها لە ڕوانگەی خۆی و بەکارهێنانی گشتییەوە، دەناسرێت(ئەم ڕوانینە کرۆکی ڕێزمانی بونیادنانە). بەمشێوەیە واتا پراگماتیکییەکان، ڕۆڵی سەرەکییان لە بونیادنانی بونیادە ڕێزمانییەکاندا هەیە و کاریگەری سەرەکی و ڕاستەوخۆیان لە بەرهەمهێنانی واتادا هەیە. لە ڕێزمانی درکپێکردندا، پراگماتیک ڕۆڵی لە نەخشاندنی ئاگایی و ڕوانینی ئاخێوەران لەناو ڕستەکاندا هەبوو، بەو واتایەی لەناو ڕستەکاندا، دەتوانرێت چۆنییەتی پەیپێبردن و درکپێکردنی ئاخێوەران بە دیمەن و مەشهەدەکان ببینرێتەوە، لە کاتێکدا لە ڕێزمانی بونیادناندا، پراگماتیک بۆخۆی هۆکاری بونیادنانە ڕێزمانییەکان بووە. بەو واتایەی خودی بونیادە ڕێزمانییەکان، بەهۆی پراگماتیکەوە داڕێژراون. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو بیرەی سەرەوە، با سەرنج لە نموونەکانی (٣٥) بدەین، کە یەکەیەکی وەک (ڕاکێشان)، چۆن بەهۆی سەرجەمی بونیادنانی ڕستەکانەوە(کە ئەمانیش لە بەکارهێنانەوە هاتوون)، واتای دروستی خۆی گەیاندووە و ئەمیش (بونیادنانە ڕێزمانییەکان)، بەکاریگەری پراگماتیک، پەیوەندی و پەیوەستی لەنێوان یەکەکانی نموونەکانی (٣٥)دا دروستکردووە:

٣٥) ا- ڕاکێشانی سەیارە

ب- دەستم ڕابکێشە/ قژ ڕاکێشان

پ- ئەو گوریسە ڕابکێشە.

ت- ڕاتان دەکێشم بۆ ئەورووپا.

لە ڕوانگەی نموونەکانی (٣٥)ەوە، ئەوە دەردەکەوێت، کە فۆرم و واتاکان لە بەکارهێناندا بونیاددەنرێن. بۆیە بەلای زانایانی ڕێزمانی بونیادنانەوە، (فۆرم-واتا)، هاوواتایە لەگەڵ (فۆرم_بەکارهێنان) و لە شیکردنەوەی بونیادەکاندا بەکاریدەهێنن. بەمشێوەیە بەرەو سەرنجی بەکارهێنانی ڕێزمانی دەڕۆین. لێرەوە ئاوێتەبوونێک لەنێوان ڕێزمان و بەکارهێناندا دروستدەبێت، کە مەبەست لە کرۆکی بەکارهێنانە لە ڕێزمانی بونیادناندا. بۆنموونە واتای بەش بەشی نموونەکانی (٣٥)، ناتوانن واتای گشتی و سەرجەمی دەربڕاوەکە بگەیەنن، تەنانەت ئەگەر واتای بەشێکیشی بگەیەنن، هێشتا پێویستی بە بونیادنانێک دەبێت، تاوەکو جیاوازیی واتایی لەنێوان (ڕاکێشان)ی نموونەکاندا بەدیاربکەوێت. بەمشێوەیە (ڕاکێشان) وەک فۆرم، پێویستی بە بەکارهێنانێکی بونیادنراوی (فۆرم_کردە) هەیە، تاوەکو واتای مەبەست بگەیەنێت، کە ئەمەیش لەسەر بنەمای فێربوون و بەکارهێنان و ئەزمونە زمانی و ڕێزمانییەکە دەبێت. هەربۆیە بەکارهێنانی (ڕاکێشان)، لە (٣٥- ا، ب، پ)دا، تەواو جیاوازە لە بەکارهێنانی هەمان یەکە لە (٣٥- ت)دا. لە نموونەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە (ڕاکێشان)، هەرجارە و بەهۆی جۆرێک لە بونیادنانەوە، واتایەکی جیاوازی گەیاندووە. بۆنموونە لە (٣٥- ا)دا بۆ (چاککردنەوەی

سەیارە) و لە (٣٥- ب)دا بۆ (شلکردنی دەست) و (ئازاری قژ) و لە (٣٥- پ)دا، بۆ (توندکردن) بەکارهاتووە، کەچی لە (٣٥- ت)دا، (ڕاکێشان بۆ ئەورووپا)، بەهۆی بونیادنانێکی جیاوازی گشتەوە(گشت یەکەکانی (٣٥- ت)پێکەوە)، واتایەکی تەواو جیاوازی گەیاندووە. کەواتە ئاخێوەران لە نموونەکانی (٣٥)دا، چاوەڕێی تەواوکردنی سەرجەمی بونیادەکەن، تاوەکو لە واتای بونیادنراوی(ڕاکێشان)، تێبگەن، چونکە (ڕاکێشان+ X)، (سەیارە، دەست/قژ، بۆ ئەورووپا)، هەرکامیان واتایەکی تایبەت بە بەکارهێنانەکەی (ڕاکێشان)، بەهۆی بونیادنانەکەیەوە، دەبەخشێت. کەواتە واتای تەواو و پڕاوپڕ لەسەرشانی بونیادنانە ڕێزمانییەکانە، وەک لەوەی یەکەکانی بەشدار لەو بونیادنانە، بیگەیەنن. ئەم سەرنجەش بەهەمانشێوەی ڕوانینە لە ئیدیۆمەکانی زمان. کەواتە ڕێزمانی بونیادنان وەک گشتێک لەنێوان یەکەی زمانی و (فۆرم–واتا/ بەکارهێنان)دا دەردەکەوێت و شرۆڤەیەکی سەرتاپایی بۆ ڕێزمانی زمان پێشکەشدەکات، هەر ئەم ڕوانینەیشە، کە واتای یەکەیەکی وەک (ڕاکێشان)ی لە نموونەکانی (٣٥)دا دیاریکردووە و جیایدەکاتەوە لە واتای هەمان یەکە لە نموونەکانی وەک (٣٦)دا:

٣٦) ا- حەفتا وەرەقەی ڕاکێشاوە.

ب- پولەکەی خۆی ڕاکێشا.

ئاخێوەران سەرجەمی ئەم دەربڕاوانە بەهۆی بونیادنانێکەوە فێردەبن، لە کاتێکدا سەرجەمی دەربڕاوەکانمان لەژێر کاریگەرییە ناوەکی و دەرەکییەکانی زماندایە، بەڵام بونیادنان، خاڵی پێکەوەبەستنی هەردوو لایەنە کاریگەرەکەیە لە دەربڕاوەکانیاندا، بەوەی، کە چۆن ئاخێوەران شێوازی ئاخاوتن و دەربڕاو و چۆنییەتی ڕێککارییەکانی دەربڕاوەکانی خۆیان بەهۆی بونیادنانەوە، بونیاددەنێن. بەمشێوەیە ئەوە بەکارهێنان و ئەزمونکردنی دەربڕاوەکان و چوارچێوەی بەکارهێنانی یەکە و یاسا ڕێزمانییەکانە، کە بونیادنانە جیاوازەکانی بە (ڕاکێشان)، لە نموونەکانی (٣٥ و ٣٦)دا بەخشیوە، کە دواتریش بەکارهێنانەکە وەک شارەزاییەک لە ئاوەزی ئاخێوەراندا دادەکرێت و وەک بونیادێکی پڕواتا بە کات و شوێنێکی تایبەتی بەکارهێنان، بەکاردەهێنرێتەوە. لە ڕوانگەی نموونەکانی (٣٥ و ٣٦)ەوە، ئەوە دەردەکەوێت، کە واتای وشەی (ڕاکێشان) لە فەرهەنگدا هەر یەک واتایە، بەڵام لەو بونیادە ڕێزمانییانەدا و لە چێوەی ئەو دەوروبەرانەی بەکارهێناندا، واتای فۆرمەکە دەگۆڕێت و بەمەش یەک فۆرممان دەبێت، کە لە چەند قاڵبی ڕێزمانی و دەوروبەری بەکارهێنانی جیاوازدا دەربکەوێت، ئەوەندە واتای جیاوازی دەبێت. واتە یەک هێما دەبێتە چەند هێمایەک، ئەمەیش بەهۆی دەوڵەمەندیی قاڵبە ڕێزمانییەکانەوەیە و ڕاستەوخۆ کرۆکی ڕێزمانی بونیادنان دەخاتەڕوو، کە دەتوانین بەهۆیەوە ڕێزمان لەخزمەتی بەخشینی واتای تایبەت بە یەکەکان بەکاربهێنین، کە ئەمەش دەوەستێتە سەر بارودۆخەکانی بەکارهێنان. کەواتە بەکارهێنان و بونیادنان و دەرکەوتە جیاوازەکانی (ڕاکێشان) لە بارودۆخە جیاوازەکاندا، وادەکات، کە تێگەیشتنمان لەگەڵ بوارێکی فراوانی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بڕەخسێنین.

بەمشێوەیە بونیادنانی زمانی، بنەڕەتی فێربوونە زمانییەکان و گۆڕانە زمانییەکان و واتا زمانییەکانیشە، کەواتە ئامانجی ڕێزمانی بونیادنان، دامەزراندنی مۆدێلێکی زمانییە، کە تێیدا سەرجەمی کۆزانیاریی کەسێک لە زمانەکەی خۆیدا ببینرێتەوە. ئەم ئاوێتەبوون و پێکەوەکارکردنەوەی یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکان و چوارچێوەی بەکارهێنانە، تا لە کۆتاییدا بونیادە ئامادە و جێگیرەکانیش، گوزارشت لە پێکهەڵبوونی هەرکام لە (فۆڕم-واتا) لە بەکارهێناندا دەکەن.

## ١-٣) مۆدێلە درکپێکردنەکانی ڕێزمانی بونیادنان

سەرنجەکانی ڕێزمانی بونیادنان، بە جیاواز لە سەرنجە باوە ڕێزمانی و فۆڕماڵییەکان، کە ڕێسا و یاسا ڕێزمانییە ورد و دیاریکراوەکانیان بەجۆرێکی شێوازبەندانە و تاک و تەنها و تایبەت بە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسەوە دەبەستەوە، لەبری ئەمە تەواوی دەربڕاوەکان بە داڕشتە سادە و ئاڵۆز، ڕێسا و یاساکانیشەوە، وەک بونیادنان دەخاتەڕوو. بونیادنانەکانیش لە پەیوەست بە پێکهەڵبوونی (فۆڕم-واتا)ی دەربڕاوەکانەوە دەنوێنێت. فۆڕم لە بونیادناندا، دەشێت ئاماژە بە هەر یەکەیەکی فۆنۆلۆژی، داڕشتەی مۆرفۆلۆژی و پێکهێنانە سینتاکسی و مەبەستە هونەری و ئەدەبییەکان بکات. هەروەها واتاش، ئاماژە بە ڕووبەرێکی بەرفراوانی تێگەیشتن و ناسینەوە و سەرنجدان و درکپێکردن بکات، کە بەم ڕوانینەیش، هەرکام لە سیمانتیکی فەرهەنگی و پراگماتیک و بارودۆخەکانی ئاخاوتن لەخۆدەگرێت. هەموو ئەمانە لە تەنها بونیادنانێکدا دەنوێنرێن، کە بەیەکجار، هەر دەربڕاوێکی زمانی، یەکەیەکی ئاخاوتنی، ئاماژە بە تەواوی پێکهێنەرە بونیادنراوەکەی دەکات. لەم سەرنجەوە، ڕێزمان وەک تۆڕێکی ئاڵۆزی بەیەکداچووی ئەزمونکراوی زانراو لێکدەدرێتەوە، کە لەبەردەستی ئاخێوەراندا ئامادەن و وەک بونیادێکی جێگیر و بەجەستەکراو بۆ بارودۆخەکان بەکاردەهێنرێن. بەمشێوەیە، کۆزانیاریی زمانی ئاخێوەران، لە گەنجینەیەکی گەورەی بونیادنانەکان پێکهاتووە، کە ئەمەیش وەک هۆهاندەرێکی سەرەکی بۆ تیۆریزانانی ڕێزمانی بونیادنان دەردەکەوێت، تاوەکو ڕەچاوی توانستی لەڕادەبەدەر و توانای بێشوماری مرۆڤی ئاخێوەربکەن و لە بارودۆخەکاندا و وەک بونیادنان، دایانبڕێژنەوە. تا لەم ڕێگەیەشەوە ئەو زانیارییە زمانی و ڕێزمانییانەی، کە ئاخێوەران لە بارودۆخەکانەوە فێریاندەبن و پاشان هەڵیدەگرن و بەجەستەی دەکەن و دەیزانن و دواتریش بونیادیان دەنێنەوە، ڕوونبکاتەوە.ئەمەیش دەبێت بە بیری بنەڕەتی لە ڕێزمانی بونیادناندا، کە ئاخێوەران (فێردەبن)، پاشان (دایدەکەن). بەو واتایەی، کە یەکەمجار بەکارهێنان هەبووە و ڕوویداوە، پاشان شێوە بەکارهێنانەکان بە تەواوی پێکهێنەرەکانیانەوە لە ئاوەزدا تۆماردەکرێن. پێواژۆکانی فێربوون و هەڵگرتنی بونیادنانەکانیش، هەردوو لایەنی فۆڕم و ناوەڕۆک، لە یەک ئاستی نواندندا دەگرێتەوە.

بەپێی سەرنج و ڕوانینەکان، لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری ڕێزمانی بونیادنانەوە تاوەکو ئێستا، هەم لە ڕوانگەی قۆناغە مێژووییەکانییەوە و هەمیش لە ڕوانگەی سەرنجی زانایانی ڕێبازی بونیادنان لە ڕێزماندا، ڕێزمانی بونیادنان چەند ڕەهەند و مۆدێلێکی تایبەت دەگرێتەوە، کە سەرجەمیان سەرەڕای جیاوازییان لە خستەڕووی بونیادنانەکاندا، هێشتایش لە فەلسەفەی گشتیی ڕێبازەکەدا یەکدەگرنەوە، کە ئەویش خۆی لە بەهاپێدان و بەیەکەم دانانی بەکارهێنان و پاشانیش جوتکردنی (فۆرم-واتا)دا دەبینێتەوە و سەرجەمی ئەمانەیش بە زاراوەی بونیادنان لە زمان و ڕێزماندا سەرپێدەخەن.

## ١-٣/١) مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنان

سەرەڕای وەشانە جیاوازەکانی ئەم مۆدێلە لە ڕێزمان، بەڵام هێشتا کۆمەڵێک ئایدیای هاوبەش هەن، کە سەرجەمی بۆچوون و ڕوانینە جیاوازەکان لە بونیادنانە ڕێزمانییەکاندا پێکەوە دەبەستنەوە و بەهۆشیانەوە لە کۆتایدا مۆدێلێک لە ڕێزمان پێشکەشدەکرێت، کە پێکەوە پێیاندەوترێت ڕێبازە بونیادییەکانی لێکۆڵینەوەی ڕێزمان، کە "ڕێبازێکی ناسەربەخۆیانە لە ناساندنی زماندا پێشنیازدەکەن". (Sabrina T., 2015: 49). دەتوانرێت بیرۆکە و ئایدیا هاوبەشەکان لەم چەند خاڵەدا ئاماژەیان پێبدرێت:

١- ئاخێوەر ڕاستەوخۆ خەریکی نواندنی ئەو زانیارییانەیە، کە دەربارەی زمانەکەی دەیزانێت. هەر لە زانیاریی فۆنۆلۆژییەوە، تاوەکو دەربڕین و تێگەیشتن لە دەربڕاوە هونەرییەکانی لە چەشنی مێتافۆڕ و مێتۆنیمی. کەواتە بیرۆکەی هاوبەشی سەرجەم مۆدێل و وەشانەکانی ڕێزمانی بونیادنان لەسەر ئەوە وەستاوە، کە (زانیارییە زمانییەکان، لە ساتی بونیادناندا ئاشکرادەبن). بەمشێوەیە کۆزانیاریی ئاخێوەر لە زمانەکەیدا، کۆمەڵێکی زۆر لە بونیادنانەکان لەخۆدەگرێت(پێکدێت لە ڕێژەیەکی زۆر لە بونیادنانەکان). بونیادەکانیش لە هەر ئاست و پلە و بار و قەبارەیەکدابن(ئەبستراکت، کۆنکرێت، لە وشەیەکی تاکەوە تاوەکو لایەنە ڕێزمانییەکانی ڕستەکان)، هەموویان شایانی تێگەیشتن و زانین و بەکارهێنانی ئاخێوەرانن.

٢- داکردنی ڕاستییە باوەکان و تاکێتیی تاکەکان(Idiosyncratic) و تۆمارکردن و دەربڕین و گواستنەوەیان، شێوەیەکی بەرهەمدار بە زمانی مرۆڤ دەبەخشن. ڕاستییە باوەکان لە چەشنی زانیارییە ئاسایی و سەرەتاییەکانی ئاخێوەران سەبارەت بە زمانەکەی خۆی. بۆنموونە بەکارهێنانەوەی بونیادە جێگیر و فێربووەکان، لە شوێن و کاتی دیکەی بەکارهێناندا، بەرهەمدارییەک بە لێهاتوویی ئاخێوەران دەبەخشێت. هەروەها مەبەست لە تاکێتیی تاکەکانیش، ئەو داهێنراوە تاکگەراییانەن، کە ئاخێوەران لە سەرەتادا بەشێوەیەکی تاکی و سەربەخۆ دایدەهێنن و بەکاریدەهێنن، پاشان دەبن بە بونیادێک و جارێکی دیکە و لەلایەن ئاخێوەرانی دیکەوە بەکاردەهێنرێنەوە. باشترین نموونەیش بۆ ئەمە، ناونانی

جۆرە جیاوازەکانی ئۆتۆمبێل و مۆبایل و شێوازەکانی جلوبەرگی کوردی و ناوی پیشەیەکی دیاریکراون. نموونەکانی (٣٧)، ئاماژە بە تاکێتیی تاک دەدەن لە زماندا:

٣٧)ا- مەرزییە، وەنەوشە، کەریم کابان، مریشکی بەستو...(ناونانی جۆری جیاوازی ئامێرەکانی گواستنەوە).

ب- مام جەلالی، عەلی باپیری، مەسعودی، نێچیری...(ناونانی جۆری جیاوازی ئامێرەکانی پەیوەندیگرتن).

پ- شێوازی مەریوانی، نەوشیروانی، ڕۆژهەڵاتی، بارزانی...(ناونانی جۆری جیاوازی جلوبەرگی کوردی).

کە دواتریش ئەم داهێنان و ناونانە تاکییانە، دەبن بە میمەیەک و لە ئاوەزێکەوە بۆ ئاوەزێکی دیکە دەگوازرێنەوە و وەک بەشێک لە کۆزانیاریی ئاخێوەران لە زمانەکەدا بەدیاردەکەون. ئەم داهێنانانە، لە بنەڕەتدا و لە هەر پلەیەکی درکپێکراوەوە هاتبن، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕن، کە دەبن بە بەشێک لە زانینە زمانییەکەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی و دواتریش بەهەمان بونیادنانەوە لە بارودۆخە جیاوازەکان و هەڵوێستە جیاوازەکانی دیکەی ئاخاوتندا، بونیاد دەنرێنەوە. نموونەکانی (٣٧) لە زماندا وەک کردەیەکی تاکێتیی تاکەکان دەناسرێن، کە لە بەرهەمهێنانی دەربڕاوی نوێدا ڕۆڵیان هەیە، پاشان تۆماردەکرێن و دەگوازرێنەوە. هەم خۆیان بەرهەمهێنراون، هەمیش بەبەردەوامی ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی دیکەدا دەبێت.

٣- بیرۆکەی داڕێژراوی، لە مۆدێلی ڕێزمانی بونیادناندا بەرپەرچدەدرێتەوە. لەبری ئەمە (نا داڕێژراوی)ی زمان پەسەنددەکرێت. بەو واتایەی، کە زمان لەیەک ئاستی نواندن پێکدێت، کە پێیدەوترێت (بونیادنان). (فەرهەنگ، ڕێزمان، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیک، پراگماتیک، هۆکارەکان و دەقە زمانییەکان)، سەرجەمیان لە بونیادێکدا داڕێژراون. بۆنموونە بونیادە (چالاک) و (سست)ەکان، ئەریّ و نەرێی ڕستەکان، تاف و دەم و دەقە جیاوازەکان...، بە داڕشتەی چەمکی و بونیادی چەمکی جیاواز دادەنرێن، نەک ئەوەی، کە یەکێکیان لەسەر بنەمای ئەوی دیکەیان داڕێژرابێت. بەمشێوەیە ڕێزمانی بونیادنان یەک ئاستی نواندن بۆ سەرجەم دەربڕاوەکان دادەنێت. نەک ئەوەی، کە فۆڕمە نادیارەکان لەسەر بنەمای فۆڕمە دیارەکان داڕێژرابن یان وەرگیرابن، یاخود فۆڕمە ئەرێکان هەن و پاشان فۆڕمە نەرێکانیان لێوەردەگیرێت و بەهۆیانەوە دادەڕێژرێن. "بونیادنانێک، لەسەر دانەیەکی دیکە بونیاد نەنراوە، بەڵکو لە تۆڕێکی بۆماوەیی/میراتیدا، پەیوەندیدارە پێوەی". (Hinnell J. A. J., 2012: 25). لەمڕوانگەیەوە هەرکام لە نموونەکانی (٣٨) بۆخۆیان خاوەنی بونیادنانی تایبەت و سەربەست و سەربەخۆی خۆیانن:

٣٨)ا- ئێوە پەنجەرەکەتان شکاند.

ب- پەنجەرەکە شکێنرا.

پ- دەرگاکەیان لیّ نەکردەوە.

ت- دەرگاکە نەکرایەوە.

ج- شوشەکەی لەسەریاندا شکاند.

هەرکام لە نموونەکانی (٣٨)، گوزارشت و ئاماژە بۆ بونیادنانێکی تایبەت دەکەن و هەرکامیان بەیەک ئاستی نواندن(فۆرم بۆ بەکارهێنان)دا تێپەڕیون و بارودۆخ و ئاستی هەرکامیان جیاوازە لەوانی دیکە و هیچکامیان دارێژراوی ئەوی دیکەیان نین. هۆکاری ئەمەیش بۆ جیاوازیی بارودۆخی بەکارهێنانی (٣٨- ا) لەگەڵ (٣٨- ب)دا دەگەڕێتەوە. بەهەمانشێوە بارودۆخی بەکارهێنان و بواری بونیادنانی بونیادی (٣٨- پ)، تەواو جیاوازە لە بارودۆخ و بواری بونیادنراوی (٣٨- ت). لەکاتێکدا بونیادی (٣٨- ج)، هێما و ئاماژەدەری بوار و بارودۆخێکی بونیادنراوی جیاواز لە هەرکام لە (٣٨- ا، ب، پ، ت)یە. بەمشێوەیە (٣٨- ا) بونیادێکی تایبەت و سەربەخۆیە، هەروەک چۆن (٣٨- ب)یش بەشیک نییە لە هیچ بونیادێکی دیکە و لە (٣٨- ا)ەوە دانەڕێژراوە. کەواتە ڕێزمانی بونیادنان، پشت بە واتای بەچەمککراو لە دەوروبەردا دەبەستێت، هەروەک ڕێبەرانی ئەم مۆدێلە لە ڕێزمان دەڵێن: "لە پێشتردا هیچ ڕێبازێکی دیاریکراوی ڕێزمانی نییە، کە لێکدانەوە و ڕاڤە پراگماتیکییەکان بۆ دارشتە سینتاکسییەکان پەسەند بکات". (Fillmore Ch. J., Kay P. And O'Conor M. C., 1988: 502). لەکاتێکدا هەمیشە لێکدانەوە پراگماتیکییەکان، لە دوای دەربڕینەکان و بونیاد و داڕشتە ڕێزمانی و سینتاکسییەکانەوە دەستیانپێدەکرد، بەڵام لە مۆدێلی ڕێزمانی بونیادناندا ڕەهەندە پراگماتیکییەکان و داڕشتە سینتاکسییەکان و سەرجەمی زمان، لە بونیادێکی یەک ئاستیدا ڕوودەدەن و پێیاندەوترێت (بونیادنان). ئەم سەرنجەیش دەبێت بە بیرۆکەی بنەڕەتی لە ڕێزمانی بونیادناندا و لە دواتریشدا وەک یەکێک لە جۆر و مۆدێل و وەشانەکانی ڕێزمانی بونیادنان، بە (مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنان) ناودەبرێت و پاشانیش وەک ڕێبازێکی نوێی زمانەوانی دەبینرێت، کە جیاکارییە باوەکانی نێوان سینتاکس و سیمانتیک و پراگماتیک، کۆتایی پێدەهێنێت. لەبری ئەمە فۆرمێکی دیاریکراوی بە قاڵبووە، کە هاوتا و یەکسانە بە بوارێکی بەکارهێنانەوە، ئیدی فۆرمەکە لە هەر ئاست و قەبارەیەکی نواندندا بێت(یەک ئاستی نواندن)، ئاخێوەران بەکاریدەهێنن. "بونیادنانە ڕێزمانییەکان، بلۆکی بنچینەیی بینای زمانن". (Boas H. C. لە Hoffmann T., 2013: 158). ئایدیای سەرەتایی و پاشانیش بنەڕەتی ئەم مۆدێلە لە ڕێزمان، لەو بیرەوە سەرچاوی گرتووە، کە هیچکات شێوازە ڕێزمانییەکان ناتوانرێت لە مەبەستە پراگماتیکی و سیمانتیکییەکانیان دابېڕێنرێن. لەکاتێکدا هەر ئەمانیش (ڕەهەندە پراگماتیکی و سیمانتیکییەکان)، وەک پێشمەرجی شێوازە ڕێزمانییەکان ڕۆڵدەگێڕن و دەردەکەون. بۆیە هیچ جیاوازی و جیاکاری و مەودا و بۆشاییەکیش لەنێوان فەرهەنگ و ڕێزماندا دانانرێت. مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنان وەک یەکەم مۆدێل و وەشانی ئەم ڕێزمانە دەردەکەوێت، هەر بۆیە بە بناغە و ڕەنگڕێژی مۆدێلەکانی دیکەیش دادەنرێت و بۆ یەکەمجار زانایان ( Charles Fillmore, Paul Kay, Mary O'Connor)ەوە لە نوسینێکیاندا بەناونیشانی (یاسابەندی و شێوە ئیدیۆمییەکانی بونیادە ڕێزمانییەکان: حاڵەتی (بە تەنیا جێیبێڵن) Regularity and Idiomaticity in Grammatical

(Constructions: The Case of Let Alone) له (١٩٨٨)دا ئەم مۆدێلەیان لە ڕێزمانی بونیادنان پێشکەشکرد، کە بەگشتی و لە ڕوانینێکی فراواندا دەتوانرێت وەک ئاڵنگارێکی (وشە و یاساکان) دابنرێت و دامەزراندن و سەرپێخستنی مۆدێلێکە لە ڕێزمانی زمان، کە هێندەی گرنگی بە بونیادەکان بدات، کەمتر خودی وشە و یاسا بەرکارەکان بەهەند وەربگرێت. بۆ ئەمەیش جەختیان لەسەر دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان دەکردەوە و وەک باشترین نموونە بۆ شرۆڤەکانی ئەم مۆدێلەی ڕێزمانی بونیادنان دەهێنرێنەوە، بەوەی، کە ئاخێوەران ناتوانن بەهۆی زانینی واتای وشەکان و ئەو یاسا ڕێزمانییانەی وشەکانی لە تەنیشت یەکەوە داناوە، لە واتاکانیان تێبگەن، بەڵکو تەنها و تەنها بە جوتکردنی فۆڕمەکان و هاوشان بە بەکارهێنانیان، واتاداردەبن. بەگشتی ئەم مۆدێلە لە ڕێزمانی بونیادنان، چوار تایبەتێتی یاخود بنەمای دیاریکراو بە سەرجەم پێکهاتەی زمان و شرۆڤە ڕێزمانی و ئاخاوتنییەکانی ئاخێوەران دەبەخشێت:

١- هەموو کۆزانیارییە زمانییەکان و دەربڕاو و بونیادنانەکان، چ دیار بن یان نادیار(مەبەست لە دیار، دەربڕاوە ئاساییەکانە و نادیاریش، دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان و هەنگاو و پێواژۆکانی زمانپژانە)، لە دووانەی فێربوونی فۆڕم و واتا پێکهاتوون. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بنەمایەی ڕێزمانی بونیادنان، پێواژۆی فێربوونی زمانی یەکەم لەلای منداڵ دەهێنرێتەوە، کە ئەگەر سەرنج لە قۆناغەکانی فێربوونە ڕێزمانییەکەی زمانی یەکەم بدرێت، دەبینرێت، کە فێربوونەکان وەک کۆزانیارییەکی نادیار و نا ئاشکرا دەردەکەون، کە لە دواتردا بەهۆی باری بەکارهێنان و ئەزمونی بەکارهێنانەکانەوە، کەڵەکەیان دەکات، زیاتر لەوەی، کە بەهۆی ڕێسا و یاسا ڕێزمانییە دیارەکانەوە بونیادنرابن. بۆنموونە منداڵ زانیاریی (کۆکردنەوەی ناوەکان)ی لە لا ڕوون و ئاشکرایە و هیچ گرفتێکی لە جیاکردنەوەی بونیادە تاک و کۆکاندا نییە و زۆر بە ئاسانی دەتوانێت بونیادێکی وەک (منداڵێک، مۆزێک، تۆپێک...) لە بونیادەکانی (منداڵەکان، مۆزەکان، تۆپەکان...)، جیابکاتەوە و بیانناسێت و بونیادیان بنێتەوە، لە کاتێکدا هیچ ئاگاییەکی ڕێزمانیشی لەبارەی پێواژۆکەوە نییە، تەنانەت ئەگەر پرسیاریشی لێبکرێت بەوەی، کە چۆن (تۆپێک) دەکات بە (تۆپەکان)، ئەوا بێگومان وەڵامەکەی (نازانمە). کەواتە توانای بونیادنانیان دەبێت، بەبێ ئەوەی توانای ئەوەیان هەبێت، کە پێناسە و شرۆڤەی بونیادنانەکانیان بکەن، کە وەک جۆرێک لە کۆزانیاریی زمانیی شاراوە و نا ئاشکرا بونیان هەیە. لە کاتێکدا "کۆزانیاریی ئاشکرا، بەسەر ئەو جۆرانەی کۆزانیاریدا دەچەسپێت، کە ئاگاییانەیە و شیانی گوزارشت لێکردنی هەیە". ( Niestorowicz T., 2018: 139). لەم ڕوانگەیەوە و لە کۆزانیاریی ئاشکرادا، ئاخێوەران دەتوانن بونیادە ڕێزمانی و زمانییەکەیشی پەی پێببەن[١]. ڕۆڵی کۆزانیاریی ئاشکرا، زیاتر لە قۆناغەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا

---

[١]- بڕوانە مەحمود، ئاڤێستا کەمال، ٢٠١٢: ١٢٧.

دەردەکەوێت و پەیوەستە بە تەواوی لایەنە زمانییەکانەوە و قسەپێکەر ئاگاییانە فێریاندەبێت[1]. بەڵام بە هەردوو جۆرەکەیەوە، پێکبەستییەک لە نێوان سەرجەمی پێکهاتەی زمان و باری بەکارهێنانی (واتە بونیادنان)، دەگرێتەوە، کە لە ڕاستیدا تەنها بەهۆی بونیادنانەوە خودی کۆزانیارییەکەیش هەڵدەچنرێت. "کۆزانیارییەکەیش زۆرجار بابەتێکی درکپێکراوە لەلایەن تاکێکەوە، کە وەک کۆزانیارییەکی خودی، کە پشت بە ئەزمونی کەسی دەبەستێت و تاک ئەو زانیارییانە وەردەگرێت، بەپێی ئەو ئەزمونانەی، کە پێیدا تێپەڕبووە یاخود لە دەوروبەر وەریگرتووە". (عەبدوڵا، مهاباد کامیل، ٢٠١٧: ٦٠٥).

٢- واتای بونیادنانەکان، ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بە فۆڕمێکی دیار و ئاشکرا و پێزانراوەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، واتا و فۆرم، لە پێکهاتە و مۆدیولی جیاوازدا دانەکراون، بەڵکو بە شێوەیەکی جیانەبووەوە پەیوەستن پێکەوە. بەهۆکاری ئەم بنەمایەیە، کە بونیادنان ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ڕەهەندێکی بەکارهێنانە زمانییەکان دەدات، لەبەرئەوەی ڕوودانی بونیادەکان، هەمانکاتییە و هەرکام لە فۆڕمەکان و بەکارهێنانی فۆڕمەکانیش لە بونیادەکەدا کۆدەکاتەوە.

٣- شێوەی بونیادنانەکان لە تۆڕێکی ئاڵوگۆڕکراوی پەیوەندیدار بە داڕشتەی هەڕەمی بۆماوەیدا دەنوێنرێن. بەو واتایەی لە گەورەترین و بەرزترین یەکەوە، تاوەکو بچوکترین و نزمترینیان، بە شێوەیەکی بۆماوەی ئاوەزیی لە کلتورێکدا دێن و دەچن[2].

٤- هیچ دەستەیەکی جیهانی، بونیادنانی ناوەکی و خۆڕسک، چ لەناو خودی زمان، یاخود نێوان زمانیدا، بونیان نییە. گشتاندنەکان، کە لەناو زمانەکاندا مایەی شیکار و شرۆڤەن، ئەنجامی ستراتیژە درکپێکردنە دیار و گشتییەکانن. بەمشێوەیە ڕێزمانی جیهانی و زانیاریی خۆڕسکی زمانی لە زمانەکاندا بوونیان نییە، ئەمەیش بەهۆی ئەوەی، کە تەواوی دەرکردە زمانییەکان، بەرهەمی سروشتی درکپێکردن و توانستی درکپێکردنن. (Wasserscheitd P., 2019: 97-98).

بەگشتی بڕوای بنەڕەتی لە مۆدێلی ڕێزمانی بونیادناندا، لەسەر ئەوە وەستاوە: ئەوە ئاخێوەرانن، کە ڕستە و دەربڕاو و داڕشتە ڕێزمانییەکان بەرهەمدەهێنن و بونیادیان دەنێن، کە ئەمەش پەیوەستە بە ڕەهەندە درکپێکراوە ئاوەزییەکەیانەوە، تا ئەوەی مۆدێلێکی دیاریکراو و جێگیر هەبێت و ئەمانیش پەیڕەوی لێبکەن. ئاخێوەرانیش دابڕاونین لە بەکارهێنان و بارگاوین بە تەواوی چوارچێوەکانی بەکارهێنانەوە، تا ئەو ڕادەیەی، کە خواست و پێویستییەکانی بەکارهێنان، ڕۆڵی یەکەمی و

---

[1] - وردەکاریی تەواو سەبارەت بە هەرکام لە کۆزانیاریی ئاشکرا و شاراوە لە زمانەوانیدا لە (Liashchova L., 2018)دا دەبینرێتەوە. هەروەها سەبارەت بە (پەیپێبردنی زمانیی تایبەت و زانیاریی زمانی)، بڕوانە (قادر، کاروان عومەر و هاوکارانی، ٢٠١٧).

[2] - بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم سەرنج و لێکدانەوەیە و شرۆڤە ڕێزمانییەکان لە زانستی زمانی درکپێکردندا، بڕوانە: ١- قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٩. ٢- قادر، کاروان عومەر و عەبدوڵا، گۆنا عومەر، ٢٠٢١ و ئەو نموونە و شیکردنەوانەی دەربارەی بابەتەکە لەو سەرچاوانەدا پێشکەشکراون.

یەکلاییەکەرەوەیان دەدرێتێ لە دارشتە ڕێزمانییەکاندا و پێش هەر وردەکارییەکی تەکنیکی ڕێزمانی و سینتاکسی دەکەون و هەر ئەمانەیش هەنگاوە بنەڕەتییەکانی زمانن و سەرجەمیشیان لە کۆکردنەوە هێماییەکاندا دەنوێنرێن و بونیاد دەنرێن.

### ٢-٣/١) مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنانی بنەڕەتی/بنچینەیی Radical Construction Grammar

ئەم مۆدێلە لە ڕێزمانی بونیادنان زانا (ولیام کرۆفتWilliam Croft )ەوە خراوەتەڕوو و گەشەپێدراوە. بە ڕێژەیەکی زۆر کار لەسەر لایەنە کارەکییەکانی ڕێزمانی زمان دەکات. لەم خاڵەدا هاوشێوەییەک لە نێوان ڕێزمانی درکپێکردن و ڕێزمانی بونیادنانی بنەڕەتیدا هەیە. بەهەمانشێوە ناخوازێت هیچ جۆرە جیاکارییەک لەنێوان ڕێزمان و فەرهەنگدا هەبێت، تەنانەت ڕێزمانی ئاوەزیی دەبێت بەو مەبەستەوە بەکاربهێنرێت، کە هەم گوزارشت بێت لە پێواژۆ ئاوەزییەکان و هەمیش ڕێزمان ئەو ڕۆڵە ببینێت(کە گوزارشتە ئاوەزییەکان بنوێنێت). هەر لەم ڕوانگەیەوە، بیرۆکە و ڕوانینی ڕێزمانی جیهانی (Universal Grammar) بۆ زمان و زمانەکان، بەرپەرچدەدرێتەوە و لەبری ئەمە، هەمەجۆریی ڕێزمانی پەسەند و پێشنیازدەکرێت. بەهۆی ئەم سروشتەی مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنانی بنەڕەتییەوە، مۆدێلەکە زیاتر وەک تیۆرییەکی زمانەوانیی جۆرناسی دەناسرێت، کە خودی کرۆفت و لایەنگرانی مۆدێلەکە وەک ڕێگایەکیش بۆ بەدیارخستنی سروشت و تایبەتێتییە هەمەجۆرەکانی زمانەکان و تایبەتێتییە جۆراوجۆرەکانی یەک زمانیش، لە ڕوانگەی بونیادنانەکانییەوە، ڕوونبکەنەوە و بەهۆیشیەوە بیکەنە بنەمایەکی ئاوەزیی بۆ تێگەیشتن لە پێواژۆ درکپێکراوەکانی ئاخێوەرانی زمان و زمانێکی دیاریکراو.

کاتیگۆرییە سینتاکسییەکان و ئەرک و پەیوەندییەکانی نێوانیان(دروستەی ئارگومێنت، بە واتا و مەبەستە باوەکەیەوە( و بەدیاریکراویش ڕێزمانی بەرهەمهێنان))، جیهانی نین. نەک هەر ئەمە، بگرە زیاد لە تایبەتێتی زمانی، تەنانەت بونیادنانەکانیش تایبەتێتین و ئەدگار و پەسنی جیاواز بە زمانەکان دەبەخشن. لە ڕاستیدا هەمەجۆری ڕێزمانی لە بڕوای بنەڕەتی ڕێزمانی بونیادنانەوە بە (فۆرم_بەکارهێنان)ەوە دێت. کەواتە بیری هەمەجۆری ڕێزمانی، وەک گشتێک بەسەر هەموو بونیادنانە ڕێزمانییەکانی زمانەکاندا دەگونجێت. ئەویش تەنها ئەوکاتەی، کە لە ڕوانینی ڕێزمانی بونیادنانەوە لە ڕێزمانی زمانی مرۆڤ بڕوانین. ئەم مۆدێلە وەک ڕوانینێک لەدژی مۆدێل و بۆچوونی (وشە و یاساکان) لێکدەدرێتەوە. ئەمەیش بە هۆکاری ئەوەی، کە لە زمانەوانی شێوازبەندیدا هەمیشە (وشەکان)، یەکەی بنەڕەتی بوون و بونیادنانی ئەمانیش بووە بە هەنگاوی دووەم و دواتر. "لە کاتێکدا لە ڕێزمانی بونیادنانی بنەڕەتیدا، سەرجەمی بونیادنانەکە یەکەی بنەڕەتی نواندنن و بەشەکان، وەرگیراوەکانن". (Croft W., 2001: 83). لەم مۆدیلەدا بونیادنانەکان وەک گشتێک بۆ گوزارشت و مەبەست و ئاخاوتنەکان

دەستدەدەن، ئەمەیش بەهۆی ئەوەی، کە هەموو لایەنەکان لەخۆدەگریت و بونیادنانەکان پڕاوپڕی ئەوەی، کە پێویستە، دەگرنەوە. هەنگاوی دووەم و دواتر، وشەکان و یاساکان دێن، کە وەک ڕێککارییەکی تەواوکاری بۆ بونیادنانەکان دەردەکەون. لەم ڕوانینەوە، بونیادنانەکان یەکەکانی ناویان دادەڕێژن و واتای یەکەکانیش لە بونیادەکانیانەوە دێن. بەمشێوەیە بونیادەکان(بۆ تێگەیشتنی زیاتر دەتوانرێت بە "دروستەکان"ی زمانەوانی باو/بەرهەمهێنان، ئاماژەیان پێبدرێت)، لە یەکەکان و بەشە پێکهێنەرەکانیانەوە، دانەڕێژراون/نەهاتوون، بگرە ئەوە یەکە و بەشە پێکهێنەرەکانن، کە لە بونیادەکانەوە هاتوون و وەرگیراون. بەمشێوەیە بونیادنانەکان ئاماژەدەری ڕووداو و دیاردە و هەڵبژاردن و درکپێکردنی سەرجەمی ئەمانەیە پێکەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بیرە، با لە نموونەکانی (٣٩) بڕوانین:

٣٩) ا- بۆکزێکی لێدا.

ب- لاچاوی سورکردەوە.

پ- خوێنی لێهێنا.

ت- بەیەکەم لێدان، تەختی ئەرزی کرد.

ج- ڕەوانەی خەستەخانەی کرد.

چ- هەفتەیەک خستی.

هەرکام لە بونیادەکانی (٣٩)، ئاماژە بە دەسەڵاتێکی درکپێکراو دەدەن لە هەڵبژاردن و خواستی داڕشتن و بەخشینی واتا بە یەکەکان و ئاماژەدەر بە سات و چۆنییەتی گوزارشتی تایبەت لە یەک ڕووداوی دیاریکراو، کە لەیەکەم هەنگاودا پێویستە خودی بونیادەکان لەبەرچاوبگیرێن، تاوەکو مەبەست و واتای (لێدان)ی (٣٩- ا) ڕوون و ئاشکرابێت و بەهۆی (لێدان)ی (٤٠)ەوە، هەڵە بونیادنان و پاشانیش هەڵەتێگەیشتن ڕوونەدات:

٤٠) ا- جەڕەسێکی لێدا.

ب- هۆڕێنێکی بۆ لێبدە.

ئەوەی، کە یەکە پێکهێنەرەکانی داڕێژاوە، بونیادنانەکانن، وەگەرنا، داڕشتەی (٣٩- ا) و (٤٠- ا و ب)، هەمان داڕشتەن، هەڵبژاردنی (فۆڕم-واتا/بەکارهێنان)، بەهۆی بونیادنانەوە، جیاوازییەکەی لەنێوانیاندا دروستکردووە. ئەمە سەرەڕای بەراوردی خودی نموونەکانی (٣٩) بەیەکتر، کە هەرکامیان ئاماژە بە بەشێکی دیمەنی ڕووداوێکی دیاریکراو دەدەن و کاریگەرییە دەرەکییەکە و پلەی درکپێکراوی ئاخێوەران، تێکردەی بونیادەکان بوون، پاشانیش بونیادەکان، داڕشتەکان و یەکەکانی ناویان هەڵبژاردووە، بەجۆرێک، ساتی گێڕانەوەی ڕووداوەکە بە ڕیزبەندیی لە (٣٩- ا)ەوە بەڕوونی تا (٣٩- چ)، دەردەکەوێت، کە هەرکام لە نموونەکان ئاماژە بە دیمەنە یەک لەدوای یەکەکانی ڕووداوەکە،

بەشێوەی زنجیرەیی دەدەن، کە تەنها و تەنها لە گۆشەنیگای ڕێزمانی بونیادنانەوە، دەتوانرێت تێگەیشتنی گشتیمان سەبارەت بە دوولایەنی (فۆرم–بەکارهێنان)ی تەواوی دەربڕاوەکان هەبێت لە یەک دەربڕاوی زمانیدا. نموونەکانی (٣٩) و (٤٠)، باشترین بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

بەشێوەیەکی گشتی، دابەشکارییە جێگیر و وەستاوەکان (هەم بۆ وشە و هەم بۆ ڕستەکان)، لەم مۆدێلەی ڕێزمانی بونیادناندا وەلادەنرێت و لەبری ئەمە (بونیادنان)، وەک یەکەی بنەڕەتی لە زماندا(کە هەرکام لە وشەکان و چۆنییەتی بەکارهێنانیشیان لە بونیادنانەکاندا جیدەکرێتەوە)، دادەنرێن. ئەم سەرنجەیش بە واتای بەخشینی ڕووبەرێکی فراوانە بە هاتن و ڕووداوەکان لە بارودۆخ و بەکارهێنانە جیاوازەکاندا، نەک سنور و چوارچێوە دانانێک هەم بۆ وشەکان و هەمیش بۆ خودی یاساکان و پاشانیش یاساکانی بەکارهێنانی وشەکان، هەروەک لە ( Croft, 2001: 102-103, 170)دا هاتووە، "کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکانی وەک ١- پۆلە وشەییەکان(ناو، کردار) یان ٢- کردە ڕێزمانییەکانی وەک (بکەر و بەرکار)، بارێکی سەربەخۆ و جێگیر و وەستاویان نییە، بەڵکو دەبێت لە ڕوانگەی پەیوەندیدارییان بەو بونیادانەوە پێناسەبکرێن، کە تیایاندا هاتوون". هەروەک لە نموونەکانی (٣٩)دا خرایەڕوو، کە دەبوو لێکدانەوەی یەکەکان لە پەیوەندیدا بە بونیادەکانیان و ئەو قاڵبەی، کە تیایدا هاتوون و ڕوویانداوە، بناسرێن، ئەگینا هەرچەندە فۆرمی (لێدان)ەکان، لە (٣٩- ا) و (٤٠- ا و ب)دا، هەر هەمان فۆرمە، کەچی (واتا/بەکارهێنان)ەکەیان، ئاماژەی بە ڕووبەرە جیاوازە فراوانەکەی نێوانیان داوە. لەم ڕاستییەوەیە، کە ڕێزمانی بونیادنان بە گشتی و مۆدێلی بونیادنانی بنەڕەتیش، پلە و هاتنی یەکەم بە بونیادنانەکان دەبەخشن، ئەمەیش لەبەر دوو هۆکار:

١- بەهۆی بونیادنانەوە بوو، کە تێگەیشتنمان بۆ (٣٩- ا) و (٤٠- ا و ب)هەبوو، چونکە لەهەمان کاتدا، فۆرم و بەکارهێنانیان ڕوودەدەن،

٢- بونیادنانەکان ئەوانەی دوای خۆیان دادەڕێژن و هاتنیان بەندە بە بونیادنانەکانەوە، ئەمەیش وادەکات سروشت و تایبەتێتی(وشە و یاساکان)، لەلایەن بونیادەکانەوە دابڕێژرێن. لەبەر ئەمەیە وشە و یاسای (٣٩- ت) تەواو جیاوازە لە وشە و یاسای (٣٩- پ). هەمان ڕاستی بونیادنراو لە نموونەکانی دیکەی (٣٩)دا ڕوون و بەرچاون، ئەمەش هەمەجۆریی بە زمانێک و زمانەکان دەبەخشێت و بەهۆیەوە مۆدێلەکە وەک مۆدێلێکی جۆرایەتی(زمانەوانیی جۆرناسی) دەردەکەوێت. لەم ڕاستییەوەیە، کە بونیادنانەکانیش بەهۆی تایبەتێتییەکانی ڕێزمانی بونیادنانەوە ڕێگە بە هەموو بەکارهێنانێکی فۆرمەکان دەدات(تەنها بەهۆی جوتکردنیانەوە). ئەمەش وادەکات، کە وشەکان و یاساکان، بە دیاریکراو و جێگیر و وەستاو نەبینرێن و ئەم مۆدێلەی ڕێزمانی بونیادنانیش دژیان دەوەستێتەوە. باشترین نموونەیش بۆ سەلماندنی ئەم سەرنجەی زانا کرۆفت، بەکارهێنانی هەمەجۆرییانەی وشەکانە لە ڕووی واتاوە، هەروەها بارکردنی یاسا سینتاکسییەکانە بە ئاستە درکپێکراوەکانی ئاخێوەران(یاسا ڕێزمانییەکان دەخرێنە خزمەت سروشتی درکپێکردنی مرۆڤەوە بۆ بارودۆخەکان و بەهۆیشیانەوە بونیادنانی تایبەت

ئەزمون دەکەن). "وشەکان تەنها بەشێکن لە بونیادنانە تایبەت و دیاریکراوەکان". ( Evans & Green, 2006: 694). کاتێکیش، کە بەم شێوەیەیە، ئەوا ڕێگە بە پۆلێنبەندییە وشەییەکان و دیاریکراوییان لە زماندا نادرێت و ئەگەر زیاتر فراوانیش بکرێت، پۆلێنە وشەییەکان لە زمانەکاندا جیاوازییان تێدەکەوێت و جارێکیتر هەمەجۆریی زمانی دەسەلمێنێتەوە، نەک ڕێزمانی جیهانی. ئەگەر سەرنج بدرێت، ڕوانینەکانی ئەم مۆدێلەی ڕێزمانی بونیادنان، دەچێتەوە بنەڕەتی زمان و جارێکیتر لەڕێی شیکاریی وردەکارییە زمانییەکانەوە، تێگەیشتنێکی دیکە بۆ زمان و پێواژۆ زمانییەکان، سەرپێدەخات. هەربۆیە خودی مۆدێلەکەیش ناونراوە (بنچینەیی/بنەڕەتی)، لەبەرئەوەی دەیەوێت بەهۆی لێکدانەوەکانی ڕێزمانی بونیادنانەوە، جارێکی دیکە فەزا و ڕوانینە گشتییەکەی زمان لە زمانی گشتی و ڕێزمانی گشتی و توانستی ناوەکی...هتد، بگوازێتەوە بۆ زمانی دیاریکراو(بەهۆی بەکارهێنانەوە) و ڕێزمانی دیاریکراو و توانستی درکپێکراوی دیاریکراو...هتد. تەنانەت هەندێکجار سەرجەمی ڕێزمانی بونیادنان، بە تەواوی وەشان و ڕەهەندە نزیک و جیاوازەکانیشییەوە، وەک ڕوانینێکی بنچینەییانە و بنەڕەتییانە لە زمان دەبینرێت. "لە ڕاستیدا ڕێزمانی بونیادنانی بنەڕەتی/بنچینەیی، لە تەنها تیۆرییەکی سینتاکسی زیاترە. ڕەنگە باشتربێت، کە وەک ڕێبازێکی ڕێزمانییانە لێیبڕوانرێت، یان تەنانەت سەرجەمی زمان(ەکان) بە گشتیش". (Taylor J. R., 2004: 322).

تایبەتێتییەکی دیکەی ئەم مۆدێلەی ڕێزمانی بونیادنان ئەوەیە، کە ڕێکخراوەیی بونیادنانەکان، زیاتر لە ڕوانگەی ئەو کردە و ئەرکانەوە جێبەجێدەبن، کە بونیادەکان ئەنجامیاندەدەن. "لە ڕێزمانی بونیادنانی بنەڕەتیدا، ڕێزمان وەک ڕێکخراوەییەکی بونیادنانەکان و ئەو ئەرکەی، کە دەینوێنن، پێناسە دەکرێت". (Croft، سەرچاوەی پێشوو، ٦٠). ئەمەیش بەو واتایە دێت، کە بەهۆی جوتکردنەکانی (فۆرم_بەکارهێنان)وەیە، کە ڕێکخراوەیی بە بونیادنانەکان دەبەخشرێت. کەواتە لەم مۆدێلەی ڕێزماندا، ئەوەی تایبەتێتییە ورد و دیاریکراوەکان دەبەخشێت، بونیادنانەکانن و هەر ئەمەیش زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە. بونیادنانەکانیش، بەپێی ئەو تایبەتێتییانەی، کە زمانەکە خاوەندارییان لێدەکات. بەمشێوەیە لە زمانەوانیی جۆرناسیدا، بونیادنان دەبێتە باشترین بەڵگە و ڕێگای ناسینەوەکان و بەدیارخستنی ئاگایی و سروشتی درکپێکردن و چۆنییەتی گوزارشت و ڕوانین لە شتەکان. نموونەی (٤١)، بۆ ئاخێوەرێکی کورد و نموونەی (٤٢)، بۆ ئاخێوەرێکی ئینگلیز، بونیادنانێکی تایبەت و دیاریکراو بەدیاردەخەن، کە سیفاتە هەمەجۆرییەکە و جیاوازییە بونیادنراوەکانیان، لە خودی نموونەکان و پاشخانی نموونەکانەوە، هەستیان پێدەکرێت:

٤١- خەڵک لەخۆوە قسەناکەن.

42- No Smoke without Fire.

تەنها بە سەرنجدان لە بونیادنانی نموونەکانی (٤١ و ٤٢)، هەست بەو جیاوازییە دەکرێت، کە لەنێوان جۆرەکانی کوردی و ئینگلیزیدا هەن، هەم لە ڕوانگەی فۆرم، هەمیش لە ڕوانگەی واتا(پاشخانی دارشتن

و بونیادنانیانەوە)، کە ئەمیش بۆ بنەڕەتێکی ئاوەزیی درکپێکراوی تایبەت بە زمانەکە و کلتورەکەی و کلتورە زمانییەکەیان دەگەڕێتەوە. بەجۆرێک لە نموونەی (٤١)دا، بونیادەکە (خەڵک، خۆ، قسەکردن)ی دارشتووە، لە کاتێکدا و لە نموونەی (٤٢)دا، بونیادەکە (دوکەڵ، ئاگر)ی داڕشتووە و بەشدارییپێکردووە. ئەمانەیش دەبنە بنەمایەکی ئاوەزی بۆ تێگەیشتن لە سروشتی زمانەکان و ئاخێوەرانیان و ئەو هۆکارانەیش، کە ئەمانەیان داڕشتووە. هەروەک زانا تایلۆر (سەرچاوەی پێشوو، ٣٢٢)، سەرجەمی لێکدانەوەکان لە ڕوانگەی بونیادنانەکانەوە دادەڕێژێت، "بونیادنانەکان تایبەتن بە زمان. بەو واتایەی، کە بونیادێک لە زمانێکدا، زۆر بە دەگمەن لە لایەنی فۆڕمی و واتاییەوە لەگەڵ بونیادێکی دیکەی زمانێکی دیکەدا، هاوتا دەبێت". وەک لە نموونەکانی (٤١ و ٤٢)دا خرایەڕوو، بەوەی، کە بونیادی (٤١)، هیچکات ناتوانێت هاوتای بونیادی (٤٢)ی ئینگلیزی بێت. ڕاستی ئەم لێکدانەوانە لە پێواژۆ و کردەی وەرگێڕاندا (بەتایبەتی و دیاریکراویش وەرگێڕانی ئیدیۆمەکان، یاخود دەربڕاوە تایبەتییەکانی گوزارشت لە بارودۆخە دیاریکراوەکانی وەک نموونەکانی (٤١ و ٤٢))، زۆر ڕوونتر دەردەکەوێت، چونکە ئەگەر هاتوو نموونەی (٤٢)، بۆ زمانی کوردی وەربگێڕدرێت، ئەوا وەک (٤٣)، دەردەچێت:

٤٣) هیچ دوکەڵێک بەبێ ئاگر نییە.

کە لە ڕاستیدا نموونەی (٤٣)، هەرگیز ناتوانێت بۆ مرۆڤێکی کورد، بونیادنانێکی هاوشێوەی نموونەی (٤١) بێت، هەم لە ڕووی فۆڕمەوە، هەمیش لە ڕوی چەمک و مەبەستی بەکارهێنانەوە، کە هەمووی لە بونیادنانی ڕێزمانی بونیادنانی بنەڕەتیدا کۆکراوەتەوە.

ڕێزمانی بونیادنانی بنەڕەتی زیاتر لەمەیش دەڕوات و تەنانەت پۆلە وشەییەکان و کاتیگۆرییە ڕستەیی و زمانییەکانیش، تایبەت دەکات بە خودی زمانەکان خۆیانەوە. لەبری ئەمە مۆدێلەکە پێیوایە، کە هەر ئاستێک یاخود هەر داڕشتە و بونیادێکی زمانی، ناتوانرێت بە ڕوونی دیاریبکرێت، مەگەر تەنها بە بەستنەوە و بەهەند وەرگرتنی ئەو ڕاستی و دابەشکارییەی، کە لەو زمانەدا تێیدا ڕوویداوە و هاتووە، نەک لەسەر چەند بڕیارێکی پێشینە و یەکلایکەرەوە و دیاریکراو، بڕیار لەسەر داڕشتە و بونیادنانەکان بدرێت، لە کاتێکدا سروشت و بنەڕەتی بونیادنانە زمانییەکان لە زمانەکان و بارودۆخی بەکارهێنانە زمانییەکان لەبەرچاونەگیرابن، کە کرۆک و بڕوای ڕێزمانی بونیادنانی بنەڕەتی پێکدەهێنێت.

## ٣/١-٣) ڕێزمانی بونیادنانی بەجەستەکراو Embodied Construction Grammar

کاتێک، کە تەواوی پێکهاتەی زمان وەک هاوبەشییەک و کۆکراوەیەکی هێمایی و جوتکردنێکی هەمانکاتیی فۆڕم و بەکارهێنان دادەنرێت، کەواتە پێواژۆ زمانییەکان لەهەر بارێکدابن، بە بونیادنانێک دادەنرێن. هەریەک لە مۆدێلەکانی بونیادنانیش، ڕەهەندێکی پێواژۆکە بەدیاردەخەن. ئەم مۆدێلە لە ڕێزمانی بونیادناندا (ڕێزمانی بونیادنانی بەجەستەکراو/جەستەمەندی)، بۆ یەکەمینجار لەلایەن زانایان (Benjamin Bergen and Nancy Chang)، لە بابەتێکیاندا بەناونیشانی: "ڕێزمانی بونیادنانی بەجەستەکراو، لەسەربنەمای لاسایکردنەوە لە تێگەیشتنی زمانیدا -Embodied Construction Grammar in Simulation Based Language Understanding "، لە (٢٠٠٥)دا پێشکەشکردووە.

هەرکام لە چەمکەکانی (شیکردنەوە) و (لاسایکردنەوە)، وەک دووانەی پێکهێنەری چوارچێوەی گفتوگۆ (بەکارهێنانی زمانی)، لەم مۆدێلەی ڕێزمانی بونیادناندا، بە بنەڕەت و بناغە دادەنرێن. "خودی مۆدێلەکە زیاتر تایبەتە بە پێواژۆ زمانییەکانی وەک (توانای وەرگرتن Comprehension)، یان (تێگەیشتن Understanding)، هەروەها تیشکدەخاتە سەر شیکردنەوەی ئەوەی، کە چۆن بونیادنانەکان توانای وەرگرتنە زمانییەکان لە پێواژۆیەکی جوڵاوی هەمانکاتیدا جێبەجێدەکات". (Evans & Green, 697). ئەمەش لەو ڕێگەیەوە دەبێت، کە بونیادنانەکان وابەستەی ڕاستەوخۆن بە کۆزانیارییە بەجەستەکراوەکانەوە. لە ڕێزمانی بونیادنانی بەجەستەکراوECGدا، کۆزانیارییەکان بەجەستەکراون و ئاخاوتن و وەرگرتنی ئاخاوتنەکانیش، لەم ڕاستییەوە دەستپێدەکەن و ڕوودەدەن. ئامانج لەم مۆدێلەیش، وەک خۆیان ئاماژەی پێدەدەن، لەپێناو دانانی نەخشەیەکی بەجەستەکراوە بۆ تێگەیشتنە زمانییەکان، کە شێوەیەکی جوڵاو و بەردەوام دەدات بە جەمسەرەکانی (ئاخاوتن و تێگەیشتن). بەو واتایەی کاتێک ئاخێوەر هەر دەربڕاوێکی دەبێت، جوتکردنە فۆڕم-واتاییەکەی لە ڕوانگەی بەجەستەکردنەکانیانەوە دەبێت. بەمپێیە هەم ئاخاوتن بەمجۆرە دەستپێدەکات، هەمیش تێگەیشتن بەمجۆرە ڕوودەدات. "کاتێک گوێگر گوێی لە دەربڕاوێک دەبێت، دوو ئەرکی هەیە و جێبەجێیان دەکات، یەکەم: شیدەکاتەوە، دووەم ئەرک، هاوشێوەکردن یان لاسایکردنەوەیە". (سەرچاوی پێشوو، ٦٩٨). مەبەست لە شیکردنەوە، نەخشەکێشانی هاندەرەکە(دەربڕاوەکە)، لەگەڵ بونیادنانە بەجەستەکراوەکانی خۆیدا بەراورد دەکات و ئەو بونیادەیان دەهێنێتەوە، کە نزیکترینە و لە جوتکردنەکەدا هاوشێوەن. بۆنموونە کاتێک گوێگر، نموونەیەکی وەک (٤٤)ی گوێلێدەبێت:

٤٤)- تۆپەکەی گرتەوە.

گوێگر ڕاستەوخۆ و بەمەبەستی تێگەیشتن، بونیادی (٤٤)، بەراورد دەکات بەو بونیادانەی دیکە، کە بەجەستەکراون و هاوشێوە و نزیکن لێوەی، هەربۆیە بونیادە تێپەڕەکان دەبن بە یەکەم شیکردنەوەی

نموونەی (٤٤) لەلای گوێگر و هەرکام لە نموونەکانی (٤٥- ا، ب، پ)، بونیادە بەجەستەکراوە هاوشێوە و نزیکەکانن لە بونیادی (٤٤)ەوە:

٤٥)ا- شەربەتەکەی گرتەوە.

ب- ئێران ئاوەکەی گرتەوە.

پ- وێنەکە بگرەوە.

بەمپێیە یەکەم هەنگاو و کردەیەک، کە گوێگر ئەنجامیدەدات، شیکردنەوەی بونیادە هاندەر(دەربڕاو)ەکانە، لە ڕوانگەی بەجەستەکراوەکانییەوە. کە ئەمەیش بەهۆی دیاریکردنە سیمانتیکییەکانەوە دەبێت و بەهۆیەوە چوارچێوە و ئەسکەلە چەمکییە هاندراوەکان بۆ دەربڕاوێکی دیاریکراو دەکێشرێن و دروستدەکرێن.

پاشان ئەرکی دووەم، کە لاسایکردنەوە یاخود هاوشێوەکردنە و خۆی لە چالاککردنی ئەو نواندنە چەمکییانەدا دەبینێتەوە، کە وەک شرۆڤە و لێکدانەوەیەک بۆ دەربڕاوەکە دەردەکەون و بنەمایەک بۆ وەڵامدانەوەی بەکارهێنەرە زمانییەکان دابیندەکەن. بنەمایەک، کە بەهۆی بەجەستەکردنەوە بونیادنراوە و لەئێستای پێویستی بۆ تێگەیشتن یان وەڵامدانەوەدا، هاوکاریی گوێگر دەکات. مەبەست لە وەڵامدانەوە، تەنها کردەیەکی زمانی نییە، بەڵکو شیکردنەوە و هاوشێوەکردنەکەیش بۆخۆیان وەک بنەمای جێبەجێبوون و گەیشتنی ئاخاوتنەکانی ئاخێوەر دەردەکەون. بۆ ئەمەش(واتە بۆ هاوشێوەکردنەکە)، چەند لێکدانەوەیەک هەن، کە لێرەدا بە نواندنی چەمکی ناودەبرێن، بۆ تێگەیشتن لە دەربڕاوەکە بەکاردەهێنرێن. هەموو ئەمانەیش هاوتا لەگەڵ هۆکارەکانی دەوروبەردا، بەمەبەستی تێگەیشتن لە دەربڕاو، ڕۆڵدەگێڕن. لە هاوشێوەکردندا، نواندنە چەمکییەکان و بارودۆخەکانی دەوروبەر لە وەڵامدانەوەکانی گوێگردا بەکاردێن. وەڵامدانەوەکانی گوێگریش پەیوەستن بە: ١- دەربڕاوەکە، ٢- بەجەستەکراوەکانی خۆیەوە. دەربڕاوەکە هەرچییەک بێت، ئاست و ڕادە و ڕێژەی بونیادنانە بەجەستەکراوەکانی گوێگر لە وەڵامدانەوەکاندا بڕیاردەر دەبن. ئەمەیش وادەکات، کە زمان وەک بوونێکی بەردەوام جوڵاو و کارای پەیوەستدار و پێکهاتوو لە زۆر لایەن و پێکهێنەری دیکەوە بنوێنرێت. ئەم خاسیەتەیش وەک بەخشینی بەرزترین پلەی بەکارهێنان بە هەر دەربڕاوێکی زمانی دەردەکەوێت، کە ئەنجامی بەکارهێنانێکی زۆر و دووبارەبووەوەی خودی بونیادەکانە و لەپاشاندا بەجەستەکردنی ئەزمونی دووبارەکردنەوەی بونیادەکان، وەک بنەمای هەموو کردەکان لە ڕێزمانی بەجەستەکراودا کاردەکات. بەمشێوەیە لەم مۆدێلەدا، ئاڵۆزیی یاخود سادەیی داڕشتەکان بەهەند وەرناگیرێن، بگرە هەر بونیادێک لە ڕوانگە و سایەی بەجەستەکراو و ئەزمونە دووبارەبییەکەیەوە، لە ئاوەزدا تۆماردەبێت و دواتریش بەهەمانشێوەی بونیادێک، بەکاریاندەهێنێتەوە. لەم ڕاستییەوە دەتوانرێت ئەوەیش بخرێتەڕوو، کە ئەگەر هاتوو بونیادێک بە هەڵە ئەزمون و بەجەستەکرا، ئەوا جارێکی دیکەیش بە هەڵە بونیاد

دەنرێتەوە/بەکاردەهێنرێتەوە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەجەستەکردنەکان لە ڕێزمانی بونیادناندا، هاوتاکردنی فۆرم_بەکارهێنانە پێکەوە، بەو واتایەی ئەگەر (شەخەڵ، جگەر، بونیادنان) و نموونەی (٤٦)، لە هەموو ڕووەکانی (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکسی و پاشانیش واتای بەچەمککراوەوە)، وەک (خەشەڵ، جەرگ، بنیاتنان) و نموونەی (٤٧)، بونیادنراوبوون، ئەوا جارێکیتر و لە بونیادنانی دیکەیشدا ، هەمان ئەزمونە بەجەستەکراوەکە، بەکاردەهێنرێتەوە.

٤٦)- بەتیژی لێی دەخوڕی.

٤٧)ا- بە سەریعی لێی دەخوڕی.

ب- بە خێرایی لێی دەخوڕی.

"بەکارهێنەرانی زمان، سود لە بونیادنانەکان(بەجەستەکراوەکانیان)، لە ئاستە هەمەجۆرەکانیاندا، دەبینن، لە پێناو جیاکردنەوەی دەربڕاوێک لە ناو کۆمەڵێک هاوتا و پێکهاتەی چەمکی پێکەوە بەستراودا". ( Bergen B. K. and Change N. لە Östman J. and Fried M., 2005: 147). لە نموونەی (٤٦)دا، (تیژ) وەک کۆزانیارییەکی زمانی و ڕاستەوخۆ بەکاربردنی خودی کۆزانیارییەکە دەرکەوتووە و ئاخێوەر و گوێگریش مامەڵەکردنیان لەگەڵیدا لە ئاستی جیاکردنەوەی بووە لەگەڵ (خێرا، سەریع) و پاشان دیاری و دەستنیشانیانکردووە لەگەڵ هەمان واتا بەجەستەکراوەکانی (تیژ) لە بەکارهێنانە جیاوازەکانی وەک نموونەکانی (٤٨)دا:

٤٨) ا- چەقۆیەکی تیژە.

ب- تامێکی تیژی هەیە.

پ- دانی لێ تیژ کردووە.

ت- چاوتیژ، بیرتیژ، توندوتیژ...

(تیژ) لە نموونەکانی (٤٦ و ٤٨)دا، کۆمەڵێک هاوتا و پێکهاتەی چەمکی پێکەوە بەستراوە، کە لە هەنگاوی یەکەمدا کۆزانیارییەکی زمانییە و لە هەنگاوی دووەمیشدا بەکارهێنانی کۆزانیارییەکەیە لە بارودۆخێکی بەکارهێناندا و هەڵبژاردن و دیاریکردن و جیاکردنەوەیەتی(بەهۆی بەکارهێنانەکەیەوە)، لەناو کۆمەڵێک هاوتا و پێکهاتەی چەمکیی پێکەوە بەستراودا، کە سەرجەمیان پێکەوە پێکهاتە چەمکییەکەی (تیژ) دادەڕێژن و ئاخێوەر، کە بە ئاگاییەوە بەکاریدەهێنێت، یاخود گوێگر، کە دەیبیستێت و لێی تێدەگات، بەهۆی ئەزمونە بەجەستەکراوە هەم چەمکییانە و هەمیش ڕێزمانییەکەیەتی، تا لەکۆتایدا ئەو مەبەستە بونیادنراوە ئاڵوگۆڕ پێدەکرێت لەنێوانیاندا، کە ویستویانە گوزارشتی لێبکەن و بیگەیەنن.

بانگەشەکەرانی ئەم مۆدێلە خۆیان لە مۆدێل و وەشانە جیاوازەکانی دیکەی ڕێزمانی بونیادنان جیادەکەنەوە بەوەی، کە زیاتر گرنگی بە چۆنییەتی و وردیی دەدەن و ئەوە دەخەنەڕوو، کە کۆزانیاریی زمانی، هۆکارە لە ئاسانکردنی چەمکییانەی تێگەیشتنە زمانییە قوڵەکاندا. ئەمەیش تەنها بە ڕوانین لە

بەکارهێنانی چەمکییانەی (تیژ، بۆ نموونەکانی ٤٦، ٤٧ و ٤٨ و بۆ سەرجەمی بونیادنانەکانی دیکەیش)دا دێتەبوون، کە تێگەیشتنە زمانییەکەی، تەنها و تەنها بەهۆی بەهەندوەرگرتنی چەمکییە فرەلایەنەکەی (تیژ)ەوە دەبێت. وەک لە نموونەکانی (٤٦ و ٤٨)دا هێنراوەتەوە. لێکدانەوە زمانییەکان بەم واتا فراوانە و بەو شێوەیەی، کە لە ڕێزمانی بونیادنانی بەجەستەکراودا پێشنیازکراون، نەک تەنها ئاماژە و گوزارشتە لە دیاریکردنی واتا مەبەستدارەکەی ئاخێوەراندا، بەڵکو زانیاریی تەواو بۆ کاردانەوەی گونجاوی گوێگرانیش دەخاتەبەردەست. ئیدی چ بە کاردانەوەی زمانی بێت(بۆنموونە وەڵامدانەوەی سەرنجەکانی ئاخێوەری نموونەکانی (٤٨- ا، ب، پ)، وەک لە (٤٩)دا خراونەتەڕوو)، یاخود بە ئەنجامدانی کردە و چالاکییەکی دیاریکراو و بەپێی خواستی ئاخێوەربێت(بۆنموونە پابەندبوون بە فەرمانێک، یاخود ئەنجامدانی جوڵە و چالاکییەکی فیزیکی).

٤٩) ا- بۆیە دەستمی بڕی.

ب- هەموو گیانتی کرد بە ئارەق.

پ- بۆیە هیچ قسەیەک ناکات.

نموونەکانی (٤٩)، وەڵامدانەوە زمانییەکانی (نموونەکانی ٤٨- ا، ب، پ)ن. بۆنموونە لە (٤٩- ا)دا، بەهۆی دیاریکردنە چەمکییانەکەی ناو کۆمەڵێک لە هاوتا پەیوەستدارەکانی (تیژ)ی (٤٨ ا)ەوە، ڕاستەوخۆ گوێگر وەڵامێکی شایستە و دیاریکراوی وەک (٤٩- ا)ی بۆ (٤٨- ا) هەبووە. هەروەکچۆن وەڵامە شایستەکانی (٤٨- ب، پ) لە (٤٩- ب، پ)دا خراونەتەڕوو.

هۆکاری سەرەکی شایستەبوونی وەڵامەکان، بەهۆی دیاریکردنە سیمانتیکییەکانەوەیە. "دیاریکاری سیمانتیکی، زانیاریی پێویستی تێدایە، تا ئەنجامدانی کردەی هاوشێوەکردنێکی گونجاو ئاسانبکات، سەرەڕای بەهەندوەرگرتنی ئەسکەلەی بەجەستەکراو و هەروەها جوڵاوی یەکەکان". (Bergen B. K.,، سەرچاوی پێشوو، ١٧٥). بەمشێوەیە ئاڵوگۆڕکردنی (تیژ) لە بارودۆخێکی ئاخاوتنیدا، لەسەر بنەمای دیاریکارە سیمانتیکییەکانی وەستاوە(کە ئەمیش بۆخۆی(واتە دیاریکارە سیمانتیکییەکان)، لە چەمکە بەجەستەکراوەکەی (تیژ)ەوە هاتووە)، کە بەجۆرێک زانیاریی تەواو دەدەن بە هەر بونیادنانێکی (تیژ). ئەم دیاریکارە سیمانتیکییانە، لە ئەسکەلەی بەجەستەکراوی خودی (تیژ)ەوە هاتوون، هەروەها ئەسکەلەی جوڵاوی (تیژ)یش لەبەرچاودەگیرێت، ئەمەیش بە مەبەستی ڕێگەدان بە دیاریکارێکی سیمانتیکیی هەمانکاتی، کە ئاخێوەرێک لە بارێکی تایبەتی بەکارهێناندا، بۆ (تیژ)ی دیاریدەکات. بۆنموونە دەشێت (٥٠)، بەکارهێنانێکی هەمانکاتیی (تیژ) بێت و خاوەنی دیاریکارێکی سیمانتیکیی تایبەت بەخۆی بێت:

٥٠)- ئەو ڕەنگە زۆر تیژە؟

بونیادنانی (تیژ) له (٥٠)دا، ئەگەری و هەمانکاتییە. دیاریکارە سیمانتیکییەکانی (تیژ) لە (٤٨- ا، ب، پ)دا، ئەسکەلەیەکی بەجەستەکراویان پێکهێناوە، کە شیانی بونیادنانێکی هەمانکاتی بە (تیژ)ی (٥٠)یش ببەخشێت. سەرجەمی ئەم بەکارهێنانانەی (تیژ)، لە بونیادنانی یەکەکەوە دێن، بونیادنانیش بەو ئەدگارە تایبەتییانەوە، کە ڕێزمانی بونیادنان پێشنیازیکردون و خستونییەتیەڕوو. ڕوودانی هەموو ئەمانەیش، لە ڕێزمانێکدا دەبێت و بە ECG دەناسرێت.

بەم فراوانییە ڕوانین لە چییەتی کۆزانیارییە زمانییەکان، وەک کارلێککردنێکی هەمەلایەنە دەردەکەوێت، کە وادەکات کۆپەیوەندییە جێگیر و وەستاوەکانی نێوان جەمسەرەکانی فۆنۆلۆژی و چەمکی لە پێواژۆ زمانییەکاندا، بەس و پڕاوپڕ نەبن. ڕێگەدان بەم ڕوانینە فراوانە و ڕوودانی کارلێکە ورد و هەمەلایەنەکانیش، لە ڕێگەی وێنای وێنەیی بەجەستەکراوەوە دەبێت، کە بەکارهێنەرانی زمان لە ئەزمونکردن و بەکارهێنان و بەجەستەکردنی هەردووکیانەوە(ئەزمونەکان و بەکارهێنانەکان)ەوە، بونیادی ناون و لەم مۆدێلەدا وەک بونیادنانێکی بەجەستەکراو پێشکەشدەکرێت. "بەمشێوەیە هەرکام لە (شیکردنەوە) و (لاسایکردنەوە)، وەک دوو کردە، ECG دادەپۆشن و بونیادنانیش ڕۆڵێکی ناوەندیی لەنێوان کۆزانیارییە فۆنۆلۆژی و چەمکییەکاندا دەبینێت". (Bergen B., Chang N. and Narayan Sh., 2004) و (Bergen B. K. and Change N. لە Östman J. and Fried M., 2005: 148).

ئەگەر لە ڕێزمانی درکپێکردندا سەرنجەکان سەبارەت بە ڕەهەندە سیمانتیکییەکەی دارشتە ڕێزمانییەکان بووبێت، ئەوا لە ڕێزمانی بونیادنان(بە دیاریکراویش لە مۆدێلە بەجەستەکراوەکەیدا)، زیاتر لەمە و باسەکان دەربارەی چۆنییەتی ئەنجامدانی کردە سیمانتیکییەکانە. بەوەی، کە لەم مۆدێلەدا ئەوە دەخرێتەڕوو، هاوشێوەکردن/لاسایکردنەوە ئاوەزییەکان وەک پێکهێنەر و دارشتەکانی بەکارهێنانە زمانییەکان ڕۆڵدەگێڕن و بنەڕەتن و کردە سیمانتیکییەکانیان لەسەر بونیاد دەنرێت و وشە و دەربڕاوەکانی دیکە لەسەر بنەمای پەیپێبردنی دیاریکراو و ئەزمونی بەجەستەکراو بونیاد دەنرێن. هاوشێوەکردنە ئاوەزییەکان بە واتای "بەشدارپێکردنی ناوەکییانەی سیستمی تایبەتی مێشکە، بەڕێگایەکی دیاریکراو، لە پێناو دروستکردن یان دروستکردنەوە(وێناکردن)ی ئەو ئەزمونانەی، کە ڕاستەوخۆ لەبەردەمماندا نین". (Barsalou L. W., 1992: 586). هەر بۆیە کاتێک ئاخێوەرێک بونیادێک دەسازێنێت و هاوشێوەی بەجەستەکراو لەلای گوێگر نەبێت، ئەوا بێگومان تێنەگەیشتن ڕوودەدات و پێویستە هەمان هاوشێوەکردنی بەجەستەکراو بە مەبەستی تێگەیشتن لەلای گوێگریش وێنا بکرێت. بۆنموونە ئەگەر پزیشکێک دەربڕاوێکی لە چەشنی (٥١) بەرانبەر پیاوێکی بەتەمەن دەرببڕێت:

٥١) نەخۆشەکەتان پێویستی بە چارەسەری دەروونی و ڕاهێنانی سروشتی هەیە.

لەبەرئەوەی هەمان هاوشێوەی ئاوەزی لەلای گوێگرەکە دروستنەبووە، بۆیە کردەی تێنەگەیشتن ڕوودەدات و لەسەر پزیشکەکە پێویست دەبێت بەجۆرێک ڕوونکردنەوەکەی بسازێنێت، تاوەکو بتوانێت

له هاوشێوە ئاوەزییەکانی پیاوە بەتەمەنەکەی نزیکباتەوە. ئەگەر ئەم دیاردەیە بۆ فێرخوازانی زمانی دووەمیش بە هەند وەربگیرێت، ئەوا پێواژۆی فێربوونی زمانی بەهۆی دروستکردنی هاوشێوەی ئاوەزییەوە، باشتر و خێراتر دەبێت. هاوشێوەکردنە ئاوەزییەکە، سەرەتا کار لەسەر دروستکردن دەکات، دروستکردن وەک بیناکردنی ئەسکەلەیەکی ئاوەزیی زانراو و بەجەستەکراو بۆ بونیادنانی دەربڕاوەکان. پاشان ئەگەر زیاتر لەمەیش بوو، ئەوا لە هەنگاوی دووەمدا کار لەسەر دروستکردنەوە(وێناکردن)ی ئەسکەلەیەکی ئاوەزیی نوێ دەکات، ئەمیش بەهەمانشێوە لەپێناو بونیادناندا، بەڵام بونیادنانی ئەزمونێک، یان ڕووداو و دیاردەیەک، کە ڕاستەوخۆ لەبەردەمماندا نین و ڕوونادەن. لەسەر ئەم بنەمایە و لەکۆتایدا، زمان وەک هاوشێوەکردنێکی ئاوەزییانە پێشنیازدەکرێت[١]. بەمشێوەیە لەم مۆدێلەدا، زانیاریی ورد و تەواو پێویستە تاوەکو هەرکام لە کردەکانی شیکردنەوە و هاوشێوەکردن لە بەرهەمهێنان و وەرگرتن و لێکدانەوەی دەربڕاوەکاندا ئەنجامبدرێن و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، کە ئەمەیش ڕوونادات، ئەگەر هاتوو سەرچاوەی هەستەکان و خودی هەستەوەرە گشتییەکانی مرۆڤ و ئەزمون و درکپێکردن و داڕشتە چەمکییەکان، بەشداری پێنەکرێن، کە بە کۆکردنەوەی هەموو ئەمانە پێکەوە، ئەسکەلەیەکی بەجەستەکراو دادەڕێژرێت و دەتوانرێت بە ئەسکەلەکەیش بوترێت کۆکراوەی پێشینەکان. مەبەستیش لە کۆکراوەی پێشینەکان، هەموو ئەو ئەزمون و زانینە بەجەستەکراوانەن، کە لە پێواژۆی ئاخاوتن و تێگەیشتن و دروستکردنی هاوشێوەکردنە ئاوەزییەکاندا پێویستن. شیکردنەوە و هاوشێوەکردنەکان لە ڕێزمانی بونیادنانی بەجەستەکراودا، وەستاوەتە سەر ئەسکەلە بەجەستەکراوەکانی دەربڕاوەکان. ئەو بونیادنانانەی، کە بە چەند ئەسکەلەیەکی بەجەستەکراو دەورەدراون/ئاماژە بەچەند وێنایەکی وێنەیی بەجەستەکراو دەکەن[٢]، وەک فرە بونیاد مامەڵە دەکەن و زیاتر لە دەربڕاوەکانی دیکە پێویستیان بە هەردوو کردەی (لێکدانەوە و هاوشێوەکردن) هەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕوانینەی مۆدێلەکە، نموونەکانی (٥٢) دەهێنرێنەوە، کە ئاماژە بە فرە بونیادیی (لەسەر) دەکەن:

٥٢) ا- مۆبایلەکەم لەسەر مێزەکە داناوە.

ب- تۆ لەسەر ئەوت دەکردەوە.

پ- لەسەرو خۆمانەوە بڕیار دراوە.

ت- لەسەرتان ناچێت.

ج- لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی کوژراوە.

---

[١]- سەبارەت بە هاوشێوەکردنی ئاوەزی بڕوانە: .Markman K. D., Kein W. M. P. and Suhr J. A., (2008) -

[٢] - سەبارەت بە زاراوە و دەربڕاوی (وێنای وێنەیی) بەرانبەر بە ئەسکەلە/Schema، بڕوانە: حەمەحسین، شاهۆ ساڵح، ٢٠٢٣.

بونیادنانی (لەسەر) لە نموونەکانی (٥٢)دا، سەرجەمیان ئاماژە بە بەکارهێنانێکی تایبەت و دیاریکراو دەدەن. بەجۆرێک، کە خودی دەربڕاو(وەک فۆڕم)، ڕاستەوخۆ پێویستە لە بەکارهێنانێکدا(وەک ناوەڕۆک و واتا/بەکارهێنان) ڕوویدات، لە دەرەوەی ئەمجۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ (لەسەر)ی نموونەکانی (٥٢)دا، گرفتی بونیادیی و تێنەگەیشتن دروستدەبێت. هەروەها بەهۆی فرە بونیادی (لەسەر)، پێویستمان بە لێکدانەوە و هاوشێوەکردنی (لەسەر)ی (٥٢- ا) بە تەواوی هاتووەکانی دیکەی لە نموونەکانی (٥٢- ب، پ، ت، ج) دەبێت، تاوەکو دیاریکردنی بنەما بەکارهێنانەکەی و بونیادنانە دروستەکەی (لەسەر) دیاری و دەستنیشانبکرێت. هۆکاری ئەمەش، بۆ چەند ئەسکەلەیی (لەسەر) دەگەڕێتەوە، بە جۆرێک، کە لە (٥٢- ا)دا، واتای (ڕووی سەرەوەی مێز) دەگەیەنێت، لەکاتێکدا لە (٥٢- ب)دا، بە واتای (لایەنگیری و پشتگیریکردن) بونیادنراوە. هەروەها (لەسەر)ی (٥٢- پ)، واتای (دەسەڵات و پلەی کارگێڕی و سیاسیی بەرزتر) دەگەیەنێت. کەچی لە (٥٢- ت)دا، بەجۆرێک لە (سەرزەنشت و ترساندن و هەڕەشە) بەکارهاتووە و لە (٥٢- ج)دا، (لەسەر)، واتای (ئەنجامی ڕووداوێک) دەگەیەنێت. سەرجەمی ئەم واتا جیاوازانە، ئەسکەلەی بەجەستەکراو دەنوێنن، کە فرە ئەسکەلەیی، لە فرە بونیادییەوە هاتووە و دواتریش هەر گوزارشت لە فرە بونیادی دەکاتەوە. ئەمەیش ئەوە دەخاتەڕوو، کە لە ڕێزمانی بونیادنانی بەجەستەکراودا، مەبەست لە بونیادنانەکان، سەرنجدانە لە چۆنییەتی بەخشینی واتا و بەکارهێنانی جیاواز بە دەربڕاوەکان. لێرەشەوە تەنها وەڵامی ئەو پرسیارە ناگرێتەوە، کە بونیادنانەکان چۆنن؟ بەڵکو وەڵامگۆیەکیشە بۆ ئەوەی، کە بونیادنانەکان چۆنیش بەکاردێن. بەمشێوەیە مەبەستی ڕێزمانی بونیادنان ئەوەیە، کە ئاخێوەران، ڕێزمان وەک یەکەیەکی پڕواتا و کارەکی و هێزبەخش بە ئاخاوتن و دەربڕی مەبەستە جیاواز و هەمەجۆرەکانیان بەکاردەهێنن و مەبەستیشیانە، کە بەهۆیەوە پەیڕەوی لە ڕێگا و ڕێبازێکی پاڵپشتکراو بە ئەزمونە ورد و پڕاوپڕ و بەرهەمدارە زمانەوانییەکان بکەن. بەمەیش زمانەوانیی ECG، هەژمارێک بۆ ڕێکارەکانی بەکارهێنانی زمانی دادەنێت، کە تەواو سروشتی و بەرهەمدار و بەڵگەدارە سەبارەت بەوەی، کە لە ڕاستیدا مرۆڤ چۆن زمان بەکاردەهێنێت و چۆنیش لێیتێدەگەن.

## ٤-٣/١) مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنانی گۆڵدبێرگ Goldberg Construction Grammar

ناونیشانی گۆڵدبێرگ، بۆ یەکێک لە جەمسەرە دیارەکانی ناو ڕێبازی ڕێزمانی بونیادنان دەگەڕێتەوە، کە ئەویش زانا (Adel Goldberg)ە، کە ئەمیش ڕوانینی تایبەتی سەبارەت بە ڕێزمانی بونیادنان دەخاتەڕوو و لە کۆتایشدا یەکێک لە مۆدێلەکانی ڕێزمانەکە پێکدەهێنێت و بە مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنانی گۆڵدبێرگ (Goldberg Construction Grammar)دەناسرێت، کە لە هێڵە گشتییەکاندا لەگەڵ مۆدێلەکانی دیکەدا هاوتەریبە و لە وردکردنەوە و دیاریکردنی جۆرایەتیی بونیادنانەکاندا، مۆدێلێکی تایبەتی لە ڕێزمانی بونیادنان پێشنیازدەکات. بەجۆرێک، کە چۆنییەتی و کات و شوێن و چییەتی بەکارهێنانی بونیادە دیاریکراوەکان، وەک بەشێک لە ئاگایی و کۆزانیاریی زمانیی ئاخێوەران دادەنێت. "بەکارهێنانی بونیادێکی دیاریکراو و ئامادە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە، بەشێک لە کۆزانیاریی زمانی دەنوێنێت. لەمڕوانگەیەوە ڕەهەندە سیمانتیکی و پراگماتیکییەکان، وەک دیاریکاری بونیادەکان هۆکاری گرنگ و لەپێشینەن بۆ تێگەیشتن لە بونیادنانە ڕێزمانییەکان". (Goldberg A., 1992: 7). خاڵی گرنگ و تایبەت بەم مۆدێلە لە ڕێزمانی بونیادنان، بونیادی دیاریکراو و ناولێنراوە. بونیادەکانیش بەهۆی ڕەهەندی سیمانتیکی و پراگماتیکییەوە پێکهاتوون و لەیەک بونیادیشدا واتاکە نوێنراوە و لە بەکارهێنانەوەشیاندا، ئاماژە بەهەمان بنەڕەتە پێکهێنەرەکانیان دەکەنەوە. بەمشێوەیە جیاکاری لەنێوان سیمانتیک و پراگماتیکدا بەتەواوەتی پشتگوێدەخرێت، لەبری ئەمە بونیادەکان(وەک فۆرم-واتا)، ئاماژە بەو ڕووبەرە دەدەن، کە بەهۆیەوە بونیادنراون. ئەوەی خاڵی دیار و جیاکەرەوەی ئەم مۆدێلەیە لە مۆدێلەکانی دیکە، دەستنیشانکردن و ناونانی بونیادەکانە، کە ئەمەیش لەسەر بنەمای سروشت و تایبەتێتی خودی بونیادەکان دەبێت. "ڕێبازی گۆڵدبێرگ، تیشکدەخاتە سەر پێداویستی بونیادەکان. (داڕشتەی ئارگومێنت)[١] لەسەر ئاستی ڕستە. بۆنموونە بونیادی دوو بەرکاری، یاخود بونیادی ئەنجامی". (Evans & Green, 666).ئەم جیاکردنەوەیەی بونیادەکان، چیتر دەبن بە قاڵبێکی بونیادنراو و بەهۆی خودی قاڵبە بونیادنراوەکەوە، چەمکی بونیادنان تێدەگەین. نموونەکانی (٥٣)، وەک بونیادنانێکی تایبەت و ناولێنراو و ئامادە لە مۆدێلی گۆڵدبێرگدا دیاری و دەستنیشانکراون:

٥٣)ا- کرێکەم بە خاوەن ماڵەکە دا.

---

[١]- لە ڕێبازەکانی دیکەی لێکدانەوە ڕێزمانییەکاندا، داڕشتەی ئارگومێنت بە (دروستەی ئارگومێنت) خراوەتەڕوو و وەک بەشێک لە لێکدانەوە سینتاکسییەکان و وردەکارییە تەکنیکییەکانی ناو دروستە سینتاکسییەکان لێکدەدرایەوە. بۆنموونە پێویستییەکانی کردار، وەک ئارگومێنت داواکەرێک، کە دەبێت لەگەڵی بێن، تاوەکو قاڵبە سینتاکسییەکە تێربکەن. "لە لۆژیکی باودا دروستەی ئارگومێنت، ئاماژە بووە بۆ ژمارە و جۆری ئەو پێداویستییانەی، کە پەیوەستن بە پریدیکاتەوە، بۆنموونە کردار". (Horn L. R. and Ward G., 2004: 427 لە Goldberg). ئەمجۆرە لێکدانەوانەی دروستەی ئارگومێنت، زیاتر لە قوتابخانە و ڕێبازە شێوازبەندەکاندا، پشتی پێدەبەسترا. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم جۆرەی لێکدانەوەی دروستەی ئارگومێنت، بڕوانە: ١- قادر، ٢٠١٢: ١١٣-١١٩. ٢- مەحویی و ئەوانیتر، ٢٠١٠: ٧٥-١٠٧. ٣- سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٤٧-٦٣.

ب- سیروان هاتووە ڕۆن بکاتە سەیارەکەوە.
پ- ئێوە زۆرباش وەڵامتان داوەتەوە.

نموونەکانی (٥٣- ا، ب)، بونیادنراوێکی دوو بەرکارین (بەرکاری ١، بەرکاری ٢)، هەرکام لە (کرێ، خاوەن ماڵ)، وەک بونیادنراوێک، پێویستییەکان بۆ کرداری (پێدان) پڕدەکەنەوە و هەر ئەمەیش بونیادنانێکی دوو بەرکاری دادەڕێژێت. بەهەمانشێوە، کرداری (تێکردن)، بەهۆی (ڕۆن، سەیارە)وە، بونیادنانێکی دوو بەرکاری داڕشتووە. بۆیە ئەمجۆرە لە بونیادنان، ناودەنرێت بە (بونیادنانی دوو بەرکاری). (Goldberg A., 1992). هەروەها نموونەی (٥٣- پ)، وەک بونیادنانێکی ئەنجامی دادەنرێت. بەوەی، کە قاڵبە بونیادنراوەکە ئاماژە و گوزارشت بە ئەنجامێک دەدات. هەر بۆیە چەمکی گشتی (٥٣- پ)، بۆ بونیادنانی ئەنجامێک دەگەڕێتەوە، بەوەی، کە (وەڵامدانەوە)، ئەنجامی کۆتایی ڕستەکەیە و سەرجەمی بونیادنانەکە بە قاڵبی (ئەنجامی) ناودەبرێت. واتای کۆتایی و چەمک و ڕووبەری درکپێکراو، بە (بونیادنانی ئەنجامی)، ناودەبرێت و هەر دەربڕاوێکی دیکەی هەڵگری هەمان چەمک و تێگەیشتن، بە هەمان بونیاد دادەنرێت. نموونەکانی (٥٤) بەهەمانشێوە ئاماژە بە بونیادنانی ئەنجامی دەکەن.
٥٤)ا- گشت گیانی پیس بووە.
ب- زۆری خواردووەتەوە.
پ- بۆ هەموویت نوسیوەتەوە!
لە ڕوانگەی نموونەکانەوە، ئەو بیرۆکەیەی گۆڵدبێرگ ڕووندەبێتەوە و بەدیاردەکەوێت، کە "دەتوانین بەچاوپۆشین لە پێکهێنەرەکانی ناو ڕستەکان(وشە و فریز و دەستەواژەکان) و تەنها بەهۆی بونیادنان و قاڵبی بونیادەکانەوە، واتامان دەستبکەوێت". (Goldberg A., لە Brown K. and Miller J., 1996: 68). نموونەکانی (٥٤)، سەرجەمیان بونیادی ئەنجامی دەنوێنن، کە تەنها خودی بونیادی ئەنجامی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی یەکە هاتووەکانی ناویان، هەڵگری واتایە و هەر ئەم قاڵبەیش بۆخۆی واتادار دەبێت و بەشێک لە واتا باردەکات. کە دەوترێت بە هۆی بونیادنانەکانەوە، دەبێت بزانرێت، کە مەبەست ئەو جوتکردنە بەردەوامەی فۆڕم_بەکارهێنانە لە هەمانکاتدا. هەربۆیە ناتوانرێت بەهۆی هەندێک لایەنی فۆڕم/بەکارهێنانی پێشترەوە، پێشبینی واتای بونیادنانێکی دیکە بکرێت، بەڵکو هەر بونیادنانێک ئاماژە و گوزارشت بە مەودا و بوارێکی سەربەست و سەربەخۆی خۆی دەدات و ناکرێت داڕشتەیەک، وەک لایەنی فۆڕمی دابنرێت و بەهۆیەوە پێشبینی بونیادە هاوشێوە و لێکچووەکانی دیکەی لێبکرێت. لەمڕوانگەیەوە، بەکارهێنان پێش هەر ئاستێکی دیکە دەکەوێت و وەک پلەی یەکەم لە زماندا دادەنرێت، تا ئەو ڕادەیەی، کە دەتوانرێت ئەوە بخرێتەڕوو، کە بەکارهێنان هەم بونیادەکان لە هەنگاوی یەکەمدا دەخەملێنێت، هەمیش دوای بونیادنانەوەیان، ئاماژە بەهەمان بونیادی خەملێنراو دەکەنەوە. هەربۆیە زانا گۆڵدبێرگ، بونیادەکان ناودەنێت و جیاکردنەوەیشیان هەر لە ڕوانگەی بەکارهێنانەوەیە. هۆکاری

ئەوەی، کە هەر بونیادنانێکیش ئاماژە بە مەودایەکی سەربەخۆ دەدات، هەر بۆ ڕەهەند و سەرچاوەی بەکارهێنان دەگەڕێتەوە. لێکدانەوەی نموونەکانی (٥٣– ا، ب)، کە بە بونیادی دوو بەرکاری یاخود وەک گۆڵدبێرگ خۆی ناویدەنێت (بونیادی پرێپۆزیشنی)، ئەوەندەی بە بونیادە ڕێزمانییەکانییانەوە پەیوەستن، هێندە بە یەک بەیەکی هێماکانی پێکهێنەری بونیادەکانەوە پەیوەست نین. بەو واتایەی، کە ڕوونترین لێکدانەوە (فۆرم–واتا)ییەکانی نموونەکانی (٥٣)، ڕاستەوخۆ لە بونیادەکانیانەوە دێن، وەک لەوەی زانیارییەکان لە هەرکام لە (کرێ، خاوەن ماڵ، دان، ڕۆن، کردن، سەیارە، ئێوە، باش، وەڵامدانەوە)وە دەرهێنرابن و هاتبن. گۆڵدبێرگ پوختەی ڕوانینی خۆی دەربارەی بونیادنان لەم مۆدێلەدا، بەمشێوەیە کورت دەکاتەوە"Goldberg A., 1992: 4":

**C**، بونیادنانێکە، ئەگەر **C**، بریتیبێت لە جوتکردنی فۆڕم–واتا<**F***i*، **S***i*>. بەجۆرێک هەندێک لایەنی **F***i* یان هەندێک لایەنی **S***i*، بە تەواوی لە پارچە پێکهێنەرەکانی **C**یەوە یاخود لە بونیادنانە دیاریکراوەکانی دیکە و پێشترەوە، پێشبینی نەکرێت.

لەم ناساندنەدا، (F) بەرانبەرە بە (Form)، و (S)یش بەرانبەرە بە (Semantic)، هێمای بچوککراوەی بەردەمیشیان، ئاماژەیە بۆ پەیوەندییە هێماییەکەی نێوانیان. لەم ڕوانگەیەوە، ئەوە تەنها ڕووی ئاشکرا و دیار و بیچمی دەربڕاوەکان نین، کە بە فۆڕم ناسرابن و ئەو مەبەستەی، کە ئەم بیچمانە دەیگەیەنن، بە واتا بناسرێن، بەڵکو تەواوی بونیادەکە هێما و ئاماژەیە بۆ بوار و مەودا و مەبەستێکی دیاریکراو و وەک پێواژۆیەکی هێماییانە دەخرێتەڕوو. ئەم مۆدێلە لە بونیادنان، لەسەر دیاردەی پێشبینیکردن دەوەستێت و پەیوەندیی بە گشت داڕشتەکەوە هەیە. بەو واتایەی بونیادێک هەیە و داڕێژراوە، سروشت و تایبەتێتیی داڕشتەییەکەشی، پەیوەندیی بە بەشە پێکهێنەرەکانییەوە نییە. بۆنموونە بونیادنانی دوو بەرکاری یاخود بونیادی بکەرنادیاری، تەنها بەهۆی ناو و شێواز و جۆری قاڵبەکەوە، واتا و تایبەتێتی و سروشتی ناو بونیادنانەکە ئاشکرادەبێت، کە ئەمەیش ئەدگاری گشتێتی بە بونیادنانەکان دەبەخشێت. کەواتە ناتوانایی بۆ پێشبینیکردنی هیچکام لە لایەنەکانی فۆڕم و واتا، بیری بنەڕەتی مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنانی گۆڵدبێرگ دەنوێنێت. دەتوانرێت بەمشێوەیە مۆدێلەکە کورتبکرێتەوە: (ناتوانرێت پێشبینی هیچ لایەنێکی قاڵبی زمانی بکرێت، بەهۆی بەشە پێکهێنەرەکانییەوە). کەواتە تەواوی زمان و دەربڕاوەکانیش، وەک بونیادنانێکی ناداڕشتەیی(بەهەمان ڕوانین و قاڵب و شێوازی ئیدیۆمەکان)، دادەنرێن. بۆڕوونکردنەی ئەم سەرنجەی مۆدێلی بونیادنانی گۆڵدبێرگ، نموونەکانی (٥٥)، دەهێنرێنەوە:

٥٥) ا– کوڕەکە پەنجەرەکەی شکاند.

ب– کوڕەکە دیوارەکەی ڕوخاند.

پ- *کوڕەکە کتێبەکەی شکاند.

ت- *کوڕەکە دیوارەکەی شکاند.

ج- *کوڕەکە پەنجەرەکەی ڕوخاند.

لە مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنانی گۆڵدبێرگدا، نەتوانینی پێشبینیکردن، مەبەست لەو بونیادانەیە، کە لە شێوەدا لەیەکەوە نزیکن، یاخود زانیاریی پێشینەمان دەربارەیان هەیە. بەمشێوەیە هەر بونیادنانێک ئاماژە و گوزارشت بە جوتکردنی (فۆڕم-واتا)یەکی تایبەت دەدات، چونکە نموونەی (٥٥- ا)، بە بونیادنانێکی تایبەت و سەربەخۆ دادەنرێت و تەواو جیاوازترە لە بونیادی (٥٥- ب). هەرچەندە لەیەکەوە نزیکیش بن، یاخود لە فۆڕمدا لەیەکیش بچن. بەمشێوەیە ناتوانرێت بەهۆی ناسراویی بونیادێکی وەک (٥٥- ا)ەوە، بونیادی (٥٥- پ)، بە بونیادێکی دروستی زمانی کوردی دابنرێت. هەرچەندە (٥٥- ا) و (٥٥- پ)، هیچ جیاوازییەکی فۆڕمی لە نێوانیاندا نەبێت، کەچی ڕێگە بە بونیادنانێکی وەک (٥٥- پ، ت، ج) نەدراوە، بەهۆی:

- نەتوانینی پێشبینیکردنی بونیادنانێک بەهۆی بەشە پێکهێنەرەکانییەوە،

- نەتوانینی لێکدانەوەی بونیادنانێک، لە ڕوانگەی ناسراویی بونیادنانە پێشتر ئامادە و ناسراو و فێربووەکانی زمانەوە.

لەمڕوانگەیەوە فۆڕمی (٥٥- ج)، جیاوازیی بونیادی لەگەڵ (٥٥- ب)دا هەیە، بۆیە نەتوانراوە پێشبینی هیچ واتایەک لە (٥٥- ج)دا بکرێت و نەیشتوانراوە زانیاریمان دەربارەی (٥٥- ج) هەبێت بەهۆی/ئیلهاموەرگرتن لە زانیارییەکانی (٥٥-ب)ەوە. تەنانەت ڕێگە بە (٥٥- ج)یش نەدراوە. کەواتە نموونەی (٥٥- ا)، ناتوانێت پاساوبێت بۆ دروستیی نموونەکانی (٥٥- پ، ت)، هەروەها نموونەی (٥٥- ج)یش، دەربڕاوێکی دروستی کوردی نابێت، تەنها لەبەرئەوەی لەشێوەدا لە (٥٥- ب) دەچێت. هۆکاری ئەم پاساونەدانانەی (٥٥- ا) بۆ (٥٥- پ، ت)، بلۆککردنی هەڵهێنجان و پێشبینیکردنە بەهۆی یەکە پێکهێنەرەکانی ناو نموونەکانەوە. بەمشێوەیە هەر نموونەیەکیان بۆ سەرچاوەیەکی بونیادنراوی تایبەت و جیا لە نموونەکانی دیکە و تەواوی بەکارهێنانە جیاوازەکانی یەک بەیەکی پێکهێنەری ناو نموونەکانی دیکە دەگەڕێنەوە، کە ناتوانین واتاکانیانمان بەهۆی واتای پێکهێنەرەکانیانەوە دەستبکەوێت، بەڵام خۆ دەبێت واتا لە شوێنێکی دیکەوە هاتبێت! کە لێرەدا خودی بونیادنانەکان دەبن بە سەرچاوە و هەڵهێنجانی مەبەستی تایبەت.

"ناساندنی گۆڵدبێرگ بۆ بونیادنان، وشە ئاڵۆزەکان، فریز و ڕستە(کە لە ڕێزمانی درکپێکردنی زانا لانگەکەردا، ئەمانە سەرجەمیان بە بونیادنان دادەنرێن)[١]، تەنها کاتێک وەک بونیادنان دەژمێررێن، کە

---

[١]- سەبارەت بە تیۆرییەکەی زانا لانگەکەر دەربارەی بونیادنان و تیزی هێمایی، بڕوانە پاری یەکەمی ئەم بەشە، لا (٧ - ٢٦).

هیچ لایەنێکیان نەتوانرێت، بەهۆی بەشە پێکهێنەرەکانیانەوە پێشبینیبکرێن".(Evans & Green, 669). ئەمەیش بەو واتایە دێت، کە لەم مۆدێلەدا تەنها قاڵبێک بە بونیادنان و بونیادنراو دادەنرێت، کە گشتییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەک بتوانرێت پارچە پارچە بکرێت و بۆ زانین دەربارەی بونیادنانەکە، سود لە بەشە پێکهێنەرەکانی وەربگیرێت، ئیدی زانین بێت دەربارەی فۆڕم، یاخود دەربارەی واتا. کەواتە بڕوای تەواوی گۆڵدبێرگ و مۆدێلەکە، لەسەر ناداڕشتەیی دەوەستێت، نەک داڕشتەیی. ئەمەیش لەو پێناوەدا، کە سەرتاپای بونیادنانەکان، وەک گشتێکی بونیادنراو لەنێوان بەکارهێنان و خودی دەربڕاو و بارودۆخەکانی بەکارهێناندا دابنرێن.

لەم مۆدێلەی ڕێزمانی بونیادناندا، ئەوەی زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە، واتاداریی خودی شێواز/قاڵبە ڕێزمانییەکانە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە قاڵبە ڕێزمانییەکان بۆخۆیان ڕۆڵ و پشکیان لە کۆدکردنی جۆرە دیاریکراوەکانی ئەزمون و پلە و ئاستی درکپێکراو(بەهۆی بنەمایی بەکارهێنانەوە) هەیە. بەواتایەکی دیکە، خودی قاڵب و شێوازە ڕێزمانییەکان ڕۆڵیان لە بەهێمایکردنی جۆرێکی دیاریکراوی ئەزموندا هەیە. کەواتە شێوازێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرین، کە پەیکاڵە بە ڕوانین و زانینمان. ئەمەیش بەوەوە ناوەستێت، کە تەنها لایەنە ڕێزمانی و سینتاکسییەکانمان مەبەست بێت، بەڵکو ئەو کۆزانیارییەیشمان مەبەستە، کە تایبەتە بە دیمەن و ڕووداوێکی بەکۆدکراوی دیاریکراوەوە. هەر هەموو ئەمانەی، لە بونیادنانەکاندا، دەیبینینەوە و دەتوانرێت وەک بنەڕەت بۆ تەواوی زانیارییە زمانی و نازمانییەکان چاویان لێبکرێت. لێرەوە دەگەینە ئەوەی، کە بونیادنانەکان بۆخۆیان هەندێک ناوەڕۆکی چەمکی، کە پێویستە دەربڕدرێن، دەنوێنن. بە واتایەکی دیکە، بەهۆی بونیادنانەکانەوە، هەندێک لە ناوەڕۆکە چەمکییەکە دەگوازینەوە. "بونیادنان هەڵگری واتایەکی تایبەت بەخۆیەتی، کە پەیوەستە بە چوارچێوەی چەمکە هاوتاکەیەوە". (Ungerer F. and Schmid H., 2006: 245). هەروەک لە نموونەکانی (٥٣ و ٥٤)دا خرایەڕوو، کە چۆن بونیادنانەکان ئاماژە بە داڕشتەی بونیادیی (دوو بەرکاری یاخود ئەنجامی) دەدەن و هەر ئەم شێواز و قاڵبە ڕێزمانییانەی نموونەکان، بەشداری لە نواندنی بەشێک لە چەمکەکە دەکەن و بونیادنانەکەیش پەیوەستە بە چوارچێوەی چەمکە بونیادنراوەکەی بەکارهێنەرەوە.

لە داڕشتە ئارگومێنتەکەی گۆڵدبێرگدا، سەرجەمی بونیادنانێک وەک گشتێک دەتوانێت واتاداربێت. بۆ ئەمەیش جارێکی دیکە بابەتی چوارچێوەی سیمانتیکی لە سیمانتیکی درکپێکردندا جەختی لەسەر دەکرێتەوە[١]، بەوەی، کە بونیادنانەکان و بەشدارانی بونیادنانێک، مامەڵەی چوارچێوەیەکی سیمانتیکی تایبەت دەکەن، کە لەو چوارچێوەیەیشدا پێویستە بەشداربووی تایبەت و دیاریکراو ئامادەییان هەبێت، بۆنموونە کردارێکی وەک (خستن)، ڕۆڵی تایبەت و دیاریکراوی هەیە، کە ئەم ڕۆڵەیش چوارچێوەیەکی

---


١- سەبارەت بە تیۆریی چوارچێوەی سیمانتیکی و تەواوی سیمانتیکی درکپێکردن، وەک یەکێک لە لقەکانی ناو زانستی زمانی درکپێکردن، بڕوانە: غەریب، ٢٠١٦: ٤٥-٥١.

سیمانتیکی پێبەخشیوە و هەر لەم پێناوەیشدا بونیادنانی دارِشتەی ئارگومێنتەکە، بەشدارانی وەک (شت، جوڵە، کەس، هۆکار)، هەڵدەبژێرێت و هەموویان پێکەوە یەک بونیادنان دەنوێنن. "چوارچێوەی سیمانتیکی کردارێکی دیاریکراو، بەو واتایە دێت، کە خودی کردارەکە لەگەڵ بەشداربووانی تایبەت بەو چوارچێوەیە، پێکەوە دێن و بەستراون". (Goldberg, 1995: 40) و (Evans، سەرچاوەی پێشوو، ٦٧٣). کەواتە نموونەکانی (٥٦)، وەک بونیادنانێک ئاماژە بە چوارچێوەیەکی سیمانتیکی ڕۆڵ_دیاریکراوی بەشداربووانی هاتوو لەگەڵ (خستن)دا دەدات، کە سەرجەمیان لە بونیادنانێکدا بە دەوری چوارچێوە سیمانتیکییەکەی (خستن)دا هاتوون:

٥٦) ا- یاران شوشەکەی خستەخوارەوە.

ب- ڕەشەبا گوێزەکانی وەراندبوو.

ئارگومێنتە خوازراوەکانی (خستن، وەراندن)ی نموونەکانی (٥٦)، کە (یاران، شوشە، ڕەشەبا، گوێز)ن، لە چوارچێوەی سیمانتیکی (خستن، وەراندن)دا بەشداربوون و خاوەنی ڕۆڵێ دیاریکراون. هەموویان پێکەوە وەک گشتێک مامەڵە دەکەن و بونیادنانێک دەنوێنن. لە کاتێکدا دەشێت کرداری (گۆرانی وتن)، تەنها هەرکام لە (گۆرانیبێژ) و (گۆرانی)، لە چوارچێوەکەیدا و وەک بەشداربوو، ئامادەبن و دارِشتەی ئارگومێنتەکەی لێپێکهاتبێت. هێڵکاریی (٩)، چوارچێوەی سیمانتیکی دارِشتەی ئارگومێنتی کرداری (خستن، وەراندن) دەنوێنێت.




نموونەی (٥٦ ا)

نموونەی (٥٦ ب)

**هێڵکاریی (٩)**

**چوارچێوەی سیمانتیکی بەشداربووە پەیوەندیدارەکانی بونیادنانەکانی (٥٦)**

هەرکام لەم بەشداربووانە خاوەنداری لە ڕۆڵێکی دیاریکراو دەکەن، تەواوی ڕۆڵە دیاریکراوەکانیش پەیوەندییان بە چوارچێوەی گشتی بونیادنانەکەوە هەیە. بەو واتایەی (یاران، شوشە، خستنەخوارەوە)، پێکەوە یەک بونیادنان دەنوێنن و وەک گشتێک لە یەک داڕشتەی ئارگومێنتدا دەرکەوتوون. بۆنموونە لە چوارچێوەی سیمانتیکیی (خستن)دا، بە ناچاری کردەی (جوڵە) بەشدارییپێدەکرێت و هەستپێدەکرێت. هەروەکچۆن لە گۆرانیدا (دەنگ، وتن) و لە سەمایشدا (جوڵە) و لە بینینیشدا (دیمەن)، بەشداری ناو چوارچێوە سیمانتیکییەکانیان. بۆ ئەم ڕێگەدانە بە بەشداریکردن، (Goldberg, 1995: 50) دوو بنەما بە پێویست دەزانێت، کە پێویستە لە بەشدارانی بونیادەکەدا هەبن، تاوەکو داڕشتەی ئارگومێنتەکە و چوارچێوەکە بونیادبنێن و بتوانن پێکەوە بێن، ئەوانیش "١- بنەمای پێکەوە نوسانی سیمانتیکی. ٢- بنەمای گونجان"ن. ئەم بنەمایانەیش لە چوارچێوە سیمانتیکییەکاندا هۆکارەکان فەراهەم و دەڕەخسێنن، تا ڕێگە بە بونیادنانەکان بدرێت و تەواوی داڕشتەکە پێکەوە بونیادبنرێت. مەبەست لە بنەمای پێکەوە نوسانی سیمانتیکی، ڕەخساندنی هۆکارە سیمانتیکییەکانن، تاوەکو لە دواتریشدا، گونجانەکان بسازێن و بونیادەکە دروستببێت.

لەڕاستیدا بەمجۆرە ڕوانین لە زمان و سروشتەکەی، واتای ڕوانینێکی فراوان دەگەیەنێت و بەخشینی بەرزترین ئاستی شارەزاییە لە بەکارهێنانی زمانیدا. "کۆکراوەی بونیادنانەکان، بە کۆمەڵێک پێکهێنەر و یەکەی سەربەخۆ دانانرێن، بەڵکو لەبری ئەمە ئاماژە بە داڕشتنی تۆڕێکی بەرزی ڕێکخراو لە زانیارییە پەیوەندیدارەکان دەدات". (سەرچاوەی پێشوو، ٥). ئەمەش بەو واتایە دێت، کە گۆڵدبێرگیش وەک زانایانی دیکەی زانستی زمانی درکپێکردن بڕوای وایە، کە تایبەتمەندی و وردەکاری و بەکارهێنانە زمانییەکان(لە هەر ئاستێکدا بن)، ڕاستەوخۆ گوزارشت و ڕەنگدانەوەی ئەزمونی مرۆڤ و ڕێکخراوەیی و چەمکی و هەڵهێنجان و نواندنی درکپێکردن و ئاستی پەیپێبردنی مرۆڤە بۆ شت و کەس و کات و ڕووداوەکان. بەو هۆیەشەوە، کە مۆدێلەکە لەسەر بنەمای گرنگیدان بە بنەمای بەکارهێنان وەستاوە، هەر بۆیە بە یەکێک لە ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی درکپێکردنانەی ڕێزمان دادەنرێت.

هەرکام لەم مۆدێلانەی ڕێبازی بونیادنان، خەریکی لێکدانەوەی بوار و ڕەهەندێکی ئەو ڕێزمانەیە، کە خودی ڕێبازەکە بە داڕشتەیەکی هێمایی سازێنراوی دادەنێت. بەو واتایەی، کە مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنان وەک گشتێک لە سەرجەمی نواندنە زمانییەکان دەڕوانێت و تەواوی بونیادەکان (لە هەر مۆدێل و وەشانێکی دیکەدا پێشنیازدەکرێن)، وەک نواندنی کۆزانیاریی ئاخێوەر لە زمانەکەیدا دەیبینێت. لە کاتێکدا و لە مۆدێلی بنچینەیی ڕێزمانی بونیادناندا، زیاتر کار لەسەر هەمەجۆرییە زمانییەکان دەکرێت. بەو واتایەی هەر زمانە و پێواژۆی خۆکارییانەی تایبەت بە بونیادنانەکانی خۆی هەیە و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە لە جۆرایەتی زمانەکان و پێواژۆ ڕێزمانییەکانی دەڕوانێت. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە و لە پەیوەست بە مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنانی بەجەستەکراوەوە، ئەو مۆدێلە لە ڕێزمان پێشکەشدەکرێت، کە ئاخێوەری هەر زمانێک (لە ڕوانگەی ئەو هەمەجۆرییەی، کە مۆدێلی بنچینەیی

پێشکەشیکردبوو)، دەستدەکات بە بونیادنان و سازاندنی دارِشتە ڕێزمانییەکانی، ئەمەیش لەسەربنەمای ئەزمون و زانینە بەجەستەکراوە پێشینەکانی خۆیەوە. بەجۆرێکی دیکە و لە مۆدێلە بونیادییەکەی گۆڵدبێرگدا، زیاتر کار لەسەر دارِشتە ڕێزمانی و سینتاکسییەکان دەکرێت. ئەمەش لە ڕوانگەی بەشدارییە واتاییەکانەوە. بەو واتایەی، کە چۆن هێڵ و پەیوەستییە واتاییەکان، ڕۆڵیان لە بونیادنانە ڕێزمانییەکاندا هەیە. کەواتە هەرکام لەمۆدێلەکان بەشێک/جۆرێک لە تایبەتێتییە بونیادییەکان پێشکەشدەکەن و هەرکامیان لە گۆشەنیگایەکەوە لە ڕێزمانی زمان دەڕوانن.

# بەشی دووەم

## پێواژۆ درکپێکراوەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا

## ٢) پێواژۆ درکپێکراوەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا

درکپێکردن بە بونیادە ئاوەزی و داڕشتە ئەزمونییەکەی زمان، خۆی لە ژمارەیەکی بێکۆتا و سنورێکی فراوانی بونیادناندا دەبینێتەوە. ئاخێوەرانی جۆرە زمانییەکان و بارودۆخە زمانییە جیاوازەکان، کە مەبەست لە بەکارهێنانی زار و شێوەزار و شێوازە جیاوازەکانی شێوەزارە کۆمەڵایەتی و جوگرافییەکانە، وەک مەودایەک بۆ نمایشی توانستە درکپێکراوەکانیان لەسەر ئاخاوتن و دەربڕاوەکانیان دەینوێنن، کەواتە دەتوانرێت بونیادنانەکان وەک هێڵەگرێدەرێک ببینرێن، زیاتر لەوەی وەک ئاماژە و هێمایەک بۆ بونیادە زمانییەکان بەکاربهێنرێن. لەگەڵیشیدا دەتوانرێت هێمای گشتاندن لە زماندا بێت. مەبەست لە گشتاندن، پێکەوەهاتن و کارکردنی بچوکترین یەکەی وەک فۆنێم و ئاوێتەبوونیەتی بە ئاڵۆزترین یەکە نادارِشتەییەکانی وەک (ئیدیۆم) و دەربڕاوە هونەریی و ئاڵۆزە زمانییەکانی دیکە، کە سەرجەمیشیان پێکەوە بە زاراوەی (بونیادنان) ئاماژەیان پێدەدرێت. هەموو ئەمەیش لە پێناو وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەدابوو، کە هەر لەسەرەتاوە ڕێبازە درکپێکردنەکان لە ڕێزمانی زمان پێشنیازیاندەکرد، بەوەی، کە ئایا ڕێزمان تەنها وەک پێکبەستێکی بەش و پێکهاتە زمانییەکانی دیکە دەردەکەوێت؟ ئایا کۆزانیارییە زمانییەکانی ئاخێوەران لە ئاوەزیاندا دابەش و جیاکراونەتەوە؟ لەکاتێکدا مرۆڤی ئاخێوەر لە چرکەساتەکانی دوانیدا بەیەک ئاست و ڕێژە گوزارشت لەسەرجەم کۆزانیارییە زمانییەکانی دەکات، هەر لە کۆزانیارییە فۆنۆلۆژییەکانییەوە تاوەکو بونیادنانە گەورە و ئاڵۆز و فراوانەکانی دیکە. "گریمانە دەکرێت، کە تێکردەکانی وەرگرتن/فێربوونی زمان، لە دەربڕاوە ڕاستەقینەکانەوە بەدەستبهێنرێن، کە لە لایەن هەرکام لە فۆنۆلۆژی، سیمانتیک و ڕەهەندە هێماییەکانەوە دیاریکراون. کۆزانیاریی زمانی لەسەر بنەمای کۆزانیاریی بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمان و ئەو گشتاندنەی، کە لە بارودۆخەکانی بەکارهێنانەوە دێن، دامەزراوە. لەبەرئەوە وەرگرتن/فێربوونی زمان پێواژۆیەکی (نزم–بەرز)ە و لەلایەن ئەزمونی زمانییەوە بەڕێوەدەبرێت". (Taylor, 2002: 27).

لە ڕاستیدا ئەم سەرنجە دژی دابەشکاری قوتابخانەی بەرهەمهێنان و ڕوانینەکانی چۆمسکی بوون لە جیاکردنەوەی فەرهەنگ و ڕێزمان، ئاستەکانی قووڵ و ڕووکەش، تیۆرییەکانی دۆخ و دەسەڵات و بەستنەوە و ...هتد، کە هەموو ئەم بوارانەیش تەنها لە خزمەتی لێکدانەوەی یەکێک لە بەشەپێکهێنەرەکانی سینتاکس و ڕستەکانی زماندا بەکاردەهێنران. "هەر پێکهاتەیەکیش ڕەهەندێکی تایبەتێتیە سینتاکسییەکان دەناسێنێت". (Croft & Cruse, 2004: 225)[١]. لەمڕوانگەیەوە ڕێزمان و سینتاکس و ڕستە، ڕۆڵی ناوەندی لە زمان و زمانەوانیدا دەگێڕن و وەک پێکهاتەیەکی سەربەست و سەربەخۆ خاوەنی داڕشتەی ناوەکی خۆیەتی و لە ڕاستیدا ئاست و پێکهاتەکانی دیکە لە ڕستەدا دەنوێنرێن و لە

---

[١]- هەروەها بۆ درێژەی ئەم ڕوانین و سەرنجانەی قوتابخانەی بەرهەمهێنان، بڕوانە: : ١- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠٢٠: ١٦٧. ٢- سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٢٨-٤٧. ٣- دزەیی، عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٣: ٨٧-٨٨.

خزمەت بەشێک لە سینتاکسدان. "ڕێزمان دەستەیەک یاسای پەیوەستدارە، کە ئاستەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. ڕێزمان گشتگیرە و ڕێکخراوەیەکی سێ لایەنەیە، کە فۆنۆلۆژی(دروستەی فۆنۆلۆژیی دەنگەکان بەجفرە دەکات) و سینتاکس و سیمانتیک(دروستەی چەمکیی واتا بەجفرە دەکات)، دەگرێتەوە". (حسێن، شیلان عومەر، ٢٠١٢: ٩٧). ئەمەیش بەو واتایە دەهات، کە لێکدانەوە زمانییەکان بەش بەش دەکران و هەمویشیان لە پێناو یەکێک لە پێکهاتە زمانییەکاندا کاردەکەن، کە سینتاکسە.

لەکاتێکدا سەرجەمی ئاگاییە زمانییەکانی ئاخێوەران لە گورزەی (درکپێکردن-زمان)دا دەنوێنرێن. ئیدیۆمەکان باشترین نموونەی ئەم نواندنە درکپێکراوە زمانییەن، کە وەک فراوانترین مەودای نواندنی کۆزانیاریی زمانی ئاخێوەران لە بەکارهێنانە زمانییەکاندا دەردەکەون. هەر لەم بوارەیشەوە ڕێبازە بونیادنانەکان لە ڕێزمانی زمان، سەرنج و شرۆڤە زمانییەکانیان دەستپێکرد و ئیدیۆمەکان بوون بە دەستپێکی ئەم ڕێبازە لە لێکدانەوەی ڕێزمانی زماندا[١].

## ١/٢) پێواژۆ درکپێکراوە فۆنۆلۆژییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا

لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە بنەڕەتییەی، کە ڕێزمانی بونیادنان مۆدێلێکی ناسەربەخۆ لە ڕێزمان و پاشانیش زمان پێشکەشدەکات، بۆیە هەرکام لە پێواژۆ زمانییەکان لەم مۆدێلەدا وەک سەربەست و سەربەخۆ پێشنیاز ناکرێن، بەڵکو وەک پێواژۆیەکی درکپێکراوی پەیوەست بە چەندین بوار و لایەنی دیکەوە، کە هیچکات و هیچکامیشیان ناتوانن دابڕوابن لەوانی دیکە، دەخرێنەڕوو. لەو ڕوانگەیەشەوە، کە "زمان و پێکهاتەکانی وەک دامەزراوەیەکی پەیوندیدار پێکەوە، نەخشەکێشانە زمانییەکە تەواودەکەن و ئەم پێکهاتەیەیش دابڕاو و سەربەخۆ نییە لە توانا درکپێکراوەکانی تر". (غەریب، نالی ئەدهەم، ٢٠١٦: ١٠). بۆیە ناتوانرێت لە بارودۆخێکی زمانیدا یەکێک لە بوارەکان وەک ئاستێکی سەربەخۆ لێکبدرێتەوە، هەر هەمووشیان پێکەوە پەیوەستکراو و دەرکردە(Output)ی بەستەرە سیمانتیکییەکانیانن و لە کۆتایدا و لە زنجیرەیەکی ئاخاوتنی بونیادنراودا، سەرجەمی داڕشتەکە لە پێواژۆیەکی درکپێکراوی بونیادنراودا، دەنوێنرێن. لە قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردندا، تەواوی زمان وەک پێواژۆیەکی درکپێکراوی ئاوەزی دەخرێتەڕوو. ئەمەیش بە خشکەیی ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە وردەکارییە زمانییەکانیش هەمان ڕاستی درکپێکراو دەیانگرێتەوە. هەربۆیە خودی ڕێزمانی بونیادنانیش (هەر لە بونیادی فۆنێمەکانەوە، تاوەکو دەربڕاوە ئاڵۆزەکان)، لەو پێواژۆیەدا دەخاتەڕوو. "ڕێزمان مۆدێلێکی تایبەت بە سینتاکس و جیاکراوە لە سیمانتیک لەخۆناگرێت. تەنانەت دەتوانرێت فۆنۆلۆژیش لە بونیادنانەکاندا ڕاستەوخۆ بنوێنرێت". (Bybee J., 2010: 9). لەم ڕێبازەیشدا بەهەمانشێوە سەرنجەکان

---

[١] - درێژەی ئەم سەرنجە لە بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە درێژی باسکراوە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە پاری سێیەمی بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لا (١٩٠ - ٢٠٣).

لەسەر فۆنێم و پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان، چۆنییەتی بونیادنانی سەرەتایی و دووبارە بونیادنانەوەی فۆنێمەکانە لە ئاخاوتندا. بۆنموونە یەکەم قۆناغ و هەنگاوە سەرەتاییەکانی وەرگرتنی فۆنێمەکان و پاشان ڕێکخستنیان لە زماندا و دووبارە بونیادنانەوەیان و هەموو ئەو دیاردە و گۆڕانکارییانەی، کە لە پێواژۆ جۆراوجۆرەکاندا بەسەر فۆنێمەکاندا دێن و تەواوی ئەمانەیش بە پێواژۆ درکپێکراوە فۆنۆلۆژییەکان دەگەیەنرێن. بەمشێوەیە سەرجەم بوارە دەنگییەکان و چۆنییەتی و چییەتی خودی دەنگەکان/فۆنێمەکان، لە ڕێزمانی بونیادناندا، لە هەمان گۆشەنیگای درکپێکراوی بونیادنانەوەوە لێیاندەڕوانرێت، کە فەلسەفە بنەڕەتییەکەی ڕێزمانی بونیادنانی لەسەر دامەزراوە. بەوەی، کە گریمانەی هەر کردەیەکی زمانی لە جوتکردنە دوانییەکەی (فۆرم-واتا)وە سەرچاوە دەگرن. لە فۆنۆلۆژیی بونیادناندا، فۆنێمەکان ئەو جوتکردنە دەنوێنن. وەک چۆن لە مۆرفۆلۆژیدا، پێویستە مۆرفێمەکان و لە سینتاکس و ڕێزمانیشدا، پێویستە دەربڕاوەکان ئەو ڕۆڵە بگێڕن.

پێواژۆی درکپێکراوی فۆنۆلۆژی و فۆنێمەکانی زمان لە ڕێزمانی بونیادناندا لەو هێڵەگرێدەرەدا دەبینرێتەوە، کە هەرکام لە (فۆڕم-واتا/کردە)ی بونیادنانەکان دەنوێنن. بەو واتایەی، کە فۆنۆلۆژی لە ڕێزمانی بونیادناندا، کۆپەیوەندییەکانی نێوان (ئاخاوتن، دەربڕاو، چۆنییەتی گۆکردن، زانینەکان دەربارەی شێوازەکانی گۆکردن، یاریکردنە دەنگییەکان..هتد[مەبەست لە هەموو ئەو لایەنانەیە، کە پەیوەندییان بە (فۆڕم)ەکەوە هەیە])، لەگەڵ ئەو بوارە (واتایی/کردەیی)یەی، کە بونیادنراوەکان دەیگەیەنن، دەگرێتەوە. لە ڕێزمانی بونیادناندا، ئەم بوارە فۆنۆلۆژییانە لە قۆناغی یەکەمدا وەک پەیوەستییەک لە نێوان (فۆنەتیک و سیمانتیک)دا دادەنرێن و لە قۆناغی دووەمیشدا وەک پانتاییەکی درکپێکراوی فۆنۆلۆژییانەی بونیادنراو لێکدەدرێنەوە. بەوەی، کە ئاخێوەرانی زمانێک چۆن فۆنێمێک گۆدەکەن و تەنانەت لەکوێدا دەتوانن گۆیبکەن و دەریببڕن و لەکوێیشدا ناتوانن، یاخود هەڵە لە گۆکردن و بەکارهێنانیدا دەکەن. "فۆڕمەکان، زنجیرە دەنگە فۆنۆلۆژییەکانی زمانێکی تایبەتن و واتاکانیش بە نواندنە هۆشەکییەکانەوە بەستراون". (عەبدولا، گونا عومەر، ٢٠٢٣: ٢٦). هەموو ئەمانەش وەک بوارێکی درکپێکراوی فۆنۆلۆژییانە لە ڕێزمانی بونیادناندا دەبینرێن. ئەمەیش پێچەوانەی ئەو بیرە باوەیە، کە لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێناندا لەسەری دەوەستان بەوەی، کە دەستەیەک لە سیمای جێگیر بۆ هەر فۆنێمێک دیارییبکرێت و وەک یەکەیەکی ئایدیایی و نموونەیی و تاک و تەنها لە هەر فۆنێمێک بڕوانرێت. "هەر سەگمێنتێکی فۆنۆلۆژی لەناو پێڕەوێکدا جێکەوتەیەک وەردەگرێت و لە پەیوەندییە جینشینییەکاندا هەمبەرین، یان لەجۆری ئازادن"[١]. (غەریب، دڵشاد محەمەد، ٢٠١٩: ٥). بەمشێوەیەش دەتوانرێت لە چێوەی چەند نیشانەیەکدا تایبەتێتی هەرکام لە فۆنێمەکان دیارییبکرێن. کەچی ڕەهەندی درکپێکراوی

[١]- بۆ زانیاریی ورد و تەواو دەربارەیی کەسێتیی فۆنێمەکان و سروشت و تایبەتێتییان لە ڕوانگەی قوتابخانەی بەرهەمهێنانەوە، بڕوانە: مەحویی، ٢٠٠٩، (١) و (٢).

فۆنۆلۆژییانە، پەیوەستداریی فۆنیمەکان بەهەرکام لە بوارە درکپێکراوەکانی دیکەی زمانەوە، پێشنیازدەکات. "لە ڕاستیدا کاتێک، کە قسەدەکەین، دەنگی ناو وشەکان لە دەنگەکانی دەوروبەریانەوە کاریگەریی جۆراوجۆریان بەسەردا دێت، بەجۆرێک، کە (بێگەردیPurity )ی تاکە دەنگەکان لە زنجیرە دەنگییەکاندا خەیاڵی دەبێت". (Välimaa-Blum, R,. 2005: 28). ئەم ڕاستییەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە ناتوانین وەک یەکەیەکی ئایدیایی و نموونەیی لە دەنگەکان بڕوانرێت، چونکە هەرگیز دابڕاونین و خودی زمانیش خۆی بەمشێوەیە کارناکات. ئەگەر نا، ئەوا هەوڵدەدەین، کە دەنگە زمانییەکان دابڕین لە بەکارهێنانە ڕاستەقینەکانی زمان. لە کاتێکدا و لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زماندا، سروشتی دەنگەکان بەوجۆرەن، کە لە بەکارهێنانەوە پێیاندەبەخشرێت، کە ڕێزمانی بونیادنانیش لەبەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمانەوە لێکدانەوە زمانییەکانی بۆ تەواوی داڕشتە و یەکە زمانییەکان پێشکەشدەکات، زیاتر لەمەش هەر لەیەک هەنگاوی توانستی درکپێکراوی فۆنیمێکەوە خۆی لە خۆیدا بە واتای ڕووبەرێکی فراوانی کۆزانیاریی زمانی دێت لە زمان بەکارهێناندا. "ئەو توێژینەوانەی، کە لە ڕەهەندی درکپێکراوی فۆنۆلۆژییەوە دەکرێن، سەرجەمیان پشتگیری لەو بۆچوونە دەکەن، کە دەتوانرێت بەهۆی تایبەتمەندی و میکانیزمە ناسراوەکانی هزر و مێشکی مرۆڤ و ئەزمونی بەرجەستەکراو و هۆکارە ژینگەییەکانەوە، ئاماژە بە فۆنۆلۆژیی زمانەکان بکرێت". (Mompean J. A., 2006: Viii). بەو واتایەی، کە هەرکام لە هۆکارە پەیوەندیدارەکان، بەشێک لە بنەڕەتە فۆنۆلۆژییەکان پێکدەهێنن و دەشبن بە بەشێک لە بونیادنانە فۆنیمییەکان و لەڕێیانەوە دەتوانرێت چوارچێوەیەکی گشتێنراو بۆ فۆنیمەکان فەراهەمبکرێت. بە واتایەکی دیکە، هێڵەگرێدەرەکەی نێوان فۆنەتیک(گۆکردن و دەربڕینی دەربڕاوەکان، کە یەکسانە بەلایەنی فۆڕمی)، لەگەڵ سیمانتیک(واتا/کردە/ئەرک)دا، بەهۆی فۆنیمەکانی زمانەکانەوە ئەنجامدەدرێت، کە ئەم سێ بوارەیش خۆیان لە بونیادنانێکدا دەبیننەوە و بە پێواژۆ فۆنۆلۆژییە بونیادنراوەکان دەناسرێن. "بە بڕوای لاکۆف، فۆنۆلۆژیی درکپێکردن، دەبێت وەک بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو لە ڕێزمانی درکپێکردن دابنرێت، تەنانەت لە ڕوانگەی ڕێبازە بونیادییەکانیشەوە، شێکارییەکی فۆنۆلۆژی دەستپێبکات". (Occhino C., 2016: 48-49). بەمشێوەیە فۆنۆلۆژیی درکپێکردن لەگەڵ بوارە درکپێکراوەکانی وەک پراگماتیک، سیمانتیک و دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ڕێزماندا یەکدەگرێتەوە، کە ئەم بوارانە بە هاوبەشی و پێکەوەیی لەسەر یەک ئاستی بەرجەستەیی کاردەکەن، ئەمەیش لەپێناو دروستکردن و نواندنی تۆڕێک لە دوولایەنی پشتبەستوو بەیەک (فۆڕم–واتا). کەواتە دەتوانرێت بگوترێت، کە فۆڕمە فۆنۆلۆژییەکان لە هەمان ئەو بوارە فراوانەی سیمانتیک، ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکان و پراگماتیکییە چوارچێوەدارەکەی بارودۆخەکانی بەکارهێنانەوە دێن و لەمانەوە سەرچاوە دەگرن، کە ئەمانەیش هۆکاری شێوەپێدانە فۆنەتیکییەکانن بە فۆڕمە فۆنۆلۆژییەکان. بۆیە دەوترێت پەیوەندیی ڕاستەوانە و کاریگەر لە نێوان بونیادی دەنگی و باری بەکارهێنانیاندا هەیە. بەو واتایەی هەندێک لایەنی بەکارهێنان/کردەیی وا دەخوازن، کە بونیادی دەنگەکان جۆرایەتی جیاواز بنوێنن. ئەم نواندنەیش

پەیوەست و پەیوەندیدارە بە هەموو قۆناغە زمانییەکانەوە، هەر لە زمانپژان و فێربوونەوە، تاوەکو بەکارهێنانە هونەرییەکانی هەر زمانێک. دەشێت لەم ڕەهەندەوە، بەشێک لە لێکدانەوەکان لە سنوری دەروونزانی و زانستی زمانی دەروونییەوە پێشکەشبکرێن. "لە پەیوەست بە فۆنۆلۆژییەوە لە پەیامداریی درکپێکردندا[1] ئەوە دەخرێتەڕوو، کە چەمکە فۆنۆلۆژییەکان، پۆلەکانیان و بونیادنانیان، پێویستە ڕەوایەتی دەروونییان هەبێت/پێویستییان بە ڕەوایەتی و ڕێگەپێدانی دەروونییانەیە، کە باشترین دابینکەری ئەم ڕەوایەتییەیش بۆ کارکردە فۆنۆلۆژییەکان، بنەمایەکی کارەکییانەیە، کە خۆی لە چوارچێوەیەکی ئەزمونی فراواندا ببینێتەوە و بەدواداچوونی کارەکی پەیوەندیدار بەچەند لایەنێکی دیکەی وەک فۆنەتیک، زانستی زمانی دەروونی، کۆزمانەوانی، وەرگرتنی زمانی دووەم، دەروونناسیی درکپێکردن و دەروونناسی گەشەپێدان بگرێتەخۆی".(Mompean J. A., 2006: Viii). مەبەستیش لە ڕەوایەتی دەروونی، ئەزمونکردنی پێشینەی فۆنێمەکانە لای ئاخێوەران، تاوەکو وەک بنەمایەک بۆ بەکارهێنانە بەردەوامەکان، مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بە واتایەکی فراوانتریش، نەک تەنها خودی فۆنێمێک پێویستی بە ڕەوایەتیی دەروونیانە هەیە، بگرە چەمکە فۆنۆلۆژییەکان (فۆنێمێک بە هەموو دەرکەوتنەکانیەوە)، جۆرە جیاوازییەکانیان و بونیادنانی هەموو ئەمانەیش، پێویستییان بە بوون و دروستی سایکۆلۆژییانە هەیە، کە دەبێت ئاخێوەر ئەزمونی ئاستە جیاوازەکانی فۆنێمەکانی کردبێت، تاوەکو بتوانێت جارێکی دیکە بەکاریانبهێنێتەوە و بونیادیان بنێتەوە. "فۆنۆلۆژی سروشتی، هەوڵدەدات، کە ڕاستییەکی سایکۆلۆژییانە بۆ پێکهاتەکان و کارکردە ناوەکییەکانی زمان بەپێی بنەما و پرەنسیپە سایکۆلۆژییەکان بونیادبنێت و دابڕێژێت و جێگیربکات. بەمپێیەیش بێت، فۆنێم و تایبەتمەندییە پێکهێنەرەکانی، یەکە ئاوەزییەکانن، وێنەی ئاوەزیی ڕاستییە فیزیکییەکانن، کەواتە دەنگی زمانێک، چەندە بابەتێکی چالاکی درکپێکردنن، هێندەیش ڕێزمانی و فەرهەنگین". (Blum, 28). لەم ناساندنەوە فۆنێمەکان(تەواوی زمانیش)، هەرچەندە وەک ئاوەزیی و درکپێکراو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، هێشتا پچڕاو و دابڕاو نین لە ڕاستییە فیزیکییەکان، کە ئەم ڕاستییانەیش لە بوار و سەرچاوەیەکی بەکارهێنراوەوە دێن و فۆڕمە تایبەتییە فیزیکییەکەیشیان، هەر لەوێوە وەردەگرن. هەرچەندە بە یەکەکی درکپێکراوی ئاوەزیش دابنرێن. سەرەڕای ئەمە و لەناو زمانیشدا هەر ناتوانرێت، لە فەرهەنگ و ڕێزمانی زمانێکیش داببڕێن.

بەمشێوەیە دەردەکەوێت، کە چۆن بەشدارە دەروونییەکەی ئاخاوتن (وەک بەکارهێنان)، کاریگەری لەسەر جەمسەرەکەی دیکە(فۆڕم[کە لێرەدا مەبەست لە بوارە فۆنۆلۆژییەکەی فۆڕم/فۆنێمەکانە])، دادەنێت و بە ئاشکرا بونیادەکانی بارودۆخێکی (توڕە، ترس، بێتاقەتی، زاڵبوون، دەسەڵات، نەخۆشی..هتد)، لە یەکتر جیادەکرێنەوە و هەر لە قۆناغی بونیادە دەنگییەکانیانەوە هەستیانپێدەکرێت، کە دەتوانرێت لێرەوە گریمانەی (شێوە چۆن بیچم بە واتا دەبەخشێت، یاخود واتا چۆن لەناو فۆڕمدا

[1]- سەبارەت بە پەیامداریی درکپێکردن، بڕوانە: ١- قادر، ٢٠١٢: ٩٥-٩٨. ٢- غەریب، ٢٠١٦: ١٤-٢٤.

شکاوەتەوە)، بکەین و بەهۆی هەرکامیانەوە بەرەو بونیادە (هەندێکجار ناچاری و هەندێکجاری دیکەیش بەمەبەست)ەکەی ئاخێوەران بڕۆین و پەیپێبەرین. "واتا بنەمای شێوە داڕشتنی فۆڕمی خودی وشەکەشە، (واتە واتا جگە لەوەی دیوی دووهەمی وشەیە، لە هەمانکاتدا بنەمای دروستکردنی دیوی یەکەمی وشەشە، کە مەبەست فۆڕمەکەیەتی)". (قادر، ٧٩). کە هەموو ئەمانەش لە پێواژۆ بونیادنانەکانی زماندا دەبینرێن و چەمکە درکپێکراوەکەی لای ئاخێوەران لە بونیادنانێکدا دادەڕێژرێتەوە، کە لە شێوەی گشتاندنێکدا و لە یەک ئاستدا دەنوێنرێت. لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییە درکپێکراوانەیە، کە هیچکات ئەو زانیارییە فۆنۆلۆژییانەی، کە لە فەرهەنگدا بۆ فۆنێمەکان تۆماردەکرێن، هێشتاش بەرانبەر ناوەستنەوە لەگەڵ بونیادنانە فۆنێمییەکاندا. ئەمەیش لەسەرێکەوە پەیوەندیی بەو ڕۆڵە گرێدەرییەوە هەیە، کە فۆنۆلۆژی لە نێوان فۆنەتیک و سیمانتیکدا دەیگێڕێت. بەهۆی ئەمەشەوە و لەسەرێکی دیکەوە، پەیوەندی بەو ڕوانینە تایبەتییەی ڕێزمانی بونیادنانەوە هەیە، کە لە هەرکام لە فەرهەنگ و ڕێزمان وەک پێکهاتەی درکپێکراوی پێکەوە کارکەر و لەیەکجیانەبووەوە دەڕوانێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە یەکە فۆنۆلۆژییەکان لە ساتی بونیادنان و لە قاڵبە هاتووەکانیاندا فۆنەتیکی جیاواز لە خۆیان دەگرن و دەشێت هەر ئەو شێوازە بونیادنراوەیشی وەک قاڵبێک لە بەکارهێنانە زمانییەکانی دواتری ئاخێوەرێکدا جێی خۆی بگرێت. دەتوانرێت لە هەرکام لە لایەنەکانی زمانپژانی منداڵ و بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئاخێوەرانی سەر بە شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردییەوە، ئەم سەرنجە زیاتر وردبکرێتەوە.

– منداڵ لە قۆناغەکانی زمانپژانیدا چۆنییەتی گۆکردن(فۆنەتیک)ی فۆنێمەکانی بەهەرجۆرێک بێت، وەک ڕاستی و ڕاستەقینە، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. ئەمەش بەو هۆکارەی، کە یەکەم قۆناغی زمانپژان بە تێکردە دەستپێدەکات. (لە ڕاستیدا باوەڕی ڕێزمانی بونیادنانیش، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە پراگماتیک و چواردەورەکان، تێکردەکان و چۆنییەتی و چییەتی تێکردەکان دادەڕێژن). کەواتە تێکردەکانیش لە لایەن چواردەورەکەیەوە بونیادنراون. یەکەم هەنگاوی فێربوونی زمانیش لە گوێگرتنەوە دەستپێدەکات. "گوێگرتن لە قسەکردن لە بنەڕەتدا بە واتای گوێگرتنە لە وشەکان و یەکە هاوشێوەکانی. فێربوونی زمانێک لە نێوان فێربوونەکانی دیکەدا، خۆی لە فێربوونی شێوە دەنگییەکانی وشەکاندا دەبینێتەوە". (Taylor, 2006: 21). لەم ڕوانگەیەوە، فێربوون و قۆناغە سەرەتاییەکانی فێربوونی زمانی، لەسەر فۆنێمەکان دەستپێدەکات. هەموو ئەو لایەنانەی، کە پەیوەندیدارن بە دەنگەکانەوە، کە لێرەدا بە شێوە دەنگییەکان خراونەتەڕوو، بۆنموونە چۆنییەتی درکاندن، ئاواز، لەبەرچاوگرتنی تایبەتێتی و وردەکارییەکانی خودی دەنگەکان، لەگەڵیشیدا ناتوانرێت ئەو شێوەپێدانە بە دەنگەکان لە (بارودۆخ، توخم، زار و شێوەزار، تەمەن، تایبەتمەندییە پەیوەستییەکانی دیکە بە قسەکەران، لە وانە کۆئەندامی هەناسە، دروستی ئەندامەکانی گۆکردن، باری دەروونی...هتد)، کە سەرجەمیان ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان لەسەر شێوەپێدانە دەنگییەکان لەناو وشەکاندا هەیە بەر گوێی منداڵ دەکەوێت. هەر بەلای (تایلۆر)ەوە، منداڵ کاتێک بەر چەند جۆرێکی جیاوازی ئاژەڵ دەکەوێت، بۆنموونە (سەگ، پشیلە،

مانگا، سەگی ماڵی، مشک...هتد)، کە هەموو ئەمانە تایبەتێتی جیاواز پیشاندەدەن، لەم ساتەدا ئەرکی منداڵەکە ئەوەیە، کە کار لەسەر پێوەرە جیاوازەکانی ئەم پۆلێنکردنانە بکات، لە پێناو ناسینەوە و فێربوونیاندا. بۆ ئەمەش ئایا هێمایەک لە هەرکامیان دەکات بە گشت و پێوەر؟ بۆنموونە فێربوون و ناسینەوەی سەگ، بەهۆی کرانەوەی بەردەوامی دەمییەوە، یاخود فێربوون و زانینی مانگا و جیاکردنەوەی لە مشک و سەگ و پشیلە، بەهۆی قەبارەیەوە. ئەمجۆرانەی فێربوون ناودەنێت، (فێربوونی سەرپەرشتانە)، کە مەبەست لێی (فێربوونە بەهۆی سەرپەرشتێکەوە). هەروەها جۆرێکی دیکەی فێربوونیش جیادەکاتەوە و ناویدەنێت (فێربوونی بێسەرپەرشتانە)، کە لەم جۆرەیاندا، تایبەتمەندی و سەرپەرشتێکی دیاریکراو بۆ فێربوون بەکارناهێنرێت، بەڵکو زیاتر فێربوونەکە وەک، بەش بەش ڕوودەدات و وەردەگیرێت، چونکە ناکرێت تەنها نیشانەیەک، ئاماژە بە کۆزانیاریی تەواوی شتەکان بکات. لەبری ئەمە یەک بەیەک نیشانەکان دەبن بە هەنگاوەکانی فێربوونی گشتی. (سەرچاوەی پێشوو، ٢٤-٤١). ئەم ستراتیژە لە فێربوون هەڵدەگوێزرێت بۆ چۆنییەتی فێربوونی دەنگەکان. لە پێواژۆکانی فێربوون و وەرگرتنی زمان لای منداڵدا. بەو واتایەی فێربوونی فۆنیمەکانیش لە دوو ڕێگاوە دەبێت:

"١- فێربوونی گشتییانە/ فێربوون بەهۆی سەرپەرشتێکەوە،

٢- تاکییانە/ بێسەرپەرشتانە". (قادر، ٢٠٢٠-٢٠٢١).

لە فێربوونی گشتییانەدا، منداڵ فێری فۆنیمەکە وەک گشتێک دەبێت، بە دەربڕینێکی دیکە منداڵ فێری /ت/ دەبێت، وەک گشتێک و /ت/ دەبێتە نوێنەری سەرجەم نیشانە و ئەدگار و تایبەتێتییەکانی. بەو واتایەی، کە منداڵ لە سەرەتادا /ت/ وەردەگرێت، وەک سەرپەرشتێک بۆ تەواوی نیشانەکانی. لەمجۆرەی فێربووندا پێواژۆکە گشتییە و بەیەک گورزەیە. لە کاتێکدا لە فێربوونی بێسەرپەرشتانەدا، فێربوون بەشییانە ڕوودەدات، کە تێیدا یەکێک یان چەند دانەیەک لە ئەدگار و سروشتە تایبەتییە ئەزمونکراوەکەی فۆنیمەکە وەردەگرێت و دواتر بەهۆیەوە و دوای ئەزمونی بەرجەستەکراو و تێپەڕین بە بنەمای بەکارهێنانی فۆنیمەکەدا، تەواوی ئەلۆفۆنەکانی فۆنیمەکە وەردەگرێت و فێردەبێت. لێرەدا جیاوازییەکە لە پێواژۆ (بەرز-نزم) یان (نزم-بەرز)ەکاندایە، کە بونیادنان پشتگیری لە پێواژۆی جۆری دووەم دەکات و سەرنجڕاکێشترە، بەوەی کە فێربوونەکە لە (نزم)ەوە بۆ (بەرز) دەستپێدەکات و یەک بەیەکی سەرجەم نیشانە وەرگیراوەکان دەبن بە پێکهێنەر و جەستە و نواندنی کەسایەتی فۆنیمەکە. هەر لەم بڕوایەشەوەیە، کە لە زانستی زمانی درکپێکردندا (شارەزایی زمانی، لە بەکارهێنانی زمانییەوە سەرچاوە دەگرێت)، بە هەند وەردەگیرێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە پێواژۆی خوێندن و فێرکردنی دەنگ و پیتەکان و ئامرازەکانی یاریکردنە وشەیی و پیتییەکانی منداڵان بڕوانرێت، هەست بەوە دەکرێت، کە فێرکردن و ڕاهێنانەکە زیاتر بە ڕێگەی یەکەم ئەنجامدەدرێت، بەوەی، کە پیتێک/فۆنیمێک وەک گشتێک و نوێنەری سەرجەم ئەدگار و خاسیەتە پێکهێنەرەکانی بە منداڵان دەدرێت و هەوڵدەدرێت لە

پێواژۆی (بەرز-نزم)ەوە، دەستبکرێت بە فێرکردنەکان[١]. لە کاتێکدا ئەگەر لە ڕێی یەکێک لە نیشانەکانی دەنگەکانەوە، هەوڵ بۆ فێرکردن و یاریکردنەکان لەگەڵ منداڵاندا بدرێت، پێواژۆی وەرگرتنەکە باشتر و سەرکەوتووانەتر دەبێت. بۆنموونە تاقیکردنەوە و بەکارهێنان و یاریکردن بە یەکێک لە نیشانەکانی فۆنیمەکان لەگەڵ منداڵاندا، تاوەکو یەک بەیەکی نیشانەکان و بەکارهێنان و ئەزمونە جیاجیاکانی فۆنیمەکە لە (نزم)ەوە بۆ (بەرز) بە منداڵەکە دەگەیەنرێت و لە کۆتایشدا سەرجەمی فۆنیمەکە بە شێوەیەکی خۆکردی ئەزمونکراوی بەرجەستەکراو لەلای منداڵەکە دەخەملێت. هەمان پێڕەویش لە نموونەی فێربوونی زمانی دووەم...هتدا ڕاستەدردەچێت. هەر بۆیە چەند لێهاتووییەک لە فێربوونی زماندا جیاکراوەتەوە و بۆ هەرکامیان پێویستی بە ڕاهێنان و ئەزمونی جیاواز هەیە. بە سەرنجدانێکی خێرا لە دامەزراوەکانی فێرکردنی زمانانی بێگانە، ئەوە دەبینرێت، کە جیاکرانەوەی هەرکام لە لێهاتووییەکانی (بیستن، قسەکردن، خوێندنەوە و نوسین)، وەک باشترین نموونەی فێربوونی بێسەرپەرشتانە بەکاردەهێنن. لەکاتێکدا لە کتێبەکانی خوێندن و خوێندنگاکاندا، پێواژۆی (بەرز-نزم/فێربوونی سەرپەرشتانە)، پەیڕەودەکرێت، کە بە بەرابەرکردنی بە وەرگرتنی شارەزاییە زمانییەکان، کێشەی فێربوون دروستدەکات و دوای چەندین ساڵ خوێندنی زمانەکانی (عەرەبی و ئینگلیزی) لە خوێندنگاکاندا، خوێندکاران هیچکام لەو زمانانە فێرنابن و تەنانەت گرفتیشیان لە گۆکردنەکانی چەند دەنگێکی ئەو زمانانەدا دەبێت. هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خوێندکار فۆنیمەکانی وەک گشتێک پێدەدرێت. بۆنموونە [Th]، لە کاتێکدا ئەم دەنگە، لە جێکەوتە جیاوازەکان و لە گۆکردن و دەربڕینە جیاوازەکان و دراوسێیەتییە جیاوازەکاندا، نیشانەی جیاواز و تایبەتمەند دەنوێنێت. بۆنموونە لە (The)دا، وەک دەنگی[ذ]، گۆدەکرێت. کەچی هەمان فۆڕم لە (Thing)دا، بە دەنگی [ث]، دەردەبڕێت. لە بارێکی دیکەی بەکارهێنانی وەک (Some thing)دا، پێویستی بە چالاککردنی نیشانەیەکی دیکەی فۆڕمەکەیە، چونکە لە پێڕەوی هاتنەکەیدا، جۆرایەتی و نیشانەی جیاوازی نواندووە، کە دەبێت فێربوونەکەیش لە تاک بەتاکی نیشانەکانەوە و بە پێڕەویی لە پێواژۆی (نزم-بەرز)ەوە دەستپێبکات و بچێتە سەرەوە. بە مەبەستی سەلماندنی سەرجەمی ئەم لایەنە تیۆرییانەی فۆنۆلۆژی و دەربڕاوە فۆنەتیکییەکان لە ڕێزمانی بونیادناندا، چەند نموونەیەکی دەربڕین و چۆنییەتی گۆکردنی فۆنیمەکان وەک نموونەی کارەکی لە چەند منداڵێکی ئاست و تەمەن و قۆناغ و خوێندنە جیاوازەکان(مەبەست لە خوێندنە لە قوتابخانە گشتی و قوتابخانە تایبەتییەکاندا)، وەرگیراون. بۆ ئەمەش دەقێکی ئینگلیزی و وەرگێڕدراوی هەمان دەق بە منداڵان خوێندراوەتەوە و دەنگیان تۆمارکراوە. ئەو دەقەی، کە بە منداڵان درابوو تاوەکو بیخوێننەوە، لە خوارەوە هاتووە:

---

[١] - زانیاریی زیاتر سەبارەت بە هەرکام لە پێواژۆکانی (نزم-بەرز) و (بەرز-نزم) لە ڕوانگە فۆنۆلۆژییەکەوە، لە: قادر، کاروان عومەر و هاوکارانی، ٢٠١٧: ٢٨٨-٢٨٩دا دەبینرێتەوە. هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە هەمان پێواژۆ بەڵام لە ڕوانگەی شیکارییەکانی دارشتە سینتاکسییەکانەوە، بڕوانە: مەحمود، ئاڤێستا کەمال، ٢٠١٢: ١٨٨-٢٠٠.

In Berlin in Germany, pigs sometimes come into the city to look for food. They eat flowers and plants in parks and gardens. Sometimes they eat vegetables from gardens and they walk in the street and cause accidents. Some people like the pigs and they give them food and water to drink. Other people do not like the pigs and they want the government and the police to stop them entering the city[1].

له بەرلینی ئەڵمانیا، هەندێکجار بەرازەکان دێنە ناو شارەکانەوە و بەدوای خواردندا دەگەڕێن. لە پارک و باخچەکاندا، گوڵ و ڕووەک دەخۆن. هەندێک جار سەوزەی باخچەکان دەخۆن و بە شەقامدا دەڕۆن و ڕووداوی لێدەکەوێتەوە. هەندێک کەس حەزیان لە بەرازەکانە و خواردن و ئاویان بۆ خواردنەوە پێدەدەن. هەندێک خەڵکی تر حەزیان لە بەرازەکان نییە و دەیانەوێت حکومەت و پۆلیس ڕێگریان لێبکات، تاوەکو نەچنە ناو شارەکان.

فایلی هاوپێچی ئەم لێکۆڵینەوەیە، سیدییەکە و سەرجەمی دەنگە تۆمارکراوەکانی تێدایە. هەموو لێکدانەوەکانی ئەم پارەیش، کە تایبەتە بە فۆنۆلۆژی و وردەکارییە فۆنەتیکییەکان و چۆنییەتی و ستراتیژەکانی وەرگرتن و فێربوون و گۆکردنی دەنگەکان لەو دەقە دیاریکراوەدا، کە بە منداڵەکان دراوە، لەسەر بنەمای لێکدانەوە و شیکردنەوەی چۆنییەتی خوێندنەوەی منداڵەکان ئەنجامدراون. پێویستە ئەوە بخرێتەڕوو، کە منداڵەکان بەسەر تەمەن و قۆناغ و فێرگەی جیاوازدا دابەشبووبوون. هۆکاری ئەو هەمەجۆرییەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تاوەکو نموونەکە بەسەر زۆرترین ئاستی جیاوازیدا تاقیبکرێتەوە، بۆئەوەی ئەنجام و لێکدانەوەکان گشتێتییان پێوە دیاربێت و بەمەیش دووربکەوینەوە لە یەک ڕەنگی و یەک ئەزمونی و یەک ئاستی لە شارەزاییە زمانییەکاندا. [٢]

لەپاش وەرگرتنی دەنگە تۆمارکراوەکان و شیکردنەوەیان و سەرنجدان لەو ئەزمونە زمانییەی هەردوو زمانی ئینگلیزی و زمانی کوردیی منداڵەکان، بنچینە تیۆرییەکانی ڕێزمانی بونیادنان، وەک خۆی تێبینیدەکرا. بۆنموونە ئەو منداڵانەی، کە ئەزمونی خوێندنەکەیان لە قوتابخانە تایبەتییەکان بوو، باشتر و شارەزاتر دەیانتوانی دەقە ئینگلیزییەکە بخوێننەوە و دەربڕینی دەنگە جیاوازەکانی زمانەکەیان لەناو دەقەکەدا وەک خۆی گۆدەکرد. بەو واتایەی، ئەو خوێندکارانەی، کە لە یەکەم قۆناغی خوێندنیانەوە تاوەکو قۆناغی شەشەمی بنەڕەتی، بە بەردەوامی خوێندنەکەیان بە زمانی ئینگلیزی بووە و تەنها لە وانەی زمانی کوردیدا، ئەزمونی زمانی کوردییان هەبووە، ئەوا فێربونەکەیان بە شێوەی بێسەرپەرشتانە ڕوودەدات. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە منداڵەکان لە قۆناغ و پلە جیاوازەکانی پێواژۆی پەروەردەییەکەیاندا، تەنانەت لە ئەزمونکردنی ژیانی ڕۆژانە و وردەکارییەکانی پێواژۆی پەروەردە لەو قوتابخانانەدا، هەرجارە و بەشێک لە ناواخنە فۆنۆلۆژییەکەی فۆنیمەکانیان وەرگرتووە. بەرکەوتنی منداڵەکان بە لایەنێک(زانیارییەک)ی فۆنیمێک، لە چوارچێوەی دەربڕین و بەکارهێنانی هەمەجۆردا، لە

---

[1] - https://learnenglishteens.britishcouncil.org/study-break/reading-zone/a2-graded-reading/animals-city-a2.

[٢]- ئەو تۆمارە دەنگییانەی، کە ناوەکانیان بەم جۆرەن: (دەنگی ١، دەنگی ٢، .... دەنگی ١١)، دەنگی تۆمارکراوی ئەو قوتابییانەن، کە لە قوتابخانەیەکی تایبەت/ئەهلی ناو شاری سلێمانیدا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) لە قۆناغ و پۆلە جیاوازەکاندا دەیانخوێند. یاسای قوتابخانەکە ڕێگربوو لەوەی، کە هەم ناوی قوتابخانەکە بهێنرێت، هەمیش ناو و تایبەتێتیی قوتابییەکان وەربگیرێت.

دایەنگا و باخچە و پاشانیش لە قۆناغەکانی سەرەتای زمانفێربوونەکەیدا، بۆنموونە هەر لە چۆنییەتی سڵاوکردن و گفتوگۆ و بینین و خوێندنەوە و گوێگرتنە هەمەچەشنەکانیان لە فلیم و چیرۆک و دەربڕاوەکانی مامۆستاکانیان و داواکردنی خواردن و پێویستییەکانیان...هتد(کە سەرجەمیان بە زمانی ئینگلیزی بووە)، وایکردووە، کە لە قۆناغەکانی دواتریاندا ڕێژەیەکی بەرز لە فێربوونی فۆنێمەکانیان لەلا بخەملێت. بە بەراورد بەو خوێندکارانەی، کە پێواژۆی خوێندنەکەیان بەجۆری جیاواز و شێوازی جیاوازی خوێندندا تێپەڕیبێت. واتە ئەو منداڵانەی، کە خوێندنی دایەنگا و باخچە و قوتابخانەکانیان گشتییە و خوێندن تێیاندا بە زمانی کوردییە و تەنها لە یەکێک لە وانەکاندا بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، ئەمەش بە ڕێژەیەکی زۆر کەم، کە مامۆستاکان تەنها دەتوانن منداڵەکان بەشێوەی سەرپەرشتانە فێری فۆنێمەکان و چۆنییەتی گۆکردنیان بکەن. واتە پێواژۆی فێرکردنەکەیان سەرپەرشتانەیە. بۆنموونە فێری گۆکردنی دەنگەکانی زمانی ئینگلیزی دەبن، بەوجۆرەی، کە پیتێکی ئینگلیزی چۆن لە ڕیزبەندی پیتەکانی زمانەکەدا دەخوێنرێتەوە. ئیدی ئەم شێوازە لە فێربوون دەگشتێنن بەسەر سەرجەم دەرکەوتەکانی ئەو پیتەدا لە هەموو ئەو شوێن و جێکەوتانەدا، کە تیایاندا ڕوودەدەن. ئەم قوتابییانە هەنگاو بە هەنگاو دەستیان بە فێربوونی فۆنێمەکان کردووە. مەبەستمان لەم جۆرەی فێربوون ئەوەیە، کە منداڵەکان لە ئەزمونی فێربوونە فۆنۆلۆژییەکانیاندا، زۆرترین مەودای بەکارهێنان و چۆنییەتی بونیادنانە جیاوازەکانیان ئەزمون نەکردووە، هەر بۆیە بەشێک لە گرفتی فۆنۆلۆژییان لەسەر ئەو فۆنێمانەی، کە پێویستییان بە بەکارهێنان و ئەزمونی زیاتر و مامەڵەی هەمەجۆر و جیاواز هەبوو، هەستیانپێدەکرا. ئەمە یەکێک بوو لەو ئەنجامانەی، کە بەهۆی تاقیکردنەوە و وەرگرتنی ئەزمونی پێشینەی قوتابییەکانەوە بەدەستهێنراوە. ئاماری دەنگە تۆمارکراوەکان، کە ژمارەکەیان (٢٩) دەنگی تۆمارکراو و ئەزمونی تاقیکارییە، هەروەها ڕێبازی کۆکردنەوەی داتاکان و سەرجەمی تێبینییە دەنگییەکان و دیاریکردنی گرفت و دیاردە دەنگییەکان لەسەر پیت و دەنگ و چۆنییەتی گۆکردن و خوێندنەوەی دەنگەکان، لە خشتەی (١)دا خراونەتەڕوو:

| ژمارە | ناوی قوتابی | گرفتە فۆنۆلۆژییەکانی سەر دەنگەکان | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | O | A | R | C | Th | I | G |
| ١ | دیاکۆ سەردار محەمەد | √ | √ | √ | √ | √ | √ | √ |
| ٢ | ڕاهۆز دەشتی | √ | √ | √ | √ | | √ | √ |
| ٣ | ڕێکان گۆران | √ | | | | √ | | |
| ٤ | سارا هێژا ئەکرەم | √ | √ | | √ | | | √ |
| ٥ | شازاد شاخەوان عەبدوڵا | √ | | √ | √ | √ | | √ |
| ٦ | لیا نزار محەمەد | √ | √ | √ | √ | √ | √ | √ |
| ٧ | لیمۆ عومەر سابیر | √ | | √ | √ | | | |
| ٨ | لەیاد توانا فەریق | √ | √ | √ | √ | √ | | |
| ٩ | ڕاز شەفیق حەمە | √ | | | √ | √ | √ | √ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | محەمەد سالم حەسەن | | √ | √ | √ | √ | | |
| ١١ | هێشو جەبار سابیر | √ | √ | | √ | √ | √ | √ |
| ١٢ | هیلیا هیوا عوسمان | √ | √ | | √ | | | √ |
| ١٣ | ئەژین سەلام | √ | | √ | √ | √ | √ | √ |
| ١٤ | ئەلەند ئەحمەد | √ | √ | √ | √ | √ | √ | √ |
| ١٥ | ئەیمەند کامەران کەریم | √ | √ | √ | √ | √ | √ | √ |
| ١٦ | دیار باست | √ | | | | √ | | √ |
| ١٧ | هێلین مەحمود ڕەحیم | √ | √ | √ | √ | √ | √ | √ |

**خشتەی (١)**

**زانیارییە تۆمارکراوەکانی تاقیکاری لایەنە دەنگییەکانی قوتابیانی قوتابخانە گشتییەکان**

دانانی نیشانی (√) لەژێر هەر پیتێک و بەرانبەر هەر ناوێکدا، بەواتای هەبوونی گرفت لە چۆنییەتی خوێندنەوە و گۆکردنی ئەو پیت و دەنگەدا دێت لە دەقەکەدا. هەروەها لە خوارەوەدا بە چەند خاڵێک سەرنجە فۆنۆلۆژییەکان لەسەر ئەزمونی فۆنۆلۆژی و گۆکردنی فۆنەکان لەلایەن منداڵەکانەوە دەخرێتەڕوو:

– ئەو منداڵانەی، کە ئەزمون و پێشینەی زمانی ئینگلیزییان زۆرنییە، ئەو منداڵانەن، کە لە قوتابخانە گشتییەکاندا دەخوێنن. ئەم قوتابییانە گۆکردنی دەنگەکانیان وەک ئەو شێواز و دەربڕینە گۆدەکەن، کە لە ڕیزبەندیی پیتەکاندا گوێیان لێبووە. بۆنموونە لە گۆکردنی وشەی (Some)دا، نەیاندەتوانی پیتی (O) بەشێوەی بزوێنی کورتی کوردی [ ە ] دەربڕن. کە لەو وشەیەدا دەبێت پیتی (O) بەو کوالیتییە گۆبکرێت. لەبری ئەوە ئەو پیتە هەر بەهەمان شێوەی [ۆ]ی خودی دەنگەکە، کە لەکاتی فێربوونی ( A, B, C, D…..V, W, X, Y, Z) ی ئینگلیزیدا فێریبووە و لەبری ئەوەی بە [سەم] بیخوێنێتەوە، بە [سۆم] دەیخوێننەوە.

– لەلایەکی دیکەوە ئەو منداڵانەی، کە پێشینەیەکی بێ سەرپەرشتانەی فێربوونی فۆنێمەکانی زمانی ئینگلیزییان هەبووە، ئەوا دەتوانن پیت و دەنگەکانی (G, I, Th, C, R, A, O)، بە هەموو دەرکەوتن و گۆکردن و دەربڕینە جیاوازەکانیانەوە، بونیادبنێن. بۆنموونە /G/ لە وشەکانی (Pig, Garden)دا بە [گ] گۆبکەن و هەمان /G/ لە (Germany)دا بە [ج] گۆبکەن. هەروەها /C/لە (Come)دا بە [ک] بخوێننەوە و دەرببڕن و /C/ لە (City, Police)دا بە [س] دەرببڕن. ئەم بەراوردکاری و ئاگاییە لە وشەی (Accident)ی دەقەکەدا بۆ منداڵانی قوتابخانە گشتییەکان، بە ڕوونی هەستییپێدەکرێت، کە زۆر بە زەحمەت دەیانتوانی [ک] ببەخشن بە /C/ی یەکەم و [س]یش ببەخشن بە /C/ی دووەم.

– هەروەها چۆنییەتی گۆکردن و دەربڕینی /I/ لە دەرکەوتە جیاوازەکاندا، بۆ هەرکام لەو خوێندکارانەی، کە شێوازی فێربوونەکەیان سەرپەرشتانە یان بێ سەرپەرشتانە بووە، دەگۆڕێت.

بۆنموونە ئەو خوێندکارانەی، کە ئەزمونەکەیان بێ سەرپەرشتانە بووە، دەرکەوتنی /I/ لە (In)دا بە [ئی] و لە (Berlin ,Pig, City, Give, Drink, Police)دا وەک [ی] و لە (Time, Like)دا وەک [ ای ] دەخوێننەوە و گۆدەکەن. بەڵام بەرێژەیەکی زۆر، سەرجەمی ئەو قوتابییانەی، کە لە قوتابخانە گشتییەکاندا خوێندوویانە و ئەزمونی فێربوونەکەیان سەرپەرشتانەبووە و زیاتر بەوجۆرە فێربوون، کە ئەم پیتە /I/ وەک [ی] دەخوێنرێتەوە، بۆیە نەیاندەتوانی یارییە جیاوازەکان و دەرکەوتنە جیاوازەکانی دەنگەکە وەک خۆی بنوێنن.

- لە چۆنییەتی ئاواز و خوێندنەوەی ئاوازی ناوەوەی وشەکانیشدا، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان قوتابیانی قوتابخانە تایبەتییەکان و قوتابخانە گشتییەکاندا هەیە. بۆنموونە لە حاڵەتی گۆکردنی پیتی (ت)ی سەر وشە ئینگلیزییەکاندا(وەک لە وشەکانی (City, Water)دا دەبینرێت)، جیاوازییەکە بە ڕوونی هەستپێدەکرێت. هەروەک جیاوازییەکانیشیان لە چۆنییەتی گۆکردنی وشەی (Food)یشدا دیار و بەرچاون. ئەو قوتابییانەی بەشێوەی بێ سەرپەرشتانە ئەزمونی پیتی (O)یان کردووە و فێری بوون، ئەوا لە کاتی خوێندنەوەی (Food)دا و لە نێوان [F]و [O]دا، درێژکردنەوەیەکی تێکەڵاو لە هەردوو دەنگەکە دروستدەکەن و پاشان دەگەنە سەر گۆکردنی پیتی (D) و دەتوانرێت بەم شێوەیە وێنەی خوێندنەوەکەیان بنوسرێت: [ففوود]، کە ئەم جۆرەیش لە گۆکردن، هەمان ئەو شێوەیەیە، کە ئاخێوەری ڕەسەنی زمانی ئینگلیزی دەیخوێنێتەوە. لە کاتێکدا قوتابیانی قوتابخانە گشتییەکان ڕاستەوخۆ لە دوای گۆکردنی پیتی (F) بە دەنگی [و]دا تێدەپەڕن و دەگەنە سەر دەنگی [D] و دەتوانرێت وێنەی خوێندنەوە و گۆکردنەکەیان بەم جۆرە بنوسرێت: [فود].

- یەکێک لە گرفتە گەورەکانی ئەو قوتابییانەی، کە لە قوتابخانە گشتییەکاندا دەخوێنن و ئەزمونی فێربوونی سەرپەرشتانەیان لە فێربوونی دەنگەکان و چۆنییەتی گۆکردنیاندا هەیە، لەسەر دەنگی [Th] هەیە. هەمیشە لە سێ جۆری دەربڕیندا گۆیدەکەن. ئەوانیش: ([ز]، [ذ]،[ث]). مەرج نییە گۆکردنەکەیشیان بەم شێوازانە لە جێکەوتە دروستەکەی خۆیاندابێت. بەڵام ئەوەی تێبینیکرا، هەموو منداڵەکانی قوتابخانە گشتییەکان، ئەم دەنگەیان بە [ز] خوێندەوە.

- هیچکام لەو گرفتانەی سەرەوە، لە ئەزمون و تاقیکردنەوە دەنگییەکانی قوتابیانی قوتابخانە تایبەتییەکاندا لە پەیوەست بە ئەزمونی خوێندنەوە و گۆکردنی دەنگ و پیتەکانی دەقەکە بەدینەکرا و سەرجەم دەنگەکان بە هەمانشێوەی دروستی خۆیان خوێندرانەوە و گۆکراون.

- تەنانەت جیاوازییەکی زۆر سەبارەت بە خوێندنەوەی هەمان دەق لە وەشانە کوردییەکەیدا هەبوو، لە نێوان ئەو قوتابییانەی، کە لە قوتابخانەی تایبەت دەخوێنن و ئەو قوتابییانەیشی، کە لە قوتابخانەی گشتی دەخوێنن. لەم بەشەیاندا، قوتابیانی قوتابخانە گشتییەکان لێهاتووییەکانیان زیاتر و چۆنییەتی پێشکەشکردن و گۆکردن و خوێندنەوەی دەقەکەیشیان خێراتر و پڕترە، بە بەراورد بەو قوتابییانەی، کە لە قوتابخانە تایبەتییەکاندا دەخوێنن، کە گرفتێکی زۆریان لە چۆنییەتی گۆکردن و ناسینە و

دەربڕینی پیت و وشە کوردییەکاندا هەیە[١]. ئەمە لەلایەکەوە و جاریکیتر پاڵپشتی بۆچوون و گریمانەکارییەکانی ڕێبازی بونیادی دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە سەلمێنەری ئەو تاقیکردنەوەیەیە، کە لەسەر قوتابییەکان ئەنجامدرابوون. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە قوتابیانی قوتابخانە گشتییەکان، هەرچەندە پێواژۆی خوێندنەکەیان(چ خوێندنی زمانی کوردی بێت، یاخود خوێندنی زمانی ئینگلیزی بێت)، بە شێوازی سەرپەرشتانەیە لە قوتابخانەدا، بەڵام لە قۆناغ و پێواژۆکانی فێربوونی زمانی دایکیاندا، ئەزمونێکی بێسەرپەرشتانەیان هەبووە و بە هەمان ئەزمونەوە هاتوونەتە قوتابخانەکانەوە. هەمان ئەزمونیش لەسەر خوێندنەوە و گۆکردنی دەنگ و پیتە کوردییەکاندا، کە لە قۆناغی بەجەستەکردنەکەیاندا وەریانگرتووە، بونیاددەنێنەوە. شێوازی گۆکردن و چۆنییەتی خوێندنەوە و دەربڕین و گرفتی قوتابیانی قوتابخانە تایبەتییەکان لە پەیوەست بە هەمان دەق، بەڵام لە داڕشتە کوردییەکەیدا، لە خشتەی (٢)ی خوارەوەدا دەخرێنەڕوو:

| ژمارە | گرفتە فۆنۆلۆژییەکانی خوێندنەوە کوردییەکان |
|---|---|
| دەنگی٤ | گرفتی لە چۆنییەتی خوێندنەوەی ئەو وشانە و دەنگەکانیاندا هەیە، کە لە دوو مۆرفێم یان زیاتر داڕێژراون. بۆنموونە (خواردن+دا)، (لێ+دە+کەوێت+ەوە)، (خواردن+ەوە)، (ڕێگر+یان). |
| دەنگی٥ | هەمان گرفتی درەنگی و خاوی لە خوێندنەوەی ئەو وشانەی، کە لە چەند مۆرفێمێک داڕێژراون. بەڵام لە خوێندنەوەی وشەکانی وەک (ناو، پارک، گوڵ، ڕووەک)دا، کە بە تاک و تەنهایی هاتوون، نییە. |
| دەنگی٦ | گرفتی لە بەستنەوەی داڕشتە کوردییەکاندا هەیە. بۆنموونە لە: (بەرلین+ی+ئەڵمانیا)دا، ناتوانێت بەسەریەکەوە و وەک داڕشتەیەکی فرێزی بیخوێنێتەوە. لەبری ئەمە، یەک بەیەک دەیانخوێنێتەوە، بەشێوەی: (لە بەرلین) (ئەڵمانیا)، (بەراز)، تۆزێک وەستان، پاشان نیشانەی (ەکان)ی بۆ زیاددەکات و لە دوایدا (بەرازەکان) دەخوێنێتەوە. هەروەها دەربڕاوەکانی وەک:<br>- سەوزەی باخچەکان دەخۆن.<br>- بەشەقامدا دەڕۆن.<br>- ڕووداوی لێدەکەوێتەوە.<br>کە سەرجەمیان زنجیرەیەکی بەدوای یەکدا هاتوون، بەڵام قوتابییەکە هەرکامیان وەک ئەڵقەیەکی سەربەخۆ دەخوێنێتەوە و گرفتی لە بەستنەوەی ئەڵقەکانی زنجیرەکەدا هەیە. |
| دەنگی٧ | بەهەمانشێوە گرفتی لە خوێندنەوەی داڕشتەی فرێزەکاندا هەیە. هەربۆیە بەشەکانی داڕشتەکان بەشێوەی سەربەخۆ دەخوێنێتەوە. |

[١] - ئەم بابەتەیان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر و وەرگرتنی نموونە و داتای فراوانتر هەیە. بۆئەوەی ئەنجامەکانیش بەشێوەیەکی زانستی و وەکو خۆیان دەربهێنرێن، دەبێت تاقیکردنەوەکان لە تاقیگەی تایبەتی دەنگیدا ئەنجامبدرێن و بەڕوونی جیاوازییەکان بخرێنەڕوو. بەڵام لەبەرئەوەی سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیە دیاریکراوە، بۆیە دەرفەتی ئەوە نەبووە، کە لە کارێکی گشتگیردا سەرجەمی دیاردەکە بەو شێوەیەی، کە هەیە، بخرێتەڕوو و ئەنجام و هۆکار و ئایندەی دیاردەکەیش لەسەر زمان و قۆناغ و پێواژۆکانی فێربوونی زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی و لێکەوتەکانیان لەسەر ئایندەی فێربوونەکان ڕوونبکرێنەوە.

| | |
|---|---|
| **دەنگی٨** | گرفتی لە داڕشتەی فریزەکاندا هەیە. هەربۆیە بەشی یەکەمی فریزەکە دەخوێنێتەوە، بۆنموونە (سەوزە)، پاشان (ی)، پاشان (باخچە) دەخوێنێتەوە. هەر ئەم گرفتەیش لە (خواردن) پاشان (دا)دا دەبینرێتەوە. لەبەرئەمەیش سەرنجدەدرێت، کە (باخچەکان) بە (باخچەکدان) دەخوێنێتەوە. (بە شەقامدا)، بەشێوەی (بەشەقمادا) و (لێدەکەوێتەوە)یش بە (لێدەکویت) دەخوێنێتەوە. (ڕێگریان لێبکات)، لەبەرئەوەی داڕشتەیەکی چەند مۆرفێمییە، بۆیە گرفتی بۆ دروستدەکات و بەشێوەی (ڕێگەیان لێبکات) دەیخوێنێتەوە. هەروەک (شارەکان)ی کۆتایی دەقەکەیش بە (شارەکە) دەخوێنێتەوە.<br>گرفتی بەردەوامی ئەم قوتابییەیش لەسەر /ێ/ی زمانی کوردی هەستپێدەکرا. لەزۆربەی بارەکاندا بە [ ی ] دەیخوێندەوە یان بە گران ڕاستیدەکردەوە. |
| **دەنگی١٠** | گرفت لە خوێندنەوەی داڕشتە فریزییەکانی دەقەکەدا بەدیدەکرێت. یەک بەیەک وشەکانی ناو داڕشتە فریزییەکان دەخوێنێتەوە. (بەرلین) پاشان بەبێ نیشانەی (ی)، ڕاستەوخۆ (ئەڵمانیا) دەخوێنێتەوە و بەمجۆرە گۆیدەکات:<br>- بەرلین ئەڵمانیا.<br>هەروەک هەمان گرفت لە (بە شەقامدا) دەبینرێت و بەشێوەی (بەشەمەدا) دەیخوێنێتەوە. |
| **دەنگی١١** | بەگشتی گرفتەکەی لەسەر ئەو وشانەبوون، کە زیاتر لە دانەیەک بوون. واتە نیشانەی کۆییان پێوەبوو. هەربۆیە گرفتەکەی لەسەر وشەکانی: (بەرازەکان، شارەکان، باخچەکان)دا هەستپێدەکرێت. |
| سەرجەمی قوتابیانی قوتابخانە تایبەتەکان، گرفتیان لەسەر دوو وشەی (ڕووەک، ڕووداو)، هەبوو. ئەمەیش بۆ هاتنی دوو دەنگی /و/ بەدوای یەکدا دەگەڕێتەوە. بەوردیش گرفتەکە زیاتر لەسەر وشەی (ڕووەک) هەستپێدەکرا وەک لە (ڕووداو). ئەمەیش بۆ هاتنی دەنگەکانی /وو/ و پاشان ڕاستەوخۆ بەدوایدا /ە/، دەگەڕێتەوە، کە هەردووکیان لە نیشانەی (بزوێنی)دا، هاوبەشن. بەڵام لە وشەی (ڕووداو)دا، لەبەرئەوەی لەدوای /وو/، /د/ دێت، بۆیە گرفتەکە بەبەراورد بە (ڕووەک)، کەمتر هەستپێدەکرێت. | |

**خشتەی (٢)**

**زانیارییە تۆمارکراوەکانی تاقیکاری لایەنە دەنگییەکانی قوتابیانی قوتابخانە تایبەتییەکان**

لەکۆتایشدا دەبێت هەمیشە ئەوەمان لەبەرچاودا بێت، کە دەنگەکان لە ژینگە کۆمەڵایەتی-کلتورییەکاندا بەدەستدەهێنرێن و وەردەگیرێن. "منداڵ بۆ گەیشتن بە فێربوونی وشەکانی (زمانی دایک)، لە ڕووی دەنگ و واتاوە، زۆرجار هەڵەدەکات، تا شێوە ڕاستەکەی دەدۆزێتەوە". (عەبدولوەهاب، عەدنان عەبدوڵا، ٢٠١٥: ٤٦). دۆزینەوەی شێوە ڕاستەکەیشی وەستاوەتەسەر شێوەداڕشتن و بونیادنانەکان لە دەرەوە. هەر لە بونیادە فۆنۆلۆژییەکانەوە، تاوەکو بونیادە گەورەترەکانی دیکە، تەنانەت بونیادی فۆنۆلۆژیش(لەبەرئەوەی هاوبەشی نێوان فۆنەتیک و سیمانتیک)ە، بۆیە دەرکردە فۆنەتیکییەکانیشی بەهەمانشێوەی بونیادنراوە پێشترینەکان دەبن لەلای منداڵان، کە گرنگییەکی زۆر بە هەر دەربڕاوێک(لە هەموو ئاستەکانی دەربڕاوەکەدا) دەدەن، کە دەیبیستن. پاشان بە شێوەیەکی زنجیرەیی/پلەبەندی گشتاندنێک دروستدەکەن، لەسەر بنەمای ئەو دەربڕاونەی، کە بیستویانن. "من تەواو دڵنیام، کە منداڵان سەرەتا فێری بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییە جیاواز و ناچونیەکەکان دەبن. ئەمەیش نەک بەهۆی پەیوەستکردنەوەیانەوە بە پۆلێنبەندییەکانی قسەکەرەکانەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو کاریگەرییەی، کە لە دەربڕاوەکانیانەوە دروستیدەکەن و دێنەبوون". (Eckert P., 2010: 70). بەو واتایەی، کە دەربڕاوەکانی

ئاخێوەرە جیاوازەکان کاریگەریی جیاوازیان دەبێت، منداڵ بەهۆی جیاوازیی کاریگەرییانەوە فێردەبێت، کە دەربڕاوێکیان کاریگەری زیاترە و ئەوی دیکەیان کەمتر، نەک بەهۆی جیاوازیی خودی پلەبەندیی ئاخێوەرەکانەوە، چونکە منداڵان نازانن، کە پۆلی قسەکەران چین و چۆنن. بەهۆی جیاوازیی کاریگەرییەکانەوە سەرەتا فێری بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییانەی هەمە چەشنییەکان دەبن. ئەمە بۆ سەرجەم پێواژۆ زمانییەکان ڕاستە. بەڵام لە پەیوەست بە منداڵانەوە، سەرەتا لە ئاستە فۆنەتیکییەکانی دەربڕاوەکانەوە دەستپێدەکات و فێردەبێت، کە جیاوازیی کاریگەرییەکانی دەربڕاوەکان، هەر لە قۆناغی دەربڕین و گۆکردنی فۆنیمەکانەوە دەستپێدەکات و لەناو دەربڕاوەکانیشدا "جۆرێتیی ڤاوڵەکان، دەتوانرێت وەک کاریگەر و پێوەر دابنرێن". (سەرچاوەی پێشوو، ٧٠). کەواتە لەم پێناوەیشدا زیاتر سەرنجی بزوێنەکان و ئەو گۆکردن و بونیادنانە تایبەتییانە دەدات، کە بزوێنەکان لە دەربڕاوەکاندا دەیگەیەنن. بۆنموونە درکپێکردن بەوەی، کە ڤاوڵەکان بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری زمانی و نازمانییەوە، کاریگەرترن، بۆیە بەردەوام ئاخێوەران گرنگی تایبەت بە شێوازی گۆکردن و درکاندنیان دەدەن و بەشێکی زۆر لە مەبەستەکانیان بەسەر شانی ڤاوڵەکانەوە جێبەجێدەکەن. ئەگەر سەرنج لە چۆنییەتی تێکردە و دەرکردەی فۆنەکانی ([ئـَ]/، [ۆ]، [ێ]، [ ا ]، [ی]) لە دەربڕاوەکانی (١)دا بدرێت:

١)- ئۆۆۆ، ئۆیی، ئێێێ، ئاااا، ئایی...

بە ئاشکرا هەست بە جیاوازی و ئامادەیی بەردەوام و ڕێژەی گرنگیپێدانی منداڵ بەم فۆنیمانە دەکرێت. هەر ئەوەی، کە سەرەتاکانی زمانپژان و دەستکردن بە قۆناغ و دونیای گۆکردنی فۆنیمەکان، باشترین بەڵگەی گرنگیپێدانەکە دەسەلمێنێت. بۆنموونە دووبارەکردنەوە و درێژکردنەوەی یەک بزوێنی وەک [ ا ]، لە ئاخاوتنەکانیاندا، بەتایبەتی ئەگەر سەرنج لەو قۆناغە بدرێت، فۆنۆلۆژی(کە وەک گشتێک و نوێنەری سەرجەم دارشتە زمانییەکانی دیکە بونیاد دەنرێت)، دیاردەی تایبەتی و زانیاریی بونیادنراوی لەخۆیدا هەڵگرتووە و منداڵانیش هەر بەوجۆرە بونیادی دەنێنەوە، کە لەسەر تاکە فۆنیمێک، کۆزانیارییەکی زمانییان مەبەست بێت. "منداڵ بەشێوەیەکی سەرەتایی لاسایی وشەکانی دایکی دەکاتەوە. یاریی بە دەنگەکان دەکات. ئەمەش نیشانەیەکە بۆ دەسەڵاتشکاندنەوەی منداڵ بەسەر ئۆرگانەکانی ئاخاوتنیدا. سەرەتا ڤاوڵە کراوەکان لە وانە (au) دەردەبڕێت و لە کۆنسونانتەکاندا دەنگە گرەکان و لەوانیش لچولێوییەکان، دانییەکان و لوتییەکان (b, d, m, n, t)". (خەلیل، ناهیدە ڕەحمان، ٢٠١٣: ٥١). بەمشێوەیە ئەم فۆنیمانە دەبن بە پێواژۆ بونیادنراوە فۆنۆلۆژییەکانی زمانی منداڵ و وەک گشتێک لەبری بەکارهێنانی هەموو زمانی ئاخاوتن بونیادیان دەنێت. پێواژۆ بونیادییەکانی منداڵانیش لە فۆنۆلۆژیدا لەو ئاستەدا دەبینرێتەوە، کە منداڵان مامەڵەی فۆنەتیکییانەی تایبەت و جیاواز بەو فۆنیمانەوە دەکەن و لە ئەنجامیشدا ویستیانە، کە مەبەستی جیاواز و سەربار بە مامەڵە جیاوازەکانیانەوە بکەن. بەو واتایەی، فۆنیمەکان بەجۆری جیاواز بەکاردەهێنرێت(چۆنییەتی بەکاربردنە

فۆنەتیکییەکانی فۆنیمەکان)، تا بەهۆیانەوە دیوەکەی دیکەی بونیادنان(واتا/کردە) بگەیەنن. هەر بۆیە دایکان خواست و پێداویستییە جیاوازەکانی منداڵان لەسەر فۆنەتیکی منداڵەکانیان دەناسنەوە و پەیپێدەبەن. ئەمەیش جارێکیتر سەلمێنەری جیاوازیی کاریگەرییە لە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکاندا.
دەرکردە فۆنۆلۆژییەکان لە شێوەزارە جیاوازەکاندا بە ڕوونی هەستیانپێدەکرێت، کە چۆن شێوە و فۆڕمی جیاوازی فۆنەتیکی دەنوێنن. ئەمەیش پەیوەندیدارە بەو بارە سایکۆلۆژی و تێکردە دەنگییانەی، کە ئاخێوەرانی سەر بەشێوەزارێک بونیادیان ناوە، کە لە دواتریشدا هەمان داڕشتە فۆنۆلۆژییە بونیادنراوەکە دەردەبڕنەوە. جیاوازیی زمان و زار و شێوەزارەکان، بەتایبەتی لە زار و شێوەزارەکاندا دیاردەی ڕۆڵە ناوەندییەکەی فۆنۆلۆژی (نێوان فۆنەتیک و سیمانتیک) ڕوونتر دەردەکەوێت. لەو کاتەیدا، کە ئاخێوەرانی سەر بەشێوەزارێکی دیاریکراو توانستی گۆکردن و دەربڕینی فۆنیمێکی دیاریکراویان نەبێت، یاخود نەتوانن فۆنیمێک لە شوێنێکی دیاریکراو و تایبەتدا بەکارببەن، (وەک ناتوانایی بۆ گۆکردنی هیچ وشەیەکی کوردی، کە بە /ر/ دەستپێبکات، بۆ هەموو ئاخێوەرێکی زمانی کوردی، لە هەر پلە و ئاست و قۆناغ و تەمەن و توخمێکدابێت). لە کاتێکدا بونیادی ئەم فۆنیمە لە سەرەتای وشەکانی زمانی فارسیدا هیچ ئاریشەیەک بۆ ئاخێوەرانی ئەم زمانە ناهێنێتە پێش و تەنانەت بەشێکیشە لە ئاگاییە زمانی و فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژییەکانی ئاخێوەرانی زمانی فارسی، وەک لەسەر وشەکانی (روز، راست، راه، روخسار، روش، رفیق..هتد). هەروەها نەهاتنی هیچ [ڵ]یەک لە سەرەتای هیچ وشەیەکی کرمانجی ژووروودا، یاخود ئەو ئاڵوگۆڕە فۆنۆلۆژییەی، کە لە نێوان زار و شێوەزارەکاندا هەستپێدەکرێت. وەک لە وشەکانی (بەفر≈ بەرف، تەرزە≈ تەزرە، ئاسایش≈ ئاشایس، پیتزا≈ پیزا/فیزیا(کە ئەم گۆڕانەیان زیاتر لە نێوان مرۆڤە تەمەن منداڵ/هەرزەکار و بەتەمەنەکاندا ڕوودەدات))، هەروەها دەکرێت لەم ڕووەوە جیاوازیی بونیادنانی فۆنیمەکانی (/ڵ/ ≈ /ر/، /ک/ ≈ /چ/) لە نێوان ئەکسێنتەکانی (سلێمانی، هەولێر)دا بەنموونە بهێنرێنەوە، کە بونیادنانی هەرکام لەم فۆنیمانە لە نموونەکانی (٢، ٣)دا ئاماژە بە بوون و دەرکەوتەی سایکۆلۆژیی ئاخێوەرانی سەر بەو شێوەزارە جیاوازانە دەکات و هەر ئەمەیش هۆکاری کاریگەر و پاڵنەر بووە، تاوەکو ئاخێوەران ئەو فۆنیمانە لەو قاڵبە فۆنەتیکییانەدا گۆبکەن و بونیادیان بنێن:
٢) ا- ماڵی ئێمە ≈ ماری ئێمە
ب- خاڵەگیان ≈ خارەگیان
پ- چی دەڵێ ≈ چی دەرێ
٣) بۆ کوێ ≈ کێندەر ≈ چێندەر

بوون و دروستی سایکۆلۆژییانەی پێشتری ئاخێوەرانی شێوەزاری سلێمانی لە (٢- ا)دا لەگەڵ [ڵ]ی سەر (ماڵ) یەکدەگرێتەوە و ئەمەیش پەیوەندیدارە بە بارە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و فۆنەتیکییەکانی

ئاخێوەری سەر بەو شێوەزارە. لە کاتێکدا و لە هەمان (٢- ا)دا، ئاخێوەری سەر بەشێوەزاری سۆرانی بونیادنانە فۆنۆلۆژییەکەی سەبارەت بە [ڕ] دەبێتە دروستە سایکۆلۆژییەکەی و لە شێوەزارەکەی دیکەدا (سلێمانی)، سەرلەبەری بونیادنانەکە دەگۆڕێت و لە واتای (خانو/شت)ەوە دەگۆڕێت بۆ (ئاژەڵ/گیاندار). دروستی و بوونە سایکۆلۆژییەکەی (٢- ب) ئاڕاستەیەکی دیکە وەردەگرێت و بەهۆی بونیادنانە فۆنێمییەکەی هەرکام لە /ڵ/ و /ر/ی (٢- ب)ەوە درکپێکردن و زانیارییەکی جوگرافی و کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت، نەک گۆڕینی بونیادە واتاییەکە. لە (٣)دا بە ئاشکرا هەست بە جیاوازیی بونیادنانە فۆنێمییەکەی /ک/ دەکرێت، کە چۆن فۆنێمەکە /ک/ دەبێت بە گرێدەری نێوان فۆنەتیک و سیمانتیک و درکپێکردنێکی تایبەت دەگەیەنێت و لە هەرکام لە دەرکەوتەکانی [ک] و [چ]دا خۆی دەنوێنێت. بەهەمانشێوە چۆنییەتی بونیادنانی فۆنۆلۆژییانەی فۆنێمەکان لە هەرکام لە ئەکسێنتەکانی (سلێمانی و هەولێر) لەسەر وشەیەکی وەک (گوێ ≈ گێ)، ڕوونتر دەردەکەوێت و هەر بوونە سایکۆلۆژییە پەیوەندیدارەکەی ئەو وشەیە، دەشێت بابەتێکی دیکەی وەک تابووی لای ئاخێوەرانی شێوەزارێکیان دروستکردبێت. لایەنە دەروونییەکە و ڕاهاتنە دەروونی و زمانی و کۆمەڵایەتییە فۆنۆلۆژییەکەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی، زۆر بەئاشکرا لە چۆنییەتی داڕشتن و گۆکردن و مەبەست(بونیادنانە)ی هەرکام لە /ع/ و /ح/دا دەردەکەوێت، کە چۆن جێگرتنەوە و تێکەڵکردن لە نێوان ئەو دوو فۆنێمەدا هەیە و بە ئاشکرا لە شێوازی دەربڕینی ئاخێوەرانی بەشێک لە شێوەزاری موکریاندا هەستپێدەکرێت. ئەگەر سەرنجبدرێت هەرکام لە نموونەکانی (٤) وەک (٥) دەردەبڕن و گۆدەکەن:

٤)- عەلی، محەمەد، حەمید، حەق، حەسەن...

٥)- حەلی، معەمەد، عەمید، عەق، عەسەن...

"پێویستە وردەکاریی فۆنەتیکی لە دەستە نموونەییەکانی فۆنێمەکاندا ببینرێتەوە، لەوانە زانیارییە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە زانیارییەکانی ئاخێوەرەوە، بۆنموونە ئەدگاری زارەکان، یان فۆڕمی فۆنەتیکی قسەکردنی زەقکراوەی فێرخوازی زمانی دووەم". (Occhino C., 65)[١]. لەنموونەکانەوە دەردەکەوێت، کە تەنها بەهۆی وردەکاری و ناوەڕۆکە فۆنەتیکییەکانی فۆنێمەکانەوە، زانیاریی دیکەی نازمانی درکیانپێدەکرێت، کە ئەمانەیش پەیوەستن بە ئەزموونە بەرجەستەکراوەکەی ئاخێوەرانەوە. لە ڕێزمانی بونیادنانیشدا، تێگەیشتن و درکپێکردن بەو زانیارییانەیش بە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان دادەنرێن. ئەم بوارانە هەر لەناو فۆنۆلۆژیدا پێواژۆیەکی دیکەیش دەهێننەئاراوە، ئەویش ئاستی بەکاربردنی فۆنێم و ئەلۆفۆنە لە نێوان زارەکان و تەنانەت یەک زار و شێوەزاریشدا. لەمڕوانگەیەوە فۆنێمەکان بەیەکەی ئازاد دادەنرێن، لە کاتێکدا و لە نموونەکانی (٤ و ٥)دا بابەتی ئەلۆفۆنیش دێتەناوەوە. "فۆنێمەکان

[١]- بۆ وردەکاریی زیاتر و زانیاریی تەواو دەربارەی بەستنەوەی فۆنۆلۆژی و پێواژۆ درکپێکراوە فۆنۆلۆژییەکان بە بابەتەکانی زار و شێوەزارەکانەوە بڕوانە: **1**- Eckert P., 2010. **2**- Marsden S., 2013.

بۆخۆیان بەتەنها، وێنای چوارچێوەیەکی خاڵی لە دەوروبەر دەکێشن، بۆنموونە چوارچێوەیەک بۆ دەرکەوتنی هەر ئەلۆفۆنێکی پێشوەختە یاخود پۆلێکی تەواو. لە کاتێکدا وێنای چوارچێوەی دەوروبەرێکی دیاریکراو، ئەلۆفۆنەکانی تێدا بەکاردێن". (Nesset T., 2008: 33). دەربڕین و گۆکردنی (محەمەد)ی نموونەی (٤) و جەختکردنەوە لەسەر [ح] تێیدا، وەک فۆنێمێکی ئازاد و بێ هیچ چێوەیەک دەردەکەوێت، بەوەی، کە خودی /ح/ وەک فۆنێمێک ئاماژە و گوزارشت لە هیچ چێوەیەکی دیاریکراو ناکات و وەک فۆنێمێکی ئازاد و کراوە ڕۆڵدەگێڕێت، بەڵام دەربڕین و گۆکردنی هەمان وشە/ناو لە (٥)دا، بەشێوەی (معەمەد) و بەکارهێنانی [ع] لەبری [ح]، ئاماژە بە چێوەیەکی دیاریکراو دەدات و زانیاریی شێوەزار و کۆمەڵایەتییانەی لەخۆیدا هەڵگرتووە. [ع] لە (٥)دا، وەک ئەلۆفۆنێک بۆ [ح]ی (٤) دادەنرێت. هەر ئەمەیش وایکردووە، کە ئەلۆفۆنەکە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بگەیەنێت. ئەگەر هاتو [ع] لەو چوارچێوەیە و لەو بارە ئەلۆفۆنییەی دەربهێنرێت، ئەوا بۆخۆی وەک فۆنی فۆنێمێکی ئازادی بێ چوارچێوە مامەڵە دەکات. بەمشێوەیە ئەلۆفۆنەکان لەبەرئەوەی ئاماژە بە چوارچێوەیەکی دیاریکراو دەدەن(تەنها لەوکاتەیدا، کە وەک ئەلۆفۆن بەکاردێن)، بۆیە بەسنور_ئازاد دانانرێن. کاتێک لە چوارچێوە دیاریکراوە ئەلۆفۆنییەکەی هێنرایە دەرەوە، ئەوا جارێکیدیکە بە فۆنی فۆنێمێکی ئازادی بێ چوارچێوە دادەنرێتەوە. بەمشێوەیە بابەتەکانی (چوارچێوە_ئازاد) و (چوارچێوە_دیاریکراو)، بۆ هەرکام لە فۆنێمە سەربەخۆ و تاکەکان و ئەو فۆنێمانەی، کە بەڕوونی ئاماژە بە دەوروبەرێکی دیاریکراو دەدەن، بەکاردەهێنرێت. سەرەڕای لێکدانەوە ئازاد و دیاریکراوەکان بۆ فۆنێم و ئەلۆفۆنەکان، دەتوانرێت لە چەندین ڕوانگەی دیکەوە، پەسنی ئازادی و دیاریکراوی فۆنێمەکان بکرێت. ئەگەر سەرنج لە بەشێک لە گرفت و نەخۆشییە زمانییەکان بدرێت، بەتایبەتی ئەو نەخۆشییانەی، کە پەیوەندیدارن بە دەنگە زمانییەکانەوە و لەسەر ئەمان ڕەنگدەدەنەوە، وەک (زمانگرتن، دیسکلیسیا، ئۆتیزم، داون سیندرەم، ئەفازیا...هتد)[١]، کە ئەم نەخۆشییانە سروشت و ئەدگاری تایبەتی بە دەنگەکان و کەسی توشبویش دەبەخشن. هەربۆیە لەم ڕوانگەیەوە کەسێکی توشبوو بە نەخۆشیی زمانگیران، بە (تورت، لاڵەپەتە) و نەخۆشێکی یەکێک لە ئەندامەکانی بەرهەمهێنانی دەنگەکان لە نموونەی /س/، کە هەندێکجار بە [ث] دەریدەبڕن، بە (فس)، ناودەبرێن و جیادەکرێنەوە. یاخود درێژکردنەوەی دەنگێک لەناو زنجیرە دەنگەکاندا. هەروەها بەهۆی نەخۆشی جەستەیی یان ناتەواویی لە یەکێک لە ئەندامەکاندا، بۆنموونە (لوت)، لە کاتی دەربڕینی دەنگە لوتییەکانی وەک [م] و [ن]دا، جۆرێک لە منگی بە گۆکردنەکانەوە دەردەکەوێت و بەکەسی دەربڕینی ئەم دەنگانەیش دەوترێت (منگن).

[١]- سەبارەت بە نەخۆشییە زمانییەکان و بەدیاریکراویش ئەو نەخۆشییانەی، کە پەیوەندیدارن بە دەنگەکانەوە، بڕوانە:
**١-** ڕەشید، سەلام ڕەحیم، ٢٠١٩: ١١٦ – ١٢٣. **٢-** عەبدولکەریم، بەهرە محەمەد، ٢٠١٥.

لەڕوانگەی ئەو باسکردنانەی سەرەوە، دەتوانرێت جارێکیدیکە چوارچێوە_دیاریکراو بۆ ئەو گرفتە زمانی و دەنگییانەی فۆنیمەکان دابنرێتەوە. وەک چۆن کاتێک کەسێکی گرفتار بە نەتوانایی گۆکردنی [س] و دەربڕینی بەشێوەی [ث]، بە (فس) جیادەکرێتەوە و دیاریدەکرێت، کە ئەمەیش وادەکات ئەو فۆنیمە لەو بەکارهێنانەیدا بە چوارچێوە_دیاریکراو ناوببرێت. هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەکارهێنەر و چۆنییەتی گۆکردنی فۆنیمەکەیشی دیاریکراوە و جیاوازە لە گۆکردنی [س] بەبێ هیچکام لە چوارچێوە دیاریکراوەکان. هەر بەوشێوەیە گۆکردنی هەرکام لە [م] و [ن] لەلایەن کەسێکی توشبوو بە گرفت و نەخۆشییەکانی لوت و جۆگەی ئۆستاکی، جیاوازتر و دیاریکراوتر و ناسراوترە، وەک لە گۆکردنی هەمان فۆنیم بەبێ هیچ چوارچێوەیەک و لەم ڕوانگەیەشەوە جارێکیتر نەخۆشییە زمانی و دەنگییەکان دەتوانن چوارچێوەی دیاریکراو بە فۆنیمەکان و بەکارهێنان و گۆکردنیان ببەخشن. هەروەک چۆن لە نەبوونی ئەم نەخۆشییانەدا فۆنیمەکان چوارچێوە_ئازادن.

بیرۆکەی بنەڕەتی ڕێزمانی بونیادنان لە زانستی زمانی درکپێکردندا لە پەیوەست بە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانەوە، لەسەر ئەوە وەستاوە، کە ناکرێت لێکدانەوەیەکی مەودا فراوان بۆ واتا بکرێت/واتا لە مەودایەکی فراواندا لێکبدرێتەوە، بەڵام پاڵنەر و وروژێنەرە فۆنۆلۆژییەکان بۆ ئەو لێکدانەوەیە لەبەرچاونەگیرێن، ئەمەش بە نەخشەسازییە فۆنۆلۆژییەکان دادەنرێن، کە بەشدارن لە بەها سیمانتیکییەکاندا. ئەوەی ئەم بوارە فراوانە هەم بۆ فۆنۆلۆژی و هەمیش ڕۆڵەکەی لە بەهاپێدانە سیمانتیکییەکاندا دەسازێنێت، بونیادنانەکانن. بەوەی، کە فۆڕمە فۆنەتیکییە جیاوازەکان ئاماژە بە ڕەهەندە سیمانتیکییە جیاوازەکان دەدەن و جارێکیتر لە سەلماندنەوەی جوتکردنە (فۆڕم-واتا)یەکەی بونیادنانە زمانییەکانە، بەڵام ئەمجارەیان لەسەر فۆنیمەکانی زمان و ئەمەیش بە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان دادەنرێت و لە نموونەکانی زمانپژانی منداڵ و جیاوازییە فۆنەتیکییەکانی نێوان زمان و زارەکاندا هێنرانەوە. باشترین نموونەیش بۆ واتاداری و نرخ و بەها سیمانتیکییەکانی فۆنیمەکان، لە ڕێزمانی بونیادناندا، ئەو ڕۆڵ و بەهاپێدانەی ئاخێوەرانە، بە فۆنیمێک یان چەند دانەیەک لە فۆنیمەکانی ناو دەربڕاوەکانیان. بۆنموونە بەشێک لە دووبارەکردنەوە و درێژکردنەوە و هێزخستنەسەر فۆنیمێکی ناو وشە یان ڕستە و دەربڕاوێک، بەها و مەبەستێکی تایبەتی سیمانتیکی بە دەربڕاوەکە دەبەخشێت. وەک لە نموونەکانی (٦)دا خراوەتەڕوو:

٦) ا- هەرگیییییز بڕوای پێناکەمەوە.

ب- زۆۆۆۆۆۆر درۆزنە.

پ- ١- دایک و باوکم لەکوێن؟

٢- ڕۆۆۆۆۆۆشتن/ هەر زووووو ڕۆشتن.

ت- ناسکە خزمێکی دوووور دووورمانە.

چ- ١- ناسا سەلماندویەتی، کە زەوی لە تەقینەوەوە دروستبووە

٢- چیییییی؟!

لەڕاستیدا جەختکردنەوە لەسەر فۆنیمێک (ئیدی بەهێزخستنەسەر بێت یاخود دووبارەکردنەوە، کە ئەمیش هەر لە پێناو هێزدایە، بەڵام هێز و ئەرکێکی دەرەوەی زمانی و جێبەجێکردنی بە کەرەستەیەکی زمانی)، خۆی لە خۆیدا ئاخێوەر، مەبەستێکی تایبەتی لەو بونیادەدا دەگەیەنێت. بۆنموونە لە (٦- ا)دا دووبارەکردنەوە و درێژکردنەوەی [ی]، لە بەشێک لە بڕوا و سەرسامبوونی ئاخێوەری دەربڕی (٦- ا)ەوە هاتووە. بەو واتایەی، کە ئاخێوەر بەهۆی پێواژۆیەکی فۆنۆلۆژییانەوە بونیادنانێکی (جوتکردنی فۆرم [کە لە دووبارەکردنەوە و هێزخستنەسەر و درێژکردنەوەی فۆنیمێکدا نواندوویەتی] - واتا[کە دەیەوێت مەبەستێکی تایبەتی بگەیەنێت]) تایبەتی مەبەستبووە. هەروەها لە (٦- ب)دا، ئاخێوەر بەهۆی درکپێکردنی بە کوالیتیی ڤاوڵەکان (کە ئەگەر سەرنجبدرێت لە نموونەکانی (٦)دا، سەرجەم پێواژۆ درکپێکراوە فۆنۆلۆژییە بونیادنراوەکان، لەسەر ڤاوڵەکان جێبەجێکراون)، بونیادێکی تایبەتی داڕشتووە و /ۆ/ی ناو دەربڕاوەکەی درێژکردووتەوە، کە واتای (زۆر) بۆخۆی لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیدا ئاماژەیە بۆ ڕێژەیەکی زیاد لە چەندجارێک، کەچی لە پێواژۆیەکی فۆنۆلۆژییانەدا، داڕشتەیەکی دیکەی بونیادناوە و مەبەستەکە بە درێژکردنەوەی فۆنیمێک چەند بەرانبەر کراوەتەوە، هەروەک ( Browman & Goldstein, 1986: 221) ڕوونیانکردووەتەوە، کە "لە فۆنۆلۆژیی درکاندندا ئەوە دەخرێتەڕوو، کە قسەکردن چالاکییەکی جوڵەیی بەردەوام و پەیوەندیدارە، کە ئەمەیش لە ڕێکخستنی سیستمی فۆنۆلۆژی و لە قاڵبدانیدا ڕۆڵی هەیە". لە بەردەوامی ئەو جوڵە و چالاکییەدا، لێکچوونی نێوان زمان و ناو زمان و دەرەوەی زمانیش بەپێواژۆ درکپێکراوەکان بونیاددەنرێت. لە (٦- پ)دا، [ۆ] ئەو لێکچوونەی دروستکردووە، بەو واتایەی، کە زمان و ناوەوەی زمان لێکچوون و هاوشێوەییەک لەگەڵ دەرەوەیاندا دروستدەکەن، ئەمەیش بە پێواژۆ بونیادنراوەکانی ئاخێوەران جێبەجێدەبێت. وەک چۆن لە (٦- پ)دا، بەهۆی دووبارەکردنەوە و درێژکردنەوەی [ۆ]وە ئەو لێکچوونە دروستکراوە، بەوەی، کە کاتی ڕۆیشتنەکە لە کاتێکی زۆر پێشتری پرسیارکردنەکەدا ڕوویداوە. هەر بۆیە ئەگەر هاتوو ئەو بوارە درکپێکراوە لەسەر [ۆ] بونیاد نەنرێت، ئەوا وەڵامدەرەوەی پرسیارەکە، ناچارە بەبەکارهێنانی (زۆر)، نمایشی بوارە درکپێکراوەکەی بکات، کە جارێکیتر و بە درێژکردنەوەی [ۆ]ی سەر (زۆر)یش دەتوانێت هەمان لێکچوون و هاوشێوەبوون[١] لەنێوان زمان و ناوەوەی زمان و دونیای دەرەوەیدا دروستبکات. هەمان ئاستی درکپێکراو لە سەر [و]ی وەڵامدەرەوەی هەمان پرسیار دەتوانرێت ببینرێتەوە.

هەروەکچۆن لە (٦- ت)دا و بە سەربارکردنی ئەرکێکی دیکەی نازمانی [و] ڕۆڵی دیاریکردنی پەیوەندیی دوور و نزیکی تۆڕی خزمایەتی دەگێڕێت. بەهەمانشێوە کاتێک گوێگرێکی بڕوادار بە بۆچوونێکی ئاینی

---

١ - سەبارەت بە هاوشێوەبوون لە ڕێزمانی بونیادناندا، بڕوانە پاری سێیەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لا(٦٢ - ٦٨).

(٦- چ) دەبیستێت، بونیادێکی فۆنێمییانە لە پێواژۆیەکی فۆنۆلۆژییانەدا دادەڕێژێت و ڕادەی بیروباوەڕەکەی لە درێژکردنەوەی /ی/دا و ڕێژەی سەرسامبوونی بە بیستنی (٦- چ) دەگەیەنێت.

فۆنۆلۆژی و ناوەڕۆکە فۆنۆلۆژییەکان هەمیشە وەک گەشەکردو و داڕشتەیەکی جوڵاو و بەشدار لە بەهاپێدانە سیمانتیکییەکاندا دادەنرێن. لەمڕوانگەیەشەوە فۆڕمە زمانییەکانیش وەک بەشێکی بەشدار، پێکهێنەرێکی ناوەڕۆک و چوارچێوە چەمکییانەکە(بەچەمککردنەکان)ی ئاخێوەر دەبینرێن. ئەمەیش ڕەخساندنی فراوانترین مەودا و ڕووبەرە بۆ تێگەیشتنمان لە چۆنییەتی درکپێکردن و سروشتی ئۆپەراسیۆنە زمانی و پێواژۆ درکپێکراوەکانی ئاخێوەران، لە دواتریشدا بوارێکی گشتێنراوی هەمەگیر لە لێکۆڵینەوەی زمانیدا دەرەخسێنێت. لەمڕوانگەیەوە نواندنە جیاواز و بونیادنانە فۆنەتیکییە جیاوازەکانی فۆنێمەکان، بە نموونە دەهێنرێنەوە. ئەگەر سەرنج لە /ک/ بدرێت، کە لە چەند بونیادێکی فۆنەتیکییانەدا دەردەکەوێت و تەنها بۆخۆی ڕووبەرێک لە پێواژۆی درکپێکراوی فۆنۆلۆژییانە دەرەخسێنێت. لەسەرێکەوە بونیادنانەکانی پەیوەستن بە هەرکام لە بوارە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی خودی فۆنێمەکەوە و لە سەرێکی دیکەشەوە باشترین نموونەی پێواژۆ درکپێکراوەکانی فۆنێمەکەیە، کە ئەو پەیوەستییەی فۆنێمەکان لە لێکدانەوە باوەکاندا بە کۆپەیوەندییەکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس دانراون و بە زاراوەکانی (مۆرفۆفۆنێم و مۆرفۆفۆنۆسینتاکس...هتد) ئاماژەیانپێدەدرا[١]. بۆ ئەو مەبەستە با سەرنج لە نموونەکانی (٧) بدرێت، کە تێیدا بونیادە جیاوازەکانی /ک/ی تێدا خراوەتەڕوو:

٧) ا- کردار، کاروان، کاوە....

ب- پێکهێنان، یەکگرتوو، یەکێتی، تەکیە...

پ- کێ، کوێ، کوێر، کیوی...

ت- دەنووک، کەرکووک...

هەرکام لە گۆکردن و فۆڕمە فۆنەتیکییەکانی [ک] جۆرێک لە بونیادنانی فۆنێمەکە دەنوێنن، کە دەتوانرێت بەهەموو جۆرە گۆکردنەکان بوترێت: خێزانێکی بونیادنراوی [ک]، کە ئەمەیش خۆی لە پێواژۆیەکی درکپێکراوی بونیادنراوی فۆنێمەکەدا دەبینێتەوە، کە لەیەکەم هەنگاودا و جارێکیتر سەلمێنەری بوون و دروستە سایکۆلۆژییەکەی /ک/ە، بە تەواوی خێزانەکەیەوە لە ئەزمونی ئاخێوەرانی زمانی کوردیدا، کە تەنها توانای گۆکردنی فۆنێمەکە بەو فۆنۆتاکتیکە جیاوازانەیەوە، سەلمێنەری ئەزمونە فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژییەکەی ئاخێوەرانی نموونەکانی (٧)ە. "فۆنێم بە پۆلێک/کاتیگۆرییەکی دەنگەکان دادەنرێت. هەموو ئەو دەنگانەی، کە لە دابەشکارییە باوەکەدا بە ئەلۆفۆن دانراون، دەبن بە

[١]- لێکدانەوەکانی ئەم دیاردانە لە لێکۆڵینەوەکانی پێش ڕێزمانی بونیادناندا لە: **١**- خضر، هاوکار عومەر، ٢٠١٩. **٢**- حەمید، هێرش کەریم، ٢٠١٥. **٣**- ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٢دا دەبینرێنەوە.

ئەندامێکی ئەو پۆل/کاتیگۆرییە". (Nathan G. S., 1986: 216). لە نموونەکانی (٧)دا، /ک/ وەک فۆنیمێک دەبێت بە ڕووتەختێک بۆ هەموو ئەو سەدا و ئاواز و گۆکردنە جیاوازانەی خودی [ک]، کە لە نموونەکانی (٧)دا هاتوون. کەواتە هەر فۆنیمێک وەک بوون و خاوەن ڕاستییەکی سایکۆلۆژیی تایبەت بە کاتیگۆری و پۆلێک لەخۆگری دەنگ دادەنرێت. لەدواتریشدا، کە هەرکام لە دەنگە جیاوازەکان(ئیدی بە هەر هۆکارێکەوەبێت، کە ئاوازی جیاوازیان لەخۆگرتووە)، وەک ئەندامێکی ئەو کاتیگۆری و پۆلە دادەنرێن، کە بەمەبەستی جیاکردنەوە، ئەندامە بنەڕەتییەکەی پۆلەکە(واتە خودی دەنگە بنەڕەتییەکە)، کە لە (٧)دا /ک/ە، لەگەڵ جۆر و گۆکردنە جیاوازەکانیدا بە زاراوەی ئەلۆفۆن گوزارشتی لێکراوە. لێرەوە ئەوە دەخرێتەڕوو، کە "فۆنیمەکان کۆمەڵێک دەنگ و هاوشێوەی فۆنەتیکین". (Bybee J., 2001: 53). یاخود "فۆنیم خێزانێکە لە دەنگە پەیوەندیدارەکان". (Nesset, 33). لەمڕوانگەیەوە سەرجەمی [ک] لە نموونەکانی (٧)دا خێزانێکی یەک فۆنیم (کە بە یەک کاتیگۆری و پۆلی دەنگی دادەنرێت) دەنوێنن، کە وابەستەیشیان لەسەر بنەمای هاوبەشییانە لە خێزانەکەدا. لە ڕێبازی بونیادناندا و بەهۆی ئەم تایبەتێتی و مامەڵە ئەزمونی و کارەکییانەی ئاخێوەر و بەکارهێنەران لەگەڵ فۆنیمەکاندا، هۆکار و سروشتی گەشە و گۆڕانە دەنگییەکانیش، ڕوون و ئاشکرا دەردەکەون و ڕێگەپێدراون. بۆنموونە ئەلۆفۆنەکان بارودۆخە جیاوازەکانی دەوروبەر و بەکارهێنانەکان دەنوێنن. بەهۆی بارودۆخەکانەوە، کۆمەڵێک نموونەی دەنگی لەناو پۆلێکدا(خێزانێکدا)، کەمتر وابەستەی ناوەند(دەنگە بنچینەییەکە) دەبن و لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارەوە(زمانی یان نازمانی)، گەشەدەکەن و وردەوردە وایانلێدێت، کە لە دانەیەکی دیکەی ئەندامی پۆلەکەی خۆی نەچێت. هەندێکجار ئەمەیش بەهۆی بازدانەکانەوە[١] لەنێوان ئاوەز و کلتور و سنور و جوگرافیا و کلتورەکاندا ڕوودەدات. دەشێت بەکارهێنانە بەربڵاوەکەی زمانی ئینگلیزی(بەتایبەت و دیاریکراو سەبارەت بەو فۆنیمانەی، کە لە شێوەزاری سلێمانی نین، لە نموونەی /ث/، /ذ/)، باشترین نموونەی گەشەکردن و بازدانە فۆنیمییەکەی فۆنیمەکان بێت لە زمانی کوردیی شێوەزاری سلێمانیدا، کە لە دواتردا فۆنیمەکانیش وەک میمەیەکی فۆنەتیکی نەگۆڕاو/گۆڕاو لە زماندا وەردەگیرێن و پاشانیش وەک یەکەم قۆناغی بونیادنراو و بەکارهێنراویان لەلایەن ئاخێوەرانی دیکەوە بەکاردەهێنرێتەوە و لەکۆتایدا دەنگێک، کە ئەندامی پۆلی فۆنیمێکە، لە چوارچێوەیەکدا دەردەکەوێت، کە پێشتر تێیدا دەرنەکەوتووە و فۆرمێکی دیکە (مەبەست لە ئاواز و چۆنییەتی گۆکردنیەتی)، لەخۆیدەگرێت و ئەمەیش لە ڕوانینە باوەکەدا بە (ئەلۆفۆن) ئاماژەپێدراوە. بەمشێوەیە بوار و پانتاییەک دەڕەخسێنرێت، کە تێیدا فۆنیمەکان گەشەدەکەن و ڕەوتی ئەم گەشەکردنەیشیان هەر بەهۆی بونیادنانەکانیانەوە بووە و دەبێت، کە ئەمەش پەیوەستە بەچەندان لایەنی دیکەوە. "هەموو جۆرە کاریگەرییەکان لە دروستکردنی هەمەجۆرییەکاندا، وەک: کاریگەریی دەوروبەر، شێوازی قسەکردن، قسەکەری جیاواز، زاری جیاواز،

---

[١]- سەبارەت بە بازدانە کلتوری و ئاوەزی و کۆمەڵایەتییەکان لە زماندا، بڕوانە لا (٣٤ – ٤٠)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

ئەکسێنتی بێگانە..هتد". (Välimaa-Blum, 60). هەموو ئەمانەیش وەک هۆکارە پاڵنەرەکانی دروستکردنی جیاوازییەکان و هێنانەئارای ئەندامە جیاوازەکانی پۆلەکان ڕۆڵدەگێڕن. بەمشێوەیە فۆنەتیکە جیاوازەکانی /ک/، خێزانێک لە بونیادنان دەنوێنن، کە سەرجەمیان وەک پێواژۆیەکی بونیادنراوی فۆنیمەکەن و بەخێزانێک دادەنرێن و جارێکیتر بیرۆکەی گشتاندن لە زماندا دەسەلمێننەوە و پیاندەوترێت: نواندنە فۆنەتیکییەکانی فۆنیم، کە نزیکایەتی فۆنەتیکییانە و فۆنۆلۆژییانە وایلێکردوون، کە بە شێوازە بونیادنراوەکانی فۆنیم ناوببرێن. (هەموو ئەو نواندنە فۆنەتیکییە جیاوازانەی فۆنیمێک، هەموویان لە کۆتایدا ڕێکخراون و هێشتایش لە دەوری یەک ئەندامی بنەڕەتیدا دەخولێنەوە و بەشێوەیەکی کەم یان زۆر/ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بۆ یەک ئەندامی بنەڕەتی[1] دەگەڕێنەوە). (Kristiansen G., 2006: 112). ئەوەی، کە وایکردووە /ک/ بەخێزانێک لە بونیادنان دابنرێت، پێیدەوترێت: پاڵنەرە فۆنەتیکییەکان. هەروەک (Mompean لە Tylor & Littlemore J., 2014:265)دا دەڵێت: "زانستی زمانی درکپێکردن هەمیشە بانگەشەی: پێویستبوونی پاڵنەری فۆنەتیکی لە پێواژۆ و هەژمارە فۆنۆلۆژییەکاندا، بەڕاستی و ڕاستەقینە وەردەگرێت". بەمشێوەیە فۆنەتیک دەبێتە هۆکارێکی پاڵنەر و پێواژۆی فۆنۆلۆژییانە بونیاددەنێت. مەبەستیش لە هۆکاری پاڵنەر، ئەو لایەنانەن، کە شێوەپێدانی جیاواز بە فۆنیمەکان دەبەخشن. ئەمەیش بەو واتایە دێت، کە شێوەپێدان دەوەستێتەسەر هۆکارە پاڵنەرەکان، کە لە بونیادناندا بەهۆی (دارشتەی بڕگە، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمان[کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان]، بنەمای بەکارهێنان، ڕێکخستنە دەنگییەکان لە چوارچێوەکاندا، ئەزمونە بەرجەستەکراوەکان لە بونیادنانە پێشترەکاندا، بوون و دروستیی و دەرکەوتەی سایکۆلۆژی...هتد)، یاخود دوان یان زیاتر لەم هۆکارانە پێکەوە، پێکدەهێنرێت و دێننەبوون. سەرجەمی ئەم لایەنانەیش، وەک هۆکارە فۆنەتیکییەکان بۆ ڕەخساندنی ڕوودانە فۆنۆلۆژییەکان دادەنرێن و دەتوانرێت بە (ڕەخساندنە فۆنەتیکییەکان بۆ ڕوودانە فۆنۆلۆژییەکان) ناوببرێن. "ئەم پێواژۆ فۆنۆلۆژییانە کۆمەڵێک میکانیزمی درکپێکراوی جیهانین". (Kristiansen G., 2006: 114). سەرجەمی ئەم لایەنانە هۆکار و پاڵنەرن لە هەرکام لە: تۆمارکردن، بەپرۆسەدابردن و نواندنەوەی فۆنیم و دیاردە فۆنۆلۆژییەکانیش، کە دەتوانرێت مۆدێلی بنەمایی بەکارهێنان هەموو ئەم بوارانە و لێکدانەوەیان لە زماندا لەخۆبگرێت، چونکە بنەمایی بەکارهێنان، بە پێڕەوێک کاردەکات، کە ئەزمون و بەرکەوتن و مامەڵە پێشترەکان و چۆنییەتی درکپێکردن بە بونیادەکان لەبەرچاودەگرێت و لەسەریان دامەزراوە. "لە مۆدێلەکانی بنەمایی بەکارهێناندا، پاڵنەری بنەڕەتی ئەوەیە، ڕوونیبکەینەوە و ئاشکرایبکەین، کە چۆن ئەزمونی بەکارهێنەرانی زمان لەگەڵ زمانەکەیاندا، کاریگەری لەسەر زمانیان هەیە و لەقاڵب و شێوەیان دەدات".

---

١- کە ئەم بابەتەیشیان لەلایەن یەکێک لە تیۆرییە بنەڕەتییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن، بەناوی (Prototype Theory)یەوە، لێیدەکۆڵرێتەوە. بڕوانە: نەبی، ٢٠١٥: ٦٣-١٤١.

(Occhino, 48-49). لێکدانەوەکانی ڕێزمانی بونیادنانیش لەسەر هەرکام لە پێواژۆ زمانییەکان بێت، لە پێناو ئاشکراکردن و خستنەڕووی چۆنییەتیی بونیادنانی دارِشتەکانە لە هەڵوێستە زمانییەکاندا، کە بێگومان پەیوەندییەکی شێلگیرانەی بە ئەزمون و بەرکەوتنە پێشترەکانی ئاخێوەرانەوە هەیە لەگەڵ زمان و درکپێکردنیاندا و جارێکیتر هەر ئەمانەیش لە بونیادنانەکانیاندا دەنوێنرێنەوە. "ئەو دەنگەی بەربڵاوە و لە زماندا زۆر بەکاردەهێنرێت، زوو وەردەگیرێت، ئەوەیشی کەم بەکاردەهێنرێت، درەنگ وەردەگیرێت". (ئیسماعیل، کارزان خدر و حەمەد، شیروان حسێن، ٢٠٢١: ١١٢)، کە ئەمەش دەبێتە باشترین نموونە و سەلمێنەر و بەڵگەی بەرکەوتنە پێشترەکان و مامەڵە و ئەزمونە کارەکییەکان لەگەڵ فۆنیم و دەنگەکاندا.

لە ڕاستیدا ڕێزمانی بونیادنانیش وەک ڕێبازێکی کردەیی لە زمان و ڕێزماندا، لەسەر ئەو بنەڕەتە دامەزراوە، کە چۆن دەتوانرێت زمان و ڕێزمان لەسەر بنەمای بەکارهێنان لێکبدرێنەوە، ئەمەیش لە کۆتایدا ئەو ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە، کە هەمیشە دەرکردەکان وەک ئەگەریی دابنرێن، تا ئەوکاتەی، کە هاوتاییەک لەنێوان فۆڕم و واتاکاندا دەبینرێتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە فۆنیمەکانی زمان و چۆنییەتی درکپێکردنیان و بەکارهێنانیان دەتوانن چەندین دەرکردەی ئەگەریی بنوێنن. ئێمە کاتێک وشەکان دەبیستین/بەرهەمیاندەهێنین، تەنها مامەڵە لەگەڵ دەنگ و زنجیرە دەنگییەکانیاندا ناکەین، چونکە سەرەڕای ئەوەی، کە مۆرفیم و پۆلی ڕێزمانی و واتایان هەیە، هەرکام لە دەنگەکان خاوەندارییی لە فشار و ئاست و هێز و تۆنی جیاواز دەکەن. ئێمە مامەڵە لەگەڵ سەرجەمی ئەم هۆکارانەدا دەکەین، کە ئەمەیش واتای گشتاندن لە زماندا دەگەیەنێت. دەنگ و سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان، تەنها بەشێکی گشتاندنەکەن. بە واتایەکی دیکە، ئێمە فێری دەنگ نابین، بەڵکو ئەوە مۆرفیمەکانن وەریاندەگرین. کە دەوترێت فێری دەنگ نابین، واتە پێواژۆ فێربوونەکەیش سەرتاپا و بەشێوە سروشتییەکەیشی، بەبێ سەرپەرشتانە ڕوودەدات. بەو واتایەی، کە لە فێربووندا، دەنگەکان لە قاڵب و برگە و مۆرفیمە هاتووەکانیاندا فێردەبین. دواتر هەمان دەنگ لە چەندین بەکارهێنان و دووبارەبوونەوەی دیکەی جیاواز و هەمەجۆردا، گوێمان لێیدەبێت و بە کۆکردنەوەی سەرجەمی بەکارهێنانەکانی ئەو دەنگە، دەتوانرێت وێنا وێنەییەکەی دەنگەکە لە ئاوەزماندا تۆماربکرێت. لەمڕوانگەیەشەوە نواندنە ئاوەزییەکەی فەرهەنگ، دەشێت هەرکام لە زانیاریی پێشبینیکراو و زانیاریی پێشبینینەکراوی لەبارەی دەنگەکان و زنجیرە و قاڵب و ڕیزکردنەکانیان لەخۆیبگرێت. "بەهای هێزی هەر فۆنیمێک، لە کاراکردنی هەموو پەیوەندییە لەبرییە چالاکبووەکانیدا دەردەکەوێت". (قادر و ئەوانیتر، ٢٠١٧: ٣٦٠). دەرکەوتنی هەر فۆنیمێک(لە هەر فۆڕمێکدا)، ئاماژەیەکە بۆ بەشە بونیادییەکەی دیکەی(واتا). بەمشێوەیە لە ڕێزمانی بونیادناندا، فۆنیمەکانیش بەشێک لە بونیادەکانی ئاخێوەرانیان سەرباردەکرێت و جۆرێک لە بونیادنان دەکەوێتە سەرشانیان. "جەمسەرە فۆنۆلۆژییەکان، بەشێکن لە بۆشاییە سیمانتیکییەکان/سەر بە بۆشاییە سیمانتیکییەکانن". (Langacker, 1987: 78). بەمشێوەیە فۆڕمەکانیش(کە فۆنیمەکان پێکیدەهێنن)، لە بونیادەکاندان، نەوەک یەکەیەکی بێواتای زمانبن(بەڵام تەنها و تەنها، کاتێک ئەم بۆچوونە ڕاستدەبێت،

که له گۆشەنیگای بونیادنانەوە لە فۆنیمەکان بڕوانرێت)، بەڵکو ئاخێوەران وەک پێواژۆیەکی چەمکییانە، ئەزمونی دەکەن و بەمشێوەیە دەڵێین: کە دەنگەکانیش بەچەمکدەکرێن. لە ڕاستیدا ئەم سەرنجانە وەک فەلسەفە بنەڕەتییەکەی خودی قوتابخانەکە و هەمیش ڕێزمانی بونیادنان دەردەکەوێت. ئەگەر نا، وەڵامی ئەو پرسیارەی، کە:

- /د/، لە کوێی پێواژۆی بەچەمککردندایە؟ یاخود چ واتایەکی هەیە؟

بەڵام چونکە بونیادنان وەک بەش و پارچەیەکی سەربەخۆ لە هیچکام لە هێما زمانییەکان ناڕوانێت، لەبری ئەمە سەرجەمی زمان(بە تەواوی بونیادەکەیەوە)، وەک پێواژۆیەکی درکپێکراو لێکدەداتەوە، کە بێگومان پێکهێنەرەکانی بونیادەکەیش، هەمان ڕاستی دەیانگرێتەوە. هەربۆیە ئەگەر هاتوو بونیادە زمانییەکان، وەک پێکهاتەی سەربەخۆ و دابڕاو لەیەکتر بناسێنرێن، لە ڕاستیدا ناتوانرێت وەڵامی پرسیارێکی لەچەشنی ئەوەی سەرەوە بدرێتەوە. بەڵام کاتێک، چ فۆنیم و مۆرفیم و تەواوی ڕێزمانیش وەک بونیادنانێکی زمانی دادەنرێن، ئەوکات فۆنیمەکانیش لە دەرکەوتنەکانی خۆیاندا، پێواژۆیەکی چەمکییانە دەنوێنن و وەک بەشێک لە ئەزمونە بەچەمککراوەکەی ئاخێوەران ڕۆڵدەگێڕن. "فۆنیمەکان بریتین لە کاتیگۆرییە چەمکییەکان، کە لە دەنگی هاوشێوەی فۆنەتیکیی پێکهاتوون و خزمەت بە هەمان ئەرکی جیاواز دەکەن". (Nesset, 33). لەم تێگەیشتنەمانەوە بۆ یەکە زمانییەکان، ئاسان دەتوانرێت شرۆڤەی ئەو نەخشەسازییەی نێوان فۆنیم و مۆرفیم و سینتاکس و سیمانتیک و پراگماتیکییەیش بکرێت، کە لە بەچەمککردنە زمانییەکاندا دێنەبوون. بۆنموونە ئەوە چ میکانیزمێکە، کە جیاکاریی دەکات لەنێوان /م/، وەک یەکەیەکی فۆنۆلۆژی و هەمان /م/، وەک یەیەکی مۆرفۆلۆژی(کاتێک وەک جێناوی لکاو/کەسی ڕێکەوتن مامەڵەدەکات)؟ یاخود ئەو /ە/ەی، کە بەچۆنییەتی یان کوالیتی جیاواز لە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا دەردەکەوێت؟ وەڵامی ئەم چەشنە پرسیارانە لە جەمسەرە سیمانتیکییەکەی هێما و بونیادەکاندا دەدرێنەوە. بەمپێیە بونیادنان وەک گشتێک لەنێوان فۆرم-واتای هەموو دەرکەوتن و بەکارهێنانەکاندا شرۆڤەیەکی درکپێکراوی یەکە زمانییەکان دەکات.

بەگشتی ئەم ڕوانینە لە فۆنیمەکان لە مۆدێلە (بنەمایی بەکارهێنان)ەکەی خودی قوتابخانەکە و ڕێزمانی بونیادنانەوە دێت، کە هەم وەرگرتنی فۆنیمەکان و هەمیش بونیادنانەوەیان لەلایەن ئاخێوەرەوە، لەسەر بنەمای ئەم مۆدێلەی بەکارهێنان دەوەستێت. لەمڕوانگەیەوە و بەهۆی کۆکردنەوەی هەموو ئەم بوارە درکپێکراوانە لە فۆنیمەکاندا، دەتوانرێت بوترێت، کە "جەمسەری فۆنۆلۆژییانە زانیاریی دەربارەی تایبەتێتیە پەیپێبراوەکانی تری ئاخاوتنەکان دەگرێتەوە، کە هەرکام لە پێواژۆکانی بیستن و بینین و ئاماژە جوڵەیی و جەستەییەکانیش لەخۆیدەگرێت". (Occhino, 85). سەرجەمی ئەم وردەکارییانە و بوارە پەیپێبراوانەی دیکە لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بەکارهێنانی زماندا دەبینرێنەوە، کە بۆ ئەمەش ڕێزمانی بونیادنان فراوانترین مەودا دەڕەخسێنێت. بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەو مەودا فراوانەی ڕێبازی

بونیادنان بۆ فۆنێمەکانی زمان، با لە نموونەکانی (٨) بڕوانین، کە تێیدا /پ/ وەک چەند داڕشتەیەک نواندنی هەبووە:


٨)ا- پەتاتە، پەمەیی ⟵ $P+^h$

ب- پیاو، پیاز، چەپ ⟵ P

پ- حەب/حەپ ⟵ B/P

ت- پەیوەست، پشت ⟵ $\bar{P}$

لەنموونەکانی (٨)دا، /پ/، وەک خێزانێکی دەنگیی بونیادنراو مامەڵەدەکات و دەنگدانەوە و شێوازی گۆکردنی فۆڕمی جیاواز لەخۆیدەگرێت. بەجۆرێک، کە لە (٨- ا)دا، [پ]ێکی هاوڕێ و ئاوێتە بە دەنگی[h] دەبیسترێت، کەچی لە (٨- ب)دا، گوێمان لە فۆنێمێکی ئاسایی و دەنگێکی سادەی وەک [پ] دەبێت. لە (٨- پ)دا، جیکەوتەیەکی ئازاد بۆ ڕوودانی هەرکام لە دەنگەکانی /ب، پ/ هەیە. هەربۆیە بە (B یان P) ئاماژەپێیدراوە. لە (٨- ت)دا، هێزێکی زیاتر بە بەراورد بە فۆنێمەکانی دیکە خراوەتەسەر دەنگی [پ] و ئەمەیش ئاوازێکی جیاوازتری بە دەنگی [پ] بەخشیوە. لە هێڵکاریی (١)دا، فۆنێمی /پ/ و بونیادنانە جیاوازەکانی لە هاتووەکانی (٨)دا دەکێشرێت.




**هێڵکاریی (١)**

**/پ/ و بونیادنانە جیاوازەکانی**

ئاخێوەر و گوێگری زمانی کوردی بەڕوونی هەست بەوە دەکەن، کە [پ] لە نموونەکانی (٨)دا، خاوەن دەنگ و دەرکردەی جیاوازە. بەمشێوەیە هەموو وشەکانی (٨) هەمان فۆنێمیان لەخۆگرتووە، بەڵام لە ڕێکخستنێکی زنجیرەیی جیاوازدا، دەنگی جیاوازی بونیادناوە. بەمشێوەیە سەرەڕای بوارە ئەرکی و واتاییەکەی، فۆنێمەکانی ناو ڕێزمانی بونیادنان، کە لە پێشتردا خرایەڕوو، هەر لە ناو خودی فۆڕمی فۆنێمەکاندا، چەمکاندن و بونیادنانی جیاوازی دیکەیش دەنوێنرێت. وەک ئەو چەمکاندنە جیاوازانەی، کە [پ] لە نموونەکانی (٨) دا دەینوێنێت و جارێکیدیکە سەلماندنەوەی (فۆرم، وەک بەشێک لە چەمک)ە لە زانستی زمانی درکپێکردن و لەڕێی ڕێزمانی بونیادنانەوە. هەربۆیە ڕێزمانی بونیادنان ئەو مەودایەی ڕەخساندووە، کە "کۆمەڵێک گۆکردن و جۆرایەتی گوتنی جیاوازی وشەیەک هەروەک هەمان وشە بناسین". (Blum, 54). با گۆکردنەکەی و (بەهۆی گۆکردنە جیاوازەکەیشییەوە، ئەرکەکەیشی جیاوازبێت)، چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕیزبەندی و سروشتی زنجیرەیی و تایبەتێتییە دەنگییەکانی ناو وشەکە،

هەرجارە و لەویدیکە جیاوازتربێت. لە گۆکردن و مامەڵە تایبەتییەکانی ئاخێوەری کورددا لەگەڵ وشەی (Culture)دا، بەڕوونی هەست بەم چەند گۆکردنە جیاوازەی وشەکە دەکرێت، کە بەشێوە هاتووەکانی لە (٩)دا دەردەبڕدرێت:

٩)- کلتور، کەلتور، کولتور، کەڵچەر، کەڵچە...

سەرەڕای گۆکردن و دەربڕینە جیاوازەکانی (Culture)، بەڵام هێشتایش دەتوانین وەک هەمان وشە بیناسینەوە. تەنانەت ئەگەر جیاوازی و پلەبەندیش بخاتە نێوان دەربڕ و بێژەری هەرکام لە هاتووەکانی (٩)، هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە سروشتی دەنگ و چۆنییەتی گۆکردنەکانی هەرچۆن بێت، هەر بۆ یەک وشە دەگەڕێتەوە. "ئەمە ڕاستییەکی بنەڕەتییە لە فۆنۆلۆژیدا: دەنگەکانی ناو وشەکان، نەگۆڕ نین". (سەرچاوەی پێشوو، ٥٤). ناجێگیریی و گۆڕاویی فۆنۆلۆژی، جارێکیتر ئاماژە بەڕەهەندە بونیادنراوە درکپێکراوەکە دەکاتەوە، کە سەرچاوەی بونیادنانەکەیش، بەکارهێنان و بونیادنانی تایبەتی و مەبەستداریی بەکارهێنانەکانە لە سەرشانی فۆنۆلۆژی و فۆنیمەکانی زمان. بۆ سەلماندنی ئەمەیش، زۆر ئاسانە، کە سەرنج لەوە بدەین، دەنگەکانی زمان هەمیشە لە دەوروبەر و چوارچێوەی واتاداردا وەردەگرین و لەناو وشەکانەوە دێن. بە واتایەکی دیکە، دەنگەکان چ لە فۆنۆلۆژیدا بێت، یان فۆڕمە فۆنەتیکییە جیاوازەکانیشی، هەمیشە لە ڕوانگە و پەیوەست بە سیمانتیکی فۆنیمەکانەوە، وەردەگیرێن. هیچکات لە چوارچێوەیەکی بێ واتا و خۆیان بەتەنهاوە نایەن و سەرچاوە ناگرن. هەر بۆیە ئەوەی، کە دەیبیستین و گوێمان لێیدەبێت، تەواو هاوشێوەی ڕاستین، یاخود خۆمانین، هاوشێوەی ڕاستییان دەکەین. بۆنموونە ڕاستی، کە یەکسانە بە ئەرک و کردە و بەکارهێنان، بۆ منداڵێک بە بەراورد بە ژن، پیاو، بەتەمەنێک، جیاوازە، مامەڵەکردن لەگەڵ فۆڕمەکەیش، هەر جیاوازدەبێت. هاوشێوەبوونە ڕاستییەکە لە فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکەوە تاوەکو چوارچێوە سیمانتیکییەکان، بەهەندوەردەگیرێت. بەمشێوەیە دەنگەکانیش نوێنەرایەتی ڕاستییە دەروونی و چوارچێوە جیاوازەکان دەکەن. بە کورتی لە فۆنۆلۆژیدا دوو ئەرکمان هەیە: ١- دەمانەوێت بزانین، کە ڕۆڵی دەنگەکان لە بەخشینی واتادا چییە؟ هەروەها ٢- چۆن دەنگەکان لە قسەکردندا بەکاردەهێنرێن؟ بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکی یەکەم. بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی بونیادنان لە لێکدانەوە فۆنۆلۆژییەکاندا بە ئاسانی دەتوانرێت وەڵامی هەردوو پرسیار و ئەرکە فۆنیمی و فۆنۆلۆژییەکان بدرێتەوە. هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لێکدانەوەکان پەیوەستی چەندین لایەنی دیکە دەکرێن و سەرجەمیان ڕۆڵیان لە بەهاداری و پڕواتایی فۆنیمەکاندا دەبێت. بۆنموونە ڕەهەندە سایکۆلۆژییەکەی فۆنیمەکان، هەمەجۆرییە زمانییەکان بەهۆی فۆنیمەکانەوە، بوارە کارەکییەکەی وەرگرتنی فۆنیمەکان بۆ منداڵان لە پێواژۆی فێربوونی زماندا، پەیوەستی و پەیوەندیداری فۆنیمەکان بەو قاڵب و چوارچێوە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەی، کە تێیدا هاتوون. ئەمانە سەرجەمیان دەبنە هۆکار و پاڵنەرەکانی ڕۆڵی دەنگ و فۆنیمەکان لە سیمانتیکدا و

هەروەها چۆنییەتی بەکاربردنیشیان لە چوارچێوەکاندا ڕووندەکەنەوە. لەنموونەیەکی سادەی ئاڵوگۆڕ و جێگرتنەوەی دەنگەکان بە یەکتر لە مۆرفێم و وشەکاندا، بە ڕوونی هەست بە جێبەجێکردنی ئەرکی یەکەمی فۆنێم و فۆنۆلۆژی لە بەخشینی واتادا دەکرێت. نموونەکانی (١٠) بۆ ئەم ئەرکەی فۆنێمەکان هێنراونەتەوە:

١٠) ا- کەڕ≈کەر≈کەژ≈کەش≈کەف≈کەل≈کەڵ≈کەم≈کەو≈کەس

ب- ئاست≈ئاسک≈ئاسن≈ئاسا≈ئاسۆ

پ- دار≈شار≈کار≈هار≈لار≈مار≈زار

ت- ژێر≈ژوور≈ژیر

هەرکام لە فۆنێمەکان لە (١٠)دا، ڕۆڵێکی دیاریکراو و ڕوون دەنوێنن لە بەخشینی واتای هەرکام لە وشەکاندا. بۆنموونە ئەگەر لە (کەر)ی (١٠- ا)دا، /ک/ بگۆڕرێت بە /س/، ئەوکات بونیادنان(جوتکردنی فۆرم-واتا)یەکی دیکەمان دەستدەکەوێت. بەهەمانشێوە و بەگۆڕینی فۆنێمی دووەم لە /ە/ەوە بۆ /ا/، کە (کار) بونیاددەنێت؛ هەست بە بەخشین و ڕۆڵە واتاییەکەی فۆنێمەکان دەکرێت. هەر بەوجۆرەیش ئەگەر فۆنێمی کۆتایی بگۆڕرێت بە /ژ/، بونیادێکی وەک (کەژ) دادەڕێژرێت. هەروەها چۆنییەتی بەکاربردنی ئەو دەنگانەیش لە قاڵبە بڕگەییەکان و لە شێوەزارێکی دیاریکراوی وەک (سلێمانی)دا، ئاماژە بە چۆنییەتی بەکارهێنان و بەکارەکیکردنی دەنگەکان لە ئاخاوتن و قسەکانماندا دەدات. خودی فۆنێمەکان بۆخۆیان بەتەنها و وەک یەکەیەکی ئایدیایی خاوەنداری لەم ئەرک و ڕۆڵە زمانییانەیان ناکەن. بیرکردنەوە بە پێچەوانەی ئەو ڕوانگەیەی سەرەوە، وەڵامی ئەو پرسیارەیشمان دەداتەوە، کە: منداڵ چۆن فێری جیاوازییە دەنگییەکانی یەک پۆل دەبێت؟ ئایا تەنها لەسەر بنەمای بەڵگەکان لە خودی دەنگەکانەوە، دەتوانرێت وەڵامی ئەو پرسیارە و خودی ئاگاییەکەی سەبارەت بە ئەندامە جیاوازەکانی یەک پۆلی فۆنێمی دەستبکەوێت؟ بێگومان نەخێر. وەڵامی ئەو پرسیارە لە فۆنۆلۆژیی بونیادناندا بەمجۆرەیە:

دەنگەکان هەمیشە لە چوارچێوەی فۆنەتیکی، سیمانتیکی، ڕێزمانی و بارودۆخی تایبەتدا ڕوودەدەن و ئەم ڕوودانە فرەلایەن و دەرکەوتنە هەمەجۆرانەی فۆنێمێک، بەئەندامەکانی پۆلەکەیشییەوە، هاوکار و هۆکار دەبن لە دروستبوونی پۆلە فۆنێمییەکان و فێربوونیشیان لەلایەن منداڵانەوە. لەبەرئەوەی، کە هەمیشە سەرجەمی پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان دەبەسترێنەوە بە بنەما بەکارهێنانەکانیانەوە؛ بۆیە وەرگرتن و فێربوونیان لەلایەن منداڵانەوە ئاسانتر و بەردەستتر دەکات. بەمشێوەیە و پاش ئەزمونکردنێکی ئاڵۆز و بەردەوامی منداڵ بەم ڕاستییە بونیادنراوەی فۆنێمەکان و ناچاربوونی بە دەستکاریکردنی فۆنێمەکان لە بارودۆخ و قاڵبە بڕگەیی و ڕوودانە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکاندا، دەیگەیەنێتە بەرجەستەکردنی پۆلی فۆنێمەکان. هەموو ئەمانە جارێکیدیکە ئەو ڕاستییە دەسەلمێننەوە، کە

ئەنجامەکان/دەرکردەکان/بەکارهێنانەکان، هۆکارن لە دروستبوون و خۆگرتنی پۆلەکاندا، چونکە لە مێشکی ئاخێوەراندا هەمیشە فۆنیمەکان سەر بە مۆرفیمەکانن و تیایاندا ڕوودەدەن، ئەمەیش هۆکارە لە لەدایکبوونی ئەلۆفۆن و ئەندامی پۆلەکاندا و فێربوونەکەیش لەلای منداڵ بەگشت دەکات. لەکاتێکدا و بەهۆی بونیادنانیانەوە، پێواژۆیەکی درکپێکراوی فۆنۆلۆژییانە لە ڕێزمانی بونیادناندا دەنوێنن. لەمڕوانگانەوە و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بوارە درکپێکراوەی، کە فۆنیمەکان لە بونیادناندا دەینوێنن، لە ڕێزمانی بونیادناندا بەمجۆرە پێناسەی فۆنیم دەکرێت:

"فۆنیم بە سەنتەربووی شاوەچەیەکە، پۆلێکی کراوەیە بۆ دەنگە هاوشێوە فۆنەتیکییەکان، کە هەموویان خزمەت بە هەمان ئەرکی جیاوازی دەکەن". (سەرچاوەی پێشوو، ٥٧). بەمشێوەیە فۆنیمەکان وەک دروستکەری جیاوازی، هەرکامیان شاوەچەیەکن لە سەنتەری پۆلێک لە دەنگی هاوشێوەدا، هەم خودی فۆنیمەکان بۆخۆیان لە چوارچێوەیەکی فراوان و بێکۆتایدا جیاوازی سیمانتیکی دەنوێنن، هەمیش ئەلۆفۆن و دەنگە هاوشێوە فۆنەتیکییەکانیان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و سنورداردا، جیاوازیی دیکە دەنوێنن. هەروەک پێشتریش فۆنیمەکان بە چوارچێوە_ئازاد و ئەلۆفۆنەکان بە چوارچێوە_دیاریکراو پێشکەشکران.

لە دابەشکردنی ئەندامە ناسەنتەرییەکانی دیکەی پۆلەکەیش لە ڕیزبەندییەکەدا و بە مەبەستی دانانیان لە سەنتەرەوە تا جەمسەرەکان، بەهەمانشێوە پشت بە زەمینەی واتاسازی دەبەسترێت، کە ئایا ئەو ئەندامانە تا چەندە ئەگەری ڕوودانیان هەیە و لە کۆتایشدا لە ڕوودانی هاتن و دروستکردنی جیاوازیی واتایی دەکەون. بەمەبەستی ئەزمونبەندکردن و ڕیزکردنی ئەندامەکان لەنێوان (/س/، /ز/، /ص/، /ذ/) و پاشان لە نێوان ڕوودانی هەرکام [س]، [ز]، [ض]دا نموونەکانی (١١) و (١٢) و هێڵکاری (٢) دەهێنرێنەوە:

١١) ا- دەستگیر≈ دەزگیر، دەستگیران≈ دەزگیران، دەستگا≈ دەزگا..


ب- سابون≈ صابون، سەگ≈ صەگ، سەد≈ صەد...

پ- سەوز≈ صەوز، دابەزین≈ دابەضین...


ت- /ذ/، ڕوودانی نییە.

١٢) ا- سەوزە≈ صەوضە...

ب- دابەزین≈ دابەضین...




ئەندامەکانی پۆلی /س/، کە لە (١١)دا خراونەتەڕوو




ئەندامەکانی پۆلی /س/، کە لە (١١)دا خراونەتەڕوو

## هێڵکاریی (٢)
## ئەندامە هاوپۆلەکانی خێزانە فۆنیمێک

لە نموونەکانی (١١)دا، /س/ سەنتەر و شاوەچەی هەموو دەنگە هاوشێوە فۆنەتیکییەکانی دیکەی وەک ([ز] و [ص])ە و لە سەنتەردا دادەنرێت و هاوشێوەکانی دیکەی لە ڕیزبەندییەکەدا دادەنرێن؛ بەڵام بەهۆی بلۆککردنە سیمانتیکییەکەوە، ڕێگە بە ڕوودانی [ذ] نادرێت، کە لە ڕیزبەندییەکەدا دابنرێت و دوورترین خاڵ لە ڕیزبەندییەکەدا دەگرێت و ئەمەیش بەو واتایەی، کە تاوەکو ئێستا ئەندامێک نییە لەو پۆلەی، کە /س/ سەنتەریەتی. بەهەمانشێوە لە (١٢)دا، [س] جارێکیدیکە هێنراوەتەوە و ئەمجارەیان نزیکترین دانە لە سەنتەرەوە(بێگومان لە ڕوانگەی ئەو نموونانەی، کە هێنراونەتەوە؛ چونکە ئەمە بڕیاردانی کۆتایی و یەکلایکەرەوە نییە، کە هەمیشە بەمجۆرە و نەگۆڕبێت، بەڵکو نزیکی و دووریی ئەندامە هاوشێوەکان لە سەنتەرەوە، کەوتووەتە سەر چۆنییەتی و چییەتی درکپێکراوی بونیادنراویان)، [ص] دەبێت. هەروەها /ز/یش وەک سەنتەری پۆلێکی دیکە، کە [ض] دەبێت بە نزیکترین دانە و ئەندام لە سەنتەرەکەوە. بەمشێوەیە ئەندامە جیاوازەکان بەشێوەیەکی گشتی، هەم دەوروبەری جیاوازی ڕوودانیان هەیە، هەمیش ئەو دەوروبەرە جیاوازە دەخوازن، تاوەکو تێیاندا دەربکەون. سەرەڕای هەموو ئەمانەیش، هێشتا وەک هەمان دەنگ ئەزموندەکرێن و بنەمای فێربوونە نوسینەکییەکانیش بۆ ئاخێوەرانی ڕەسەنی زمانەکە، هەر لەسەر دەنگە سەنتەرەکە دەبێت. هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاوەچەی ناو خێزانە فۆنیمییەکەیە پێکیدەهێنێت.

هەموو ئەمانەیش پەیوەستدەبنەوە بە خودی بواری درکپێکراوی ئاخێوەرانەوە، بەوەی، کە هەم زانیاریی دەربارەی فۆنیمەکە/فۆنیمەکان هەیە و هەمیش زانیاریی دەربارەی ڕوودان و هاتنە جیاوازەکانی یەک فۆنیم دەبێت. بەو واتایەی، کە ئاخێوەری کورد، زانیاریی بنچینەیی دەربارەی /س/ هەیە و ئەوەش دەزانێت، کە هەرکام لە [ز] و [ص] لە چوارچێوەی دیاریکراودا ڕوویانداوە و هاتن و دەرکەوتنە جیاوازەکانی /س/ن و هەموو ڕوودانەکانی پۆلێک وەک هەمان فۆنیم دیاریی و دەستنیشاندەکات، کە سەرەڕای کاریگەریی بیستراوە جیاوازەکان، بەڵام هەمان بەهای فۆنیمییان هەیە.

هەر بۆیە لەم باسکردنەیشدا، دەتوانرێت جارێکیدیکە مەوداکانی (چوارچێوە_ئازاد) و (چوارچێوە_دیاریکراو)، بە مەبەستی دیاریکردنی ئەندامە سەنتەریی و شاوەچەکانی فۆنێمەکان و ئەندامە هاوپۆلەکانی خێزانە فۆنێمییەکانیش، دەستنیشانبکرێنەوە. ئەمەیش لەو ڕوانگەیەوەی، کە هەر ئەندامێک، چوارچێوەیەکی ئازاد و کراوەی لەخۆیگرتبوو، هەروەها ئامادەی وەرگرتنی هەر ئەندامێک بوو، کە لە بارودۆخ و بونیادنانە جیاوازەکاندا ببێت بە ئەندامێکی خێزانەکە، ئەوا بە فۆنێمی سەنتەر دادەنرێت، لە کاتێکدا ئەگەر ئەندامێکی دیکە تەنها لە چوارچێوەیەکدا بەکاردەهات و ئەمەیش وایدەکرد، کە مەودا و بواری بەکارهێنان و بونیادنانەکەی دیاریکراو و نائازاد و سنورداربێت، ئەوا تەنها وەک ئەندامێکی بونیادنراوی تایبەتی و بارودۆخێکی دیاریکراوی خێزانەکە دادەنرێت. بەمشێوەیە و لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییە درکپێکراوانە، فۆنۆلۆژیش ناتوانێت وەک مۆدێلێکی سەربەخۆ لە زمان و ڕێزماندا دەربکەوێت و ئەمیش دەبێتەوە بە یەکێک لە بوارەکانی سەلماندنەوەی ناسەربەخۆیی سەرجەم پێواژۆ زمانییەکان.

## ٢/٢) پێواژۆ درکپێکراوە مۆرفۆلۆژییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا

کاتێک، کە فۆنێمەکان بە خاسیەتە بونیادییەکانیانەوە(بڕوانە ١/٢)، لە دارِشتە مۆرفۆلۆژییەکاندا ڕوودەدەن، هەمان تایبەتێتیی بونیادی بە مۆرفێم و قاڵبە هاتووەکانیان دەدەن. لەم ڕەهەندەوە مۆرفۆلۆژیی بونیادنانیش وەک ڕووتەختێک بۆ ڕوودانە بونیادییەکەی مۆرفێمەکان و هەموو ئەو هێمایانەی دیکەی، کە وەک گشتێک لە نێوان فۆنێم و ڕستەکاندا ڕۆڵدەگێڕن، دەردەکەوێت. لێکدانەوە زمانییەکان لە گۆشەنیگای بەکارهێنانەوە، پلەیەکی بەرزتر بەو یەکە و هێما زمانییانە دەدات، کە تایبەتێتیی وردتر و دیاریکراوتر بە باری بەکارهێنان دەبەخشن. لەم ڕوانگەیەوە مۆرفێم و وشە و بوارە مۆرفۆلۆژییەکەی زمانەکانیش، هەمان تایبەتێتی دیاریکراو و ورد لە بەکارهێنان و مامەڵە مۆرفۆلۆژییەکاندا دەنوێنن. لەم پارەدا هەوڵدەدرێت، کە دەربارەی بوارە بونیادییەکەی یەکە و هێما مۆرفۆلۆژییەکان(بە هەموو دارِشتە و دەرکەوتنەکانیانەوە)، چ مۆرفێمە بەندەکان، سەربەخۆ یان بنەمای بەکارهێنانی هەموو ئەمانە پێکەوە، کە لە دارِشتە لێکدراوییەکاندا دەردەکەون، لە ڕوانگەی بونیادییانەوە بخرێنەڕوو.

### ٢/٢-١) پێواژۆ دارِێژراوەکانی مۆرفۆلۆژیی بونیادنان لە زمانی کوردییدا

مۆرفۆلۆژیی بونیادنان، پانتاییەکی فراوان لە ڕێزمانی بونیادناندا دادەپۆشێت و هەموو ئەو کردە و چالاکییە مۆرفۆلۆژییانەی لە بەکارهێناندا دێنەبوون، بە پێواژۆ مۆرفۆلۆژییە بونیادنراوەکەی زمان دەناسرێن. بۆنموونە دارِشتەی مۆرفۆلۆژیی وشەکان، کە خۆی لە تێکەڵکردنی مۆرفێمەکاندا دەبینێتەوە، هیچکات ناتوانرێت بە دابڕاو لە دارِشتە سیمانتیکی و بەکارهێنانییەکەی، گریمانەیش بکرێت. ئەگەر نا،

ئاماژە بە ئاستێکی درکپێکراوی لاوازی ئاخێوەران لە زمانەکەیاندا دەکات. لە کاتێکدا و یەکەم هەنگاو، کە گیانی بەرهەمداری بە مۆرفۆلۆژی(واتە سەرجەمی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان) دەبەخشێت، هەمان توانستی درکپێکراوی ئەزمونکراوی ئاخێوەرانە لە زمانەکەیاندا. هەم ئەم بوارەیشە، کە وایکردووە ئاخێوەرانی کوردزمان مۆرفێمی (-خانە[ بەچاوپۆشین لە سەرنجە ئیتیمۆلۆژییەکەی ئەم مۆرفێمە])، لەسەر هەرکام لە نموونەکانی (١٣)دا بەکاربهێنێت:

١٣)- کتێب، چا، قاحبە، چاپ، شێت، نەخۆش،

کەچی بە پێواژۆیەکی بونیادنراوی درکپێکراو دانانرێت، ئەگەر لەسەر هەرکام لە نموونەکانی (١٤) بەکاربهێنرێت:

١٤)- دەفتەر، مەساج، مۆبایل، کۆمپیوتەر، مریشک،

کە مۆرفێم و وشەکان لەسەر بنەمای (فۆڕم_بەکارهێنان)یان لێکدرانەوە(وەک ئەو نموونانەی سەرەوە)، ئیدی ناتوانرێت هێڵی دیار و جیاکەرەوە لەنێوان (فەرهەنگ) لە لایەکی هێڵەکە و (ڕێزمان) لە لاکەی دیکەوە بکێشرێت، لەمەیش زیاتر "هیچ دابەشبوونێکی بنەڕەتی لەنێوان فەرهەنگ و یاساکاندا نییە". (Goldberg, A., and Jackendoff, R., 2004: 532). نموونەکانی (١٣)، تەنها ئاماژە بە یاساکانیان ناکەن و هەر بەهۆی ئەمان(واتە یاساکان)ەوە بە ڕێگەپێدراو و دروست دانرابن، بەڵکو ئاماژە بە بونیادنانەکانیان دەکەن، هەربۆیە زاراوەی بونیادنان زیاتر لە پەیوەندییەک دەنوێنێت. بۆنموونە پەیوەندییەکانی نێوان (فەرهەنگ-ڕێزمان، ڕێزمان-درکپێکردن، پەیوەندیی یەکە هێمایییەکانی لەچەشنی فۆنێم و مۆرفێم و سینتاکس، هەموو ئەمانەیش بەردەوام بە بوارە سیمانتیکییەکانیانەوە). بە دەربڕینێکی دیکە، یاسای داڕشتنی (*دەفتەر+خانە)، هیچ جیاوازییەکی نییە لە هەمان یاسا، کە (کتێبخانە)ی لێداڕێژراوە، کەچی بونیادنان یەکەمیانی بلۆککردووە و ڕێگەی بە دووەمیان داوە، چونکە (کتێبخانە)، کۆپەیوەندییەکانی پاراستووە. لەسەر ئەم بنەمایەیە، کە (Langacker, R., 1987: 57)، "ڕێزمان وەک کۆزانیاریی بەکارهێنەری زمان" دەناسێنێت. لە ڕوانگەی ئەم سەرنجانەی مۆرفۆلۆژیی بونیادنانەوە، هەرکام لە چەمکەکانی (وشە) و (یەکەی فەرهەنگی) دێنە ناوەوە، کە پێویستە ئەوە بخرێتەڕوو، هیچکات (وشەکان) هاوتانین بە یەکە فەرهەنگییەکان. هەموو وشەکان بۆ خۆشیان یەکەی فەرهەنگین، لە کاتێکدا یەکەی فەرهەنگی ناتوانن وشەی مۆرفۆلۆژی بن، چونکە چەمکی وشە لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا بە تەواوەتی فۆڕماڵ و بەستراوەیە بە بونیادنانەوە و لەو ڕوانینەوە بە یەکەی مۆرفۆلۆژی دادەنرێن. لە کاتێکدا یەکە فەرهەنگییەکان (وەک لە دابەشکارییە باوەکاندا ئاماژەیانپێکراوە)، یەکەی ئازاد و نابونیادین. بەو

واتایەی، یەکە فەرهەنگییەکان بە ($X^0$) دادەنرێن. مەبەستیش لە ($X^0$)، یەکە و هێمایەکی ئازادە، کە خاڵییە لە هەر بەکارهێنان و بونیادنانێک[١].

"پاشگرەکان هەڵگری ناوی پۆلێکی وشەیی دیاریکراو نین، هەر بۆیە ناتوانرێت لە فەرهەنگەوە، پەیوەندییان بە لێکسیمە سەربەخۆکانەوە هەبێت. پاشگرەکان، واتای وشەیی و ئاسایی خۆیان نییە و نادەن بە دەستەوە، بەڵام لە بونیادنانە مۆرفۆلۆژییەکاندا، واتای بونیادیی دەگەیەنن". (Boiij لە Alfaro, A. F, و هاوکارانی، ٢٠١٢: ١١٢). بۆنموونە گەیاندنی واتای (چڕێتی/جوانیی/بەرزیی/....هتدیەکی زیاتر)، بەهۆی /–تر/ و /–ترین/ی سەر ئاوەڵناوەکانەوە لە (تۆخترین، ناسکتر، درێژترین...)دا، کە خودی پاشگرەکان، واتایەکی بونیادی و گەیاندنی بونیادێکی تایبەت دەسازێنن، کە ئاخێوەر مەبەستییەتی.

هەربۆیە (کەباب) وەک یەکەیەکی فەرهەنگی، یەکسان و هاوتانییە بە (کەباب)ی وشەیەکی مۆرفۆلۆژیی وەک (کەبابخانە)، کە وەک بونیادنانێک ئاماژە بە بەکارهێنانێکی فراوانتری وشەکە دەکات. هەر بەو شێوەیەیش (ئاسن)، هاوتا و یەکسان نییە بە (ئاسن)ی دارِشتەی (ئاسنگەر). جیاوازییەکەی نێوان وشە مۆرفۆلۆژییەکان و یەکەی فەرهەنگیش، هەر لە گۆشەنیگای بونیادنانەوە دەبێت. ئاخێوەران لە بەکارهێنانی زمانیاندا پەیڕەویی لە یەک یاسای جێگیر و فێربوو و هەڵگیراوی تۆمارکراو ناکەن. ئەوان کاتێک زمان بەکاردەهێنن و دەتوانن گوزارشت لە هەر بارودۆخێک، یاخود پیواژۆی داهێنان لە وردەکارییە زمانییەکانیاندا (بۆنموونە مۆرفۆلۆژی) بکەن. بۆ ئەمەش تەنها پشت بە یاسایەکی دیاریکراو لە شێوەی بەکارهێنانەوەی چەندجارەی وەک ئانالۆژی(لە لێکدانەوە باوەکاندا)، نابەستن، لەبری ئەمە بارودۆخەکان لەگەڵ فۆرمە زمانییەکاندا ئاوێتە دەکەن. لە کاتێکدا ئەمەش هەر ئەو بیرەیە، کە ڕێزمانی بونیادنانی لەسەر دامەزراوە و لەسەرجەمی وردەکارییە زمانییەکاندا، پەیڕەوی لێدەکرێت. لەبری ئەمە ئاخێوەر وێنای وێنەییەکی ئەبستراکت هەڵدەگرن. لەڕاستیدا و لە پێواژۆکانی فێربوونی زمانیشدا(بەتایبەت پەیوەست بە مۆرفێم/وشەکانەوە)، منداڵ هەر پەیڕەویی لە نەخشەی ئەبستراکت دەکات. منداڵ لە سەرەتادا و لە بواری سیمانتیکیدا فێری یەک ئاماژەی وشەیەک دەبێت. بۆنموونە (چۆلەکە). لەبەرئەوەیشی، کە منداڵ بە تاک مۆرفێم ، زمانی دەپژێت. لە سەرەتادا وشەیەکی لە یەک ئاماژەی دیاریکراوەوە وەرگرتووە و ئەزمونکردووە. بۆنموونە چۆلەکەیەکی پلاستیکی یان ئەنیمەیشنی لە تەلەفزیۆن یاخود لە مۆبایلێکدا، یاخود بەهۆی وێنەی چۆلەکەیەکەوە لە سەر دیواری ژوورەکەی یان سەرینی خەوەکەی، بەڵام لە شوێنێکی جیاوازی هەرکام لەمانە، منداڵەکە ئەبستراکتێک/بۆشاییەکی ئاوەزیی دروستدەکات، کە هەموو چۆلەکەکان بگرێتەوە. ئەگەر تەواو لەو چۆلەکەیەیش جیاوازبێت، کە یەکەمجار ئاماژەبەندییەکەی وەرگرتووە، تەنانەت چۆلەکەیەکی زیندویش بێت. سەرەڕای ئەوەی

---

[١] – سەبارەت بەم سەرنجە لە یەکە زمانییەکان لە فەرهەنگدا، بڕوانە: **١**– محەمەد، بژوێن یەحیا، ٢٠٢١. **٢**– مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠٢٠: ٥٧–٧٩. **٣**– سەعید، محەمەد مەجید، ٢٠١٥.

دەشێت ئەندامەکان تەواو جیاواز لە یەکتری دەربکەون، بەڵام ئەبستراکتەکە پۆلێنبەندییەکی ئاوەزیی دروستدەکات. لە ناو پۆلێنبەندییەکەدا، شاوەچەی بەسەنتەربوو هەیە(کە لە ڕاستیدا چۆلەکە زیندووەکەیە و بۆ منداڵەکەیش ئەو یەکەم چۆلەکەیەیە، کە ئاماژەبەندییەکەی بۆ دروستکردووە). بەڵام پۆلێنبەندییە ئاوەزییەکە لە نموونەی بێشوماری چۆلەکە پێکهاتووە، کە دەشێت هەندێکیان نموونەیتر و باشترین و هەندێکی دیکەیان پەراوێز و دوورە سەنتەربن. لەم نموونەیەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە بەبێ بۆشاییەکی ئەبستراکتی/نەخشەیەکی ئەبستراکتی چەمکێک نەدەبوو، کە هاوتا و مەودایەک بۆ چۆلەکە و سەرجەم ڕوودانەکانی برەخسێنێت. ئەگەر نا، لەبری ئەمە، هەموو فڕیوەکان بەشێک دەبوون لە چەمکەکە و جیانەدەکرانەوە، نەک هەر ئەمە، بەڵکو ڕەنگە چۆلەکەکان بە هاوتای هەر شتێکی دیکەی (گیاندار، مرۆڤ، گوڵ، بەرد) پۆلێنبکرانایە. لە کاتێکدا و بەهۆی نەخشەی ئەبستراکتەوە، منداڵەکە بڕێکی بێشوماری چۆلەکە لە یادگەی درێژخایەنی خۆیدا هەڵدەگرێت. بەمشێوەیە فێربوونەکانی دەستپێدەکات و درێژەپێدەدات، کە ئەمەیش لەسەر بنەمای (ئەبستراکتکردن) دەبێت[١]. تاوەکو هەندێک جۆری بوون بە چۆلەکە بزانێت و بناسێتەوە. ئەمەیش بەو واتایە دێت، کە لە کۆتایدا پێواژۆی بونیادنان جێبەجێدەکات، کە فۆڕمەکان لەگەڵ نەخشە ئەبستراکتەکاندا(هەموو هاتووەکان و ئەندامەکان و واتاکانی ناو نەخشەکە)، جوتدەکات و فێردەبێت، کە بێگومان لە قۆناغەکانی دواتری فێربوونەکانیشیدا، هەر ئەم زانینانە دەنوێنێتەوە. واتە هەر پێواژۆی بونیادنان لە زمانیدا جێبەجێدەکات. (ئاخێوەران لیستێکی درێژی سیفاتەکانیان هەڵنەگرتووە، کە بە پاشگرێکی دیاریکراو کۆتایدێت، بەڵکو بونیادنانێکیان هەڵگرتووە، کە نەخشەییە. ئەمەیش ڕێگە بە دروستبوون و بونیادنانی نوێ دەدات). (Hilpert, M., 2014: 76). لە ڕاستیدا پێچەوانەی ئەم بۆچوونە لەگەڵ ناساندنەکەی سەرەوەی (لانگەکەر)دا بۆ ڕێزمان ناگونجێت. لەبەرئەوەی ئەگەر ئاخێوەران لیستێکی دیاریکراو هەڵبگرن، یان تەنانەت لە هەموو بونیادنان و داڕشتە زمانییەکانیشیاندا پەیڕەویی لە یاسایەکی دیاریکراو و ئانالۆژیی یاساکان بکەن، ئەوا لە کاتی ئاخاوتنیاندا تەنها گوزارشت لە زانیارییە زمانییە ناوەکییەکانی ئەو لیست/لیستانە دەکەنەوە. مەبەستیش لە لیستەکان بۆنموونە شێوازی دیاریکراوی کۆکردنەوەی ناوەکان، لکاندنی پێشگر و پاشگرەکان لە پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکاندا، پلەکانی بەراورد و باڵا لە ئاوەڵناوەکاندا، داڕشتن و لێکدانی مۆرفیمەکان...هتد. هەموو ئەمانە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە ئاخێوەران لە بەکارهێنان و جێبەجێکردنی سەرجەمی پێواژۆ ڕێزمانییەکانیاندا(بە مۆرفۆلۆژیشەوە)، گوزارشت لە کۆزانیارییە زمانییەکانیان دەکەن. کۆزانیارییە زمانییەکانیش دەبێت ڕەنگدەرەوەی تەواوی زانینەکانی ئاخێوەران بێت دەربارەی هاوئاهەنگی زمان و کردە و بەکارهێنانە زمانییەکان، کە ئەمەیش بە جوتکردن و هێنانی فۆڕمی گونجاوە بۆ بارودۆخ/ئەرکی دیاریکراو. بۆنموونە لەبەرهەمدارییە مۆرفۆلۆژییەکاندا، یەک لیستی دیاریکراومان لەبەرنییە، کە

---

[١] – سەبارەت بە (ئەبستراکتکردن Abstraction)، بڕوانە: Evans V., and Green M., 2006: 115, 560 -

تەنهاوتەنها بە (/-ێنی/) کۆتاییهاتبێت. بۆنموونە وەک ئەوەی لە (کوڕێنی، کچێنی)ی نموونەکانی (١٥)دا هەن:

١٥) ا- کوڕێنیی خۆی دەکات.

ب- پەردەی کچێنی...

پ- کچێنی جاران، هەر ژنانەبوو.

کەچی هەمان لیست لەسەر هەرکام لە (*پیاوێنی، ژنێنی، کوردێنی)دا بەکارنایەن و ئەمانە گوزارشت لە بونیادنان و پێواژۆیەکی درکپێکراوی مۆرفۆلۆژییانە لە زمانی کوردییدا ناکەن. لەبری لیستی دیاریکراو، ئاخێوەران نەخشە/مەودایەکی ئەبستراکتییان لەلایە و بەپێی بەکارهێنان بونیادەکانیان سەرپێدەخەن. با لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە لەم بابەتە بڕوانین. وەک چۆن بەتەنها بوونی پەڕ و باڵ، ئاماژە نابێت بۆ فڕین، هەر بەو شێوەیەیش پاشگرە مۆرفۆلۆژییەکان لە پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکاندا هەمیشە ئاماژە بەیەک لیستی دیاریکراوی سیمانتیکی نادەن/یەک زیادکردنی دیاریکراوی سیمانتیکی بەسەرجەمی مۆرفیم/بەشە بنەڕەتییەکان نابەخشن. بۆنموونە پاشگری ناوی پیشەی (/-چی/) لە زمانی کوردییدا، لە هەرکام لە نموونەکانی (١٦)دا، پیشە و سیفاتی ناوە بنەڕەتییەکە دەبەخشێت بە کەسەکە:

١٦) چایچی، سەعاتچی، پینەچی

کەچی هەمان پاشگر لە (کڵاوچی)دا، ئاڕاستەیەکی تەواو جیاوازتر دەگرێت و ئەو پاشگرە واتای سیمانتیکی خاوەن پیشەی (کڵاو) بە کەسێک نابەخشێت. لەبری ئەمە واتایەکی میتافۆڕییانەی بەخشیوە بە ناوە بنەڕەتییەکە. هەر لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر (سەعاتچی)ی (١٦)، بەراوردبکرێت بە هەمان ئەندامەکان لە یەک پۆلی دیاریکراودا، بۆنموونە بە:

١٧) عەینەک/چاویلکە، دەرمان، زێڕ، ئاسن...

ئەوا هەمان پاشگر(واتە /-چی/)، ناتوانێت پێواژۆی بەرهەمدارییان بەسەردا بسەپێنێت و (*عەینەکچی/چاویلکەچی، دەرمانچی، زێڕچی، ئاسنچی)، دروستبکات. هەربۆیە هەمیشە (/-چی/) ئاماژە و واتای پیشەییانە ناگەیەنێت و ناتوانێت ئەو سیفاتەی وەک لیستێکی دیاریکراو بەهەموو ناوەکان ببەخشێت. لەبری ئەمە و هاوتا بە نموونەکانی (١٦)، نموونەکانی (١٨) بۆ هاتووەکانی (١٧) بونیاددەنرێت:

١٨) چاویلکەساز، دەرمانساز، زێڕنگەر، ئاسنگەر

هەربۆیە مۆرفیمێک: ١- هەمیشە یەک واتای دیاریکراو ناگەیەنێت، ٢- ناتوانێت بچێتەسەر تەواوی ئەندامەکانی یەک پۆلی دیاریکراویش. ئەم نموونانە دەبن بە باشترین بەڵگە بۆ (بونیادنان دژی یاسا و وشەکانە). ئەمەیش بەو هۆکارەی، کە هیچکام لە وشە و یاساکانی (١٧)، گرفتێکی زمانییان لە زمان و


ڕێزمانی کوردیدا نییە، تەنها گرفتەکەیان لە بونیادنانیاندایە، کە لەبەکارهێنانەوە نەهاتوون. هەرچەندە یاساییانەیش مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، بەڵام ناتوانن بونیادێکی درکپێکراو بنوێنن و بەکاربهێنرێن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم تایبەتێتی و وردەکارییە مۆرفۆلۆژییانە، بیرۆکەی بونیادنان بۆ هەرکام لە مۆرفێمە ئازاد و بەستراوەکانیش، گونجاوترین لێکدانەوە دەبێت. بەهەمانشێوەی تەواوی یەکە و هێما زمانییەکان، پاشگرەکانیش بوونێکی سەربەخۆیان نییە(ناتوانن سەربەخۆ بونیادبنرێن). تەواوی زانیارییەکانی پەیوەست بە پاشگرەکانەوە، تەنها لە ڕێگەی ئەو بونیادنانانەوە بەدیاردەکەوێت، کە پاشگرەکە تێیدا ڕوویداوە. بە واتایەکی دیکە، خودی پاشگرەکانیش لە یەکەم هەنگاودا سەربەخۆ نین، لە دواتریشدا زانیارییەکانیان لە بونیادنانەکانەوە دێن. کەواتە پاشگرەکانیش سنور دیاریکراو نین، تا ئەوکاتەی، کە بونیاددەنرێن(واتە تا ئەوکاتەی وەک فۆڕمێک بە واتا/بەکارهێنانێکەوە جوتدەکرێن). ئەمەیش بەجۆرێکە، کە لەناو ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بونیادیدا، لقێک جیاکراوەتەوە بەناونیشانی (مۆرفۆلۆژیی بونیادنان Construction Morphology)[١].

لەپێناو ڕەخساندنی فراوانترین ڕووبەر بۆ لەخۆگرتنی سەرجەم پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان، دەبێت جارێکیتر بیرۆکەی گشتاندن لەبەرچاوبگیرێتەوە. "بیرۆکەی بنەڕەتی لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا ئەوەیە، کە ئاخێوەران گشتاندنێکی پەیوەندیدار بە (فۆڕمێکی نەخشەیی) و (واتایەکی نەخشەیی)یەوە دەبەستنەوە. بۆنموونە ئاخێوەران وابیردەکەنەوە، کە لە چەند وشەیەکی وەک (خوازیار، کڕیار، فرۆشیار، ژەنیار، زانیار، ژمێریار)دا، نەخشەیەکی گشتێنراو لەنێوان فۆڕم-واتادا دەکێشن و زانا (Booij) لە نەخشەی (١)ی خوارەوەدا کورتیدەکاتەوە"(Booij, G., 2010: 2):

---

[١]- ئەم ڕێبازەی لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆژی، بۆ یەکەمینجار لەلایەن زانا (Greet Booij)ەوە لە (٢٠٠٥) بە دواوە سەریهەڵدا و گەشەیپێدرا، بە هێمای (C×M) ئاماژەیپێدەدرێت. زانا (Booij) بە بەرهەمەکانی:


- بونیادنانە ئیدیۆمییەکان، مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگی زمانی ئەڵمانی، ٢٠٠٢،
- لێکدان و دارشتن: بەڵگە بۆ مۆرفۆلۆژیی بونیادنان، ٢٠٠٥،
- مۆرفۆلۆژیی بونیادنان و فەرهەنگ، A٢٠٠٧،
- فرەواتا و مۆرفۆلۆژیی بونیادنان، B٢٠٠٧،
- مۆرفۆلۆژیی بونیادنان و لێکدان، ٢٠٠٩،
- مۆرفۆلۆژیی بونیادنان، A٢٠١٠،
- مۆرفۆلۆژیی بونیادنان، B٢٠١٠،
- مۆرفۆلۆژی لە ڕێزمانی بونیادناندا، ٢٠١٣، بنەما و بنەڕەتەکانی مۆرفۆلۆژیی بونیادنانی دارشت و دیاردە مۆرفۆلۆژییەکانی لە ڕوانگەی بونیادنانەوە لێکدایەوە. ئەمەیش بەو واتایە نایەت، کە جارێکیتر وەک مۆدیولێک/پێکهاتەیەکی سەربەخۆ لە یەکێک لە دارشتە زمانییەکان بروانرێت و لێکبدرێتەوە، بەڵکو کارەکانی زانا (Booij)، لە هەنگاوی یەکەمدا زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر پەیوەستێتی مۆرفۆلۆژی بە بەکارهێنانەوە، پاشانیش بە پێواژۆ درکپێکراوەکانی دیکەی وەک فۆنۆلۆژی و سینتاکس و چوارچێوە سیمانتیکییەکان و دەوروبەرەوە.




**نەخشەی (١)**

**فۆرمی نەخشەیی و واتای نەخشەیی لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا**

ئاخێوەران ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە وەک نەخشەیەکی گشتگیر بۆ سەرجەمی ئەو نموونانەی سەرەوە وەردەگرن و لەلایان هەیە. هەر ئەو نەخشەیە ڕێگە بە بەرهەمداری و هێنانەناوەوەی وشەی نوێ دەدات، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ یەکێک لە پێدراوەکانی ناو نەخشەکەیشدا جیاوازبێت. سەرەتا نموونەکانی سەرەوە دەقاودەق لەگەڵ نەخشەی گشتگیری (٢)دا دەگونجێن و لەخوارەوە دادەڕێژرێن:





**نەخشەی (٢)**

**فۆرمی نەخشەیی و واتای نەخشەیی (/-یار/) لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا**

لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا، ئەم نەخشەیە وەک مەودایەکی گشتی و گشتاندنێک بۆ هەموو فۆرمەکان (خوازیار، کڕیار...هتد)، لەگەڵ واتاکان (کەسێک، کە ئەوە ئیشەکەیەتی)، بە پێواژۆیەکی درکپێکراوی ئاخێوەران دادەنرێت. ئەم نەخشە وێنەییە دەشبێتە هۆکاری هاتنەئارا و دروستکردنی وشەی نوێ و گشتاندنەکەی بۆ مەبەستێکی فراوانتریش بەکاردەهێنرێت. بۆنموونە لە وشەکانی (جوتیار، سەرپەرشتیار، ڕازیار، پرسیار، وشیار...هتد)دا دەبینرێت، کە ئەمانیش بەهەمانشێوە لە پێڕەوە فۆرمی_واتاییەکەشدا، لەدایکبووی هەمان هاوکێشەن. بۆنموونە لە (جوتیار)دا، (کەسێک، کە کاری جوتکردنە). هەروەها کەسێک، کە سەرپەرشتی کارێک دەکات، فۆرمی (سەرپەرشتیار)ی بۆ بەکاردەهێنرێت و بۆ وشەکانی دیکەیش هەر بەهەمانشێوەیە. ئەم هەمانشێوەییە، بونیادنان دەیرەخسێنێت. لەبەر ئەم هۆکارانەیە، کە ڕێزمانی بونیادنان، هێندەی جوتکردنە فۆرم-واتاییەکە بەهەندوەردەگرێت، هێندە ڕێککارییەکانی ئەو پێواژۆیە بە گرنگ دانانێت. بۆنموونە ئەو هاوکێشەیە


وەک نەخشەیەکی ئەبستراکت وەردەگرێت و دەشێت وردەکارییەکانی ناو نەخشەکە بگۆڕرێت، بەمشێوەیە:




**نەخشەی (٣)**


**گۆڕان و داهێنان لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا لەسەر بنەمای فۆڕمی نەخشەیی و واتای نەخشەیی**

لە نموونەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە یەکێک لە تێکردەکانی ناو هاوکێشەکە لە (V)یەوە گۆڕاوە بۆ (N)، بەڵام هیچ لەو ڕاستییە نەگۆڕاوە، کە سەرجەمیان وەک بونیادنانێک دەردەکەون. لەم ڕوانگەیەوە جارێکیتر ئەو بیرەی ڕێزمانی بونیادنان دەهێنرێتەوە، کە زانا (فیلمۆر و ئەوانیتر ١٩٨٨)، ئاماژەیان بەوە دەدا، کە ڕێزمانی بونیادنان وەک ڕێبازێک دەردەکەوێت، کە وشە و یاساکان دەخاتە لاوە و لەبری ئەمان بونیادنان جێگەیان دەگرێتەوە. ئەگەر سەرنجبدرێت لە نموونەکانی سەرەوەدا، زیاتر بونیادنانەکان گرنگبوون و وشە و یاساکانی پێکەوە بەستنی مۆرفیمەکانیش، هەر لەپێناو بونیادەکاندابوون. "ئەم تایبەتێتییانە، سەختە وەک مۆدێلێکی دیاریکراو و جێگیری یاساکان دابنرێن، بەڵام بە ئاسانی دەتوانرێت وەک هەژمارێکی بونیادییانە لێکبدرێنەوە". (Hilpert, 76). ئەمەیش بەو واتایە دێت، کە ئەگەر ڕووکەشیانە لەو هاوکێشەیەی زانا (Booij) بڕوانرێت، وا دەردەکەوێت، کە جیاوازییەکی وای نەبێت لەگەڵ یاسا باوە مۆرفۆلۆژی و ڕێزمانییەکاندا، بەڵام لە ڕاستیدا هاوکێشەکە وەک نەخشەیەکی ئەبستراکتی گشتی لای ئاخێوەران بوونی هەیە و لەپێناو پێواژۆ بونیادییەکان و چۆنییەتی دروستبوونی وشەی نوێدا هێنراوەتەوە. "بەکارهێنەری زمان هەنگاو بە هەنگاو فێری نەخشە ئەبستراکتەکان دەبێت، ئەمەیش دوای ئەوەی، کە بەر ژمارەیەکی پێویستی ئەو وشانە دەکەوێت، کە ئەو نەخشە ئەبستراکتە دەنوێنن".( Booij لە Heine, B., and Narrog, H., 2010: 508). بەمشێوەیە نەخشەکان و فێربوونیشیان لە بەکارهێنانەوە دێن و ئاخێوەران دوای ئەزمونکردنی هەرکام لە ژینگە بونیادنراوەکانی دەوروبەری زمانی و نازمانییان فێریاندەبن و دواتریش وەک گشتاندنێک بەکاریاندەهێننەوە. بۆنموونە دەتوانرێت هەمان هاوکێشە، خاسیەتە گشتێتییەکەی ڕوونبکرێتەوە و لەبری (X) و هاتووەکانی ناوی، یەکەی دیکەی فەرهەنگی بخرێتەشوێنی و لە کۆتایشدا بونیادێکی جیاوازتر بنوێنرێت. بۆنموونە " ئەو پێشگر و پاشگرانەی دەچنە سەر ڕەگی کردار یاخود ناوی چاوگ و دەیکەنە ئاوەڵناوی داڕێژراو". (حاجی مارف، ئەوڕەحمان، ١٩٩٢: ٨٤).




**نەخشەی (٤)**

**فۆرمی نەخشەیی و وێنەی نەخشەیی پێشگری (/نە.../)**




**نەخشەی (٥)**

**فۆرمی نەخشەیی و وێنەی نەخشەیی پاشگری (/...وو/)**

هاوکێشەکان وەک مەودا/نەخشەیەکی ئەبستراکتی گشتی بۆ داڕشتنی یەکەی نوێ، لە ئاوەز و پێواژۆ درکپێکراوەکانی ئاخێوەراندا بوونیان هەیە. وردەکارییە تەکنیکییەکەی یەکە فەرهەنگییەکانیش (وشە و یاساکان)، لە پێناو بونیادنانەکاندا هێنراونەتەوە، کە مەبەست لێی (کەسێک/شتێک، کە هەڵگری خاسیەتی (نەمری، نەبەزی، نەزانی، نەهاتی، کەوتوو، مردوو، خەوتوو، داهاتوو، هەڵهاتوو)ە. لەکاتێکدا لە پێواژۆکانی وشە دروستکردنی ڕێزمانی باودا، یاساکە و یەکەکانی ناویشی دیاریکراوبوون و هەمیشەیش بۆ دروستکردن و هێنانەئارای وشەی نوێ، پێویستە بۆ یەکە فەرهەنگییەکان، وەک تێکردە بگەڕێینەوە، لە کاتێکدا هەموو یەکەکانی تەنانەت یەک کاتیگۆریش لەو هاوکێشەیەی سەرەوەدا جێیان نابێتەوە و ناتوانن بێن. هەروەها ناشتوانن وشەی نوێ دروستبکەن و بەکاریشبهێنرێن، واتە بونیادنانرێن. بۆنموونە هەرکام لە (* نەکڕ، نەبین، نەخوارد، دزوو، نوسوو..هتد)، بونیادنانرێن. بەمشێوەیە نەخشە ئەبستراکتەکە ڕێگە بە بونیادنانەکان دەدات یاخود نەخێر. کەواتە بەهۆی نەخشە ئەبستراکتەکانەوە وشەی نوێ دێتەبوون. بەرهەمهێنان لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا، بەهۆی یەکگرتنەوە دەبێت، یەکگرتنی نەخشەیەکی ئەبستراکتی لەگەڵ یەکەیەکی فەرهەنگیدا(کە هەردووکیان لە فەرهەنگدان)، ڕادەی کراوەیی نەخشەکە و یەکگرتنی لەگەڵ یەکەکاندا، ڕێژەی بەرهەمداریی نەخشەکە دیاریدەکات. کەواتە تاوەکو نەخشەکە کراوەتربێت، بەرهەمدارییەکەی و پێواژۆی داڕشتنی وشەی نوێی زیاتر دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە ڕادەی کراوەیی نەخشەی [[X] ەوا]N]، کەمترە وەک لە [[X] ایەتی]N]، وەک لە نموونەکانی (١٩)دا دەردەکەوێت[١]:

١٩) ا- نانەوا، پێشەوا...؟

ب- کوردایەتی، برایەتی، خزمایەتی، باوکایەتی، دایکایەتی، دژایەتی، دوژمنایەتی...

---

[١] - هەرکام لە: **١-** ئەحمەد، نەرمین عومەر، ٢٠١٠: ٣٧. **٢-** مەحویی، محەمەد، ٢٠١٠: ١٨٠، **٣-** محەمەد، حاتەم ولیا، ٢٠١٩: ٨٧. تەنها وشەی (نانەوا)یان وەک نموونە بۆ نەخشەی [[X]+ ەوا]N]، هێناوەتەوە. **٤-** حاجی مارف، ئەوڕەحمان، ٢٠٠١: ١٢٥، هەرکام لە وشەکانی (نانەوا، دۆخەوا)ی بە نموونە هێناوەتەوە. **٥-** دزەیی، عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٣: ٩٨، وشەکانی (نانەوا، پێشەوا)ی بە نموونە هێناوەتەوە. **٦-** شوانی، ڕەفیق، ٢٠١١: ٨١ و ٨٦. وشەکانی (نانەوا، پێشەوا، دەستەوا)ی بە نموونە هێناوەتەوە.

دروستبوونی ئەم وشانە پەیوەندییان بە نەخشە ئەبستراکتەوە هەیە، کە خودی زانا (Booij, لە Scalise, S., and Vogel, I., 2010: 93) ئەوە دەخاتەڕوو، کە (هەرکام لە یاسا هێماییە ئەبستراکتەکان و نەخشەکان وەک یەک ڕێککاری لە دروستکردنی وشەی نوێدا دەخرێنەڕوو). ئەم ڕێککارییە وەک تێگەیشتنێک لە نەخشە ئەبستراکتەکان دادەنرێت، بەوەی، کە کارکردی نەخشە ئەبستراکتەکان وەک تێگەیشتنە باوەکانمانە لە یاساکان، بەڵام هەر لە سەرەتاوە جیاوازییەکانیان سەبارەت بە کراوەیی و ڕێژەی بەرهەمدارییان بەدیاردەکەوێت، کە یاساکان بەسەر کۆمەڵێکی دیاریکراودا جێبەجێدەبن و بەهەمانشێوە بەکارهێنانی ئانالۆژییانەیشیان سنوردارە(وەک لە نموونەکانی (١٤))دا خرایەڕوو. "ئەم نەخشەیە نواندنی ئەو یەکسانییە سیستماتیکییە(فۆرم-واتا)یەیە، کە لە کۆمەڵە جوتکراوەکانی وشەکاندا هەن. وشەکان نیشانە و هێمایەکن، کە کۆمەڵێک تایبەتێییان لەسەر چەند ئاستێکی ڕێزمانیدا هەیە: فۆرمێکی فۆنۆلۆژییانەیان هەیە، تایبەتێتیی سینتاکتیکی وەک ناو یاخود کردار، واتایەک، هەندێکجار بەهایەکی پراگماتیکیی دیاریکراو". (Booij لە Heine and Narrog, 507-508). نەخشە ئەبستراکتەکان ڕێگەخۆشکردن بۆ ڕوودانی هەموو ئەمانە لە بونیادنانی مۆرفۆلۆژیی وشەکاندا دەرەخسێنن. یەکسانیی نێوان فۆرمەکان و واتاکان/بەکارهێنانیان، بە بونیادنان سپێرراوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری یەکسانییە سیستماتیکییەکەی نێوان فۆرم-واتا، نموونەکانی (٢٠) دەهێنرێنەوە:

٢٠) ا- دان....بەخشین، لە (پارەکەیان پێدان).

ب- دان....دوورخستنەوە، لە (تۆپەکەی بۆ هەڵدا).

(دان) لەنموونەکانی (٢٠)دا، هەرجارەو بونیادێکی تایبەتی نواندووە. ڕەخساندنی یەکسانییەکەی نێوان (بەخشین) و (دوورخستنەوە) لە (٢٠)دا، بە (/پێ-/ی (٢٠- ا) و /هەڵ-/ی (٢٠- ب)) سپێرراوە. نواندنی بونیادی (٢٠- ا) بەهۆی (/پێ-/)ی سەر (دان)ەوە بووە. بە هەمانشێوە نواندنی بونیادی (٢٠- ب)یش بەهۆی (/هەڵ-/)ی سەر (دان)ەوە بووە. هەر وەکچۆن هەمان یەکسانی (فۆرم-واتا)یشی بۆ نموونەکانی (٢١) دەستەبەرکردووەتەوە:

٢١) – هەڵخستن، هەڵنان، هەڵڕشتن

کە (/هەڵ-/) لە هەرکام لە نموونەکانی (٢١)دا، ئاماژەی بە بونیادێکی تەواو جیاوازی یەکسانکردنی (فۆرم-واتا)ی لە بەکارهێناندا کردووە. نەخشە ئەبستراکتەکان لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا، لە پێناو ئەو ڕەخساندنانەدا بەکاردەهێنرێن، کە پێویستە (فۆرم-واتا) جوتبکەن و لەیەک بونیاددا بیاننوێنن. لەم ڕەهەندەوە ڕوانین لە وشەکان ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە "مۆرفۆلۆژی لێکۆڵینەوەیە لە پێکەوەگرێدانی گونجاوی مۆرفیمەکان بۆ بەدەستخستنی وشەکان". (مەحویی، محەمەد، ٢٠١٠: ٢)، تەنها ناساندنێکی فۆرمییانەی دوور لە بونیادییە بۆ مۆرفۆلۆژی و پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان. لە کاتێکدا لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا، مۆرفۆلۆژی تەنها مامەڵە لەگەڵ فۆرمدا ناکات، لەبری ئەمە کار لەسەر ڕەخساندنی

جوتکردنی فۆڕم-واتاکان پێکەوە دەکات. وەک لەو یەکسانییەی، کە (/هەڵ-/) لە پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژییانەی داڕشتندا لە نێوان (بەخشین، دوورخستنەوە، خستن، هاندان و ڕشتن)دا هێنایەئاراوە. لەم ڕوانگەیەوەیە، کە زانا (Booij لەHeine and Narrog, 508 )دا دەڵێت: "چەمکی مۆرفێم، چەمکێکی شیکاریی بەسود دەبێت، تەنها بۆ پەسنکردنی پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان، بەڵام ناتوانێت بەتەنها، خاڵی دەستپێکی شیکاری مۆرفۆلۆژی و داڕشتەی مۆرفۆلۆژییانە بێت". بەو واتایەی، کە تەنها بە چەمکی مۆرفێم، ناتوانرێت وردەکاری و پێواژۆ بونیادییەکانی خودی مۆرفێمەکانیشمان دەستبکەوێت و لێکدانەوەیەکی گونجاو، کە لەسەر بنەمای بەکارهێنان ئەنجامدرابێت، بەدەستبهێنرێت.

**٢/٢-١) پێواژۆ لێکدراوەکانی مۆرفۆلۆژیی بونیادنان لە زمانی کوردییدا**

پێواژۆ بونیادییەکان لەبەرئەوەی سەرچاوەی یەکەمیان بەکارهێنانە و لەڕوانگەی بۆچوونی (بنەمایی بەکارهێنانەوە)، لە تەواوی کردە زمانییەکان دەڕوانن، هەر بۆیە لەسەر تەواوی داڕشتەکانیش هەمان خاسیەت و تایبەتێتی خۆیان دەسەلمێنن. جگە لەو نموونانەی، کە هێنرانەوە، داڕشتەی دیکە لە مۆرفۆلۆژیی بونیادنانی زمانی کوردیدا هەن و لە ڕێزمانی باودا بە (وشەی لێکدراو) ناوبراون. ئەمانیش هەر لە پێواژۆیەکی درکپێکراوی بونیادنراوەوە هاتوون و ١- فۆڕمی داڕشتەکان یان بەهەمان فۆڕمەوە یان لە پێواژۆیەکی فۆنۆلۆژییانەدا بە گۆڕاوی هاتوون، ٢- واتای داڕشتەکانیش سێ جۆرە، ا- بەهەمان واتای یەکەم بونیاد، ب- بە واتایەکی گۆڕاوی یەکەم بونیاد، پ- واتایەکی گۆڕاوی ئاوێتە و دروستبوو لە ئەنجامی پێکەوە هاتنی بەشەکان دێنە ئاراوە[١]. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پێواژۆ مۆرفۆلۆژییانەی بونیادە لێکدراوەکان لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نموونەکانی (٢٢) دەهێنرێنەوە:

٢٢) ا- پێژمەرگە، ئاشتیخواز، خۆشباوەڕ، هاتوچۆ...

ب- سەربڕین، یاریکردن، ماستاو، مارماسی، پیاوکوژ، باڵابەرز، کەڕوڵاڵ، هاتوچۆ، تەپوتۆز

پ- دەزگیر، دەستکێش، پێچخواردن...

ت- دەستدرێژی، ڕووڕەش، دوودڵ، دەستبڕ، دڵپیس، دەستخۆش

چ- سەرشۆڕ، دەستپانکردنەوە

بونیادنانی داڕشتەی نموونەکانی (٢٢) لە ڕوانگەی (فۆڕم-واتا)کانیانەوە، لە خشتەی (٣)دا دەخرێتەڕوو:

---

[١]- زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم ڕوانینە لە داڕشتە لێکدراوەکاندا، لە (عەول، محەمەد عومەر، ٢٠٠١)دا دەبینرێتەوە.

| A | B | دارِشتنە فۆنۆلۆژی-مۆرفۆلۆژییەکەی | بونیادنان |
|---|---|---|---|
| پێش<br>ئاشتی<br>هاتن<br>خۆش | مەرگ<br>خواستن<br>چوون<br>باوەڕ | پێژمەرگە<br>ئاشتیخواز<br>هاتوچۆ<br>خۆشباوەڕ | C1، ناونانێک<br>پەسنکردن<br>ناوی یەکەیەکی کارگێڕی<br>پەسنکردن |
| سەر<br>یاری<br>ماست<br>مار<br>پیاو<br>بالآ<br>کەڕ<br>تەپ<br>ڕەش | بڕین<br>کردن<br>ئاو<br>ماسی<br>کوشتن<br>بەرز<br>لاڵ<br>تۆز<br>پۆشین | سەربڕین<br>یاریکردن<br>ماستاو<br>مارماسی<br>پیاوکوژ<br>بالآبەرز<br>کەڕولاڵ<br>تەپوتۆز<br>ڕەشپۆش | AB، دارِشتەکە لە بونیادی هەردووکیانەوە هاتووە |
| دەست<br>پێچ | گرتن، کێشان<br>خواردن | دەزگیر، دەسکێش<br>پێچخواردن | AC، بەشی یەکەم + واتایەکی هاتوو |
| دەست<br>ڕوو<br>دوو<br>دڵ، شەڕواڵ<br>ڕەش<br>ماست | درێژی، بڕین، خۆش<br>ڕەش<br>دڵ<br>پیس<br>پۆشین<br>ئاو | دەستدرێژی، دەستبڕ، دەستخۆش<br>ڕووڕەش<br>دوودڵ<br>دڵپیس، شەڕواڵپیس<br>ڕەشپۆش<br>ماستاو | C2، واتایەکی خوازەیی/میتافۆری |
| سەر<br>دەست | شۆڕ<br>پانکردن | سەرشۆڕ<br>دەستپانکردنەوە | ABC، بەپێی بونیادنان هەرسێ بەشدارەکە دەنوێنێت |

**خشتەی (٣)**

**بونیادنانە جیاوازەکانی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان**

لە هەرکام لە نموونەکانی (٢٢)دا، بونیادنان، جوتکردنێکی لەنێوان واتا و مەبەستی دارِشتەکان و ئەو فۆڕمەی، کە لێوەی هاتووە، دروستدەکات. بۆنموونە لە (٢٢- ا)دا، دارِشتەکان لە ڕوانگە فۆنۆلۆژی-مۆرفۆلۆژییەکەیەوە، بونیادنانێک دەنوێنن، کە هیچکام لە یەکە بەشدارەکان، خاوەنداریی لێناکەن. بۆنموونە لە (پێژمەرگە)دا، کە لە قۆناغەکانی سەرەتاکانی بونیادنانیدا، وەک جۆرێک لە پەسنکردن بەکارهاتووە، بەڵام لە ئێستایدا وەک جیاکردنەوە و ناونانێک بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو بەکاردێت. هیچکام

له (پێش) و (مەرگ)، له بونیادی کۆتایی و پەسنکردنی ئێستای ئەو کۆمەڵەیدا نییه و وەک ناونان بۆ گروپێکی تایبەتی دەناسرێن. له (ئاشتیخواز)دا، که خاسیەتێکی واتاییه و دەدرێته پاڵ کەسێک. هەربۆیه هێمای (C1)یان بۆ دانراوه، چونکه واتا بونیادییەکەیان، مێتافۆڕییانه نییه و تەنها واتایەکی تازەی گەشەکردووه له بەشه پێکهێنەرەکانییەوە، هەر وەکچۆن له (خۆشباوەڕ)دا، واتایەکی گەشەکردو له بەشه پێکهێنەرەکانییەوه مەبەسته. هەر بەو شێوەیەش، خەیاڵی ئاخێوەران بەلای هیچکام له (هاتن) و (چوون)ی سەر (هاتوچۆ)دا ناڕوات، لەبری ئەمە، ڕاستەوخۆ زانیاری دەربارەی یەکەیەکی کارگێڕی دەخرێتەڕوو. لەلایەکی دیکەوه، له نموونەکانی (٢٢– ب)دا، بونیادنانێکی گەشەکردو له هەرکام له (A) و (B)یش دەبینرێت، بۆیه بونیادەکه به (A B) ناسێنراوه. بۆنموونه له (سەربڕین)دا، که کردەیەکه و هەرکام له (سەر) و (بڕین)، بەشداریی له بونیادەکەدا دەکەن. هەروەها له بونیادنانی (مارماسی)یشدا، گیاندارێک، که خاسیەتی هەریەک له (مار) و (ماسی)شی تێدایه. بەهەمانشێوه نموونەکانی دیکەی (٢٢– ب)، که بونیادێکی گەشەکردو له هەرکام له بەشەپێکهێنەرەکانی داڕشتەکەدا هاتووەتەئاراوه. بەڵام له (٢٢– پ)دا، بونیادەکه بەشی و گەشەکردووه. بەجۆرێک بەشێک له بونیادنانەکه له یەکەم پێکهێنەر(واته A) و بەشێکی دیکەشی بونیادێکی سەربەست و سەربەخۆ دەنوێنێت. بۆنموونه له(دەزگیر)دا، که مەبەسته بونیادییەکەی، ئامێرێکه و تەنها بەشی یەکەمی داڕشتەکە(دەست)، بەشداری بونیاده لێکدراوییەکه بووەتەوه، هەروەها له (دەستکێش)دا، بەشی یەکەم (دەست)، که (A) دەنوێنێت، بەڵام له بەشی دووەمی داڕشتەکەدا (کێش)، هەمان نواندنی (B) نانوێنێت. بۆیه بونیادەکه (AC) گەیاندووه، که مەبەست لێی (کەرەستەیەکه بۆ دەست). هەروەها له (پێچخواردن)یشدا، بەشی یەکەمی پێکهێنەر له بونیادنانەکەدا دووباره بووەتەوه، هەربۆیه (A) له بونیادنانەکەیشدا دەبینرێتەوه. بەڵام بەشی دووەم له بونیادنانەکەدا نابینرێت، چونکه هیچ خواردنێک له ئارادانییه. هەربۆیه بونیادەکه به (AC) ناسێنراوه. بەئاڕاستەیەکی تەواو جیاواز، نموونەکانی (٢٢–ت) سەرجەمیان بونیادێکی جیاوازیان نواندووه، که خۆی له ئاوێتەکردنی واتای هەرکام له بەشه پێکهێنەرەکان و پاشانیش واتایەکی گەشەکردودا دەبیننەوه و بەمەیش بونیادێکی تەواو جیاوازیان نواندووه. بۆنموونه له (شەڕواڵپیس)دا، بونیادێکی تەواو جیاواز له هەرکام له(A) و (B)ی پێکهێنەری بونیادنانەکه مەبەسته و سەرجەمی بونیادنانەکەیش خۆی له (پڕۆسه/کرده/جوڵەیەکی نامۆ/ئازاردان/پەسنکردنێکی نەرێنی)دا دەبینێتەوه. هەربۆیه جارێکیتر هێمای (C) به بونیادنانەکه بەخشراوه و وەک پەسنکردنێک بۆ کەسێک، که ڕەفتارەکانی بەد و نامۆبێت، بەکاردەهێنرێت. بەڵام بەهۆی ئەو بەکارهێنانه مێتافۆڕییەی، که سەرجەمی داڕشتەکه دەیگەیەنێت، هێمای (C2) بۆ بونیادەکه دادەنرێت. ئەگەر هاتوو ئەو کەسه هیچکات (شەڕواڵ)یشی وەک جۆرێکی پۆشاک نەپۆشیبێت و هەمیشەیش (پانتۆڵ) بپۆشێت، هێشتایش دەربڕاوی (شەڕواڵپیس)ی بۆ بەکاردەهێنرێت. نموونەکانی وەک (ڕەشپۆش، ماستاو)، له دوو بونیادنانی جیاوازدا پۆلێنکراون، لەبەرئەوەی دەتوانرێت واتای هەرکام له بونیادەکانی (AB) و (C2)یش بگەیەنێت. دیاریکردنی ئەم

واتایانەیش، لە بەکارهێنانییەوە دەبێت و لەسەر ئەو بنەمایە دەستنیشاندەکرێت. ئەمەیش جارێکیتر سەلمێنەری ئەو پێویستییەیە، کە دەبێت لە گۆشەنیگای جوتکردنە (فۆرم-واتا)ییەکانەوە لە زمان و دەربڕاوەکان بڕوانرێت. لەکاتێکدا، کە فۆرمی (ڕەشپۆش، ماستاو)، هیچ جیاکارییەک نانوێنن، بەڵام بەکارهێنان و بونیادنانیان، (واتا)ی جیاواز دەنوێنن. بەم شێوەیە لێکدانەوە تاکلایەنییەکەی هەرکام لەو دوو نموونەیە، ئەنجامگیری کۆتایی و دروست نادات بەدەستەوە.

"لە ڕێزمانی بونیادناندا ڕێزمان نوێنەرایەتی دەستەیەک/ڕێژەیەک لە فۆرم-واتا_کردە ئاڵۆزەکان دەکات، کە تێیدا وشەکانیش بەهۆی بونیادنانە ناوخۆییەکانی خۆیانەوە، لە بونیادە ڕێزمانییەکان جیادەکرێنەوە". (Appah, C., K., I., 2013: 28). ئەمەش دەبێتە باشترین نواندنی پێواژۆی درکپێکراوی مۆرفۆلۆژییانە لە ڕێزمانی بونیادناندا. لەبەرئەوەی ئەو ئاڵۆزییە ناوەکییەی، کە لە (سەرشۆڕ)دا هەیە، بونیادنانی تایبەتی پێدەبەخشێت. بۆنموونە لە بونیادنانی (سەرشۆڕ)دا، هەرکام لە (A، واتە (سەر)) و (B، (واتە بەرەوخوار)) و (C، واتە پەسنکردن بۆ کارێکی نەخوازراو بە واتایەکی میتافۆڕییانە بەکارهاتووە) دەبینرێتەوە. هەروەکچۆن ئەوە تەنها بونیادنانە، کە (٢٣-ا) لە (٢٣-ب)، و (٢٤-ا) لە (٢٤-ب) جیادەکاتەوە:

٢٣)ا- بە چەکوشەکە دەستی پانکردەوە.

ب- ئەوەنە دەستپانمەکەرەوە لەخەڵک.

٢٤)ا- سەریشۆڕکردۆتەوە بەسەر مۆبایلەکەیدا.

ب- سەری شۆڕکردین لەناو خەڵکدا.

لە نموونەکانی (٢٢)وە، ئەو پرسیارە دێتەئاراوە، کە ئایا لە بونیادنانەکاندا (A) یاخود (B)، کامیان گرنگترن! یان نەخێر، لە ئاخاوتن و بەکارهێنانی زمانیدا، ئەوە بونیادنانەکانن، کە ئاخێوەران مەبەستیانە و ئاخاوتنیش هەر لەمانەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆنموونە بونیادنانی (دەست) لە (٢٥)دا، هەرجارە و جوتکردنێکی (فۆرم-واتا)ی جیاوازی هەیە:

٢٥) ا- دەستی هاوکاریی بۆ درێژ بکە.

ب- دەست درێژ بکە ئەو خوێیەم بدەرێ.

پ- داعش دەستدرێژی کردە سەر ئێزدییەکان.


پێواژۆی درکپێکراوی مۆرفۆلۆژی، خۆی لە بونیادنانێکی ئاسایی بۆ (دەست درێژ)ی (٢٥- ا) و ئاڵۆزییە ناوەکییەکانی (دەستدرێژکردن)ی هەرکام لە (٢٥- ب، پ)دا دەبینێتەوە، کە جیاکردنەوەیان بەهۆی بونیادنانەوە دەبێت. لە ڕوانگەی شیکردنەوە و پەیپێبردنمان بە نموونەکانی (٢٣، ٢٤ و ٢٥)، ئەو سەرنجەی بونیادنان زیاتر ڕووندەبێتەوە، کە هەمیشە وەک گشتێک لە تەواوی داڕشتە زمانییەکان دەڕوانێت. بەوپێیەی، کە ناتوانرێت شیکردنەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتنی تەواوەتیمان بۆ واتاکان

هەبێت(گشت واتاکە) بەخواستن لە بەش و پێکهێنەرەکانی ناو دارِشتەکە، هەربۆیە دەبێت لە دارِشتەکاندا/بەکارهێنانە زمانییەکاندا تەواوی هێماکە (چ فۆنیم بێت، مۆرفیم یان رِستە) وەک گشتێک لێکبدرێنەوە و لە هیچکام لە پێکهێنەرەکانەوە پێشبینی بۆ واتای گشت و سەرلەبەری دارِشتەکە ناکرێت. ئەگەر وانەبوایە لە رِاستیدا تێگەیشتنەکان لە لێکدانەوەی (سەرشۆرِکردن)ی (٢٤- ا) و هەمان وشە لە (٢٤- ب)دا دروستنەدەبوو. هەرچەندە هەردووکیان هەمان دروستەی ناوەکی(لە لێکدانەوەی قوتابخانەی بەرهەمهێناندا)یان هەیە، کەچی ناتوانرێت بە خواستن لە واتای بەشی و لە رِوانگەی یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە، لێکدانەوەی واتاییان بۆ بکرێت. لە نموونەکانی (٢٤)یشدا دەرکەوتووە، کە (٢٤- ا) بونیادنانەکەی (AB)یە و کەچی (٢٤- ب) بونیادنانەکەی (C)یە. (بەشەکانی دارِشتە ئاوێتەکان هێشتایش هاوتان لەگەڵ وشەیەک، کە بە سەربەخۆیی بەکاردێت، بەڵام کاتێک دەبێت بە بەشێک لە ئاوێتەیەک، واتای تایبەتی بەدەستدەهێنێت). (Booij, لە Scalise, and Vogel, 96). بەخشینی ئەم مامەڵە و رِەفتارە جیاوازانە بە تاکە یەک وشە(کاتێک بە سەربەخۆ و کاتێکیش لە دارِشتەی ئاوێتەیەکدا هاتووە)، بەهۆی سروشتە بونیادییەکەوەیەتی، کە لە بەکارهێنانە سەربەخۆییەکەیدا(فۆرِم-واتا)یەکی تایبەت جوتکراوە. لە کاتێکدا هەمان وشە لە دارِشتە ئاوێتەکەدا (فۆرِم-واتا)یەکی دیکە و تایبەت بەو بونیاد و بەکارهێنانە جوتدەکات. ئەگینا هەرکام لە (سەر، شۆرِ، کردن)ی نموونەکانی (٢٤)، هەمان هاوتاییان هەیە، بەڵام بونیادی جیاواز دەنوێنن.

بەم شێوەیە ئەوە بونیادنان بوو، کە (AB، C، AC، ABC) بە یەکە مۆرفۆلۆژییەکان دەبەخشی. کەواتە ئەوە بونیادنانەکانن، کە پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان بە تەواوی خاسیەت و تایبەتێتییەکانیانەوە دیاریدەکەن، ئەگەر نا، یاسا و وشەکان، هەر هەمانن، بۆ دەبێت جارێک (AB)مان دەستبکەوێت، جارێکیتر (C) و لە بەکارهێنانی دیکەدا (AC)/ (ABC)! بەم شێوەیە لە دارِشتە لێکدراوییەکاندا (A) و (B)یەکان، نەخشەکانن. دەرکردەکانیشیان ئیدی (AB، C، AC، ABC) بێت، دەبن بە بونیادنانەکانیان. ئەمەیش دەمانگەرِێنێتەوە بۆ ئەو بۆچوونە باوەی، کە لە رِاستیدا بەکارهێنەرانی زمان ئاگایی رِێزمانی و یاساییانەیان دەربارەی وردەکارییە زمانییەکان نییە، بەڵکو دەیشزانن چۆن بەکارهێنانێکی سەرکەوتووانەی زمان، ئەزمون بکەن، کە سەرچاوەی هەموو ئەمانەیش، بەهۆی بونیادنانەوەیە، کە زۆر بە ئاسانی رِێگە بۆ بەرهەمداریش خۆشدەکات. "بەرهەمداری دەتوانرێت بۆ هەموو ئەو ناوە نوێیانە بەکاربهێنرێت، کە کەسێک پێشتر نەیبیستووە و هیچ جێگەی سەرسورِمانیش نابێت بۆی". (Jackendoff لە Hoffman, T., and Trousdale, G., 2013: 84). ئەوەیش، کە رِێگە بەم مامەڵە ئاساییەی ئاخێوەرێک لەگەڵ وشەیەکی نوێی زمانەکەیدا دەدات، بونیادنانە، کە تێیدا بەکارهێنەران فۆرِمێکیان (بۆنموونە لە زمانی کوردیدا، نیشانەی کۆیی سەر ناوەکان) لەگەڵ واتایەکدا (زیاتر لە دانەیەک) بونیادناوە و گوێگریش ئەگەر یەکەمجاریشی بێت ئەو ناوە نوێیە بەو فۆرِمەوە ببیستێت، هیچ گرفتێکی زمانی بۆ دروستنابێت. هەر بۆیە زانا (Booij, لە Scalise, and Vogel, 264). دەڵێت: "لە رِوانینی بونیادیدا بۆ مۆرفۆلۆژی،

یاساکان گرنگ نین". لەبری ئەمە ئەو نەخشە ئەبستراکتە گرنگە و بەهەند وەردەگیرێت، کە دەتوانرێت بۆ سەرجەمی پێواژۆ بەرهەمهێنانەکان لە مۆرفۆلۆژیدا بەکاربهێنرێت. "شێوازی دروستبوونی وشەکان لە نەخشەیەکی ئەبستراکتەوە دێن، کە بەهۆی گشتاندنێک بەسەر کۆمەڵێک وشەی ئاڵۆزی هەبوودا و بەهۆی پەیوەندییەکی سیستماتیک لە نێوان فۆرم-واتادا، گریمانە دەکرێن. هەروەها ئەم نەخشانە دیاریدەکەن، کە چۆن دەتوانرێت وشەی ئاڵۆزی نوێ دروستبکرێت". (Booij لە Lieber, R., and Štekauer, P., 2009: 322).


پەیوەندییە سیستماتیکییەکەی نێوان فۆرم-واتا لە بونیادنانەکاندا دەنوێنرێن. ئەم پەیوەندییە لە گشتاندنەوە هاتووە و بۆ دروستکردنی وشەی نوێیش هەر پەیڕەوی لە گشتاندنەکەی دەکاتەوە، کە ئەمیش بەهۆی نەخشەکانەوە ڕوودەدات. ئەم ڕوونکردنەوانەی سەرەوە دەتوانرێت لە هێڵکاریی (٣) دا بنوێنرێت:




**هێڵکاریی (٣)**

**بەرهەمهێنان لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا**

لە هێڵکاریی (٣)دا هەنگاوەکانی بونیادنانی وشەی نوێ/بەرهەمهێنان، بە خاسیەتە گشتاندنەکەی لە مۆرفۆلۆژیدا دەبینرێت، بۆنموونە پێواژۆکە لە مۆرفۆلۆژییەوە دەستپێدەکات و لە کۆتایشدا بەرهەمە نوێیەکە هەر بۆ مۆرفۆلۆژی دەگەڕێتەوە. لە پێواژۆی فێربوونی زمانیشدا منداڵان ئەو نموونانەی، کە دەیانبیستن، ئەبستراکتیان دەکەن و دواتر نەخشەیەکی ئەبستراکتی دێتەبوون و ئەمەیش مۆڵەت بە دروستکردنی وشەی نوێ دەدات. هێڵکاریی تیۆریی (٣)، بە هێڵکاریی کارەکیی (٤) ڕووندەکرێتەوە:




**هێڵکاریی (٤)**

**پێواژۆی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە مۆرفۆلۆژیی بونیادنانی کوردیدا**

جیاوازیی لەنێوان (پیاوکوژ، دەستبڕ، جگەرەکێش...)، لەگەڵ (دەستکێش، ئاشتیخواز، دەزگیر، پیسخۆر، دەمشڕ...)، لە بونیادنانەکانیاندایە، نەک نەخشە ئەبستراکتەکانیان، چونکە نەخشەی ئەبستراکتی هەموویان بەمشێوەیە:

[x] + [x] = Compounding

وشەی لێکدراو = [X] + [X]

پەیوەندییەکەی نێوانیشیان سیستماتیکە و لەسەر پەیوەستییە فۆرم–واتاییەکە بەستراوە و لەخۆوە نییە و لە بونیادنانەکەدا دەردەکەوێت، نەک لەسەر بنەمای یاسا و وشەکانی ناو داڕشتەکان، لە کاتێکدا ئەگەر لەسەر بنەمای یاسا و پێکهێنەرەکان بوایە، ڕێگە بە هەموو ڕوودانێکی ناو نەخشە ئەبستراکتەکە لەچەشنی (*کارەباخۆر، دیواردز، چاوکڕ...) دەدرا. چۆنییەتی گۆکردنی (پیاوکوژ، دەزگیر، دەسکێش)، کە پەیوەستە بە درکپێکراوە فۆنۆلۆژییەکانەوە، پێواژۆی بەرهەمهێنانیان(کە پەیوەستە بە مۆرفۆلۆژییەوە)، هەروەها ئەو ڕۆڵە تایبەتەی، کە لە بونیادە سینتاکسییەکاندا دەیگێڕن، هەموو ئەمانەیش بە بەها و هێڵەگرێدەرە سیمانتیکییەکانیانەوە، جارێکیتر "ئەو ڕاستییەمان بیردەهێننەوە، کە مۆرفۆلۆژی، هاوتا بە فۆنۆلۆژی و سینتاکس، مۆدێلێکی ڕێزمان نییە، لەبری ئەمە، مۆرفۆلۆژی،

ڕێزمانی وشەیە[1]"(سەرچاوەی پێشوو، ٣٢٦). مەبەستیش لە ڕێزمانی وشەیی، کە یەکێکی دیکەیە لە لقە تیۆرییە ڕێزمانییەکانی ناو زانستی زمانی درکپێکردن، ڕوانینە لە تەواوی زمان وەک تۆڕێکی چەمکی بەیەکداچووی ئالۆز، کە هیچکام لە هێڵەگرێدەرەکانی تۆڕەکە، نەک ناتوانرێت سەربەخۆیانە کاربکات، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە گریمانەی سەربەخۆیی و پێکهاتەبوونی هیچکام لە هێڵەکان، ئەگەری ڕوودانی نییە. لە ڕێزمانی وشەیشدا، ئەوە وشەکانن ئەو تایبەتێتییەی زمان بەرجەستە دەکەن و وەک بنکەی تۆڕەکە دەردەکەون.

توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ و بەکارهێنەرانی زمان، لەسەر بنەمای تاکێتیی تاک لە زماندا، دەبنە هۆکارێکی کاریگەر لە داهێنانی نەخشە ئەبستراکتەکان و دواتریش داهێنانی پەیوەندیی سیستماتیکی لەنێوان وشەکاندا لە پێناو دروستکردنی وشەی نوێدا. بە واتایەکی دیکە، هەر توانا درکپێکردنە داهێنەرانەکانی ئاخێوەران، نەخشەی ئەبستراکتی نوێیش دادەڕێژێت. ئەمەیش لەسەر بنەمای پەیوەندیداری نێوان بەشەکانی پێکهێنەری بونیادنانە مۆرفۆلۆژییەکە. هاوکێشەکەی خوارەوە، بەهەمانشێوە نەخشەیەکی ئەبستراکتە، لە دواتریشدا بە بونیادنانێک دادەنرێت و بەهۆشییەوە وشەی لێکدراوی نوێ دادەهێنرێت و دروستدەکرێت.

| |
|---|
| [AB] ⟵⟶ جۆرێک لە (B)، پەیوەندیی بە (A)یەوە هەیە |

**نەخشەی (٦)**

**داهێنانی وشەی لێکدراوی نوێ لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا**

نموونەکانی (٢٦)، بونیادنانی نەخشەی ئەبستراکتی پەیوەندیداریی نێوان (A) و (B) دەنوێنن:

٢٦) ا- مانگی دەستکرد Satellite

ب- مۆبایلی زیرەک Smartphone

پ- مریشکی زیندوو

ت- داری سێڵفی Selfie Stick

ج- زمانی دایک Native/Mothe Tongue

لە نموونەکانەوە جۆرێک لە پەیوەندیداری و هێڵێکی بەستنەوە لە نێوان (A) و (B)یەکانی بونیادنانەکاندا دەبینرێت. بۆ نموونە لە (دەستکردی)، پەیوەندیی هەیە بەچەند بوارێکی دیکەوە، بەڵام جۆرێک لە

[1]- سەبارەت بە ڕێزمانی وشە(Word Grammar) و وردەکارییەکانی ئەم سەرنجە ڕێزمانییە لە زانستی زمانی درکپێکردندا، بڕوانە: .Booij, G., 2005 -1.. Hudson, R., 2010 -2 ٣- قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٩. ٤- عەبدوڵا، گۆنا عومەر، ٢٠٢٣.

پەیوەندیی تایبەت لە (٢٦- ا)دا بونیادنراوە، کە بە (مانگ)ییەوە دەبەستێتەوە. بەو واتایەی، کە جۆرێک لە دەستکردەکان، (مانگ)ە. هەروەها جۆرێک لە (زیرەکی)، پەیوەندی بە (مۆبایل)ەوە هەیە، وەک لە (٢٦- ب)دا خراوەتەڕوو. بونیادنانەکە لەسەر بنەمای توانای درکپێکردن و داهێنانی ئاخێوەرانە لەسەر بنەمای نەخشەی ئەبستراکتی (منداڵی زیرەک، خوێندکاری زیرەک) و پاشان داهێنانی لەو نەخشەیەدا کردووە و داڕشتەیەکی لە چەشنی (مۆبایلی زیرەک)ی بونیادنانەوە، کە نەخشەکەیشی لەو پەیوەندیەوەیە، کە جۆرێک لە (زیرەکی دروستکراو)، پەیوەندی لەگەڵ (مۆبایل)دا هەیە.

بەهەمانشێوە بۆ (زیندوێتی)ی (٢٦- پ)، کە پەیوەندییەکی لەگەڵ (مریشک)دایە. پەیوەندییەکەیش بەجۆرێکە، کە لە ساتەکانی ژیانکردنی (مریشک)دا، دروستنەبوو، بەڵکو قۆناغی دوای ژیانکردنی (مریشک)ە و وەک جۆرێک لە خواردن بەکاردەهێنرێت و دەبێت تەنها و تەنها لە ڕەهەندی بونیادنانەوە لەم داڕشتە مۆرفۆلۆژییە بڕوانرێت، چونکە پەسنکردنی (مریشکێک، کە زیندووە و دان دەخوات)، بە (مریشکی زیندو)، ئاماژە بە بونیادنانێکی دروست ناکات، بەڵکو بونیادەکە ئەوکاتە داڕێژراوە، کە (مریشکێک بێت و ئامادەبێت بخورێت). بەم شێوەیە و دووبارە بونیادنان، واتاکان لە یەک بەیەکی پێکهێنەری بونیادەکان و وشە و یاساکانەوە ناخوازێت، بەڵکو جوتکردنە فۆرم-واتاییەکەی داڕشتەکان بەهەند وەردەگرێت و لە (مریشکی زیندوو)دا بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە ناتوانرێت پێشبینی واتای (مریشکی زیندوو) بکرێت، بە وەرگرتنی واتای هەرکام لە (مریشک) و (زیندوو)، بەجۆرێک، کە بونیادی (مریشکی زیندوو)، تەواو پێچەوانەی واتای یەک بەیەکی پێکهێنەری بونیادەکەیە. هەروەک چۆن وێنەی سێڵفی، بەدەست یاخود خۆکرد، دەگیرێت، هەر بەوشێوەیەیش جۆرێک لە وێنەی سێڵفی، پەیوەندیی بە کەرەستەیەکی دیکەوە هەیە، کە ئاخێوەرانی زمانی کوردی(لەسەر بنەمای داهێنانە تاکگەراییەکانی تاک)، ناویان ناوە (دار) و بەهۆی پەیوەندیی (B، واتە سێڵفی)، بە (A، واتە ئەو کەرەستەیەی، کە هۆکاری وێنەگرتنەکەیە/دار)، بونیادی (داری سێڵفی) داهێنراوە و لەسەر بنەمای هاوکێشەی (جۆرێک لە B، پەیوەندیی بە Aیەوە هەیە)، بونیادنانەکە داڕێژراوە. سەرەڕای هێڵی گرێدەری پەیوەندیداریی لە هاوکێشەکەدا، هێشتایش ئەدگاری (ناپێکهاتەیی لە واتادا)، بەیەکێک لە تایبەتێتییەکانی بونیادنانە مۆرفۆلۆژییەکان دادەنرێت. بە دەربڕینێکی دیکە، واتای داڕشتە مۆرفۆلۆژییەکان، ناپێکهاتەین. هۆکاری ئەمەیش بۆ بونیادنان دەگەڕێتەوە، کە دەوترێت ناپێکهاتەیی، ڕاستەوخۆ ئیدیۆمەکانمان بەخەیاڵدا دێت، کە بەهەمانشێوە واتای بونیادیی ئیدیۆمەکان، نە لە وشە پێکهێنەرەکانیانەوە، نە لەو یاسایانەشەو دێن، کە وشەکانیان لە تەنیشت یەکەوە کۆکردووەتەوە. لەبری ئەمە، فۆرمێکە بە واتایەکی دیاریکراوەوە جوتکراوە و نموونەیترین نموونەی بونیادنان دەنوێنن.

بونیادنان ئاماژە بە واتا و پەرچەواتایەکی تایبەت و دیاریکراو(بەپێی بەکارهێنان دیاریکراوە)، دەکات، کە لە بەشە پێکهێنەرەکانییەوە وەرنەگیراوە، بەڵام ئەم پارچە واتایەی، کە ناتوانرێت لە بەشە پێکهێنەرەکانی داڕشتە ئاوێتەکانەوە وەبگیرێت، دەبێت وەک بەشداری واتاداری خودی بونیادنانەکە

دەستنیشانبکرێت. لەکاتێکدا مەبەست لە بونیادنانیش لەسەر تەواوی داڕشتە زمانییەکان، ئەو پارچە واتایەیە، کە تایبەتە بە خودی بونیادنانەکانەوە و لەو (فۆڕم_بەکارهێنان)ە تایبەت و دیاریکراوەوە هاتووەتەبوون، کە ئاخێوەر بە مەبەستەوە بونیادی ناون. لەم ڕوانگەیەوە واتایەکی دیکەیش دێتەناوەوە، کە بە (واتای تایبەتی بونیادی) دادەنرێت. هەربۆیە ئەو واتایەی، کە (دار)، لە بونیادنانی سەربەخۆیدا دەیگەیەنێت، جیاوازە لەو واتایەی، کە لە بونیادی (داری سێڵفی)دا گەیاندویەتی و واتای دووەمی (دار) بە تێکردەی پارچە واتای بونیادنان تێر و دەوڵەمەند کراوە. هەروەک چۆن (زیرەک) لە (٢٧- ب)ی خوارەوەدا، واتایەکی تایبەتی دەگەیەنێت و لە (٢٦- ب)دا، بە واتای تایبەتی بونیادی، دەوڵەمەندکراوە و واتایەکی جیاوازترە دەگەیەنێت. هەر بەو شێوەیەیش (زیرەک) لە (زیرەکی دەستکرد Artificial Intelligence)دا، واتایەکی ڕێزمانی بونیادی جیاوازتری گەیاندووە و بونیادنان لە بەکارهێنانە ڕستەییەکەیدا، پارچەیەکی دیکەی واتایی بۆ هەمان (زیرەک) چالاککردووە، کە هەنگاوێک لە (زیرەک)ی (٢٦- ب) دەوڵەمەنترە و دوو هەنگاویش لە هەمان (زیرەک)ی (٢٧-ب) فراوانتر و دەوڵەمەندترە. وەک دەبینرێت واتای بونیادنراوی (زیرەک) لە (٢٦- ب) و (٢٧-ب) و (زیرەکی دەستکرد)دا، دەبێت بە بەشێک لە واتایەکی تایبەت، کە بونیادنراوە و دەشبێت وەک بەشێک لە واتای بەشداری بونیادنانەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەو واتا تایبەتەی، کە لە جوتکردنەکەدا (لە بونیادنانەکەوە) هاتووە، بەهای تایبەتی بە (زیندوو)ی (٢٦- پ) بەخشیوە، ئەو بەهایەیش لە هەنگاوی یەکەمدا پەیوەستە بەو مامەڵە تایبەتەوە، کە (زیندوو) لەسەر (مریشک) دەیگەیەنێت و تەواو جیاوازە لە هەمان بەهای واتایی، کە هەمان (زیندوو) لەسەر (کۆمەڵگای زیندوو، ویژدانی زیندوو، زمانی زیندوو، گەلی زیندوو، شەهیدی زیندوو...)دا هەیەتی. لە هەنگاوی دووەمیشدا وەک جیاکارییەک بەکاردەهێنرێت لەبەرانبەر (مریشکی بەستوو، مریشکی مەسڵەحە، مریشکی کوردی...). لە هەردوو هەنگاوەکەی بەها پێدانەکەیشدا، پەیوەستە بەو جۆرە پەیوەندییەی، کە (B زیندوو)، بە (A مریشک)ەوە دەبەستێتەوە. خودی پەیوەندییەکەیش لەسەر نەخشە ئەبستراکتەکە پێکهێنراوە و پەیوەندیی (زیندوو، مریشک) دەنوێنێت، هەر وەکچۆن بەهۆی هەمان نەخشەی ئەبستراکتەوە (بەستوو، مەسڵەحە، کوردی...)، هەر بە (مریشک)ەوە دەبەسترێتەوە.

هەمان تایبەتێتی بونیادنانی مۆرفۆلۆژییانە لە نموونەکانی (٢٦)یشدا ڕوونکرایەوە، کە چۆن واتای مەبەست ناپێکهاتەیی بوو و لە بونیادنانەکەوە هەڵدەهێنجرا. بەم شێوەیە بونیادنان نەخشە ئەبستراکتەکەی داڕشتووە و بەهۆشیەوە بونیادە مۆرفۆلۆژییەکان داهێنراون. ئەگەر وانەبوایە، بۆ ڕێگە بە هەموو (A) و (B)یەک نادرێت، کە لە تەنیشت یەکەوە بێن و یەکەی نوێی وەک نموونەکانی (٢٦) دابهێنرێن! لەبری ئەمە "لە فەرهەنگدا ئەوەی پەیوەندیداربێت بە مۆرفۆلۆژییەوە، دوو یەکەی تێدایە، ئەوانیش: (وشە و نەخشەکان)ن، بە گشتی یاخود تایبەتێتی جیاوازەوە". ( Audring, J., and Masini, F., 2013: 1)، کە بەهۆی بونیادنان و پێویستییەکانییەوە، نەخشەکان، وشەکان لە تەنیشت یەکەوە دادەنێت، ئیدی یاسایەکی دیاریکراو ناتوانێت کۆمەڵێک وشەی دیاریکراو جیابکاتەوە و بەسەریاندا جێبەجێببێت، بەڵکو

سەرجەمی ئەم کارانە بونیادنان ئەنجامیاندەدات. لەم ڕوانگەیەوە فەرهەنگ و هەموو دانەکان، وشە، فرێزەکان و نەخشە ئەبستراکتەکان و داڕشتنی هەموو ئەمانەیش پێکەوە لەخۆدەگرێت. نەک لە فەرهەنگەوە وشەکان بێنە ڕێزمان و پاشان یاسایەکی دیاریکراو بەسەریاندا جێبەجێبکرێت و لە دواتردا دەرکردەیەک بێتەبوون. هەربۆیە ڕێزمانی بونیادنان لەسەرجەمی پێواژۆ درکپێکراوە زمانییەکاندا، یەک ئاستی نواندن دادەنێت و ئەمەیش لەئاستی درکپێکراوی بونیادنراوی ئاخێوەرانەوە دێت. "مەرجنییە دروستبوونی وشە ئاوێتەبووەکان، لەسەر بنەمای مۆدێلی ئاوێتە هەبووەکان بێت". (Booij, لە Scalise, S., and Vogel, I., 2010: 93). ئەمەش دەبێتە باشترین سەلماندنی جیاوازیی نێوان (داهێنان لەسەر بنەمای نەخشە ئەبستراکتەکان)، لەگەڵ (داهێنان لەسەر بنەمای ئانالۆژیا). کەواتە هەرکام لە نموونەکانی (٢٦)، لەسەربنەمای ئانالۆژییانەی نموونەکانی (٢٧)، نەهاتوونەتەبوون:

٢٧) ا- قاچی دەستکرد

ب- خوێندکاری زیرەک

پ- کەڵەشێری زیندوو

ت- درەختی سێڵفی

ج- زمانی باوک

ئەوەی، کە وەڵامی ئەم نەهاتنەش دەداتەوە، بونیادنان و ڕێزمانی بونیادنانە. هەرچەندە ئانالۆژیی یاساکانیش بەسەریاندا جێبەجێببێت، هێشتایش نەتوانراوە بونیادی (کەڵەشێری زیندوو)، لە زمانی کوردی و لای ئاخێوەرانی کوردیدا، دابڕێژرێت. ئەوەی لە دروستکردنی ئاوێتەکانی (٢٦)دا ڕۆڵی هەبوو، نەخشە ئەبستراکتەکان بوون. لە کاتێکدا ئەگەر ئانالۆژیا بەهەند وەربگیرایە، دەبوو ڕێگە بە هەموو هاتووەکانی (٢٧) و زیاتریش بدرایە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، کە ئایا تەنها بەهۆی زانین و ئاگایمان دەربارەی ئانالۆژیا، دەتوانرێت ڕێگە بە نموونەکانی (٢٧) بدرێت؟ یاخود پێشبینی واتاییان بکرێت؟ بەم شێوەیە یاساکان و ئانالۆژیا و ئانالۆژییای یاساکان لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا، بە نەخشە ئەبستراکتەکان جێیان دەگیرێتەوە. هەر نەخشەکانیش بەکاردەهێنرێن لە پیشاندان و خستنەڕووی ڕێکوپێکییە مۆرفۆلۆژییەکانی داڕشتەکاندا(بە واتای بنەما بونیادییەکەی داڕشتە مۆرفۆلۆژییەکان). بۆنموونە ئەوجۆرە پەیوەندییەی، کە (A) و (B) پێکەوە دەبەستەوە لە نموونەکانی (٢٦)دا، (کە لەهەمان کاتدا نەخشەکەیش پێکدەهێنێت)، دەبێتە بنەمای بونیادنانی نموونەکانی (٢٦) و هەر ئەوەیش وایکردووە، کە نموونەکانی (٢٧) وەک پێڕەوێکی مۆرفۆلۆژییانە بۆ نەخشەی ([AB]، جۆرێک لە (B) پەیوەندی بە (A)یەوە هەیە)، نەهێنێتەئاراوە/بونیادنەنرابێت.

ئەم ڕاستییە شرۆڤەکراوانە بەرەو ئەو ئاڕاستەیەمان دەبەن، کە جیاوازییەکانی نێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکس، تەنها لە ڕەهەندی بونیادنانەوە دەبێت، نەک هەرکامیان خاوەنداری لە داڕشتە و دروستەی

تایبەت بەخۆیان بکەن. لەبری ئەمە، جیاوازییەکانیان لە پێواژۆکانی بونیادنانی یەکە زمانییەکاندا دەردەکەوێت. دەرکردەی ئەم ڕاستییەیش بە زاراوەکانی (فۆنۆتاکتیک، مۆرفۆفۆنۆلۆژی، مۆرفۆسینتاکس، مۆرفۆپراگماتیک)[١] ئاماژە و گوزارشتیان لێکراوە، کە سەرجەمیان هێمان بۆ بەکارهێنانی هەمان یەکەی زمانی لە بونیادنانی جیاوازدا و ئاماژەیش بە کاریگەری یەکێکیان لەوی دیکەیاندا دەکەن و لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا وشەکان سەنتەری ئەو نواندنانە دەبن و لەسەربنەمای بەکارهێنانیان، سەرجەمی کۆزانیاریی وشەییانە دەگەیەنن. "کۆزانیاریی وشەیی، گشت ڕووکارەکانی وشەکانی زمان، وەک (بەکارهێنان، واتا، تایبەتمەندیی سینتاکسی، فۆرمی مۆرفۆلۆژی، فۆرمی فۆنۆلۆژی، فۆرمی ئۆرسۆگرافی، کەتیگۆری، ژینگەی وشەیی و پەیوەندی وشەکان بەیەکترییەوە) دەگرێتەوە". (ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم، ٢٠١٩: ٧٩). لە مۆرفۆلۆژیی بونیادنانیشدا، تەواوی ئەم کۆزانیارییانە لەسەر وشەکانی زمان دەگەیەنرێت، خودی وشەکان بەتەنهابن، یاخود لە داڕشتەیەکی ئاڵۆز و ئاوێتەدا، پەیوەندییەکان پێکیانەوە دەبەستێت، ئاماژە بە کۆزانیارییەکانیان دەدەن. هەر ئەو کۆزانیارییەیە (لە هەموو ڕووەکانەوە)، کە واتا و پارچەیەکی واتای بونیادی بە (زیندوو)ی سەر (مریشک) لە (٢٦-پ)دا بەخشیوە. لە کاتێکدا واتا و پارچە واتایەکی تەواو جیاوازی بە هەمان (زیندوو) لە (شەهیدی زیندوو)دا بەخشیوە، کە لەسەر بونیادەکە و ئەو پەیوەندییەی، کە هەرکام لە (مریشک، شەهید) بە (زیندوو)ەوە دەبەستێتەوە و لە دواتریشدا بەهۆی کۆزانیارییەکانیانەوە بونیاددەنرێن و لەپاش بونیادنانیشیان، گوزارشت لەهەمان کۆزانیاریی بونیادنراویان دەکەنەوە. لە ڕاستیدا ئەو جیاوازییە واتاییەی، کە (زیندوو)ی سەر (مریشک) مەبەستییەتی دروستیبکات، جیاوازییەک نییە لەخزمەتی (ژیان ≈ مردن)دا بێت، هێندەی مەبەستییەتی، کە جیاوازییەک لە نێوان جۆرایەتیی پەیوەندییەکانی نێوان (مریشک) و (زیندوو، بەستو، مەسڵەحە، کوردی)دا دروستبکات. دەبینرێت، کە واتای (زیندوو) خۆی بەتەنها بێت یاخود لە داڕشتەیەکدا، بەهۆی جۆری پەیوەندییەکەی و بونیادنانەکەیەوە دیاریدەکرێت، نەک لەسەر بنەمای سیمایەکی واتایی دیاریکراو و جێگیر. هەموو ئەم وردەکاری و تایبەتێتییانەی بەکارهێنان، لە بونیادنانی وشەکانی زماندا دەبینرێنەوە، کە ئەمانیش بۆخۆیان لە ڕەهەندە درکپێکراوییەکەیانەوە و بەهۆی کۆزانینی خودی وشەکان و ئاگایی ئاخێوەرانەوە هاتوون. "وشەکان هەمیشە لە ڕێگەی پێواژۆی درکپێکردنی پۆلکردن و داڕشتە چەمکییەکانەوە دەنوێنرێن". (قادر، کاروان عومەر و عەبدوڵا، گۆنا عومەر، ٢٠٢١: ٣٨).

---

[١] - زانیاریی ورد و تەواو دەربارەی هەرکام لەم زاراوانە و ڕێباز و شێوازی کاکردن و ئامادەییە جیاوازەکانیان لە زانستی زماندا، لە: ١- قادر، ئەبوبەکر عومەر، ٢٠٠٣. ٢- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا و سەعید، سازان زاهیر، ٢٠١٩. ٣- خضر، هاوکار عومەر، ٢٠١٩. ٤- ساڵح، دڵشاد غالی و عەلی، پێشڕەو ساڵح، ٢٠١٩. ٥- حسەین، شیلان عومەر، ٢٠١٢ و٢٠١٧ و ٢٠٢١.

ئەم ڕوانینانەی مۆرفۆلۆژیی بونیادنان لە داڕشتە مۆرفۆلۆژییەکان، جارێکیتر جەختکردنەوەیە لەو کارکردنە هاوتا و یەکسانییەی، کە مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و فەرهەنگ لەیەک ئاستی نواندندا دادەڕێژرێن. "مۆرفۆلۆژیی بونیادنان، ئامانجی تێگەیشتنێکی باشترە لەو پەیوەندییەی نێوان ڕستەسازی، مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگ، هەروەها لە وردەکاری و تایبەتمەندێتییە سیمانتیکییەکانی وشە ئاڵۆزەکان". (Booij, G., 2010: 543). باشترین بەڵگەیش بۆ ئەمە ئەوەیە، کە وردەکارییە سیمانتیکییەکانی وشەکان، جێگیر و دیاریکراو و تایبەت نین بە مۆرفۆلۆژی یان سینتاکس و فەرهەنگەوە، بەڵکو بونیادنان هەموو ئەمانەی داپۆشیوە و بەکارهێنان، سروشت و تایبەتێتی خۆی بەسەر هەرکام لە دابەشکاری و مۆدیولە زمانییەکاندا دەسەپێنێت. هەر بەم سروشتە و فراوانتریشەوە، لە پارەکانی دواتردا تێکچڕژاوە ئاڵۆزییەکانی داڕشتە زمانییەکان لە بونیادنانە فراوانەکانی ڕستە و دەربڕاوە ئاڵۆزەکانی ئاخێوەراندا دەخرێنەڕوو.

## ٣/٢) پێواژۆ درکپێکراوە ڕێزمانییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا

ڕێزمانی بونیادنان چوارچێوەیەکی فراوان دەڕەخسێنێت، کە تێیدا لێکۆڵینەوە زمانییەکان پابەنددەکرێن بە لێکدانەوەی هەموو لایەنەکانی پێکهاتەی زمانی. بۆنموونە لە لێکدانەوەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا، چۆن ئاگاییە پراگماتیکییەکان هاوکاردەبن! تا ئەو ڕادەیەیش، کە پراگماتیک سەرچاوەی لێکدانەوە زمانییەکانی دیکەیە. ئەمەیش گرنگیدەدات بە تێکەڵکردنی تایبەتمەندییە شیکارییەکانی ناوخۆی زمان و هۆکارە کاریگەرە دەرەکییەکانی وەک (بەکارهێنان، گۆڕانی زمانی، بەپێواژۆکردن، فێربوونی زمان، کارکردن بە زمان(وەک لە زمانەوانیی هەژمارەییدا دەبینرێت)[١]، هەروەها کۆزانیاریی گشتی لە زماندا). بەمشێوەیە دیدێکی فراوان بۆ ڕێزمان و لێکدانەوە ڕێزمانییەکانیش دادەنرێت و لە ڕوانینی زانا (Booij, 2005: 18)یشەوە "زاراوەی فەرهەنگ ئاماژە بۆ کۆگای هەموو زانیارییە بونیادنراوەکانی وشەکان و زانیارییە بونیادنراوەکانی دیکەی زمان دەکات". لەمڕوانگەیەوە فەرهەنگ داڕشتەیەکە بۆ هەموو زانیارییە تۆمارکراوەکانی ناوی، کە تەواوی یەکەکانی بە سەرجەمی زانیارییە پێویستییەکانی بەکارهێنانەوە بۆ ساتی بەکارهێنان، تێدا دەڕەخسێت، کە ئەمانەیش تەنها بەهۆی ئەزموونی زمانی و شارەزایی زمانییەوە گریمانەی بونیان دەکرێت. هەربۆیە نموونەکانی وەک (٢٨) لە سەر زمانی منداڵان و دەربڕینەکانیاندا، بە ئاسانی دەبیسترێن:

٢٨) ا- مارە ڕایکرد.

ب- کەواندمی.

---

[١] - زانیاریی زیاتر دەربارەی لێکدانەوەکانی زمانەوانی هەژمارەیی، لە: - وەهاب، عومەر فەتحوڵا، ٢٠١٥دا دەبینرێتەوە.

هۆکاری بونیادنانی دەربڕاوی (٢٨- ا)، تەنها بۆ کورتهێنان لە شارەزایی زمانی و نازمانیی منداڵدا دەگەڕێتەوە(کە هەردووکیان لەلای ئاخێوەر درکیانپێکراوە و ئاماژە بە ئەزمون و زانینە زمانییەکەی دەکەن). هەروەها هۆکاری لاوازی و بونیادنان و درکپێکردنی (٢٨- ب)، جێبەجێکردن و بەهەندوەرگرتنی وشە و یاساکانە(بە ڕەهایی) لە قۆناغێکدا، کە دواتر و بەهۆی میمەسە کۆمەڵایەتی و زمانییەکانی بەکارهێنانەوە، منداڵ (٢٨- ب) دەگۆڕێت بۆ (خستمی) و ئەو ڕاستکردنەوەیەشی لەسەر بنەمای بەکارهێنانە کۆمەڵایەتی-زمانییەکانی چواردەورییەتی. ئەمەیش لەو ڕاستییەوە دێت، کە منداڵ بونیادێک دەسازێنێت، کە فۆڕم-واتای تێدا تواوەتەوە. "مەرجی فێربوونی وشە لای منداڵ، پەیوەندی دروستکردنە لە نێوان دەنگ و واتادا. ئەوکاتەیش دڵنیادەبێتەوە، کە منداڵ توانیویەتی پەیوەندیی لەنێوان دەنگ و واتادا دروستبکات، کە نموونە هاوشێوەکانی لە چواردەوری خۆیدا بینی و توانی بە وشەی پەیوەندیدار گوزارشتیان لێبکات". (عبدالكريمي، سپيده، ١٣٨٦: ٨٢). مەبەست لە دروستکردنی پەیوەندیش لەنێوان دەنگ و واتادا، هەمان پێواژۆی بونیادنانە، کە منداڵ دەنگەکان(فۆڕمەکان) لەپێناو کردە یان واتایەکی تایبەت و دیاریکراوی زانراودا(بۆخۆی)، بەکاردەهێنێت.

ئەوەی لەناو ئەم بونیادەدایە، ئاماژە بە قۆناغە دیاریکراوەکانی زمانپژان و فێربوونی زمان لەلای منداڵ دەدات. هەروەکچۆن لە قۆناغەکانی سەرەتای زمانپژانیدا، تاکە یەک فۆڕم(بۆنموونە کردار)، لە بری دەربڕاوێکی تەواو و دروست بەکاردەهێنێت. لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردن و ڕێزمانی بونیادنانەوە، ئەم قۆناغە سەرەتاکانی دەستپێکردنی زمانپژانی منداڵە، کە پێیدەوترێت (Holophrases)[١].

نموونەکانی (٢٩) ئاماژە بە تواندنەوەی فۆڕم-واتا دەکەن لە بونیادێکی یەک وشەییدا لەلای منداڵ:

٢٩)ا- وەوەکە. لە بری (سەگەکە هات)، (سەگەکە ڕۆشت)، (ئەوە سەگە)، (سەگەکەم بینی).

ب- دیدە. لەبری (سەیارەکەمان)، (بڕۆینە دەرەوە)، (سەیارەکەم بینی)، (ئەوە سەیارەیە).

لەم ڕاستییانەوەیە، کە زانا (Croft, W. 2001: 55)، ئەوە دەخاتەڕوو، کە "هیچ پۆلێکی سینتاکسی نەخشەیی، نوێنەرایەتیی یەکەیەکی سەربەخۆی ڕێزمانی ناکات". لەبەرئەوەی هەر دەربڕاو یان ڕستەیەکی

---

١- هۆلۆفرەیز، دیاردەیەکی کورتکراوەی دەربڕاوەکانە و لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردەهێنرێت. چەند وشەیەکی خراوەتەکیەک، لە یەک وشەدا کورت و بچوکدەکرێنەوە. بە واتایەکی دیکە، دەربڕاوێکی فریزی و ڕستەییە لەیەک وشەدا. بۆنموونە (Going to) لە یەک وشەدا کورتدەکرێتەوە و دەبێت بە (Gonna). هەروەها (Wanna) بەرانبەر بە ( Want to… یان Want a…). یاخود (Howdy)، هۆلۆفرەیزی (How do you do)ی ئینگلیزییە. هەریەکە لە زانایان ( Micheal Tomasello و Patricia Brooks)، بەمشێوەیە هۆلۆفرەیز دەخەنەڕوو: "هۆلۆفرەیز دیاردەیەکە، کە تێیدا یەک هێمای زمانی تاک(بە گشتی لە ئاواز و دەربڕینێکی دیاریکراودا) بەکاردەهێنن، لە پێناو گوزارشتکردن لە مەبەستەکانی خۆیان دەربارەی یەک دیمەن/مەشهەدی دیاریکراو". (Barrett, M. 1999: 163). ئەم دیاردەیە وەک نموونەیەک بۆ شێوازی زمانپژانی منداڵ هێنراوەتەوە. ئەگەر نا، دیاردەی هۆلۆفرەیز، زیاتر لەسەر زمانی گەورەساڵان و شارەزایان لە زمان بەکارهێناندا، بەدیدەکرێت. ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا بە (پێکهاتەی سەرتۆپی واتا چڕکراو)، لەلایەن: - قادر، کاروان عومەر، ٢٠٠٨،وە ڕوونکراوەتەوە. زانیاریی زیاتر و نموونەی پێویست دەربارەی دیاردەکە لەوێدا خراوەتەڕوو.

ڕێزمانی، بونیادنانێک دەنوێنێت، کە دەشێت تەنها جەمسەرە (فۆڕم)ییەکەی، نوێنەرایەتییەکی تەنها و سەربەخۆی ڕێزمان بکات، لە کاتێکدا جەمسەرەکەی دیکەی، کە واتا/کردەیە، وندەبوو. لەم ڕوانگەیەوەیە، کە زانا کرۆفت زاراوەی سینتاکسی نەخشەیی بۆ ئەو قاڵبە نەخشەدارە سینتاکسییانە بەکاردەهێنێت، کە پێشتر بەجەستەکراون و لە پێواژۆی ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێنەوە، کە چۆن ناتوانن بە تەنها نوێنەرایەتی تاک و تەنهای ڕێزمانی بکەن. لەبری ئەمە، نوێنەرایەتی هۆکارەکانی بونیادنانیشیان دەکەن، کە ئەمانیش(هۆکارەکانی بونیادنانیان) لە کۆتاییدا بەجەستەیان دەکەن. هەر لەمڕوانگەیەوە، دەربڕاوەکانی ئاخێوەران تەنها و تەنها کاتێک بەڕێزمانیکراون، کە جوتکراوی (فۆڕم-واتا)بن. کەواتە سەرجەمی پێواژۆ ڕێزمانییەکانیش لە ئەدگاری بونیادنانەوە دێنە ژوورەوە. ئەوەیشی تایبەتبێت بە وەرگرتنی زمان (Language Acquisition)، لە ڕێزمانی بونیادناندا، بە زانین و فێربوونی بونیادەکانەوە دەبەسترێنەوە. بەو واتایەی، هەنگاوەکان و فێربوونی بونیادەکان، بەواتای هەنگاوەکان و فێربوونی زمانی دێت. هەربۆیە دەربڕاوەکانی (٢٩)، لەبەرئەوەی وەک داڕشتەیەک (فۆڕمێکی بەستراوە بە کردەیەکەوە) بەکارهێنراون، ئەوا بونیادێکن. فێربوونی سەرجەمی زمانەکەیش بە هەمان تایبەتێتی بونیادی دەبێت. "منداڵان دەبێت هێندە نەرم و نیان بن، کە نەک تەنها وشە جیاوازەکان و دەربڕینە ئاساییەکان فێرببن، لەگەڵیشیدا دەبێت هەموو جۆرە جیاوازەکانی نەخشە و خستنەتەکیەک و بونیادنانەکان لەڕووی ڕێزمانەوە فێرببن. بەمپێیە ساڵانێکی زۆر لە کارلێکی ڕۆژانە لەگەڵ بەکارهێنەرانی زمانی پێگەیشتوانی دەوێت، تا ئەوەی منداڵان بتوانن کارامەیی هاوشێوەی گەورەساڵان بەدەستبهێنن". (Tomasello, 2003: 1-2). بۆ ئەمەش منداڵان توانستە درکپێکردنە گشتییەکانیان بەکاردەهێنن. بۆنموونە توانای بەدواداچوون بەپێی ئاماژەی ئەوانی دیکە بۆ شت و ڕووداوە دوور و نائامادەکان، توانای خوێندنەوەی ئاماژە نازمانییەکانیان، توانای فێربوونی بەکارهێنانە کلتورییەکانی کردارە مەبەستدارەکانی ئەوانی دیکە، چۆنییەتی مامەڵەکردنە زمانییەکانیان لەگەڵ هەموو ئەمانەدا... پێویستن بۆ بەدەستهێنانی بەکارهێنانێکی گونجاوی هەر هێمایەکی زمانی، لەوانەیش دەربڕاوە زمانییە ئاڵۆزەکان و بونیادنانەکان. هەر لەم ڕوانگەیەوە زانا (میشێل تۆماسیلۆ، سەرچاوەی پێشوو)، ئاماژە بەوە دەدات، کە منداڵانی ئینگلیز زمان، کاتێکی زیاتریان دەوێت لە فێربوونی بونیادی ڕستە پاسیڤەکاندا(ئەو ڕستانەی، دەربارەی بونێکن، کە شتێک بەسەریاندا ڕوودەدات)، وەک نموونەکانی (٣٠)ی خوارەوە:

٣٠) ا- دیکۆری ئەم ماڵە لەلایەن کچەکەمانەوە هەڵبژێرراوە.

ب- بەهۆی شکارەوە دووکانەکەتانم دۆزییەوە.

پ- دزەکە لەلایەن خاوەن ماڵەکەوە گیراوە.

ت- لەبەر تۆ خۆم خستە ئەم گێژاوەوە.

مەبەست لە بونیادی پاسیڤ، ئەو ڕستانەن، کە کەسێک یان شتێک، کاتێک کردەیەک ئەنجامدەدات، بەرکاربێت نەک بکەر. (کچەکە)، لە (٣٠- ا)دا، کردارێکی ئەنجامداوە و خۆشی وەک دووەم لە ئەنجامدانی کردەکەدا دەردەکەوێت. هەروەها (شکار) لە (٣٠- ب)دا، هۆکاربووە بۆ دۆزینەوەی دووکانەکە، بەڵام بکەر و چالاککەری سەر کردارەکە نییە. هەریەکە لە (دیکۆری ماڵەکە) و (دووکانەکە)، بوونێکن، کە شتێک بەسەریاندا ڕوویداوە. ڕووداوەکەیش، لەلایەنێکەوە بووە، کە وەک پاسیڤ و بکەرێکی ناسەرەکی و ناچالاک لە ڕستەکاندا هاتووە. هەرچەندە (خاوەن ماڵ)ی (٣٠- پ)دزەکەی گرتووە، بەڵام بونیادی کرداری ڕستەکە نەدراوەتە پاڵی. مەبەستەکە بە ڕوونی دەردەکەوێت، ئەگەر (٣٠- ت) بەراوردبکرێت بە (٣١):

٣١)- من خۆم خستە ئەم گێژاوەوە.

لە نموونەکەوە دەردەکەوێت، کە بونیادەکەی، ئاماژە بە کردە و چالاکێکی دیار و ڕوون دەدات و شاردنەوە یاخود پاسیڤکردن ناگەیەنێت. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە، با لە نموونەکانی (٣٢) بڕوانین:

٣٢) ا- کوڕەکە سەیارەکەی دزی.

ب- سەیارەکە لەلایەن کوڕەکەوە دزرا.

هۆکاری ئەو درەنگ فێربوونەی بونیادی ڕستەی پاسیڤ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بونیادنانی ڕستەیەکی پاسیڤ، زیاتری دەوێت وەک لە بونیادنانی ڕستەیەکی ئەکتیڤ. "لە لێکدانەوەکانی دەروونناسیی زمانی/زانستی زمانی دەروونی Psycholinguisticsدا، پاشخانێکی دەوڵەمەند دەربارەی ئەم دیاردەیە هەیە، تا ئەو ڕادەیەی، کە تیۆرێک بە ناونیشانی: تیۆری وەرگیراو لە ئاڵۆزی، شیکردنەوە بۆ ئەم دیاردانە دەکات و پێیوایە، ئەو بونیادنانانەی، کە بەهۆی بەکارهێنانی گۆڕانکاریی زیاترەوە داڕێژراون، فێربوونیان قورس و سەختتردەبێت". (Winters M. E. and Nathan G. S. 2020: 67). تیۆری وەرگیراو لە ئاڵۆزی، شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ سروشتی داڕشتە زمانییەکان دەکات، بۆنموونە ڕستەی بونیادە ئەکتیڤەکانی لە چەشنی (٣٢-ا)، بەکارهێنان و دەربڕینیان زیاترە و کەمتر گۆڕانی پێواژۆ هەمەجۆرە ڕێزمانییەکانیان بەسەرداهاتووە، هەر بۆیە فێربوون و دووبارە بونیادنانەوەیان ئاسانتر و خێراترە، وەک لەو ڕستانەی، کە گۆڕانکاری و پێواژۆی جیاوازی ڕێزمانیان بەسەرداهاتووە. هۆکاری بەسەرداهاتنی گۆڕانکارییەکانیش، لە ڕەهەندی بنەمایی بەکارهێنان و خواست و توانستی درکپێکردنی تایبەتی ئاخێوەرانەوە دێن.

وەک لە بەشی یەکەمی ئەم نامەیەدا و بەدیاریکراوی لە (١/ ٣-٢)دا و لە مۆدێلی ڕێزمانی بونیادنانی بنچینەییدا خرایەڕوو، زمانەکانیش مامەڵەی هەمەجۆر و جیاواز لەگەڵ بونیادنان و سروشتی بونیادیی

دارشته سینتاکسییەکەیاندا دەکەن. بۆنموونە، بەراوردی دوو بونیادی هاوشێوە لەنێوان زمان و ڕێزمانی کوردی و ئینگلیزیدا بۆ یەک بارودۆخی دیاریکراو لە نموونەکانی (٣٣ و ٣٤)دا خراوەتەڕوو:

٣٣) ا- پاسەکە بەجێیهێشتم.

ب- سەیارەکە نەوەستا بەدیارمەوە.

پ- زەمانە بێوەفایە.

34) A- I missed the Bus.
B- I missed the opportunity.

لە نموونەکاندا ئەوە دەردەکەوێت، کە مامەڵەی زمانەکان بەپێی جۆرایەتی تایبەتی خۆیان دەگۆڕێت و لە بونیادنان و دارشتە ڕێزمانی و سینتاکسییەکانیشیاندا، ئەو ڕاستییە ڕەنگدەداتەوە. بۆنموونە لە دەربڕاوەکانی (٣٣)دا، ئاخێوەر هۆکاری ڕوودانەکان بە دەرەوەی خۆی دەبەستێتەوە، بۆنموونە (پاسەکە، سەیارەکە، زەمانە). لەم بارودۆخەدا ئاخێوەر خۆی لە بەرپرسیارێتی و ڕووداوەکان دووردەخاتەوە. لە کاتێکدا لە زمانی ئینگلیزیدا و لە نموونەکانی (٣٤)دا، کە دەقاودەق هاوتای نموونەکانی (٣٣)ن، ئاخێوەر خۆی بە هۆکاری سەرەکی بەرپرسیارێتی و ڕوودانەکان دەزانێت. هۆکاری ئەوەیشی، کە منداڵی ئینگلیز زمان درەنگتر فێری بونیادە پاسیڤەکان دەبن، هەر لەو ڕاستییەوە هاتووە، کە ئەو بونیادانە کەمتر لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردێن و ئەوەیش بووەتە تایبەتێتییەکی دیاری بونیادنان لە زمان و ڕێزمانی ئینگلیزیدا، کە دەتوانرێت بە (چەمکی دیاریکراو) ئاماژەیپێبدرێت. (هۆکاری ئەوەی، کە منداڵی ئینگلیز زمان درەنگتر فێری بونیادی پاسیڤ دەبن، لەبەرئەوەیە، کە ئەم بونیادە، بەراورد بە بونیادە ئەکتیڤەکان، هەم ئاڵۆزە(بەهۆی بوونی چەند توخمێکی زمانیی زیادە و جیاوازەوە)، هەمیش بونیادنانی لە ئەزمونی سەرەتایی زمانی منداڵدا زۆرنییە). (Tomasello, 174). هەرکام لە نموونەکانی (٤٠)، زیاتر سەرنجەکانی زانا تۆماسیلۆ لە زمانی کوردی و قۆناغە سەرەتاییەکانی فێربوونی زمان و زمانی بەکارهێنراوی ئاڕاستەکراوی منداڵاندا ڕووندەکەنەوە:

٤٠) ا- یارییەکانم شکاند.

ب- یارییەکان شکان.

پ- یارییەکان لەلایەن ژیارەوە شکێنران.

ت- پشەکە خواردی.

ج- مامە یارییەکانی بردووە.

نموونەکانی (٤٠) ئاماژە بە هەردوو بونیادی (ئەکتیڤ و پاسیڤ) دەدەن. (٤٠- ا) بونیادێکی ئەکتیڤی وەک (کەسێک(من) Xی شکاند) دەگەیەنێت. (٤٠- ب) ئاماژە بە بونیادێکی نادیاری وەک ( Xشکا) دەدات. (٤٠- پ)، بونیادێکی تەواو پاسیڤی وەک (X لەلایەن کەسێکەوە شکێنرا)ی هەیە. جیاوازیی لەنێوان بونیادی (کەسێک Xی شکاند) و ( X لەلایەن کەسێکەوە شکێنرا)، لە ئەکتیڤی و پاسیڤیدایە، کە

بونیادە پاسیڤەکە بەکارهێنانی بەرانبەر بە منداڵان لە زمانی ئینگلیزیدا کەمە و هەمیش ئاڵۆزیی زیاتری هەیە، بەڵام هەمان بونیاد، بەکارهێنانێکی فراوانتر و زیاتری بەرانبەر بە منداڵانی کورد زمان هەیە، کە دەشێت هەر ئەو ئاڵۆزییە بێت، کە دواتریش ڕێژەی بەکارهێنان و بەکارنەهێنانیان لەلای منداڵانی کورد و ئینگلیز دەگۆڕێت. هەرچەندە (٤٠- ت، ج) لە ڕووی ڕێزمانەوە وەک ئەکتیڤ دەردەکەون، بەڵام لە ڕووی بونیادنانەوە، بەکارهێنان و مەبەستێکی پاسیڤییانەی هەیە، ئەم مەبەستە پاسیڤییانەیش، سروشتێکی نادیاری و ناڕوون دەدات بە دەربڕاوەکانی ئاخێوەری گەورەساڵان بەرانبەر بە منداڵان، کە گریمانەدەکرێت، هەمان سروشت و تایبەتێتی لە ئەزمونی فێربوون و زمانپژانی منداڵدا درێژەبکێشێت و ببێت بە جۆرێک لە دەربڕاوی ئاسایی و ئەویش بەهەمانشێوە لە ئاخاوتنەکانیدا دووبارەیاندەکاتەوە.

بەکارهێنانی ئەم بونیادە بەرانبەر بە منداڵانی ئینگلیز زمان بە بەراورد بە بونیادەکانی دیکە، ڕێژەیەکی زۆر کەمتری هەیە. بۆنموونە لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتدا دەربارەی بەکارهێنانی بونیادی پاسیڤ بەرانبەر بە منداڵان لە زمانی ئینگلیزیدا، هەریەک لە زانایان (Peter Gordon & Jill Chafetz)، ئەوەیان سەلماندووە، کە "منداڵێک لە (٢٠) هەزار ڕستەی گەورەساڵاندا، تەنها یەکجار و بۆ یەک ڕستە گوێی لە بونیادێکی پاسیڤ دەبێت". (Gordon P. and Chafetz J. 1990). لەکاتێکدا ئەم نادیارییە لە کلتور و ئەزمونە ئاوەزی-کلتوری-زمانییەکەی زمانی کوردیدا، بەکارهێنانێکی فراوانی هەیە و لە بەکارهێنانی ڕۆژانە بەرانبەر بە زمانی منداڵان(وەک لە (٤٠- ت، ج)دا دەرکەوت) و زمانی سیاسی و بەڕێژەیەکی زیاتریش لە بەکارهێنانە زمانییەکانی زمانی ڕاگەیاندن و زمانی ئاینیدا، بە فراوانی دەبینرێت. بەمشێوەیە و پاشی ئەزمونکردن و بونیادنان و دووبارەکردنەوەی بونیادەکان "منداڵان زۆر زوو فێری پەیوەندییەک دەبن لەنێوان فۆڕمی زمانەوانی و ئەو پرسانەی، کە بۆیان گرنگە، لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەنیشیاندا، ئەو پرسانەی بۆیان گرنگن دەگۆڕێن و گۆڕانکارییەکان بەهەمانشێوە ڕوودەدەن". (Eckert, P., 2010: 72). لێرەوە دەتوانرێت بوترێت، کە لە ڕێزمانی بونیادناندا، درکپێکردنەکان دەکرێن بە کردە و لە پێواژۆ ڕێزمانییەکاندا فۆڕمەکان دەیاننوێنن و بە کۆکردنەوەی هەردووکیان دەوترێت بونیادنان.

ئەم بوارە لە بەکارهێنانەکانی زمانی کوردیدا، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی کارەکی تایبەت هەیە و ئەمەیش دەرگای چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر ڕێزمانی بونیادنانی زمانی کوردی دەخاتە سەر پشت. بۆنموونە لەسەر بنەمای ئەم شرۆڤە و لێکدانەوانەی ڕێژە و ئاستی بەکارهێنانی بونیادە پاسیڤ و ئەکتیڤەکان لە زماندا، گریمانە دەکرێت بنەمای داڕشتنی زمانی منداڵیش ئاراستەبکات. بۆنموونە بەکارهێنانی زمانی درۆکردن، کە گریمانە دەکرێت مەودا و ڕەخساندن بۆ ڕوودان و بونیادنانی ئەم جۆرە لە ڕستە، لە بونیادی پاسیڤ و ئەم چەشنە لە بەکارهێنانی زمانیدا، ئاسانتر و خێراتر ڕووبدات. بەو واتایەی، کە لە ڕستە پاسیڤەکاندا، ئاسانتر دەتوانرێت جێگەی بەکارهێنانی ڕستەی درۆکردن بکرێتەوە.

"ڕێزمانی بونیادنان چوارچێوەیەک بۆ بەمۆدێلکردنی دەوروبەرە بەڕێزمانیکراوەکان لەڕوانگەی جوتبوونی (فۆڕم-واتا)وە پێشکەشدەکات". (Coussé, E. & Andersson, P., and Olofsson, J., 2018: 4). کەواتە بەڕێزمانیکردن و بەمۆدێلکردنی دارشتە ڕێزمانییەکان پەیوەستن بە سروشتە بونیادییەکەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە جیاوازیی لەنێوان یەکەیەکی وەک وشە و دارشتەی فرێزی و ڕستەکان لەوەوەیە، کە زانیارییەکانیان (جەمسەرە واتاییەکانیان) وردەکاریی زیاتر یان فراوانتر لەخۆدەگرن و بەهۆیانەوە جیادەکرێنەوە، نەک بەهۆی پێکهاتە و دارشتە ڕێزمانییەکانیانەوە. بۆنموونە کردارێک بە تەنها، زانیاری دەربارەی چوارچێوە سیمانتیکییەکەی و بەرهەمداری یاخود هێز و وردەکارییە سینتاکسییەکەی لەخۆدەگرێت. لەکاتێکدا بونیادی فرێزێکی کرداری، زانیاریی گشتی و زیاتری دەربارەی یەکە پێکهێنەرەکانی خودی فرێزەکە و سەرجەمی بونیادنان و دارشتەکە لەخۆگرتووە. ئەو زانیارییانەی، کە دەربارەی (خواردن، خوێندن، شکان)، وەک کرداری (خواردم، خوێندم، شکا) هەن، خۆی لە چوارچێوەیەکی سیمانتیکی و هێزێکی ڕێزمانیدا دەبینێتەوە. بۆنموونە (خوێندن [کتێب، مامۆستا، وانە، هەوڵدان...])، (خواردن [نان، سوێند، شەراب، پارە...])، (شکان[ قاچ، بەڵێن، قسە، دەرگا، پەنجەرە...])، چوارچێوە سیمانتیکییەکە بۆ هەرکام لە (خواردن، خوێندن، شکان) پێکدەهێنن. هەروەها دارشتەی ڕێزمانی و هێزی هەرکام لەم کردارانە وەک یەک هێزی و دوو هێزی دیاریکراون، بەڵام لە نموونەکانی (٤١، ٤٢ و ٤٣)دا، کە لە بونیادێکی ڕێزمانی و دارشتەیەکی سینتاکسیدا هاتوون، زانیاریی دیکە لە بونیادەکەدا دەنوێنن. کەواتە زانیارییە ڕێزمانییەکانی وشەکان بەپێی هاتنیان لە بونیادە جیاوازەکاندا، گۆڕانی جیاواز دەنوێنن. بەو واتایەی وشەیەک، بە تایبەتێتییەکی ڕێزمانییەوە، بۆخۆی بەتەنیا ڕەفتار دەکات، لە کاتێکدا لە بونیادی فرێز یان ڕستەیەکدا، پێواژۆیەکی درکپێکراوی جیاواز دەنوێنێت. بەمشێوەیە یەکە زمانییەکان و تەواوی دارشتەی زمان (بە یاسا ڕێزمانییەکانیشەوە)، بە بونیادنانی تایبەت دادەنرێن. لەمڕوانگەیەوە بونیادنان ڕەخساندنێکە لە نێوان بارودۆخ و یاسا ڕێزمانییە کارپێکراوەکاندا. ئەوەیشی، کە هەیە، وەک جوتکردنی (فۆڕم-واتا) جەختی لەسەر دەکرایەوە. مەبەست لەمەیش، جوتکردنی بارودۆخ و یاسا ڕێزمانییەکانە پێکەوە. بەمشێوەیە دەتوانرێت ئەوە بوترێت، کە نەخشە ڕێزمانییەکان(واتە ئەوە ئەسکەلە ڕێزمانییانەی، کە ئاخێوەران بۆ دارشتەکانیانی دەسازێنن) و پێواژۆ ڕێزمانییەکانیش بەهەمان شێوەی وشەکان (وەک لە مۆرفۆلۆژیی بونیادناندا خرایەڕوو)، جوتکردنە ئاساییەکانی فۆڕم-واتان.

٤١) خواردن:

ا- نانەکەیان خوارد. (خواردنی ئاسایی)

ب- دەیانەوێت ساردی بخۆنەوە. (خواردنەوەی شلەمەنی)

پ- ئامۆزاکەم دەخواتەوە. (شەراب)

ت- پارەکەمی خوارد. (فێڵکردن)

ج- زۆر ئامۆژگاری کرا، با بیخوات. (ئەنجامی)

چ- سوێنددەخۆم من وام نەوتووە. (بەهاپێدان)

٤٢) خوێندن:

ا- کچەکەمان دەخوێنێت. (بەردەوامی)

ب- هەر سێ وانەکەمان خوێندووە. (دیاریکردن)

پ- کەڵەشێرەکە زۆر دەخوێنێت. (دەنگی بەرز و بێزارکەر)

ت- دوعایەکی بەسەردا بخوێنە. (چارەسەری ئاینی)

ج- زۆر لێمان دەخوێنن. (باسکردن)

٤٣) شکان:

ا- قاچی شکا. (ئازار)

ب- لەناو خەڵکدا مەمشکێنە. (سوکایەتی)

پ- بەڵێنەکەی شکاند/دڵی شکاندم. (بێوەفایی)

ت- قسەکەی منت شکاند. (گرنگی پێنەدان).

ج- ڕۆژووەکەی/دەستنوێژەکەی شکا. (بەتاڵبوونەوە)

چ- بایکۆتیان شکاند/ سەرخەوێکم شکاند. (بارودۆخ+کاتێکی دیاریکراو)

ح- شەکری شکاند! (سەرزەنشتکردن)

پێواژۆ ڕێزمانییەکانی هەرکام لە (خوێندن، خواردن، شکان)، لە نموونەکانی (٤١، ٤٢ ، ٤٣)دا، زانیاریی زیاتر و گشتی دەربارەی سەرجەمی بونیادەکە دەگەیەنن. بەهۆی بونیادنانیانەوە، هەم چوارچێوە سیمانتیکییەکان و هەمیش هێز و بەرهەمدارییە سینتاکسییەکانیان دەگۆڕێت. بۆنموونە لە (٤٢- ا)دا، دارشتەکە لە (بکەر، بەرکار، کردار) پێکهاتووە. لەکاتێکدا داڕشتەی (٤٢- پ) لە (بکەر، کردار)، پێکهاتووە. بەهەمانشێوە لە تەواوی نموونەکانی دیکەی (٤١)دا، (خواردن) بونیادی جیاوازی گەیاندووە. ئەو زانیارییانەی، کە (خوێندن)، لە دەرەوەی پێواژۆکاری ڕێزمانی دەیگەیەنێت، چونکە خۆی بەتەنها خاوەنداری لە چوارچێوەیەکی سیمانتیکی و تایبەتێتی ڕێزمانی سەربەخۆ دەکات، جیاوازە لەو زانیارییانەی، کە هەمان (خوێندن) لە پێواژۆ ڕێزمانییەکان و بنەمایی بەکارهێنانە جیاوازەکانیدا دەیگەیەنێت، بەمشێوەیە لە بونیادنانیدا زانیاری و چوارچێوە سیمانتیکی و ناوەڕۆکەکەیشی دەگۆڕێت. هۆکاری ئەمەیش بۆ بە پێواژۆدابردنی (خوێندن)ە، لە چەند بونیادێکی جیاوازی وەک نموونەکانی (٤٢- پ، ت، ج)دا دەردەکەوێت، بەهۆی ئەو هێڵەگرێدەرەوە، کە تەواوی بونیادەکە پێکەوە دەبەستێتەوە، هێز و بەرهەمداریی ڕێزمانیی جیاواز و تێگەیشتنی جیاوازیش دەگەیەنێت. وەک دەردەکەوێت بونیادنانی (خوێندن) لە (٤٢- ا)دا بەهۆی (بکەر، کردار)ەوە داڕێژراوە. لەکاتێکدا بونیادی هەمان کردار لە (٤٢ -

ب)دا، بەهۆی (بکەر+بەرکار+کردار)ەوە داڕێژراوە. بەهەمانشێوەی بونیادی (شکان) لە نموونەکانی (٤٣)دا وایکردووە، کە زانیاریی زیاتر و گشتی دەربارەی یەکە بەشدارەکانی داڕشتە و بونیادەکە لەخۆبیگرێت. بۆنموونە سروشتی یەکە بەشدارەکان لە (٤٣- ا)دا، تەواو جیاوازە لە سروشتی یەکە بەشدارەکانی (٤٣- ب). هەر بەهۆی پێواژۆ ڕێزمانییەکانی بونیادنانی (شکان)ەوە، لە (٤٣- پ، ت، ج)دا، ئاڕاستەی چوارچێوەی سیمانتیکی خودی کردارەکە و سەرجەمی یەکە بەشدارەکانی ناو بونیادەکە و سروشتیشیان دەگۆڕێت. بۆنموونە بەهۆی بونیادنانی (شکا)ی (٤٣- ا) و (٤٣- ج)ەوە، سروشت و تایبەتێتی بکەرەکانی هەرکام لەو بونیادانە، تەواو لەیەک جیاوازن و ئاڕاستەی چوارچێوە سیمانتیکییەکە و سروشتی بکەرەکانیشیان لەیەکتر دەگۆڕێت. مادەم لێدوانەکان لەسەر بونیادنانن، فۆڕمی (٤٣- ا)، کە فۆڕمێکی تایبەت و دیاریکراوە لە بونیادنانێکدا، هەربۆیە ئاماژە بە واتایەکی تایبەت و دیاریکراو لە خودی بونیادەکەی خۆیدا دەکات. بەهەمانشێوە بۆ فۆڕمی (٤٣- ج)یش، کە تایبەت و دیاریکراوە و هەر ئاوایش پەیوەستە بە یەک واتای تایبەت و دیاریکراوەوە. هەر ئەمەشە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ناساندنەکەی زانا (گۆڵدبێرگ) بۆ بونیادنان[١]، کە ناتوانرێت بەهۆی هەندێک لایەنی فۆڕم یان واتاوە، پێشبینی داڕشتەی سەرجەمی بونیادەکە بکرێت. ئەگەر وانەبوایە ئەوا بەهۆی فۆڕمی (شکا)ی (٤٣- ج)ەوە، دەمانتوانی پێشبینی فۆڕمی واتاییمان بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی (٤٣- ب) بکردایە. لەکاتێکدا دوو بونیادی تەواو جیاوازن و هەر فۆڕمێکیان ئاماژە بە واتایەکی تایبەت و جیا لە واتاکانی دیکەی (شکان) لە بونیادە جیاوازەکاندا دەکات. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە "فۆڕم لە بونیادناندا پەیوەستە بە جۆری جیاوازی زانیاریی پەیوەندیداری ڕێزمانییەوە، کە دەشێت (سیمانتیکی، پراگماتیکی، سینتاکتیکی، مۆرفۆلۆژی، فۆنۆلۆژی یاخود فەرهەنگی)بێت". (Boas H. C. 2003:87). سروشت و تایبەتێتییە زمانی (ڕێزمانی، واتایی)یەکانی یەکەکانی بەشدار لە بونیادنانە جیاوازەکانی (شکا)ی نموونەکانی (٤٣)دا، تەواو لەیەک جیاوازن، چونکە بونیادنانەکانی جیاوازن. بۆنموونە تایبەتێتییە زمانییەکان (تەواوی زانیارییە زمانییەکان)ی (بەرکارەکان)ی (شکان)، لە نموونەکانی (٤٣- پ، ت، ج، چ)دا، لەیەکتر جیاوازن، چونکە لە بونیادنانی جیاوازی (شکان)دا هاتوون. (بەڵێن)، کە وەک (بەرکار)ی (٤٣- پ) هاتووە، ئاماژە بە هەمان ئەو خاسیەتانەی (قسە)، کە وەک بەرکاری (٤٣- ت) هاتووە، ناکات. تایبەتێتییەکانی هەرکام لە (بەڵێن، قسە)، تەواو لە (ڕۆژوو، دەستنوێژ)، کە وەک بەرکارەکانی (٤٣- ج) هاتوون، جیاوازن.

ئەم جیاوازی و زانیارییە زمانی و پێواژۆ ڕێزمانییانە، لەسەر (سەرخەو)، کە وەک بەرکاری (٤٣- چ)هاتووە، ئاڕاستەیەکی دیکەی بونیادنان دەنوێنێت. بەجۆرێک، کە پێکەوەهاتنیان سروشتێکی تایبەتی بەخشیوە بە سەرجەمی بونیادنانەکەی (٤٣- چ)، کە دەشێت لە هیچکام لە بونیادەکانی دیکەی (٤٣) و

---

[١]- بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە سەرنج و ناساندنەکەی زانا (گۆڵدبێرگ)، بڕوانە لا(٦٧ - ٧٦)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

بەرکارەکانیان و تەواوی بونیادنانە جیاوازەکانی دیکەی (شکان)دا نەبینرێتەوە. بەراوردی بەرکاری دەربڕاوێکی خوازەیی وەک (٤٣- ح) بە بەرکارەکانی دیکەی (شکا)ی نموونەکانی (٤٣)، بە ئاشکرا خاسیەتی بونیادی لە داڕشتە و مەبەست و هۆکاری بونیادەکانیشیاندا دەبینرێتەوە.

ئەم شێوازە لە ڕەفتاری ڕێزمانی بە پێواژۆ ڕێزمانییەکانی ڕێزمانی بونیادنان دادەنرێت، کە چۆن واتایش بەخودی یاساکان دەبەخشێت. لەم سەرنجەوە ئەو پرسیارە دێتەئاراوە، کە پەیوەندی نێوان واتای ڕستەیەک و واتای وشەکانی هەمان ڕستە چییە؟ بۆچی واتای وشەکانی ڕستەیەک، هەمان ئەو واتایە ناگەیەنن، کە ڕستەکە دەیگەیەنێت؟ یاخود بە پێچەوانەوە؟ وەڵامەکەیشی لەڕوانگەی مۆدێلی بەکارهێنانەوە دەدرێتەوە، کە خودی ڕێزمانی بونیادنانی لەسەر دامەزراوە. بەوەی، کە چۆن بەهۆی بونیادنانەکانەوە، واتای تایبەت بە بونیادەکان دێنەئاراوە. نەک تەنها واتای خودی وشەکانی پێکهێنەری بونیادەکان. بەمشێوەیە بونیادەکان بەهەمان ئەدگاری هێما ماتماتیکییەکان کاردەکەن، بەو واتایەی، کە وەک هاوکێشە و یاسا ماتماتیکییەکان و شێواز و یاسایەکی جێگیر و چەسپاو (بەڵام لە بەکارهێناندا) دەبینرێن. بۆنموونە:

- (٢ × ٣) + ٤ = ١٠
- ٢ + (٣ × ٤) = ١٤

لەو نموونە ماتماتیکییانەدا، ئەوەی واتای کۆتایی و ئەنجامی سەرجەمی هاوکێشەکان دەگۆڕێت، تەنها بونیادنانە ماتماتیکییەکەیە، ئەگینا ژمارە بەشدارەکانی هاوکێشەکان، لە هەردوو نموونەکەدا هەمان ژمارەن و تەنانەت هەمان هێمای ماتماتیکیش بەکارهێنراون. لە ڕاستیدا تاکە گۆڕاو لەو نموونانەدا، تەنها بونیادنانەکانن (کە لەسەر بنەمای بەکارهێنانە). ئەگەر هەمان ڕاستی لەسەر وشەکانی بەشدار لە (شکان) یاخود تەنانەت وشەکانی دیکەی نموونەکانی (٤٣)دا جێبەجێبکرێت، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە گۆڕانەکە بەسەر واتای سەرجەمی ڕستەکەدا هاتووە، نەک بەسەر وشەکانی ناو ڕستەکەدا. بەو واتایەی، ئەگەر یەک بەیەکی وشەکانی ناو ڕستەکە دەربهێنرێنەوە، هەمان واتای تایبەتی خۆیان دەبێت، بەڵام بەکارهێنان/بونیادنانە ڕێزمانییەکانیان لە (٤٣)دا، گۆڕینی پەیوەندییە ڕێزمانی و ڕستەسازییەکان و بەهۆی ئەمانەیشەوە بەکارهێنانی جیاوازیان هەبووە و واتای جیاوازیش دەگەیەنن. ئەم ڕاستییە دەبێت بە وەڵامێکی بنەڕەتی لە پێواژۆی وەرگێڕان بەگشتی و وەرگێڕانی ئامێریدا. لەو کاتەیدا، کە تەنها واتای وشەکان بەهەند وەردەگیرێن و گرنگی بە بونیادنانیان نادرێت. هەروەها لە پێواژۆی فێربوونی زمانیشدا، بونیادنانەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە فێربوونەکەدا. باشترین نموونەیش بۆ ئەم ڕاستییە، لەبەرچاوگرتنی گۆڕینی ڕیزبەندییە ڕێزمانی و سینتاکسییەکانە لە (٤٣–ج)دا و بەخشینی واتایەکی تەواو جیاواز بە (شکان)ی بەشدار لە بونیادەکەدا، بە بەراورد بە واتای هەمان (شکان)ی تەواوی نموونەکانی دیکە. بۆنموونە (شکان)ی (٤٤) ئاڕاستە و بونیادێکی جیاوازتر لە بونیادی (شکان)ی نموونەکانی (٤٣) دەنوێنێت.

٤٤)- دەستی شکاندەوە سەرم.

لە کاتێکدا ئەگەر بەراورد بکرێت بە هەمان (شکان) لە (٤٥)دا، دەبینرێت تەنها بەهۆی بونیادنانیانەوە، دەتوانرێت لە واتا و تەنانەت دارشتە ڕێزمانییەکانیشیان تێبگەین:
٤٥)- دەستی شکاند.

پێواژۆ درکپێکراوەکانی ڕێزمانی بونیادنان، جیاوازی لە واتای (٤٥) و (٤٦)دا دەکەن، لە کاتێکدا بەشداربووی هەرکام لە نموونەکان هەمان یەکە و تەنانەت هەمان ڕیزبەندیی سینتاکسیش بێت:
٤٦)- ملی شکاند.

هەرچەندە کە (دەست)ی (٤٥) و (مل)ی (٤٦) لە یەک کاتیگۆریدا بن و داواکراوی ڕێزمانی کردارەکانیان بن، کە (شکان)ە. بەڵام جەمسەرەکەی دیکە (واتە بەکارهێنان)، لە بونیادناندا، واتایەکی ئاسایی بە (٤٥) بەخشیوە، بەڵام واتایەکی خوازەیی بە (٤٦) دەبەخشێت، کە مەبەست لێی (فێڵکردن و خەڵەتاندن)ە. بەمشێوەیە بڕوای ڕێزمانی بونیادنان سەبارەت بە ڕێزمان و سینتاکسیش بەوجۆرەیە، کە بارودۆخە سینتاکسییەکە دیاریدەکات، کە وشەکان چ جۆرە واتایەک، ڕووداوێک، تایبەتێتییەک یان هەر بوونێکی درکپێکراوی دیکەی ئاخێوەران ئاماژە پێبکەن. ئەم ئاماژە پێکردنانە لە پێواژۆ ڕێزمانییەکانی ڕێزمانی بونیادناندا، بە بارودۆخی سینتاکسی دادەنرێن. لێرەدا سینتاکس وەک فۆڕم، بارودۆخەکانی وەک بەکارهێنان لە بونیادناندا جێدەکرێنەوە. لەمڕوانگەیەوە ئەوە دەخرێتەڕوو، کە ڕێزمان و بونیادە سینتاکسییەکان، هەمان ئەو چرکە ساتە پێکدەهێنرێن، کە دەست بە قسەکردن دەکەین. کەواتە پێواژۆ ڕێزمانییەکان پێواژۆیەکی هەمانکاتین و پەیوەستن بە باری بەکارهێنانەوە و لەگەڵ بارودۆخەکاندا جوتدەبن. لەمڕوانگەیەوە هەریەکە لە زانایان (کرۆفت و کروز، ٢٠٠٤: ٢٥٣)، ئەوە دەخەنەڕوو، کە "ئەو هۆکارەیشی، کە دەبێت هەر ڕستەیەک نوێنەرایەتی یەک بونیادی سەربەخۆ بکات، ئەوەیە، کە لێکدانەوە واتاییەکانی پەیوەست و تایبەتن بە بونیادنانەکەوە و لە نەخشەیەکی سینتاکسی گشتگیرترەوە وەنەگیراون". ئەگەر وانەبوایە، دەبوو لێکدانەوە واتاییەکانی هەر کەرەستەیەکی هاتوو لە ڕستەکاندا هەموویان لە نەخشەیەکی دیاریکراوەوە وەربگیرانایە. بۆنموونە لە دروستەی قوڵی نەخشەکێشانەکەوە، یاخود تەنانەت هەنگاو بەهەنگاو و بەپێی کۆمەڵێک یاسا. بەمشێوەیە بەهۆی بونیادنانەوە، دەربڕاو و ڕستەکانی ئاخێوەران سروشتێکی زیندو و پەیوەندیداریان هەم بە زمان و ڕێزمان، هەمیش بە توانستی درکپێکردنی گشتیی ئاخێوەرەکەوە هەیە بۆ بارودۆخەکان. توانستی درکپێکردنی گشتی ئاخێوەرانیش، سەرجەمی زانیارییەکان لەخۆدەگرێت، بەمەیش بونیادنان دەبێت بە قاڵبی نواندنی کۆزانیارییەکان. "هەر بونیادنانێک لە هەر ئاستێکدابێت، ئەمانە لەخۆدەگرێت:
١- فۆڕمێک، کە وردەکارییە سینتاکسییەکانی تێدایە، یەکە فەرهەنگییەکان و چوونە پاڵ یەکتر، چۆنییەتی گۆکردن(هێز و ئاواز)،

٢- واتایەک، کە بەشێوەیەکی نموونەیی سەنتەر دەگرێت،

٣- بەهایەکی پراگماتیکی شیاو". (Blum R. V. 2005: 11).

سەرجەمی ئەو زانیارییانەی، کە ئاخێوەر و گوێگریش پێویستیانە، لەو خاڵانەدا هەن و هەر بونیادنانێکیش ئەو سێ زانیارییە لەخۆیدەگرێت. ئەمەیش ڕوانینە لە ڕێزمان وەک بوارێکی فراوان و لەخۆگری زانیارییە پێویستییەکان. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم سەرنجە، با لە نموونەکانی (٤٧) بڕوانین:

٤٧) ا- هاتنەژوورەوە بۆ بەعسییەکان قەدەغەیە.

ب- ١- شەربەتەکەتان خۆشە.

٢- *ئاوەکەتان خۆشە.

پ- ١- مارەکە بۆی دەرچوو.

٢- *مارەکە ڕایکرد.

هەرکام لە نموونەکانی (٤٧) ڕەهەندە فۆڕمییەکەیان لە چەند یەکەیەکی فەرهەنگی و چۆنییەتی گۆکردن و دەربڕینیان پێکهاتووە. پەیوەندیی نێوان یەکە بەشدارەکانی ناو ڕستەکان، بە وردەکارییە سینتاکسییەکان ناسراوە. بۆنموونە نەگونجاویی پەیوەندیی سینتاکسی نێوان (ئاو) و ئاوەڵناوی (خۆش)، بەهۆی نەبوونی تایبەتێتی خاڵی دووەمەوەیە (واتایەکی سەنتەری)، کە لە نێوان (ئاو) و (خۆش)، (مار) و (ڕاکردن)دا نییە. هەرچەندە لە کلتوری کوردیدا دەربڕاوەکانی وەک:

٤٨) ا- ئاوێکی سازگارە.

ب- ئاوێکی بەلەزەت بوو.

بەکاردەهێنرێن. بەڵام ئەوەی لە (٤٧- ب-٢)دا مەبەستە، بەکارهێنانی (خۆش)ە لە تەنیشت (ئاو)ەوە، کە ناتوانێت واتایەکی سەنتەریی لە نێوانیاندا دروستبکات. بەهای پراگماتیکیی (٤٧- ا) لە شارێکی وەکو هەڵەبجەی شەهیددا، ڕوون و ئاشکرایە. جیاوازیی نێوان ڕێزمانی درکپێکردن و ڕێزمانی بونیادنان لەم خاڵەدا دەردەکەوێت. لە ڕێزمانی درکپێکردندا، شوێن و کەسی دەربڕی (٤٧- ا)، گوزارشت لە بیروڕا و بێبەریبوونی خۆی دەکات لە (بەعسیبوون)، کە ئەم سەرنجە لە زمانی ڕیکلام و بانگەشەدا، بەکارهێنانێکی بەرفراوانی هەیە. هەر ئەم ڕەهەندەی ڕێزمانی درکپێکردن، سەرەڕای زانیارییە زمانی و ڕێزمانییەکانی ئاخێوەران، ئاماژە بە شوێنی ئاخێوەرانیش دەکات. بۆنموونە:

٤٩)ا- بەگۆرەوییەوە مەچنە ژوورەوە.

ب- بەگۆرەوییەوە مەیەنە ژوورەوە.

پ- چوونەژوورەوە بۆ خوار ١٨ ساڵ، ڕێگەپێدراونییە.

ت- هاتنەژوورەوە بۆ خوار ١٨ ساڵ، ڕێگەپێدراونییە.

لە (٤٩- ا)دا، شوێنی ئاخێوەر دەرەوەی ئەو جێگایەیە، کە مەبەستییەتی و لە (٤٩- ب)دا ناوەوەی جێگای دیاریکراوە. لە (٤٩- پ)دا، سەرەڕای دیاریکردنی شوێن، تەمەنیش دیاریکراوە. دەربڕی (٤٩- پ) دەشێت سەرو ١٨ ساڵ یان خوارووی ١٨ ساڵ بێت. بەڵام دەربڕی (٤٩- ت) تەنها دەبێت سەروی ئەو تەمەنەبێت، کە دیاریکراوە. بەڵام لە ڕێزمانی بونیادناندا زیاتر لەمەش مەبەستە، بۆنموونە زمانی بانگەشەکاران، ڕیکلام و مۆدێلەکانی سەر شاشە، هاوکاتە لەگەڵ ئەو بەها پراگماتیکییەی، کە بەو کاڵا، خۆراک، شوێنی نیشتەجێبوونەی دەبەخشن، کە ڕیکلامی بۆ دەکەن. بۆنموونە:

٥٠) ا- شاری هەڵمەت و قوربانی/پایتەختی ڕۆشنبیری

ب- هۆلاکۆ بەزێن/قەڵا و منارە

پ- شاری شەهیدان/پایتەختی ئاشتی

بەهای پراگماتیکی شیاو، نیشانەی پەیوەندییەکی دروستی سینتاکسی لەنێوان (٥٠- ا) و (سلێمانی)، (٥٠- ب) و (هەولێر)، (٥٠- پ) و (هەڵەبجە)دا دەگەیەنێت. ئەو هۆکارەیشی، کە سەرجەمی بونیادەکە دەشێوێنێت، نەبوونی پەیوەندیی هاوبەشە لەنێوان فۆرمەکان و بەها پراگماتیکییەکانیاندا. بۆنموونە (شاری هەڵمەت و قوربانی) بۆ (هەولێر). یاخود (هۆلاکۆ بەزێن) بۆ (سلێمانی). لە فۆرمی هەریەک لە نموونەکانی (٤٧)دا، جارێکیتر سروشتی ناپێکهاتەیی دەبینرێتەوە، کە ئەم سروشتەیش بەهۆی بەکارهێنان و ئەزمونەوە فێریدەبین. بۆنموونە پەیوەندی لەنێوان هەرکام لە پێکهێنەرەکانی نموونەکانی (٤٧)دا:

٤٧) ا- بەعسییەکان و هەڵەبجە = کیمیاباران

٤٧) ب-١- شەربەت(N) و خۆش(A) = بەتام(بەهۆی بوونی بەهای پراگماتیکیی شیاوەوە، کە (یەک تامی ئاوە)، هەرچەندە بە جیاکردنەوەی جۆرە جیاوازەکانی ئاوی (کانی، بیر، کارێز، بەلۆعە، ئاوی دەبە، بەڕاد...)، دەشێت تامی جیاواز لەیەک هەستپێبکەیت، بەڵام لێرەدا هێشتا مەبەست لە واتا گشتی و زانراوەکەی ئاوە).

٤٧) ب-٢- ئاو (N) و خۆش (A) ≠ بەتام (بەهۆی نەبوونی بەهای پراگماتیکیی شیاوەوە)

٤٧) پ-١- (مار) و (دەرچوون) = هەڵهاتن و دیارنەمان بەهەر هۆکارێکەوەبێت، کە مار بتوانێت بیکات.

٤٧) پ-٢- (مار) و (ڕاکردن) = هەڵهاتن بەهۆی قاچەوە، کە مار ناتوانێت جێبەجێیبکات و ئەمەیش شکاندنی بەها پراگماتیکییەکەیەتی.

داڕشتەی ئارگومێنتی هەرکام لە ڕستەکانی (٤٧)، بەهۆی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان و بونیادنانی ئەم پەیوەندییانەوە، ڕێگەی بە دروستیی (٤٧- ا، ٤٧- ب-١، ٤٧- پ-١) دەدات و نادروستیش بە (٤٧- ب-٢) و (٤٧- پ-٢) دەدات. ئەمەیش لە کۆتاییدا وادەکات، کە (٤٧- ب-٢) و (٤٧- پ-٢) بەهۆی:

١- نەگونجانی پەیوەندییە سینتاکسییەکانی ئارگومێنت داواکەر و ئارگومێنت داواکراوەکان،

٢- نەبوونی پەیوەندییەکی واتایی سەنتەری، کە یەکەکان پێکەوە ببەستێتەوە،

٣- لاوازی و نادروستی بەها پراگماتیکییەکان و نەشیاوییانەوە، بەکارنەهێنرێن.

پێواژۆی درکپێکراوی ڕێزمانی لە ڕێزمانی بونیادناندا، خۆی لە چەندین بواری دیکەی پەیوەندیدار بە ڕێزمانەوە دەبینێتەوە، کە دەخوازێت سەرجەم ڕەهەندە پەیوەندیدارەکان لەپێناو سروشتی بونیادناندا بێن، تاوەکو پێواژۆکە گرفتی بۆ نەیەتە پێشەوە. بۆنموونە شیکاری پەیوەندییەکانی نێوان (سەر) و (تەواوکەر) یاخود بەشدارەکانی دیکەی بونیادێک لە ڕێزمانی بونیادناندا پەیوەستن بە ڕۆڵەکانەوە "ڕۆڵەکانیش نوێنەرایەتیی پەیوەندییەک دەکەن لەنێوان بەشەکانی بونیادەکە و گشتدا، کە ئەمەیش بە سینتاکسییانە پێناسەدەکرێت". (Croft and Cruise, 282). بۆنموونە پەیوەندی لەنێوان (شەربەت) و (خۆش) پەیوەستە بەو ڕۆڵەوە، کە بەیەکەوە هەیانە و پاشانیش ئەو ڕۆڵەی، کە لەگشتی بونیادەکەدا دەیگێڕن. ئەو ڕۆڵەی، کە (شەربەت) و (خۆش) لە پەیوەندی بە تەواوی بونیادەکەوە گێڕایان، کردی بە دەربڕاوێکی دروست و سینتاکسییانە. لە کاتێکدا پەیوەندی لە نێوان (ئاو) و (خۆش)، هەرچەندە هیچ گرفتێک لە نێوان ئەو دووانەدا (بەتەنها بۆخۆیان) دروستنەبوو، چونکە هەمان داڕشتەی پەیوەندیی (N) و (A)یان هەبوو، بەڵام ئەو ڕۆڵەی، کە لە پەیوەندییاندا بە گشت بونیادەکەوە گێڕایان، نادروستبوو، هەر بۆیە وەک پێواژۆیەکی ناسینتاکسییانە مامەڵەدەکەن. بەهەمانشێوە پەیوەندیی نێوان (کوڕەکە Modifier) و (ڕایکرد Head)، هیچ جیاوازییەکی نییە لە پەیوەندیی نێوان (مارەکەModifier ) و (ڕایکرد Head)دا، بەڵام ئەو ڕۆڵەی، کە ئەم پەیوەندییە لە گشت بونیادەکەدا دەیگێڕێت، گرفت بۆ پێواژۆ درکپێکراوە ڕێزمانییەکە دروستدەکات و وەک بونیادنانێک لە زمانی کوردیدا دانانرێت.

لە لێکدانەوە باوەکانی ڕێزماندا، سەرنجەکان سەبارەت بە هێز و ناوەڕۆکە سینتاکسییەکەی سەری ڕێزمانی ناو ڕستەکان بوو، بەڵام لە ڕێزمانی بونیادناندا ئەوە دەخرێتەڕوو، کە سەری ڕێزمانی (بۆنموونە کردارەکان)، هەمیشە هەمان ڕاستی دیاریکراو و جێگیری خۆیان بەسەر داواکراوەکانیاندا ناسەپێنن، لێرەیشدا ئەوەی سەپاندنەکە دەکات، مەبەست و بونیادنانە تایبەتییەکەی خودی ئاخێوەرانە. (ئەو مەودایەی، کە کرداری ناو پێکهاتە ڕستەسازییەکان دەتوانن تێیاندا ڕووبدەن، ناگەڕێتەوە بۆ هێز و واتای کردارەکان(بۆ سروشتی دیاریکراوە ڕێزمانییەکانی کردارەکان)، بەڵکو بۆ بونیادنانیان دەگەڕێتەوە و پەیوەستە بە سروشت و پێواژۆ درکپێکراوەکەی کردارەکانەوە). (Boas, 89). هەر ئەم هۆکارەیش بەشدارە لە هێنان و هەڵبژاردن و دانانی کام ئارگومێنت، ئارگومێنتی زیادە، جۆری ئارگومێنت، بۆ واتادارکردن و پێدانی واتایەکی تایبەت بە کردارەکان و لە کۆتایشدا بەو بونیادەی، کە مەبەستییەتی. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بیرەی تایبەت بە پێواژۆ ڕێزمانییەکانی کردارەکان لە ڕێزمانی بونیادناندا، با لە نموونەکانی (٥١) بڕوانین:

٥١) ا- ژیار نانی خوارد.

ب- دوو شەقی چاکی خوارد.

پ- زۆر سوێندی خوارد/خەفەتی خوارد.

ت- ئەوەندە بێئەدەب بوو، خەریکبوو دەیخوارد.

ج- بازرگانێک دووسەد دەفتەری خەڵکی خواردووە.

چ- ١- شێرەکە لە قەفەزەکەدا گیریخواردووە.

٢- گیرمان بەدەست ئەم حیزبانەوە خواردووە.

هەموو کرداری ناو ڕستە و نموونەکانی (٥١)، (خوارد)ە، مەبەست لە کردارە بنەڕەتییەکانی هەموو نموونەکانی (٥١)ە، دەنا کردارەکانی (٥١- چ) لە چەشنی لێکدراون و دارشتەکەیان (گیرخواردن)ن، بەڵام لە هەر بونیادنان و دارشتنێکیدا، سروشتێکی تایبەت بە بونیادنانەکەی داوادەکات و مەودایەک بۆ ڕوودانی ئارگومێنتی جیاواز لەیەک دەرەخسێنێت، کە لە ڕاستیدا بۆ ڕەخساندنی ئەو مەودایە، هەمیشە یەک جۆر مامەڵە لەگەڵ هێز و ناوەڕۆکە سینتاکسی و ڕێزمانییەکەی (خوارد)دا، نەکراوە، بەڵکو ئەوەی ئەو مەودایە دەرەخسێنێت، بونیادنانە. هەربۆیە ڕێزمانی بونیادنان بڕوای وایە، کە هەر ڕستەیەک بۆخۆی بونیادنانێکی تایبەت و سەربەخۆیە و جیاوازە لە بونیادنانی هەموو بەشدارەکانی ئەو ڕستەیە، بەڵام لە بونیادێکی دیکەدا. هەر وەکچۆن لە ڕێزمانی درکپێکردندا بڕوا وابوو، کە هەر دەربڕاوێک بۆخۆی هێمایەکی تایبەت و دیاریکراوە و پەیوەستە بە ڕەهەندی درکپێکراوی ئاخێوەرانەوە. بۆنموونە ئارگومێنتی داواکراو لە (٥١- ا)دا، (نان)ە. لە کاتێکدا (شەق)، داواکراوی هەمان کرداری (٥١- ب)ە، بەڵام لە (٥١- پ)دا و (سوێند) دەبێتە داواکراوەکەی، کەچی مەودای ڕەخسێنراو بۆ هەمان کردار لە (٥١- ت، ج، چ-٢)دا، مەودایەکی خوازەییە و (خواردن، گیرخوارد)یش هەمان تایبەتێتییەکانی خۆی، کە لە (٥١- ا، ب، پ)دا هەیبوون، لە (٥١- ت، ج)دا نابینرێنەوە، یاخود بە ئەدگاری جیاوازەوە دەردەکەون. ئەمەیش وادەکات، جارێکیتر بوترێت: ڕستەکان/کرداری ناو ڕستەکان وەک (Head)، ناتوانرێت بەشێوەی پێکهاتەیی ڕوونبکرێنەوە و لێیانتێبگەین، چونکە کردارەکان هەرجارە و ئارگومێنتێک هەڵدەبژێرن و جۆر و سروشتی ئارگومێنتەکانیشیان جیاوازن و هەمیشەیش ئەو واتا دیاریکراوەیان نییە، کە بتوانرێت بە سیما واتاییەکان دیاریبکرێن و لەسەر بنەمای ئەم سیمایانە، مامەڵە و هەڵسوکەوتە ڕێزمانیەکانی بکات. کەواتە لە ڕێزمانی بونیادناندا، هەم واتا، هەمیش مامەڵە ڕێزمانییەکان، لە پیواژۆی درکپێکراوی ڕێزمانییەوە دێن و دیاریدەکرێن، کە پێویستییەکانی بونیادنان، دەیانسەپێنن و هەڵیاندەبژێرن. بەمشێوەیە "جیاوازیی سیستماتیکیی واتا لەنێوان هەمان کردار لە بونیادی جیاوازدا، ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ بونیادنانە تایبەتییەکان". (Goldberg, 4).

ئەگەر بێت و ئەم ڕاستی و لێکدانەوانەی ڕێزمانی بونیادنان بۆ زمانی ڕیکلام و بانگەشەکان و دارشتەکانی هەواڵ و زانیارییەکان لەبەرچاوبگیرێن، دەتوانرێت نزیکتر لەو ڕۆڵانە لە ژیانی خوینەران و گوێگراندا بگێڕدرێت، کە مەبەستی پشت بانگەشەکە دەیخوازێت. بۆنموونە لەبەرچاوگرتنی ئەو

ڕۆڵەی، کە خواردنەوەیەک دەتوانێت لە ژیانی بینەرانی بانگەشە بۆ ئەو خواردنەوەیەدا دروستیبکات، یاخود بیرکردنەوەی ئەو پێویستییەی، کە لایەنی وەرگر لە ساتی وەرگرتنی فۆرمی زمانی ڕیکلام و بانگەشەدا بەریدەکەوێت، دەوەستێتە سەر پەیوەندیی نێوان یەکەکانی بەشدار لە بونیادنانەکە و ڕۆڵی ئەم پەیوەندییانە لە گشتی بونیادەکە و ئەو بونیادە تایبەتەدا. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پێواژۆ ڕێزمانییەی ڕێزمانی بونیادنان، با سەرنج لە نموونەکانی (٥٢) بدەین:

٥٢) ا- بەڕێوەبەری فەرمانگەی (فلان) ماوەی (١١) ڕۆژ لە زیندان بوو.

ب- بەڕێوەبەری فەرمانگەی (فلان) ماوەی شەش مانگ لە زیندان بوو.

پەیوەندیی نێوان سەر و تەواوکەر و یەکەکانی دیکەی ناو نموونەکانی (٥٢)، هیچ گرفتێکی ڕێزمانییان تێدانییە و گوزارشت لە پەیوەندییەکی دروست دەکەن، بەڵام ئەو ڕۆڵەی، کە ئەم پەیوەندییە بە کۆی بونیادەکەوە دەبەستێتەوە، گرفتی درکپێکراو بۆ (٥٢- ا) دروستدەکات و بە پێواژۆیەکی ڕێزمانی، کە لە پێناو دروستکردنی کاریگەری لای وەرگرانی ئەم هەواڵە داڕێژراوبێت، دانانرێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو ڕۆڵە سست و لاوازەی پەیوەندیی یەکەکان بەکۆی گشتی بونیادەکەوە دەگەڕێتەوە، چونکە پەیوەندیی لە نێوان (بۆماوەی)، (١١ ڕۆژ) و (زیندان)، ناتوانێت بونیادێکی کاریگەر لای وەرگرانیش دروستبکات. لەبەرئەوەی وەرگرانی زمانی کوردی، پەیوەندیی لە نێوان (زیندان) و (بۆ ماوەی)، لە مەودایەکی کاتی زۆردا دەبیننەوە، نەک لە (١١ ڕۆژ)دا. لە کاتێکدا لێکدانەوە ڕێزمانییەکانی (٥٢- ب)، بەهۆی ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی، کە پەیوەندیی نێوان (بەڕێوەبەر)، (بۆماوەی)، (شەش مانگ) و (زیندان)، بەکۆی گشتی بونیادەکەوە دروستیانکردووە، وایلێکردووە دەربڕاوی (٥٢- ب)، هەواڵێکی جێگەی سەرنج و گرنگتربێت، وەک لە (٥٢- ا). لە ڕوانگەی نموونەکان و لێکدانەوەی پێواژۆ بونیادییەکانیانەوە، ئەوە دەخرێتەڕوو، کە ڕێزمان لە ڕێزمانی بونیادناندا وەک نەخشەیەکی پۆلێنکراو دادەنرێت. بەو واتایەی، کە ڕێزمان، سروشتێکی پۆلێنبەندی هاوشێوەی (پۆلێنکردن)ی هەیە، کە ئەمیش خۆی لەو دابەشکارییەدا دەبینێتەوە، کە تەواوی قوتابخانەی درکپێکردن بڕوای پێیەتی و پۆلێنبەندییەکانی لە شێوەی خێزانێکی هاوشێوەدا، دابەش و جیادەکاتەوە. بەو واتایەی، کە نموونەکانی (٥١)، سەرجەمیان وەک خێزانێکی هاوشێوە بۆ (خواردن) دادەنرێن، کە هەر ئەندامێکی ئەم خێزانە مامەڵەی جیاوازیی ڕێزمانییانە دەکات، بەڵام ئەم سروشتەی نایکات بە ئەندامێکی دەرەوەی خێزانەکە. هەروەک چۆن ناشتوانرێت هەر یەکێک لە (خوارد)ەکانی (٥١)، بە دانە و یەکەیەکی سەربەخۆ و خاوەنی واتا و هێزی سینتاکسیی تایبەت بەخۆی دابنرێت. کەواتە ڕوخساری تەواوکەرە سینتاکسییە جیاوازەکان، ڕەنگدانەوەی نواندنە سیمانتیکییەکانی هەمان کرداری دیاریکراون. خشتەی (٤)، ئەم بیرە سەبارەت بە کردارێکی دیاریکراوی هاتووی وەک نموونەکانی (٥١) ڕوووندەکاتەوە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥١ | تەواوکەر لە شێوەی بکەردا (ژیار) | تەواوکەر لە شێوەی بەرکاردا (نان) | | کردار (خوارد) |
| ٥١ ب | تەواوکەر لە شێوەی بکەردا (ئەو) | تەواوکەر لە شێوەی ژمارە (دوو) | تەواوکەر لە شێوەی ڕوونکردنەوە (شەقی چاک) | کردار (خوارد) |
| ٥١ پ | تەواوکەر لە شێوەی بکەردا (ئەو) | تەواوکەر لە شێوەی ڕێژە (زۆر) | | بەشێک لە کردارێکی لێکدراو (سوێندخواردن/خەمخواردن) |
| ٥١ ت | تەواوکەر لە شێوەی ڕستەی شوێنکەتودا (ئەوەندە بێئەدەب بوو) | تەواوکەر لە شێوەی کردارێکی یاریدەدەر (خەریکبوو) | تەواوکەر لە شێوەی بەرکاری نەهاتوو (ئەو) | کردار بەشێوەی خوازەیی (دەیخوارد) |
| ٥١ ج | تەواوکەر لە شێوەی بکەردا (بازرگانێک) | تەواوکەر لە شێوەی بەرکار (دووسەد دەفتەری خەڵک) | | کردارێک بە واتای خوازەیی (فێڵکردن/دزین) |
| ٥١ چ١ | تەواوکەر لە شێوەی بکەردا (شێر) | تەواوکەر لە شێوەی فرێزی پێشناویدا (لە قەفەزەکەدا) | | بەشێک لە کردارێکی لێکدراو(گیرخواردن) |
| ٥١ چ٢ | تەواوکەر لە شێوەی بکەری نەهاتوو(ئێمە) | تەواوکەر لە شێوەی فرێزی پێشناویدا (بە دەست) | تەواوکەر لە شێوەی دیاریکار (ئەم حیزبانە) | بەشێک لە کردارێکی لێکدراو بە واتای خوازەیی (گیرخواردن) |

**خشتەی (٤)**

**پێواژۆ ڕێزمانییە بونیادنراوەکانی کرداری (خوارد)**

بەم هۆیەشەوە سنوردارکردن و گشتاندن، بەرپەرچدەدرێتەوە، چونکە تایبەتێتیی (وەچە واتا Sub Meaning) ڕێگریدەکات لەوەی یەک خاسیەت بە سەر وشەیەکدا (بۆنموونە کردارێکدا)، بسەپێنرێت و ئەو خاسیەتەیش بگشتێنرێت بۆ تەواوی دەرکەوتنەکانی دیکەی. هەروەک چۆن وەچە واتاکان لە کردارەکانی (شکان، خواردن)دا وایاندەکرد، کە مامەڵەی سینتاکسی و ڕێزمانیی جیاواز بە کردارەکان لە بونیادنانە جیاوازەکاندا ببەخشێت. ئەمەش بەرەو ئەو ڕاستییەمان دەبات، کە پێشتر بە بارودۆخە سینتاکسییەکان ئاماژەی پێدرا، کە "پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان واتاکانی کردارەکان و ئەو چوارچێوە ڕستەسازییەی، کە تێیاندا ڕوودەدەن، هەیە". (Goldberg, 7).

چوارچێوە ڕستەسازییەکان (کە مەبەست لێیان پێواژۆ ڕێزمانییەکانیانە)، ئەو مەودایە دەڕەخسێنن، کە کردارەکان بە سەرجەمی وەچە واتاکانییانەوە، دەربکەون و هەر ئەمەش(وەچە واتا)، چوارچێوە و بارودۆخی سینتاکسیی تایبەت و جیاواز لەوانی دیکە هەڵدەبژێرن و تیایاندا ڕوودەدەن. ئەم ستراتیژە لە مامەڵەکردن وادەکات، کە بە پێواژۆیەکی درکپێکراوی ڕێزمانی بونیادنان دابنرێن. ئەمە ئەگەر لەسەر کردارێکی یەک زمان ڕاست بێت، ئەوا کردارە جیاوازەکانی زمانە جیاوازەکان، مامەڵەی تەواو جیاوازتری ڕێزمانی دەکەن و دەمانگەیەننە ئەو ڕاستییەی، کە بڵێین: لە هەر زمانێکدا پۆلێنکردنە ڕێزمانییەکانی کردارێک، بەشێوەیەکی ناوازە و جیاواز لە واتای وشەیی کردارەکە پێشبینیدەکرێت. هۆکاری ئەمەیش بۆ بونیادنان دەگەڕێتەوە. لەبەرئەوەی ئەگەر بونیادنانە جیاوازەکانی یەک کردار لە زمانێکی دیاریکراودا پێواژۆی ڕێزمانی جیاواز بنوێنێت، بێگومان بونیادنانی هەمان کردار لە زمانێکی دیکەدا، نمایشی ڕێزمانی زۆر جیاوازتر دەکات. بەمشێوەیە سروشت و ڕوخساری پێواژۆ ڕێزمانییەکان لە ڕێزمانی بونیادناندا پەیوەستن بە بەکارهێنان و بونیادنانەکانەوە.

بەهۆی ئەم ڕاستییەشەوەیە، کە ناتوانرێت سینتاکس و سیمانتیک لەلایەک و ڕێزمان و فەرهەنگیش لەلایەکی دیکە، بە پێکهاتە و مۆدیولی سەربەخۆ و جیا لەیەک دابنرێن. بەڵکو هەرکامیان لە زنجیرەیەکی پێکەوەیی و هاوتایی و کارکردنی خۆکارییانەدا بونیادەکان دادەڕێژن. ئەم سروشتەی ڕێزمان لە ڕێزمانی بونیادناندا، تایبەتێتی و خاسیەتی داهێنەرانەی بەردەوام بە پێواژۆ ڕێزمانییەکان دەبەخشێت. ئەگەر لە نموونەکانی پێشودا، پێواژۆ ڕێزمانییەکان لەسەر کردارێک خرابێتنەڕوو، بەو واتایە نایەت، کە لە ڕێزمانی بونیادناندا یەکەیەک(بۆنموونە کردار)، بەهایەکی ناوەندی هەبێت و ئەوانی دیکە وەک یەکەیەکی لاوەکی هێنرابێتنەوە. لە ڕاستیدا و لە ڕێزمانی بونیادناندا "لە پەسنکردنی ڕێزمانی گشتی هەر زمانێکدا، تەواوی یەکەکان بە هەمان بەها و بە نرخێکی یەکسانەوە وەردەگیرێن و دادەنرێن". (Fried M. and Östamn J. 2004: 12). هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی، کە دەربڕاوەکان و ڕستەکانی ئاخێوەران ناپێکهاتەیین و ناتوانرێت بەشێوەی پێکهاتەییانە لێکبدرێنەوە. هەربۆیە یەکە بەشدارەکانی ئەم داڕشتە ناپێکهاتەییانەیش، هەرکامیان نرخ و بەهای بونیادنراوی خۆیان هەیە. لەبەرئەوەی لە پێواژۆیەکی بونیادنراودا داڕێژراون. بەمشێوەیە هیچ فۆڕمێک وەک ناوەندیتر و بنەڕەتیتر لە زماندا سەیرناکرێت، کە لە دواتردا فۆڕمی دیکەیشیان لێوەربگیرێت، کەواتە هەر فۆڕمێک خاوەنی بونیادێکی سەربەخۆی خۆیەتی و لە هیچ فۆڕمێکی دیکەوە وەرنەگیراوە. ئەمەش لەبەرئەوەی، کە (واتا/کردە)ی فۆڕمەکان لە یەکتر جیاوازن و هیچ کردەیەک نییە بچێتە سەر فۆڕمێکی جیاوازتر یان پێشینەی خۆی. بۆنموونە ڕستەیەکی ئاڵۆزی وەک(٥٤) لەسەر بنەمای ڕستەیەکی سادەی وەک (٥٣) داڕێژرابێت، بەڵکو هەرکام لە داڕشتەکان خاوەنداری لە بونیادنانی تایبەت و سەربەخۆی خۆیان دەکەن.

٥٣) خوێندکارێک، کە خەتی جوانبێت، خۆشەویستترە.

٥٤)*ا- خوێندکارێک خۆشەویستە.

ب- ؟خوێندکار خۆشەویستە.

*پ- خوێندکارێک خۆشەویستترە.

سەرەڕای نەگونجاوی (٥٤- ا، پ) و دەرنەبڕینیان، هێشتاش نابنە بنەڕەت و بنەما بۆ بونیادنان و داڕشتنی نموونەیەکی وەک (٥٣). هۆکاری ئەمەش بۆ پێواژۆی بونیادنان لە ڕێزمانی بونیادناندا دەگەڕێتەوە. بەوەی، کە هیچ فۆڕمێک وەک یەکەمین و بنەما بۆ فۆڕمێکی دیکە دانانرێت. ئەو پێواژۆ ڕێزمانییەی، کە (٥٣)ی بونیادناوە، تەواو جیاوازە لە پێواژۆ ڕێزمانییەکانی (٥٤)، هەرچەندە لە لێکدانەوە باوەکانی ڕێزماندا (کە خەتی جوانبێت)ی (٥٣)، وەک دووەمین و بەشێکی لاوەکی لە ڕستەکان دانراوە، کەچی بەهۆکاری سەربەخۆیی یەکبەیەکی بونیادەکان لە ڕێزمانی بونیادناندا ناتوانرێت بەشێک لە بونیادێک وەک دووەم و بەشێکی دیکە وەک سەرەکی و یەکەم دابنرێت. لەبری ئەمە سەرجەمی بونیادەکە وەک داڕشتەیەک و لە پێواژۆیەکی ڕێزمانیدا فۆڕم کراوە و لە بەرانبەریشدا یەک کردە/واتای

تایبەت و سەربەخۆ دەگەیەنێت. بەمشێوەیە (٥٤- ب)یش، ناتوانرێت وەک فۆرمی بنجی بۆ دارشتەی (٥٣) دابنرێت. هۆکاری ئەمەیش جارێکیتر لە ڕێزمانی بونیادناندا خراوەتەڕوو، بەوەی، کە ڕێزمان وەک تۆڕێکی پەیوەندییەکانی نێوان سێ لایەن ڕۆڵدەگێڕێت:

- ڕۆڵی سینتاکسی(بۆنموونە ئەرکە ڕێزمانییەکان)،
- ڕۆڵی دەق و دەوروبەر (بۆنموونە بەهەند وەرگرتنی پێکهاتەی زانیاری)،
- ڕۆڵ و بارودۆخی کردارێکی تایبەت (بۆنموونە بارودۆخە تایبەتییەکانی کردارێکی وەک (وەرگرتن)).

لەنموونەکانی (٥٥)دا، هەرسێ لایەنی پێکهێنەری تۆڕی ڕێزمان لە ڕێزمانی بونیادناندا ڕوونکراونەتەوە:

٥٥) ا- پارەکەم لێوەرگرت/سەرانە وەرگرتن.

ب- زانیارییەکم لێوەرگرت.

پ- سەیارەکە لەدەستی وەرگرت.

ت- حەقی خۆی وەرگرت.

ج- کەناڵی بی بی سی وەردەگرێت؟

چ- ئامۆزاکەم پلەیەکی نوێی وەرگرت.

ح- وەرگیران لە ماستەر و دکتۆرا...

ئەرکە ڕێزمانییەکان لە نموونەکانی (٥٥)دا ، ڕوون و ئاشکرا بەسەر هەرکام لە یەکەکانی بەشدار لە ڕستەکاندا دابەشکراون. هەر ڕێزمان وەک تۆڕێک ڕۆڵی دەوروبەرەکانیش لەخۆیدەگرێت و دەنوێنێت. بۆنموونە (وەرگرتن) لە پەیوەست بە (مادده)وە لە نێوان (٥٥- ا) و (٥٥- ب)دا، تەواو لەیەک جیاوازن. لە (٥٥- ا)دا، مادەیەکی کۆنکرێتی و بەرجەستە وەرگیراوە، لەکاتێکدا لە (٥٥- ب)دا، مادەیەکی نابەرجەستە و ئەبستراکت وەرگیراوە، کە دەوروبەر بەم ئەرکە هەڵدەستێت و ڕۆڵی ڕوونکردنەوەی دەبینێت. هەمان ڕۆڵبینین لە (٥٥- پ)دا تەواو جیاوازە و زانیارییەکە پەیوەست نابێتەوە بە مادە یان کەرەستەی بەرجەستە/نابەرجەستەوە، بەڵکو پەیوەستە بە بارودۆخێکی شڵەژان و نەخوازراوەوە. ئاڕاستە ڕێزمانییەکەی (وەرگرتن) لە (٥٥- ت)دا تەواو جیاوازە و (وەرگرتن)، کە هەمان فۆرمی نموونەکانی دیکەی (٥٥)ە، ئەرکێکی جیاوازی لە بونیادێکی جیاوازدا گەیاندووە، کە پابەند نابێت بە ئەرکی هەمان فۆرم لە (٥٥- ا، ب، پ)دا. بۆنموونە ئەرکەکەی هیچ پەیوەستنییە بە مادە و بارودۆخی شڵەژانەوە. هەروەک چۆن ئەو ئەرکەی، کە (وەرگرتن) لە (٥٥- ج)دا دەیگێڕێت، تایبەتە بە ئامێری کارەبای و بواری ڕاگەیاندنەوە، لە لایەکی دیکەوە (وەرگرتنی پلەی نوێ)، (وەرگیران لە ماستەر و دکتۆرا)ی (٥٥- چ، ح) بە بونیادێکی تایبەت و جیاواز بەکارهێنراون و خواستە ڕێزمانی و پێواژۆ ڕێزمانییەکانیشیان لە تەواوی (وەرگرتن)ەکانی دیکەی نموونەکانی (٥٥) جیاوازترن. تەواوی ئەم بونیادنان و ئەرک و ڕۆڵە تۆڕییە ڕێزمانییانە لەسەر کردارێکی تایبەت و دیاریکراوی وەک (وەرگرتن)

جێبەجێکراوە، کە لە هەرکام لە نموونەکاندا ئەرکێکی ڕێزمانی جیاوازی نمایشکردووە و ئاماژەیشی بە دەق و دەوروبەرێکی تایبەت و دیاریکراو و جیاواز لەوانی دیکە داوە. هەربۆیە خواستە سینتاکسی و ئەرکە ڕێزمانییەکانیشی جیاوازە. بەمشێوەیە پێواژۆ ڕێزمانییەکان لە ڕێزمانی بونیادناندا هەم ڕەهەندە سینتاکسییەکەی یەکە و دانە بەشدارەکان لەخۆدەگرێت، هەم داڕشتەی زانیاریی هەر یەکێکیان. بۆنموونە ئەو داڕشتە زانیارییەی (گیران) و پەیوەندیی ئەم داڕشتەیە بە ڕۆڵە سینتاکسییەکەی هەمان کردارەوە لە نموونەکانی (٥٥)دا، کە دەتوانرێت لە بارودۆخە تایبەتییەکانی وەک (٥٦)دا بەکاربهێنرێت:

٥٦)ا- دزەکە گیراوە.

ب- زێرابەکەتان گیراوە؟

پ- ئەم کورسییە گیراوە.

ت- ڕەسمەکە گیراوە؟

ج- شەربەتەکە گیراوەتەوە/گیراوەی شەربەت یان خورما.

ئەگەر تەنها ڕۆڵە سینتاکسییەکەی هەرکام لە (وەرگرتن، گیران)، لە نموونەکانی (٥٥، ٥٦)دا، بەهەند وەربگیرانایە، ئەوکاتە ڕێگە بە چەند بونیادێکی دیاریکراو و پێشتر بڕیارلێدراوی ڕێزمانی هەرکام لە (وەرگرتن، گیران) دەدرا. لە کاتێکدا لە ڕێزمانی بونیادناندا کار لەگەڵ هیچ چەمکێکی گشتگیر و پێشتر دامەزراودا ناکات، کە ئەمانە ببنە بنەمای هەموو نەخشەیەکی ڕێزمانی. بۆنموونە (وەرگرتن)، کردارێکی تێپەڕە، پێویستی بە دوو ئارگومێنت هەیە، پێویستە ئارگومێنتەکانی بەم چەشنە و لەم جۆرەبن...هتد و چەند چەمکێکی گشتگیر و دانراوی پێشوەختە. لەبری ئەمە بەدوای ڕوونکردنەوەیەکەوەیە بۆ هەر بەکارهێنانێکی تایبەتیی زمان و تێکەڵکردنی ستراتیژە هەمەجۆرەکانی بەکارهێنان و کارپێکردنی زمانی، کە لەسەر بنەمای توانستە درکپێکردنە گشتییەکان و ستراتیژەکانی پەیوەندیکردنێکی ڕێکوپێک و تایبەت دامەزراون. ئەم ڕێکوپێکییە بەهۆی بونیادنانەوە بەدەستدەهێنرێت، چونکە سەرەڕای ڕۆڵی سینتاکسی و ڕۆڵی بارودۆخ، ڕۆڵی دەوروبەر و پێکهاتەی زانیاریش لەبەرچاودەگیرێت. بۆنموونە لە وەرگێڕانی دەربڕاوێکی وەک (Green Zone)دا، بەرانبەر بە (منطقه الخضراء)ی شاری بەغداد و (زۆنی سەوز)ی ناوچەیەکی سیاسی لە باشوری کوردستاندا، جیاواز دەکەوێتەوە، چونکە پێکهاتەی زانیاری و ڕاستی و دروستی (سەوز، ناوچە)، سەبارەت بە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراوی شاری بەغداد، جیاوازتر دەبێت لە هەمان پێکهاتەی زانیاریی سنورێکی جوگرافی و سیاسی لە باشوری کوردستان، چونکە وەرگێڕانی (Green Zone) بە (ناوچەی سەوز)، بۆ شاری بەغداد دەبێت و بە (زۆنی سەوز)، بۆ سنورە سیاسییەکەی باشوری کوردستان دەبێت. جیاوازیی لە پێکهاتەی زانیاریی هەمان دەربڕاودا، بەڵام بە واتا و تێگەیشتنی جیاواز بۆ پێواژۆی بونیادنان لە ڕێزمانی بونیادناندا دەگەڕێتەوە، کە ئەم پێواژۆیە لەسەر بنەمای توانستە درکپێکردنە گشتییەکان (بۆنموونە توانستی تێگەیشتن لە وەرگێڕانی یەک دەربڕاو بەرانبەر دوو واتای جیاواز) و ستراتیژەکانی پەیوەندیکردنێکی ڕێکوپێک دامەزراوە، کە

ئەمانەیش پەیوەستن بە چۆنییەتی پۆلێنکردن، سەرنجدان و گرنگی، یادەوەریی هاوبەش، زانیاریی پێشوەختە، سروشتی پەیوەندیی ئاخێوەر و گوێگر، بنەماکانی بەستنەوەی یەکەکانی ناو دەربڕاوەکان...هتد، هەموو ئەمانەیش لە بونیادناندا دەرەخسێنرێن.

زانا (ئەدێل گۆڵدبێرگ)، لە لێکدانەوە و شرۆڤەکانیدا بۆ ڕێزمان و پێواژۆ ڕێزمانییەکان لە ڕێزمانی بونیادناندا هەمیشە لەو خاڵە هاوبەشەی نێوان سینتاکس و سیمانتیکەوە دەستپێدەکات، کە هۆکارن لە شێوەپێدان بە پێواژۆ ڕێزمانییەکان. بۆنموونە ئەو مامەڵە جیاوازەی کردارەکان (لە ڕووی سینتاکسەوە)، وەک لە نموونەکانی (شکان، خوێندن، گرتن)دا خرانەڕوو، هۆکارەکەی سیمانتیک و ڕەهەندی واتای و بنەمای بەکارهێنانە واتاییە جۆراوجۆرەکانی خودی ئەو کردارانەبوون. لەمڕوانگەیەوە زانا گۆڵدبێرگ چوار بونیادنانی تایبەت بە کردارەکان و مامەڵەی جیاوازی سینتاکسییان (بێگومان لەسەر بنەمای بەها و نرخ و ڕەفتارە سیمانتیکییەکەیان) دیاریدەکات و هەر خۆیشی لە ڕوانگەی (پەیوەندیداری لە نێوان کردار و بونیادنانەکان The Relationship Between Verbs and Constructions)دا دیاری و دەستنیشاندەکات. ئەوانەیش:

- بونیادی تێپەڕ Transitive Construction
- بونیادی تێنەپەڕ Ditransitive Construction
- بونیادی هۆکار-جوڵە Caused-Motion Construction
- بونیادی ئەنجامی Resultative Construction

ئەم جۆرانەی بونیادنان، سەرجەمی لێکدانەوە و شرۆڤەکانی زانا (گۆڵدبێرگ) دەربارەی ڕێزمانی بونیادنان پێکدەهێنێن[1]. بەگشتی لە دیاریکردنی ئەم جۆرانەی بونیادناندا، ئەو هۆکارە کراوەتە بەڵگە "کە بەشێوەیەکی جێی متمانە و تەواوەتی، ناتوانرێت بۆ لێکدانەوەی واتا، بگەڕێینەوە بۆ کرداری سەرەکی ڕستەکان، لێرەشەوە ئامڕازەکانی دیکەی وەرگرتن و داڕشتنی بونیادە واتاییەکان شکستدەهێنن". (Goldberg, 152)، نموونەکانی (خواردن، خوێندن، شکان)ی (٤١، ٤٢ و ٤٣)، وەک بونیادی تایبەت بە (تێپەڕ و تێنەپەڕ) هێنراونەتەوە و ئاماژە بەم بونیادە لە ڕێزمان و پێداویستییە ڕێزمانی و واتاییەکانی ئەم شێوازە لە بونیادنانی ڕستەکاندا کراوە. لەبەرئەوەی ئەگەر هاتوو لە دیاریکردنی پێواژۆ و کردە ڕێزمانییەکان و تەنانەت واتاییەکانیشدا، تەنها پشت بە کردارە سەرەکییەکانی ڕستەکان ببەسترێت، هاتنیان لە بونیادی جیاواز و بە واتای جیاواز و هەروەها داواکردنی ئارگومێنتی جیاوازیش،

---

[1]- بۆ زانیاریی ورد و تەواو دەربارەی هۆکارەکانی دەستنیشانکردن و ناونان و جیاکردنەوەی ئەمجۆرانەی بونیادنان لە ڕێزمانی بونیادناندا، بڕوانە:

- Goldberg A. 1992.
- Goldberg A. 1995.
- Goldberg A. 2004.
- Goldberg A. 2006.

واياندەكرد، كە كردارەكان يەكلاييكەرەوە و هەڵگری واتای سەرەكی و كۆتايی نەبن. هۆكارەی ئەمەيش بۆ يەكەمين و بيرە بنەڕەتييەكانی ڕێزمانی بونيادنان دەگەڕێتەوە دەربارەی يەكە زمانييەكان، كە هەركاميان بۆخۆيان وەكو بونيادنانێك دادەنێت، ئيدی لە هەر ئاستێكدابێت.

ئەوەشی، كە تايبەتبێت بە بونيادی (هۆكار-جوڵە)وە، خۆی لە واتای ئەو كردارانەدا دەبينێتەوە(بێگومان بە داواكارييە ڕێزمانييەكانيشيانەوە)، كە ناوەڕۆكێكی هۆكاريی، بۆ جوڵانی شتێكيان لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی ديكە هەيە. بۆنموونە ناوی كردارەكانی (پێداكردن، ڕژاندن، هەڵگرتن، پژمين، فوكردن، پاڵپێوەنان). بەگشتی هەموو ئەو كردارانەی، كە ئەم هاوكێشەيە دەيانگرێتەوە:

**X Couse Y, to move Z**

**X هۆكارە لەسەر Y، بۆ جوڵانی Z**

**(سەرچاوەی پێشوو، ١٥٢)**

وەك بەشێك لە بونيادێكی (هۆكار-جوڵە)دادەنرێن و بە دياريكراويش پێواژۆ بونياديیەكە، بڕياری كۆتايی لەسەريان دەدات. بنەڕەتی هاوكێشەكەش لەوەدا كورتدەكرێتەوە، كە ئارگومێنتی (X)، هۆكارە تاوەكو (Y)، بەدرێژايی ڕووبەرێك (Z) بجوڵێت. واتای بونياديی، لە خودی هاوكێشەكەدايە. بەو واتايەی هاوكێشەكە واتای بونيادی (هۆكار-جوڵە) دەبەخشێت بەو ڕستە و دەربڕاو(تەنانەت سەرجەمی ئەو وردەكاری و پێواژۆ ڕێزمانی)انەی، كە لە پێناو بونيادنانی بونيادێكی لەم جۆرەدا دەهێنرێنەوە. ئيدی ناتوانرێت كردارێكی تايبەت و دياريكراو بە كۆمەڵێك خاسيەتی ڕێزمانی و داواكراوی دياريكراوەوە، بۆ گەياندنی واتايەكی لەمجۆرە دياريبكرێت. نموونەكانی (٥٧)، سەرجەميان بونيادی (هۆكار-جوڵە)، بە كرداری جياواز و ئارگومێنتی جياواز(فۆرمی جياواز)ەوە دەنوێنن:

٥٧)ا- دەزووەكەم بە دەرزييەكەدا كرد.

ب- دەرمانەكەيان بەسەر زەوييەكەدا ڕشاند.

پ- عەلاگەكانم تاماڵی خۆمان هەڵگرت.

ت- بەسەر وەرەقەكاندا پژمی.

ج- فويەك لە چاوم بكە.

چ- پاڵياندەنا بە سەيارەكەوە.

لە ڕوانگەی نموونەكان (٥٧) و هاوكێشە شيكارييەكانيانەوە، بونيادی (هۆكار-جوڵە)، وەك پەيوەندييەك لە نێوان كردارەكە و داواكراوەكانيدا دەردەكەوێت. ئەگەر سەرنجيش بدرێت، وشە/ناوی ڕووداويی (جوڵاندن)، لە دارشتە و ناواخنی هيچكام لە نموونەكانی (٥٧)دا نەبووە، بەڵام بونيادی (هۆكار-جوڵە)، كردارەكان و تەواوی داواكراو و هاتووەكانی ديكە لە (٥٧)دا دەگرێتەوە. واتە هاوكێشەی بونياديی

(هۆکار-جوڵە)، بەسەر نموونەکانی (٥٧)دا جێبەجێدەبێت و ئەمەش لە پێواژۆیەکی درکپێکراوی ڕێزمانیدا، تایبەتێتیی (هۆکار-جوڵە)ی پێبەخشیون. خشتەی (٥)، هاوتاکردنی نموونەکانی (٥٧)ە بە هاوکێشەی بنەڕەتی بۆ بونیادی (هۆکار-جوڵە).

| **X هۆکارە لەسەر Y بۆ جوڵانێک(Z)** | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٧ا | X من | Y دەزوو | Z ڕۆشتن بەناو دەرزیدا |
| ٥٧ ب | X ئەوان | Y دەرمان | Z ڕووبەرێکی دیاریکراو بۆ جوڵە = زەوی |
| ٥٧ پ | X من | Y عەلاگە | Z جوڵان لەو شوێنەی، کە مەبەست و زانراوە، تاوەکو شوێنێکی مەبەست و زانراوی دیکە |
| ٥٧ ت | X ئەو | Y وەرەقەکان | Z ئەو لەرینەوە و جوڵە کەمەی، کە وەرەقەکان بەهۆی پژمینەکەوە هەیانبووە |
| ٥٧ ج | X تۆ | Y چاو | Z جوڵانی شتێک، دەرچونی مادەیەک لەناو چاودا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە |
| ٥٧ چ | X ئەوان | Y سەیارە | Z دەیانخستە جوڵە/گواستنەوە |

**خشتەی (٥)**

**بونیادی (هۆکار-جوڵە)ی ڕێزمانی بونیادنان لە دەربڕاوەکاندا**

ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (٥٧) بدرێت، چەند تایبەتێتییەکی وەک (کردارێکی هاوبەش، وشە و یەکەیەکی دووبارەبووەوە، یەک پێواژۆی ڕێزمانی دیاریکراو، یاسا/چەند یاسایەکی تایبەت بە بونیادی هۆکار-جوڵە....هتد)، نابینرێتەوە. ئەوەی، کە سەرجەم ئەو دەربڕاوانەی کردووە بە یەک بونیاد، تەنها جوتکردنە (فۆرم-واتایی)یەکەیە پێکەوە. فۆرم، وەک یەکە و هێما زمانییەکان، واتایش، وەک ئەو مەبەست و بەکارهێنان و هەڵهێنجانە تایبەتەی، کە ئاخێوەرانی نموونەکانی (٥٧) مەبەستیان بووە. ڕوانین لە ڕستە و دەربڕاوەکان لە ڕوانگەی پێواژۆ درکپێکراوە ڕێزمانییەکانی ڕێزمانی بونیادنانەوە، چەندین مەبەست و لایەنی دیکەی بەکارهێنان و ناوازەی دەربڕین ڕووندەکاتەوە. بۆنموونە ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە لەم بونیادنانە بڕوانرێت، دەردەکەوێت، کە لە پێواژۆی ڕێزمانی جیاوازدا، واتا و مامەڵەی تایبەتی دەنوێنێت. بۆنموونە ئەوەی، کە ئاخێوەری کورد زمان (٥٨):

٥٨) تێمخست.

بە تابوو و قەدەغەکراو دادەنێت و لێکیدەداتەوە، هۆکارەکەی بۆ هەڵهێنجانی واتایی و مامەڵەی ڕێزمانی و خاڵی هاوبەشی ئەم دووانە بەهۆی بونیادی (هۆکار-جوڵە)وە دەگەڕێتەوە. بە واتایەکی دیکە، بونیادی (هۆکار-جوڵە)، ئەرکی واتادارکردن و بەخشینی واتای تابووی بە (٥٨) داوە. چونکە خودی (٥٨) ئاماژە بەهەمان بونیاد دەکاتەوە، کە ئاخێوەری کوردی زمان لە پرۆسەی (سێکس)دا ئەزمونیکردووە/لەبارەیەوە دەزانێت، هەر بۆیە بونیادی (هۆکار-جوڵە) بووەتە پێشینە واتادارییەکەی

پشت (٥٨) و بەهای تابوویی پێبەخشیوە. لەم ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت، کە فۆڕمەکانی (٥٧ و ٥٨)، (ئیدی هەر فۆڕمێک بن)، لەگەڵ کردەیەکدا جوتکراون، کە لە بونیادنانێکدا دەنوێنرێن. ئەو بونیادە جوتکردنی (فۆڕم-واتا/کردە)یە و نواندنیانە پێکەوە لەیەک بونیاددا و بەهۆیانەوە واتای بونیادیی (هۆکار-جوڵە)یان گەیاندووە.

لە ڕاستیدا مەبەستی زانا (گۆڵدبێرگ) لە دەستنیشانکردنی ئەمجۆرانەی بونیادناندا، لەو ڕەهەندەوە دێت، کە هەمیشە بونیادنان، لە دارِشتەکان و ئاوێتەکردنی یەکە هێماییەکان، زیاترن. بۆنموونە بونیادی (ئەنجامی)، ئاماژە بە بارودۆخی کەرەستەیەکی ناو ڕستەکە دەکات، کە بەهۆی کردار و مەبەستی ئاخێوەر لەسەر کردارەکە، بەسەریدا هاتووە. نموونەکانی (٥٩)، زیاتر مەبەستی بونیادی (ئەنجامی) ڕووندەکەنەوە:

٥٩) ا- دەورییەکەی لێسایەوە. (هەموو خواردنەکەی خواردووە، ئەنجامی کۆتایی پڕۆسەیەکی خواردن).

ب- چاوی سور هەڵگەڕابوو. (لە بێخەویدا/ لە تورەییدا)، (ئەنجامی ڕووداوێک، کە لە پێشتردا ڕوویداوە و (سورهەڵگەڕانی چاو)، ئەنجامی ڕووداوەکەیە).

پ- مێرووەکە ناو سێوەکەی خواردووە. (گەنین و خراپبوونی سێو، کە بەکەڵکی خواردن نایەت).

ت- دایکم کراسەکەی دوورییەوە. (خاڵی کۆتایی و ئەنجامی دڕانی کراسەکەی گێڕاوەتەوە).

لە نموونەکانی (٥٩)دا، کردارەکانی (لێسانەوە، سورهەڵگەڕان، خواردن، دوورینەوە)، بارێکی تایبەتیی یەکێک لە هێماکانی ناو بونیادەکە دەگەیەنن. بۆنموونە (لێسانەوە)ی (٥٩- ا)، وەک ئەنجامی زۆر خواردنی خۆراکی ناو دەورییەکە بەکارهێنراوە، کە هەم ئەنجام و کۆتاییەکەی گەیاندووە، هەمیش ئەو بارودۆخە تایبەتەی، کە لە ئەنجامی کارەکەدا بەسەر (دەوری)ی ناو بونیادەکەدا هاتووە، کە ئەویش (زۆر خواردنە). هەروەها (سورهەڵگەڕان)، دوو باری جیاواز، وەک دوو ئەنجامی جیاوازی سەر (چاو)ی (٥٩- ب) دەگەیەنێت. ئەو دووبارەیش ئەنجام و کۆتایی بابەتێکی دیکەن، کە بەهۆی کرداری ڕستەکەوە گەیەنراون و ئاماژەیانپێدراوە، ئەوانیش (بێخەوی/کەمخەوی و تورەبوون)ن. بەمشێوەیە (٥٩- ا)، بونیادێکی ئەنجامی دەنوێنێت، چونکە (دەورییەکە هیچی تێدانەماوە)، لە ئەنجامی (خواردنی هەموو خواردنەکانی ناوییەوە) بووە. هەروەها (سورهەڵگەڕانی چاو)، ئەنجامی (کەمخەوی/تورەبوون)ە. لە (٥٩- پ)دا، سەرجەمی بونیادەکە وەک ئەنجامی دەربڕاوە، کە کردارەکە ئەنجام و خاڵی کۆتایی بونیادەکەی گەیاندووە، ئەمەش لەسەر بنەمای بارودۆخێکی تایبەتی لەسەر (سێوەکە)ی جێبەجێکردووە. بە واتای ئەوەی، کە ئەنجامی (گەنین و خراپبوونی سێوەکە)، (خواردنی ناو سێوەکەی) لێدەکەوێتەوە. هەروەها (دوورینەوە)ی (٥٩- ت)، بونیادێکی ئەنجامی نواندووە لە

ئەنجامی (دڕانی کراسەکە)ەوە، کرداری (دوورینەوە) بەکارهێنراوە و تەواوی بونیادە لە پێناو بارودۆخ و ئەنجامی کۆتایی سەر (کراسەکە) هێنراوەتەوە.

"دەتوانین بڵێین: ئەو دۆخەی، کە لەلایەن بونیادنانی ئەنجامییەوە گەیەنراوە، جۆرێکە لە دیمەنێک، کە لە ئەزمونی ژیانی ڕۆژانەمانەوە هاتووە و شارەزایمان دەربارەیان هەیە". (Miyata A. 1997: 289).

لەڕاستیدا سەرجەمی زانستی زمانی درکپێکردن و ڕێزمانی بونیادنانیش، بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕێکخراوەیی و یەکگرتووییە جیهانییەی زمان و ڕێزمان نییە، لەبری ئەمە خواستییەتی، کە زمانی مرۆڤ بە ڕێگایەکی دیاریکراو بنوێنێت، وەک مۆدێلێکی ڕێک و وردی کۆزانیاریی تاکێکی قسەکەر لە زمانێکی دیاریکراودا. بەو واتایەی ڕێزمانی بونیادنان وردترین پێواژۆ ڕێزمانییەکانی ڕێزمانی ئاخێوەران دەکاتە بنەما و وەک بونیادی زمانی مرۆیی دەیناسێنێت. هەر وەک پێشتریش ئاماژەپێدرا، کە لە ڕێزمانی بونیادناندا، ڕێزمان وەک کۆگایەکی بونیادنانەکان دانراوە و بەهۆیشییەوە وەک لە خۆگری سەرجەمی ئەو فۆرم-واتایانە دەردەکەوێت، کە ئاخێوەران بۆ گوزارشتکردن لە چەشنە دیاریکراو و مەبەستدارە درکپێکراوەکەی خۆیان، دەربڕاوەکان دادەڕێژن و هەر دەربڕاوێکیش وەک بونیادێک هەموو کۆزانیارییە زمانییەکانی ئاخێوەران دەردەکەوێت.

# بەشی سێیەم

## پێواژۆ ئینسکلۆپیدییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە دەربڕاوە ئاڵۆزەکانی زمانی کوردییدا

## ٣) پێواژۆ ئینسکلۆپیدییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە دەربڕاوە ئاڵۆزەکانی زمانی کوردیدا

ئاخێوەر لە بەکارهێنانە زمانییەکانیدا، لە یەک کاتدا، سەرجەمی زانیاری و کۆزانیارییە زمانی و نازمانییەکانی دەنوێنێت. هەموویان لە پێواژۆیەکدا ڕوودەدەن و بە پێواژۆ درکپێکراوەکانی ڕێزمانی بونیادنان دەخرێنەڕوو. هەربۆیە ڕێزمان وەک دروستکردنێک بۆ ئەم نواندنانە وەرگیراوە. فێربوونی دروستکردنەکان هەرگیز زگماکی و بۆماوەیی سروشتی نییە، بەڵکو فێربوون و بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەیە لەسەر بنەمایەکی ئاوەزیی درکپێکراو. هەموو ئەمانەیش لە ڕێزمانی بونیادناندا ڕێگەیان پێدەدرێت. بەو واتایەی، بەهەمان شێوەی یەکەکانی ناو فەرهەنگ، هەموو بونیادەکان، کە لە ڕێزماندا دەردەکەون، پڕواتا و بەکارهێنراون. لەم بەشەدا و بۆ نزیکبوونەوە لە لایەنی کارەکییانەی سەرنجەکانی ڕێزمانی بونیادنان، کارکردن بە سروشتی ئینسکلۆپیدیایی ڕێزمانەکە دەخرێتەڕوو. پاشانیش هەرکام لە دەربڕاوە ئاڵۆزەکانی وەک (مۆرفۆسینتاکس، ئیدیۆم) بەنموونەی کارەکی و شرۆڤەی ڕێژەگەراییەوە هێنراونەتەوە.

## ١/٣) پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردییدا

ڕوودانی پێواژۆ (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، ڕێزمانی)یەکان لە ڕێزمانی بونیادناندا، لەسەر شانی ئەو ئەدگارە تایبەتە جێبەجێدەکرێت، کە پێیدەوترێت سروشتی ئینسکلۆپیدیی یەکە زمانییەکان. کە دەشڵێین یەکەکانی زمان، لە فۆنێمێکەوە تاوەکو دەق و تەنانەت لێکدانەوە دەقییەکان و ویستە تایبەت و جیاواز بونیادنراوەکانی ئاخێوەرانمان مەبەستە. واتاکان هەمیشە بە ڕێگای زۆر و هەمەچەشن و فراوان وەردەگیرێن. هەر لێکدانەوەیەکی واتای دەربڕاوەکان، ئاماژە بەو گۆشەنیگا و باری سەرنجە دەدات، کە بووەتە دەستپێکی لێدوانەکان لەسەر واتا، بۆنموونە ڕوانین لە واتا لە ڕوانگەی دروستەی قووڵ (لە قوتابخانەی بەرهەمهێناندا)، یاخود لە ڕوانگەی پەیپێبردن و درکپێکردنی ئاخێوەرەوە بۆ واتا (وەک لە ڕێزمانی درکپێکردندا خرایەڕوو). لە لایەکی دیکەوە ڕوانین لە واتا، بەو مەبەستە دیاریکراوەی، کە ئاخێوەر فۆڕمەکان لەگەڵ کردەکاندا جوتدەکات و بۆ بارودۆخە تایبەت و دیاریکراوەکان، دروستیاندەکات یان بەکاریاندەهێنێت، لێکدانەوە واتاییەکانی ڕێزمانی بونیادنان دەنوێنێت. جوتکردنەکان، دیاریکراو و سنوردار نین، ناتوانرێت سەرچاوە واتاییەکان بۆ بنەڕەتێکی تاک و دیار بگەڕێنرێنەوە. دەشێت ئاخێوەرێک فۆڕمێک بە واتایەکی تایبەتییەوە جوتبکات، هەمان ئاخێوەر، هەمان فۆڕم لە بارودۆخێکی دیکەدا، بە واتایەکی دیکەوە جوتبکات. ئەمەش سەرەڕای پشتگوێخستنی بونیادنانی ئاخێوەرە جیاوازەکان بۆ فۆڕمەکان لە بارودۆخە جیاوازەکانی دیکەدا. ئەوەشی، کە بتوانێت مەودایەک بۆ سەرجەم ڕێگا جیاوازەکانی وەرگرتنی واتا و لێکدانەوە واتاییەکان لە ڕێزمانی بونیادناندا بڕەخسێنێت، سروشتی ئینسکلۆپیدیی یەکە زمانییەکانە، کە هەم واتا لە سروشتی ئینسکلۆپیدیدا(واتای

ئینسکلۆپیدی) دەتوانێت پێواژۆ درکپێکراوەکانی ڕێزمانی بونیادنان بنوێنێت، هەمیش سروشتی واتا لە قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردندا، ئینسکلۆپیدییانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لەو ڕوانگەیەشەوە، کە لە ڕێزمانی بونیادناندا تەنها و تەنها کاتێک دارشتەیەک بە بونیادنراو دادەنرێت، کە جوتکراوی (فۆرم–واتا)بێت، هەر بۆیە لێکدانەوە واتاییەکان دەبنە بنەڕەتی لێکدانەوەکانی ڕێزمانی بونیادنان. ئەو لێکدانەوەیەش، لە سروشتی ئینسکلۆپیدییەوە دێت. هەر ئەم سروشتەیشە ڕێگە بە هەر جۆرە بونیادنانێکی پێویستی دارشتەکان بۆ ئاخێوەران دەدات، تا بەهۆیانەوە بتوانن، هەر بونیادێک، کە خواستیانە، دروستیبکەن. ئەمە بەو واتایە نایەت، کە هیچ سنور و بەربەستێک لەبەردەم ڕێگەپێدان بە هەموو ڕوودانە واتاییەکاندا نابێت، بەڵکو "بونیادنانەکان لە تۆرێکدا ڕێکخراون". ( Geeraerts, D. and Cuyckens, H., 2007: 463). ڕێکخراوەیی بونیادەکان، بە خواستنە لە سروشتی واتای ئینسکلۆپیدیی زمان و یەکە زمانییەکان، کە تەواوی واتای هەبوو و پێشبینیکراو لە هەر دەربڕاوێکدا دەگرێتەوە. لەم خاڵەدا ڕێزمانی بونیادنان لە پێواژۆیەکی درکپێکراوی ئینسکلۆپیدییانەدا مامەڵەدەکات. لەبەرئەوەی بونیادنان، جوتکردنی هەر فۆرم–واتایەکە، کە ئاخێوەر مەبەستییەتی. لە بەشی دووەمی ئەم تێزەدا، ڕەخساندنی بونیادنانەکان، لەسەر بنەمای فۆنیم، مۆرفیم، ڕستەکانی زمان بوون. لەم بەشەدا بە شێوەیەکی کارەکییانە کار لەسەر هەمان ڕەخساندن دەکرێت، ئەویش لە ڕوانگە واتاییەکەی یەکە زمانییەکانەوە.
بەخواستن لەو لێکدانەوە واتاییانەی، کە لە ڕێزمانی بونیادناندا گریمانە دەکرێن، کە ئەویش جوتکردنە هەمیشەییەکەی (فۆرم_کردە)یە، ئەوا لێکدانەوە سیمانتیکییەکان لە ڕوانگەی خاسیەتی ئینسکلۆپیدییەوە، لێکدانەوەیەکی پڕاوپڕ دەبێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تێگەیشتن لە واتا، ناپێکهاتەییانەیە. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە لێکدانەوەی پێکهاتەییانەی سینتاکسی لە ڕێزمانی بونیادناندا، ناتوانێت بڕوای بونیادنان بچەسپێنێت. بۆ ئەمەیش ئینسکلۆپیدیای دەربڕاوەکان دەتوانن لە هەمانکاتدا (فۆرم) بە (کردە)یەکی دیاریکراوەوە، جیا لە تەواوی فۆرم و کردەکانی دیکە بگەیەنن. "هەر بۆیە ڕوانینی ئینسکلۆپیدی لە سیمانتیکی لە درکپێکردندا پێشنیازکراوە، تاوەکو فراوانترین ڕووبەر بۆ یەکە فەرهەنگییەکان بڕەخسێنێت لەپێناو تێگەیشتنێکی باشتر و فراوانتردا". (غەریب، نالی ئەدهەم، ٢٠١٦: ٣٥). بەو هۆیەشەوە، کە ڕێزمانی بونیادنان لە هەوڵی دروستکردندایە، دروستکردنی هەر جوتکردنێکی فۆرم–واتایی لە یەک بونیاددا، کە ئاخێوەر مەبەستیەتی، ئەمیش وادەکات ئەو بڕوا بنەڕەتییەی زانستی زمانی درکپێکردن و سیمانتیکی درکپێکردن بخەینەڕوو، کە پێیوایە زمان ئاماژەیە بۆ چەمکەکانی ناو مێشکی ئاخێوەران، کە ئەمانەش لە ئەزمونی بەرجەستەکراوەوە هاتوون، نەک بۆ بوونێک لە جیهانی ڕاستیدا. بە واتایەکی دیکە، زمان گوزارشت لەوانە دەکات، کە ڕاستین بۆ ئاخێوەران. بە شێوەیەک زمان خۆی بەتەنها کۆد لە واتا نادات، بەڵکو ئەوە ئەزمونەکان و چۆنییەتی ڕوانین و درکپێکردنە، واتاکان بەکۆد دەکەن، بۆئەوەی مەودای هەر بەکۆدکردنێکیش بڕەخسێنرێت، پێویستە واتاکان لە بۆتەی سیمانتیک، پراگماتیک، واتای بارکراو و شێوازی و واتای دووەم و ...هتد ڕزگاربکرێن و واتایەک

پێشنیازبکرێت، کە لەخۆگری سەرجەمی ئەمانە بێت. بەو واتایەی لەخۆگری هەر بونیادنانێک بێت، کە ئاخێوەر دەیەوێت دروستیانبکات. بەمەش یەکە زمانییەکان و بونیادەکانیان دەبن بە خاڵی دەستپێگەیشتن بە کۆگا فراوانەکەی زانین و درکپێکردنە هەمەجۆرەکانیان. کەواتە ئینسکلۆپیدیای یەکەکان، وەک پاڵنەرێک بۆ بونیادنانی واتا دەبینرێن. ئەو واتایەی، کە ئاخێوەر مەبەستیەتی، کە تەنها لە ئەزمون و ئاوەزی خۆیەوە سەرچاوەیگرتووە. "جیاوازیی لە واتادا مەرجنییە جیاوازیی لە ڕوودانی ڕاستەقینەشدا بنوێنێت، بەڵکو ڕەنگە نوێنەرایەتی لێکدانەوەیەکی جیاوازی ئەو بارودۆخە بکات، کە باسدەکرێت. بەم شێوەیە پێواژۆی درکپێکراوی سیمانتیکی، پەیوەندیدارە بە بنەما و بڕواکانی خودی قسەکەرەوە". (Goldberg, A. 1995: 8). باسکردنی هەر دۆخێکیش بە هەر جۆرێک، ئاماژە بەو دروستکردن و بونیادنانە دەکات، کە ئاخێوەر مەبەستییەتی. بۆنموونە گۆشەنیگا جیاوازەکانی ڕوانین لە خانویەک، کە ژمارەیەک چەکداری تێدابێت، دەشێت نموونە و دەربڕاوەکانی (١)ی لێبێتە بەرهەم:

١) ا- ماڵەکە بەچەکدار تەنراوە.

ب- چەکدارەکان لە ماڵەکەدا کۆمەڵ بوون.

پ- چەکدارەکان ماڵەکەیان گرتووە.


جیاوازیی لە پلەی درکپێکراوی نموونەکانی (١)دا، ئاماژە بە جیاوازی لە ڕاستی ڕووداو و دیمەنی (ماڵە بەچەکدارەکە)دا ناکات. واتاکانی (تەنین، کۆمەڵ بوون، گرتن)، لە ئینسکلۆپیدیای واتای یەک دیمەنەوە هاتوون، کە ئەو ئینسکلۆپیدیایەش ڕێگەی بە بونیادنانی (١- ا، ب، پ)داوە. هەر بۆیە نموونەکانی (١)، بە پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی بونیادنانی یەک دیمەن دادەنرێن. بەم شێوەیە واتا دیاردەیەکی درکپێکراوە و لە مێشکی تاکدا جێگیربووە و سەرچاوەیش دەگرێت. کەواتە بابەتێکی خودییە و تواناکانی هەستکردن و درکپێکردن و خەیاڵی خودێتیی ئاخێوەر لەخۆدەگرێت. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت واتا، بابەتێکی پێویستی پەیوەندیکەربێت لە نێوان ئاخێوەراندا (واتە بتوانرێت ببێت بە بابەتێکی جێی گفتوگۆ و تێگەیشتن)، تاوەکو ئاخێوەران بتوانن دەستپێڕاگەیشتنێکی هاوبەشیان بە واتاکان هەبێت. بە دەربڕینێکی دیکە، واتاکان بابەتی نین، بەڵام لەگەڵیشیدا دەبێت لە پەیوەندییەکی جێی متمانەدابن و لەگەڵ جیهاندا بوەستن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم سەرنجە، لەو بارودۆخە دەڕوانین، کە ئاخێوەرێکی کورد، نموونەیەکی وەک (٢):

٢)- خودا لێیخۆشبێت/ خودا عەفوی کات.

بۆ کەسێکی زیندو لە ژیاندا بەکاربهێنێت. هەرچەندە هیچ گرفتێک لە هیچ ڕوویەکی ئەو دەربڕاوەوە نابینرێت، تەنانەت وەک هیواخواستنێکی باش لە ئاوەزی مرۆڤی بڕواداردا دەردەکەوێت، بەڵام هێشتایش بەکارهێنانی بەرانبەر مرۆڤێکی زیندو گونجاونابێت و دەشێت کاردانەوەی خراپیش بەدوای خۆیدا بهێنێت. ئەمەش لەبەرئەوەی بونیادنانەکەی دروستنییە. هەرچەندە وەک درکپێکراوێکی خودییانە،

یاخود واتایەکی جێگیر لە ئاوەزی ئاخێوەردا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی بابەتێکی هاوبەش و جێی متمانەی دەرەکی و هۆکار بۆ گفتوگۆی هاوبەش لەنێوان ئاخێوەراندا نییە، بۆیە نابێتە بونیادێکی دروست بۆ گفتوگۆ. لەبەرئەوەی ئەم بونیادە(ئەو فۆڕمەی لە (٢)دا خراوەتەڕوو)، تەنها و تەنها کاتێک بە بونیادێکی دروست لە ئاوەز و واتای ئینسکلۆپیدیی ئاخێوەرانی کوردزماندا دادەنرێت، کە لە هەمانکاتدا واتا/کردەی تایبەتی خۆی بگەیەنێت، کە ئەویش (گیاندەرچوونی ئەو کەسەیە)، کە ئاواتەکەی بۆ خواستراوە و لە نموونەی (٢)دا ئاماژەپێدراوە. بەهەمان شێوە نموونەی (٣):
٣)- خوایگەورە ئاگای لێت بێت.

کاتێک بە بونیادێکی هاوبەش دادەنرێت، کە دوو کەس خەریکی جێهێشتنی یەکتربن، یاخود لە بارودۆخێکی گەشتکردندا بەکاربهێنرێت. لە کاتێکدا خودی نموونەی (٣) و بەکارهێنانی ئەو فۆڕمە لە بارودۆخەکانی دیکەشدا، هیچ گرفتێکی تێدانییە، بەڵام لە ڕێزمانی بونیادناندا، ڕێگەدانەکە بۆ ئەو دەربڕاوانە دەبێت، کە وەک ئینسکلۆپیدیایەک، لەخۆگری هەموو بارودۆخە گونجاوەکانی ئاخاوتن بێت. واتە هۆکاربێت بۆ: ١- دروستی بونیادنان، ٢- دروستی تێگەیشتن. بە کورتی هەرکام لە نموونەکانی (٢، ٣)، لە بارودۆخە ئاساییەکانیشدا، هیچ گرفتێکیان نابێت، کەچی تاوەکو ئەو کردەیەی، کە خۆیان خاوەنداری لێدەکەن، نەیگەیەنن، نابێت بەکاربهێنرێن. بۆنموونە تاوەکو کەسێک نەمردبێت، ناتوانین نموونەی (٢)ی ئاڕاستەبکەین.
سەرجەمی ئەم زانیارییانە، کە پێویستن بۆ بونیادێک، بە پێواژۆ ئینسکلۆپیدییەکانی ڕێزمانی بونیادنان دادەنرێن.
یەکێک لە دیارترین بڕواکان لە لێکدانەوەی ئینسکلۆپیدی لە ڕێزمانی بونیادناندا، پەیوەستبوونە بە زیاتر لە لێکدانەوەیەکەوە بۆ هەر خستنەتەکیەکێکی ڕێزمانی و سینتاکسی. هۆکاری ئەو فرە لێکدانەوەییەیش، بۆ سروشتی مامەڵەی ئینسکلۆپیدی لە ڕێزمانی بونیادناندا دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەمەیش هیچ لەو واتایە ناگۆڕێت، کە هەر بونیادێک تایبەتە بە بارودۆخێکی دیاریکراوەوە. ئەگەر سەرپێی و ڕووکەشی لەم بابەتە بڕوانرێت، وەک نێواندژییەک لەگەڵ بڕوای سەرەکی ڕێزمانی بونیادناندا دەردەکەوێت، بەڵام بە ڕوانینێکی قووڵ لە سروشتی ئینسکلۆپیدیایی، یاخود لێکدانەوەی واتایی پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی ڕێزمانی بونیادنان، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە هەر بونیادێک بۆ یەک بارودۆخی تایبەت و دیاریکراوە، بەڵام خودی بونیادەکە و یەکە پێکهێنەرەکانی، خاوەنداری لە سروشتی ئینسکلۆپیدیایی دەکەن. بەو واتایەی، کە زیاتر لە لێکدانەوەیەک هەڵدەگرن. واتە سروشتی ئینسکلۆپیدی، مەودایەک بۆ لێکدانەوە دەڕەخسێنێت، کە یەکەیەک بۆ چەندین بارودۆخ و چەندین بونیاد بڕەخسێت/بگونجێت. ڕوونکردنەوەی ئەم بیرە لە هێڵکاریی (١)دا دەخرێتەڕوو.




**هێڵکاریی (١)**

**پەیوەندیی ئینسکلۆپیدی و بونیادنان**

کەواتە ئینسکلۆپیدی، ڕێگە بە هەر بونیادنانێک دەدات، لە کاتێکدا یەک بونیادیش مەبەستییەتی، کە ئاماژە بە یەک جوتکردن بدات. بەم شێوەیە بونیادنان، دیاریکردنی مەبەستە ئینسکلۆپیدییەکانە. وشەی (دابەزین)، ئینسکلۆپیدیایەک لە واتا دەگەیەنێت، بونیادنان لەناو ئینسکلۆپیدیاکەدا کاردەکات و ئەمەش بە پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە ڕوونکردنەوەی مەبەستە دیاریکراو و جیاواز و نزیکەکانی (دابەزین) دادەنرێت. وەک ئەوانەی لە نموونەکانی (٤)دا هێنراونەتەوە:

٤) ا- بەفر دابەزیوەتە ناو شار.

ب- پێشمەرگە دابەزیوەتە ناوشار.


پ- زەختی دابەزیوە/ شەکرەی دابەزیوە/ بەردی گورچیلەی دابەزیوە.

ت- جۆزەکەمان دابەزیوە.

ج- ئەو نەفەرانە دادەبەزن.

چ- دۆلار بەرانبەر دینار دابەزیوە.

(دابەزین) لە نموونەکانی (٤)دا، بە خاسیەتە ئینسکلۆپیدیاییەکەیەوە، مەودایەکی واتایی بۆ ڕێگەدان بە دروستی واتایی سەرجەم نموونەکانی (٤) ڕەخساندووە. پێواژۆی درکپێکراوی ئینسکلۆپیدیی (دابەزین) لە (٤- ا، ب)دا، دەیکات بە هاوڕێی (بەفر، پێشمەرگە). لە بونیادنانێکی دیکەیدا، بەشێکی دیکە لە واتای (دابەزین) بونیادنراوە، کە بە هاوڕێیەتی لەگەڵ (زەخت، شەکرە، بەردی گورچیلە) دیاریکراوە. دیاریکردنی واتای (دابەزین) لە (٤-ت)دا، لە پێواژۆیەکی ئینسکلۆپیدییەوە هاتووە. بەم شێوەیە ئەو (دابەزین)ەی، کە لەگەڵ (جۆزە)دا هاتووە، تەواو جیاوازە لە (دابەزین)ی سەر (نەفەر)ی (٤- ج). لە کاتێکدا پێواژۆی درکپێکراوی بونیادنراوی (دابەزین)ی (٤- چ)، پەیوەستە بە بەها و نرخەوە. هێڵکاریی (١)، بەشێوەی کارەکی لەسەر (دابەزین)ی نموونەکانی (٤)، لە هێڵکاریی (٢)دا دەخرێتەڕوو.




**هێڵکاریی (٢)**

**پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی (دابەزین) لە ڕێزمانی بونیادناندا**

نمایشە واتاییەکانی (دابەزین) لە نموونەکانی (٤)دا، پەیوەستدەبێتەوە بە: ١- واتای ئینسکلۆپیدیی وشەکەوە، ٢- بەستنەوەی یەکێک لە واتا ئینسکلۆپیدییەکانی، بە واتای ئینسکلۆپیدیی وشەکانی هاتوو لە بونیادە دیاریکراوەکەیدا. ڕوودانی هەموو ئەمانەش لە پێواژۆیەکی درکپێکراوی ئینسکلۆپیدیی ڕێزمانی بونیادناندا دەبێت. بۆنموونە (دابەزین)ی (پێشمەرگە بۆ ناو شار) لە (٤- ب)دا، پەیوەستە بە ڕەهەندە مێژووییەکەی قۆناغێکی خەباتگێڕییەوە و تەواو جیاوازە لە (دابەزین)ی (بەفر بۆ ناو شار)، کە ئەمەی دواییان پەیوەستە بە دیاردەیەکی سروشتی دیاریکراوەوە. ڕوودان و ڕێگەدان بەم مامەڵە جیاوازانە، بە پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی ڕێزمانی بونیادنان دادەنرێت.

بەم شێوەیە بونیادنان، نواندنی پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی یەکە زمانییەکانە لە تۆڕێکدا. تۆڕی (پێشمەرگە، شاخ، ناوشار)، هەروەها (بەفر، شاخ، ناوشار)، لە (دابەزین)دا نوێنراوە، کە بەهۆی ڕێزمانی بونیادنان و پەیوەندیی نێوان یەکەکانی بونیادێکی دیاریکراو، لێکدانەوە واتاییەکان بۆ (دابەزین) دیاریدەکات. هەر لەم ڕوانگەیەوەیە، کە زانا (گۆڵدبێرگ، سەرچاوەی پێشو، ٨)، دەڵێت: "شێوەی تەواوکەرە جیاوازە سینتاکسییەکان، دەبن بە ڕەنگدەرەوەی/ هێنانەئارای نواندنی سیمانتیکی جیاواز بۆ کرداری سەرەکی". کرداری سەرەکی لە سەرجەم نموونەکانی (٤)دا، (دابەزین)ە. بەڵام ئینسکلۆپیدیایەکی لە واتا لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەم خاسیەتەوە لەگەڵ (بەفر، پێشمەرگە، زەخت، جۆزە، نەفەر، دۆلار)دا، بونیاددەنرێت، بەڵام لە هەر بونیادێکیدا، نواندنێکی سیمانتیکی جیاوازمان دەبێت، ئەو نواندنە سیمانتیکییە جیاوازە، لە پێواژۆیەکی درکپێکراوی ئینسکلۆپیدییانەدا ڕوودەدات. ڕوودانی دروستی ئەمەیش بەجۆرێک دەبێت، کە "لێکدانەوە واتاییەکانی ڕستە، بە یەکخستنی زانیارییە واتادارەکانی چوارچێوەیەکی واتایی لەگەڵ چوارچێوەی واتایی هەموو یەکە هاوڕێکانی دیکەی هاتوو لە ڕستەکەدا، بەدیدێت". (Fillmore, Ch. J., 1988: 43). بە لەبەرچاوگرتنی ئەو چوارچێوە واتاییە، کە هەر یەکەیەکی هاتوو لە ڕستەکاندا هەیەتی، هەروەها چوارچێوەی واتایی سەرجەم یەکەکانی دیکەی ناو ڕستەکە، دەتوانرێت

هەر بونیادێک دابڕێژرێت، کە ئەو چوارچێوەیە دەیگرێتەخۆی. پێویستە ئاگاداری ئەوەبین، کە ئەو چوارچێوە واتاییە بەهۆی ئینسکلۆپیدیی یەکەکانەوە دەکێشرێت. بۆنموونە چوارچێوەی واتایی (دابەزین) لە نموونەکانی (٤)دا، بە هاوڕێیەتی لەگەڵ چوارچێوەی واتایی یەکەکانی دیکەوە، دەتوانێت بوارێکی دروست بۆ ڕوودانی بونیادی نموونەکانی (٤) بڕەخسێنێت. بۆنموونە هەر لە چوارچێوەی (زەخت/شەکرە)دا، (بەرزبوونەوە)یش هەیە. لە کاتێکدا لە چوارچێوەی (بەفر، پێشمەرگە)دا، (بەرزبوونەوە) نییە. لە ئاخاوتنی تایبەتی ئاخێوەرانی کورددا و لە چوارچێوەی واتایی (جۆزە) و (دابەزین)دا، بونیادێکی واتایی تەواو پێچەوانەیش هەیە، کە دەتوانرێت وەک هاوواتایەک بۆ (٤- ت) دابنرێت و لە (٥)دا خراوەتەڕوو:

٥)- جۆزەکەمان هەستاوەتەوە.

هەرکام لە (دابەزین) و (هەستان)، تەنها و تەنها لە چوارچێوەی واتایی (جۆزە)دا ڕێگە بە هاتنیان دراوە. ئەمەیش بەهۆی ئەو پەیوەندییەوەیە، کە یەکە هاتووەکانی بونیادی (٤- ت) و (٥) پێکەوە هەیانە. ئەو پەیوەندییە لە ئینسکلۆپیدیای یەکەیەکی وەک (جۆزە)وە هاتووە، کە مەودای بۆ ڕوودان و هاتنی هەرکام لە (دابەزین) و (هەستان) ڕەخساندووە و تەنانەت ئاخێوەرانی کورد لەبری یەکتریش بۆ هەمان مەبەست و واتا بەکاریدەهێنن. بەڵام هەمان یەکە (هەستان)، لە چوارچێوەی (پێشمەرگە، بەفر، زەخت، نەفەر)دا، ڕێگە بە هاتنی نادرێت. لە کاتێکدا و لە نموونەیەکی وەک (٦)دا، دەتوانرێت بونیادبنرێتەوە:


٦)- دینار/ دۆلار هەستاوەتەوە.

هۆکاری ڕێگەدان بەم بونیادەی (٦)، بۆ یەکخستنی زانیارییە واتادارەکانی چوارچێوەی واتایی (دینار/ دۆلار) لەگەڵ (دابەزین) و (هەستانەوە)یە، کە هاتنی هەموو لایەنەکان پێکەوە، بەهۆی تێکردە واتاییەکانی پێواژۆ ئینسکلۆپیدییەکانی هەرکامیانە. "هەر نەخشەیەکی واتایی، کە پەیوەستە بە سەریەککەوتن و پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان یەکەکانەوە، دەتوانرێت لە چوارچێوەیەکی ڕێزمانی بونیادنراودا، کە تایبەتە بە جوتکردنە فۆرم-واتاکانەوە، بکێشرێت. ئەو نەخشە واتاییانەیش، تا ڕادەیەکی تەواو پێداویستییەکانی ڕێزمانی بونیادنان بەدیدەهێنن". (Cappelle, B. and Depraetere, I., 2016: 4-5). ڕێزمانی بونیادنان، کە چاوی لەسەر هەر جوتکردنێکی فۆرم-واتایە، ئەمەیش بەهۆی نەخشەکێشانە واتاییەکانەوە دادەڕێژرێت. بەو واتایەی، کە بەهۆی نەخشەکێشانە واتاییەکانەوە، بونیادەکانیش ئاماژە بە پەیوەندییەکانی نێوان یەکەکان دەکەن. بۆنموونە لە مامەڵەیەکی بازرگانیدا، چەندین یەکەی زمانی بەکاردەهێنرێت، یاخود لە نەخشە بازرگانییەکەدا بەشداردەبن، لەوانەیش: (پارە، کڕین، فرۆشتن، فێڵکردن، جێبەجێکردنی مامەڵەکە بە دەست، خەڵەتاندن، زیان، قازانج، گواستنەوەی کەرەستە و ماددەکان بەهۆی دەستەوە..هتد) و هەموو پەیوەندییەکانی نێوان ئەم یەکانە لەلایەک، پاشان یەکە و پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان یەکەکان، کە لە نەخشەکێشانێکی تایبەت بە (بڕین)دا دەبینرێن و

کۆدەبنەوە، لە چەشنی (لێکردنەوە، وەک: لقی دارەکەی بڕی)، (زیانگەیاندن، وەک: پەنجەی منداڵەکەی بڕی)، (دەستکەوتنی پارچەیەک لە شتێک، وەک: کێکەکەی بڕی)، (لەدەستدان، وەک: جەرگی بڕاوە)...هتد، لە لایەکی دیکەوە، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان هەموو ئەم یەکانە لەڕێی نەخشەیەکی واتاییەوە، وایکردوە، کە ئاخێوەرانی کورد، دەربڕاوێکی وەک:

٧)- قۆڵی بڕی.

بونیادبنێن. ئەم بونیادنانە بەهۆی نەخشەکێشانە واتاییەکانی ناو ئەو تۆڕە واتاییەوەبوو، کە لە نێوان (مامەڵەیەکی بازرگانی) و (بڕین)دا هەبوو و بونیادنرا. ڕێزمانی بونیادنانیش خواستی دروستکردنیەتی لەنێوان ئەم پەیوەندییە واتاییانەدا. ڕەخساندنی ئەم بوارەیش بۆ بونیادنان، بە پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی ڕێزمانی بونیادنان دادەنرێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەوە دەوترێت، کە وشەکان خاوەنداری لە تۆڕێکی واتایی لە شێوەی ئینسکلۆپیدیایەکدا دەکەن، ئەو ڕێگەپێدانە ئینسکلۆپیدییە، بوار بۆ هەر بونیادنانێکی بێمەبەست و مەبەستداری ئاخێوەران دەکاتەوە. دەربڕاوەکان لە هەر ئاست و پلەیەکی بێمەبەست و مەبەستداردابن، بونیادنانێک دەنوێنن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بیرە، با سەرنج لە خشتەی ژمارە (١)ی خوارەوە بدەین، کە ئاماژە بە تۆڕە واتاییەکەی وشەی (سەر) لە زمانی کوردیدا دەکات.




**خشتەی ژمارە (١)**

**تۆڕی واتایی وشەی (سەر) لە ڕێزمانی بونیادنانی زمانی کوردیدا**

خشتەی (١) و هەموو ئەو یەکە واتاییانەی، کە لەگەڵ (سەر)دا هاتوون، لە بونیادی تایبەت و بەکارهێنانی ئاخێوەرانەوە داڕێژراون. ئەو پەیوەندییانەی، کە (سەر)ی (A) بە تەواوی (B)یەکانی ناو تۆڕەکەوە دەبەستێتەوە، ئاماژە بەو بونیادانە دەدات، کە ئاخێوەران لە بارودۆخە جیاوازەکاندا

دروستیاندەکەن. تەنانەت هێڵەگرێدەری (A) بە (X)ەوە بە واتای پەیوەندیداری و بەشداری هەر (B)یەکی دیکەیە لە هەر بونیادنانێکی دیکە و تەنانەت ئەگەریانەی (A)دا. دەشێت بونیادی (سەر)ی خشتەی (١)، بە نموونە و دەربڕاوەکانی (٨) پاسادانبکرێت.

٨)ا- دیارنەمان: سەرنگونکردن. (بەکارهێنانی مێرۆنیمییانەی (سەر))

ب- دەستکەوت: سەرکەوتن. (سەر، واتای ئاڕاستە)، (کەوتن، واتای جوڵە)

پ- هەژاریی: سەرکز.

ت- ناشیرینی و خراپی: سەرشۆڕ. (سەر، ئەندامی جەستە)، (شۆڕ، واتای دۆخێکی خراپ)

ج- بارودۆخی بەخێرهێنان: سەرچاو.

چ- باجێکی بەزۆر: سەرانە.

ح- قسەکەری یەکەم و ڕیشسپی: سەرگەورە.

خ- نەخۆشی: سەرئێشە.

د- ئەندامی لەش: سەربڕین.

ر-ئازایەتی: سەرم پێوەنییە.

ڕ- بەهەڵەدابردن: سەرلێتێکدان.

ز- ڕابەر: سەرکردە.

ژ- مەیلداری: سەرم بۆی ئەخورێ.

س- قژ: سەرچاککردن/سەرتاشین.

مەبەستی (سەر) لە نموونەکانی (٨)دا، سەرجەمیان بەکارهێنانی فۆرمێکە (سەر)، بە کردەیەکەوە (هەموو بەکارهێنانە جیاوازەکانی (سەر) لە نموونەکانی (٨)دا). بەم شێوەیە (سەر) تۆڕێکی واتایی/ ئینسکلۆپیدیایەک دەسازێنێت، کە ڕێزمانی بونیادنان هەمان فۆرم، بە چەندین واتا/ کردەی جیاوازەوە، دروستدەکات. هەر بونیادێکیشی بە بارودۆخ و سروشتی تایبەتی خۆیدا تێپەڕیوە و ئاماژە بە مامەڵەی دیاریکراوی خۆی دەدات لە بونیادەکەدا. مەبەستیش لە سروشتی تایبەتی (سەر)، لە دوو ڕوانگەوەیە:

١- فۆرم، لایەنەکانی بەکارهێنانە (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکسی)یەکان دەگرێتەوە،

٢- واتا، لایەنەکانی (سیمانتیک، پراگماتیک، بەکارهێنانە دەقییەکان) دەگرێتەوە.

کۆکردنەوەی هەردوو خاڵەکە بە وردەکاری و ناوەڕۆکەکانیانەوە، لە پێواژۆیەکی ئینسکلۆپیدیا و لە ڕێزمانی بونیادناندا ڕوودەدات. ئەم بیرەی سەرەوە دەتوانرێت بەم شێوەیە بخرێتەڕوو: کە کاتێک ئاخێوەران دەیانەوێت زیاتر لە ڕێگایەک بۆ کۆکردنەوەی بونیادنانەکان بدۆزنەوە، تاوەکو هەمان فۆرم لە بەکارهێنانی جیاوازدا دابنێن، دەوترێت (پیواژۆی درکپێکراوی ئینسکلۆپیدی لە ڕێزمانی بونیادناندا).

خودی فۆڕمەکان بۆخۆیان، ناڕوونن. بەو واتایەی، کە فۆڕمێک ئینسکلۆپیدیایەک لە زانیاری دەنوێنێت، بەڵام بەهۆی جیاوازیی بونیادنانییەوە، هەروەها جیاوازیی بونیادنانی بەشداربووەکانی دیکەوە، ڕووندەکرێتەوە. بەم شێوەیە شیکردنەوەی دەربڕاوە زمانییەکان دەبێت خۆی لە جێگیرکردنی بونیادنانی زمانی، لە زۆرترین شێوەدا ببینێتەوە، تەنها کاتێکیش ڕێگە بەوە دەدرێت، کە یەکەکان و چۆنییەتی بونیادنانیان، لەگەڵ پێداویستییەکانی یەکتردا بگونجێن، کە ئەو پێداویستییەیش بونیادەکان دەیرەخسێنن. ئەم ڕاستییەی ڕێزمانی بونیادنان، تەنانەت ئامڕازە زمانییەکانیش دەگرێتەوە و ئەوانیش لە بونیادی جیاوازدا دەنوێنرێن. بەجۆرێک، کە ڕوودانی ئامڕازەکان، پەیوەستدەبن بە ڕەخساندنە ئینسکلۆپیدییەکانی خودی ئامڕازەکانەوە، کە ئەمەیش خۆی لە کێشانی نەخشەیەکی سیمانتیکی بۆ هەر ئامڕازێک لە بونیادە تایبەتییەکەی خۆیدا دەبینێتەوە. بەم شێوەیە ئامڕازە ڕێزمانییەکانیش لە ڕووی سیمانتیکییانەوە، تایبەت دەبن بەو بونیادەوەی، کە تێیدا هاتوون و ئەمەیش وایان لێدەکات، لێکدانەوەی تایبەت بەخۆیان هەبێت. تێگەیشتن و داڕشتن و بونیادنانی ئامڕازەکانی (با، هەتا/ تا، هەندێک، هەموو)، لە نموونەکانی (٩)دا، دەبن بە باشترین نموونەی کارکردنە ئینسکلۆپیدییەکەی ئەم ئامڕازانە و شیکردنەوەی پێواژۆ درکپێکراوەکانیان لە ڕێزمانی بونیادناندا:

٩)ا- با دەستپێبکەین. (با، بۆ کات)

ب- با گوڵە بێتەوە لە کانی. (با، داڕشتەیەک بۆ توانجلێدان و بەدڵنەبوون)

پ- ١- با لەیەک تێبگەین.

٢- با سەرنج لە نموونەکانی خوارەوە بدەین. (با، وەک داڕشتەیەکی بونیادی بۆ زەمینەی ئاخاوتن)

٣- با بە هێواشی قسەبکەین.

ت- فارسییەکەم خراپە، با بیکەین بە ئینگلیزی. (با، لەبری باشتر)

ج- گوڵەکانم وازلێهێناوە، با وشکبن. (با، لەبری پشتگوێخستن و لەناوچوون)

چ- بەم گەرمایە و سەروپێ! با ماسی بخۆین. (با، وەک داڕشتەیەکی بەراورد)

ح- با وایلێهاتبێت/ با وابێت. (با، وەک نیشانەی پەشیمانی)

بونیادنانە جیاواز و هەمەجۆرەکانی (با) لە نموونەکانی (٩)دا، ئاماژە و گوزارشت بە توانستی درکپێکراوی ئاخێوەرانی زمانی کوردی دەکات، کە لە پێواژۆیەکی درکپێکراودا، بار و ئەرکە سینتاکسییەکە (وەک فۆڕم)، پەیوەستدەکاتەوە بە هێڵەگرێدەرە سیمانتیکییەکەوە (وەک واتا/ کردە) و هەرجارێک، شوێن و جێگەی واتایەکی دیکە دەگرێتەوە و لەبری ئەوان بەکارهاتووە. بۆنموونە لە (٩-ا)دا، سەرەتا و دەستپێکێکی دیاریکراوی کات دەگەیەنێت و لە (٩- ب)دا وەک ئامڕازێکی جێگیری داڕشتەیەکی ئیدیۆمی لە زمانی کوردیدا هاتووە. لە (٩- پ)دا وەک داڕشتەیەک بۆ ڕەخسێنەری زەمینەیەکی لەباری گفتوگۆکردن هێنراوەتەوە. لە کاتێکدا و لە (٩- ت)دا وەک ئامڕاز و ئەرکدارێکی

سینتاکسییانە و بە ناوەڕۆک و مەبەستێکی بەراوردکارییانەوە لەبری (باشتر) بەکارهێنراوە. بەو واتایەی، کە بەهۆی (٩- ت)یەوە، ئاخێوەر نموونەی (١٠)ی مەبەستە:
١٠)- ئینگلیزییەکەم لە فارسییەکەم باشترە.

وەک ئاماژەپێدرا، (با) وەک ئامرازێکی درکپێکراوی ئینسکلۆپیدی لە (٩- پ-ت)دا هێنراوەتەوە. بەهۆی ئەو بونیادنانەیشییەوە، ڕاستەوخۆ مەبەستە درکپێکراو و دیاریکراو و مەبەستدارەکەی ئاخێوەر، کە لە (٩)دا خرایەڕوو، لەپێواژۆیەکی ئینسکلۆپیدییانەدا دەنوێنێت. بەجۆرێکی دیکە و لە داڕشتەیەکی بونیادی دیکەدا، (با) واتایەکی دیکەی گەیاندووە و بەکارهێنانێکی تایبەتی پێبەخشراوە، کە بونیادنانەکەی تەواو جیاوازە لە بونیادەکانی (٩- ا، ب، پ، چ، ح)یش، چونکە لە بەرکاهێنانی (٩- ج)دا بۆ گوزارشت لە (پشتگوێخستن و لەناوچوون) هێنراوەتەوە، کە لەم پێواژۆ درکپێکراوەیدا جیاواز دەبێت لە تەواوی بونیادنانەکانی دیکە و تەنانەت پێواژۆ درکپێکراوەکەیشی ناچێتەوە سەر (١٠) و نموونەیەکی هاوشێوەی وەک ئەوە، چونکە ئەوەی، کە (٩- ج) مەبەستییەتی، لە (١١)دا خراوەتەڕوو:
١١)- دەمەوێت گوڵەکان وشک ببن/ تیابچن.

بەم شێوەیە بونیادنانی (با) لە (٩- ج)دا، بە پێواژۆیەکی درکپێکراوی ئینسکلۆپیدییەوە بۆ بنەڕەتێکی درکپێکراو دەگەڕێتەوە، کە پەیوەستە بە (پشتگوێخستن و لەناوچوونەوە) و بەهۆی بونیادنانێکی تایبەتی (با)وە، ئەم مەبەستە گەیەنراوە. بەکارهێنانی (با) لە (٩- چ)دا، ئاڕاستەی درکپێکراو لە (باشتر)ی (١٠) و (پشتگوێخستن)ی (١١)وە گۆڕاوە بۆ گوزارشتکردن لە (جیاوازیی بارودۆخ)، چونکە ئامرازە زمانییەکەی (با) لە (٩- چ)دا، لەبری (١٢) بەکارهێنراوە:
١٢)- سەروپێ ناخۆم، ماسی دەخۆم.

ئەمەش پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی (با) لە ڕێزمانی بونیادناندا دەسەلمێنێت. بۆنموونە پێواژۆی درکپێکراوی سەر (با)ی (٩- چ)، لەسەر کردارێکی تێپەڕی وەک (خواردن)ی (١٢) خۆی نواندووە. ئەگەر ئەم بوارە درکپێکراوەی (با) لە (٩- چ)دا ئەرکێکی ڕێزمانی دیاریکراویشی هەبێت، هێشتا ئەرکە ڕێزمانییە بنەڕەتییەکەی، بەهۆی پێواژۆیەکی واتایی دیکەوە، پەیوەستە بە کردارێکی تێپەڕی وەک (خواردن)ەوە. هەربۆیە دەتوانرێت (با) وەک ئامرازێکی درکپێکراو لە ڕێزمانی بونیادناندا مامەڵەبکات، کە بونیادنانەکانیشی، پەیوەستە بەو ئەرک و ڕۆڵە ئینسکلۆپیدییەوەی، کە هەیەتی و هەرجارە و لە دەربڕاوەکاندا بە جۆری تایبەتی بونیادنراو، دەینەخشێنێت، بۆنموونە جارێک لەبری ئاوەڵناوی پلەی بەراوردی وەک (٩- ت) و جارێکیتریش لەبری کردارێکی ویست و ئارەزوی وەک (٩- ج) و جارێکیش وەک هێمایەکی گوزارشتکەر لە (بارودۆخی جیاواز) و (خواردن) بەکاربهێنرێت.
تۆڕی واتایی و پێواژۆی درکپێکراوی ئینسکلۆپیدیی، یاخود کارکردنی واتایی ئامرازی (هەتا/ تا)، لە نموونەکانی (١٣)دا خراوەتەڕوو:

١٣)- ا- هەتا ڕێکەوتن لەسەر مادەی ١٤٠ نەکرێت، هەولێر و بەغداد ناگەنە ئەنجام.

ب- تا ئەو قسەبکات، ئێمە ناڕۆین.

پ- ١- هەتا ماڵی ئێوە قیردەکرێت.

٢- تا ماڵی ئێوە قیردەکرێت.

ت- خوێنم بوو بە ئاو هەتا ماڵی ئێوەم دۆزییەوە.

ج- تا خاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت.

چ- هەموو شتێکم کرد، تا دڵی خۆشکەم.

ح- تا حەزبکەیت، ماڵێکی باشن.

خ- تا چاوبڕبکات، لێمڕوانی.

ئامرازی (تا/ هەتا) لە نموونەکانی (١٣)دا، وەک تەنها کەرەستە و یەکەیەکی زمانی سادە مامەڵەی نەکردووە. ئەگەر سەرنج لەو مەبەست و واتا جیاواز و هەمەچەشنانە بدرێت، کە ئامرازەکە لە نموونەکاندا گەیاندونی، ئینسکلۆپیدیایەک لە زانیاری لەخۆیدا کۆکردووەتەوە و بەهۆی هەرجارە و بونیادنانێکی تایبەت و جیاوازەوە، درک بەو لایەنەی واتا دیاریکراوە دەکرێت، کە لە ئینسکلۆپیدیاکەوە خواستراوە. بۆنموونە (هەتا) لە (١٣- ا)دا، وەک دیاریکاری (کات)، کاتێکی نادیاری ئایندە بەکارهێنراوە. (تا) لە (١٣- ب)دا، بەهەمانشێوە وەک دیاریکارێکی (کات)، بەڵام ئاڕاستەیەکی جیاوازی کات بەکارهێنراوە و وەک کاتی ئێستا و لەبەردەوامیدا واتا بونیادییەکەی دیاریکردووە. بەکارهێنانی ئامرازەکان بە واتای جیاواز، بۆ ئەو خاسیەتە ئینسکلۆپیدییە دەگەڕێتەوە، کە ڕێزمانی بونیادنان چاوەڕێدەکات لەسەر هەر کەرەستەیەکی زمانی جێبەجێیبکات. (هەتا) لە (١٣- پ-١)دا، دەستنیشانکەری شوێن و مەودایەکی جوگرافییە، کە بە واتای دیاریکردنی ڕووبەرێکی شەقام دێت. هەمان ئامراز (تا)ی (١٣- پ-٢)یش، واتای ڕووبەرێکی جوگرافیی دیاریکراو دەگەیەنێت، بەڵام مەبەستێکی دیکەش هاوپێچ دەکات. بەم شێوەیە هەردوو ئامرازەکە لە نموونەکانی (١٣- پ)دا، جیاوازیی واتایی دەنوێنن. لە یەکەمیاندا تەنها ڕووبەرێکی دیاریکراو دەگەیەنێت، بەڵام لە دووەمیاندا، سەرەڕای ئەمەیش، مەبەستێکی نەرێنییانە دەربارەی کەمی ڕووبەری قیرکراو دەخاتەڕوو.

ئامرازەکانی (تا/ هەتا)ی (١٣- ت)، وەک مەودایەک بۆ پێوانی شوێن و کات پێکەوە بەکارهێنراوە، چونکە بەو واتایە دێت، کە شوێنێکی زۆر گەڕاوم و کاتێکی زۆریشم پێچووە لەو گەڕانەمدا. هەمان ئامراز لە (١٣- ج)دا، بەکارهێنانێکی ئیدیۆمییانەی هەبووە بۆ ئەو بارودۆخانەی، کە بابەتێک/گفتوگۆیەک بە ئاڕاستەیەکی ئاساییانەی خۆیدا نەچووبێت. لە نموونەی (١٣- چ)دا ئامرازی (هەتا) لەبری هەوڵدان و کارکردنێکی زۆر بەکارهێنراوە. بە واتایەکی دیکە و لە (١٣- ح)دا (تا) بۆ دڵنیایی و پێدانی متمانەی زیاتر بەکارهێنراوە. لە نموونەی کۆتاییشدا، (تا) لەبری تامەزرۆیی و ئاگاداربوون و خستنەڕووی

گرنگیپێدان بەکارهێنراوە. نواندن و درکپێکردن بە سەرجەمی ئەم پێواژۆ واتاییانەی، کە ئامرازەکانی (تا/ هەتا) لە نموونەکانی (١٣)دا هەڵیگرتبوون، بۆ ڕێزمانی بونیادنان و ئەو کردە و بەکارهێنانە جیاوازە دەگەڕێتەوە، کە ئاخێوەران ویستیانە فۆڕمەکان بە کردەیەکی تایبەت و دیاریکراوی مەبەستدارەوە جوتبکەن.

نموونەکانی (١٤)یش، تۆڕی واتایی و بەکارهێنانە ئینسکلۆپیدییەکانی (هەموو، هەندێک) دەنوێنن:

١٤)ا- هەموو قسەکانیان ڕاست نین.

ب- هەموو قسەکانیان ناڕاستە.

پ- هەموو قسەکانیان درۆن.

(هەموو) لە نموونەکانی (١٤)دا وەک بونیادێک بۆ جیاکاری و ڕێژەی جیاواز بەکارهێنراوە. بونیادنانەکەیشی جۆرێک لە تێگەیشتنی جیاوازی مەبەستداری ئاخێوەرانی هێناوەتەئاراوە. لە (١٤-ا)دا، وەک جیاکردنەوەی هەندێک لە قسەکان لە ڕوانگەی ڕاستی و ناڕاستییەوە بەکارهێنراوە. بەو واتایەی، کە بەشێک لە قسەکان ڕاستن و بەشێکیشیان ناڕاست. لەکاتێکدا لە (١٤- ب، پ)دا، وەک ناڕاستیی تەواوی قسەکان بەکارهێنراوە و لەبری ئەو واتایە دەوەستێت. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئەگەر نموونەکانی (١٤) بەبێ ئامرازی (هەموو) دابڕێژرێنەوە، ئەوا نموونەکانی (١٥) دەردەچن:

١٥)ا- قسەکانیان ڕاست نین.

ب- قسەکانیان ناڕاستە.

پ- قسەکانیان درۆن.

لەم کاتەدا سەرەڕای ئاماژەدان بە پلەی جیاوازی ڕێز تیایاندا، هێشتایش هەر سێ فۆڕمەکەی (١٥)، ئاماژە بە یەک واتا و مەبەست دەدەن، کە ئەویش (ناڕاستیی تەواوی قسەکانە). بەم شێوەیە جوتکردنە (فۆرم-واتا)ییەکەی (هەموو) لە بونیادنانە جیاوازەکانی (١٤، ١٥)دا و لە پەیوەستییاندا بە (ڕاست) و (درۆ)وە، ئاماژە بە دوو بونیادی جیاوازی هەمان ئامراز دەکەن.

١٦) ا- هەندێک لە خوێندکارەکان ئامادەبوون.

ب- هەندێک لە خوێندکارەکان ئامادەنەبوون.

بەکارهێنانی (هەندێک) جارێک لەگەڵ (ئەرێ)ی کردار و جارێکیش لەگەڵ (نەرێ)ی هەمان کرداردا، ئەرکی جیاواز دەگەیەنێت. لە هەرکام لەو دوو بەکارهێنانەیدا، هەرجارە و تیشکدەخاتەسەر بەشێکی خوێندکارەکان و ئەو لایەنەی خودی کردارەکە ڕووندەکاتەوە. داڕشتنەوەی نموونەکانی (١٦) بەبێ ئامرازەکانی (هەندێک)، لە بونیادەکانی (١٧)دا دروستدەکرێنەوە:

١٧) ا- خوێندکارەکان ئامادەبوون.

ب- خوێندکارەکان ئامادەنەبوون.

کە تێیدا ئاماژەی ڕوون و دیار بەو ڕۆڵە واتاییە دەدات، کە (هەندێک) لە نموونەکانی (١٦)دا دەیگەیاند و ئەو مەبەستە واتاییەی، کە بەهۆی تۆڕی واتایی و پەیوەندیی یەکەکانی تۆڕەکە پێکەوە دەیاننواند، ڕووندەکاتەوە، کە جیاکردنەوەی (خوێندکارەکان) بەهۆی ئامادەبوونی (هەندێک)ەوە لە بونیادەکانیاندا و ئەو پەیوەندییە واتاییەی، کە لەگەڵ هاتووەکانی دوای خۆیدا هەیبووە، دەخاتەڕوو. ئەمەیش وەک بونیادێکی ئینسکلۆپیدیی (هەندێک) لە ڕێزمانی بونیادناندا دەردەکەوێت و گەیاندنی ئەم واتا جیاوازانەیش، بە پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی ئەم ئامرازانە لە ڕێزمانی بونیادناندا دادەنرێت[١]. بەهەندوەرگرتنی خاسیەتی ئینسکلۆپیدی لە لێکدانەوە واتاییەکانی ئامرازەکاندا، هەرکام لە (فرەواتایی، ڕۆڵی دەوروبەر، بەکارهێنانە جیاوازەکان، پراگماتیک...هتد)ی ئامرازەکان ڕوونتردەکاتەوە و سەرجەمیان بە بونیادنانەوە دەبەستێتەوە، تا ئە وڕادەیەی، کە (دەتوانرێت واتای دژ و پێچەوانەیش بە یەک وشە ببەخشرێت). (عبدلکریمی، سپیده و فلاح، بابایی، ١٤٠٠). بەم شێوەیە و بە هۆی ڕوانینی ئینسکلۆپیدییەوە لە ڕێزمانی بونیادناندا، تەنانەت تا بەخشینی واتای دژ و پێچەوانەی واتا باوەکە، یاخود واتایەکی تایبەتی بونیادنراو، واتا بە یەکەیەک ببەخشرێت. ئەمەش لەسەر بنەمای تیۆری بنەمایی بەکارهێنان دەبێت و تێگەیشتنی ئاخێوەرانیش لە بونیادنانە تایبەت و مەبەستدارەکەی بەکارهێنەر، هەر دەوەستێتە سەر بنەمایی بەکارهێنان. نموونەکانی (١٨) ئاماژە بەو ئاڕاستە پێچەوانەیەی واتا دەدەن، کە بەکارهێنەران لەسەر ئامرازێکی وەک (تا) دروستیانکردووە:

١٨) ا- تا باوکم نەیەتەوە نان ناخۆین.

ب- تا باوکم یەتەوە یاریدەکەین.

بەکارهێنانی (تا) لەو دوو نمونەیەدا، بۆ ئاماژەدانە بە کاتێکی دیاریکراو، بەڵام هەرکامیان بۆ کاتێکی جیاواز و پێچەوانەی یەکیش بەکارهێنراون. بۆنموونە (تا)ی (١٨- ا) وەک هێمایەک بۆ کاتی سەرەتا و دەستپێکی ڕوودانی (نانخواردن) بەکارهێنراوە. کەچی هەمان ئامراز لە (١٨- ب)دا، بۆ ئاماژەدانە بە کاتی کۆتاییهاتنی کردەی ناو ڕستەکە. بەو واتایەی، (لەگەڵ هاتنەوەی باوکەکەدا، کاتی یاریکردن کۆتایی دێت). لە کاتێکدا (کاتی نانخواردن دەستپێدەکات، لەگەڵ هاتنەوەی باوکەکەدا). داڕشتنەوەی نموونەکانی (١٨) بەبێ ئامرازی (تا)، ئاماژە بە بونیادی جیاواز دەکەن. وەک لە نموونەکانی (١٩)دا خراوەتەڕوو:

١٩) ا- باوکم نەیەتەوە، نان ناخۆین/ باوکم هاتەوە، نان دەخۆین.

ب- باوکم هاتەوە، یاریدەکەین.

---

[١] - سەبارەت بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی (هەموو، هەر)، وەک هەڵگری تایبەتێتی (ڕادە)، زانیاریی زیاتر لە: - قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٢: ١٧٣-٢٣٦دا دەبینرێتەوە.

لە هەرکام لە نموونەکانی (١٩- ا، ب)دا، تەنها ئاماژە بە دەستپێک و کاتێکی دیاریکراو بە ئەنجامدانی (نانخواردن، یاریکردن) دراوە، کەچی لە کاتی بەشداریکردنی ئامرازەکە لەو دارشتانەدا، ئاڕاستە کاتییەکانی هەرکام لەو نموونانە دەگۆڕێن. ئەمەیش ڕوونترین ئاماژەیە بە بەکارهێنانە بونیادییەکەی ئامرازی (تا) لە دارشتە زمانییەکاندا، کە لەخۆیدا تۆڕێکی واتایی دەنوێنێت و بەهۆی بونیادنانی جیاوازیشییەوە، تۆڕە واتاییەکە، تا ڕادەی واتای دژ و پێچەوانەیش، مەودای بەکارهێنانی بۆ دەڕەخسێنێت. ڕەخساندنی ئەو مەودایە، لە بۆشاییەکی چەمکییەوە سەرچاوەدەگرێت. بۆشایی، وەک ڕووبەرێک بۆ هەر ڕوودانێک. کەواتە ئەو بونیادەی، کە ئاخێوەر دروستیدەکات، بەشێکی پێکهێنەری بۆشاییەکەیە. بەمشێوەیە سەرجەمی تۆڕە واتاییەکان، بە بوارە فراوانەکەیانەوە، لەگەڵ هەر بونیادنانێکی ئەم تۆڕانەدا، لەو بۆشاییە چەمکییانەوە دێن، کە ئاخێوەران دەتوانن هەیانبێت و بیکەن بە بناغەی بونیاد و دروستکردنەکانیان. لەکۆتایشدا "هەر بونیادنانێک نوێنەرایەتی چەندین ئاستی زمانی، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیک و پراگماتیک، لە یەک نواندندا دەکات. بەم شێوەیە دارشتەیەکی بونیادی دەتوانرێت لەڕووی سیمانتیکی یان فۆنۆلۆژییەوە پێناسەبکرێت، نەک تەنها لەڕووی سینتاکسییەوە". (Jurafsky, D., 1993: 5). لەم ڕوانگەیەوە نموونەی (١٩- ا) بونیادنانێکی سەربەست و سەربەخۆیە و لە یەک نواندندا هەرکام لە کۆزانیارییە (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکسی، واتایی(سیمانتیکی، پراگماتیکی، دەقی)) دەنوێنێت و تەواو جیاوازە لە بونیادی (١٨- ا)، کە ئەویش بۆخۆی نواندنێکی دیکەی کۆزانیارییە زمانییەکانی بونیادنانێکی دیکەیە. ئەم خاسیەتەش دەبێت بە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکی و جیاکەرەوەکانی ڕێزمانی بونیادنان، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت پێناسەیەکی ئینسکلۆپیدی (واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی) و ڕستەیی بۆ هەر دارشتەیەک لەیەک بۆتەدا بخاتەڕوو.

ڕوانین لە ڕەهەندی درکپێکراو لە گۆشەنیگای واتا (یان سیمانتیکی، یان پراگماتیکی)یەکانەوە، سادەکردنەوە و سنوردارکردنی تێگەیشتن و وەلانانی باگراوەندە درکپێکراوەکەی دەربڕاوەکانی ئاخێوەرانە. بونیادنان بەبێ وردەکارییە سیمانتیکی و پراگماتیکییەکان(واتای ئینسکلۆپیدی) ناتوانرێت بە دروستی پێناسەبکرێت. لێکدانەوەی ئامرازی (با) تەنها و تەنها وەک کەرەستەکی ڕێزمانی و بە جێگەیاندنی ئەرکێکی ڕێزمانی، ناتوانێت ئەرکە بونیادییەکەی لە دارشتە و دەربڕاوەکاندا بگێڕێت. وەک ئەوەی لە نموونەکانی (١٩) دا خرایەڕوو، تا ئەو ڕادەیەی، کە بەکارهێنان و ڕوودانی پێواژۆ درکپێکراوە ڕێزمانییەکانیش لە ڕێزمانی بونیادناندا، تەنها لە دەرچە واتاییەکەوە ڕێگەیانپێدەدرێت. ئەمەش هۆکاری پەیوەندیە بەردەوام و کارکردنە پێکەوەییەکەی فەرهەنگ و ڕێزمانە لە یەک ئاستی نواندندا. ئەم ڕوانینەیش، کە "ڕێگەنەدانە بەڕۆڵگێڕانی زانیاری و ناوەڕۆکە واتاییەکان لە دارشتە ڕێزمانییەکاندا لە زۆربەی تیۆرییەکانی بەرهەمهێناندا".(سەرچاوەی پێشوو، ١١) بە تەواوی پێچەوانەی بۆچوونەکانی بەرهەمهێنانە لە بوونیادنان و دارشتەی دەربڕاوەکاندا. لێکدانەوەی واتا لە ڕێزمانی بونیادناندا، هەمیشە

پەیوەست و بەستراوەیە بە بونیادەکانەوە. خواستنی واتایی یەکبەیەکی وشەکان و هەڵهێنجانی واتایی لە ڕێیانەوە، لێکدانەوەیەکی واتایی کەموکورت و بەرتەسک دەنوێنن. بەم شێوەیە واتا لە بونیادەکانەوە دێن و دیاریدەکرێن. ئیدیۆمەکان و داهێنانە تاکگەراییەکانی ئاخێوەران باشترین نموونەی ئەو هەڵهێنجانە واتاییانەن، کە لە بونیادی هەر کامیانەوە دێن( هەر خودی ڕێزمانی بونیادنان لە لێکدانەوە زمانییەکانی ئیدیۆمەکانەوە سەرچاوەدەگرێت). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم ڕوانینە لە لێکدانە واتاییەکانی ڕێزمانی بونیادناندا با لە نموونەکانی (٢٠) بڕوانین:

٢٠) ا- سەر و کلکی یەکن.

ب- دەستەکەت کەشفە!

پ- کۆیلە.

ت-١- سەرتاشین.

٢- سەرت بە تاشین بچێت/ ئەم قسەیە بگێڕیتەوە، سەرت دەتاشم.

٣- سەری پێشمەرگەکەیان تاشی و ڕەوانەی ئەملایان کرد.

ئەوەی لە نموونەکانی (٢٠)دا دەردەکەوێت و تێگەیشتنمان بۆ دێنێتەئاراوە، لە واتای کۆی بونیادەکانەوە دێت. ئەگەر وا نەبوایە، نموونەی (٢٠-ا)، ڕێگە بە بونیادنانی نەدەدرا. لەبەرئەوەی (سەر، کلک)، بەشێکی پەیوەست و دیاریکراو بە مرۆڤەوە ناگەیەنن، بەڵکو واتایەکی هەڵهێنجراو لە (٢٠- ا) مەبەستە و بونیادەکەیش دەیگەیەنێت. بەهۆشییەوە ئەوەی لە ئیدیۆمەکاندا دەسەڵاتدارە، واتایە و مرۆڤ دەبێت وەک خۆی و لە سۆنگەی واتاکەیەوە و بە یەکجاری فێرببێت، نەک لە ڕوانگەی دەسەڵاتداریی یاسا و ڕێساکانی پێکهێنانییەوە. هەروەها دەربڕاوە تایبەتی و داهێنراوە تاکێتییەکەی نموونەی (٢٠- ب)، ئاماژە و گوزارشتێکی ڕوونە بەو لێکدانەوە واتاییە بونیادییەی، کە هەرکام لە (دەست) و (کەشف) پێکەوە دەیخولقێنن. لێکدانەوەی واتایی لە (٢٠- پ)دا، بۆ خۆی بەرانبەرە بەو بونیادەی، کە ئاخێوەر لە کات و شوێنی دیاریکراودا مەبەستییەتی. چونکە لە دەرەوەی لێکدانەوەیەکی لەم جۆرە، ناتوانێت واتایەکی جێگیر و دیار لە خۆیبگرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی، کە ڕەهەندێکی مێژوویيانەی هەیە و پەیوەستدەبێتەوە بە پێواژۆکانی کڕین و فرۆشتن و بازرگانی بە مرۆڤەوە. کەچی لە ئێستادا خودی وشەکە بۆ خۆی هەڵگری واتا و پەیامێکی پراگماتیکیانەیە و بەشێک لەو واتایەی خۆی پاراستووە بەشێکی دیکەشی پەیوەستدەبێتەوە بە باگراوند و لایەندارییە سیاسییەکانەوە. لەگەڵیشیدا واتای دیکەی پەیوەست بە بیروباوەڕی ئاینزایی و تەنانەت کەسانی ئالوودەبوو بە هێڵەکانی ئینتەرنێت و تۆڕەکانەوە دەگەیەنێت. هەر بۆیە لێکدانەوە واتاییەکانی کۆیلە، لە بونیادنانییەوە سەرچاوەدەگرێت. هەمان فۆڕم بە کردەیەکی دیاریکراوەوە جوتدەکرێت و لە کۆتاییشدا ئەم جوتکردنە بە بوونیادنان ناسراوە. هەر بۆیە لە بونیادێکیدا دەشێت مەبەستە مێژووییەکەی خۆی بگەیەنێت و لە بونیادێکی دیکەیدا دەشێت گوزارشت

له لایەنداریی بۆ پارتێکی سیاسی بکات و له بونیادێکی دیکەشیدا دەشێت ئاماژە بێت بۆ ئەو کەسانەی، کە بە توندی ئالودەی ئاینزا و بیروباوەڕێکی دیاریکرا و هەروەها بەکارهێنانە تەکنەلۆژییەکانی سەردەم بوو بن. (سەرتاشین)ی نموونەکانی (٢٠- ت)، هەرکامیان ئاماژە بە بونیادێکی تایبەت و دیاریکراو دەدەن، بەجۆرێک لە (٢٠- ت-١)دا، ئاماژەیە بە کردەیەکی ئاساییانەی مرۆڤە توخم نێرەکان. هەمان کردە بۆ مرۆڤە توخم مێیەکان، بە (قژبڕین) دەردەبڕرێت. لەکاتێکدا و هەمان دەربڕاو لە (٢٠- ت-٢)دا، وەک دەربڕاوێکی میتافۆرییانە لە ئاخاوتنی کوردیدا بەکاردەهێنرێت، بۆ کەسێک، کە کارێکی ناشایستەی ئەنجامدابێت. لە پاشاندا لێکدانەوەی ئەم دەربڕاوە فراوانبووە و لە ئێستادا وەک سوکایەتی و شکاندنێک بەکاردەهێنرێت، کە ئەویش خۆی لە کۆکردنەوە و تێکەڵکردنی هەر کام لە (سەرتاشین)ی (٢٠- ت-١) و (٢٠- ت-٢)دا دەبینێتەوە، وەک ئەوەی، کە لە (٢٠- ت-٣)دا خراوەتەڕوو. واتە هەم کردەکە کارەکییانە وەک (٢٠- ت-١) جێبەجێدەکرێت، هەمیش واتای (٢٠- ت-٢) بە سەر کەسی کارلەسەرکراودا جێبەجێدەکرێت. تێگەیشتن لە واتای مەبەست و بونیادنراوی (٢٠-ت-٣)، پێویستی بە تێگەیشتن و درکپێکردن بە واتای هەر کام لە سەر تاشینی (٢٠- ت-١) و (٢٠- ت-٢) هەیە. خودی (٢٠- ت-٣)یش، لەسەر ئەمان بونیادنراوە و لەکۆتاییشدا بۆخۆی بووە بە بونیادنانێکی سەربەست و سەربەخۆ و جیا لە لێکدانەوە واتاییەکانی (٢٠- ت-١) و (٢٠- ت-٢).

لەم ڕوانگانەوەیە، کە ڕێزمانی بونیادنان پێشنیازی ئەوە دەکات، کە لێکدانەوەی واتا لە ئاستی بونیادناندا دیارییبکرێت، نەک لە ئاستی وشە و ڕستەکاندا، واتە ئەوە بونیادنانە، کە واتاکان دیاریدەکات. واتایش بە تایبەتێتی تۆڕەکانی و پەیوەندیدار بە تۆڕە واتاییەکانی یەکە بەشداربووەکانی دیکەی بونیادەکەوە، کە هەمووشیان پارێزگاری لە سروشتە ئینسکلۆپیدییەکەیان دەکەن. ئەمەیش وامان لێدەکات، کە هەمیشە پێشبینییەکی زیاترمان بۆ واتا هەبێت، کە دەتوانرێت ناوببرێت بە (پێشبینییە واتاییەکانی دەرەوەی وشەکان). بەهۆی ئەم پێشبینییەشەوە، ڕێگە بە هەر بونیادنانێک دەدرێت، کە ئاخێوەران بیانەوێت بە هەر وشەیەک و لە هەر داڕشتەیەکی سینتاکسییانەدا، دروستیبکەن. بەم شێوەیە، بەهۆی پێشبینییە واتاییەکانی وشەکانەوە، بونیادنانەکان لە زنجیرەیەکی بەردەوامی واتاداردا، هەمیشە ڕەخساندنە واتاییەکان بۆ ئاخێوەران لە هەر جوتکردنێکدا دەخەملێنن. ئەم سەرنجەی سەرەوە لە نموونەکانی (٢١)دا ڕووندەکرێتەوە:

٢١) ا- قەفەزی زێڕین.

ب- هۆشی دەستکرد.

پ- سەعاتی سفر.

ت-١- پاترییەکەت تۆپیوە.

٢- دووشەشی لە دەستیدا تۆپاند.

٣- پشیلەکە تۆپیوە.

٤- ئەوەندەی لێدا تا تۆپاندی.

٥- A- فلان لەکوێیە؟

B- تۆپیوە.

٦- سەدام حسێن تۆپی.

پێشبینیە واتاییەکان لە نموونەکانی (٢١)دا، خۆی لەو واتایەدا دەبینێتەوە، کە بە هۆی وشەکانەوە، بەڵام لە بونیادنانیاندا (وشەکە/ فۆرمەکە بە واتا/ کردەیەکی دیاریکراوەوە جوتکراوە)، بەدەستدێت. کەواتە مەبەست لێی ئەو واتایەیە، کە وشەکان دەیگەیەنن، بەڵام مادام بە هۆی بونیادنانیانەوە دروستدەبێت، ئەوا بە واتای دەرەوەی وشەکان دادەنرێت. واتە بونیادەکان دەیسازێنن و دەیبەخشن بە وشەکان. بۆ نموونە ئەگەر سەرنجبدرێت (قەفەس) لەگەڵ (زێڕین)ی (٢١- ا)، تەنها و تەنها بە هۆی بونیادنانیان لە (قەفەزی زێڕین)دا، دەتوانن واتایەک بگەیەنن، کە تایبەت و دیاریکراو و بونیادنراوە و لە دەرەوەی واتای هەر کام لە (قەفەز) و (زێڕین)دایە، بەڵکو واتایەکی بونیادنراوی پێشبینیکراوی دەرەوەی هەرکام لە بەشە پێکهێنەرەکانی (٢١- ا)ە و تەواو جیاوازە لە (جلی زێڕین، سەعاتی زێڕین، ...هتد) و واتایەکی پێشبینیکراوە و مەبەست لەو شێوازی ژیانەیە، کە لە دوای پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە دەستپێدەکات. بە هەمانشێوە (هۆشی دەستکرد)ی (٢١- ب)، ئاماژە بە واتایەکی پێشبینیکراو بۆ هەرکام لە (هۆش) و (دەستکرد) و هەر بوارێکی واتایی دیاریکراو دەدات، لەوکاتەیدا، کە هەردوو وشەکە دەچنە پاڵیەک و واتایەکی دەرەوەی خۆیان لە بونیادنانێکدا دروستدەکەن. بەراوردکردنی (هۆشی دەستکرد) بە هەرکام لە (قژی دەستکرد، پێکەنینی دەستکرد، قوڕی دەستکرد، مانگی دەستکرد)، واتای پێشبینیکراوی تەواوەتی سەر (هۆشی دەستکرد) ڕووندەبێتەوە. بەوەی، کە (هۆش) لە (هۆشی دەستکرد)دا، لایەنێکی پەیوەستکراوە بە زیرەکییەکی زۆرەوە، هەروەها ئەم زیرەکییەیش، خۆڕسک نییە، بەڵکو دروستکراوە و پێکیشەوە ئاماژە بە پێشکەوتنە خێراکانی تەکنیک و تەکنەلۆژیا دەدەن.

ئەو پێشبینییە واتاییەی، کە ئاخێوەران لەسەر هەرکام لە (سەعات) و (سفر)ی (٢١- پ) چاوەڕوانیدەکەن، واتایەکە، کە بەشێک نییە لە هەرکام لە بەشەپێکهێنەرەکانی (سەعاتی سفر). بۆیە بە واتای دەرەوەی وشەکانیش ناودەبرێت. بەم شێوەیە ئەم جۆرەی واتا، بە واتای پێشبینیکراو دادەنرێت، کە ئەمەیش هەر واتایەکی ئێستا و ئایندە، هەر واتایەکی جوتکراو بە فۆڕمێکەوە(بونیادێک) دەگرێتەوە، کە ئاخێوەران بەکاریبهێنن و مەبەستیان بێت. هەرچەنە مەبەست لە (سەعات)، هەمیشە دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی کاتێکی دیاریکراوە، بەڵام لە (٢١- پ)دا و لەو بونیادەیدا و لە تەنیشت (سفر)دا، پێشبینییە واتاییەکەی تەواو پێچەوانەی فەلسەفە هەمیشەییەکەی دەوەستێتەوە، بەوپێیەی، کە مەبەست لە (سەعاتی سفر)، ئاماژەیە بە کاتێکی نادیار و لە ناکاو. ئەمەش فەلسەفە بنەڕەتییەکی پشت هەموو لێکدانەوە واتاییەکانی ڕێزمانی بونیادنانە، تا ئەو ڕادەیەی، کە لە بەشی یەکەمی ئەم نامەیەدا، ئەوە

خرایەڕوو، کە ڕێزمانی بونیادنان، دژ بە وشە و یاساکانیش دەوەستێتەوە. هەر بۆیە ئەگەر سەرنج لە واتای (سەعات)ی (٢١- پ)بدرێت، دەردەکەوێت، کە واتایەکی پێچەوانەی واتا هەمیشەییەکەی خۆی گەیاندووە. ڕەخساندنی ئەم بوارە، بۆ ئینسکلۆپیدیای (سەعات) و پێواژۆ درکپێکراوەکانی بەکارهێنانی یەکە زمانییەکان دەگەڕێتەوە. هەر بۆیە ئەگەر لە (تۆپین)ی (٢١- ت) بڕوانرێت، دەردەکەوێت، کە مەودای بەکارهێنان و بونیادنانی بۆ کۆتایی هەر (ئاکامێکی خراپ)ی سەر (پاتری، یارییەکی دۆڕاو، مردنی ئاژەڵێک، لێدانێکی زۆر، خەوتن، مردنی کەسێکی خراپ) ڕەخساندووە. چاوەڕوانی و پێشبینییەکی زیاتری واتا لە (تۆپین)دا، بواری بونیادنانی بە نموونەکانی (٢١- ت-١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦) بەخشیوە. بەم شێوەیە وشەکە(تۆپین) وەک پاڵنەر و هۆکارێک بۆ بونیادنانی واتایەک کاردەکات، واتایەک لەسەر (پاتری، دووشەش، پشیلە، لێدان، خەوتن، مردن) و هەر لێکدانەوە و واتایەکی پێشبینیکراوی دیکە، کە ئەم (واتا پێشبینیکراوە)یش، هەر لەناو ئینسکلۆپیدیای (تۆپین)دا تواوەتەوە. بۆنموونە دەشێت واتایەکی پێشبینیکراوی دیکەی (تۆپین) لە نموونەکانی (٢٢)دا بونیادبنرێت:

٢٢) ا- بازاڕی خانوبەرە تۆپیوە؟

ب- بازاڕی ئەم ڕەنگە تۆپیوە؟(ڕەنگی جلێکی دیاریکراو یان کاڵایەک)


دەشێت ئەم واتا پێشبینیکراوەی (تۆپین) لە نموونەکانی (٢٢)دا، لە ئێستادا بەشێکبێت لە واتای دەرەوەی (تۆپین)، واتە نا_بونیادنراو بێت، بەڵام لە پێواژۆیەکی درکپێکراوی ئینسکلۆپیدییانەدا، بە بونیادکراو دەکرێن و بە فۆڕمێکی دیاریکراوی خۆیانەوە جوتدەکرێن و لە بارودۆخێکی ئاخاوتنی تایبەت بە زمانێکدا بەکاردەهێنرێن. مەبەست لە بەبونیادکردنیش، بە واتای پەرەپێدانی جوتکردنەکانە لە بونیادی نوێدا، بەو واتایەی، کە لە داڕشتەیەکی (فۆڕم$_{\text{نوێ}}$_ واتا$_{\text{نوێ}}$)دا دەکرێن بە بونیادێک و بەکاردەهێنرێنەوە. بەم شێوەیە یەکەیەک لە ئاستی بونیادی بچوکدا دروستدەکرێت و لە دواتریشدا و لە نەخشەیەکی سیمانتیکی تایبەت و لە ئاستی بونیادی گەورەدا بەکاردەهێنرێت و ئەمەیش دەبێت بە نۆرمێکی بەکارهێنان و وەک بونیادێکی جێگیر خۆی نمایشدەکات. هەمان نۆرم لە کۆمەڵەیەکی زمانیدا و لە ڕوانگەی تایپۆلۆژیای زمانەوە، لە نێوان ئاوەزەکاندا دێت و دەچێت و وەک شێوازێکی ئاخاوتن و بەکارهێنان، جێگیردەبێت و دواتریش هەمان شێوازی جێگیر بەکاردەهێنرێتەوە.

"لە پێناو بەهاداریی ئەو گۆڕانە واتاییانەی لە بونیادنانەکاندا ڕوودەدەن، دەبێت نەخشە پەیوەستە سیمانتیکییەکان، وەک مۆدێلێک لە بونیادنانێکی بچوکدا، بەچەمکبکرێنەوە(Reconceptualization)". (Traugott, E. C., 2016: 98). مەبەستیش لە گۆڕانە واتاییەکان، ئەو واتا پێشبینیکراوەی دەرەوەی وشەکانە، کە بە دوو جۆر دەگەیەنرێن:

١- وەک نموونەکانی (٢١)، کە واتای بونیادیی مەبەست، لە دەرەوەی هەرکام لە پێکهێنەرەکانی داڕشتەکاندایە،

٢- واتای ئەگەری و پشبینیکراوی ئایندە، وەک ئەو واتایەی، کە نموونەی (٢٢) دەیگەیەنێت و دەشێت لە ئایندەدا لە ئاستی خراپتری دەربڕاوی (٢٣)دا بەکاربهێنرێت:
٢٣) بازاڕی خانوبەرە کزە/ لاوازە.

هەربۆیە لەپێناو بەهاداریی/ دروستکردنی بونیادێک لە گۆڕانە واتاییەکاندا، دەبێت نەخشە سیمانتیکییەکان وەک بونیادی بچوک(کە ئەگەری ڕوودانی هەبێت، وەک نموونەی (٢٢))، لە پێواژۆی بەچەمککردندا، ئەگەر و شیانی ڕوودانیان هەبێت و ئەم پێواژۆیەش لە کۆتاییدا پێیدەوترێت بەچەمککردنەوە[١]). مەبەست لە نەخشە سیمانتیکییەکانیش، ئەو پۆلێنبەندییانەی زمانێکی دیاریکراوە، کە لەناو بۆشایی چەمکیدا، نەخشەیەک/ ناوچەیەکی بەیەکەوە بەستراو دەگرێتەوە. بەو واتایەی، کە لە بۆشایی چەمکیی زمانێکدا، ڕووبەرێک لە یەکەی پەیوەندیدار و بەستراوە، وەک نەخشەیەکی دیاریکراو پۆلێنبەند کراوە، بەو ڕووبەرە پۆلێنبەندکراوە دەوترێت نەخشە سیمانتیکییەکان. هێڵکاریی (٣)، بۆشایی چەمکی بۆ (تۆپین) و بونیادنانەکانی دەخاتەڕوو.




**هێڵکاریی (٣)**

**بۆشایی چەمکی و نەخشەی سیمانتیکی (تۆپین) لە زمانی کوردییدا**

هێڵ و ئاڕاستە تۆخ و دیاریکراوەکان، نەخشە سیمانتیکییە پۆلێنبەندکراوەکەی (تۆپین) لەناو بۆشایی چەمکیی (تۆپین)دا دەنوێنێت. بەو واتایەی ئەو نەخشەیەی، کە لەناو بۆشاییەکەدا کێشراوە، لەسەر بنەمای نموونەکانی (٢١- ت، ٢٢)، دیاریکراوە و جیاکراوەتەوە و هەمووشیان پێکەوە بەستراونەتەوە.

[١] - زانیاریی زیاتر دەربارەی بیری بەچەمککردنەوە، لە: غەریب، نالی ئەدهەم، ٢٠١٦: ٤٢دا دەبینرێتەوە.

بۆشاییە چەمکییەکە ڕووبەرێک بۆ ڕوودانی هەر بونیادێکی تایبەتی دیکە بە (تۆپین)ەوە دەرەخسێنێت. پەیوەندیی و پێکەوە بەستراوی بونیادی نموونەکانی (٢١- ت، ٢٢)، هەر لەسەر بنەمای نەخشەکە دیاریدەکرێت. بۆنموونە پەیوەندییەک لەنێوان (پاتری) و (حەڵاڵ و حەرام)دا دروستنەبووە. بە هەمان شێوەیش لە نێوان (لێدان) و (دۆمینە)دا، وەها پەیوەندییەک نابینرێتەوە. هەروەک چۆن لە نێوان (ئاژەڵ- دڕندە) و (مرۆڤی خراپ)دا، پەیوەندییەکەیان وایکردووە، کە ڕێگە بە بونیادی (٢١- ت-٦) بدرێت. بە هەمانشێوە و لەسەر هەمان بنەمای بونیادنراو، پەیوەندیش لەنێوان (مرۆڤی خراپ-دیکتاتۆر) و (لێدان- کوشتن)دا دروستدەبێت، بەڵام ناتوانرێت وەها پەیوەندییەک لە نێوان (ئاژەڵ) و (بازاڕی خانوبەرە)دا دروستبکرێت. هۆکاری پێشبینیکردن و ڕێگەدان بە ئەگەری بوونی بونیادنانی (٢٢)، بۆ ئەو نەخشەکێشان و پەیوەندییە دەگەڕێتەوە، کە لە نێوان (لەکارکەوتنی پاتری، پولێکی دۆمینە) و (وەستانی بازرگانیی خانوبەرە)دا، ئەگەری ڕوودان و بونیادنانی دەکرێت. بەم شێوەیە "هەر پۆلێکی پەیوەندیدار بە زمانێکی دیاریکراو و بونیادنانێکی دیاریکراوەوە، دەبێت نەخشەیەکی تایبەتی دیاریکراو و ناوچەیەکی پەیوەستکراو لە بۆشاییەکی چەمکیدا بگرێتەوە/ بنوێنێت". (Croft, W., 2001: 96).

بە هەمان شێوە ئەو واتایانەی دیکە، کە پێشبینیدەکرێن یان لە دەرەوەی وشەکانن، بەشێکن/ سەر بە چوارچێوە فراوانەکەی کۆزانیارییە ئینسکلۆپیدییەکەی خودی وشەکان خۆیانن. ئەگەر تەنانەت پێشتر بەو بونیادەیشەوە هەرگیز بەکارنەهێنرابن، بەڵام هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە سەر بە هەمان مەودای چەمکین و لە ئینسکلۆپیدیای وشەکەدا جێگیردەبن و بەشێوەیەکی ئاوەزیی درکپێکراو پلەکانی پەیوەندیی نێوان یەکەکانی ناو تۆڕە واتاییەکە دەنوێنن. لەم ڕوانگەیەوە ئەوە دەخرێتەڕوو، کە هۆکاری ڕێگەدان بەم ڕووداnanە، دەگەڕێتەوە بۆ پێواژۆ درکپێکراوەکان، کە دەتوانن لە نموونە سەرەتایی و بنچینەییەکانەوە، ڕێگا بۆ نموونە واتا پێشبینیکراو و ئەگەرییەکان خۆشبکەن. بەو واتایەی (تۆپین)ی (٢١- ت-٣)، وەک نموونەیەکی بنچینەی و شاوەچەی سەرجەم (تۆپین)ەکان دیکە، لە پێواژۆیەکی درکپێکراوی ئینسکلۆپیدییانەدا، بواری ڕەخساندن و ڕوودان بۆ (تۆپین)ەکانی دیکەی (٢١- ت) دەکاتەوە. دیاری و دەستنیشانکردنی نەخشە سیمانتیکییەکانی ناو بۆشاییە چەمکییەکان، دەتوانرێت وەک مۆدێلێک بۆ ڕەوت و ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکان و لەخۆگری بونیادنانە نوێیەکان و هەر بونیادێکی دیکەی، کە ئاخێوەران مەبەستیانە، بەکاربهێنرێت. هەر بۆیە لە نەخشە و هێڵکاریی (٣)دا، نەخشە سیمانتیکییەکان بۆ نموونەکانی (٢١- ت) دەستنیشانکراوە و بەهێڵێکی دیاریکراو خراوەتەڕوو، بەڵام لە هەمان بۆشایی چەمکیدا، پەیوەندییەکی نەخشەیی سیمانتیکی لە نێوان نموونەکانی (٢١-ت) و نموونەکانی (٢٢)دا نەکێشراوە. ئەم کێشانەیش وردەکارییەکانی (بونیادنراوەکان) و (بەبونیادکراوەکان) و (بونیادە بچوکەکان) دەنوێنێت. بۆنموونە (٢١- ت-٣) بونیادنراوەکەیە. هەروەها (٢١- ت-١، ٢، ٤، ٥، ٦) بەبونیادکراوەکانن و (٢٢)یش، وەک بونیادی بچوک لە پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی ڕێزمانی بونیادناندا دەردەکەون.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری هەرکام لە چەمکەکانی (بونیادنراوەکان، بەبونیادکراوەکان و بونیادە بچوکەکان)، جارێکتر سەرنج لە نموونە و گفتوگۆکانی (٢٤) دەدەین:

٢٤) ا- خوشکەکەم نوزەنوزیەتی.

ب- X: منداڵەکە خەوتووە؟

Y: نازانم نوزەی لێوە نایەت.

پ- پاتری سەیارەکەت نوزەی تیانەماوە.

ت- گوڵەخوێنەکەم نوزەی تیانەماوە.

ج- A: قسەتکردووە لەگەڵی؟

B: بەڵێ


A: هیچ ئومێدێک بە باشبوون هەیە؟

B: نەخێر، نوزەی تیانەماوە.

چ- ئەم ماڵە نوزەی ژیانی تێدا نەماوە؟

بەپێی هەنبانە بۆرینە (هەژار، ١٣٦٩: ٨٧٢)، (نوزە) بە واتای "دەنگی گریانی لەسەرخۆ" دێت. لەو کاتەیدا ئەم وشەیە بەو واتایە بەکاردێت، ئەوا نموونەی (٢٤- ا) بەرگوێمان دەکەوێت و ئەمەیش بە بونیادنراو دادەنرێت. بەڵام کاتێک (نوزە) لە (٢٤- ب)دا بەکاردەهێنرێت و واتای (نادڵنیایی لە بارودۆخی منداڵەکە دەگەیەنێت)، ئەوا (نوزە) لە پێواژۆیەکی درکپێکراودا و بە خواستن لە سروشتە ئینسکلۆپیدیاییەکەی، بەبونیاد دەکرێت. بەو واتایەی، کە بونیادی هەمان (نوزە)ی (٢٤- ا) ناگەیەنێت و لە هەمان کاتیشدا (نوزە) بە واتای گومان لەنێوان (ئاگایی و خەوتن)ی (منداڵەکە)دا بەکارهێنراوە. لە هەمان نەخشە سیمانتیکییەکەی بۆشایی چەمکی (نوزە)دا، نموونەی (٢٤- پ)یش بونیاددەنرێت، کە مەودایەک لە نێوان (ئەگەری کارکردن) و (تۆپینی پاتری سەیارەکە)دا دەگەیەنێت. لە کاتێکدا و لە (٢٤- ت)دا، بەیەکجاری ئاماژەی بە (لەناوچوون و نەمانی گوڵەکە) داوە. هەموو ئەمانەش وەک بەبونیادکراوی (نوزە) دەردەکەون و لە بارودۆخێکی تایبەت و مەبەستداردا بەبونیاددەکرێن و بەکاردەهێنرێن. گفتوگۆی (٢٤- ج)یش، ئاماژەی بە (کۆتاییهاتنی پەیوەندییەک)داوە، کە وەک بونیادێکی بچوکی (نوزە) بەکارهاتووە، کە ئەمەیش خۆی لە بەشداریکردن لە نەخشە سیمانتیکییەکەی بۆشاییە چەمکییەکەی (نوزە)دا دەبینێتەوە. هەروەک چۆن نموونەی (٢٤- چ)یش وەک بونیادنراوێکی بچوکی واتایەکی پێشبینیکراوی (نوزە) مامەڵەدەکات، کە ئەگەری بونیادنانی دەبێت. لێرەوە جارێکیتر بابەتی (میمە و ڕاهاتنە کۆمەڵایەتییەکان) بە بیردا دەهێنرێنەوە. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، کە لە بەکارهێنانە گشتی و ئاساییەکانی وەک (٢٤- ا)دا، ئاخێوەران بونیادنراوەکان بەکاردەهێنن. بەڵام بونیادی بچوکی وەک (٢٣) و (٢٤- چ)، بە بونیاد دەکەن و پاش بەکارهێنان و ڕاهاتن و دووبارەکردنەوەیان، ئەمانیش جارێکیتر

دەبنەوە بە بونیادکراو. بەم شێوەیە هەنگاوەکانی بونیادنان لە (بونیادی بچوک) پاشان (بە بونیادکردن) و لە کۆتایشدا دەبن بە بونیادنان و ئاخێوەران بەکاریاندەهێننەوە. هەر وەک چۆن پێشتریش داهێنانە تاکی و تاکگەراییەکانی ئاخێوەران بە نموونە هێنرانەوە(بڕوانە نموونەکانی (٣٧)ی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە)، کە ئەمانیش لە سەرەتاوە وەک بونیادێکی بچوکی دروستکراو مامەڵەدەکەن و پاشان بە بونیاد دەکرێن و لە ئێستایشدا وەک بونیادنراو بەکاردەهێنرێنەوە. پەیوەندی و وردەکاری و پێواژۆکانی نێوان هەرکام لە بونیادنان و بە بونیادکراو و بونیادی بچوک لە هێڵکاریی (٤)دا خراوەتەڕوو.




**هێڵکاریی (٤)**

**ڕوودانی پێواژۆ درکپێکراوەکانی نێوان (بونیادی بچوک، بە بونیادکراو، بونیادنان)**

بە سەرنجدان لە نموونەکانی ناو هێڵکاریی (٤)، ئەوە دەردەکەوێت، کە لە قۆناغی یەکەمدا بونیادنراون و لە پێواژۆیەکی درکپێکراوانەدا(کە ئەمیش خۆی لە داهێنانە تاکی و تاکگەراییەکاندا دەبینێتەوە)، دەبن بە بونیادی بچوک و بەهۆی بەکارهێنان و مامەڵەی بەردەوام و ڕاهاتنەوە لەگەڵ بەکارهێنانی بونیادە بچوکەکاندا، دەبن بە بونیادکراو و دواتریش وەک بونیادنانێکی جێگیر لە زماندا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و بەکاردەهێنرێنەوە. کێشانی نەخشە سیمانتیکییەکانی ئەم مامەڵە جیاوازانەیش، وەک دیاریکردنی ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکانی سەر یەکە زمانییەکان دادەنرێت. بۆنموونە بەکارهێنانی وشەی

(بندیوار) لە ئێستای زمان و ئاخاوتنی ئاخێوەرانی کوردیدا، وەک بونیادێکی جێگیر بۆ پەسنکردنی بارودۆخێکی تایبەتی بەکاردەهێنرێت، کە بە ڕێژەیەکی زۆر لە بونیادنانە بنچینەییەکەیشی دوورکەوتووەتەوە، چونکە بەکارهێنانی ئەم وشەیە بەشێوەی نموونەی (٢٥) هاتووە:
٢٥) لە بن دیوارەکەدا بەبێ خەم لێیدانیشتووە.

لە پاش بەکارهێنانی ئەم وشەیە و مامەڵەکردن و ڕاهاتن لەگەڵ وێنا گەورەکەیدا (Macro-Schema) وەک لە نموونەی (٢٥)دا خراوەتەڕوو، پاشان بونیادێکی بچوکی پێکهێناوە و لەسەرەتادا وەک پەسنێک بۆ کەسانێک، کە لە بارودۆخی پشودا بن، بەکارهێنراوە. پاشان بۆ کەسانی کارنەکەر و فەرمانبەری نادیار بەکارهاتووە. دوای بەکارهێنانی چەندجارە و بە بونیادکردنی (بندیوار)، لە ئێستادا بووەتە بونیادێکی دیار و جێگیری ناو زمان و سەرزاری بەکارهێنەرانی زمانی کوردی. ئەمەیش ڕەنگدانەوەی ئاوەزمەندییە درکپێکراوەکەی ئاخێوەرانی کوردزمانە، کە لە ڕێزمانی بونیادناندا، ئەم هەنگاوانە بە پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکان دەناسرێت. هەمان پەسنکردن لە زمانی ئینگلیزیدا بە ( Ghost Employee– کارمەندی نادیار/تارمایی) گوزارشتی لێدەکرێت. کەواتە وشەی (بندیوار) لە وێنا گەورەکەیدا و لە هەنگاوەکانی سەرەتایی و بۆشاییە چەمکییەکەیدا، ئاماژەی بە نەخشەیەکی واتایی داوە، بەڵام لە پاش مامەڵەکردنی کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ دامەزراوە و فەرمانبەر و فەرمانبەری نادیار و ڕاهاتن و فێربوونی پێواژۆی گەندەڵی لە دامەزراوەکاندا، لە سروشتی ئینسکلۆپیدیی هەرکام لە (بن) و (دیوار)دا، مەودای بۆ بونیادێکی بچوک ڕەخساندووە و لە دواتریشدا (بندیوار)ی لێ دروستکردووە. هەر بۆیە (فۆرمێکی‌نوێ بە واتایەکی‌نوێ)وە داڕێژراوە. دەتوانرێت لە بەراوردکردنی (٢٦– ا) و (٢٦– ب)دا، باشتر مەبەستەکە ڕوونبکرێتەوە:
٢٦) ا– براکەم لە بن دیوارەکەدا دانیشتووە.
ب– براکەی ئازاد بندیوارە.

جوتکردنی فۆرم–واتایەکی نوێ لە (٢٦– ب)دا، ئاماژەی بە بونیادێکی دیکەی هەرکام لە (بن) و (دیوار) داوە. ئەمەش دەبێتە باشترین نموونەی پەرەپێدانی جوتکردنەکان لە بونیادی نوێدا. بەو واتایەی، کە بونیادەکان لە داڕشتەی دیکەدا و بە (فۆرم‌نوێ–واتا‌نوێ)وە دادەڕێژرێنەوە و بونیادی دیکە دەنوێنن. هەر بۆیە ئێستا (بندیوار) بۆخۆی بووەتە بونیادێکی گەورە (Macro-Construction) و بەکاردەهێنرێتەوە و چەندین نموونەی دیکە (بونیادی بچوک)ی لێدادەڕێژرێت، وەک (خوێنەری بندیوار، مەلای بندیوار، ژنی بندیوار، سایەقی بندیوار، پێشمەرگەی بندیوار، فەیلەسوفی بندیوار). سەرجەمی ئەم پێواژۆ هەمەجۆرانەیش، وەک ڕێگەپێدان لە ڕوانگەی خاسیەتە ئینسکلۆپیدییەکانی یەکەکانەوە دەبێت، کە بە پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی ڕێزمانی بونیادنان لە زماندا دادەنرێن.

## ٢/٣) پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکانی زمانی کوردی لە ڕێزمانی بونیادناندا

دارِشتەکان، ڕستەیەکی سادەی ئاسایی، ئاڵۆز و لێکدراو یاخود مۆرفۆسینتاکس بن، وەک بونیادێک دادەنرێن، کە جوتکراوێکی تایبەتی فۆرم-واتان بۆ ئاخێوەران. مۆرفۆسینتاکس بونیادنانێکی جیاوازە. ئاراستەی واتاکان لە (فۆرم-واتا)یەکەوە، بۆ (فۆرم-واتا)یەکی دیکە گۆڕاون. ئەم گۆڕانە لە ئاستی بونیادەکاندا، پەیوەندیی بەو هێمایانەوە هەیە، کە لە دەربڕاوەکاندا بەکارهێنراون. هێما زمانییەکان بە سروشتە بونیادییەکەیانەوە و هەروەها ئەو پاشخانە درکپێکراوەیان، وادەکەن، کە بونیادنانیشیان لە ڕستەیەکی ئاسایی و دەربڕاوێکی ئاڵۆزی وەک مۆرفۆسینتاکسدا، جیاوازبێت. بونیادنانی هەر دەربڕاوێک بۆ ئەو وێنا وێنەییە ئەبستراکتە دەگەڕێتەوە، کە ئاخێوەران لە پێواژۆکانی فێربوونی زمانییاندا هەڵیانگرتووە. وێنا ئاوەزییەکە دەبێتە بنەڕەت و بنەما بۆ هەر دەربڕاو و بونیادنانێک، کە ئاخێوەر درکپێکردبێت، یاخود مەبەستی بێت. "بیرۆکەی سەرەکی لە ڕێزمانی بونیادناندا ئەوەیە، کە هەرکام لە وێنا و نموونەسازییەکان لە ئاوەزدا هەڵگیراون. وێنایەکی ئەبستراکت زاڵە بەسەر سەرجەم نموونە تاکەکەسییەکاندا. نموونە تاکەکەسییەکانیش بەهۆی ئەو تایبەتێتییانەی، کە لە وێنا ئاوەزییە هەڵگیراوەکەدا هەن، میراتگرن". (Boiij لە Alfaro, A. F, و هاوکارانی، ٢٠١٢: ١٠٨). بەم شێوەیە وێنایەکی ئەبستراکت لە ئاوەزدا هەڵگیراوە و دەبێت بە جەستەی هەموو نموونە تاکەکەسییەکان. ئەگەر لێرەدا دەربڕاوێکی مۆرفۆسینتاکسی بە نموونەیەکی تاکەکەسی وەربگیرێت، ئەوا ئەمیش میراتگری ئەو وێنا ئەبستراکتەیە، کە لەسەر بابەتە دیاریکراوەکە سازێنراوە. دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکە، هەڵگری ئەو تایبەتێتییانە دەبێت، کە لە وێنا ئەبستراکتەکەدا هەن(نەک ئەو تایبەتێتییانەی، کە گوایە لە ڕستەیەکی ئاساییدا هەن و مۆرفۆسینتاکس دەبێت بە دارِشتەیەکی پاش سینتاکسی). بۆنموونە سەرجەمی دەربڕاوەکانی (٢٧)، لە چێوەی تایبەتێتییەکانی یەک وێنای ئاوەزیی هەڵگیراودا دەخولێنەوە، کە کەسێک دەیەوێت قسەکردن دەربارەی بابەتێک بوەستێنێت:

٢٧) ا- پێمخۆشە نەچینە نێو ژیانی کەسییەوە،

ب- ئەم بابەتە دابخە.

پ- بیبڕەوە.

ت- قسەناکەم.

ج- نۆ کۆمێنت.

وێنایەکی ئاوەزی وەک گشتگیر بۆ سەرجەمی دەربڕاوەکانی (٢٧) هەڵگیراوە، چ دەربڕاوێکی ئاسایی وەکو (٢٧- ا، ب) بێت، یاخود دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییە جیاوازەکانی وەک (٢٧- پ، ت) بێت، کە ئەمانە و (٢٧- ج)یش، سەرجەمیان وەک میراتگری وێنا ئاوەزییەکە دەردەکەون. ئەوەی، کە لە

دەربڕاوێکی مۆرفۆسینتاکسییانەدا گرنگە، بوونی تایبەتێتی پێشبینیکراوە، کە ئەمەش پەیوەستە بەو مەبەستە تایبەتەی، کە ئاخێوەر دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکەی بۆ دروستکردووە، بۆنموونە تایبەتێتی پێشبینیکراو لە (٢٧- پ)دا، پەیوەستە بە بەکارهێنانی زمانێکی زبر و شکاندن و فەرمانییەوە. هەمان تایبەتێتی پێشبینیکراو لە (٢٧- ب)یشدا، بە ئاڕاستەیەکی هێواشتر دەبینرێتەوە. ئەمانە وەک زانیاریی زیادە لە هەر بونیادێکی میراتگری وێنا ئەبستراکتەکەدا دادەنرێن. بەو واتایەی، کە زانیاریی زیادە لە (٢٧- ا)دا، ڕێزدارانەترە، وەک لە (٢٧- ب، پ)دا. زانیاریی زیادە و پێشبینیکراو لە (٢٧- ت، ج)دا، پەیوەستە بەو مەبەستە تایبەتەوەی، کە ئاخێوەر هەڵیبژاردووە، کە ئەویش قسەنەکردنە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، نەک قسەنەکردن لەسەر وێنا ئەبستراکتەکە، چونکە وێنا ئەبستراکتەکە، خاوەندارێتی لە هەموو دەربڕاوەکانی (٢٧) دەکات. لە (٢٧- ا)ەوە تاوەکو (٢٧- ج) و تەنانەت هەر بونیادنانێکی دیکەیش، کە میراتگر و هەڵگری تایبەتێتییەکانی وێنا ئەبستراکتە ئاوەزییەکە بێت. ئەوەی، کە لە دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا گرنگە ئەوەیە، کە ئەم داڕشتنانەیش، بونیادنانی تایبەت و سەربەخۆن، بەڵام وەک هەڵگری تایبەتێتی پێشبینیکراو لە چێوەی وێنایەکی ئەبستراکتیدا دەردەکەون. نزیکترینیان لە وێنا ئەبستراکتەکەوە، ئەوەیە، کە لە داڕشتەکەیدا، زۆرترین زانیاری بونیادنرابێت، تاوەکو بتوانێت ببێت بە بەشێک/داڕشتەیەک/بونیادێکی وێنا ئەبستراکتەکە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەپێشەوە، کە کام لە دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکان دەبن بە نزیکترین داڕشتە لە وێنا ئەبستراکتەوە؟ وەڵامەکە بەوجۆرە دەبێت، کە زۆرترین واتای چوارچێوە سیمانتیکییەکە و واتای ئینسکلۆپیدیی وێنا ئەبستراکتەکە، لە کام لە دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا ببینرێتەوە، ئەوەیان دەبێت بە نزیکترین میراتگر. ئەمەیش لەسەر بنەمای دۆزینەوەی زۆرترین خاسیەت و لەخۆگری ڕووبەرێکی گەورەی واتا ئینسکلۆپیدییەکە لە داڕشتە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا. ئەم ڕاستییە لە ڕێزمانی بونیادناندا وا لێکدەدرێتەوە، کە ڕێگەدانە بە دەستەواژە و داڕشتەی تەواو و ڕێک و ئاسایی بۆ دەربڕین، بەبێ ئەوەی کار لە کارەکتەری ئاسایی هەرکام لە دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکان بکرێت. بەو واتایەی، کە هیچ گومانێک نییە لەوەی، کە (قسەناکەم)ی (٢٧- ت)یش، لە چێوەی وێنا ئەبستراکتەکەی بارودۆخەکانی (٢٧)دا، خاوەنی کارەکتەری تایبەتی و ئاسایی خۆیەتی. بە هەمان شێوە بۆ دەربڕاوەکانی دیکەیش. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بیرە، با لە نموونەکانی (٢٨) بڕوانین:

٢٨) ا- بە دەرمان مێروولەکانی کوشت.

ب- بە دەرمان کوشتنی.

پ- کوشتنی.

چەند هۆکارێک هەن، کە وامان لێدەکەن، هەرکام لە (٢٨-ب، پ)یش بە بونیادنراوی سەربەخۆ دابنێین:
١- بەشێک لە زانیاریی (٢٨-ا)یان هەڵگرتووە، ئەمەش بەجۆرێک دەیانکات بە میراتگری (٢٨-ا)،

٢- خاوەنی تایبەتێتی و کارەکتەری تاکەکەسین،
٣- ناتوانرێت واتای گشتی (یاخود هیچ نەبێت واتای (٢٨- ا، ب)) لە بەشە پێکهێنەرەکانی (٢٨- پ)دا ببینرێتەوە.

لە ڕوانگەی نەبوونی جیاوازی و دابەشکاری لە نێوان ئاستەکانی زماندا(بۆنموونە مۆرفۆلۆژی و سینتاکس)، ئەوە دەخرێتەڕوو، کە دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکان دارِشتەیەک نین، کە لە نێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا بن و بەرهەمهێنرابێتن، چونکە هەم لە بنەڕەتەوە ئەو دابەشکارییە ناکرێت، هەمیش ئەمان بۆخۆیان قاڵبێکی ئامادە و بونیادنانێکن، کە لە پێواژۆیەکی درکپێکراودا بونیادنراون. بەم شێوەیە تۆڕی پەیوەندییەکانی نێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و نواندنیان لە دارِشتەیەکی مۆرفۆسینتاکسییانەدا، دەبێت بە یەکێکی دیکە لە بەڵگە و سەلماندنەکانی ڕێزمانی بونیادنان، لە کارکردنی پێکەوەیی سەرجەمی زمان لەپێناو ڕەخساندنی باشترین دارِشتە بۆ بەیەک گورزە گەیاندنی فۆرم-واتاکان، لە یەک بونیاددا. بەم شێوەیە دارِشتە مۆرفۆسینتاکسییەکانی لە چەشنی هەر ئاوێتەبوونێکی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی لە هەر ئاست و پلەیەکدا، هێما و ئاماژەیە بۆ سروشتی ئاوێتەبوونی سەرجەمی زمان، بە هێما و تەواوی یەکەکانییەوە، ئەمەیش لە پێناو هەر جوتکردنێکی (فۆرم-واتا) و درکپێکردن بەو جوتکردنە و بەکارهێنانیشی. هەر ئەو هاوپەیوەندییەیە، کە ڕۆڵێکی چارەنوسساز لە سازکردنی جوتکردنەکان و ڕێگەدان بە ڕوودانیاندا دەگێڕێت.

لە لایەکی دیکەیشەوە و لە ڕوانگەی ناپێکهاتەییەوە، لێکدانەوەی واتای دارِشتە مۆرفۆسینتاکسییەکان، زۆر و هەمەچەشن دەبێت. هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئاراستەی یەکە و هێماکانی ناو دارِشتە مۆرفۆسینتاکسییەکان، گۆڕاون. گۆڕان لە واتا سادە و زانراوەکەی خۆیان و گۆڕان لە واتای هەمان یەکە و هێما، کاتێک لە دەربڕاوێکی ئاسایدا دێت. لەکاتێکدا لە ڕوانگەی هەمان لێکدانەوەی ناپێکهاتەییانەوە، واتای یەکە و هێماکان لە دەربڕاوە ئاساییەکاندا، ڕوون و ئاشکران. چونکە ئاراستەی واتاکان نەگۆڕاون، تەنها لە دارِشتەیەکی تایبەت و دیاریکراوی دیکەدا بونیادنراون. هەربۆیە بونیادنانی دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکانیش، سەربەست و سەربەخۆ و جیاوازن لە بونیادنانی دەربڕاوێکی ئاساییانەی پێش دارِشتە مۆرفۆسینتاکسییەکە. کورت و پوختکردنەوەی ئەم بیرە، لە نموونەکانی (٢٩)دا، خراوەتەڕوو:

٢٩) ا- تشریب بەدەست خۆشتر دەخورێت.

ب- تشریب بەدەست دەخورێت.

پ- تشریب بەدەست خۆشترە.

ت- بەدەست خۆشترە.


ج- بەدەست دەخورێت.

چ- دەخورێت.

ئەگەر بەشێوەیەکی ماتماتیکییانە و بە زمانی ژمارە، بەراوردێکی زانیارییە هاتووەکان لە پێدراوەکانی (٢٩)دا بکرێت، دەتوانرێت بە ڕێژەیەکی نزیکەییانە لە هاوکێشەکانی خوارەوە و چارتی (١)دا سروشت و تایبەتێتییە بونیادییەکانی هەرکام لە نموونەکانی (٢٩) ببینرێتەوە:

- (٥٠%)ی زانیارییەکانی (٢٩- ا) لە (٢٩- ب)دا دەبینرێتەوە
- (٧٠%)ی زانیارییەکانی (٢٩- ا) لە (٢٩- پ)دا دەبینرێتەوە
- (١٥%)ی زانیارییەکانی (٢٩- ا) لە (٢٩- ت)دا دەبینرێتەوە
- (١٥%)ی زانیارییەکانی (٢٩- ا) لە (٢٩- ج)دا دەبینرێتەوە
- (١%)ی زانیارییەکانی (٢٩- ا) لە (٢٩- چ)دا دەبینرێتەوە

دانانی ئەم ڕێژانەیش لە بەرامبەر هەرکام لە نموونەکانی (٢٩)دا، لە ڕوانگە واتاییەکە و دەستکەوتنی ئەو بەشە لە واتای دەربڕاوە ئاساییەکەیە، کە لەناو دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا دەدۆزرێنەوە. بەو واتایەی، کە لە دیاریکردنی ڕێژەکاندا، ڕەهەندی واتایی دەربڕاوەکان لەبەرچاوگیراون و هۆکاربوون لە دانانی ڕێژەکاندا.




**چارتی (١)**

**بەراوردی ڕێژەی زانیاریی هاتوو لە دەربڕاوێکی ئاسایی و دارشتە مۆرفۆسینتاکسییەکانی نموونەکانی (٢٩)دا**

هۆکاری ڕێژە جیاوازەکان و دانانیان لە بەرانبەر هەرکام لە نموونەکانی (٢٩)دا، دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی و نزمی ڕێژەی زانیاری و پێشبینییە زانیارییەکان و دۆزینەوەی زانیارییەکانی (٢٩- ا) لە هەرکام لە نموونەکانی دیکەی (٢٩)دا. هەروەک زانا (گۆڵدبێرگ) ئەوەی خستەڕوو، کە ناتوانرێت پێشبینی واتای گشتی دارشتەیەک بکرێ، بەهۆی خواستن لە واتای یەکبەیەکی یەکە بەشدارەکانی دارشتەکەوە. لەسەر

هەمان بڕوا و بەو شێوەیەیش، دەتوانرێت تەنها (%١)ی زانیارییەکانی (٢٩- ا) لە (٢٩- چ)دا پشبینیبکرێت. ئەوەی لە نموونەکانی (٢٩)دا بونیادنراوە، جوتکردنی جیاواز و ئاماژەی درکپێکراوی جیاواز دەنوێنن، کە ئەم ئاماژە جیاوازانەیش، ناگەڕێنەوە سەر یەک بنەڕەتی بونیادنراو. بۆنموونە ناتوانرێت (٢٩- ت)، ڕاستەوخۆ ببرێتەوە سەر (٢٩- ا) و تەنانەت (٢٩- پ)یش. هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بونیادی جیاوازن و وەرگیراوی یەکتر نین. هەربۆیە لێکدانەوەی واتایی هەرکامیان و تێگەیشتن لێیان، دەبەسترێتەوە بە پاشخانە بونیادییەکەیانەوە، نەک یاسا و یەکە بەشدارەکانی ناو داڕشتەکانیان. هەربۆیە دەشێت مەبەستی (٢٩- چ) لە (٣٠)دا ببینرێتەوە، یان نەخێر:

٣٠)- گۆشتی کەروێشک دەخورێت.

کە هیچ پەیوەندییەکی بە (٢٩- ا)ەوە نییە و گریمانەی ئەوەیش بکرێت، کە (٢٩- چ) لە (٣٠)یشدا نەبینرێتەوە. هەر ئەمەیش وادەکات، کە تەنانەت کاتی خایەنراو لە دروستکردن و گواستنەوە و تێگەیشتنیش لە (٢٩- چ) زۆر زیاتر و جیاوازتر و دوورتربێت لە هەمان کات و خەملاندنی تێگەیشتن لە (٢٩- ا). بەو واتایەی، کە تێگەیشتن لە دەربڕاوێکی مۆرفۆسینتاکسی و ڕەهەندە بونیادییە بەکارهێنراوەکەی، زیاتر و زۆرترە لە دەربڕاوە ئاساییەکانی دیکە[١]. لە کاتێکدا، کە نەتوانرێت بەهۆی ڕوانین لە یەکە بەشدارەکانی داڕشتەکانەوە بگەین بە بونیادنانەکان، بێگومان ناتوانرێت بەهۆی یەکە بەشدارەکانی داڕشتەیەکی دیکەوە، بونیادی داڕشتەیەکی دیکەمان دەستبکەوێت. بە دەربڕینێکی دیکە، لە ڕوانگەی سەرنجەکەی زانا (گۆڵدبێرگ)ەوە: تەنها بەهۆی یەکە بەشدارەکانی داڕشتەکەوە، ئێمە ناتوانین هەڵهێنجانی بونیادنانێکی دروستمان بۆ خودی داڕشتەکە دەستبکەوێت. بەو واتایەی ناتوانرێت بەهۆی (تشریب، دەست، خۆش، خوارد)ی (٢٩- ا)ەوە، پێشبینی فۆڕمی-واتایی بونیادەکەیمان دەستبکەوێت. کەواتە چۆن دەتوانرێت، بەهۆی یەکە بەشدارەکانی (٢٩- چ) و تەنانەت نموونەکانی دیکەی (٢٩)یشەوە، پێشبینی واتایی (٢٩- ا)مان دەستبکەوێت! بەم شێوەیە هەرکام لە نموونەکانی (٢٩) بۆخۆیان بونیادێکی سەربەست و قاڵبێکی ئامادە و جێگیر و سەربەخۆن. هەرکامیان خاوەنداری لە جوتکردنێکی تایبەت و دیاریکراو دەکەن، کە بەهۆی بونیادنان لەنێوان فۆرم-واتاکاندا دروستکراوە.

کەواتە هەمیشە ئاخێوەران ئەوەی هەڵیدەگرن و تۆماریدەکەن و بەکاریدەهێننەوە، بونیادنانەکانن. چونکە هەمیشە دەتوانرێت شێوازە ئاسایی و دەربڕاوە ئاڵۆزەکانی لە چەشنی مۆرفۆسینتاکس واتای بونیادنانی زۆر گشتییان هەبێت و لە بار و بەکارهێنانی تایبەت و دیاریکراو و پێویستدا، داڕشتە مۆرفۆسینتاکسییەکان بەکاربهێنن، بۆنموونە هەرکام لە داڕشتەکانی (NP)، کە لە (٣١)دا هاتوون، ئاماژە

[١] - زانیاریی زیاتر دەربارەی پێواژۆی دروستکردن و تێگەیشتن لە ڕوانگەی بڕی خایەنراو و پێویستی کاتەوە بۆ دووجۆر لە دەربڕاوی ئاسایی و مۆرفۆسینتاکسی لە زمانەوانی و زانستی زمانی دەروونیدا، لە(مەحمود، ئاڤێستا کەمال، ٢٠١٢)دا دەبینرێتەوە.

بە بونیاد و قاڵبی ئامادەی دیکە دەدەن و هەرکامیان بەشێوەی بونیادنانێک هەڵگیراو و تۆمارکراون، کە وێنا ئەبستراکتەکەیشیان لە (سەر+تەواوکەر)/(دەرخراو و دەرخەر)پێکهاتووە.

(٣١) ا- مالّی ئێمە$_{NP}$ لەوپەڕی شارە.

ب- ماڵمان$_{NP}$ لەوپەڕی شارە.

کەواتە هەرکام لە (NP)یەکانی (٣١) بونیادێکن، کە بونیادنانی گشتین و لە باری پێویست و بەکارهێنانی تایبەتی هاتوون و قاڵبی ئامادەن و وەک بونیادێک هەڵگیراون، هەردووکیشیان ئاماژە بە چەمکی (NP-سەر و تەواوکەر یان دەرخەر و دەرخراو) دەکەن. کەواتە لەڕووە سینتاکسی یاخود مۆرفۆلۆژییەکەوە، یەکە و هێماکان هەر سروشت و تایبەتێتییەکەیان هەبێت، ئەوا پێویستیان بە تۆمارکردن و هەڵگیرانە(بەو شێوەیەی، کە ئاخێوەران دەیانەوێت، چ بە شێوەی تاکە وشەی سەربەخۆ بێت، وەک (ماڵ)، چ وەک داڕشتەیەکی مۆرفۆسینتاکسییانە بێت، وەک (ماڵمان)). بەم شێوەیە لە ڕوانگەی بونیادنانەوە جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان وشە و دەستەواژە و فرێزەکاندا نییە، بگرە هەرکامیان هێمایەکی تایبەت و سەربەخۆ و بونیادنراون، کە دیوێکیان جوتکردنە فۆرم-واتاییەکەی بونیادنان دەنوێنێت، دیوەکەی دیکەشیان، پەیوەستدەبێتەوە بە ڕەهەندی درکپێکردن بە دیوی یەکەم/بونیادنانییانەوە. بەو واتایەی، کە هێماکان لە هەر ئاست و پلە و نواندنێکدا بن، خاوەنی دوو دیون، دیوێکی فۆرم-واتا، دیوێکی درکپێکردن بە فۆرم-واتا، وەک گشتێک. هەربۆیە کاتێک ئاخێوەرێک بەکارهێنانێکی زمانی دەبێت، ئەوا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە شارەزایی ئاخێوەرەکە دەدات بە سەرجەم زانین و درکپێکردنە زمانییەکەی. هەروەک چۆن کاتێک هەڵەیەکیش لە بەکارهێنانی زمانیدا ڕوودبات، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئاستێکی درکپێکردنی لاواز لە پەیوەست بە هەرکام لە فۆرم-واتای ئەو بوار یان هێمایەی، کە هەڵەکەی تێدا ڕوویداوە/ کە بونیادنەکەی بۆ دروستکراوە.

سەبارەت بە تۆمارکردن یاخود بەکارهێنانی دەربڕاوە ئاڵۆز یاخود دەستەواژە و داڕشتە مۆرفۆسینتاکسییەکانیش، ئەوە دەخرێتەڕوو، کە دەربڕاوێکی مۆرفۆسینتاکسی، ناتوانێت ببێت بە هاوتا و هاوواتای دەربڕاویکی ئاسایی(تەنانەت ئەو ڕستەیەیشی، کە وا دابنرێت دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکەی لەسەر داڕێژراوە)، ئەم سروشتەی نەبوون بە هاوتا و هاوواتای یەکترە، وادەکات، کە بوترێت هەر داڕشتەیەک بۆخۆی بونیادێکە و بەڵگەی ڕێگریکردن لە ڕوودانی دروستبوونی هاوواتایی لەنێوان وشە و دەستەواژە و ڕستە و داڕشتە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا وامان لێدەکات، کە بڵێین: بەهۆی بونیادنانەوە ناتوانرێت گریمانەی ئەوە بکرێت و لە دواتریشدا وەک ڕاستییەک دابنرێت، کە دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکان داڕێژراو و هەنگاوی دوای دەربڕاوە ئاساییەکانی زمانن، بەڵکو هەرکام لەم داڕشتانە بۆخۆیان بونیادێک دەنوێنن و هیچکامیان لەوی دیکەیانەوە وەرنەگیراون. هەربۆیە ناتوانرێت گریمانەی ئەوە بکرێت، کە دیوی درکپێکردن بە زانیاری

و فۆڕمەکانی دەربڕاوێکی ئاسایی وەک (٣٢)، یەکسانە بە هەمان ئاستی درکپێکردن بە دەربڕاوێکی مۆرفۆسینتاکسییانەی وەک ئەوانەی، کە لە (٣٣- ا، ب، پ، ت، ج)دا هاتوون و تەنانەت هەر داڕشتەیەکی دیکەیش، کە وا گریمانە بکرێت لە (٣٢)ەوە وەرگیرابێت:

٣٢)- هەموو دەرگاکانم بە ئەوان کردەوە.

٣٣) ا- هەموو دەرگاکانم کردەوە.

ب- هەموو دەرگاکانم پێکردنەوە.

پ- دەرگاکانم پێکردنەوە.


ت- هەموویانم پێکردنەوە.

ج- پێمکردنەوە.

لە هەنگاوی یەکەمدا ئەوە دەخرێتەڕوو، کە نموونەکانی (٣٢، ٣٣)، هیچکامیان لەوەی دیکەیانەوە وەرنەگیراون، هەرکامیان پارچەیەکی داڕێژراون، کە گۆڕاوەکانیان تێدایە، نەک گۆڕاوی فەرهەنگی یاخود یاسایی، چونکە لە هەمان یاسای دروستبوونەوە سەرچاوەیانگرتووە و سەرجەمی نموونەکانی (٣٢، ٣٣) پەیڕەوی لە هەمان یاسای تێپەڕی دەکەن. ئەوەی، کە گۆڕاوە، سروشتی بونیادەکانیانە، کە پەیوەستن بە ناواخنی زانیاری و مەبەستی بونیادنانیانەوە. چونکە ئەگەر تەنها لە ڕوانگەی سەری ڕێزمانی و داڕشتەی ئارگومێنتەوە لە (کردنەوە)ی (٣٢، ٣٣) بڕوانرێت، ئەوا هەر هەمان ئارگومێنت داواکەر و پێویستییەکانی هاتوون. گۆڕاوەکان لەپشتی ئەمانەوە ڕوویانداوە، کە ئەویش خۆی لە سروشت و مەبەستی بونیادناندا دەبینێتەوە. بۆنموونە (٣٣- ا) هاوتا و هاوواتا نییە بە (٣٢). هەروەک چۆن (٣٣- پ، ت) هاوواتای یەک نین و هیچکامیشیان هاوتا و هاوواتای (٣٣-ا) و (٣٢)یش نین. چونکە دەشێت مەبەستی ڕێژە و ژمارە لە (٣٣- پ)دا جیاوازبێت لە (هەموو)ی (٣٣- ت). بەهەمان شێوە، (٣٣- ج)یش، تەواو جیاواز و بونیادنانێکی دوورتر و سەربەخۆترە لە هەرکام لە بونیادەکانی دیکە و دەشێت واتا و مەبەستی بونیادی (٣٢) لەناو چەندان واتا و مەبەستی بونیادیی دیکەدا، یەکێک لەو مەبەستانە بێت، کە دەیگەیەنێت. هەربۆیە دەتوانرێت بە نزیککراوەیی ڕێژەی هاوتایی یاخود چونیەکی لەنێوان مەبەستی بونیادیی نموونەکانی (٣٢) و (٣٣)دا، لە خوارەوە دابڕێژرێت:

- (٢٠%)ی زانیارییەکانی (٣٢) لە (٣٣- ا)دا دەبینرێتەوە
- (٩٠%)ی زانیارییەکانی (٣٢) لە (٣٣- ب)دا دەبینرێتەوە
- (٤٠%)ی زانیارییەکانی (٣٢) لە (٣٣- پ)دا دەبینرێتەوە
- (١٠%)ی زانیارییەکانی (٣٢) لە (٣٣- ت)دا دەبینرێتەوە
- (١%)ی زانیارییەکانی (٣٢) لە (٣٣- ج)دا دەبینرێتەوە

هەمان زانیارییەکان بەشێوەی پیشاندان لە چارتی (٢)دا خراونەتەڕوو.




**چارتی (٢)**


**بەراوردی ڕێژەی زانیاریی هاتوو و هاوتایی و هاوواتایی لە دەربڕاوێکی ئاسایی و دارشتە مۆرفۆسینتاکسییەکانی نموونەکانی (٣٢ و ٣٣)دا**

ئەگەر بەراوردی هاوتایی لە نێوان (٣٣- ج) و (٣٢)دا بکرێت، دەبینرێت، کە ڕێژەکە زۆر لەوە کەمترە، کە (٣٣- ج) بتوانێت وەک هاوواتایەک بۆ (٣٢) دەربکەوێت. بۆیە ناکرێت، کە ئاخێوەران فێری دارشتەی (٣٢) بووبن و تۆماریانکردبێت و بەکاریبهێننەوە و لە پاشتریشدا لەسەر هەمان دارشتە بتوانن نموونەیەکی وەک (٣٣- ج) بەهەمان تایبەتێتی بونیادییەوە بەرهەمبهێننەوە. بەو واتایەی، کە فۆرم- واتای (٣٢) و دیوە درکپێکراوەکەی بونیادێکی تایبەت و دیاریکراوە. جیاوازیی بنەڕەتی لەگەڵ فۆرم- واتای (٣٣- ج) و دیوە درکپێکراوەکەیدا هەیە. تەنها بەڕێژەی (یەک لەسەد)ی بەکارهێنان، (٣٣- ج) دەتوانێت لەبری (٣٢) بەکاربهێنرێت. بەو واتایەی، کە ناتوانرێت نموونەکان بەشێوەی هاوکێشەی خوارەوە دابڕێژرێن:

٣٢ ⟷ ٣٣- ج

بەپێی ئەو هاوکێشەیەبێت، کە گوزارشتە لە پەیوەندیی هاوتایی نێوان فۆرم-واتا، ئەوا (٣٢) بۆخۆی پەیوەندییەکی هاوتایی لە نێوان فۆرم واتاکەیدا دەنوێنێت. هەر دەربڕاوێکی دیکەی ئاخێوەرانیش، ئاماژە بە هەمان پەیوەندیی هاوتایی ناوەکیی خۆی دەکاتەوە. کەواتە (٣٢)، فۆرمێکی دیاریکراوە، بە واتایەکی دیاریکراوەوە. هەر وەک چۆن نموونەکانی (٣٣)یش سەرجەمیان فۆرمێکی دیاریکراون بە واتایەکی دیاریکراوەوە. بۆیە لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوەیە، هەر فۆرمێکی هاوتا بە واتایەکەوە، ناتوانێت لەبری


فۆڕمێکی هاوتا بە واتایەکی دیکەوە بێت و دابنرێت. کەواتە هاوکێشەکە لە پەیوەست بە خودی (٣٢)ەوە، بەم شێوەیەی خوارەوەی لێدێت:




**هێڵکاریی (٥)**

**هاوتایی نێوان فۆڕم واتای نموونەی (٣٢)**

لەکاتێکدا هەمان هاوکێشە بۆ (٣٣- ج)، بەو شێوەیەی خوارەوە دەردەچێت:




**هێڵکاریی (٦)**

**هاوتاییەکانی نێوان فۆڕم-واتای نموونەی (٣٣-ج)**

پێویستە ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە (٣٣- ج) بۆ خودی ئاخێوەر و گوێگران، فۆڕمێکی دیاریکراوە بە هاوتای واتایەکی دیاریکراوەوە، بۆیە تەنها یەکێک لە هاتووەکانی ناو هێڵکاریی (٦) وەردەگیرێت و مەبەستە. بەو واتایەی، کە ئاخێوەر مەبەستی لە کردنەوەی (پاسۆرد)ە، نەک (دەرگا، پەنجەرە، ...هتد) و ئەمەیش وەک زانیارییەکی زانراوی بونیادنراوە لەنێوانیاندا و لە (٣٣- ج)دا نوێنراوە، بەڵام لە دەرەوەی بونیادە تایبەت و دیاریکراوەکەی (٣٣- ج)ەوە لە نموونەکە بڕوانرێت، ئەوا ڕێگە بەسەرجەمی هاتووەکانی هێڵکاری (٦) بە هاتووی ناکۆتایشەوە دەدرێت، هەر بۆیە (٣٢) بۆخۆی بونیادێکی

سەربەست و سەربەخۆیە و بە هەمانشێوەیش بۆ (٣٣- ج)، کە دەبێتە بونیادێکی دیکەی جیاواز و سەربەست و سەربەخۆ. بەم شێوەیەیش ناتوانرێت هەمان هاوتایی لە واتادا لە نێوان دەربڕاوێکی ئاسایی و دەربڕاویکی مۆرفۆسینتاکسییانەدا لە بابەتی بونیادیاندا لە بەرانبەری یەکتر دابنرێن، کە ئەمەیش دەبێتە پێچەوانەی ئەوە بیرەی، کە پێیوابوو "مۆرفۆسینتاکس نواندنی پێکهاتە سینتاکسییەکانە، واتە لە پێکهاتەیەکی سینتاکسیی دیکە دەکەوێتەوە". (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٢٥٦). لە کاتێکدا دەشێت یەکە و هێمای بەشداری ناو بونیادێکی سینتاکسی، لە پاشتردا و لە داڕشتە مۆرفۆسینتاکسییەکەیدا نەبینرێتەوە. بۆنموونە نەبوون و نەدۆزینەوەی هێما و ئاماژەی (دەرگا)ی (٣٢) لە (٣٣- ت) و (٣٣- ج)دا، بەڵگەی ئەوەیە، کە مۆرفۆسینتاکس داڕشتەیەکی دوای سینتاکس نییە، بەڵکو بۆخۆی بونیادێکی تایبەتە و قاڵبێکی ئامادەی بونیادنراوە، کە فۆڕمێکی دیاریکراو، هاوتای واتایەکی دیاریکراو دەکات و لە بارودۆخی تایبەتی زانراو و بونیادنراودا بەکاردەهێنرێت. هەرچەندە دەبێت ئەوەیش بخرێتەڕوو، کە هەرکام لە داڕشتەی سینتاکسی و داڕشتە مۆرفۆسینتاکسییەکانی (٣٢) و (٣٣)، سەر بە هەمان وێنای ئاوەزیی ئەبستراکتن و تەنها لەو چوارچێوەیەدا دەچنەوە سەر یەک.

بەمشێوەیە ئەرکی مۆرفۆسینتاکس لە ڕێزمانی بونیادناندا، فراوانکردنی پێواژۆ چەمکییەکانی ئاخێوەرانە، لە کاتێکدا و لە ناساندنە باوەکەی مۆرفۆسینتاکسدا، کە "دروستەی ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی وەک فرێزی ناوی یان فرێزی جێناوی، لە جێکەوتەکانی بەرکار و تەواوکەر و سەربار و دیارخەردا، پاش گوێزانەوەیان بە جێناوی لکاو(نووسەک) لە دروستەی ڕووکەشدا جێگیردەکرێن". (برزۆ، ئومێد بەرزان، ٢٠١٠: ١٣٢). زیاتر وەک چەند کردەیەکی تەکنیکییانەی سینتاکسی دەبینرێت، نەک لێکدانەوە لەو ڕوانگەیەوەی، کە هاوبەشییەکانی نێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکس بە مەبەستی بەخشینی ڕووبەری دیکەی بونیادنانە بە ئاخێوەران، کە لە کۆتایدا مەوداکانی بەچەمککردن زیاتر و فراوانتر دەبن و هۆکارن لە دەوڵەمەندکردنی کۆزانیارییە زمانییەکانی ئاخێوەران و ڕێگاکانی بەچەمککردنی بارودۆخێکی دیاریکراو بە بونیاد و دەربڕاوی جیاواز. هەر بەم شێوەیەیش دەتوانرێت، کە دادپەروەری لەنێوان بەکارهێنانی سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس و لایەنی داهێنەرانەی زماندا لە ڕوانگەی بونیادنانەوە ڕوونبکرێتەوە. هەر بۆخۆی ڕەخساندنی چەندین لێکدانەوەی بونیادیی دیکە بەهۆی داڕشتە و دەربڕاوێکی ئاڵۆزی مۆرفۆسینتاکسییانەوە، ئاماژەیەکی ڕوونە لەوەی، کە مۆرفۆسینتاکس بونیادێکی جیاواز دەگەیەنێت، تا ڕادەی ئەوەی بواری ڕوودان بۆ چەندین بونیادی دیکە بکاتەوە. با سەرنج لە مۆرفۆسینتاکسی (٣٤) و بونیادە هاوشێوەکانی لە (٣٥)دا بدەین:

٣٤)- لێمانسەندنەوە.

٣٥) ا- پارەکەمان لێسەندنەوە.

ب- کچەکەمان لێسەندنەوە.

پ- خانوەکەمان لێسەندنەوە.

ت- حەقی خۆمان لێسەندنەوە.

ئەوەیش تەنها باری بەکارهێنان و بونیادنانە، کە مەودای ڕوودانەکان دەرەخسێنێت و لە دواتریشدا مەبەستەکە دیاریدەکات، کە ئایا (٣٤) کام لە دەربڕاوەکانی (٣٥) دەگرێتەوە؟! کەواتە (٣٤) مەودای ڕوودانی بۆ چەندین شوێنگرەوە، کە لە (٣٥)دا خراونەتەڕوو، ڕەخساندووە. بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە، کە دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکان پێویستییان بە چوارچێوەی زانیاریدار هەیە، تاوەکو دەربکەوێت، کە مەبەستەکەی (٣٤) کام لە دەربڕاوەکانی (٣٥)ە! هەر بۆخۆی دەربڕاوی مۆرفۆسینتاکسی لەسەر بنەمای چوارچێوەی زانیاری بونیاددەنرێت(لێرەدا مەبەست لە چوارچێوەی زانیاریی سینتاکسی و زانیاریی ئەو ڕستەیە نییە، کە گوایە داڕشتە مۆرفۆسینتاکسییەکەی لەسەر داڕێژراوە)، بەڵکو چوارچێوەی زانیاری دەربارەی (پارە، کچ، خانو، حەق)مان مەبەستە، ئەمەیش بۆ تێگەیشتن لە بونیادی (لێمانسەندنەوە)ی (٣٤).

## ٣/٣) پێواژۆ درکپێکراوە ئینسکلۆپیدییەکانی ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی ڕێزمانی بونیادنانەوە

ئیدیۆمەکان سروشتە ناجێنەتیکییەکەی زمان دەسەلمێننەوە، لەبەرئەوەی لە ڕوانگەی ڕێزمانی بونیادنان و لەیەکەم ناساندنیاندا بەوشێوەیە دەبێت، کە دەربڕاوی زمانین و پێویستە فێریانببین و بە پاشخانە ئینسکلۆپیدی و کۆزانیارییەکانیانەوە، تۆماریانبکەین و هەر بەو شێوەیەش بەکاریانبهێنینەوە، چونکە ناتوانرێت لە ڕوانگەی بنەما گشتی و باو و ئاساییەکانی زمانەوە پێشبینییانبکرێت. مەبەست لە پێشبینی، قاڵبی دروستبوون و پەیڕەویکردن لە یاسا و ڕێسا باو و ڕۆشتووەکانی زمان و ڕێزمانێکی دیاریکراوە، لەبەرئەوەی داڕشتەی ئیدیۆمەکان پەیوەستن بەچەندین ڕەهەندی درکپێکراوەوە، کە ئەمانیش دەبن بە سەنتەری خەملاندن و لەقاڵبدان و بونیادنانی ئیدیۆمەکان. ڕەهەندەکانی درکپێکردنیش سەبارەت بە ئیدیۆمەکان، هاوپێچن بە چەندین هۆکاری تایبەت و زانیاری و کۆزانیاریی دیکەوە، کە لە پێواژۆکانی فێربوون و تۆمارکردن(کە دوو پێواژۆی تایبەت و پێویستن بۆ ئیدیۆمەکان)دا هەمیشە ئامادەییان دەبێت و ئاخێوەران لە ڕوانگەی ئەو هۆکارە تایبەتییانەوە دەتوانن بەکارهێنانێکی دروستیان لە پەیوەست بە ئیدیۆمەکانەوە هەبێت. بۆیە کاتێک لە یەک ڕەهەند و گۆشەنیگای تەنها و داپچڕاو لە بوارە درکپێکراوەکانی دیکە لە ئیدیۆمەکان بڕوانرێت، ئەوا گرفت بۆ لێکدانەوەی پڕاوپڕێتی ئیدیۆمەکان دێتەئاراوە. "ئیدیۆمەکان کێشەی زۆر بۆ (واتا) و (لێکدانەوە) دروستدەکەن. بەتایبەتی کاتێک ئەم دوولایەنە کارلێک لەگەڵ بونیادنانی ڕستەسازیدا دەکەن". (Vietri S., 2014: 1). گرفتەکەش کاتێک دروستدەبێت، کە هەرکام لە:

- مانا ⇐ = سیمانتیک
- لێکدانەوە ⇐ = پراگماتیک
- بونیادی ڕستە ⇐ = سینتاکس

به جیا و وەک پێکهاتەی سەربەخۆ دابنرێن و لێکبدرێنەوە. بۆ تێپەڕاندنی ئەمە، هەم ڕێزمانی بونیادنان و هەمیش سروشتی ئینسکلۆپیدی بۆ لێکدانەوەی ئیدیۆمەکان، باشترین ڕێگا و ڕێبازی لێکۆڵینەوەن. هەر لەم ڕوانگەیەوە زانا (Boiij, G., 2002) ئاماژەیداوە بەوەی، کە (ئیدیۆمەکان وەک باشترین دارشتەی نێوەندی لە نێوان سینتاکس و مۆرفۆلۆژیدا دەردەکەون). لەبەرئەوەی لەلایەکەوە وەک دارشتەیەکی مۆرفۆلۆژییانە بونیادنراون، لەلایەکی دیکەشەوە خزمەتەکەیان بە دەربڕین و ئاخاوتن و باری سەرنجی ئاخێوەران، لە ئاستی دارشتەکانی سینتاکس و ڕستەدایە و لە کۆتایشدا خۆیان وەک دانەیەکی فەرهەنگی دەردەکەون. بۆیە ناکرێت لە لێکدانەوەماندا بۆ ئیدیۆمەکان، بە دابڕاوی لەیەک، لە هەرکام لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکس بڕوانین و جیایانبکەینەوە. ئەمەیش لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییەی، کە هەندێکجار دارشتە ڕستەییەکان هەمان ئەرکی دارشتە مۆرفۆلۆژییەکان دەبینن. بۆنموونە لە حاڵەتی ئیدیۆمەکاندا، لەبەرئەوەی ئەم حاڵەتە بەپێی دارشتن و بونیادنانەکەی، مامەڵەی جیاواز و هەمەجۆر دەکات. بۆنموونە لە باری بەکارهێنانی ئیدیۆمە وشەییەکاندا[1]. ئیدیۆمەکان چ وشەیی، فرێزیی یان ڕستەیی بن، بە یەک شێوە نواندنی بونیادنانێکی تایبەت جێبەجێدەکەن. بەو واتایەی بەکارهێنانیان ڕاستەوخۆ و هەمانکاتی ئاماژەیە بە دووانەیەکی هاوتایی فۆرم–واتا. هەر بۆیە نموونەکانی (٣٦)، هەرکامیان وەک دارشتەیەکی تایبەت و دیاریکراو بۆ بونیادنانێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێن و بەهۆی ئەم تایبەتێتییەیشیانەوە، ئیدیۆمەکان بەجۆرێک مامەڵە دەکەن، کە جارێکیتر وەک شکێنەری ئاست و دابەشکاریی کۆزانیارییە زمانییەکان مامەڵەدەکەن. هەربۆیە بەیەکێک لە دەربڕاوە ئاڵۆزەکانی زمان دادەنرێن. "ئیدیۆم، دەربڕاو و پێکهاتنێکی تایبەتی و ئاڵۆزە". (عەلی، جەلال مەحمود، ١٩٨٢: ١٦). ئاڵۆزییەکەیشی بۆ بونیادنان و سازکردنەکەی دەگەڕێتەوە، چونکە هەم لە ڕووە فۆڕمییەکەوە دارشتەی جیاوازی (وشەیی، فرێزیی و ڕستەیی)یان هەیە، هەمیش لە بەکارهێنانیادا، باری تایبەتی دەخوازن. بارە تایبەتییەکەیش ئەو جوتکردنەیە، کە ڕێزمانی بونیادنان پێشنیازیکردووە، بەوەی، کە هەر فۆڕمێک بۆ بەکارهێنان/واتایەکی تایبەتی و دیاریکراو دەستدەدات، کە لەم ڕوانگەیەشەوە ئیدیۆمەکان لەپێشترین دەربڕاوە زمانییەکانن. بە سەرنجدان لە دەربڕاوەکانی (٣٦)، دارشتە و فۆڕمە جیاوازەکانی ئیدیۆمەکان دەردەکەون:

٣٦) ا- چاوچنۆک، دەمهەراش، شەڕواڵپیس، دەمشڕ...

ب- دانی مار، ساجی عەلی، ئاگری بن کا، ئاگری قوورەت، کڵاوی بابردوو، بازاڕی ڕەش، مارەکەی شێخ هۆمەر، ئەڵقە لەگوێ، مەسینەهەڵگر...

پ- مێش میوانی نییە، ئەم ماستە بێ موو نییە، خۆی داوە لە تەل، ئەو قەلەیش نیت، دەستی لێ بشۆ...

---

[1] - زانیاریی تەواو دەربارەی فۆڕم و جۆرە جیاوازەکانی ئیدیۆم لە: **١**- حسەین، شیلان عومەر، ٢٠٠٩: ٨٧-١٤٠. **٢**- حسەین،شیلان عومەر، ٢٠١١: ٢١٧ – ٢١٨. **٣**- حسەین، شیلان عومەر، ٢٠١٢: ٧-٢٤. **٤**- فەتاح، محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ١٦٧-١٧٥. **٥**- مێنبەری، سروە و حەیدەری، شەهێن، ١٣٩٧. دا دەبینرێتەوە.

بەم شێوەیە ئیدیۆمەکان "لەڕووی پێکهاتن و فۆڕمەوە، بە دەربڕاوی چەسپاو و جێگیر جیادەکرێنەوە و یەک گۆکردنیان هەیە. لەبەرئەمە لە زانستی لێکسیکۆلۆژیدا بە یەک یەکەی زمانی دانراون، هەرچەندە فۆڕم و پێکهاتەی جیایشیان هەبێت". (حسەین، شیلان عومەر، ٢٠١٢: ٨). هەربۆیە ئەگەر نموونەکانی (٣٦) پێکهاتن و فۆڕمی جیایشیان هەبێت، بەڵام دەرکردن و بەکارهێنانیان وەک یەکەیەک دەبێت و ئەو یەکەیەیش، هاوتاکردنی فۆڕمەکەیە بە واتایەکی جێگیر و دیاریکراوی ناپێکهاتەییەوە. لە ڕوانگەی ئەم ڕاستییەوەیە، کە زانایان (کرۆفت و کروز، ٢٠٠٤)، شێلگیرانە لەسەر ئەوە دەوەستن، کە بەشێکی گرنگی هەوڵی ڕێزمانی بونیادنان بۆ چارەسەرکردنی لایەنە ڕێزمانییەکانی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکانی ئاخێوەران و دۆزینەوەی لێکدانەوەیەکی گونجاوی ڕێزمانییە لە کۆزانینی ئاخێوەراندا بۆ ئەم جۆرە لە دەربڕاوەکان. لەبەرئەوەی لە لێکدانەوە باوەکانی ڕێزمان و تەنانەت ڕێزمانی بەرهەمهێنانیشدا، مۆدێلێکی پێکهاتەیی بۆ سەرجەمی زمان و ڕێزمانیش پێشنیازدەکرا و لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکرا، کە هەموو دەربڕاوێکی ڕێزمانی دەتوانرێت بە یاسایەکی زۆر گشتی و چونیەک و سەرتاپاگیر ڕوونبکرێتەوە و لەم ڕەهەندەشەوە سەرجەمی دەربڕاوەکانی ئاخێوەران لێکدەدرانەوە. لە کاتێکدا ئیدیۆمەکان لەم ڕێزمانە سەرتاپاگیرە لادەدەن و شێوەکانی لە وشە و فرێز و ڕستەکاندا، زیاتر لەوەی گوزارشت لە ڕێزمان بکەن و وردەکارییەکانی ڕوونبکەنەوە، زیاتر ئاماژە بە کۆزانینی ئاخێوەران و ئاگایی و درکپێکردن و بونیادنان دەکەن بۆ بارودۆخەکان. هەر بەم پێیە ئیدیۆمەکان لە یەکەم هەنگاودا لە لێکدانەوە سەرتاپاگیرە ڕێزمانییەکە لادەدەن. ئەمەیش لەبەرئەوەی، کە پێش هەموو شتێک ناتوانرێت پێشبینی بەکارهێنانیان بکرێت. بەو واتایەی لە بارودۆخێکی ئاخاوتندا، کەسێک ناتوانێت پێشبینی ئەوە بکات، کە بەشدارێکی ئاخاوتن، دەربڕاوێکی ئاڵۆزی ئیدیۆمی بەکاردەهێنێت یاخود نا. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بیرە، بارودۆخێکی ئاخاوتن بە نموونە دەهێنرێتەوە، کە گفتوگۆی نێوان دوو کەسە دەربارەی (ڕاستگۆیی، وەفا و متمانەی کەسی سێیەم) گفتوگۆ دەکرێت، کە تێیدا دەشێت پێشبینی بەکارهێنانی دەربڕاوەکانی (٣٧)، پێشبینییەکی شایانی ڕوودان و چاوەڕێکراوبێت:

٣٧) ا- کەسێکی زۆر ڕاستگۆیە.

ب- هیچکات درۆی لێ نابیستی.

پ- هەمیشە بەدەم خەڵکەوەیە.

ت- خاوەنی قسەی خۆیەتی.

هەرکام لە نموونە و دەربڕاوەکانی (٣٧)، لە ژێر یاسا ڕێزمانی و لێکدانەوە گشتییەکاندا یەکدەگرنەوە و هیچ نەبێت بەکارهێنانی دەربڕاوەکانی (٣٧)، نەبوون بە دەربڕاوی تایبەتی و تاکەکەسی، کە مۆرکی کەسێتیی بەکارهێنەریان پێوەبێت. بۆیە ئاساییانە و لە هەر بارودۆخ و چواردەورێکی دیکەی ئاخاوتندا، دەکرێت و ئەگەری ڕوودانی هەیە، کە ئەم دەربڕاوانە دووبارە و چەندبارە بەکاربهێنرێنەوە، لەکاتێکدا و لە هەمان بارودۆخدا، دەربڕینی (٣٨):

٣٨)- سەری پێ بسپێرە.

کە دەربڕاوێکی ئیدیۆمییە و پێشبینیکراو نییەو مۆرکی دەربڕاوێکی تاکەکەسی پێوەیە. ئەم دەربڕاوە ئیدیۆمییە زۆر بە وردی کۆکردنەوەی فۆڕم و واتایەکی تایبەت و دیاریکراوی کەسییە، کە بۆ پەسنکردنی هەمان بارودۆخی سەرەوە بەکارهێنراوە. ڕێژەی گەیاندنی سەرجەمی مەبەستەکانی (٣٧)ی تێدا دەبینرێتەوە و ئاخێوەران لە باری تایبەتی بەکارهێناندا بەکاریدەهێنن. ئەگەر (٣٧- ا) بەشێک لە مەبەستە سەرەکییەکەی (بارودۆخی گوزارشت لە ڕاستگۆیی، وەفا و متمانە)ی تێداببینرێتەوە، کە دەشێت (٣٧-ا) تەنها بۆ (ڕاستگۆیی) دەستبدات و بتوانێت بەشێکی مەبەستەکە ڕوونبکاتەوە. یاخود (٣٧- ب) بە دەربڕینێکی دیکە و گوزارشتێکی درکپێکراوی دیکە، لە جەمسەرێکی دیکەوە، هەمان بارودۆخ پەسنبکات، کە جەمسەری (درۆکردن/نەکرد)ە. هەروەها (٣٧- پ) زیاتر لایەنە مرۆڤدۆستییەکە و هاریکاری بخاتەڕوو. پاشان (٣٧- ت)یش بەشێکی واتای متمانە بگەیەنێت، ئەوا (٣٨) دەربڕاوێکی مارکەلێدراوی نیشانەکراوە، کە بەدەر لە لێکدانەوە ڕێزمانییە تەکنیکییەکەی، ئاماژە و گوزارشتێکی ڕوون و سازکردنی بونیادێکی تایبەت و دیاریکراوە، کە بە فۆڕمێکی جێگیر و چەسپاو، واتایەکی جێگیر و چەسپاو دەگەیەنێت. کەواتە هەموو دەربڕاوەکانی (٣٧) بە تەقلیدی و باو و گشتی بۆ پەسنکردنی بارودۆخەکە دادەنرێن، بەڵام (٣٨) بە بونیادێکی ناپێشبینیکراوی تایبەتی بۆ هەمان بارودۆخ دادەنرێت. زانایان (Nunberg G., و هاوکارانی، ١٩٩٤: ٤٩٢-٤٩٣)، شەش لایەنی تایبەتبوونی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان و جیاوازییان لەگەڵ دەربڕاوە ئاساییەکانی دیکەدا دەخەنەڕوو، ئەوانیش:

- **لادان لەباو**، بە واتای پێشبینینەکردنی بەکارهێنانە باوەکانە، وەک ئەوەی لە (٣٧)دا خرایەڕوو.

- **نەگۆڕی**، ئیدیۆمەکان دەربڕاوی جێگیر و چەسپاون، هیچ بەشێکیان توانای گۆڕینیان نییە. دەشێت بەشێک لە نموونەکانی (٣٧)دا بگۆڕرێت، لابرێت و زیادبکرێت، بەڵام ئەم تایبەتێتییانە بەسەر (٣٨)دا جێبەجێنابن.

- **وێناکردن**، بەشێک لە واتای مێتافۆڕی و مێتۆنیمی، لە بەکارهێنانە ئیدیۆمییەکاندا دەبینرێت. بۆئەمەش ئاخێوەران پاڵنەری تایبەتی وێناکردنیان هەیە.

- **پەندئامێز**، بۆ پەسنکردن و ڕوونکردنەوەی بارودۆخێکی تایبەت، کە بەشێوەیەکی دیاریکراو و واتایەکی دیاریکراو و ڕوون بگەیەنن، ئاخێوەران دەربڕاوی پەندئامێز بەکاردەهێنن، کە هێزێکی زیاتر و ئاستێکی باڵاتری بەکارهێنانە(بۆیە لێرەیشدا ئیدیۆمەکان بە دەربڕاوی ئاڵۆز ناوبراون).

- **نافەرمی**، ئیدیۆمەکان پەیوەستن بە بارێکی نافەرمی بەکارهێنانەوە. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە نموونەکانی (٣٧)، کە تا ڕادەیەک فەرمیبوون و گشتێتییان پێوەدیارە، بەراوردبکرێن بە (٣٨)، ئەوا باری نافەرمیبوونی (٣٨)، بە ڕوونی دەردەکەوێت.

- **کاریگەری**، ئیدیۆمەکان بەگشتی بۆ ئاماژەدان و هەڵسەنگاندێکی ورد و دیاریکراو یان هەڵوێستێکی سۆزدارانە بەکاردەهێنرن، کە لێرەدا بابەتی لایەنگیری بۆ مەبەستێکی تایبەت دێتەناوەوە، بەڵام لە

پەسنکردنە گشتییەکاندا ڕێژەی لایەنداری کەمتر دەبینرێت و هەستیپێدەکرێت. بەم شێوەیە بارودۆخەکە بارگاویدەکرێت بە چەندین واتای دیکە، کە بەکارهێنانی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان، ناچاریدەکەن.

کەواتە ڕوونکردنەوەی نموونەکانی (٣٧، ٣٨) لەم ڕوانگانەوە بەوجۆرە دەبێت، کە:

- ناپێشبینیکراوی (٣٨) لە دوو لایەنەوە:

ا- ناپێشبینیکراو لە بەکارهێنانیدا،

ب- نەچوونەوە سەر قاڵبە پێشبینیکراوەکانی دیکەی (٣٧). واتە ناتوانرێت لەسەر بنەمای زانیاریی چونیەک یان ڕێکەوتنە گشتییەکان، (٣٨) بونیادبنرێت.

بەم شێوەیە سەرجەمی نموونەکانی (٣٧) لەسەر بنەمای زانیاریی چونیەک و ڕێکەوتنەکان بونیادنراون. هەروەها (٣٨) زانیاریی چونیەکی لەگەڵ (٣٧)دا نییە. ڕێکەوتنێکیش نییە لەسەر ئەوەی، کە بۆ ئەو بارودۆخە، تەنها و تەنها دەبێت (٣٨) بەکاربهێنرێت. ئەمەیش کردویەتی بە بونیادێکی تایبەت و قاڵبێکی ئامادە.

کەواتە نموونەی (٣٨) و هاوشێوەکانی بە شێوەی ئامادە لە مێشکی ئاخێوەردا هەڵدەگیرێن و پێویستییان بە فێربوونی گشتی هەیە، کە دەوترێت فێربوونی گشتی، واتە زانین دەربارەی تەواوی پێواژۆ بونیادییەکەی و ئاگادار لە سەرجەمی خاسیەتە تایبەتییەکانی، تاوەکو لە بەکارهێنانیاندا بونیادنانێکی هەڵگری تایبەتێتییە ئیدیۆمییەکانی ڕێزمانی بونیادنان بنوێنرێت. هەر بۆیە دەبێت (٣٨) وەک خۆی لە مێشکدا هەڵبگیرێت، بەڵام نموونەکانی (٣٧)، هیچکامیان وەک ئەوەی هێنراونەتەوە، وەک خۆیان هەڵنەگیراون. ئەمەش کردونی بە دەربڕاوی ئازادی بێ چوارچێوە. لە کاتێکدا (٣٨) دەربڕاوێکی بەستراوەی چوارچێوەدارە. چوارچێوەکەیشی ئەو شەش تایبەتێتییەیە، کە زانایان (نەنبێرگ و ئەوانیتر) بۆ ئیدیۆمیان دیاریکردبوو. هەرچەندە هەمیشەیش دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان لە کۆزانینە زمانییەکە و زانیارییە ڕێزمانی و واتاییەکەی ئاخێوەرانەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام هێشتایش لانیکەم هەندێک لایەنی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان بە یاسا گشتییەکانی سینتاکسی و سیمانتیکی و یاساکانی بەستنەوەیان، پێشبینییان ناکرێت، بۆ نموونە (بەخشینی سەر) لە (٣٨)دا، یاخود (ڕەنگاوڕەنگی دەست) لە (دەستڕەنگیندا). ئەم دەربڕاوە ئاڵۆزانە بەجۆرێکن، کە "جگە لە نادارشتەیی واتایان، بە چەسپاوی و قاڵبداریی فۆرمەکەیان لە یەکە زمانییەکانی تر جیادەکرێنەوە و بەوە دەناسرێنەوە، کە بە ئاسانی ملنادەن بۆ هەموو یاسا و ڕێسا سینتاکسییەکان". (حسەین، شیلان عومەر، ٢٠٠٩: ٨٧). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بیرە، با سەرنج لە نموونەکانی (٣٩) بدەین:

٣٩) ا- فیشەکێکی پێوەنا. (تێپەڕ)


ب- لەجێی خۆیدا کوشتی. (تێپەڕ)

پ- گیانی لەدەستدا. (تێپەڕ)

ت- هەناسەی لێبڕی. (تێپەڕ)
ج- ساردی کردەوە. (تێپەڕ)

نموونەکانی (٣٩- ا، ب، پ)، دەربڕاوی ئاساین و چوارچێوە ئازادن بۆ هەر گوزارشت و گۆڕین و دەربڕینێکی دیکە. بۆنموونە دەتوانرێت (٤٠) لە بری (٣٩- ا) بەکاربهێنرێت:
٤٠)- بە فیشەکێک گیانی دەرچوو. (تێنەپەڕ)

سەرەڕای بەکارهێنانی وەک شوێنگرەوە و تەنانەت بەخشینی زانیاری زیاتر لە (٣٩- ا)یش، هەروەها ڕێگە بە گۆڕان و ملدان بۆ یاسا سینتاکسی و ڕێزمانییەکانیشی تێدا ئاسانە، بەڵام هەرکام لە دەربڕاوە ئیدیۆمییەکانی (٣٩- ت، ج)، چوارچێوە دیاریکراو و نائازادن و ڕێگە بە گۆڕان نادەن. ئەوەیشی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە کرداری ناو ڕستەکانی (٣٩- ت، ج) لەڕووی هێزەوە تێپەڕن، لە کاتێکدا ئەو واتایەی، کە دەیگەیەنن (مردن)، تێنەپەڕە. ئەمەیش تایبەتێتیی نەبەستنەوەی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکانە بە یاسا گشتییەکانی سینتاکس و سیمانتیک و بەستنەوەی هەرکام لە دووانە پێکەوە. هەر بۆیە یاسا گشتییەکانی ڕێزمان، نەیانتوانی بەستنەوە لەنێوان کرداری ناو دەربڕاوە ئیدیۆمییەکە و کرداری واتای مەبەستدا بکەن. ڕوونکردنەوەی ڕێژە و ژمارەی نموونەکانی (٣٩) لە چارتی (٣)دا خراوەتەڕوو، کە تێیدا ئاماژە بە پێکانی واتای ورد و خاسیەتی تایبەتێتی واتایی ئیدیۆمەکانی (٣٩- ت، ج) کراوە، کە چۆن بەڕێژەیەکی بەرزتر و بە تایبەتێتی بونیادیی وردەوە توانیویانە واتای مەبەست بگەیەنن. بۆنموونە (٣٩- ا) تەنها بەشێکی واتای کەمی دیمەنەکەی گەیاندووە، کە ئاخێوەر تەنها وەکو ڕووداوێک گوزارشتی لێکردووە. لە کاتێکدا (٣٩- ب) کۆتایی ڕووداوەکەی گواستووەتەوە و ئەو بەشەی بونیادناوە، هەر بۆیە زانیارییەکی زیاتری لە (٣٩- ا) تێدایە. بۆیە زانیاریی زیاتریشە، چونکە ڕووداوی کوشتن، زیاترە لە (تەنها پێوەنانی فیشەکێک). ئەوەیشی لە (٣٩- پ) هێنراوەتەوە، زمانێکی فەرمییانەی گشتییە و دۆخ و باری نالەباری ڕووداوەکەی بە زمانێکی هێمن و گشتییانە پەسنکردووە، کە هەر ئاخێوەرێکی دیکە، لە هەر چوارچێوەیەکی دیکەدا و بەپێی خواست و ویستی خۆی، دەتوانێت هەمان گوزارشت بۆ پەسنکردنی بارودۆخێکی هاوشێوە، بەکاربهێنێتەوە. ئەمەش بەو واتایەی، کە (٣٩- پ)، دەربڕاوێکە، کە بۆ هەموو بارودۆخەکانی پێواژۆی (مردن) بەکاردەهێنرێت، کە ئەم بەکارهێنانەی وایلێکردووە، تایبەتێتیی گشتێتی بەسەریدا زاڵبێت، هەر بۆیە ڕێژەی گەیاندنی ڕووداو و دیمەنەکانی (٣٩- پ) لە(٣٩- ا) زیاترە و لە (٣٩- ب) کەمترە. ئەوەی لە (٣٩- ت، ج)دا دەبینرێت، بەهۆی گوزارشتە لایەنداری و کاریگەرییەکەیەوە، دەربڕاوێکی نیشانەکراوی کەسییانەیە، کە بارگاوییە بە (لادان لە باو، نەگۆڕی، وێناکردن، پەندئامێز، نافەرمی و کاریگەری)، هەربۆیە ڕێژەی گەیاندن و کاریگەرییەکەیان لە کۆی (١٠) نمرە، بە (٨ و ٩) دیاریکراون.




**چارتی (٣)**

**ڕێژەی بونیادنراو لە نموونەکانی (٣٩)دا**

گەیاندنی سەرجەمی واتاکانی (٣٧) بەهۆی (٣٨) و گەیاندنی سەرجەمی واتاکانی (٣٩– ا، ب، پ) بەهۆی (٣٩–ج)(چونکە لە (ساردکردنەوەدا، واتای کوشتن و کوشتن بە فیشەک دەدۆزرێتەوە)) و دیاریکردنی ڕێژەی (٩) نمرە بۆ (٣٩–ج)، بەهۆی خاسیەتی ئینسکلۆپیدیی ئیدیۆمەکەوە بووە. ئەم خاسیەتە تایبەتێتییەکی بەخشیوە بە ئیدیۆمەکان، کە هەمیشە بە دەربڕاوی تێکەڵاو لە واتادا دابنرێن. مەبەستیش لە واتای تێکەڵاو ئەوەیە، کە لە دەربڕاوە ئیدیۆمییەکاندا، بەشێک لە واتای مەبەست و بونیادنراو، تێکەڵی واتای وشەکانی ناو دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان دەکرێن. نموونەکانی (٤١) بۆ ڕوونکردنەوەی سەرنج و تایبەتێتی تێکەڵکردنی واتا لە بونیادە ئیدیۆمییەکاندا هێنراونەتەوە.

٤١) ا– ژنەکە خۆی سوتاند.

ب– ئاگری لە خۆی بەردا.

پ– بەهۆی ڕێژەی سوتاوییەکەیەوە گیانی لەدەستدا.

ت– دایکی جەرگی سوتا.

ج– کڵوکۆی دامرکایەوە.

چ– بوو بە قەرەبروت.

هەرکام لە نموونەکانی (٤١– ا، ب، پ)، دەربڕاوی ئاسایین و تێکەڵکردنی واتاییان تێدا ڕوونەداوە، بەڵام هەرکام لە (٤١– ت، ج، چ)، دەربڕاوی ئیدیۆمین. بۆنموونە مەبەستی ئاخێوەر لە (٤١– ت)دا، دروستکردنی هاوشێوەییە لە نێوان (سوتانی کەسێک) و (سوتانی جەرگی دایکی)دا. تێکەڵکردنی هەرکام لە واتا مەبەستدارەکانی ئاخێوەر بە دەربڕاوی (٤١– ت)دا، تایبەتێتییەکانی ئیدیۆمی بە (٤١– ت

بەخشیوە، هەروەها لە (٤١- ج)دا و بەهۆی زۆریی ڕێژەی سوتاوییەکەیەوە، تێکەڵکردنێکی واتایی لەنێوان (مردن) و (دامرکانەوە)دا دروستکراوە، کە ئەمەش مەبەست لەو دیمەنەی مردنی کەسێک و دامرکانەوەی کەسەکەیە لە هەر جوڵە و چالاکییەک لە دوای ڕووداوەکە.

هەروەها لە (٤١- چ)دا ڕێژەیەکی بەرزتری تێکەڵکردنەکە بە دەربڕاوێکی ئیدیۆماتیکی گەیەنراوە، بەوەی ڕێژەی (سوتان)ەکە، تا پلەیەکە، کە (کەسەکەی کردووە بە باروتێکی ڕەش). ئەگەر سەرنجیش بدرێت لە بەرزترین ڕێژەی سوتاویی هەر شتێکدا، پاشماوەیەکی ڕەش بەجێدەمێنێت، کە ئەم وێنە و دیمەنەی کۆتایی ڕووداوەکە تێکەڵ بە هەرکام لە (مردن، سوتان، نەمانی هیچ وزەیەک لە پاشماوەیەکی ڕەشدا، باروت و سوتاندن) کراوە، ئەمەیش تێکەڵکردنی واتایی ئیدیۆماتیکە بە واتای تاک بەتاکی وشەکان، کە لەو دەربڕاوە ئیدیۆمییەدا هاتوون. بەم شێوەیە (سوتان، دامرکانەوە، قەرەبروت) واتای ئاشکراکردنی (مردن) دەگەیەنن و بونیادنانی (مردن) تێکەڵ بە واتای ئەو یەکانەی دیکە کراون و پێکەوە واتای ئیدیۆمییان سازاندووە. کەواتە ئاخێوەران بەهۆی دەربڕاوێکی ئیدیۆمییەوە، واتای مەبەست تێکەڵ بە واتایەکی دیکە دەکەن و بەهۆیشییەوە، زانیاریی مەبەستدار، زانیاریی نزیک لەو، یان واتای نیشانەکراو یاخود پلەی جیاواز و ڕێژەی دیاریکراوی مەبەستداری خۆیان دەگەیەنن، چونکە ڕێژەی (سوتاوی) لە (قەرەبروت)ی (٤١- چ)دا، بەرزتر و زیاترە لە (سوتان) و (دامرکانەوە)ی (٤١- ج)، هەردووکیشیان واتای ڕێژەیەکی بەرزتری (سوتان) لە تەواوی هاتووەکانی دیکەی (٤١)دا دەگەیەنن.

گەیاندنی ئەم واتایانەیش، کەوتووەتە سەر ڕادەی شارەزایی و بەکارهێنانی زمانی. بۆنموونە پێویست ناکات بپرسین، کە چۆن پەیوەندییەک لە نێوان (ئاگر، بن، کا)دا دروستبووە! ئەگەر هاتو شارەزاییمان دەربارەی هەرکام لەو سێ پێکهێنەرەی ئیدیۆمی: (دەڵێی ئاگری بن کایە)دا هەبێت، چونکە ئەم دروستبوونە بەهۆی ڕێکەوتنێکەوە سەریهەڵداوە، کە بەهۆیەوە واتای تایبەت بۆ بەشەکانی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکە(کاتێک، کە پێکەوە دێن) دیاریدەکات. کەواتە بە هۆی بونیادنانەوە دەتوانرێت هەمیشە پەیوەندی لە نێوان توخمە پێکهێنەرەکانی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان و واتای تێکەڵکراو و ئەو کردەیەی، کە جێبەجێیدەکەن، بدۆزینەوە. دۆزینەوەکەیش وەستاوەتەسەر شارەزایی و توانینمان لەبارەی دروستکردنی هاوتاییەک لە نێوان توخمە پێکهێنەرەکانی ئیدیۆمەکە و ئاماژەدانە ئیدیۆماتیکییەکەدا. بە واتای شارەزاییمان دەربارەی (خودی یەکەکان، سروشتی ئینسکلۆپیدیایی یەکەکان، تێکەڵکردنی واتاکانیان، بونیادنانیان). لەبەرئەوەی یەکەیەکی وەکو (ئاگر) لە دروستکردنی پەیوەندی و ئاماژەدان و هاوتایی دیکە و بونیادنانی جیاوازی دیکەدا بەکاردەهێنرێتەوە. هەرکام لە (ئاگری جگەر، ئاگری قوورەت، ئاگری بێ ئامان، ئاگرباران، ئاگری گرتووە بۆی، ئاگر لەماڵی خۆ بەردان، ئاگر و ئاسن، ئاو بە ئاگردا کردن...)، هاوتایی دیکە لە نێوان ئەم دەربڕاوە ئیدیۆمییانە و ئاماژەدانە ئیدیۆماتیکییەکانیاندا دروستدەکەن. هەربۆیە ئەگەر یەکەکانی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان بگۆڕرێن، ئەوا پەیوەندییە ئاماژەییەکەیش دەشێوێت. بۆنموونە ئەگەر (ئاو) لەبری (ئاگر)ی نموونەکانی سەرەوە بەکاربهێنرێت، ئەوا ناتوانرێت هاوتاییەکی هاوشێوە بەدەستبهێنرێتەوە. چونکە بونیادنان و خاسیەتی ئینسکلۆپیدی

ڕێگە بەو تێکەڵکردنەی نێوان (ئاو، بن، کا) نادات. ئەمەیش بەهۆی ئەوەی، کە هیچ ئاماژەدانێک بەهۆی ئەو دەربڕاوەوە بەدەستناهێنرێت. ئەمەیش ئەو ڕێکەوتنەیە، (کە بێگومان لەسەر بنەمای بونیادنان سازێنراوە، کە واتای تایبەت بۆ بەشەکان دیاریدەکات(کاتێک، کە پێکەوە دێن). سەرئەنجام تێکەڵکردنەکە سروشتێکی جێگیر و نەگۆڕ بە ئیدیۆمەکان دەبەخشێت، هەربۆیە ڕێگەش بە گۆڕانکاریی لە داڕشتە و دەربڕاوە ئیدیۆمییەکاندا نادرێت، لەبەرئەوەی پێشتر لەسەر بنەمای ئەو تێکەڵکردنە بونیادنراون. بەکارهێنانەوەیشیان دەبێت لەسەر هەمان بنەڕەتی بونیادنانیان بێت. ئەم تایبەتێتییەیش بەهۆی خاسیەت و سروشتی ئینسکلۆپیدیایی یەکەکان و خودی داڕشتە ئیدیۆمییەکانەوە بونیادنراوە.

گونجاویی لێکدانەوە ئیدیۆمییەکان تەنها و تەنها کاتێک دەبێت، کە لە ڕەهەندی بونیادییەوە لێکبدرێنەوە. ئەگەر نا، ناتوانرێت بەهۆی لێکدانەوە سینتاکسی و سیمانتیکییەکانەوە، واتای ئیدیۆماتیکی دەربڕاوەکانمان دەستبکەوێت. مەبەست لەمە ئەوەیە، کە پێویستە فۆڕمێکی دیاریکراو(کە لێرەدا مەبەست لە فۆڕمی ئیدیۆمەکانە)، بە هاوتایی لەگەڵ واتا/جیبەجێکردنی کردەیەکدا(کە لێرەدا مەبەست لە واتای ئیدیۆماتیکییە) جوتبکرێن، تاوەکو بتوانرێت واتای مەبەست و تایبەتیی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان سازبکرێن و وەکو خۆیان بونیادبنرێن. ئەمەیش بەو واتایە دێت، کە واتای ئیدیۆمی دەربڕاوە تێکەڵکراوەکان، ناتوانرێت بەهۆی یاسا گشتییەکانی لێکدانەوەی واتای وشەکان و داڕشتە سینتاکسییەکانەوە بەدەستبهێنرێت. کە دەوترێت یاسا گشتییەکانی لێکدانەوەی واتا، مەبەست لە واتای ئینسکلۆپیدیایی و بەکارهێنانە ئینسکلۆپیدییەکانی وشەکانە لە دەربڕاوە ئیدیۆمییەکاندا. بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە ئیدیۆمەکان ئەو دەربڕاوانەی زمانن، کە ئاخێوەر بۆ بونیادنانیان پێویستی بە کۆزانیاریی زمانی و پێکەوە کارکردنی سەرجەمی کۆزانیارییەکەیە پێکەوە، چونکە سەرەڕای تایبەتێتییە ڕێزمانی و سیمانتیکییەکانی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان، ئەوا لە بەکارهێنانیادا، پێویستیان بە چالاککردنی سەرجەمی کۆزانیاریی زمانی، لە فۆنۆلۆژییەوە تاوەکو واتای ئینسکلۆپیدیایی یەکەکان هەیە. ئەم تایبەتێتییەی ئیدیۆمەکانە وایان لێدەکات، لە بارودۆخێکی نازانیاریدا(نازانیاری، بە واتای نەبوونی دەوروبەرێکی بێ زانیاری بۆ کەسێک)، هێشتایش خاوەنی واتا و تێگەیشتنی خۆیان بن. بەو واتایەی، کە کەسێکی ئاخێوەری ڕەسەنی زمانەکە، دەتوانێت لە هەر دەوروبەرێکی (پڕ زانیاری، بێ زانیاری)دا، هەستی هەر ئیدیۆمێک وەربگرێت، کە بەکاردەهێنرێت. بۆنموونە ئەگەر کەسێک ئاگاداری بارودۆخێکی دیاریکراوی ئاخاوتنیش نەبێت(کە ئەم بارودۆخە وەک دەوروبەرێکی نازانیاری بۆ کەسەکە هەژماردەکرێت)، هێشتایش دەتوانێت لە واتای دەربڕاوە ئیدیۆمییەکانی بەکارهێنراو لە بارودۆخەکەدا تێبگات. بۆ نموونە ئەگەر گوێگرێک، تەنها ئیدیۆمی (شەڕواڵپیس) ببیستێت، دەتوانێت واتا و هەستی ئیدیۆمەکە وەربگرێت و هیچیش لە واتای پڕاوپڕی ئیدیۆمەکە کەمنەبێتەوە. بەڵام ئەگەر لە هەمان بارودۆخدا دەربڕاوەکانی (٤٢) ببیستێت، هێشتایش بۆ ئەو جێگای پرسیار و بەدواداچوونی دیکەیە:

٤٢) ا- کاری بێڕەوشتی کردووە.

ب- بێئەخلاقە.

پ- دەستدرێژی کردووەتە سەری/ گێچەڵی پێکردووە.

هەرچەندە دەربڕاوەکانی (٤٢) خاوەنی واتای تایبەت و دیاریکراوی خۆشیان بن، بەڵام گەیشتنی هەمان مەبەست و هەستی دیاریکراو، لە دەوروبەرێکی نازانیاریدا بۆ ئەم دەربراوانە، تەواو و پڕاوپڕ نابێت، چونکە دەشێت (بێ ڕەوشتی، بێئەخلاقی، دەستدرێژی/ تەعەدا)، لە هەر دەوروبەرێکی دیکەی زانیاری و بێ زانیاریدا بەکاربهێنرێن و هەرجارە و مەبەستیش لە شتێکی دیکە بێت، جگە لەو مەبەستەی، کە (شەڕواڵپیس) بە تەواوەتی دەیگەیەنێت. بۆنموونە دەشێت لە (بێ ڕەوشتی)دا مەبەست لە کردەی (بێڕێزیکردن و لەبەرچاونەگرتنی کلتورێکی ڕێزگرتنی تایبەت بێت)، یاخود لە (بێئەخلاقی)دا، مەبەست لە (درۆ، دزیکردن و گەندەڵی و ...هتد) بێت. هەروەک لە (دەستدرێژی/تەعەدا)دا، مەبەست لە (لێدان و هەڵکوتانەسەر) بێت. کە بۆ هەڵهێنجانی ئەم هەموو مەبەستە جیاواز و هەمەجۆرانە، گوێگر پێویستی بە دەوروبەری زانیاریدار هەیە، تاوەکو تێیانبگات. بەڵام تەنها بە دەربڕینی (شەڕواڵپیس) سەرجەمی دەوروبەرەکە بە پڕ زانیارییەوە دەگەیەنێت و تەواوی هەستی ئیدیۆمەکەیش دەگاتە لای گوێگر، ئەگەرچی دەوروبەرەکەیش بۆ ئەو بێ زانیاری بێت. بۆیە پێویستی بە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی دیکە نابێت لەسەر دەربڕاوە ئیدیۆمییەکە. تەنانەت هیچ ئاخێوەرێکی کوردیش خەیاڵی بەلای ئەوەدا ناچێت، ئەگەر کەسی پەسنکراو بە (شەڕواڵپیس)، هەرگیز (شەڕواڵ)یشی نەپۆشیبێت، یاخود هیچ (پیسییەک) بە جلوبەرگەکانییەوە نەبێت و دەشێت هەمیشە جلێکی ناکوردییانەیشی پۆشیبێت. هەموو ئەم هەستانە لەگەڵ دەربڕاوی (شەڕواڵپیس)دا، دەگەن بە گوێگر. ئەگەر لە هەر دەوروبەرێکی زانیاری و بێ زانیاریدا گوێی لە دەربڕاوەکە بێت. هەر بۆیە زانایان (Nattinger J., and DeCarrico J., 1992: 36) ئیدیۆمەکان بە "فرێزی فەرهەنگی، کە چوارچێوەیەکی گشتییان هەیە" دادەنێن. هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئیدیۆمەکان ڕێژەی جوتکردنە فۆرم-واتاییەکانیان لە تەواوی دەربڕینەکانی دیکە بەرزترە و بەڕوونی بونیادنان دەنوێنن. هەر بۆیە ئەگەر گوێگر لە کاتی بیستنی نموونەکانی (٤٢)دا، پێویستی بە پرسیار و چوارچێوەی زانیاری هەبێت، ئەوا لە کاتی بیستنی (شەڕواڵپیس)دا، هیچکام لەمانەی ناوێت. ئەمەیش وایان لێدەکات، کە بوترێت ئەو کاریگەرییەی، کە ئیدیۆمەکان دروستیدەکەن، زۆر بەهێزترە لەوەی، کە دەربڕاوە ئاساییەکانی دیکە بۆ بارودۆخەکان دەیگەیەنن. هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان ڕاستەوخۆ بە یەک نوێنەرایەتیکردنی واتادارەوە پەیوەستن و دەیگەیەنن. هەر بۆیە دەربڕاوێکی ئیدیۆمی بۆخۆی بە تەنها و بێ چوارچێوەی هیچ زانیارییەکیش، یاخود لە بەکارهێنانی تاکیشدا و بێ هیچ دەوروبەرێک، دەتوانێت نوێنەرایەتی ڕووبەرێکی وێناکراو بکات و لۆژیکی ڕووبەرێکی بەکارهێنان بڕەخسێنێت. بەو واتایەی، کە بەهۆی سروشتی ئینسکلۆپیدیایی ئیدیۆمەکانەوە لە ڕێزمانی بونیادناندا، دەتوانن بە تەنها بونیادنانێک بسازێنن. لە کاتێکدا دەربڕاوە ئاساییەکانی دیکە تەنها لەناو واقیعێکی وێناکراو(مەودا/ڕووبەرێکی وێنایی)دا، دەتوانن نوێنەرایەتی یەک بونیاد بکەن. تەنانەت لە دەرەوەی ئەو ڕووبەر/ مەودا زانیارییەی، کە تێیدا بەکاردەهێنرێن، ناتوانن بونیادێک بگەیەنن. بەو واتایەی، کە (شەڕواڵپیس) بۆخۆی بەتەنها دەتوانێت ڕووبەرێک لە واقیعێکی وێناکراو

بگەیەنێت/بنوێنێت. لە هەمان کاتیشدا ببێت بە شوێنگرەوەی تەواوی ئەو دەربڕاو و گوزارشتانەی دیکە، کە دەربڕاوی ئاساین و بۆ گوزارشتکردن لە بارودۆخەکە، گونجاو و لەبارن. بەم پێیە دەتوانرێت ئیدیۆمی (شەڕوالْپیس) لە بری هەرکام لە دەربڕاوەکانی (٤٢) بەکاربهێنرێت و بۆخۆیشی ببێت، بە شوێنگرەوەی دەربڕاوەکانی دیکەیش. لە کاتێکدا دەربڕاوەکانی (٤٢) ناتوانن ئەو ڕووبەرە وێناکراوەی، کە (شەڕوالْپیس) دەتوانێت هەم دروستیبکات و هەمیش نوێنەرایەتی بکات، بگەیەنن. کەواتە دەربڕاوە ئاساییەکان، بۆخۆیان بونیادێکن، نوێنەرایەتیی یەک بونیاد دەکەن. تەنها لەو ڕووبەرەشدا سروشتی بونیادیی خۆیان دەنوێنن، بەڵام دەربڕاوە ئاڵۆزەکانی لە چەشنی مۆرفۆسینتاکس و ئیدیۆم(هەر یەکەیان بە سروشت و تایبەتێتیی بونیادیی خۆیانەوە)، دەتوانن بونیادێک بن، بۆ چەندین بونیادی دیکە. هەمیشەیش دەتوانن ئەم سروشتەیان لە زماندا پراکتیزە بکەن. ئەمەیش بەهۆی جێگیری و چەسپاوی داڕشتەکانیانەوە. "ئیدیۆمەکانی بونیادنان بریتین لە وێنای مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی، کە شوێنەکانیان لە ڕووی فەرهەنگییەوە جێگیر و چەسپاون. لە کاتێکدا شوێنەکانی دیکە، جێکەوتەی کراوەن و لەڕێی گۆڕاوەکانەوە دەنوێنرێن". (Boiij لە Alfaro, A. F, و هاوکارانی، ٢٠١٢: ١١٠)، بەڵام کاتێک دەربڕاوەکانی دیکە پۆلکراوەبن، ئەوا لە هەر بونیادێکدا، ڕێگە بە گۆڕانکاری لە داڕشتەکانیاندا دەدرێت، بەڵام لەم ڕووەوە ئیدیۆمەکان بە پۆلی داخراو دادەنرێن و هەمیشەیش دەتوانن لەبری چەند داڕشتەیەکی پۆلکراوەکان بەکاربهێنرێن. تەنانەت بەهۆی ئەو جێگیری و داخراوییەیانەوە، ناسینەوە و خوێندنەوەیشیان بۆ ئاخێوەران، خێراتر و ئاسانترە. "تاقیکردنەوەکانی زانستی زمانی دەروونی ئاشکرایدەکەن، کە دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان لەلایەن ئاخێوەرانی ڕەسەنی زمانەکەوە، خێراتر لە دەربڕاوە نائیدیۆمییەکان دەخوێنرێنەوە". ( Taylor J. R., and Littelmore J., 2014: 187). هەر بەم هۆیەوە بونیادنانیشیان دیارتر و تێگەیشتنیان لە چاو دەربڕاوە پۆلکراوەکاندا، وردتر و نیشانەکراوتر دەبێت. هۆکاری سەرجەمی ئەمانەش ئەوەیە، کە ئیدیۆمەکان بەتەواوەتی سروشتی بونیادی لە زماندا جێبەجێدەکەن. بەوەی، کە فۆڕمێکی دیاریکراو بە واتایەکی دیاریکراوەوە پەیوەستن، تا ڕادەی ئەوەی، کە لە هەر بارودۆخێکدا بەکاربهێنرێن، واتای تەواوەتی خۆیان بەدەستەوە دەدەن. بۆ نموونە ئیدیۆمی (تا دۆزیمەوە خوێنم بوو بە ئاو)، فۆڕمێکی دیاریکراو و جێگیر و چەسپاوە، واتایەکی دیاریکراو و جێگیر و چەسپاویشی هەیە. ئاخێوەریش لە کاتێکدا، کە مەبەستی بێت ڕێژەیەکی بەرز لە ماندوبوون بە بەرانبەر بگەیەنێت، ئەم دەربڕاوە ئیدیۆمییە بەکاردەهێنێت. کاتێک دەوترێت (بە مەبەستی گەیاندنی ڕێژەیەکی بەرزی ماندوبوون)، ئەوا مەبەستمان لە هاوتاکردنی ئەو بارودۆخ/ کردەیەیە، کە لە ڕاستیدا ڕوویداوە و ئاخێوەر دەیەوێت لەگەڵ فۆڕمێکدا جوتیبکات، کە دەیزانێت و پێیوایە باشترین فۆڕمە بۆ گەیاندنی ئەو واتایەی، کە مەبەستییەتی. بەمەیش کرۆکی ڕێزمانی بونیادنان لە دەربڕینی ئیدیۆمی (ئاوی پێم داهات، خوێنم بوو بە ئاو)دا، بە ڕوونی هەستپێدەکرێت. هەروەک چۆن دەکرێت دەربارەی هەمان بارودۆخ، دەربڕینی دیکە و بونیادی دیکە (بەپێی مەبەست و لێزانین و شارەزایی ئاخێوەر بۆ هەمان بارودۆخ) دەرببڕرێت. بەم شێوەیە گوزارشتکردن لە دۆخێکی لەم جۆرە دەکرێت بە چەندین داڕشتەی پۆلکراوی دیکە بگەیەنرێت، کە لە نموونەکانی (٤٣)دا خراونەتەڕوو. بەڵام گوێگران دەتوانن هەمیشە یەکەیەکی

دیکە لە داڕشتە پۆلکراوەکاندا بەکاربهێنن. هەر بۆیە لە ناسینەوە و جوتکردنیاندا بە واتا دیاریکراوەکەوە، کاتی زیاتر و خایاندنێکی زۆرتر دەخوازن، بە بەراورد بە داڕشتە پۆلداخراوەکانی وەک ئیدیۆم.

٤٣) ا- زۆر گەڕام، تا دۆزیمەوە.

ب- ئەوەندە گەڕام، ماندوبووم.

پ- ماڵتان لە شوێنێکی چەپەکدایە.

لەکاتێکدا هیچکام لە نموونەکانی (٤٣) نایشتوانن بگەنە پلەی دیاریکراو و ڕێژەی بەرز و نیشانەکراوی مەبەستداری ئیدیۆمی (ئاوی پێم داهات). بەم شێوەیە ئیدیۆمەکان هەمیشە کار و تایبەتێتیی خۆیان لە دوو ڕوانگەوە دەنوێنن: ١- لە لایەکەوە داڕشتەیەکی سەربەخۆن و سروشتی سینتاکسییانەی تایبەتی خۆیان هەیە، ٢- لە لایەکی دیکەوە پەیوەستن بە واتایەکی دیاریکراوی باوی ئاشناوە. بەم شێوەیە لە ئیدیۆمەکاندا هەندێک لایەنی ئاسایی سینتاکسی لەگەڵ دەربڕاوە ئامادەکاندا تێکەڵ و هاوبەشی پێدەکرێت، کە لە کۆتایدا بونیادێکی تایبەت دەنوێنن. بونیادی بوونی ئیدیۆمەکان هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە دەربڕاوە هاوشێوەکانی ئیدیۆمێک(وەک ئەوانەی لە (٤٢)دا بۆ ئیدیۆمی (ئاوی پێم داهات)دا هێنرانەوە) ، نابن بە بونیادێکی سەربەخۆ. لەبری ئەم بیرە، ڕێزمانی بونیادنان هەموو دەربڕاوەکان بە بونیادێکی سەربەست و سەربەخۆی بارودۆخێکی دیاریکراوی بەکارهێنان دادەنێت، بەڵام لەبری ئەوەی ڕێزمانی زمانێک هەزاران بونیادی سەربەخۆی هەبێت و هەرکامیان پێواژۆ و داڕشتەی جیا لەیەک و پێکهاتە و ئاستی سەربەخۆ بنوێنن، ئەوا لە ڕێگەی پلەبەندیی میراتییەوە، هەرکام لە بونیادەکان پەیوەندییان پێکەوە دەبێت، کە بەهۆی ئەم پلەبەندییەوە، بونیادێک دەتوانێت لایەنەکانی فۆرم-واتای(بە واتای جوتکراو) لە بونیادی دیکەوە وەربگرێت یان بە میرات لەخۆیدا بینوێنێت. هەروەک چۆن ئیدیۆمی (ئەڵقە لەگوێ)، وەک بونیادنانێک دەتوانێت لایەنەکانی فۆرم-واتا بە میراتی بۆ چەندین بونیادی دیکەی وەک ئەوانەی لە (٤٤)دا هاتوون، جێبهێڵێت:

٤٤) ا- خزمەتکار.

ب- جاسوس.

پ- کۆیلە و بێدەسەڵات.


ت- هەرچۆنێک بیانەوێت بەکاریدەهێنن.

ج- شاهین خاوەنی قسە و بیرکردنەوەی خۆی نییە.

چ- مێردەکەم هەر مناڵی ماڵی دایکییەتی.

هەرکام لە نموونەکانی (٤٤) بەشێک لە بونیادی (ئەڵقە لەگوێ) دەگەیەنن. ئەمانیش بۆخۆیان بونیادی دیکەی بارێکی دیکەی بەکارهێنان دەنوێنن، بەڵام ئیدیۆمەکە بەشێک لە واتای بونیادیی خۆی بە میرات بە هەرکام لە نموونەکانی (٤٤) بەخشیوە. بۆنموونە (٤٤- ا)، سەرەڕای وەرگرتنی بەشە میراتێک لە (ئەڵقە لەگوێ) و گەیاندنی واتایەکی نزیکی ڕێژەیی ئیدیۆمەکە، واتای دیکە و بونیادی دیکەی لە چەشنی

(کەسێکی خزمەتکار بۆ ماڵێک، وەک بەنگلادیشی و نیپاڵی..، کە لە ماڵەکاندا کاردەکەن) بگەیەنێت. لە کاتێکدا (٤٤- ب) ڕوویەکی دیکە(بەشە میراتێکی دیکە)ی (ئەڵقە لەگوێ) دەنوێنێت، کە ئەویش پەیوەستدەبێت بە (شەڕ دروستکردن و ئاژاوە نانەوە و فیتنەییەوە). هەروەک چۆن (٤٤- پ، ت)یش بۆ هەندێک مرۆڤی دیکە لە چوارچێوەی بابەتی سیاسی و پیلانگێڕیدا لەلایەن ئاخێوەرانی کوردەوە بەکاردەهێنرێت. بە هەمان شێوە (٤٤- ج)، بەشە میراتێکی دیکەی (ئەڵقە لەگوێ)ی بەرکەوتووە، کە دەشێت بەرانبەر ئەو مرۆڤانە بەکاربهێنرێت، کە بێئاگا و ناشارەزان بەرانبەر بەو هەڵوێست و ڕەفتارانەی، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، یان ڕەنگە نەخۆشی مێشکی و دەروونییان هەبێت. ئیدیۆمەکە بە بونیادنانێکی دیکەوە لە (٤٤- چ)دا بەکارهێنراوە، کە زیاتر مەبەستی لە دەربڕینی نارەزایەتییە بەرانبەر بە کەسێکی لایەندار بۆ ماڵ و خێزانێکی دیکە. نواندنی ڕێژەگەرایی بەشە میراتی ئیدیۆمی (ئەڵقە لەگوێ) بۆ نموونەکانی (٤٤) لە چارتی (٤)دا خراوەتەڕوو.




**چارتی (٤)**

**ڕێژەی واتای وەرگیراو لە ئیدیۆمی (ئەڵقە لەگوێ) بۆ نموونەکانی (٤٤)**

هەر ئەم خاسیەتانەشە وایانکردووە، کە ڕێزمانی بونیادنان، ڕێزمان وەک بزوێنەرێکی بەردەوام داهێنەر و لەخۆگری سەرجەمی دارشتەکان دەربخات. لەبەرئەوەی بونیادێک دەتوانێت پاڵنەربێت بۆ چەندین بونیادی دیکە. وەک ئەوەی لە کەیسی ئیدیۆمەکاندا خرایەڕوو. ئەمەیش پێویستیبوونی سیستەمێکی پۆلێنکردنی جیاواز لەناو ڕێزماندا بۆ بونیادنانەکان بەهەند وەرناگرێت. وەک چۆن بونیادی نموونەی (٣٩)، دوو جۆر سیستمی ڕێزمانیی جیاواز(جیاواز بەپێی لێکدانەوە باوەکانی ڕێزمان) بۆ یەک بونیاد دادەنا.

لە ڕوانگەی شیکردنەوەکانی ڕێزمانی بونیادنانەوە بۆ لایەنە پەنهانی و شاراوەکانی هەرکام لە دەربڕاوە ئاڵۆزەکانی وەک مۆرفۆسینتاکس و ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، ئەوە دەخرێتەڕوو، کە هەرکام لەم دارشتانە، خاوەنی بونیادی تایبەت و قاڵبی سازێنراوی دیاریکراوی خۆیانن. بۆئەوەی لەم ڕەهەندە شاراوانەی هەرکام لەم دوو چەشنەی دەربڕاوە ئاڵۆزەکان تێبگەین، ڕێزمانی بونیادنان جوتکردنە فۆرم-واتاییەکان بەهەند وەردەگرێت و لەو ڕوانگەیەوە دەتوانرێت پەی بە پەنهانی و لایەنە شاراوەکانیان ببرێت، ئەگەر نا، هەرکام لەم دەربڕاوانە، بە لێکەوتە و دارشتەی بونیاد و دارشتەی دیکە لێکدەدرێنەوە. لە کاتێکدا و بەهۆی ڕوونکردنەوەکانی ڕێزمانی بونیادنانەوە، ئەوە خرایەڕوو، کە هەر دەربڕاوێکی ئاڵۆزی لە چەشنی مۆرفۆسینتاکس و ئیدیۆم، خاوەنی لێکدانەوەی تایبەتی و سروشتی بونیادی تایبەت بەخۆیانن. تەواو جیاوازن لە هەر بونیاد و دارشتەیەکی دیکەی زمانی و بنەمایی بەکارهێنانیشیان، جارێکی دیکە پاسادانی ئەم ڕاستییەی ڕێزمانی بونیادنان دەکاتەوە، کە ئەمانیش لە سەرچاوەی زانینی تایبەت و ئاگایی و کۆزانیاریی زمانییەوە بۆ بارودۆخە تایبەتەکان دادەڕێژرێن و ئاخێوەران مەبەست و نیازی تایبەتی لە بونیادنانیاندا دەچەسپێنێت.

# ئەنجامەكان

## ئەنجامەکان:

**لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، لە خوارەوە چەند خاڵێک وەک ئەنجامە دیارەکانی تێزەکە دەخرێنەڕوو:**

١- هەر دەبڕاوێکی زمانی، هاوتا/پەیکاڵ بە بوارێکی بەکارهێنان، ڕێگا بە ڕوودانی دەدرێت. کەواتە لەدەرەوەی بوارێکی درکپێکراوی بەکارهێنان، دەربڕاوە زمانییەکان، بۆ سەرچاوەیەکی درکپێکردنی لاواز یان هەڵە دەگەڕێنەوە. درێژەی ئەم ڕوانینە، دەمانگەیەنێت بەوەی، کە نەتوانرێت بەهۆی وشەی ناو دەربڕاوێکەوە، زانیاریی تەواومان دەستبکەوێت، یاخود تەنانەت پێشبینیی واتایشمان بۆ هەر ڕستەیەک هەبێت. بەمەیش، بونیادنانەکان بەها و ئەرک و واتا و کات و تایبەتێتی بە وشەکان دەبەخشن، نەک فەرهەنگ یان ڕێزمان.

٢- سەرجەمی دەربڕاو پێکەوە هێمایەک دەنوێنن، دەربڕاوەکە چ فۆنێمێک بێت(وەک ئەوەی لە قۆناغی زمانپژاندن، یاخود تەنانەت قۆناغەکانی دواتریشدا، کە فۆنێمێک وەک هێما و کۆدێک بەکاردەهێنرێت)، یاخود مۆرفێم و ڕستە و داڕشتە ئاڵۆزەکان و ئیدیۆم و دەقەکانیش بێت. ئەمەیش ئاماژەیە بۆ باوەڕی گشتێتی لە زماندا.

٣- لێکدانەوەکانی مرۆڤ بۆ دونیا، لە ئەزمونی بەجەستەکراوەوە هاتوون، پاشان هۆکار/بەشدارن لە پاراستنی پەیوەندییەکانی نێوان فۆڕم-واتا(پەیوەندییەکانی نێوان فۆڕم-واتا دروستدەکەن)، بۆیە شێلگیرانە شێوەپێدانە ڕێزمانییەکان بە بونیادنانەکان دەسازێنن. ئەمەش کرۆکی ڕێزمانی بونیادنانە و لە تەواوی پێواژۆ زمانییەکانیشدا ئەم ڕاستییە دەبینرێتەوە.

٤- فۆنێمێک، هێمایە بۆ خێزانێک لە دەنگە پەیوەندیدارەکان. منداڵان لە قۆناغەکانی سەرەتای ئەزمونە زمانییەکانیاندا، هەرجارە و بەرکەوتنیان بە یەکێک لە ئەندامەکانی ئەو خێزانە دەبێت. ئەمەش وادەکات، کە پێواژۆکانی فێربوونی فۆنێمەکانی زمان، لە جۆری فێربوونی بێسەرپەرشتانە بێت. هەمان ڕاستیش لە قۆناغەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا دەبینرێتەوە.

٥- لە پەیوەست بە فێربوونی زمانی دووەمەوە، منداڵانی قوتابخانە تایبەتەکان، لەبەرئەوەی پێواژۆی فێربوونی زمانی ئینگلیزییان بە شێوەی بێسەرپەرشتانەیە و لە بنەمایەکی بەکارهێنانی گشگیرەوە وەریانگرتوون، باشتر دەتوانن بونیادی دەنگ و ئاواز و بەکارهێنانەکانیشیان بکەنەوە، بە بەراورد بە منداڵانی قوتابخانە گشتییەکان، کە پێواژۆی فێربوونەکانیان سەرپەرشتانەیە و ئەمەش گرفتی لە قۆناغەکانی فێربوونیاندا دروستکردووە. هەمان ڕاستیش لە فێربوونی زمانی یەکەم(کوردی)یەکەیاندا دەبینرێتەوە و هاوکێشەکە پێچەوانە بووەتەوە.

٦- وشەکان لەسەر بنەمای بەکارهێنانیان، لە داڕشتەکاندا بونیاددەنرێن. کەواتە بونیادنان هاوتا بە هێماکان و یەکەکانیان، داڕشتە مۆرفۆلۆژییەکان پێکدەهێنێت، نەک بە تەنها مۆرفێم و وشەی ناو

دارِشتەکان و کاتیگۆرییە فەرهەنگییە جیاوازەکان و یاساکان. هەر بۆیە بونیادنان رِێگە بە (چاپچی، سەربەرز) دەدات و (کتێبچی، دەستبەرز) بلۆکدەکات، لەبری ئەمان (کتێبخانە، دەستدرێژ) بونیاددەنێت.

٧- هەر فۆرِمێکی تایبەت، پەیوەستە بە واتایەکی تایبەتەوە. فۆرِمێک، تەنها مۆڵەت و مەودا بۆ رِوودانی واتایەک دەرِەخسێنێت، هەر واتایەکیش، بە فۆرِمێکی تایبەت و دیاریکراو دەگەیەنرێت. سەرجەمی ئەمانەیش، لە هێمایەکی زمانیدا کۆدەکرێنەوە، ئیدی هێماکە، فۆنێم، وشە یان رِستە بێت، کە لە دواتردا دەبن بە بونیادنانێک.

٨- ئاخێوەر راستەوخۆ خەریکی نواندنی ئەو زانیارییانەیە، کە دەربارەی زمانەکەی دەیزانێت، هەر لە زانیاریی فۆنۆلۆژییانەی دەربرِاوەکانەوە، تاوەکو زانیارییە ئینسکلۆپیدییەکانی وەک مێتافۆر و مێتۆنیمی و مۆرفۆسینتاکس و ئیدیۆمەکان. سەرجەمی زانیارییەکانیش، لە ساتی بونیادنانیاندا ئاشکرادەبن. هەربۆیە ئاگایی دەربارەی بونیادنان، بە واتای زانیاریی تەواو دێت، دەربارەی سەرجەمی پێکهاتەی زمان.

٩- بونیادنان، هەڵبژاردنی یەک لێکدانەوەی واتایی دیاریکراوە، لەو پێواژۆ فراوانە درکپێکراوەی، کە ئینسکلۆپیدیا بۆ لێکدانەوە زمانییەکانی دەرِەخسێنێت. کەواتە بەهۆی بونیادنانەوە، ئێمە پێشبینی زیاترمان لە یەکە و هێما زمانییەکان دەبێت و ئەمانیش (یەکە و هێما زمانییەکان)، دەتوان بارتەقای پێشبینییەکانیشمان، بونیاد بسازێنن.

١٠- دارِشتەی دەربرِاوە مۆرفۆسینتاکسییەکان، لە دارِشتەی دەربرِاوە ئاساییەکانی دیکەی ئاخێوەران، جیاواز و سەربەخۆن. لەبەرئەوەی هەر دارِشتەیەک، ئاماژە بە بونیادنانێکی سەربەست و سەربەخۆ دەکات. کەواتە بۆ بەدەستهێنانی واتا و تێگەیشتنی بونیادی، هیچ بونیادێک بۆ بونیادێکی دیکە ناگەرِێتەوە، چونکە هەر بونیادنانێک ئاماژە بە جوتکردنێکی هاوتایی نێوان فۆرِم-واتا دەدات، دارِشتەیەکی مۆرفۆسینتاکسی ناتوانێت ئەو هاوتایی و هاوسەنگییە(نە لە رِووە فۆرِمییەکەوە، نە لە رِووە واتاییەکەوە و لە کۆتایشدا لەنێوان هەردووکیاندا) بهێڵێتەوە.

١١- ئیدیۆمەکان، شاوەچەی نموونە و بەڵگەکانن لەسەر رِێزمانی بونیادنان، چونکە هۆکاری یەکەم و سەرەتان لە بەیەک ئاست نواندنی کۆزانیاریی زمانی و نەهێشتنی جیاکردنەوەکان و بە ئاستکردنی نواندنە زمانییەکان، بەمەش دەبن بە باشترین نواندنی جوتکردنە فۆرِم-واتا/کردەییەکان لە یەک دارِشتە و بونیادی زمانیدا، کەواتە رِێگەی دروست بۆ نوێنەرایەتیکردنی زانیارییەکانی قسەکەران لەبارەی ئیدیۆمەکانەوە، بونیادنانە.

# لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان:

## ١) بە زمانی کوردی:

### ا- کتێب


- ئەمین، وریا عومەر.، (٢٠١١)، *پێتۆکەکانی زمانەوانی*، هەولێر.

- حاجی مارف، ئەورەحمان.، (١٩٩٢)، *ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی سێیەم(ئاوەڵناو)*، بەغداد.

- حاجی مارف، ئەورەحمان، (٢٠٠١)، *ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی (١-٥)، جێناو، ئاوەڵناو، ژمارە و ئاوەڵکردار، کردار، (کۆکردنەوە و لەچاپدانەوەیان لە یەک کتێبدا)*، سلێمانی.

- حسێن، شیلان عومەر.، (٢٠١٢)، *پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا*، سلێمانی.

- حسێن، شیلان عومەر.، (٢٠٠٩)، *ئیدیۆم، چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا*، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

- حسێن، شیلان عومەر، (٢٠٢١)، *زانستی زمانی کارەکی*، سلێمانی.

- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵا، (٢٠١٤)، *دەنگسازی*، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

- دزەیی، عەبدولواحید موشیر، (٢٠١٢)، *وشەسازی زمانی کوردی*، چاپی یەکەم، هەولێر.

- دزەیی، عەبدولواحید موشیر، (٢٠١٣)، *ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە*، هەولێر.

- سەعید، سازان زاهیر، (٢٠٢٠)، *نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا*، سلێمانی.

- سەعید، یوسف شەریف، (٢٠٠٩)، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی، هەولێر.

- شەریف، عەبدولوەهاب کانەبی، (٢٠٠٥)، *فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا*، سلێمانی.

- شوانی، ڕەفیق، (٢٠١١)، *وشەسازی زمانی کوردی (لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکییە)*، هەولێر.

- عەلی، جەلال مەحمود، (١٩٨٢)، *ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا*، چاپخانەی حسام، بەغداد.

- فەتاح، محەمەد مەعروف.، (٢٠١٠)، *لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان*، هەولێر.

- فەتاح، محەمەد مەعروف، (٢٠١١)، *زمانەوانی*، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- قادر، سەباح ڕەشید، (٢٠٠٩)، *هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB)لە زمانی کوردیدا*، چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر.

- قادر، کاروان عومەر، (٢٠٠٨)، *ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا*، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

- قادر، کاروان عومەر، (٢٠١٢)، *فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا*، سلێمانی.

- مەحویی، محەمەد.، (٢٠٠٩)، *فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی(فۆنەتیک)*، سلێمانی.

- مەحویی، محەمەد.، (٢٠٠٩)، *فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی(فۆنۆلۆژیی)*، سلێمانی.

- مەحویی، محەمەد، (٢٠٠٩)، *زانستی هێما، هێما، واتا و واتالێکدانەوە*، سلێمانی.
- مەحویی، محەمەد، (٢٠١٠)، *مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، مۆرفۆلۆژیی کوردیی*، (بەرگی یەکەم)، سلێمانی.
- مەحویی، محەمەد. قادر، کاروان عومەر، حسێن، شیلان عومەر، (٢٠١٠)، *دروستەی کردار(بنەما و دیاردە)*، سلێمانی.
- محێدین، بازیان یونس، (٢٠١٣)، *پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس*، هەولێر.
- محەمەد، بژوێن یەحیا، (٢٠٢١)، *نواندنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا*، سلێمانی.
- محەمەد، حاتەم ولیا، (٢٠١٩)، *مۆرفۆلۆجیی*، هەولێر.
- مەحمود، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢)، *پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا*، سلێمانی.
- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا، (٢٠٢٠)، *لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی*، سلێمانی.
- هەژار، (١٣٦٩)، *هەنبانە بۆرینە(فەرهەنگی کوردی-فارسی)*، تاران.
- وەیس، غازی فاتیح، (١٩٨٤)، فۆنەتیک، بەغداد.
- ویدۆوسن، د.، (٢٠٠٨)، *سەرەتایەک بۆ زمانەوانی*، وەرگێڕانی: فاروق، هۆشەنگ، دهۆک.

**ب- نامەی زانکۆیی:**

- ئەحمەد، نەرمین عومەر.، (٢٠١٠)، *بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم.، (٢٠١٩)، *نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا*، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- برزۆ، ئومێد بەرزان.، (٢٠١٠)، *مۆرفۆسینتاکس و دروستەکانی لە شێوەزاری خانەقیندا*، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- بۆمبا، ڕووناک مەحمود.، (٢٠٠١)، *کرداری ئیلزامی(ویست و ئارەزو) لە زمانی کوردیدا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- حمەحسین، شاهۆ ساڵح.، (٢٠٢٣)، *درکپێکردنی وێنای وێنەیی وشەی لێکدراو لە ڕێزمانی کوردیدا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- حەمید، هێرش کەریم.، (٢٠١٥)، *بەراوردێکی مۆرفۆفۆنێمی لە زمانی کوردی و فارسیدا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- خەلیل، ناهیدە ڕەحمان.، (٢٠١٣)، *زمانپژاندن و دیاردە سایکۆ_فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- سەعید، محەمەد مەجید.، (٢٠١٥)، *فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسێمبوون*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- عەبدولکەریم، بەهرە محەمەد.، (٢٠١٥)، *شرۆڤەی ئاریشە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا(دیسلکسیا لە فێربوونی زمانی دوهەمدا وەک نمونە)*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- عەبدولوەهاب، عەدنان عەبدوڵا.، (٢٠١٥)، *وەرگرتنی زمان لای منداڵ*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- عەبدوڵا، گۆنا عومەر.، (٢٠٢٣)، *تۆڕبەندی ڕێزمانی وشە لە زمانی کوردییدا*، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- عەلی، بەکر عومەر.، (١٩٩٢)، *بەستن و کرتاندن لە کوردیدا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

- عەول، محەمەد عومەر.، (٢٠٠١)، *دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی داڕشتن و ئەرکەوە لە کرمانجی خوارووودا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- غەریب، دڵشاد محەمەد.، (٢٠١٩)، *هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکوکدا*، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- غەریب، نالی ئەدهەم.، (٢٠١٦)، *درکپێکردنی مێتۆنیمی لە زمانی کوردیدا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- قادر، ئەبوبەکر عومەر.، (٢٠٠٣)، *بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا*، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- نەبی، ڕێبوار ئەحمەد.، (٢٠١٥)، *پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا*، نامەی ماستەر، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

- وەهاب، عومەر فەتحوڵا.، (٢٠١٥)، *پێواژۆکاری خۆکارییانەی زمانی کوردی*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.


**پ- گۆڤاری زانستی:**


- ئەمین، وریا عومەر.، (٢٠٠٢)، *لێکۆڵینەوەی مۆرفۆفۆنێمی*، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، ژمارە (٢٩ - ٣٠).

– ئیسماعیل، کارزان خدر.، حمد، شیروان حسێن.، (٢٠٢١)، *وەرگرتنی دەنگە کۆنسۆنانتەکان لای منداڵی کورد*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی (٨)، ژمارە (٤)، لاپەڕە: (١٠٧ – ١٤٢).

– حسەین، شیلان عومەر، (٢٠١٢)، *مۆرفۆسینتاکسی ئیدیەم لە زمانی کوردیدا*، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (**B**)، ژمارە: ٣٥، لا: ٧–٢٤.

– حسەین، شیلان عومەر، (٢٠١٧)، *لێکسیکۆ سیمانتیکی وشە لە ئەدەبی کوردیدا*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە: ١٣، کۆنفرانسی: کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بونیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی، لا: ٣٤٩–٣٧٤.

– خضر، هاوکار عومەر.، (٢٠١٩)، *یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکانی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردو*، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (٢)، ژمارە (٣)، لاپەڕە: (١٥٧ – ١٨٦).

– ڕەشید، سەلام ڕەحیم.، (٢٠١٩)، *نەخۆشییە زمانییەکان(ئاستی دەنگسازی بەنموونە)*، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی (٦)، ژمارە (١)، لاپەڕە: (١١٦ – ١٢٣).

– ساڵح، دڵشاد غالی و عەلی، پێشڕەو ساڵح.، (٢٠١٩)، *پرۆسە مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا*، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت بە پێنجەمین کۆنفرانسی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، لاپەڕە: (١٩٩–٢١٢).

– عەبدوڵا، مهاباد کامیل.، (٢٠١٧)، *کۆزانیاری زمانیی لە شیعرەکانی فەرەیدوون عەبدوولدا*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە (١٣)، لاپەڕە: (٦٠٣ – ٦٢٦).

– قادر، کاروان عومەر.، فەرەج، شاخەوان جەلال.، مەحمود، ئاڤێستا کەمال.، (٢٠١٧)، *پەیپێبردنی فۆنۆلۆژییانە لە ناسینەوەی وشەکانی زمانی کوردیدا*، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، بەرگی سێیەم، ژمارە (٤)، لاپەڕە: (٢٨٢ – ٣١٨).

– قادر، کاروان عومەر.، (٢٠١٢)، *سیستمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی*، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (**B**)، ژمارە (٣٤)، لاپەڕە: (٧٧ – ١١٢).

– قادر، کاروان عومەر.، (٢٠١٧)، *دارشتەی چەمک لە زمانی کوردیدا*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە (١٣)، لاپەڕە: (٤١٩ – ٤٥٢).

– قادر، کاروان عومەر.، (٢٠١٩)، *تەنینی وشەیی لە ڕێزمانی وشەییدا*، گۆڤاری زانکۆی جیهان، بەرگی (٣)، ژمارە (١)، لاپەڕە: (٣٠ – ٥٧).

– قادر، کاروان عومەر.، عەبدوڵا، گۆنا عومەر.، (٢٠٢١)، *درکپێکردنی بەجەستەکردن لە ڕێزماندا*، گۆڤاری زانکۆی جیهان، بەرگی (٥)، ژمارە (٢)، لاپەڕە: (٢٩ – ٤٥).

- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا و سەعید، سازان زاهیر، (٢٠١٩)، *پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسیی لەنێوان فەرهەنگ و سینتاکسدا*، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، بەرگی: ٢٣، ژمارە:٣، لا: ١٧٩–١٩٨.

- مێنبەری، سروە و حەیدەری، شەهێن.، (١٣٩٧)، *ئیدیۆم لە وەرگێڕاندا، سێ وەرگێڕانی فارسی (حەسار و سەگەکانی باوکم)*، پژوهشنامە ادبیات کردی، دەورەی چوارەم، ژمارە:٦، لا: ٩٣–١١٩.

**ت– وانەی خوێندن:**

- قادر، کاروان عومەر.، *وانەکانی خوێندنی زانستی زمانی درکپێکردن*، خوێندنی باڵا/دکتۆرا، (٢٠٢٠ – ٢٠٢١).

**٢– بە زمانی فارسی:**

**ا – کتێب:**

- خانلری، پرویز ناتل، (١٣٩٥)، تاریخ زبان فارسی، فرهنگ نشر نو، تهران، جلد سوم، صفحه ٣٨٤– ٤٠٠.

- مشکوة الدینی، مهدی، (١٣٩٦)، دستور زبان فارسی برپایه نظریه گشتاری، انتشارات دانشگاه فردوسی مشهد، چاپ پانزدهم، صفحه ١٨٩– ١٩٧.

**ب– نامەی زانکۆیی:**

- عبدالکریمی، سپیده.، (١٣٨٦)، بررسی فرایند فراگیری زبان در چهارچوپ شناختی، پایاننامه کارشناسی ارشد، دانشگاه تربیت مدرس، تهران.

**پ– گۆڤاری زانستی:**

- عبدالکریمی، سپیده و فلاح، سارا بابایی، (١٤٠٠)، *معانی طرح وارەای حروف اضافەء (برای) و (تا) در دستوری شدگی ثانویه آنها*، نشریه پژوهشهای زبانشناسی، سال سیزدهم، شماره اول، شماره ترتیبی ٢٤، ص ٦٥–٨٨.

**٣) بە زمانی ئینگلیزی:**

**ا– کتێب:**

- Aitchison J., (1999), *Linguistics*, UK.

- Audring, J., and Masini, F., (2013), *Construction Morphology: A Welcome*, Bologna Seminar on Construction Morphology, Italy.

- Barrett, M., (1999), The Development of Language, UK, London.

- Blevins J. P. and Blevins J., (2009), *Analogy in Grammar, Form and Acquisition*, Oxford University Press.

- Blum, R. V., (2005), *Cognitive Phonology in Construction Grammar, Analytic Tools for Students of English,* Mouton De Gruyter, Berlin, New York.

- Boas, H. C., (2003), *A Constructional Approach to Resultatives*, CSLI Publication, California.

- Boas H. B. and Sag I. A., (2012), *Sign-based Construction Grammar*, Chicago, US.

- Booij, G., (2005), *The Grammar of Word, An Introduction to Linguistic Morphology*, Oxford University Press.

- _______(2010), *Construction Morphology*. Oxford: Oxford University Press.

- Brown K. and Miller J., (1996), *Concise Encyclopedia of Syntactic Theories*, New York.

- Bybee, J. (2010), *Language, Usage and Cognition,* Cambridge University Press, New York. USA.

- ________(2001), *Phonology and Language Use*, Cambridge University Press, New York. USA.

- Coussé, E. & Andersson, P., and Olofsson, J., (2018), *Grammaticalization Meets Construction Grammar*, John Benjamins Publishing, Amsterdam, Netherland.

- Croft, W., (2001), *Radical Construction Grammar, Syntactic Theory in Typological Perspective*, Oxford University Press, New York.

- ______________ (2022), *Morphosyntax*, Constructions of the World's Languages, University of New Mexico.

- Croft W. and Cruse A., (2004), *Cognitive Linguistics*, Cambridge University Press.

- Dawkins R., (1989), *The Selfish Gene*, Oxford University Press, Oxford, US.

- Declerck, R., (2006), The Grammar of The English Tense System, Mouton De Gruyter, Berlin, New York.

- Dressler, W. U., Kastovsky, D., Pfeiffer, O., And Rainer, F., (2005), *Morphology and its demarcations*, John Benjamins Publishing Company, Amsterdam/Philadelphia.

- Evans, V. and Green M. (2006), *Cognitive Linguistics, An Introduction*, Edinburgh University Press, Great Britain.

- Fried, M. and Östman J.,(2004), *Construction Grammar in a Cross-language Perspective*, John Benjamins Publishing Company, Amsterdam, Philadelphia.

- Geeraerts, D. and Cuyckens, H., (2007), *The Oxford Handbook of Cognitive Linguistics*, Oxford, Oxford University Press.

- Goldberg A., (1995), *A Construction Grammar Approach to Argument Structure*, University of Chicago Press, Chicago.

- Hamawand, Z., (2011), *Morphology in English, Word Formation in Cognitive Grammar*, Continuum International Publishing Group, London & New York.

- _________, (2006), *Constructions at Work, The nature of Generalization in Language*, Oxford University Press, US.

- _____________ (2008), *Morpho-Lexical Alternation in Noun Formation*, New York.

- Heine, B., and Narrog, H., (2010), *The Oxford Handbook of Linguistic Analysis*, Oxford University Press, New York.

- Hilpert, M., (2014), *Construction Grammar and It's Application to English*, Edinburgh University Press, Great Britain.

- Hoffman T. and Trousdale G., (2013), *The Oxford Handbook of Construction Grammar*, Oxford University Press, US.

- Horn L., R. and Ward G., (2004), *The Handbook of Pragmatics*, Blackwell Publishing, USA.

- Hudson, R., (2010), *An Introduction to Word Grammar*, Cambridge University Press.

- Jurafsky, D., (1993), *A Cognitive Model of Sentence Interpretation: The Construction Grammar Approach*, International Computer Science Institute University of California, USA.

- Kiss T., and Alexiadou A., (2015), Syntax-Theory and Analysis, An International Handbook, Volume 2, De Gruyter Mouton, Berlin.

- Lakoff, G., (1987), *Women, Fire and Dangerous Things, (what categories reveal about the mind)*, the University of Chicago Press, Chicago.

- Langacker, R. (1987), *Foundations of Cognitive Grammar*, Vol 1, Theoretical Prerequisites, Oxford University Press, US.

- ______________ (1991), *Foundations of Cognitive Grammar*, Vol 2, Descriptive Application, Oxford University Press, US.

- _______________(1991), *Concept, Image and Symbol*, Mouton De Gruyter, Berlin, New York.

- ______________ (2008), *Cognitive Grammar, A basic Introduction*, Oxford University Press, US.

- ______________ (2013), *Essential of Cognitive Grammar*, Oxford University Press, US.

- Liashchova L., (2018), *The Explicit and The Implicit in Language and Speech*, Cambridge Scholar Publishing, UK.

- Lieber, R., and Štekauer, P., (2009), *The Oxford Handbook of Compounding*, Oxford University Press.

- Markman K. D., Kein W. M. P. and Suhr J. A., (2008), Handbook of Imagination and Mental Simulation, New York.

- Michaelis L. A., (2006), *Construction Grammar*, University of Colorado, USA.

- Montermini, F., Boyé, G., & Harbout, N., (2007), *Morphology in Toulouse*, Selected Proceedings of the 5th Décembrettes., Somerville: Cascadilla Press.

- Moerdijk, F., Van Santen, A., & Tempelaars, R., (2007), *Leven met woorden*, Leiden: Instituut voor Nederlandse Lexicologie.

- Nattinger, J. R. and DeCarrico J. S., (1992), Lexical Phrases and Language teaching, Oxfrod, Oxford University Press.

- Nesset, T., (2008), *Abstract Phonology in Concrete Model, Cognitive Linguistics and the Morphology-Phonology Interface*, Mouton De Gruyter, Berlin, New York.

- Östman J. and Fried M., (2005), *Construction Grammars, Cognitive Grounding and Theoretical Extensions*, John Benjamin Publishing Company, Amsterdam, Philadelphia.

- Perlmutter, D. M., (1983), Studies in Relational Grammar, The University of Chicago Press, Chicago.

- Radden, G. and Dirven, R., (2007), *Cognitive English Grammar, Cognitive Linguistics in Practice*, John Benjamin Publishing Company, Amsterdam, Netherlands.

- Rochelle Lieber & Pavol Stekauer (eds.), *The Oxford Handbook of Compounding* (pp. 201-216). Oxford: Oxford University Press.

- Rudzka-Ostyn, B., (1988), *Topics in Cognitive Linguistics*, John Benjamins Publishing Company, Amsterdam, Netherlands.

- Scalise, S., and Vogel, I., (2010), *Cross-Disciplinary Issues in Compounding*, John Benjamins Publishing Company, Amsterdam.

- Taylor, J.R., (2002), *Cognitive Grammar*, Oxford University Press, New York.

- Taylor, J. R. and Littlemore, J., (2014), *The Bloomsbury Companion to Cognitive Linguistics*, London.

- Tomasello M., (2003), *Constructing a Language, A Usage-based Theory of Language Acquisition*, Harvard University Press, England.

- Ungerer F. and Schmid H. J., (2006), *An Introduction to Cognitive Linguistics*, Second Edition, Great Britain.

- Vietri, S., (2014), Idiomatic Construction in Italian (A Lexicon Grammar Approach), Jhon Benjamins Publishing Company, Amsterdam.

- Winters, M. E. and Nathan, G. S., (2020), *Cognitive Linguistics for Linguists*, Springer, USA.

ب- نامەی زانکۆیی:


- Appah, C. K. I., (2013), *Construction Morphology: Issues in Akan Complex Nominal Morphology*, Lancaster University, England.

- Fatah, A. H., (2012), *A Cognitive Grammar Analysis of Suffixes in English and Kurdish*, University of Suleimani, Suleimani.

- Goldberg, A. (1992), *Argument Structure Construction*, Doctoral Dissertation, University of California at Berkeley.

- Hinnell J. A. J., (2012), *A Construction Analysis of (B Done X) in Canadian English*, Simon Fraser University, Canada.

- Hussein, R. Q., (2013), *A Cognitive Grammar Approach to Quantifiers in English*, University of Suleimani.

- Marsden, S., (2013), *Phonological Variation and the Construction of Regional Identities in New Zealand English,* Victoria University of Wellington.

- Occhino, C., (2016), *A Cognitive Approach to Phonology: Evidence from Sign Languages,* University of New Mexico.

- Sabrina T., (2015), *A Construction Grammar Approach to The Analysis of Translation Shifts: A Corpus-Based Study*, Rheinisch-Westfälischen Technischen Hochschule Aachen, Germany.


پ- گۆڤاری زانستی:


- Barsalou L. W., (1992), *Perceptual Symbol System*, Journal of Behavioral and Brain Sciences, Vol (22), Page: 577 – 660.

- Bergen B. K., Chang N. and Narayan Sh., (2004), *Simulated Action in an Embodied Construction Grammar*. Cognitive Science Society, Vol (26), Page:108 – 113

- Booij, G., (2002), *Constructional idioms, morphology and the Dutch lexicon*. Journal of Germanic Linguistics 14 (4), 301-329.

- _________(2010), *Construction Morphology,* Journal of: Language and Linguistic Compass, Vol (4), Issue (7), Page: 543 – 555.

- Browman, C. P. and Goldstein, L., (1989), *Articulator Gestures of Phonological Units,* Journal of Phonology, Vol (6), No (2), Page: 201 – 251.

- Cappelle, B. and Depraetere, I., (2016), *Modal Meaning in Construction Grammar*, Journal of Constructions and Frames, Vol (8), Issue (1), Page: 1–6.

- Eckert, P., (2010), *Affect, Sound Symbolism and Variation*, University of Pennsylvania Working on Papers in Linguistics, Language and Communication, Vol (15), Issue (2), Page: 70 – 80.

- Fillmore, Ch. J., (1988), *The Mechanisms of Construction Grammar*, Proceeding of The Fourteenth Annual Meeting of The Berkeley Linguistic Society, Page: 35-55.

- Fillmore Ch. J., Kay P. And O'Conor M. C., (1988), *Regularity and Idiomaticity in Grammatical Constructions: The Case of (Let Alone)*, Journal of Language, Vol (64), No 3, Page: 501 – 538.

- Goldberg A., (1992), *The inherent semantics of argument structure: The case of the English ditransitive construction*, Journal of Cognitive Linguistics, Vol (3), Issue 1, Page: 37 – 74.

- Goldberg, A., and Jackendoff, R., (2004), *The English Resultative as a family of Constructions*, Journal of Language, Vol (80), No (3), Page: 532 – 568.

- Gordon, P. and Chafetz, J. (1990), *Verbs-Based Versus Class-Based accounts of Actionality Effects in Children's Comprehension of Passives*, Journal of Cognition, Vol:36, Issue:3, Page:227-254.

- He Z., (2008), *On Memes and Memetics in Language*, Journal of Pragmatics Study, No 1, Special Issue of The10th Memorial World Congress, Page: 71 – 82.

- Kracht, M., (2002), Referent Systems and Relational Grammar, Journal of Logic, Language and Information. Vol: 11, Issue: 2, Page: 251-280.

- Kristiansen, G., (2006), *Towards A Usage Based Cognitive Phonology*, International Journal of English Studies, Vol (6), No: (2), Page: 107 – 140.

- Lakoff, G., (1991), *Cognitive Versus Generative Linguistic, How Commitments Influence Result*, Language and Communication, Vol (11), No 1, Page: 53 – 62.

- Langacker, R.W., (1982), *Space Grammar, Analysabelity, and The English Passive*, Language, Vol: (58), No 1, Page: 22 – 80.

- Matsumoto Y., (2021), *Flexibility and Fluidity of Grammar, Grammatical Constructions in Discourse and Sociocultural* Context, Journal of Pragmatics, Vol (172), Page: 105 – 118.

- Miyata, A., (1997), *A Cognitive Approach to English Resultative Constructions*, Journal of Tsukuba English Studies, Vol:16, Page: 283-300.

- Mompean J. A., (2006), *Cognitive Phonology,* International Journal of English Studies, Vol (6), No: (2), Page: Vii – Xii.

- Nathan, G. S., (1986), *Phonemes as Mental Categories,* Proceedings of the Twelfth Annual Meeting of the Berkeley Linguistics Society, Page: 212 – 223.

- Niestorowicz T., (2018), *Explicit and Implicit Knowledge in Acquiring Grammatical Competence in The Process of Second Language Acquisition*, Journal of Logopedia, Vol (47), No 1, Page: 139 – 147.

- Nunberg, G., Sag, I. and Wasow, T., (1994), Idioms, Journal of Language, Vol: 70, No:3, Page: 491-538.

- Perlmutter, D. M., (1980), Relational Grammar, Journal of Syntax and Semantics, Vol: 13, Page: 195-229.

- Schönefeld D. (2006), *Constructions All Over: Case Studies and Theoretical Implications*, Constructions Journal, Special Vol (1), German, Page: 1 - 39.

- Taylor J. R., (2004), *Why Construction Grammar is Radical?* Journal of Annual Review of Cognitive Linguistics, Vol (2), Page: 321 – 348.

- Taylor, J. R., (2006), *Where do Phonemes Came From? A View from The Bottom*, International Journal of English Studies, Vol (6), No: (2), Page: 19 – 54.

- Traugott, E. C., (2016), *Do Semantic Modal Maps Have a Role in a Constructionalization Approach to Modals?* Journal of Constructions and Frames, Vol (8), Issue (1), Page: 97–124.

- Wasserscheitd P. (2019), *Construction Grammar, Basic Principles and Concepts*, Ukrainian Linguistics Journal, Vol (49), No 1, Page: 94 – 116.

**٤- بە زمانی ئیسپانی:**

- Alfaro, A. F., Arquiola, E. F., García, J. M., and Espinosa, J. P., (2012), *Los limites de la morfologia*, Universidad Autónoma de Madrid, UAM Ediciones, Spain.

**٥- ماڵپەڕی ئینتەرنێتی:**

- https://learnenglishteens.britishcouncil.org/study-break/reading-zone/a2-graded-reading/animals-city-a2.

## الملخص

تتضمن هذه الأطروحة: (إدراك القواعد البنيوية في اللغة الكردية) اذ حاولنا فيها عرض التراكيب النحوية واللغوية للغة الكردية من منظور أحد مناهج القواعد النحوية في إطار اللسانيات المعرفية. إذ يأتي هذا من المنظور الذي يسعى إلى جعل تفسير القواعد يتجاوز الحدود الضيقة للجوانب التقنية النحوية والصرفية. بدلاً من ذلك ، تمثل القواعد كل المعرفة اللغوية للمتحدثين. إذ تؤخذ فكرة الاقتران بين (الشكل والمعنى) في الاعتبار في كل تجربة لاستعمال اللغة في هذا النهج في البحث النحوي. وهذا (الشكل والمعنى) يسمى بالبنيوية.

وفي هذا المنهج، تُعدُّ اللغة بنية رمزية ، إذ تبني البنيوية تلك الرموز. والرموز عبارة عن الشكل والمعنى. والمقصود، كل رمز يعبر عن بنية معينة ويشير إليها إذا تعلمها المتحدثون من خلال الاعتماد على الاستعمال ويستعملون الرموز بشكل أفضل. سواء كانت صوتية أو صرفية أو نحوية أو دلالية وهي بناء تحدث على أساس الاندماج ومجيء كل من الشكل والمعنى معًا. لقد حاولت الدراسة اختبار أطروحات القواعد البنيويه في أوسع نطاق ومساحة لغوية مع الإتيان بأمثلة عملية عن الاستعمالات الحالية للغة الكردية. لهذا الغرض ، وتنقسم الدراسة بأكملها على ثلاثة فصول وعدة مباحث ومطالب وكالآتي:

- الفصل الأول تتضمن: (النحو الكردي بين الإدراك والبنيوية). إذ ألقى الضوء على تفسيرات كل من قواعد الإدراك والقواعد البنيوية. من خلال تقديم التفسيرات الحسية لجمل المتحدثين وتعبيراتهم من المنظور النظري والعملي. ولهذا الغرض تمّ تقسيم الفصل على ثلاثة مباحث على النحو الآتي:

المبحث الأول: (النحو الإدراكي للغة الكردية). ففي هذا المبحث تمّ تقديم الأنموذج النحوي الذي يفسر القواعد الإدراكية التي اقترحتها العالم اللغوي (رونالد لانغاكر).

المبحث الثاني: (القواعد البنيوية في اللغة الكردية)، وقد خصص هذا المبحث للمبادئ النظرية والتفسيرات الأولية للقواعد البنيوية. أسباب ظهورها ومداها من حيث مدار تعلقها وابتعادها عن التفسيرات السابقة والشائعة لقواعد اللغة.

المبحث الثالث: (النماذج النحوية البنيوية)، إذ تضمنت فيه أربعة نماذج أساسية للقواعد ، وهي:

- قواعد البنيان

- القواعد البنيوية الأساسية

- القواعد البنيوية المجسدة

- القواعد البنيوية لغولدبرغ

وقد تمّ تقديم تفاصيل ومميزات لكل من تلك النماذج.

- الفصل الثاني تتضمن: (العمليات الإدراكية للقواعد البنيوية)، وقد خُصِصَ لتمثيل خصائص كل من العمليات (علم الأصوات، والصرف، والقواعد) في القواعد البنيوية. كيف حدثت بهذا الشكل؟ وكيف تتم صياغة بنائها؟ ... لذلك تم تقسيم هذا الفصل على ثلاثة مباحث وكالآتي:

المبحث الأول: (العمليات الصوتية المدركة للقواعد البنيوية)، إذ عالج فيه تحليل الجوانب الصوتية وخصائصها للغة الكردية، مع مراحل وظواهر تعلم الصوتيات ، ومن ثَمّ خطوات نطقها من قبل الأطفال والمتحدثين باللغة الكردية.

**المبحث الثاني:** (العمليات الصرفية المدركة للقواعد البنيوية). إذ تناول في هذا المبحث تقديم جميع الإجراءات الصرفية كبعد مدرك بنيوي من قبل المتحدثين، وبعد ذلك تَمّ تقديم كل من الهياكل المشتقة والمركبة كمثال لتمثيل المصداقية البنيوية الأساسية لقواعد البنيان.

**المبحث الثالث:** (العمليات النحوية المدركة للقواعد البنيوية). ففي هذا المبحث تَمّ نشر القواعد كمنصة لعرض مجموعات مختلفة ومتنوعة من الرموز اللغوية.

- أما الفصل الثالث فقد جاء بعنوان: (العمليات الموسوعية للقواعد البنيوية في التعبيرات المعقدة)، الذي يعرض معنى اللغة بالخصائص الموسوعية مع الاستدلال بالأمثلة العملية. والمنظور الموسوعي للقواعد البنيوية. لشرح الموسوعة، وقد تَمّ استعمال التركيبات المعقدة مثل: (الصرفية والنحوية) مورفوسينتاكس والاصطلاح. وجاء تقسيم هذا الفصل على ثلاثة مباحث:

**المبحث الأول:** (العمليات الموسوعية المدركة للقواعد البنيوية)، وهذا فقد تناول المبحث تّمّ شرح وتوضيح وتحليل الخصائص الموسوعية للرموز اللغوية في البنيوية بالأمثلة العملية.

**المبحث الثاني:** (العمليات الموسوعية المدركة للصرف النحوي (مورفوسينتاكس) في القواعد البنيوية)، إذ قدم التراكيب كصياغة بنيوية خاصة.

**المبحث الثالث:** (العمليات الموسوعية المدركة للمصطلح في القواعد البنيوية)، هذا المبحث يعرض المصطلحات كأفضل علامات للتمثيلات اللغوية القائمة على الاقتران بين الشكل والمعنى.

وفي الختام أستوت المعالجات العلمية في نتائج ترجمت أهم المحصلات التي توصلت اليها الأطروحة.

# Abstract

The research entitled: (Cognitive Construction Grammar in Kurdish Language), is a scientific attempt to present the grammar and linguistic structures of Kurdish language, from the perspective of one of the Approaches of grammar, in the framework of Cognitive Linguistics. This comes from the perspective that seeks to bring the interpretation of grammar beyond the narrow limits of syntactic and morphological aspects. Instead, introducing Grammar as the representative of speakers' linguistic knowledge. The idea of form-meaning pairings is taken into account, known as construction which deals with studying grammar.

In this method, language is considered a symbolic structure, through the form-meaning pairings symbols the structure is constructed. In other words, each symbol expresses and refers to a specific construction, that speakers have learned by usage-based and reused on the basis of their use. Symbols, whether phonological, morphological, syntactic and semantic, are construction, that occur in themselves on the basis of the combination of each of their form-meaning Pairings. The study is an attempt to test the construction grammar in the widest range of linguistic areas and to provide practical examples of the current uses of Kurdish language. The study consists of three chapters and each chapter comprises sub-sections arranged as following:

- The first Chapter entitled: (Kurdish Grammar Between Cognitive and Construction). This Chapter focuses on the interpretations of Cognitive and Construction grammar. Their perceptual interpretations of the speakers' sentences and expressions are presented from both theoretical and practical perspectives. For this purpose, the chapter is divided into three sections as follows:

Section One: (Cognitive Grammar of Kurdish Language). This Section presents the interpretations of Cognitive Grammar, as a model of Grammar proposed by the Linguist Ronald Langacker.

The second Section: (Construction Grammar of Kurdish Language), this section is devoted to the theoretical principles and preliminary interpretations of construction grammar. The causes of its emergence, the extent of its relevance, and its departure from previous and common interpretations of language grammar.

The Third Section: (Construction Grammar Models), which presents four main models of the grammar, namely:
- Construction Grammar
- Radical Construction Grammar
- Embodied construction Grammar
- Goldberg's Construction Grammar

Details and features of each of these versions are presented.

- The second Chapter entitled: (Cognitive Processes of Construction Grammar), is devoted to showing the basic characteristics of each of the Processes (phonology, morphology and grammar) in construction grammar. how do they happen? why are they like that? How are their structures organized?... Therefore, this Section has been divided into three Chapters and they have the following titles:

The first Section: (Phonological Cognitive Processes of Construction Grammar), attempts to analyze the phonetic aspects and phonetic characteristics of Kurdish language, the stages and phenomena of learning phonemes and then the steps of their pronunciation by children and speakers of Kurdish language.

The Second Section: (Morphological Cognitive Processes of Construction Grammar). Initially, all morphological actions are introduced as a perceived dimension constructed by speakers, and then each of the Derivational and Compound structures is given as an example to illustrate the basic facts of construction grammar.

The Third Section: (Grammatical Cognitive Processes of Construction Grammar). This Section presents grammar as a platform for Indicating different and diverse combinations of linguistic symbols.

- (Encyclopedic Processes of Construction Grammar in Complex Expressions), is the title of the last Chapter of the thesis, which presents the meaning of language with encyclopedic characteristics. The encyclopedic approach in construction grammar is exemplified by practical examples. In order to explain the encyclopedia, complex structures such as morphosyntax and idioms are used as examples. This Chapter is divided into three sections:

First Section: (Encyclopedic Cognitive Processes of Construction Grammar), Explains the encyclopedic characteristics of linguistic symbols in Construction grammar, with analysis and practical examples.

Second Section: (Encyclopedic Cognitive Processes of Morphosyntax in Construction Grammar), in which morphosyntax is presented as a Constructional special structure.

Third Section: (Encyclopedic Cognitive Processes of Idioms in Construction Grammar), presents idioms as the best examples of linguistic representations based on form-meaning pairings.

At the end of the study the most obvious results are summarized.